ناسینی هاوەڵان
نووسینی
نهاد جلال حبیب اللّه
بەرگی چوارەم

ناسینی هاوەڵان (رضي الله عنهم)

ناسینی هاوەڵان (رضي الله عنهم)

ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵان(ﷺ) - بەرگی چوارەم -

ناوی نووسەر: نهاد جلال حبیب الله

بابەت: مێژوویی

دیزاینی بەرگ: ناوەندی ڕێنوێن

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٣

چاپ: ناوەندی ڕێنوێن

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٢١٩)ـی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی میعراج بۆ توێژینەوە و گەشەپێدان

ناوەندی ڕێنوێن

07511408868 - 07501269689

hakem1423@yahoo.com

renwen2009@yahoo.com

سلێمانی - بازاڕی کاسۆمۆڵ - نهۆمی دووەم

دوکانی ژمارە (٤٥)

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (د)
دەست پێ دەکات

١١٩٨. داوودی کوڕی سەلەمە(ﷺ)

ناوی داوودی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە.[١]

کاتێک جوولەکەکان پێش هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ پشتیوانەکان قسەیان دەکرد دەیانوت بەم زوانە کۆتای پێغەمبەران دێت، کەچی کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بەرامبەری بێباوەڕ بوون، ئەوەبوو بڕێک لە پشتیوانان ئامۆژگاری جوولەکەکانیان دەکرد کە بۆچی وان، لەوانە موعاذی کوڕی جەبەل و بیشری کوڕی بەڕراء و داوودی کوڕی سەلەمە، دەیانوت ئەی گرۆی جوولەکەکان لەخوا بترسن و موسڵمان بن، ئێوە پێشتر باسی هاتنی ئەم پێغەمبەرەتان بۆ ئێمە دەکرد.[٢]

١١٩٩. دەهری کوڕی ئەخرەم(ﷺ)

ناوی دەهری کوڕی ئەخرەمی کوڕی مالیکی ئەسلەمیە، بوخاری دەڵێت: هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەی لێوە نەگێردراوەتەوە.[٣]

١٢٠٠. دەوس(ﷺ)

ناوی دەوسەو خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لە گێرانەوەیەکی لاوازدا هاتووە کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان لە مەککە بوو پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی بۆ نارد(وا دەوسی مەولای پێغەمبەری خوام ناردووە بۆ لات و فەرمانم پێکردووە ئاڵاکە بخاتە بەردەستت، وە خالیدی کوڕی وەلیدم ناردووە بۆت تا لای راستی سەربازگەکەت بۆ ببات بەڕێوە).[٤]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٣.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٣.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩١.
[٤] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٢١٨.

١٣٠١. دەومی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی دەومی کوڕی قەیسی کەلبیە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئەویش ئاڵایەکی دایە دەست تا ئەمیری موسڵمانانی کەلبیەکان بێت.[١]

١٣٠٢. دەیلەمی حیمیەری(رضي الله عنه)

ناوی دەیلەمی کوڕی فەیرووزە، لە حیمیەر نیشتەجێ بوو و بەو هۆیەوە بە دەیلەمی حیمیەری ناسراوە، یەکەم کەس بوو دوای چوونی موعاذ بۆ یەمەن لە یەمەنەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، واتە لە دواساڵەکانی ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتە خزمەتی.[٢]

لەسەر هەریەک لە فەیروزی دەیلەمی و دەیلەمی حیمیەری تێکەڵبوونێک لە نێوان زانایاندا روویداوە، هەرچەندە ئەوانە دوو هاوەڵی جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی هەردووکیان یەک فەرموودەیان گێڕاوەتەوە بۆیە ئەو تێکەڵبوونە روویداوە.[٣]

دەیلەم دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە لە ناوچەیەکی ساردی و سەرمادایین و کاری زۆر دەکەین، جا لەم جۆیە کە هەیە ئاوەکەی دەگرین بۆ ئەوەی هەم وزەمان پێ بدات و هەم بەرگەی سەرماش بگرین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا کەس سەرخۆش دەکات؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: دەی دووربکەونەوە لێی، وتم: دەی خەڵکی وازی لێ ناهێنن، فەرمووی: (فإن لم يتركوه فقاتلوهم)،[٤] (ئەگەر وازیان لێ نەهێنا لەگەڵیان بجەنگن).

دەیلەم یەکێک بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٣.

[٤] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الأشربة - من حرم المسكر وقال هو حرام ونهى عنه، الرقم ٢٤٢١١؛ سنن أبي داود - كتاب الأشربة - باب ما جاء في السكر، الرقم ٣٦٨٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه شعيب الأرناؤوط في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٣٦٨٣.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٣.

١٢٠٣. دجاجه(ﷺ)

ناوی دجاجەیە، کچێکی هەبوو بە ناوی جسر، ئیبنولموبارەک لە کتێبەکەیدا (الزهد) گێڕانەوەیەکی هێناوە کە دجاجە سەبارەت بە ئەبووزەر گێڕوایەتیەوە کە ئەبووزەر خۆی دوورگرتووە لە دەنگەدەنگی منداڵان.[١]

١٢٠٤. دجاجەی کچی ئەسماء(ﷺ)

ناوی دجاجەی کچی ئەسمائە، سەرەتا ژنی عومەیر بوو بەڵام عومەیر تەڵاقی دا، بۆیە عامیری کوڕی کورز بەهاوسەری گرت و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی عەبدوڵا.[٢]

١٢٠٥. دلیجه(ﷺ)

ناوی دلیجەیەو وردەکاری سەبارەت بە باوک و بنەماڵەی نەهاتووە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو، پەرستشی زۆر بوو، تەنانەت هێندە شەونوێژی هەبوو کە قاچەکانی قڵیشیان بردبوو.[٣]

١٢٠٦. دوبیەی کچی خالید(ﷺ)

ناوی دوبیەی کچی خالیدی کوڕی نوعمانە، کونیەکەی ئوممووسەمماکە، موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٤]

١٢٠٧. دورەیدی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی دورەیدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ساعیدیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] الزهد لابن المبارک، دار الكتب العلمية، بيروت، ص٤٧٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٢٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص ٣٩٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج ٧، ص ٦٢٣.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩١.

١٢٠٨. دورمیدی کوڕی کەعب(ﷺ)

ناوی دورەیدی کوڕی کەعبە، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی فتووحاتی ئیسلامی، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵ بوونیەتی، چونکە پێشتر باسمان کرد کە گەورە هاوەڵانی خیلافەتی راشیدین تەنها هاوەڵانیان دەکرد بە سەرکردە.[١]

١٢٠٩. دورەیدی راهیب(ﷺ)

ناوی دورەیدە، یەکێکە لەو کەسانەی کە نەجاشی وەک وەفد ئەوانی نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، کاتێک گوێیان لە قورئان بوو دەستیان کرد بە گریان، ئەوەبوو ئایەتی خوا لەبارەیانەوە دابەزی (وإذا سمعوا ما أنزل إلى الرسول ترى أعينهم تفيض من الدمع).[٢]

پێشتر باسی ئەوەمان کردووە کە ئەو وەفدەی نەجاشی کێ و کێ بوون و بۆچی هاتن بۆ مەدینە.

١٢١٠. دوڕرەی کچی ئەبووسوفیان(ﷺ)

ناوی دوڕرەی کچی ئەبووسوفیانی کوڕی حەربە، رایەکیش دەڵێت: بەڵ:و ناوی حەمنەیە، رایەکیش دەڵێت: ناوی عیززە بووە، خوشکی ئوممو حەبیبەی دایکی باوەڕداران و هاوسەری پێغەمبەری خوایە.[٣]

ئوممو حەبیبە دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) خوشکەکەم بەهاوسەر بگرە، فەرمووی: بۆ مەگەر حەڵاڵە بۆم؟، ئینجا پێی فەرمووم (کچ و خوشک و پوور و دایکەکانتان پێشنیاز مەکەن بۆم).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٧.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٣.

[٤] صحيح ابن حبان، الرقم ٤١٧١، صححه شعيب الأرناؤوط.

١٢١١. دوڕڕەی کچی ئەبوولەهەب(ﷺ)

ناوی دوڕڕەی کچی ئەبوولەهەبی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەم ئافرەتە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ) و کۆچیشی کرد بۆ مەدینە.[١]

دایکی دوڕڕە ناوی ئوممجەمیلی کچی حەربە.[٢]

کاتێک دوڕڕە کۆچی کرد بۆ مەدینە لە ماڵی رافیعی کوڕی موعەللا دابەزی، ئەوەبوو بڕێ لە ئافرەتان پێیان دەوت تۆ کچی ئەبوولەهەبیت کە ئایەتی خوای لەسەر دابەزیوە ئیتر کۆچکردنت چ دادێکت دەدات؟ دوڕڕەش چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی: (دابنیشە)، ئینجا بەرنوێژی کرد بۆ خەڵکەکەو نوێژی نیوەڕۆش بوو، پاشان ساتێک لەسەر مینبەرەکە دانیشت و دواتر فەرمووی: (يا أيها الناس مالي أوذى في أهلي؟ فوالله إن شفاعتي لتنال قرابتي حتى أرحاء وحكما وصدى وسلهب بما لها يوم القيامة لقرابتي)،[٣] (ئەی خەڵکینە ئەوە چیە ئازاری کەسوکارم دەدرێت؟ سوێند بەخوا شەفاعەتم نزیکانم دەگرێتەوە تا ئەوەی هەریەک لە ئورحائو حەکەم و صودا و سەلهەبیەکانیش دەگرێتەوە لە رۆژی دواییدا لەبەرئەوەی نزیک و خزمی منن).

دوڕڕە هاوسەری حارثی کوڕی نەوفەل بوو، ئەوەبوو عوقبەو وەلید و منداڵی تریشی لێ بوو، مێردەکەی بە بێباوەڕی لە بەدردا کوژرا، دوای ئەوە شووی کرد بە دیحیەی کەلبی.[٤]

دوڕڕە دەڵێت: بە پێغەمبەری خوام(ﷺ) وت: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ کەسێک باشترینە؟ فەرمووی: (أتقاهم لله عزوجل أوصلهم لرحمه وآمرهم بالمعروف

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٤.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٥٠.

[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٦٩٨٦، المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٢٠٥٠٠.

[٤] ()- الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٤.

وأنهاهم عن المنكر)،[1] (ئەوەیـان کـە لەخواتـرس تریـنـەو ئەوەیـان زیاتـر فەرمـان دەکات بـە چاکـەو ریگری زیاتـر دەکات لـە خراپـە).

١٣١٢. دوعثووری کوڕی حارث(ﷺ)

نـاوی دوعثووری کوڕی حارثە و سـەرەتا بێباوەڕێکی سەرسـەخت بووەو دواتـر بوویـە هاوەڵی پێغەمبـەر(ﷺ).[2]

کاتێک پێغەمبـەر(ﷺ) بیسـتی دەسـتەیەک لە غەطەفانیـەکان دەیانەوێت گورزی خۆیـان بوەشـێن، بـە چوارسـەدو پەنجا کەسـەوە دەرچوو بۆیـان، غەطەفانیـەکان کە ئەوەیـان بیسـت رایانکرد بەرەو بەرزاییـەکان، پێغەمبـەر(ﷺ) لـەوێ دایکوتـا و مایـەوە، لێزەمەیـەک دایکرد، جـا پێغەمبـەر(ﷺ) چـوو دەسـت بـە ئـاو بگەیەنێت، ئەوەبوو بەهـۆی بارانەکـەوە جلەکـەی تـەواو تـەڕ بوو، دوایـی جلەکـەی لابـرد و هەڵیخسـت بە دارێکدا تا وشـک بێتەوەو خۆیشـی لەژێر دارەکەدا راکشـا، ئەوانەش رایانکردبـوو ئاگاداری ئەمـە بـوون، بۆیـە بـە دوعثووری کوڕی حارثیـان وت: دەرفەتت لەبەردەسـتە وا موحەممـەد لـە هاوەڵەکانـی دابـڕاوە و کـەس دادی نـادات، بـڕۆ و بیکـوژە، ئەویـش شمشـێرێکی زۆر چـاک و تیـژی هەڵبـژارد و هاتـە سـەر سـەری پێغەمبـەر(ﷺ) و شمشـێرەکەی هەڵکـرد و وتـی: ئـەی موحەممـەد ئەمـڕۆ کێ هەیـە لـە دەسـتی مـن رزگارت بـکات؟ ئەویـش فەرمووی: (اللـه عزوجل) خـوای گەورە، ئەوەبوو جیبریل پاڵی نا بە سـنگی دوعثوورەوەو شمشـێرەکەی لە دەسـت کەوتە خوارەوەو پێغەمبەر(ﷺ) شمشێرەکەی هەڵگرت و لەسـەر سەری دوعثوور وەسـتا و فەرمـووی: ئـەی کێ تۆ لەدەسـت مـن رزگار دەکات؟ دوعثـوور وتـی: کـەس نیـە، ئینجـا شـایەتومانی هێنـا و وتـی: ئیتر هەرگیـز بەرامبەرت ناوەسـتمەوە، پێغەمبەریـش(ﷺ) شمشـێرەکەی دایـەوە دەسـتی و دوعثووریـش چـوو، ئینجـا لایکردەوەو وتـی: سـۆند بەخـوا تـۆ زۆر لـە مـن باشـتریت، کـە درا لەسـەر سـنگم

---

[1] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٢٨٠٤.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٤.

زانیم ئەوە فریشتەی خوایە، ئینجا دوعثوور چوویەوە ناو هۆزەکەی و کەوتە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (يا أيها الذين آمنوا اذكروا نعمة الله عليكم إذ هم قوم أن يبسطوا إليكم أيديهم فكف أيديهم عنكم).[1]

١٢١٣. دوکەینی کوڕی سەعید(﵁)

ناوی دوکەینی کوڕی سەعیدی موزەنیە، ئەم هاوەڵە لەو هاوەڵانەیە کە دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[2]

دوکەین دەڵێت: ئێمە نزیکەی چوارسەد کەس دەبووین کە هاتین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و داوای خواردنمان لێکرد،[3] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە دەڵێت: چوارسەد و چل کەس دەبووین، پێغەمبەریش(ﷺ) بە عومەری فەرموو (هەستەو خواردنیان پێ بدە)، عومەر بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) فەرموو: خواردنەکە کەمە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد پێیان بدات، ئەویش وتی: بەسەرچاو ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)،هەستا و ئەوانی برد بۆ ژوورێک و کلیلەکەی هێنا و دەرگاکەی کردەوە، سەیرمان کرد هێندەی بەچکەوشترێک چەندە ئەوەندە خورما هەیە، دەستمان کرد بە بردنی خورما و هەرکەسمان بەشی پێویستی خۆی خورمای برد، دوای هەموویان من لامکردەوە چونکە من کۆتا کەسیان بووم، کەچی دەتوت ئەو خورمایە دەستی لێنەدراوە.[4]

١٢١٤. دیحیەی کوڕی خەلیفە(﵁)

ناوی دیحیەی کوڕی خەلیفەی کوڕی فەروەی کەلبیە، یەکێکە لە هاوەڵە گەورەو ناسراوەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، هێندە شێوەی جوان بووە کە بە

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٤، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٠٣٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٠.

[3] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٩٧٧.

[4] مسند أحمد بن حنبل – مسند الشاميين(ﷺ) – حديث دكين بن سعيد الخثعمي عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٨٥٠، صححه شعيب الأرناؤوط.

نموونە باس کراوە.[1]

دیحیە لەپێش غەزای بەدردا موسڵمان بووە، بەڵام تیایدا بەشدار نەبوو،[2] ئەمەش تانەیەک نیە بۆ ئەم هاوەڵە، چونکە هاوەڵانێکی زۆر لە غەزای بەدردا بەشدار نەبوون.

رایەک دەڵێت: لە غەزای ئوحودەوە بەشداری غەزاکان بووە، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو لە غەزای خەندەقەوە بەشداری غەزاکان بووە.[3]

دوڕرە هاوسەری حارثی کوڕی نەوفەل بوو، ئەوەبوو عوقبەو وەلید و منداڵی تریشی لێ بوو، مێردەکەی بە بێباوەڕی لە بەدردا کوژرا، دوای ئەوە شووی کرد بە دیحیەی کەلبی.[4]

جارێک جبرەئیلی فریشتە لە شێوەی دیحیەی کەلبیدا دابەزی بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ).

دیحیە نێردراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو بۆ لای پاشای بوصرا و نامەیەکی پێدا ناردبوو تا پاشای بوصرا نامەکە بدات بە قەیصەری گەورەی رۆمەکان.[5]

دیحیە دەڵێت: کە گەیشتمە ئەوێ وتم: مۆڵەت وەربگرن بۆ نێردراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوەبوو چوون بۆ لای قەیسەر و وتیان: پیاوێک لەبەردەرگایە دەڵێت: ئەو نێردراوی پێغەمبەری خوایە، بەو قسە ترسێک دایگرتن، ئینجا قەیسەر وتی: بیکەنە ژوورەوە، کە چوومە ژوورەوە دەبینم بەتاریقەکانی لە دەوریدان، منیش نامەکەم دایە دەست و بۆی خوێنرایەوە، لە نامەکەدا هاتبوو (بەناوی خوای گەورە، لە موحەممەدی

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٤-٣٨٥.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ٥٥١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٤-٣٨٥.

[4] ()- الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٤.

[5] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب دعاء النبي(ﷺ) الناس إلى الإسلام، الرقم ٢٩٤٠؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب العلم - كتاب أهل العلم بالعلم إلى البلدان، الرقم ٥٨٢٧.

پێغەمبەری خواوە بۆ قەیسەری بەرپرسی رۆم)، برازایەکی لەوێ بوو هەڵچوو و وتی: ئەو نامە مەخوێنەرەوە، ئەو سەرەتا ناوی خۆی هێناوە، هەروەها لەبری ئەوەی بنووسێت پاشای رۆم نووسیویەتی بەرپرسی رۆم، بەڵام نامەکە خوێنرایەوە تا تەواو بوو، ئینجا قەیسەر فرمانی کرد هەموان چوونەدەرەوە، ئینجا داوای کرد من بە تەنیا چوومە ژوورەوە، سەبارەت بە پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێکردم و منیش وەڵامم دایەوە، ئینجا داوای ئوسقوفێکی کرد و هاتە ژوورەوە، ئەو کابرایە خاوەن رای یەکەم بوو کە لە هەموو شتێکدا رای وەردەگیرا، کاتێک ئوسقوفەکە نامەکەی خوێندەوە وتی: سوێند بەخوا ئەمە هەمان کەسە کە مووسا موژدەی هاتنی پێداوین و عیسا ئاگاداری کردینەوە لە هاتنی، قەیسەر وتی: ئەی ئەڵێیت چی بکەم؟ ئوسقوفەکە وتی: من خۆم باوەڕی پێ دێنم و شوێنی دەکەوم، قەیسە وتی: منیش دەزانم وایە بەڵام ناتوانم شوێنی بکەوم، چونکە ئەگەر وا بکەم دەسەڵاتەکەم نامێنێت و رۆمەکانیش دەمکوژن.[1]

لە غەزای خەیبەردا کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش دەکرد، دیحیە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەنیزەکێکم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: (برۆ کەنیزەکێک ببە)، دیحیەش چوو صەفییەی کچی حویەی برد، کەسێک هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن کچی سەرۆک هۆزەکە دەدەیت بە دیحیە، دەبێت بۆ تۆ بێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای کرد دیحیە هاودەم بە صەفییە بێت، ئەویش هات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لەبری صەفییە کەنیزەکێکی تر هەڵبژێرە، دیحیەش وایکرد و پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی ئازاد کرد و مارەی کرد.[2]

---

[1] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٤٠٨١، دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٣٦.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب ما يذكر في الفخذ، الرقم ٣٧١؛ صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب فضيلة إعتاقه أمته ثم يتزوجها، الرقم ١٣٦٥.

جارێک دیحیەی کەلبی دوو جووت خوففی لەگەڵ جبەیەکدا بە دیاری بەخشی بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش قبووڵی کرد و بەکاری هێنان تا دڕان.[1]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) جارێک بە تەنها دیحیەی وەک سریەیەک نارد.[2]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) بڕێک قوماشی قیبتی بۆ هات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) یەکێک لەو جلانەی بەخشی بە دیحیە و فەرمووی: بیکە بە دوو کەرتەوە، کەرتێک بکە بە جل بۆ خۆت و ئەوی تری بدە بە ژنەکەت تا سەرو ملی خۆی پێ دابپۆشێت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) کە ویستی بڕوات فەرمووی: (وَأْمُرِ امْرَأَتَكَ أَنْ تَجْعَلَ تَحْتَهُ ثَوْبًا لاَ يَصِفُهَا)، [3] (فەرمان بکە بە ژنەکەت تا لەژێریشیەوە جلێک بپۆشێت با جەستەی دەرنەکەوێت).

دیحیە هێندە کەسێکی جوان و کەشخە بوو کە دەهاتە دەرەوە چی کیژۆڵەی (کچانێ کە زۆریان نەمابوو باڵغ بن) مەدینە هەبوو تەماشایان دەکرد.[4]

بە گێڕانەوەیەکی لاواز هاتووە کە جارێک دیحیە لە گوندێکی دیمەشقەوە چوو بۆ گوندی قدر کە نزیکەی سێ میل دوور بوو، ئەو چوونەشی لە رەمەزاندا بوو، رۆژووی شکاند و خەڵکانێکیش لەگەڵیدا رۆژویان شکاند و هەندێکی دیکەشیان رۆژووەکەیان نەشکاند، کاتێک گەڕایەوە بۆ گوندەکەی خۆی وتی: بەخوا ئەمڕۆ خەڵکانێکم بینی لە سوننەتی پێغەمبەی خوا و هاوەڵانی لایاندا، مەبەستی ئەوانە بوو کە رۆژووەکەیان نەشکاندبوو.[5]

دیحیە یەکێک بوو لە بەشداربوانی جەنگی یەرمووک،[6] تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان ژیا.[7]

---

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب السير - قبول هدايا المشركين، الرقم ٣٤١٣١.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥٥٣.

[3] سنن أبي داود - كتاب اللباس - باب في لبس القباطي للنساء، الرقم ٤١١٦، ضعفه الألباني.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥٥٤.

[5] سنن أبي داود - كتاب الصوم - باب قدر مسيرة ما يفطر فيه، الرقم ٢٤١٣، ضعفه الألباني.

[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥٥١.

[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٨٥.

١٣١٥. دیرهەم(ﷺ)

ناوی دیرهەمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی زیاد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، دیرهەم دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (اختضبوا بالحناء و الكتم، فإنه يزيد في جمالكم و شبابكم و نكاحكم)،[١] (خەنەو کەتەم بەکاربهێنن چونک جوانی و گەنجی و هاوسەرگیریتان زیاد دەکات).

کەتەم جۆرە گیایەکە لە یەمەن کە ڕەنگێکی لێ بەرهەم دێ مەیلەو ڕەشە، خەنەش سووررەنگە، کاتێ هەردووکیان بەکاردێن ڕەنگێکی سوورو ڕەش تێکەڵ دەبێت.

سەبارەت بە بەکارهێنانی خەنەو کەتەم لەلایەن پیاوانەوە بۆ کەسانی پیر سوننەتەو پێغەمبەری خواش(ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا فەرمانی پێکردووە، وەک دەفەرمویت: (إن اليهود والنصارى لا يصبغون فخالفوهم)،[٢] بەلام ڕەنگی ڕەش نابێت و بە حەرام دانراوە، بەڵکو ئەوەی هەیە بەکارهێنانی خەنەو کەتەم حەلالە، بە داخەوە ئەمڕۆ لەلایەن گەنجانی موسڵمانەوە بۆیەی ڕەش تەنانەت بۆ تۆخکردنی ڕەشی ڕیش و سەریش بەکاردێت بێ گوێدانە ئەوەی ئایا حەلالە یان نا.

١٣١٦. دیناری کوڕی حەییان(ﷺ)

ناوی دیناری کوڕی حەییانی ربیعیە، دەڵێت: لەگەڵ باوکم چووینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و من ئەو کات منداڵ بووم، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نام دینار، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) باوکمی ناردو باوکم شەهید بوو.[٣]

---

[١] معرفة الصحابة لابي نعيم الاصبهاني، الرقم ٢٣١٤.

[٢] صحيح البخاري - كتاب أحاديث الأنبياء - باب ما ذكر عن بني إسرائيل، الرقم ٣٤٦٢؛ صحيح مسلم - كتاب اللباس والزينة - باب في مخالفة اليهود في الصبغ، الرقم ٢١٠٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٩٤.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ذ)
دەست پێ دەکات

١٢١٧. ذابیلی کوڕی طوفەیل(ﷺ)

ناوی ذابیلی کوڕی طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسیە، ئەم هاوەڵە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتەکەیدا دانیشتبوو کە خوفافی کوڕی نەضلە هات بۆ لای و شیعرێکی هۆنیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) شیعرەکەی بەدڵ بوو.[١]

١٢١٨. ذبابی کوڕی فاتیک(ﷺ)

ناوی ذبابی کوڕی فاتیکە، یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکان و سەرکردەی هۆزەکەی خۆیشی بوو، جار جارە هێرشی دەکردە سەر پێغەمبەر(ﷺ)، دواتر پەنای هێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و هاتە خزمەتی و موسڵمان بوو، دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[٢]

١٢١٩. ذەری کوڕی ئەبی ذەر(ﷺ)

ناوی ذەری کوڕی ئەبی ذەرەی غیفاریە، باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)، ذەر شوانی وشترەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، جارێک عویەینەی کوڕی حیصن هێرشی برد بۆ وشترەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و شوانەکەی کوشت و ژنەکەشی فڕاند، بەم هۆیەوە غەزای غابە روویدا.[٣]

١٢٢٠. ذەکوانی سولەمی(ﷺ)

ناوی ذەکوانی سولەمیەو یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە.[٤]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٣٤٧، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ٥٤٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٨.

١٢٣١. ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

نـاوی ذەکوانـی کـوڕی عەبدقەیسـی کـوڕی خەلدەیـە، ئـەم هاوەڵـە لـە پشـتیوانانە لـە خەزرەجیـەکان.[١]

کاتێ لەگەڵ ئەسعەدی کوڕی زورارەی هاوڕێیدا دەچوون بۆ مەککە بۆ لای عوتبەی کوڕی رەبیعە، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان(ﷺ) بیست و چوون بۆ لای، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگی کردن بۆ ئیسلام و قورئانی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش موسڵمان بوون،[٢] ئیتر نەچوون بۆ لای عوتبە.[٣]

لـە بەیعەتـی عەقەبـە و غـەزای بـەدر[٤] و ئوحـوددا بەشـداری کـرد و لـە ئوحـوددا شـەهید بـوو.[٥]

پێش رووداني جەنگی ئوحود، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو کێ ئەمشەو سەنگەرنشینی ئەو سەنگەرەمان بۆ دەگرێت؟ ذەکوان هەستا و وتی: من، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: تۆ کێیت؟ وتی: من کوڕی عەبدقەیسم، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: دابنیشە، ئینجا هەمان شتی فەرموو کەچی تەنها ذەکوان هەستا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لە فلانەو فلانە شوێن بن)، ذەکوان هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ئیشی منە، هاوەڵان ترسان بووبێتە هاودەستی بێباوەڕان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کێ حەز دەکات پیاوێک ببینێت کە سبەی پێ دەخاتە ناو سەوزایی بەهەشتەوە با بڕوانێت بۆ ئەو)، ذەکوان چوو ماڵئاوایی لە ژن و منداڵەکانی کرد، ژنەکانی جلەکەی ذەکوانیان دەگرت و دەیانوت ئەی ذەکوان دەڕۆیت و ئێمە جێدەهێڵیت؟ لە وەڵامدا ذەکوان بەوانی وت: (وادەی دیدارم لەگەڵتان رۆژی دواییە)، دواتر ذەکوان چوو و ئەوەبوو کوژرا.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٥.
[٢] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص٣٠٢.
[٣] أسد الغابة، ج١، ص١١١.
[٤] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٤٠٩٩.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٥.
[٦] الجهاد لابن المبارك، الرقم ١٥٠.

١٣٢٢. ذەکوانی کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی ذەکوانی کوڕی عوبەیدی کوڕی ڕەبیعەیە، لە پشتیوانانەو بەشداری غەزای بەدر بوو.[١]

١٣٢٣. ذەهبەن(ﷺ)

ناوی ذەهبەنی کوڕی قرضمی مهریە، دەهاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خواش(ﷺ) زۆر ڕێزی لێدەنا چونکە ماڵی زۆر دوور بوو، هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی و ئەو نامە بەردەوام لای ئەم هاوەڵە پارێزراو بوو.[٢]

١٣٢٤. ذوڕڕە(ﷺ)

ناوی ذوڕڕەیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (أنا وكافل اليتيم له ولغيره كهاتين في الجنة)، (من و ئە کەسەی سەرپەرشتی هەتیوێکی خۆی یان هەتیوی کەسی تر دەکات لە بەهەشتدا ئاواین) ئینجا بە پەنجەکانی ئاماژەی کرد و پەنجەکانی لەپاڵ یەکەوە بوون..[٣]

١٣٢٥. ذوئەیبی کوڕی حارثە(ﷺ)

ناوی ذوئەیبی کوڕی حارثەیە، حەوت برای تری هەبوو، هەموویان پێکەوە موسڵمان بوون و هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) بوون و لە بەیعەتی ڕیضوانیشدا بەشدار بوون.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٠٦.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٢٤.

[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٦٩٩٢.

[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ١٥٦.

١٢٣٦. ذوئەیبی كوڕی حەلحەلە(﵁)

ناوی ذوئەیبی كوڕی حەلحەلەیە، لە خوزاعیەكانە، رایەک دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) مردووە، رایەكیش دەڵێت: تا سەردەمی موعاویەی كوڕی ئەبوو سوفیان ژیاوە.[1]

١٢٣٧. ذوئەیبی كوڕی شوعثەم(﵁)

ناوی ذوئەیبی كوڕی شوعثەمی تەمیمیە، شوعثەم دەڵێت: لە سێ غەزادا هاودەم بە پێغەمبەر(ﷺ) بەشداریم كردووە.[2]

⌘ ⌘ ⌘

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٢٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٢٣.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ر)
دەست پێ دەکات

١٢٢٨. رابیطەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی حارثی کوڕی جبیلەی قوڕەیشی تەیمیە، دایکی ناوی صبیحەیە، مێردەکەی ناوی حارثی کوڕی خالیدە، ئەم ژنە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و نارەحەتیەکانی مەککەی بینی،[١] دواتر کۆچی کرد بۆ خاکی حەبەشە، لەوێ چەند منداڵێکی بوو بە ناوەکانی عائیشەو مووسا، لەوێ موسای کوڕی کۆچی دوایی کرد، لە کاتی گەڕانەوەش لە حەبەشەوە رابیطە تەواو پەکی کەوت و کۆچی دوایی کرد.[٢]

١٢٢٩. رابیطەی کچی حەسسان(رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی حەسسانە، ئەم ئافرەتە یەکێک بوو لە کەنیزەکەکانی هەوەزانیەکان کە پێغەمبەر(ﷺ) بەخشی بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عەلیش بڕێک لە قورئانی فێر کرد.[٣]

١٢٣٠. رابیطەی کچی سوفیان(رضي الله عنها)

ناوی رابیطەی کچی سوفیانی خوزاعیە، هاوسەری قودامەی کوڕی مەظعوونە، کچێکی هەبوو بە ناوی عائیشە.[٤]

عائیشە دەڵێت: من لەگەڵ دایکمدا بووم کە پێغەمبەر(ﷺ) بەیعەتی لە ئافرەتان وەردەگرت و دەیفەرموو:

(أبايعكن على أن لا تشركن بالله شيئا، ولا تسرقن ولا تزنين ولا تقتلن أولادكن، ولا تأتين ببهتان تفترينه بين أيديكن وأرجلكن، ولا تعصين في معروف)، (بەیعەتتان لێ وەردەگرم لەسەر ئەوەی هیچ

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٨.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٢٥٥.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٨.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٨.

هاوەڵێک بۆ خوا بڕیار نەدەن و دزی نەکەن و زینا و داوێن پیسی نەکەن و منداڵەکانتان نەکوژن و بەهیچ جۆرێ بوهتان بۆ دەوروبەرتان نەکەن و لە چاکە یاخی و لادەر نەبن)، ئەوانیش سەریان نزم کردەوەو هیچیان نەدەوت، پێغەمبەر(ﷺ) لێی دووبارە کردنەوە، ئەوانیش وتیان: بەڵێ تا چەندە بتوانین، ئەوان کە ئەوەیان دەوت منیش دەموتەوەو دایکیشم پێی دەوتمەوە تا دووبارەی بکەمەوە و دەیوت کچە شیرینەکەم بڵێ بەڵێ تا چەندە بتوانم، منیش وەک ئەوانم دەوت.[١]

١٢٣١. رابیعەی کچی ثابت(رضي الله عنها)

ناوی رابیعەی کچی ثابتی کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانەو هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[٢]

١٢٣٢. راشیدی کوڕی حەفص(رضي الله عنه)

ناوی راشیدی کوڕی حەفصە، کونیەکەی ئەبوو ئەثیلهیە،[٣]راشید سەرەتا ناوی ظالم بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[٤]

١٢٣٣. راشیدی کوڕی شەهاب(رضي الله عنه)

ناوی راشیدی کوڕی شەهابە، سەرەتا ناوی قورصاف بووە، کاتێک هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[٥]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(رضي الله عنهن) - حديث رائطة بنت سفيان وعائشة بنت قدامة بن مظعون(رضي الله عنهما)، الرقم ٢٧٧٠٤، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٥٣٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٣.
[٤] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٤٧٧.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ٤٣٤.

١٢٣٤. راشیدی كوڕی عەبد ڕەببەه(رضي الله عنه)

ناوی راشیدی كوڕی عەبدرەببەهی سولەمیە، شاعیرێكی ناسراو بوو، سەرەتا ناوی غەوی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە راشید.[١]

١٢٣٥. راشیدی كوڕی موعەللا(رضي الله عنه)

ناوی راشیدی كوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە، برایەكی هەبوو بە ناوی رافیعی كوڕی موعەللا،[٢] رافیع یەكێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا شەهید بوو،[٣] راشیدیش لە غەزای بەدردا بەشدار بوو.[٤]

١٢٣٦. رافیعی تەمیمی(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی كوڕی عومەیری تەمیمیە، ئەم هاوەڵە زۆر شارەزا بووە بە ناوچەكان و ڕێی نیشانی خەڵك دەدا و لەناو عەرەبدا ناسراو بوو، ئەم هاوەڵە گوێبیستی دوو جنۆكە بوو كە باسی پێغەمبەری خوایان(ﷺ) دەكرد و دواتر چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێش ئەوەی ئەم بەسەرهاتەكە باس بكات پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕایەوە، رافیعیش موسڵمان بوو.[٥]

١٢٣٧. رافیعی كوڕی خەدیج(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی كوڕی خەدیجی كوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەكان، كونیەكەی ئەبووعەبدولڵایە، هەروەها بە ئەبووخەدیجیش هاتووە.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٥.
[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٦.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٥.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ٤٤٢.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.

دایکی ناوی حەلیمەی کچی مەسعوودە.[١]

رافیع خوشکێکی هەبوو بە ناوی ئومامە.[٢]

رافیع چەند کوڕێکی هەبوو بە ناوەکانی عەبدوڵا و عوبەیدوڵا و عەبدوڕەحمان و سەهل و ریفاعە و عوبەید.[٣]

ژنەکانی رافیع بریتی بوون لە ئەسمائی کچی زیاد و لەبنای کچی قوڕرە.[٤]

لە ڕۆژی جەنگی بەدردا رافیع ویستی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی پێنەدا چونکە بچووک بوو، بەڵام لە جەنگی ئوحوددا دەرفەتی پێدا، ئیتر لەوە بەدوا لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد.[٥]

لە غەزای ئوحود و خەیبەردا رافیع تیری دەهاویشت، جا تیرێک بەر سەر سنگی کەوتبوو، رافیع چوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تیرەکەم بۆ لاببە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (يَا رَافِعُ، إِنْ شِئْتَ نَزَعْتُ السَّهْمَ وَالْقُطْبَةَ جَمِيعًا. وَإِنْ شِئْتَ نَزَعْتُ السَّهْمَ وَتَرَكْتُ الْقُطْبَةَ، وَشَهِدْتُ لَكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَّكَ شَهِيدٌ)، (ئەی رافیع ئەگەر بتەوێت تیرەکە و نووکەکەشی لادەبەم، ئەگەریش بتەوێت تیرەکە لادەبەم و نووکەکەی دەهێڵمەوە و لە رۆژی دواییدا شاهیدیت بۆ دەدەم کە تۆ شەهیدیت)، رافیع وتی: ئەی پێغەمبەی خوا(ﷺ) دەی تیرەکە لابەرە و نووکەکەی بهێڵەرەوە و رۆژی دوایی ئەو شاهیدیەم بۆ بدە، پێغەمبەریش(ﷺ) وایکرد،[٦] ئەو تیرەی بەر رافیع کەوت لە غەزای ئوحوددا بەریکەوت.[٧]

رافیع دەڵێت: جار هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) کە نوێژی عەسرمان دەکرد دوای ئەوە نێرە وشترێکمان سەردەبڕی و دەمانکرد بە دە بەشەوەو

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٢٤.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٢٧.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٥٦-٢٥٨.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٥٦-٢٥٨.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.

[٦] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(ﷺ) - حديث امرأة رافع بن خديج(ﷺ)، الرقم ٢٧٧١٩، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[٧] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨١.

لە پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت گۆشتەکەیمان دەخوارد.[1]

رافیع دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو دەیفەرموو:(الحمى من فور جهنم فأبردوها عنكم بالماء)،[2] (تا لە بڵێسەو تینی دۆزەخەوەیە، دەی بە ئاو سارد و فێنکی بکەنەوە).

رافیع لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەوکات تەمەنی هەشتا و شەش ساڵ بوو،[3] بەڵام بوخاری دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کردووە،[4] ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەوەیان راستە،[5] ذەهەبی دەڵێت: رافیع دوای وەفاتی موعاویەش لە مەدینە فەتوای دەدا.[6]

کاتێک ئیبن عەبباسی گەورە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، رافیع زۆر پێی کاریگەر بوو، دەیوت ئەمڕۆ کەسێک مرد کە رۆژهەڵات و رۆژئاوا پێویستیان بە زانستەکەی بوو.[7]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا رافیع لەناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[8]

دواتر لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا رافیع موفتی مەدینە بوو، دوای سەردەمی موعاویەش فەتوای دەدا.[9]

لەو کاتەی رافیع وەفاتی کرد ئیبن عومەر لە مەدینە بوو و لەسەر تەرمەکەی نوێژی مردووی کرد، جا ئیبن عومەر بینی ئافرەتان بۆی دەگریان، ئیبن عومەر وتی: بێدەنگ بن ئەو پیاوێکی پیر بوو و هیچ

---

[1] صحيح البخاري – كتاب الشركة – باب الشركة في الطعام والنهد والعروض، الرقم ٢٤٨٥.
[2] صحيح البخاري – كتاب بدء الخلق – باب صفة النار وأنها مخلوقة، الرقم ٣٢٦٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.
[6] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨٢.
[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٧٢.
[8] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨٢.
[9] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨٢.

توانایەکی بەرگەگرتنی دۆزەخی نیە، واتە دۆزەخ نابینێت.[١]

کاتێک رافیع وەفاتی کرد شەو بوو، ئیبن عومەر وتی: ئەسپەردەی مەکەن تا رۆژ دەبێتەوە، ئەوەبوو چاوەڕێیان کرد تا بەیانی.[٢]

ئیبن عومەر دوو لای دارەمەیتەکەی گرتەدەستی و خستیە سەرشانی و تا سەر گۆڕەکەی تەرمەکەیان برد.[٣]

١٢٣٨. رافیعی کوڕی جەعدەبە(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی جەعدەبەیە، لە پشتیوانانە، یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٤]

١٢٣٩. رافیعی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی حارثی کوڕی سەوادە، لە پشتیوانانە،[٥]رافیع لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەقیشدا بەشداری کرد،[٦] دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەشدار بوو،[٧] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[٨]

١٢٤٠. رافیعی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٩]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٦.
[٢] سير أعلام النبيلاء، ج٣، ص ١٨٣.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨٢.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٥.
[٥] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٢٣.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٥.
[٧] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٢٣.
[٨] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٩١.
[٩] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٨.

١٢٤١. رافیعی کوڕی سەهل(ﷺ)

نـاوی رافیعـی کوڕی سـەهلی کـوڕی رافیعـە، لـە پشـتیوانانە، سـەبارەت بـە بەشـداربوونی لـە غـەزای بـەدردا راجیایـی هەیـە، بـەڵام سـەبارەت بـە بەشـداریکردنی لـە ئوحـوددا یەکدەنگی هەیـە کـە بەشـدار بووە، دواتریش لـە هەمـوو غەزاکانـی تـردا بەشـدار بـوو، لـە جەنگی یەمامـەدا بەشـداری کـرد و تیایـدا شـەهید بـوو.[1]

١٢٤٢. رافیعی کوڕی سەهلی ئەوسی(ﷺ)

نـاوی رافیعـی کـوڕی سـەهلی کـوڕی زەیـدە، لـە پشـتیوانانە لـە ئەوسـیەکان، برایەکـی هەبـوو بـە نـاوی عەبـدوڵا، رافیـع یەکێکـە لـە بەشـداربوانی غـەزای ئوحـود، خـۆی و عەبـدوڵای بـرای تیایـدا بەشـدار بـوون و برینـدار بـوون، هەروەهـا پێکـەوە لـە غـەزای خەندەقیشـدا بەشـداریان کـرد و تیایـدا عەبـدوڵا شـەهید بـوو، بـەڵام مەرگـی رافیـع نەزانـراوە.[2]

١٢٤٣. رافیعی کوڕی سینان(ﷺ)

نـاوی رافیعـی کـوڕی سـینانە، لـە پشـتیوانانە لـە ئەوسـیەکان، کونیەکـەی ئەبولحەکەمـە، کوڕێکـی هەبـوو بـە نـاوی جەعفـەر کـە فەرمـوودەی لـە باوکیـەوە گێڕاوەتـەوە.[3]

رافیـع دەڵێـت: مـن موسـڵمان بـووم کەچـی ژنەکـەم ئامـادە نەبـوو موسـڵمان بێـت، ژنەکـەم هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و وتـی: منداڵەکـەم تـازە لـە شـیر براوەتـەوە، رافیعیـش وتـی: ئـەوە کچـی منـە نـەک هـی ئـەو، پێغەمبـەر(ﷺ) بـە

[1] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٤٨١.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٢٨.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٣٨.

رافیعی فەرموو (لەو کەنارەوە دانیشە)، بە ژنەکەشی فەرموو لەو کەنارەوە دانیشە، ئینجا منداڵەکەی لە نێوان هەردووکیاندا دانیشاند، پاشان فەرمووی: هەردووکتان منداڵەکە بانگ بکەن، ئەوەبوو منداڵەکە بەرەو لای دایکی چوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خوایە ئەو کچە منداڵە رێنموونی بکەی)، خێرا منداڵەکە رووی بەرەو لای باوکی وەرگێڕا و بەرەو لای چوو.[1]

ئەم فەرموودەیە مشتومڕێکی فیقهی زۆری هێناوەتە ئاراوە کە ئایا منداڵ لە کاتی جیابوونەوەی دایک و باوکدا مافی خۆیەتی کەسێک هەڵبژێرێت یان نا، لەو بارەیەوە دەستەیەک رایان وایە تا خواروو حەوت ساڵ لای دایک بێت، لە حەوت ساڵ بەرەو سەر باوک پێی شیاوترە یان دەکرێت بە تیروپشک بۆیان، یان منداڵەکە بە دڵی خۆی لایەکیان هەڵبژێرێت، بەڵام لەوەدا هاودەنگن کە منداڵێ گەیشتبێتە تەمەنی جیاکردنەوەی چاک و خراپ، ئیتر دەبێت خۆی لایەکیان هەڵبژێرێت.[2]

١٣٤٤. رافیعی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی رافیعی کوڕی عەمری کینانیە و بە غیفاری ناسراوە، کونیەکەی ئەبووجوبەیرە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[3]

رافیع دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو:(سيكون بعدي من أمتي قوم يقرءون القرآن لا يجاوز حلاقيمهم يخرجون من الدين كما يخرج السهم من الرمية، ثم لا يعودون فيه، هم شر الخلق والخليقة)،[4] (دوای خۆم لە ئوممەتەکەمدا خەڵکانێ دەردەکەون

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - حديث أبي سلمة الأنصاري(رضي الله عنه)، الرقم ٢٤١٩٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الفرائض - الصبي يسلم أحد أبويه، الرقم ٦٣٦٨؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الطلاق - من أدب الإعتاق أن يبدأ بالرجل قبل امرأته، الرقم ٢٨٤٥، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] تحفة الأحوذي لمحمد عبدالرحمن المباركفوري، دار الكتب العلمية، بيروت، ج٤، ص ٤٩٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤١.

[4] مسند أحمد بن حنبل - مسند البصريين(رضي الله عنهم) - حديث رافع بن عمرو المزني(رضي الله عنه)، الرقم ٢٠٦٦٨؛ صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب الخوارج شر الخلق والخليقة، الرقم ١٠٦٧.

که قورئـان دەخوێنـن بـەڵام لـە قورگیـان زیاتـر تێپـەڕ نـاکات، ئەوانـە وێنـەی دەرچوونـی تیـر لـە کـەوان لـە ئیسـلام دەردەچـن و ئیتر ناگەڕێنەوە ناو ئیسـلام، ئەوانـە خراپتریـن دروسـتکراو و بەدیهێنـراون).

ئەمـەش مەبەسـت پێی خەواریجەکانـن کـە لـە نموونـەی پەرسشـتدا هەنگاوی کەموێنـە دەنێـن، بـەڵام تەنهـا بـە رووکەشـەو لـە بنەرەتـدا لـە رێـڕەوی دروسـتی ئیسـلام لایانداوە.

١٣٤٥. رافیعی کوڕی عومەیر(ﷺ)

ناوی رافیعی کوڕی عومەیرە، دواتر لە شـام نیشـتەجێ بوو، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

١٣٤٦. رافیعی کوڕی عونجودە(ﷺ)

نـاوی رافیعـی کـوڕی عونجودەیـە، لـە پشـتیوانانە لـە ئەوسیەکان، یەکێکە لـە بەشـداربوانی غـەزای بـەدر.[2]

١٣٤٧. رافیعی کوڕی مالیکی زورقی(ﷺ)

ناوی رافیعی کوڕی مالیکی کوڕی عەجلانە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لـە زورقیـەکان، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکە لە نەقیبەکان، دەوترێت یەکەم کەسـی ناو خەزرەجیەکان بووە کە موسڵمان بووە.[3]

رافیـع کوڕێکـی هەبـوو بـە نـاوی خەلـلاد، کوڕێکـی تـری نـاوی مالیـک بـوو، کوڕێکـی تریشـی نـاوی ریفاعـە بـوو، هەریـەک لـە خەلـلاد و ریفاعـە لـە غـەزای بـەدردا بەشـدار بـوون.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٣.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٣.
[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٣.
[4] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٦٦٠.

وەستانێک:

ئایا رافیعی کوڕی مالیک یەکەم موسڵمان بووی خەزرەجیەکان بوو یان ئەسعەدی کوڕی زورارە؟

لە وەڵامدا دەڵێین: لە سەرچاوەکاندا هاتووە ئەسعەدی کوڕی زورارە یەکەم کەسی پشتیوانان بوو کە موسڵمان بوو،[1] ئەو و ذەکوان پێکەوە موسڵمان بوون.[2]

سەبارەت بە موسڵمان بوونی ئەسعەد ئەوەبوو کاتێ لەگەڵ ذەکوانی هاوڕێیدا دەچوون بۆ مەککە بۆ لای عوتبەی کوڕی رەبیعە، لەوێ هەواڵی پێغەمبەریان(ﷺ) بیست و چوون بۆ لای، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگی کردن بۆ ئیسلام و قورئانی بۆ خوێندنەوە، ئەوانیش موسڵمان بوون،[3] ئیتر نەچوون بۆ لای عوتبە.[4]

بەڵام لە هەمان ئەو یەکتر بینینەی کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەسعەد و ذەکەوانی بینی رافیعیش هاودەم بە پێنج کەسی تر بەشدار بوو،[5] بۆیە دەکرێت موسڵمانبوونی ئەوانە پێکەوە بووبێت.

لەو یەکتر بینینەدا پێغەمبەر(ﷺ) چی قورئانی بۆ دابەزیبوو هەمووی فێری رافیع کرد، ئەویش هاتەوە مەدینەو هۆزەکەی خۆی کۆکردەوەو بۆی دەخوێندنەوە.[6]

رافیعی کوڕی مالیک لە غەزای بەدردا بەشدار نەبوو، هاوکات ریفاعەی کوڕی لە عەقەبە بەشدار نەبوو بەڵام لە بەدردا بەشداربوو، ئیتر ریفاعە دەیوت لەبری بەشدار نەبوونم لە عەقەبە بە بەشداربوونم لە بەدر قەرەبووم کردەوە.[7]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص٦٠٨.

[2] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص٣٠٢.

[3] سير أعلام النبلاء للذهبي، ج١، ص٣٠٢.

[4] أسد الغابة، ج١، ص١١١.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٤٩.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٤.

[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٤.

بەپێی چەند گێڕانەوەیەک کە هاتووە رافیع لە غەزای بەدردا بەشدار بووە،[1] هەروەک لە موستەدرەکی حاکمدا هاتووە رافیع دەڵێت: رۆژی بەدر بە دوای پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دەگەڕاین و هاوارمان لە یەکتر دەکرد ئەرێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لای ئێوە نیە؟ هەموان وەستان تا پێغەمبەر(ﷺ) هاودم بە عەلی هات، خەڵکەکە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر بۆت گەڕاین، ئەویش فەرمووی: ئەبوحەسەن ژانەسکێکی هەبوو، لەبەر ئەو دواکەوتم.[2]

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە دروست نیە، چونکە لە جەنگی بەدردا هێشتا حەسەنی کوڕی عەلی لەدایک نەبووبوو تا عەلی بە ئەبولحەسەن ناو ببرێت، چونکە حەسەنی کوڕی عەلی لە ساڵی سێیەمی کۆچی و لە ناوەڕاستی مانگی رەمەزاندا لەدایک بوو، رایەکیش دەڵێت: ساڵێک پاش ئوحود لەدایک بوو، رایەک دەڵێت: بەڵکو دوو ساڵ پاش ئوحود لەدایک بووە. [3]

ریفاعە دەڵێت: لە رافیعی باوکمم بیست دەیگێڕایەوە جبریل(ﷺ) هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێی فەرموو (بەشداربوانی بەدر لەنێوتاندا چۆن سەیر ئەکەن؟)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لە بە فەزلترینی موسڵمانانن) یان شتێکی لەو چەشنە، جبریلیش فەرمووی: (بۆ فریشتە بەشداربووەکانی بەدریش هەر وایە).[4]

رافیع لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

---

[1] أسد الغابة، ج۲، ص ۲۳۳.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب رافع بن مالك الزرقي(ﷺ) - فضل التحميد عند العطسة، الرقم ٥٠٥٨، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

[3] أسد الغابة، ج۲، ص ١٦.

[4] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - باب فضل الأمة - ذكر البيان بأن أهل بدر هم أفضل الصحابة وخير هذه الأمة، الرقم ۷۲۲٤؛ المعجم الكبير للطبراني - باب الراء - من اسمه رافع - رافع بن مالك بن العجلان، الرقم ٤٤٥٥.

[5] أسد الغابة، ج۲، ص ۲۳۳.

١٣٤٨. رافیعی کوڕی مەکیث(ﷺ)

ناوی رافیعی کوڕی مەکیثی جوهەنیە، برایەکی هەبو وبە ناوی جوندوب[1] کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و لە پێشتردا لە پیتی جیمدا باسمان کردووە.

رافیع کوڕێکی هەبوو بە ناوی حارث کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[2]

رافیع یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و ئاڵایەکی جوهەنیەکانی بەدەستەوە بوو، دواتریش پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی جوهەنیەکان ئەوی راسپارد.[3]

رافیع دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(البر زيادة في العمر و الصدقة تمنع ميتة السوء)،[4] (چاکەکاری تەمەن درێژ دەکات و خێرکردن و بەخشینیش بەندە دەپارێزێت لە مەرگی خراپ).

١٣٤٩. رافیعی کوڕی موعەللا(ﷺ)

ناوی رافیعی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و تیایدا بە دەستی عیکریمەی کوڕی ئەبووجەهل شەهید کرا.[5] رافیع برایەکیشی هەبوو بە ناوی هیلال کە ئەویش لە غەزای بەدردا بەشدار بوو.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٧.

[2] أسد الغابة، ج١، ص ٤٧٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٥.

[4] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث رافع بن مكيث عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٦٣٢٧، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٥.

[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٦.

١٢٥٠. رافیعی كوڕی نوعمان(ﷺ)

ناوی رافیعی كوڕی نوعمانی عەدویە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری كرد.[١]

١٢٥١. رافیعی مەولا(ﷺ)

ناوی رافیعەو مەولای عائیشەی دایكی باوەڕدارانە، رافیع دەڵێت: كاتێك پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی عائیشە بوایە من خزمەتی عائیشەم دەكرد و ئەوكاتیش هێشتا مێرمنداڵێك بووم.[٢]

١٢٥٢. رافیعی مەولای غەزیە(ﷺ)

ناوی رافیعەو مەولای غەزیەیە، یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٢٥٣. رافیعی موزەنی(ﷺ)

ناوی رافیعی كوڕی عەمری كوڕی هیلالی موزەنیە، هەم خۆی و هەم باوكی و هەم عائیذی برایشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، یەكێك بوو لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی، تا سەردەمی موعاویەی كوڕی ئەبووسوفیان ژیا.[٤]

رافیع دەڵێت: لە حەجی ماڵئاواییدا لەگەڵ باوكم بووم، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) لەسەر وڵاخەكەی وتاری دەدا بۆ خەڵك.. منیش دەستم لە دەستی باوكم بەردا و بەناو خەڵكەكەدا چووم تا خۆم گەیاندە پێغەمبەر(ﷺ) و دەستم دا لە قاچی و دەستم هێنا بە قاچیدا، دەستم خستە نێوان قاچی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٨.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٤٢.

و نەعلەکەی، وادەزانم ئێستایە کە هێشتا هەست بە ساردی قاچی دەکەم لەسەر دەستم.[1]

بەم دەربڕینەیدا دەردەکەوێت کە رافیع لەو کاتەدا تەمەنی گەورە نەبووە، چونکە لە ئاستێکدا بووە کە باوکی دەستی گرتووە، لەوانەیە مێردمنداڵێک بووبێت.

رافیع هاودەم بە براکەی لە بەصرە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ مایەوە.[2]

١٣٥٤. ربتەس(ﷺ)

ناوی ربتەسەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیوە.[3]

١٣٥٥. ربعی کوڕی تەمیم(ﷺ)

ناوی ربعی کوڕی تەمیمی کوڕی یەعارە، لە پشتیوانانە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

١٣٥٦. ربعی کوڕی رافیع(ﷺ)

ناوی ربعی کوڕی رافیعی کوڕی یەزیدی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

---

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناسک - وقت الخطبة يوم النحر، الرقم ٤٠٧٩؛ سنن أبي داود، الرقم ١٩٥٦ : إنه رأى النبي(ﷺ) بمنى يخطب على بغلة، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابي داود، الرقم ١٩٥٦.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٠.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٤.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٥.

١٢٥٧. ربعی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی ربعی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە ناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد.[١]

١٢٥٨. رەبابی کچی نوعمان(ﷺ)

ناوی رەبابی کچی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان،[٢] دایکی ناوی موعاذەی کچی ئەنەسە،[٣] پووری سەعدی کوڕی موعاذە، هاوسەری زورارەی کوڕی عەمری ئەوسیە و لەو مێردەی کوڕێکی بوو بە ناوی موعاذ،[٤] دوای مەرگی ئەو مێردەی رەباب شووی کرد بە مەعرووری کوڕی صەخر و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی بەڕائی کوڕی مەعروور کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەرە(ﷺ).[٥]

ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٦]

١٢٥٩. رەبابی کچی حارثە(ﷺ)

ناوی رەبابی کچی حارثەیە، لە پشتیوانانە، دایکی حوذەیفەی کوڕی یەمانی گەورە هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، واتە رەباب هاوسەری یەمان بوو، ئەم هاوەڵە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، رەباب جگە لە حوذەیفە چەند منداڵێکی تری لە یەمان هەبوو بە ناوەکانی سەعد

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٥.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٩.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣١٥.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٩.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣١٥.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٩.

و صەفوان و مودلج و لەیلا.[1]

حوذەیفە دەڵێت: جارێک دایکم پێی وتم: لە کەیەوە نەچوویتەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)؟ منیش وتم: ماوەیەکە، ئەوەبوو لێم تووڕە بوو، منیش وتم: باشە ئێستا دەچم بۆ لای پێغەمبەر و نوێژی لەگەڵ دەکەم بەڵکو داوای لێخۆشبوون بۆ من و تۆیش بکات، چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و لە دوایەوە نوێژی ئێوارەم کرد، ئینجا کە پێغەمبەر(ﷺ) چوو منیش شوێنی کەوتم، فەرمووی: ئەوە کێیە؟ وتم: حوذەیفەی کوڕی یەمان، فەرمووی: بۆچی هاتویت؟ منیش بۆم باس کرد دایکم چی پێ وتووم و چی ڕوویداوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خوا لە تۆ و دایکیشت خۆش بێت).[2]

١٣٦٠. رەباح(ﷺ)

ئەم هاوەڵە زانیاری لەبارەوە نەهاتووە، هێندە نەبێت کە ناوی هاتووەو یەکێک بووە لەو هاوەڵانەی لە شام نیشتەجێ بووە.[3]

١٣٦١. رەباحی فەهری(ﷺ)

ناوی رەباحە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە وەهب و عەمر هاتووە، کونیەکەی ئەبوو حەسسانە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، رەباح لە بازرگانیدا هاوپشکی عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بوو.

سائیبی کوڕی یەزید دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا ئێمە لە ڕێی حەجدا بەرەو مەککە دەچووین و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشمان لەگەڵدا بوو، عەبدوڕەحمان کەناری گرت لە ڕێگەکەو

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٣٩.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر دعاء المصطفى(ﷺ) لحذيفة بن اليمان بالمغفرة، الرقم ٧١٢٦، صححه شعيب الأرناؤوط.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٣.

بە ڕەباحی وت: ئەی ئەبووحەسسان کەمێک گۆرانیمان بۆ بڵێ، چونکە ڕەباح دەنگێکی خۆشی هەبوو، ئەویش دەستی پێکرد، لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەططاب هات و وتی: ئەمە چیە؟ عەبدورەحمان وتی: کێشەیەک نیە دەمانەوێت ڕێگەکەمان لێ بڕوات، عومەریش وتی: هەر دەیڵێیت ئەوا شیعرەکەی ضیراری کوڕی خەطاب بڵێ.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کاتێک داوایان لە ڕەباح کرد گۆرانی بڵێت، وتی: تا لای عومەر مۆڵەتم بۆ وەرنەگرن نایڵێم، ئەوانیش چوون و هاتنەوەو وتیان: مۆڵەتمان بۆ وەرگرتوویت، وتی: نابێت، تا خۆی پێم نەڵێت نایڵێم، ئەوەبوو عومەر خۆی وتی: ئەی ڕەبباح بۆیان بڵێ تا ڕێیان لێ بڕوا، بەڵام کە کاتی پارشێو هات ئیتر دەست هەڵگرە.[2]

ئەبوو نوعەیم دەڵێت: پێم وا نیە هاوەڵ بێت.[3]

١٣٦٢. ڕەباحی کوڕی ڕەبیع(رضي الله عنه)

ناوی ڕەباحی کوڕی ڕەبیعە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[4]

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە حونەینەوە ویستی ڕووەو طائیف بڕوات، خالیدی کرد بە پێشڕەوی سوپاکە تا پێشتر بڕوات،[5] لە ڕێدا خالید لەگەڵ بێباوەڕاندا جەنگا و تیایدا ئافرەتێکیشی کوشت، ڕەباحی کوڕی ڕەبیع دەڵێت: کە پێغەمبەر(ﷺ) بەوێدا تێپەڕ بوو و ئەو ئافرەتە کوژراوەی بینی فەرمووی: نەدەبوو ئەوە بکوژرایە، ئینجا بە یەکێکی فەرموو خۆت بگەیەنە بە خالید و پێی بڵێ با ژن و کرێگرتە-کۆیلەی ناچار هێنراو- نەکوژێت.[6]

---

[1] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الشهادات - جماع أبواب من تجوز شهادته ومن لا تجوز - باب الرجل لا ينسب نفسه إلى الغناء ولا يؤتى لذلك ولا يأتي عليه وإنما يعرف بأنه يطرب في الحال فيترنم فيها، الرقم ٢١٠٧٤.

[2] حديث هشام بن عمار، الرقم ١٢٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥١.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٩.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥٨.

[6] سنن ابن ماجة، الرقم ٢٨٤٢، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره، قال الالباني حسن صحيح؛ صحيح

١٣٦٣. ڕەباحی مەولا(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبباحەو مەولای ئوممو سەلەمەی خێزانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو و خزمەتکارێکی ڕەش پێست بوو.

ڕۆژێک پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هاتەژوورەوەو بینی ڕەباح نوێژ دەکات، کاتێک ڕەباح دەچوو بۆ سوجدە بردن فووی دەکرد تا خۆڵ و تۆزەکەی ژێر سەری لابەرێت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو (يا رباح ترب وجهك)،[1] (ئەی ڕەبباح نێوچاوانت بخەرە سەر خۆڵەکە).

١٣٦٤. ڕەباحی مەولای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)

ناوی ڕەباحەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بوو، عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کەناری گرت لە ژنەکانی، چووم بۆ لای حەفصەو وتم: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لە کوێیە؟ وتی: لە ژوورە بچووکەکەیدایە، منیش چوومە ژوورەوە، دەبینم ڕەباحی خزمەتکاری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەوێیە و لەبەردەرگای ژوورەکە دانیشتووە، هەردوو قاچی لەسەر قەدی دارخورمایەکی بڕاو ڕووەو خوار شۆڕ کردبوویەوە، ئەو دارخورمایە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوویە سەری و دادەبەزی، منیش وتم: ئەی ڕەباح لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتم بۆ وەربگرە، ڕەباحیش سەیرێکی ژوورەکەی کرد و دواتر تەماشای منی کرد و هیچی نەوت، منیش دووبارە وتم: ئەی ڕەباح لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، هەمتر ڕەباح سەیرێکی ژوورەکەی کرد و تەماشایەکی منی

ابن حبان - كتاب السير - باب الخروج وكيفية الجهاد - ذكر الخبر الدال على أن النساء والصبيان من أهل الحرب إذا قاتلوا قوتلوا، الرقم ٤٧٨٩.

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب صفة الصلاة - ذكر الأمر أن يقصد المرء في سجوده التراب إذ استعماله يؤدي إلى التواضع لله جل وعلا، الرقم ١٩١٧؛ ضعفه شعيب الأرناؤوط، المستدرك على الصحيحين - كتاب الإمامة وصلاة الجماعة - وضع اليدين ونصب القدمين في الصلاة، الرقم ١٠٠٦، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

کردەوەو هیچ نەوت، ئەمجار بە دەنگی بەرز پێم وت: ئەی رەباح لای پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتێکم بۆ وەربگرە، چونکە وادەزانم پێغەمبەری خوا(ﷺ) وایزانیبێت من لەبەر حەفصە هاتوم، بەخوا ئەگەر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانم پێ کبات بدەم لە گەردنی حەفصەدەدەم لە گەردنی، لەگەڵ قسەکانیشمدا دەنگم بەرز دەکردەوە، ئەویش ئاماژەیەکی پێدام سەرکەوەمنیش چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) بینیم لەسەر حەسیرێک راکشابوو، چووم و دانیشتم، دەمبینی حەسیرەکە بەسەر جەستەیەوە شوێنەواری جێهێشتبوو، سەیرم کرد کۆگاکەی تەنها نزیکەی مشتێ گەنمی تێدابوو لەگەڵ دارگەلایەک کە بۆ خۆشە بەکاردەهات و کونەیەک لەولاوە هەڵواسرابوو، ئیتر چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەی کوڕی خەططاب بۆچی دەگریت؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن نەگریم کە دەبینم حەسیرەکە شوێنەواری لەسەر جەستەت جێهێشتووەو ئەوەش کۆگاکەتە دەبینم هیچی تێدا نیە، لەولاشەوە قەیسەرو کیسرا دەبینم چیان هەیە، تۆش پێغەمبەر و هەڵبژێردراوی خوایت و ئەوەش کۆگاکەتە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی کوڕی خەططاب ئایا رازی نیت رۆژی دوایی بۆ ئێمە بێت و دنیاش بۆ ئەوان بێت؟) وتم: بەڵێ رازیم.[1]

١٢٦٥. رەباحی مەولای حارث(رضي الله عنه)

ناوی رەباحەو مەولای حارثی کوڕی مالیکی ئەنصاریە، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

[1] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب في الإيلاء واعتزال النساء وتخييرهن، الرقم ١٤٧٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب النكاح - باب معاشرة الزوجين - ذكر الخبر المدحض قول من زعم أن هذا الخبر تفرد به الزهري، الرقم ٤١٨٨.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٢.

١٣٦٦. رەبیعەی سەعدی(ﷺ)

ناوی رەبیعەیە و فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی خوایە دین شکۆدار بکەیت بە ئەبوو جەهلی کوڕی هیشام یان بە عومەری کوڕی خەططاب.[١]

١٣٦٧. رەبیعەی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی رەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبە، برازای عەبباسی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[٢] واتە ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.

دایکی ناوی غەزیەی کچی قەیسی فەهری بوو.[٣]

منداڵەکانی رەبیعە بریتی بوون لە (موحەممەد، عەبدوڵا، عەبباس، حارث، عەبدشەمس، ئەروای گەورە، هیند)، ژنەکەشی ناوی ئوممولحەکەمی کچی زوبەیر بوو، ئەم منداڵانەی لەم ژنەی بوون، ژنێکی تریشی ئوم وەلەد بوو کە ئەروای بچووک و عەبدولموطەلیبی لێی هەبوو.[٤]

رەبیعە منداڵێکی تری هەبوو بە ناوی ئادەم کە لە جەنگێکدا کوژرا، کاتێک ئادەم لەبەر دەرگا گاگۆڵکێی دەکرد بە بەردێک لێیاندا و کوشتیان، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لە رۆژی فەتحی مەککەدا هەموو خوێنێکی سەردەمی نەفامی هەڵوەشاندەوەو فەرمووی: پێش هەموویان ئەم خوێنە هەڵوەشاوەتەوە،[٥] وەک لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ألا كل شيء من أمر الجاهلية تحت قدمي موضوع، ودماء الجاهلية موضوعة، وإن أول دم أضع من دمائنا دم ابن

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٠.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٧.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٧.

ربيعة بن الحارث)،[1] (بزانن هەرچی بارێکی سەردەمی نەفامی هەیە دەیخەمە ژێر پێکانم، خوێنی سەردەمی نەفامیش نەماوە، یەکەم خوێنیشمان کە لە کاری دەخەم خوێنی کوڕەکەی رەبیعەی کوڕی حارثە).

لە سەردەمی نەفامیدا رەبیعە هاوبەشی کاری بازرگانی عوثمانی کوڕی عەففان بوو.[2]

کاتێک بێباوەڕان دەرچوون بۆ جەنگی بەدر، رەبیعە هێشتا موسڵمان نەبووبوو، بەڵام بەشداری جەنگەکە نەبوو چونکە لە شام بوو.[3]

رەبیعە لە دەوروبەری جەنگی خەندەقدا هاودەم بە عەبباس و نەوفەل موسڵمان بوو و نەگەڕایەوە بۆ مەککە، دواتر لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد، دواتریش لە جەنگی طائیف و حونەینیشدا بەشداری کردو لەوانە بوو کە لە دەوری پێغەمبەری خوا(ﷺ) مایەوە، دواتر رەبیعە لە مەدینە خانوویەکی بنیاد ناو لەوێ مایەوە.[4]

جارێک رەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان: خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی: شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام رەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت: بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی: دەی بیاننێرن، ئینجا

[1] صحيح مسلم - كتاب الحج - باب حجة النبي(ﷺ)، الرقم ١٢١٨.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٠.
[3] () الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٤٧.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ٤٧.

عەلی راکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەک ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد رەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر بۆ هەر ساڵێک سەد کۆڵ خورمای بۆ رەبیعە بڕیەوە.

رەبیعە لە سەردەم خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا وەفاتی کرد.[2]

١٣٦٨. رەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی نەوفەلە، دانیشتووی مەدینە بوو،[3] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هەرکامتان رکوعی برد با بڵێت اللهم لک رکعت وبک امنت ولک اسلمت وأنت ربي خشع سمعي وبصري ولحمي ودمي).[4]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ترك استعمال آل النبي على الصدقة، الرقم ١٠٧٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٢.

[4] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٤٢٣.

١٣٦٩. ره‌بیعه‌ی كوڕی رواء (رضي الله عنه)

ناوی ره‌بیعه‌ی كوڕی روائی عه‌نبه‌سیه‌، هاتوه‌ته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)،[١] كاتێک هاته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بینی نانی ئێواره‌ ده‌خوات، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) بانگی كرد تا نانی له‌گه‌ڵ بخوات، ئه‌ویش هات و نانی خوارد، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) پێی فه‌رموو (ئایا شایه‌تی ده‌ده‌یت هیچ په‌رستراوێ نیه‌ جگه‌ له‌ خوا و موحه‌ممه‌دیش به‌نده‌و نێردراوی خوایه‌؟)، ره‌بیعه‌ش وتی: أشهد أن لا اله الا الله وأن محمدا عبده ورسوله، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) فه‌رمووی: ئه‌مه‌ت به‌ دڵی خۆت وت: یان له‌ ترسه‌وه‌ بوو؟ ره‌بیعه‌ وتی: به‌خوا سه‌باره‌ت به‌وه‌ی به‌ حه‌زی خۆم بێت ئه‌وه‌ له‌ ده‌ست تۆدا نیه‌، سه‌باره‌ت به‌وه‌ش له‌ ترسه‌وه‌ بێت ئه‌وه‌ من له‌ وڵاتێكم كه‌ سوپا و سواره‌ت هه‌رگیز ناگاته‌ ئه‌وێ، به‌ڵام من ترسێنرام بۆیه‌ ترسام، پێم وترا بڕوا بهێنه‌ بۆیه‌ بڕوام هێنا، ئیتر ماوه‌یه‌ک ره‌بیعه‌ له‌ مه‌دینه‌ مایه‌وه‌و ده‌هات بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) و سه‌ردانی ده‌كرد، دواجار هات و ماڵئاوایی كرد له‌ پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ)، له‌ رێی گه‌ڕانه‌وه‌شیدا كۆچی دوایی كرد.[٢]

١٣٧٠. ره‌بیعه‌ی كوڕی روفه‌یع (رضي الله عنه)

ناوی ره‌بیعه‌ی كوڕی روفه‌یعی سوله‌میه‌، پێی ده‌وترا ئیبنودوغنه‌، دوغنه‌ش ناوی دایكی بوو، یه‌كێكه‌ له‌ به‌شداربوانی غه‌زای حونه‌ین.[٣]

١٣٧١. ره‌بیعه‌ی كوڕی روقه‌یع (رضي الله عنه)

ناوی ره‌بیعه‌ی كوڕی روقه‌یعی ته‌میمی عه‌نبه‌ریه‌، وه‌ک وه‌فد هاتووه‌ته‌ خزمه‌ت پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٦.

[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب الراء - من اسمه ربيعة - ربيعة بن رواء العنسي، الرقم ٤٦٠٢.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٥٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٥.

کاتێ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد وەسف و سەنام جوانە و سەرکۆنەو لەدژ خوێندنیشم زۆر خراپە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ذلکم الله سبحانه)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پێکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پێغەمبەریش(ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی: (ذلکم الله فما تریدون). ئەوانیش وتیان: ئێمە خەڵکێکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو وتاربێژمانەوە هاتوین تا لە بەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ما بالشعر بعثنا و لا بالفخار أمرنا ولکن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە یەکێک لە گەنجەکانی وت: فلانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەک کە ئێمەی کردۆتە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش(ﷺ) بە ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو وتاربێژی فەرموو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێی هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاک وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزای خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیارترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی

بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵک دەجەنگین تا کاتێ شایەتی دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت: گیان و ماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا لامان سووک و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان... ئەقرەع هەستاو وتی: ئەی خزمینە نازانم بۆ وایە، وتاربێژیان لە ئێمە بەهێزتر و شاعیریان لە ئێمە چاکترە، دواتر نزیک بوویەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (لا يضرك ما كان قبل هذا)، (چی پێش ئەمە روویداوە زیانت پێ ناگەیەنێت). ئەم ئایەتەش لەسەر بەنی تەمیم دابەزی (إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون)،[1] دواتر هەموویان موسڵمان بون و ماوەیەک لە مەدینە مانەوە تا فێری قورئان و ئایین ببن، دواتر کە ویستیان بگەڕێنەوە پێغەمبەر(ﷺ) جلو بەرگ و بەخششی پێ بەخشین.[2]

١٣٧٢. ڕەبیعەی کوڕی زورعە(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی زورعەیە، لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

١٣٧٣. ڕەبیعەی کوڕی سەکەن(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی سەکەنەو کونیەکەی ئەبووروەیحەیە، ئەم هاوەڵە دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتیٰ خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، من تەنها مامەوە تا ئەو کاتەی کابرایەکی حەبەشی هات و پێغەمبەر(ﷺ) من و ئەوی کرد بە برای یەکتر و فەرمووی: (تۆ برای ئەویت و ئەویش برای تۆیە).[4]

[1] الحجرات: ٤.

[2] أسد الغابة، ج١، ص١٦٤-١٦٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٧.

رەبیعـە دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) ئاڵایەکـی دایـە دەسـتم و ئاڵاکـەش سـپی بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (ئـەی ئەبووروەیحـە بـڕۆ بـۆ نـاو هۆزەکـەت و لەناویانـدا بانگـەواز بکـە هەرکـەس بچێتـە ژێـر ئـاڵای ئەبـوو روەیحـەوە ئـەوە پارێـزراوە)، منیـش چـووم و وامکـرد.[1]

ئەم هاوەڵە دواتر چوو لە فەلەستین نیشتەجێ بوو.[2]

١٣٧٤. رەبیعەی کوڕی عامر(ﷺ)

نـاوی رەبیعـەی کـوڕی عامـری ئەزدیـە، دواتـر چـوو لـە فەلەسـتین نیشـتەجێ بـوو و لـەوێ مایـەوە، فەرموودەیەکـی لـە پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) گێڕاوەتـەوە.[3]

١٣٧٥. رەبیعەی کوڕی عەبباد(ﷺ)

نـاوی رەبیعـەی کـوڕی عەببـادی دوئلیـە، سـەرەتا بێبـاوەڕ بـوو و دواتـر موسـڵمان بـوو.[4]

رەبیعە بەسـەرهاتی رۆژانی نارەحەتی و سـەختی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەدا دەگێڕێتـەوەو دەڵێت: لـە مەککـە کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) بانگـەوازی دەکـرد، مـن گەنجـێ بـووم لەگـەڵ باوکـم بـووم، بینیـم پێغەمبـەر(ﷺ) بانگـەوازی دەکـرد و کەسـێکیش لـە دوایـەوە دەیـوت ئـەم کابرایـە بانگتـان دەکات تـا واز لـە ئایینـی باوباپیرانتـان بهێنـن و واز لـە لات و عـوززا بهێنـن، منیـش وتـم: باوکـە ئـەو کابـرای دواوە کێیـە؟ وتـی: ئـەوە ئەبوولەهەبـی مامیەتـی.[5]

---

[1] الكنى و الأسماء للدولابي، الرقم ١٨٧.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٥٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٨.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٩.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث ربيعة بن عباد الديلي(ﷺ)، الرقم ١٦٢٧١، ضعفه شعيب الأرناؤوط بهذا السند، الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٨٧٧

رەبیعە دەڵێت: جارێک لە بازاڕی عوکاظ پێغەمبەرم(ﷺ) بینی و لە دوایەوە ئەبوولەهەبیش دەگەڕا و دەیوت ئەی خەڵکینە ئەم کابرایە لەخشتەبراوە جا ئێوەش لە خواوەندەکانی باوباپیرانتان لە خشتە نەبات، پێغەمبەریش(ﷺ) لە دەست ئەبوولەهەب هەڵدەهات کەچی ئەو هەر بە دوایدا دەچوو، ئێمەش هێشتا مێرمنداڵێک بووین و بە دوایاندا دەچووین.[1]

رەبیعە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی وەلیددا کۆچی دوایی کرد.[2]

١٢٧٦. رەبیعەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عەمری کوڕی عومەیرە، برایەکی هەیە بە ناوی حەبی، دەوترێت ئایەتی (وإن تبتم فلكم رُؤوس أموالكم...) سەبارەت بەم هاوەڵەو یارانی دابەزیوە.[3]

١٢٧٧. رەبیعەی کوڕی عەیدان(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عەیدانە، هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، جارێک لەگەڵ هاوەڵێکی تر بە ناوی ئیمروئولقەیس کوڕی عابس کێشەیەکیان هەبوو بردیانە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش کێشەکەی چارەسەر کرد بۆیان.[4]

١٢٧٨. رەبیعەی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی عوثمانی کوڕی رەبیعەی تەیمیە، رەبیعە دەڵێت: لە مزگەوتی خەیف لە مینا پێغەمبەر(ﷺ) بەرنوێژی بۆ کردین، جا لە

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنه) - حديث ربيعة بن عباد الديلي(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٢٦٦، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٩.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٠.

[4] المنتقى لابن الجارود، الرقم ٩٧٧.

پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو:(خوا ئاگاداری ئەو کەسە بێت کە پەیامی منی بیست و وەریگرت بیگەیەنێت بەوەی نەیبیستووە).[1]

١٢٧٩. ڕەبیعەی کوڕی فەضل(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی فەضلی کوڕی حەبیبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحودو تیایدا شەهید بوو.[2]

١٢٨٠. ڕەبیعەی کوڕی فیراس(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی فیراسە، دەوترێت بەڵکو ڕەبیعەی فارسیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[3] دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[4]

١٢٨١. ڕەبیعەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی قەیسی عدوانیە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدا لە ناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد.[5]

١٢٨٢. ڕەبیعەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی کەعبی کوڕی مالیکە، یەکێک بوو لە هاوەڵانی صوففە.[6]

ڕەبیعە دەڵێت: جار هەبوو لای پێغەمبەر(ﷺ) شەو دەمامەوە، ئینجا ئاوی دەستنوێژم بۆ دەبرد و خزمەتم دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم (چیت

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٤٤٨.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٥٧.
[3] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٤٤٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٣.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٤.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٤.

دەوێ داوای بکە)، منیش وتم: داوام لێت ئەوەیە لە بەهەشتیشدا هاودەمت بم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بۆ داوایەکی تر ناکەیت)، منیش وتم: هەر ئەو داوایەم هەیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فأعني على نفسك بكثرة السجود)،[1] (دەی بۆ داواکەت بە زۆر سوجدە بردن هاوکاریم بکە).

لە گێڕانەوەیەکی تردا کەعب بە وردتر مەسەلەکە باس دەکات و دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد و بە رۆژ لە خزمەتیدا دەبوم تا نوێژی عیشای دەکرد، دوای ئەوە لەبەر دەرگای ماڵی دادەنیشتم تا دەچوویەوە ماڵەوە، دەموت خۆزگە جارێک پێغەمبەر(ﷺ) پێویستیەکی هەبوایە و بۆم بکردایە، بەردەوام دەمبیست پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(سبحان الله، سبحان الله وبحمده)، هێندە ئەوەی دەفەرموو تا منیش ماندوو دەبووم و دەگەڕامەوە، یان خەو زۆری دەهێنا بۆ چاوەکانم و رادەکشام، جارێک کە بینی من هێندە لە خزمەتیدام فەرمووی: (ئەری رەبیعە چیت دەوێت لێم داوابکە تا پێت ببەخشم)، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) با بیرێکی لێ بکەمەوە و دواتر وەڵامت دەدەمەوە چیم دەوێت، ئینجا لای خۆمەوە بیرم لێکردەوە وتم: ئەم دنیایە زوو کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە و لەم دنیایەشدا هێندە هەیە بەشم بکات، بۆیە داواکاریەکەم لە پێغەمبەر(ﷺ) بۆ رۆژی دوایی تایبەت دەکەم، چوومەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش فەرمووی: (ئەی رەبیعە چیت کرد؟) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوات لێدەکەم لای پەروەردگارت شەفاعەتم بۆ بکەیت تا لە دۆزەخ بمپارێزیت، ئەویش فەرمووی: (ئەی رەبیعە کێ فەرمانی پێکردیت ئەو داوایە بکەیت؟) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە کەس فەرمانی ئەوەی پێ نەکردم، بەڵام کاتێک تۆ فەرمووت چیت دەوێت لێم داوا

---

[1] صحيح مسلم – كتاب الصلاة – باب فضل السجود والحث عليه، الرقم ٤٨٩؛ سنن النسائي – كتاب التطبيق – باب فضل السجود، الرقم ١١٣٧؛ سنن النسائي – كتاب التطبيق – باب فضل السجود، الرقم ١١٢٠.

بکەو زانیم تۆ لای خوا چ پایەیەکت هەیە و بیرم لە باری خۆم کردەوەو زانیم دنیا کاتیەو دەبڕێتەوەو لەم دنیایەدا بەشی پێویست ڕۆزیم پێ دراوە، وتم: داوای ڕۆژی دوایی لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو، دواتر فەرمووی: (إني فاعل فأعني على نفسك بكثرة السجود)،[1] (من ئەوە دەکەم، دەی تۆیش بە سوجدەی زۆر بردن یارمەتیم بدە بۆ داواکەت).

ڕەبیعە دەڵێت: جار جارە کە شەوان لای پێغەمبەر(ﷺ) دەمامەوەو ئاوی دەستنوێژم بۆ دەبرد، دەیفەرموو:(سبحان ربي و بحمده سبحان ربي و بحمده الهوي) پاشان دەیفەرموو: (سبحان رب العالمين سبحان رب العالمين الهوي).[2]

ڕەبیعە دەڵێت: من خزمەتی پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد، ڕۆژێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرمووم ئەی ڕەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم، حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، پێغەمبەریش(ﷺ) وازی لێ هێنام، دوای ماوەیەکی تر فەرمووی: ئەی ڕەبیعە ئەرێ ژن ناهێنیت؟ منیش وتم: نا بەخوا نامەوێت ژن بهێنم، من هیچم نیە تا ژنی پێ بهێنم، حەزیش ناکەم کەس سەرقاڵم بکات تا دوورم بخاتەوە لە تۆ، هەمدی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وازی لێ هێنام، منیش دواتر کەوتمە بەخۆداچوونەوەو وتم: بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ لە خۆم زاناتریت چی بۆ دنیا و قیامەتم باشە، ئینجا لە دەروونی خۆمدا دەموت ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم جارە پرسیارم لێ بکات دەڵێم بەڵێ، ئەوەبوو بۆ جاری سێیەم پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ڕەبیعە ئایا ژن ناهێنیت؟ وتم: با ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، چۆنت پێ خۆشە وا فەرمانم پێ بکە، ئەویش فەرمووی: (بڕۆ بۆ لای فلانە دەستەی پشتیوانان و پێیان بڵێ

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين - حديث ربيعة بن كعب الأسلمي(ﷺ)، الرقم ١٦٨٤٦، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - فصل في قيام الليل - ذكر ما يقول المرء إذا تعار من الليل يريد التهجد، الرقم ٢٥٩٤، صححه شعيب الأرناؤوط.

پێغەمبەر(ﷺ) سەلامتان لێ دەکات و فەرمانتان پێ دەکات فلانە ئافرەت مارە بکەن لە رەبیعە)، منیش چووم و ئەوەم پێ وتن، ئەوانیش وتیان: مەرحەبا لە پێغەمبەر(ﷺ) و نێردراوەکەشی، بەخوا دەبێت نێردراوەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بە داواکەیەوە بگەڕێتەوە، ڕێزێکی زۆریان لێ گرتم و ئافرەتەکەشیان لێ مارە کردم و نەرمی و سۆزێکی زۆریان لەگەڵ نواندم، داوای هیچ بەڵگەیەکیشیان لێ نەکردم، منیش بە دڵتەنگیەوە گەڕامەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووم بۆ لای خەڵکانێکی زۆر بەڕێز و بەخشندەو ئافرەتەکەیان لێ مارە کردم و ڕێزیان لێ گرتم و نەرمییان لەگەڵ نواندم و داوای هیچ بەڵگەیەکیان لێ نەکردم، ئەی مارەیی لە کوێ بهێنم؟ پێغەمبەریش(ﷺ) بە بورەیدەی فەرموو ئەی بورەیدە هێندێ زێڕی بۆ کۆبکەنەوە، پاشان وتم: ئەی نانی شاییەکە لە کوێ بێنم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی بورەیدە مەڕێکیشی بۆ ئامادە بکەن، ئەوەبوو بەرانێکی قەڵەویان بۆ هێنام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ بۆ لای عائیشەو پێی بڵێ (سەیرێکی سەتڵ-ئەوەی خواردنی تێدا هەڵدەگیرا - بکەو بینێرە) منیش چووم بۆ لای عائیشەو پێم وت، ئەویش پێی دام، نزیکەی سێ مشتێک گەنمی تێدا بوو، عائیشە وتی: بەخوا ئەوە هەموو خواردنی ناوماڵمان بوو، منیش بردمە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (ئەوانە بەرە بۆیان - بۆ ماڵ خەزوورانی - و بڵێ بەمە نانێ ئامادە بکەن)، منیش ئەوەو بەرانەکەم برد، ئەوانیش خواردنەکەیان وەرگرت و وتیان: ئێوە بەرانەکە لای خۆتان بێت، ئینجا خەڵکێ لە ئەسلەمیەکان هاتن و بەرانەکەیان سەربڕی و ئامادەیان کرد و لێیان نا، ئیتر نان و گۆشت ئامادە بوو و منیش خوانەکەم دەست پێکرد و پێغەمبەری خواشم(ﷺ) بانگهێشت کرد، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) زەویەکی پێدام و زەویەکیشی دا بە ئەبووبەکر، ڕۆژان هات و ڕۆژان چوو تا ڕۆژێک لەسەر بنە دارخورمایەک لەگەڵ ئەبووبەکر کێشە

کەوتە نێوانمانەوە، من وتم: هی منەو ئەویش وتی: هی منە، ئیتر قسەو بۆڵەیەک کەوتە نێوانمانەوە تا ئەوەی ئەبووبەکر قسەیەکی ناخۆشی پێ وتم: و خۆیشی خێرا لە قسەکەی پەشیمان بوو، ئەبووبەکر وتی: ئەی رەبیعە ئەو قسەیەم پێ بڵێرەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش وتم: شتی وا ناکەم، ئەبووبەکر وتی: بەخوا یان پێم دەڵێیتەوە یان لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵات لێ دەکەم، منیش وتم: هەرگیز پێت ناڵێمەوە، ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و منیش بە دوایدا چووم، خەڵکێ لە ئەسلەم هاتن و وتیان: رەحمەتی خوا لە ئەبووبەکر لەسەر چی تۆی هێناوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتێکدا ئەو وای پێ وتوویت؟ منیش وتم: دەزانن ئەوە کێیە؟ ئەوە ئەبووبەکری صدیقە، ئەوە دووەم کەسە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) – کە لە قورئاندا باس کراوە- ئەوە ریش سپی موسڵمانانە، وریا بن لا نەکاتەوەو وا بزانێت ئێوە هاتون بۆ پشتیوانی من، بەوە توورە دەبێت و دەچێتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش بۆ پشتیوانی ئەبووبەکر توورە دەبێت و خوای گەورەش لەبەر توورەیی ئەو دوانە توورە دەبێت و رەبیعەش ماڵوێران دەبێت، ئەوانیش وتیان: ئەی ئەڵێیت چی بکەین؟ وتم: بگەڕێنەوە، ئینجا ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، منیش بە تەنیا چوومە خزمەتیان، پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز کردەوە بەرووی مندا و فەرمووی: (ئەی رەبیعە تۆ و صدیق چ کێشەیەکتان هەیە؟) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەسەلەکە ئاوەها و ئاوا بوو، دواتر قسەیەکی پێ وتم: کە خۆیشی پێی ناخۆش بوو و دەڵێت: دەبێت پێم بڵێیتەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش رازی نەبوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ پێی مەڵێرەوە، بەڵکو بڵێ خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبووبەکر)، منیش ئاوام وت، ئەبووبەکریش بە گریانەوە شوێنەکەی جێهێشت.[1]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل – أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين – حديث ربيعة بن كعب الأسلمي(ﷺ)، الرقم ١٦٧٧٥، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف جدا.

رەبیعە بەردەوام لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لە سەفەرو غەزاکانیدا، لە مانەوەی ناو مەدینەو چوونە دەرەوەکانیدا هاودەمی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەکرد،[١] تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، ئیتر رەبیعە مەدینەی جێهێشت و چوویە ناوچەی ئەسلەم و لەوێ مایەوە تا سەردەمی رووداوی الحرة،[٢] لەو ماوەدا نامەبەریی مەدینەی لە ئەستۆدا بوو،[٣] لە مانگی ذیلحیججەی ساڵی شەست و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد.[٤]

١٢٨٣. رەبیعەی کوڕی لوهەیعە(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی لوهەیعەیە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، رەبیعە دەڵێت: هاتمە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و زەکاتی ماڵ و سامانەکەمم هێنا و خستمە خزمەتی، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیم کە تیایدا نووسرابوو: بسم الله الرحمن الرحيم، لربيعة بن لهيعة).[٥]

بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین پێغەمبەر(ﷺ) لە نامەکانیدا پاش ناوهێنانی خوا بە ناوی خۆیەوە دەستی پێکردووە، واتە لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا، یان لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆ فڵانەکەس، بۆیە جیا لە لاوازی سەنەدەکەی، نەگونجاوی دەقەکەشی دووبارە لاوازی فەرموودەکە نیشان دەدات.

١٢٨٤. رەبیعەی کوڕی ئەبی خەرشە(رضي الله عنه)

ناوی رەبیعەی کوڕی ئەبی خەرشەی کوڕی عەمری قورەیشی عامریە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٦]

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٥٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٤.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٧٤.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣١٣.
[٥] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٤٤٢.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٣.

١٢٨٥. ڕەبیعەی کوڕی دراج(ﷺ)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی دراجی کوڕی عەنبەسی قورەیشی جومەحیە، سەرەتا بێباوەڕ بوو و لە جەنگی بەدردا بە بێباوەڕی بەشداری کرد و بەدیل گیرا، دواتر ئازاد کرا، هەر بە بێباوەڕی مایەوە تا فەتحی مەککە، پاش فەتحی مەککە موسڵمان بوو و تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا.[١]

١٢٨٦. ڕەبیعەی کوڕی ئەبی صەلت(ﷺ)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی ئەبی صەلتە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لەوێ خانوویەکی بنیادنا.[٢]

١٢٨٧. ڕەبیعەی کوڕی ئەکثەم(ﷺ)

ناوی ڕەبیعەی کوڕی ئەکثەمی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[٣] دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد،[٤] لە غەزای خەیبەریشدا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو، ئەوکاتیش تەمەنی سی ساڵان بوو و بە دەستی حارثی جوولەکە شەهید کرا،[٥] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت: کاتێک لە غەزای بەدردا بەشداری کرد تەمەنی سی ساڵان بوو و کاتێک شەهید بوو لە خەیبەر تەمەنی سی و حەوت ساڵان بوو.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٣.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص٤٦٨.
[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٤٧.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٥.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٠.
[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٥.

١٢٨٨. رەبیعی کوڕی سەهل(ﷺ)

ناوی رەبیعی کوڕی سەهلە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

١٢٨٩. رەبیعی کوڕی قارب(ﷺ)

ناوی رەبیعی کوڕی قاربی عەبسیە، وەک وەفد چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) عەبایەکی سەر شانی پێبەخشی و وشترێکیشی پێدا.[٢]

١٢٩٠. رەبیعی کوڕی نوعمان(ﷺ)

ناوی رەبیعی کوڕی نوعمانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[٣]

١٢٩١. رەبیعی کوڕی ئیاس(ﷺ)

ناوی رەبیعی کوڕی ئیاسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٤]

١٢٩٢. رەبیعی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی رەبیعەو لە پشتیوانانە، کچێکی هەبوو بە ناوی ئومموسەعد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٥]

١٢٩٣. رەجائی غەنەوی(ﷺ)

ناوی رەجائە، ئەم ئافرەتە دەڵێت: لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە ئافرەتێک کوڕێکی خۆی هێنا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) نزای بەرەکەت بکە بۆ منداڵەکەم، چونکە سێ برای تری هەبوو کە خۆم ئەسپەردەم کردون، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: لەو کاتەوەی کە موسڵمان بویت؟ وتی: بەڵێ،

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٤٦.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٩.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٥.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٦٠.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (جنة حصينة)، (قەڵغانێکی پتەوە)، پیاوێکیش لەولاوە پێی وتم: ئەی رەجا‌ٔ گوێ بگرە پێغەمبەری خوا(ﷺ) چی فەرموو.[1]

١٣٩٤. رەزینەی خزمەتکار(ﭬ)

ناوی رەزینەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، هەروەها خزمەتی صەفییەی هاوسەری پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردووە.[2]

رەزینە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی بە کەنیزەک گرت، کاتێک ئافرەتانی بینی شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) ئازادی کرد، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) داوای کرد و بەهاوسەری گرت و رەزینەی کرد بە مارەیی بۆی.[3]

١٣٩٥. رەشدانی جوهەنی(ﭬ)

ناوی رەشدانی جوهەنیە، سەرەتا ناوی غەیان بوو، کاتێک وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێکرد ناوت چیە؟ وتی: ناوم غەییانە، فەرمووی: بەڵکو ناوت رەشدانە.[4]

١٣٩٦. رەقادی کوڕی رەبیعە(ﭬ)

ناوی رەقادی کوڕی رەبیعەی عوقەیلیە، رەقاد دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە سەد مەڕ یەک مەڕی لێ وەردەگرتین، ئەگەر لەوە زیاتر بوایە دوانی لێ وەردەگرتین.[5]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند البصريين(ﭫ) - حديث امرأة يقال لها رجاء(ﭬ)، الرقم ٢١١١٤، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٤.

[3] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤١٩٨.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٤.

[5] المعجم الكبير للطبراني - باب الراء - من اسمه رقاد - رقاد بن ربيعة، الرقم ٤٦٣١.

١٢٩٧. ڕەملەی کچی حارث(﵂)

ناوی ڕەملەی کچی حارثە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، هاوسەری موعاذی کوڕی حارثە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[١]

١٢٩٨. ڕەملەی کچی شەیبە(﵂)

ناوی ڕەملەی کچی شەیبەی کوڕی ڕەبیعەی عەبشەمیە، باوکی لە غەزای بەدردا بە بێباوەڕی کوژرا.

دەوترێت ڕەملە هاوسەری عوثمانی کوڕی عەففانی گەورە هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دەوترێت لەگەڵ عوثماندا بەشداری کۆچ بووە، بەڵام وانیە، چونکە ئەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان کۆچی کرد روقییەی کچی پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەری بوو، بۆیە یان عوثمان دواتر بە هاوسەری گرتووە، یان دەکرێت عوثمای کوڕی عەففانێکی تر بێت، یان دەکرێت عوثمانی کوڕی ئەبیلعاص هاوسەری بووبێت.[٢]

١٢٩٩. ڕەملەی کچی عەبدولا(﵂)

ناوی ڕەملەی کچی عەبدولای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوولە، بەیعەتی دا بە پێغەمبەر(ﷺ).[٣]

١٣٠٠. ڕەملەی کچی ئەبووسوفیان(﵂)

ناوی ڕەملەی کچی ئەبوسوفیانە، هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و بە ئوممو حەبیبە ناسراوە، هەرچەند ناوی بە هیندیش هاتووە، بەڵام ڕاستتر

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٤.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٥.

ئەوەیە کە ناوی رەملەیە،[1] دایکی ناوی صەفییەی کچی ئەبیلعاصە.[2]

برایەکی هەبوو بە ناوی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی بوو،[3] برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو،[4] برایەکی تری ناوی عوتبە بوو کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا والی طائیف بوو.[5]

رەملە کە لەدایک بوو تەمەنی پێغەمبەر(ﷺ) نزیکەی بیست و سێ ساڵان بوو، سەرەتا شووی کرد بە عوبەیدوڵای کوڕی جەحش و هەردووکیان پێکەوە موسڵمان بوون، دواتر پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەوێ حەبیبە منداڵێکی بوو، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو لە مەککەو پێش چوون بۆ حەبەشە سکی هەبووەو لە حەبەشە منداڵەکەی بووە، دواتر لەوێ عوبەیدوڵای هاوسەری لە ئیسلام هەڵگەرایەوەو لە یەکدی جیابوونەوە،[6] ئەو منداڵەشی ناوی حەبیبە بوو و کچ بوو.[7]

ئوممحەبیبە دەڵێت: لە خەومدا عوبەیدوڵای کوڕی جەحشم لە شێوەیەکی زۆر ناشیریندا بینی، منیش ترسام، بەیانی کە هەستام دەبینم بووە بە مەسیحی، منیش خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، کەچی ئەو هیچ گرنگی پێ نەدا و کەوتە مەی خواردنەوەو بەردەوام لەو حاڵەدا بوو تا مرد، دوای ئەوە خەوێکم بینی کەسێک بانگی کردم ئەی دایکی باوەڕداران، منیش ترسام و راچڵەکیم، ئەوەبوو ماوەی خۆم تەواوکرد خێرا نێردراوی نەجاشی هات و داوای کردم بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[8]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥١.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٦.
[3] أسد الغابة، ج٥، ص ٢٢٠.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٦٧.
[5] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٨٠.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥١.
[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٦.
[8] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥١-٦٥٢.

پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەی نارد بۆ لای نەجاشی تا داوای ئوممو حەبیبەی بۆ بکات،[1] نەجاشیش ئافرەتێکی نارد بە ناوی ئەبرەهە تا هەواڵ بدات بە ئوممو حەبیبە، ئەبرەهە وتی: پاشا دەڵێت: کەسێک بکەرە وەکیلی خۆت تا هاوسەرگیریەکەت بۆ بکات، منیش هەواڵم نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوم کرد بە وەکیل.

لە حەبەشە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) پەیامی نارد تا ئوممو حەبیبەی لێ مارە بکرێت، خالیدی کوڕی سەعید کە ئامۆزای ئوممو حەبیبە بوو بەرپرسیارێتی مارەکردنی ئوممو حەبیبەی گرتەئەستۆو نەجاشیش وەکیلی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ قبووڵی گرێبەستی هاوسەرگیریەکە، نەجاشی بە ئوممو حەبیبەی راگەیاند کەسێک راسپێرە تا مارەت بکەم لە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش هەواڵی نارد بۆ خالیدی کوڕی سەعید و ئەوی کرد بە وەکیل.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) پەیامی نارد بۆ نەجاشی تا ئوممو حەبیبەی لێ مارە بکات، نەجاشی ئامادەسازی بۆ کرد و ناردی بە شوێن جەعفەردا و موسڵمانانی هاودەمی جەعفەریشی بانگ کرد، کە هاتن نەجاشی وتارێکی پێشکەش کرد و بەبەرچاویانەوە شایەتومانی دووبارە کردەوە.[3]

دەمەو ئێوارە بوو نەجاشی هەواڵی نارد بۆ جەعفەرو هاوەڵانی، کە هاتن جەعفەر سوپاس و ستایشی خوای کرد و شایەتومانی وتەوەو دواتر وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەی بۆ ناردوم تا ئوممو حەبیبەی لێ مارە بکەم و منیش چوم بە دەم داواکەیەوەو مارەییەکەی چوارسەد دینارم داناوە، دواتر دینارەکانیشی هەڵڕشت، ئینجا خالیدی دواند و ئوممو حەبیبەی مارە کرد و دینارەکانی دایە دەست خالید،[4] ئینجا جەعفەر و هاوەڵان ویستیان هەستن، نەجاشی وتی: نابێت، سوننەتی

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص٦٠٢.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٣-١٤٤.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٤٣.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٢.

پێغەمبەران وایە کە هاوسەرگیرییان کرد خوانێک ساز بکەن،[1] بۆیە نەجاشی خواردنێکی ئامادە کرد و هەموان لە خوانەکەیان خوارد، ئوممو حەبیبە دەڵێت: کە پارەکەم گەیشتە دەست پەنجا دیناریم دا بە ئەبرەهە، ئەویش بۆی گێڕامەوەو وتی: پاشا ئەو کارەی پێ سپاردوم،[2] پێی وتوم هیچت لێ وەرنەگرم، بەڵکو فەرمانی کردووە بە ژنەکانی چی بۆنی خۆشیان لا هەیە ئامادەی بکەن بۆت،[3] بۆ بەیانیەکەشی ئەبرەهە بە کۆڵێک بۆن و شمەکی ناوازەوە هاتەوە بۆ لام و منیش ئەوانەم بردەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)،[4] ئینجا کە چوومەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو ئەو وردەکاریانەم بۆ باسکرد، ئەویش بزەیەکی کرد، پاشان سەلامی ئەبرەهەم پێگەیاند، ئەویش وەلامی سەلامەکەی دایەوە.[5]

مارەییەکەی ئوممو حەبیبە زیاترین مارەیی ناو هەمو خێزانەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[6]

کاتێک ئوممو حەبیبە گەیشتەوە مەدینە تەمەنی نزیکەی سی و ئەوەندە ساڵ بوو.[7]

پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەردا نزیکەی هەشتا کۆڵ خورما و بیست کۆڵ گەنمی بەخشی بە ئوممو حەبیبە.[8]

ئەبووسوفیان کە ئەو هەواڵەی بیست زۆر دڵتەنگ بوو و پێی ناخۆش بوو.[9]

---

(١) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٨.
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٢.
(٣) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٨.
(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٢.
(٥) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٨.
(٦) سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٩.
(٧) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٩.
(٨) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٩٩.
(٩) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٢.

کاتێک قورەیشیەکان بەڵێنی حودەیبیەیان شکاند و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری دا هێرش بباتەسەر مەککە، ئەبووسوفیان هاتە مەدینە بەو هیوایەی ئاگربەستەکە درێژ بکاتەوە، ئینجا چوویەماڵی ئوممو حەبیبەی کچی، کاتێک ویستی لەسەر جێگەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دابنیشێت، ئوممو حەبیبە راخەرەکەی لابرد و نەیهێشت، ئەبووسوفیان پێی وت: بۆچی وادەکەیت؟ ئوممو حەبیبەش وتی: ئەوە راخەری پێغەمبەری خوایەو تۆش کەسێکی بێباوەڕی پیسیت، ئەبوسوفیان وتی: کچەکەم پاش خۆم خراپت لێ قەوماوە.[1]

ئوممو حەبیبە دەڵێت: جارێک وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوشکەکەم بە هاوسەر بگرە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوەت پێ خۆشە؟ وتم: بەڵێ،... پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەم بۆ حەلاڵ نیە).[2]

ئوممو حەبیبە دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو:(ما من عبد مسلم يصلي لله كل يوم ثنتي عشرة ركعة تطوعا غير فريضة، إلا بنى الله له بيتا في الجنة)،[3] (هەر بەندەیەکی موسڵمان هەموو رۆژێک دوانزە رکاتی سوننەت بە خۆبەخشی و جیا لە فەرز بۆ خوا ئەنجام بدات، ئەوە خوای گەورە لە بەهەشتدا خانوویەکی بۆ بنیاد دەنێت).

ئوممو حەبیبە جارێک سەردانی دیمەشقی کرد بە نیازی سەردانی کردنی موعاویەی برای،[4] ئوممو حەبیبە لە دەوڵەتەکەی موعاویەدا رێز و ناوبانگێکی زۆری هەبوو.[5]

کاتێک ئەبووسوفیان کۆچی دوایی کرد، هەواڵ گەیشتە ئوممو حەبیبەی کچی، لە رۆژی سێیەمدا بۆنێکی دا لە لاجانگ و باڵەکانی و وتی: خۆ من هیچ پێویستم بەوە نیە لەبەرئەوە نەبێت کە بیستوومە پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ١٠٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب النفقات - باب المراضع من المواليات وغيرهن، الرقم ٥٣٧٢.

[3] صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب فضل السنن الراتبة قبل الفرائض وبعدهن، الرقم ٧٢٨.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٢٠.

[5] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٢٢.

دەیفەرمـوو: (لا یحل لامرأة تؤمن بالله والیوم الآخر أن تحد علی میت فوق ثلاث، إلا علی زوج فإنها تحد علیه أربعة أشهر وعشرا)،[1] (بـۆ هیـچ ئافرەتێـک کـە بـڕوای بـە خـوا و ڕۆژی دوایـی هەبێـت دروسـت نیـە زیـاد لـە سـێ ڕۆژ پرسـە بگێڕێـت بـۆ مردوویـەک تەنهـا بـۆ مێـردی نەبێـت کـە بـۆی هەیـە چـوار مانـگ و دە ڕۆژ پرسـە بگێـڕێ- بـەو واتایـەی خـۆی دوور بگرێـت لـە خۆرزاندنـەوەو خۆشـی گێـڕان-).

سـەبارەت بـە کاتـی کۆچـی دوایـی ئوممومحەبیبـە ڕاجیایـی هەیـە، ڕایـەک دەڵێت: لـە سـاڵی چل و دووی کۆچی بووە، ڕایـەک دەڵێت: سـاڵی چل و چوار بووە، ڕایەک دەڵێت: سـاڵی پەنجاو نۆی کۆچی بووە کە ئەم ڕایەیان دوورە لـە ڕاستیەوە.[2]

١٣٠١. ڕەملەی کچی ئەبی عەوف(ﷺ)

نـاوی ڕەملـەی کچی ئەبی عەوفی کوڕی صوبەیرەیە، هاوسـەری موطەلیبی کـوڕی ئەزهـەرە، پێش ئـەوەی بانگـەواز بچێتـە ماڵـی ئەرقەمـەوە موسـڵمان بـوو، هـاودەم بـە مێردەکـەی کۆچـی کـرد بـۆ حەبەشـەو لـەوێ منداڵێکـی بـوو بـە نـاوی عەبدوڵا.[3]

١٣٠٢. ڕەوضە(ﷺ)

نـاوی ڕەوضەیـە، ئـەم ئافرەتـە کەنیـزەی پێغەمبـەر(ﷺ) بـوو، جـارێ کابرایـەک هـات تـا بێـت بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)، داوای مۆڵەتـی کـرد، بـەو

---

[1] صحیح البخاري - کتاب الجنائز - باب إحداد المرأة علی غیر زوجها، الرقم ١٢٨٠؛ صحیح مسلم - کتاب الطلاق - باب وجوب الإحداد في عدة الوفاة وتحریمه في غیر ذلک إلا ثلاثة أیام، الرقم ١٤٨٦.

[2] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٣.

[3] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٥.

دەربڕینە وتی: خۆمی پیا کەم؟ پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕەوضەی فەرموو هەستە بۆ لای ئەو کابرا و قسەی لەگەڵ بکە، چونکە ئەو نازانێت جوان داوای مۆڵەت بکات، پێی بڵێ با بڵێت السلام علیکم ئایا بێمە ژوورەوە؟ کابراش ئەمەی بیست و وای وت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وەرە ژوورەوە.[1]

١٣٠٣. ڕەیحانەی کچی شەمعوون(رضي الله عنها)

ناوی ڕەیحانەی کچی شەمعوون یان کچی زەیدە، ئەم ئافرەتە جوولەکە بوو،[2] پێغەمبەر(ﷺ) بە کەنیزەکی گرت، ئینجا ڕەیحانە سوور بوو لەسەر ئەوەی بە جوولەکەیی بمێنێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) بەوە بێتاقەت بوو، جارێک لەگەڵ هاوەڵانی بوو کە دەنگی نەعلی لە پشتیەوە بیست، فەرمووی: ئەوە ثەعلەبەی کوڕی سەعیەیە موژدەی موسڵمانبوونی ڕەیحانەی بۆ هێناوم، هەر واش بوو،[3] ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) پێشنیازی بۆ ڕەیحانە کرد ئازادی بکات و بە هاوسەری بگرێت، بەڵام ڕەیحانە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێم خۆشە بە موڵکیت بمێنمەوەو ئەوەش بۆ من و بۆ تۆش ئاسانتر و باشترە، پێغەمبەریش(ﷺ) وازی لێ هێنا.[4]

ئیتر ڕەیحانە هەر وا مایەوەو پێغەمبەریش(ﷺ) زۆری خۆش دەویست و دەچوویە لای و تا مردن لای مایەوە، ڕەیحانە داوای هەرچی بکردایە پێغەمبەر(ﷺ) پێی دەدا و زۆر نازی دەکێشا، پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە حەجیماڵئاوایی ڕەیحانە مرد.[5]

---

[1] تفسير الطبري، ج١٨، ص ١١٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٨.
[3] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٣٦٨.
[4] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٦٨٦١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٩.

١٣٠٤. رەیطەی کچی مونەببیە(رضي الله عنها)

ناوی رەیطەی کچی مونەببیهی کوڕی حەجاجی سەهمیە، کونیەکەی ئەبووعەبدولّایە، دایکی ناوی زەینەبی کچی وائیلە، رەیطە موسلّمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[١]

١٣٠٥. رەیطەی کچی ئەبوو طالیب(رضي الله عنها)

ناوی رەیطەی کچی ئەبووطالیبەو خوشکی ئومموهانیئە، کونیەکەی ئەمموطالیبە،[٢] خوشکی عەلی کوری ئەبووطالیبە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر چل کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە.[٣]

١٣٠٦. رەیطەی کچی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنها)

ناوی رەیطەی کچی ئەبی ئومەییەیە، هاوسەری صوهەیبی کوڕی سینانە، یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[٤]

١٣٠٧. روبەیعی کچی نەضر(رضي الله عنها)

ناوی روبەیعی کچی نەضرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، خوشکی ئەنەسی کوڕی نەضرە کە پێشتر باسمان کردووە، پووری ئەنەسی کوڕی مالیکی هاوەڵی نزیک و خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(صلى الله عليه وسلم)،[٥] دایکی ناوی هیندی کچی زەیدە، روبەیع لەگەڵ سوراقەی کوڕی حارثدا هاوسەرگیری کرد، ئەم ئافرەتە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و بەیعەتی پێداوە.[٦]

[١] أسد الغابة، ج٧، ص ١٣٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٩.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٢٤٥.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٩.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٢.
[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤٢٤.

روبەیعی کچی نەضر دایکی حارثەی کوڕی سوراقە بوو، جا ئەوەبو حارثەی کوڕی لە غەزای بەدردا شەهید بوو، روبەیع چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێم بڵێ حارثە چۆنە؟ ئەگەر خێری هاتبێتە ڕێ خۆڕادەگرم و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبم، ئەگەریش خێری نەهاتبێتە ڕێ ئەوە تا دەتوانم نزای بۆ دەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يا أم حارثة إنها جنان في جنة، وإن ابنك أصاب الفردوس الأعلى والفردوس ربوة الجنة وأوسطها وأفضلها)،[1] (ئەی دایکی حارثە بەهەشت چەند بەهەشتێکە، کوڕەکەشت چووەتە فیردەوسی باڵا، فیردەوسیش بەرزایی و نێوەندو و باشترین شوێنی بەهەشتە).

جارێک روبەیعی خوشکی دانی دراوسێیەکیانی شکاندبوو، ئەنەس و کەسوکاری داوایان کرد بیانبوورن، بەلام ئەوان رازی نەبوون و داوای تۆڵەیان کرد، هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش فەرمانی قیصاصی کرد، ئەنەس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دانی روبەیع بشکێنن؟ نا سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەوە ناکەن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەنەس کتێبی خوا بریتیە لە قیصاص_واتە ئەوەی داناوە-، ئەوەبوو بەرامبەرەکە رازی بوون و لێی خۆش بوون، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی (إن من عباد الله من لو أقسم على الله لأبره)،[2] (لە بەندەکانی خوا کەسانێ هەن کە ئەگەر سوێندی خوا بدەن خوا سوێندەکەیان ناشکێنێت).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئوممو روبەیعی دایکیشی هەمان سوێندی خواردووەو خوای گەورە سوێندەکەی نەخستووە.[3]

[1] سنن الترمذي، الرقم ٣١٨٠، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ٣١٧٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصلح - باب الصلح في الدية، الرقم ٢٧٠٣.

[3] صحيح مسلم - كتاب القسامة والمحاربين والقصاص والديات - باب إثبات القصاص في الأسنان وما في معناها، الرقم ١٦٧٥.

١٣٠٨. روبەیعی کچی طوفەیل(﵅)

ناوی روبەیعی کچی طوفەیلی کوڕی نوعمانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٣٠٩. روبەیعی کچی میعوەذ(﵅)

ناوی روبەیعی کچی میعوەذی کوڕی عەفرائە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، هاوسەری ئیاسی کوڕی بوکەیرە،[٢] باوکی روبەیع یەکێکە لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و لە بەیعەتی عەقەبەو بەدریشدا بەشدار بوو.[٣]

دایکی ناوی ئوممویەزیدی کچی قەیسە، روبەیع خوشکێکی هەبوو بە ناوی عومەیرە[٤] کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

ئیاس لە دوای غەزای بەدر ئەو ژنەی هێنا، بە بەڵگەی گێڕانەوەیەک کە روبەیعی ژنی دەڵێت: رۆژی هاوسەرگیریەکەم پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ ماڵمان و دوو کیژ گۆرانییان دەوت، لە گۆرانیەکەیاندا دەفیان لێدەدا و باسی باوباپیرانی منیان دەکرد کە لە بەدر کوژران و دەشیانوت پێغەمبەرێکمان تێدایە کە دەزانێت سبەینێ چی دەبێت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: ئەم قسەیان مەڵێن.[٥]

روبەیع کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد، بەڵام هیچ بەڵگە نیە لەسەر هاوەڵبوونی موحەممەدی کوڕی.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤١.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤١.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٩٢.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٩٢.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص٤٤٧.
[٦] أسد الغابة، ج٥، ص٨٣

روبەیع دەڵێت: ئەو شەوەی گوازرامەوە بۆ بەیانیەکەی پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ ماڵمان و لەسەر جێگەکەم لە نزیکمەوە دانیشت، بڕێک ئافرەتی تازە پێگەیشتووش گۆرانییان دەوت و دەفیان لێدەداو باسی باوکە کوژراوەکانیان لە بەدر دەکرد، تا ئەوەی یەکێکیان وتی:

وفينا نبي يعلم ما في غد

(لەنێوماندا پێغەمبەرێک هەیە کە دەزانێت سبەی چی روودەدات)،

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەوجۆرە مەڵێ و ەوەی پێشتر دەتوت ئەوە بڵێ).[1]

روبەیع لە غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری دەکرد، لە بەیعەتی ریضوانیشدا بەشدار بوو.[2]

روبەیع دەڵێت: ئێمە لە غەزاکاندا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین ئاومان دەگێڕاو تیماری بریندارەکانمان دەکرد و کوژراوەکانیشمان دەگێڕانەوە بۆ مەدینە.[3]

روبەیع دەڵێت: جارێک پوورم منی نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، منیش کە چووم دەبینم برێک کاڵای لایە کە پاشای بەحرەین بە دیاری بۆی ناردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) پڕی هەردوو دەستی پڕکرد و فەرمووی: (کچە شیرینەکەم ئەمە بۆ تۆ).[4]

روبەیع دەڵێت: جار هەبوو پێغەمبەر(ﷺ) دەهات بۆ ماڵمان و دەستنوێژی دەگرت و منیش ئاوی دەستنوێژم دەکرد بە دەستیدا.[5]

روبەیع دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە رۆژی عاشووورادا هەواڵی نارد بۆ

---

[1] صحيح البخاري - كتاب النكاح - باب ضرب الدف في النكاح والوليمة، الرقم ٥١٤٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤١.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب مداواة النساء الجرحى في الغزو، الرقم ٢٨٨٢.

[4] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٣٩١٩.

[5] مسند الدارمي - كتاب الطهارة - باب الوضوء من الميضأة، الرقم ٧١٧؛ سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب صفة وضوء النبي(ﷺ)، الرقم ١٢٦، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

پشتیوانان هەرکەس بەڕۆژوو نیە ئەوا با ئەو بەشەی تری ڕۆژەکەی ماوە بە ڕۆژوو بێت، هەرکەسیش ڕۆژی کردوەتەوەو هیچی نەخواردووە با بەڕۆژوو بێت، ئیتر ئێمەش خۆمان ڕۆژوومان دەگرت و منداڵەکانیشمان فێری ڕۆژوو دەکردن، تەنانەت بە شمەکی یاری سەرقاڵمان دەکردن و ئەگەریش یەکێکیان بگریایە بۆ خواردنێک بەو یاریانە سەرقاڵمان دەکرد تا ئێوارە دەهات.[1]

وەستانێک:

سەبارەت بە مەسەلەی ڕۆژووگرتن لە ڕۆژی عاشووورادا چەند فەرموودەیەک هەن کە ڕای جیاواز لەو بارەوە دەخەنەڕوو، لێرەدا بۆ بەرچاوروونی و زانینی دەقە جیاجیاکان چەند فەرموودەیەک لەو بارەوە دەخەینەڕوو، چونکە هەندێ پێیان وایە ڕۆژوگرتن تیایدا دروست نیە و زۆرینەش ڕایان وایە ڕۆژووگرتن تیایدا سوننەتە:

ئیبن عەبباس دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەدینە بینی جوولەکە ڕۆژی عاشووورابەڕۆژوو دەبن، فەرمووی: ئەوە چیە؟ وتیان: ئەوە ڕۆژێکی باشە تیایدا خوای گەورە بەنی ئیسرائیلی لە دوژمنەکانیان ڕزگار کرد، بۆیە مووسا ڕۆژووی تێدا گرت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَأَنَا أَحَقُّ بِمُوسَى مِنْكُمْ)، (دەی من لە ئێوە شیاوترم بە مووسا) بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژووی تێدا گرت و فەرمانی کرد خەڵکیش ڕۆژووی تێدا بگرن.[2]

ئەبووقەتادە دەڵێت: پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت ڕۆژوی ڕۆژی عاشوورا، ئەویش فەرمووی: (أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله)،[3] (هیوام وایە خوا بەو ڕۆژووە تاوانی ساڵێکی پێشتری بسڕێتەوە).

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب صوم الصبيان، الرقم ١٩٦٠؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب من أكل في عاشوراء فليكف بقية يومه، الرقم ١١٣٦.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب صيام يوم عاشوراء، الرقم ٢٠٠٤.

[3] صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب استحباب صيام ثلاثة أيام من كل شهر وصوم يوم عرفة وعاشوراء والاثنين والخميس، الرقم ١١٦٢.

عائیشـەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێش ڕۆژووی ڕەمەزان لە عاشووورادا ڕۆژوو دەگیرا، کاتێک ڕۆژووی ڕەمـەزان واجب کرا ئیتر هەرکەس بیویستایە ڕۆژووی عاشـوورای دەگرت و هەرکەسیش بیویستایە ڕۆژووی عاشـوورای نەدەگرت.[1]

ئیبـن عومــەر دەڵـێت: خەڵکـی سـەردەمی نەفامـی ڕۆژووی عاشـوورایان دەگـرت، جـا کاتێـک ڕەمـەزان واجـب بـوو پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (کـێ دەیەوێـت بـەڕۆژوو بێـت و کـێ دەیەوێـت بـەڕۆژوو نەبێـت).[2]

ئیبن عومـەر دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ) ڕۆژوی عاشـوورای دەگـرت و فەرمانـی دەکـرد خەڵـک بـەڕۆژوو بـن، کاتێـک ڕەمـەزان واجـب کـرا ئیتـر واز هێنـرا لـە ڕۆژووی عاشـوورا، ئیتر ئیبن عومـەر ڕۆژووی عاشـوورای نەدەگرت مەگەر کاتێک بکەوتایەتـە بـەر ئـەو ڕۆژانـەی کـە ئیبـن عومـەر هەمیشـە ڕۆژووی تێدا دەگرت.[3]

ئەمـەو چەندین فەرمـوودەی تـری هاوشـێوە لـەم بـارەوە هاتـوون و زانایـان رای جیاوزیـان لـەو بـارەوە خسـتووەتە ڕوو، بۆ نموونـە:

ئیبن حەجەر لە فتح الباری دا دەڵێت: لە کۆی فەرموودەکانەوە دەردەکەوێت ڕۆژووی عاشـوورا پێشـتر واجب بووە...بـەڵام دواتـر کـە واجب بوونـی نەمـا سـوننەت بوونـی هـەر مایەوە...بـە تایبـەت بـەو بەڵگـەی کـە پێغەمبـەر(ﷺ) تـا سـاڵی وەفاتیشـی گرنگی پێداوە.[4]

نـەوەوی دەڵێت: زانایـان لەسـەر ئـەوە کۆدەنگن لەمـڕۆدا ڕۆژووی ڕۆژی عاشـوورا سـوننەتەو واجـب نیـە.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة البقرة - باب يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم الصيام، الرقم ٤٥٠٢؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب صوم يوم عاشوراء، الرقم ١١٢٥.

[2] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة البقرة - باب يا أيها الذين آمنوا كتب عليكم الصيام، الرقم ٤٥٠١؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب صوم يوم عاشوراء، الرقم ١١٢٦.

[3] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب وجوب صوم رمضان، الرقم ١٨٩٢.

[4] فتح الباري، ج٤، ص ٢٤٧.

[5] () -شرح النووي على صحيح مسلم، ج٨، ص ٥.

روبەیع دەڵێت: رۆژێک من و برێک لە پشتیوانان چووین بۆ لای ئەسمائی کچی مەخرەبە کە دایکی ئەبووجەهل بوو، عەبدوڵای کوڕی لە یەمەنەوە بۆنی خۆشی بۆ دەنارد و ئەویش دەیفرۆشت، منیش لەو بۆنی خۆشم دەکڕی، جارێک برێکی بۆ کێشام و منیش لە کیفی یەکێکی تردا دامنا، ئەویش وتی: مافەکەی من لای خۆت بنووسە، منیش بە نووسەرەکەم وت: بینووسە لەسەر روبەیع، ئەویش وتی: تۆ کچی ئەو کەسەیت کە گەورەکەی ئەوی کوشت، منیش وتم: بەخوا من کچی بکوژی گەورەکەی ئەو نیم، بەڵکو من کچی بکوژی کۆیلەکەی ئەوم، ئەویش وتی: بەخوا ئیتر هەرگیز هیچت پێ نافرۆشم، منیش وتم: بەخوا ئیتر هەرگیز هیچت لێ ناکڕم، بەخوا بۆنی خۆش نیەو هیچ بۆنی نیە، دواتر روبەیع وتی: کچەکەم بەخوا بۆنی لەوە خۆشترم نەکردبوو، بەڵام کاتێک ئەو قسەی کرد تووڕە بووم و وا وەڵامم دایەوە،[1] ئەم رووداوەش لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بوو.[2]

روبەیع دەڵێت: -لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا- بە مێردەکەمم وت: چیم هەیە دەیدەم بە تۆ بەڵام لێم جیا ببەرەوە، ئەویش وتی: باشە، ئەوەبوو چی شتم هەبوو پێم دا جگە لە قەڵغانەکەم، کەچی ئەو نارازی بوو و لای عوثمانی کوڕی عەففان شکاتی لێکردم، دواجار عوثمان وتی: دەبێت مەرجەکەت بێتەدی، منیش قەڵغانەکەشم پێدا، ئەم رووداوەش لە ساڵی سی و پێنجی کۆچیدا بوو.[3]

١٣١٠. رومیضیعی کوڕی ثابت(ﷺ)

ناوی روەیفیعی کوڕی ثابتە، لە پشتیوانانە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە لە ساڵی خەیبەردا فەرمووی: (من كان يؤمن بالله

---

[1] المطالب العالية، الرقم ١٣٩٢.

[2] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٢٨٠٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤١.

واليوم الآخر فلا يسقين ماءه ولد غيره، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يأخذن دابة من المغانم فيركبها حتى إذا أعجفها ردها في المغانم، ومن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فلا يلبس ثوبا من المغانم حتى إذا أخلقه رده في المغانم)،[1] (هەرکەس لە ئێوە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ئاوی نەداتە منداڵی کەسانی تر، هەرکەس بڕوای هەیە بە خوا و ڕۆژی دوایی با ئاژەڵی دەستکەوت نەبات تا تەواو ماندوو و پەککەوتەی بکات ئینجا بیگێڕێتەوە بۆ ناو دەستکەوتەکان، هەرکەس بڕوای هەیە بە خوا و ڕۆژی دوایی با جلێکی دەستکەوت نەکاتەبەری تا ئەو کاتەی بیدڕێنێت ئینجا بیگێڕێتەوە ناو دەستکەوتەکان).

هەروەها ڕوەیفیع دەڵێت: بڕێ خورما هێنرا بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و لە خورماکەیان خوارد تا تەنها چەند ناوکە خورمایەک مایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دەزانن ئەوە چیە؟) وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (چاکەکانتان یەک دوای یەک دەڕۆن تا تەنها وەک ئەوە چاکەکانتان دەمێننەوە).[2]

ڕۆژێک ڕوەیفیعی کوڕی ثابت وتاری دەدا وتی: من تەنها شتێکتان پێ دەڵێم کە لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە لە ڕۆژی حونەیندا دەیفەرموو:، ئینجا فەرموودەیەکی گێڕایەوە.[3]

شەیبانی قیتبانی دەگێڕێتەوە کە مەسلەمەی کوڕی موخەللەد ڕوەیفیعی کوڕی ثابتی کرد بە بەرپرس، ئێمەش لەگەڵی ڕۆیشتین... ڕوەیفیع وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێی فەرمووم (يَا رُوَيْفِعُ لَعَلَّ الْحَيَاةَ سَتَطُولُ بِكَ بَعْدِي، فَأَخْبِرِ

---

[1] صحيح ابن حبان – كتاب السير – باب الغلول – ذكر الزجر عن انتفاع المرء بالغنائم على سبيل الضرر بالمسلمين فيه، الرقم ٤٨٥٠، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] صحيح ابن حبان – كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين – باب فضل الأمة – ذكر البيان بأن من مضى من هذه الأمة كان الخير فالخير، الرقم ٧٢٢٥؛ المستدرك على الصحيحين – كتاب الفتن والملاحم – إخبار النبي(ﷺ) بفتنة عثمان، الرقم ٨٤٣٠ و صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] سنن أبي داود – كتاب النكاح – باب في وطء السبايا، الرقم ٢١٥٨، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

النَّاسَ أَنَّهُ مَنْ عَقَدَ لِحْيَتَهُ أَوْ تَقَلَّدَ وَتَرًا أَوِ اسْتَنْجَى بِرَجِيعِ دَابَّةٍ أَوْ عَظْمٍ فَإِنَّ مُحَمَّدًا مِنْهُ بَرِيءٌ)،[1] (ئەی روەیفیع، لەوانەیە تەمەن بکەیت و دوای من بژیت، بەو خەڵکەی بگەیەنە هەرکەس ریشی گرێ بدات یان نوشتەیەک هەڵبواسێت یان بە پاشماوەی ئاژەڵێک یان ئێسکێک خۆی پاک بکاتەوە، ئەوەی موحەممەد لێی -لەو کردەوەی- بەدوورە).

١٣١١. روەیفیعی خزمەتکار(ﷺ)

ناوی روەیفیعەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[2]

١٣١٢. روخەیلەی کوڕی ثەعلەبە(ﷺ)

ناوی روخەیلەی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە،[3] لە غەزای بەدر و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[4]

١٣١٣. روشەیدی موزەنی(ﷺ)

ناوی روشەیدی موزەنیەو کونیەکەی ئەبوو عومەیرەیە، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[5] روشەید دەڵێت: ئێمە کاتێک بچووینایە بۆ غەزا جەنگمان نەدەکرد تا پرسیارمان لە بەرامبەر دەکرد کەس لە ئێوە پەنا نەدراوە؟.[6]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث رويفع بن ثابت الأنصاري(ﷺ)، الرقم ١٧٢٦٩؛ سنن أبي داود - كتاب الطهارة - باب ما ينهى عنه أن يستنجى به، الرقم ٣٦ واللفظ له، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٠١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨١.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٦٠٠.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٥.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٦.

١٣١٤. روشەیدی فارسی(ﷺ)

ناوی روشەیدی فارسیەو مەولای بەنی موعاویە بووە لە پشتیوانەکان، یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزاکەدا یەکێک لە پیاوەڕەکانی کوشت، کاتێک لێیدا وتی: بگرە من روشەیدی فارسیم، پێغەمبەر(ﷺ) بە کونیەی ئەبوو عەبدوڵا بانگی کرد.[1]

١٣١٥. روشەیدی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی روشەیدی کوڕی مالیکەو کونیەکەی ئەبوو عەمیرەیە، روشەید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک شتێکی بۆ دەهێنرا پرسیاری دەکرد ئایا ئەوە زەکاتە یان دیاریە، ئەگەر بیانوتایە زەکاتە نەیدەخوارد، ئەگەریش بیانوتایە دیاریە دەیخوارد.[2]

روشەید دەڵێت: رۆژێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین کە پیاوێک بڕێ خورمای هێنا و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیە؟ دیاریە یان زەکاتە؟ ئەویش وتی: زەکاتە، پێغەمبەر(ﷺ) دای بە خەڵکەکە، حەسەنیش لەبەردەم پێغەمبەر(ﷺ) بوو، چوو خورمایەکی هەڵگرت و خستیە دەمیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی زانی و دەستی کرد بە دەمیدا و خورماکەی لە دەمی دەرهێنایەوەو فەرمووی: (ئێمە بنەماڵەی موحەممەد زەکات ناخۆین).[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٥.

[2] جامع الترمذي - أبواب الزكاة عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في كراهية الصدقة للنبي(ﷺ) وأهل بيته ومواليه، الرقم ٦٥٦، قال الألباني حسن صحيح.

[3] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الرد على أبي حنيفة - حكم التصدق لآل محمد(ﷺ)، الرقم ٣٧٦٨١؛ المعجم الكبير للطبراني - باب الراء - من اسمه رشيد - رشيد بن مالك، الرقم ٤٦٣٢.

١٣٦٦. روغەینەی کچی سەهل(﵅)

ناوی روغەینە یان دەوترێت زوغەینەیە، کچی سەهلە، لە پشتیوانانە، بەیعەتی داوە بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[1]

١٣٦٧. روفەیدەی ئەنصاری(﵅)

ناوی روفەیدەیەو لە پشتیوانانە، ئەم ئافرەتە خۆی تایبەت کردبوو بۆ تیمار و خزمەتی نەخۆش و ناساغانی موسڵمانان، ئەوەبوو کاتێک لە غەزای خەندەقدا سەعدی کوڕی موعاذ پێکرا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: بیبەن بۆ ناو چادرەکەی روفەیدە -کە لە مزگەوتدا بوو- تا خۆم لە نزیکەوە سەردانی بکەم.[2]

١٣٦٨. روقەیقەی ثەقەفی(﵅)

ناوی روقەیقەی ثەقەفیە، هاوسەری قەیسی کوڕی ئەبانە، دوو کوڕی هەبوو بە ناوی سوفیان و وەهب و کچێکیشی هەبوو،[3] ئەم هاوەڵە دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ تائیف تا بانگەواز بگەیەنێت، هات بۆ لای من و منیش برێک خواردنەوەم بۆ برد، فەرمووی: (ئەی روقەیقە تاغووتی ئەوان مەپەرستەو نوێژی بۆ مەکە)، منیش وتم: دەی دەمکوژن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دەی ئەگەر پێیان وتیت بڵێ پەروەردگارم پەروەردگاری ئەو تاغووتەیە، کە نوێژت کرد پشت بکەرە ئەو تاغووتە)، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) چوویە دەرەوە، دواتر سەردەم چوو و پاش موسڵمانبوونی هۆزی ثەقیف، ئەو دوو کوڕەی روقەیقە چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)،

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٦

[3] أسد الغابة، ج٧، ص ١٢٣.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: دایکتان چی کرد؟ ئەوانیش وتیان: هەر بەو حاڵەوە مایەوە کە تۆ جێتهێشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دایکتان موسڵمان بوو.[١]

١٣١٩. روقەیمی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ناوی روقەیمی کوڕی ثابتی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[٢] لە غەزای طائیفدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٣٢٠. روقییەی کچی ثابت(رضي الله عنها)

ناوی روقییەی کچی ثابتی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانەو بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٤]

١٣٢١. روقییەی کچی پێغەمبەر(ﷺ)

دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو کە سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایک بوو،[٥] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە،[٦]

---

[١] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سفيان - سفيان بن قيس بن أبان الثقفي، الرقم ٦٤٣١.

[٢] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٨.

[٥] أسد الغابة، ج٧، ص ٨٨-٩٢.

[٦] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(رضي الله عنهم) - مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب(رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ)، الرقم ٢٧١٢؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - مناقب مريم بنت عمران، الرقم ٨٢٩٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ومنهم خديجة بنت خويلد بن أسد بن عبد العزى(رضي الله عنها) - سيدات نساء أهل الجنة أربع، الرقم ٤٨٨٠ و صححه و وافقه الذهبي.

سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە کۆچی دوایی کرد.[1]

براکانی روقییە بریتی بوون لە قاسم کە برا گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا،[2] برایێکی تری هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە لە سەری باوکیەوە بوو و دایکیان جیا بوو، ئیبراهیمیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەدایک بوو و پاش هەژدە مانگ هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کرد،[3] جا هەموو کوڕەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش وەفاتیان کرد. بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[4]

سەبارەت بە خوشکەکانی

زەینەب خوشکی گەورەی روقییە و کچە گەورەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[5]

ئوممو کلثوم کە لە روقییە بچووکتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشکی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی لە عوثمانی کوڕی عەففان مارە کرد، بەڵام ئەمیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد و باوکی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر کرد.[6]

خوشکێکی تری هەبوو ناوی فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا بوو. کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و [7] گەورەی ژنانی بەهەشت[8] و دایکی دوو رەیحانە و خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[9] یەکەم کەسی ناو

---

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ٩٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٢، ص ٢٩٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ١٧٢.

[4] أسد الغابة، ج٧، ص ٩١.

[5] أسد الغابة، ج٧، ص ١٤٤.

[6] أسد الغابة، ج٧، ص ٤٢١.

[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٩.

[8] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

[9] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب الحسن والحسين، الرقم ٣٧٥٣؛ جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب أبي محمد الحسن بن علي بن أبي طالب والحسين بن

بەسالەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە دوای پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد.[1]

سەبارەت بەوەی ئایا کچەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کامیان کەورەتر بوون، یەکدەنگی هەیە لە زەینەب کچە کەورە بووە. دواتر راجیایی هەیە، رایەک دەڵێت: فاتیمە کچە بچووک بووە، رایەک دەڵێت: روقییە کچە بچووک بووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ئوممولکلثوم کچە بچووک بووە.[2]

روقییە هەرسەری کوڕێکی ئەبوو لەهەب بوو کە ناوی عوتبە بوو، ئەمەش پێش ساوەی پێغەمبەرایەتی بوو. بەلام کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) سرووشی بۆ هات و ئەبو لەهەب دژایەتی کرد، فەرمانی کرد بە کوڕەکەی تا روقییە تەلاق بدات، لەو کاتە هێشتا روقییە نەگوازرابوویەوە، ئەوەبوو تەلاقی دا. دواتر عوثمانی کوڕی عەففان روقییەی بەهاوسەر کرت و لەگەڵیدا خۆشی و ناخۆشیەکانی بەسەربرد. پێکەوە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو پێکەوە کەڕانەوەو کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لە مەدینەش تا وەفاتی روقییە عوثمان هەر لە لای روقییە بوو.[3]

کاتێک عوثمان و روقییە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەک هەواڵی ئەوانی نەزانی، هەولی دەدا هەواڵیان بزانێت، ئەوەبوو ئافرەتێک هات بۆ لای و هەواڵی عوثمان و روقییەی پێ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن عثمان أول من هاجر إلى الله بأهله بعد لوط).[4] (عوثمان یەکەم کەسە دوای پێغەمبەر لووط لەپێناو خوادا بە خۆی و ژنیەوە کۆچی کردبێت).

روقییە لە عوثمانی کوڕی عەففان کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولا، بەلام ئەو کوڕەی مرد و ئیتر دوای ئەوە روقییە منداڵی تری نەبوو،[5] عەبدولای کوڕی تەمەنی گەیشتبوویە شەش ساڵان کە کەڵەشێرێک دەنووکی دا لە

علي بن أبي طالب(رضي الله عنه)، الرقم ٣٧٧٠.

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٨-٦٤٩.

[4] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ١٤١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٨-٦٤٩.

دەموچاوی و مرد.[1]

کۆچی دوایی روقییە:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر روقییە نەخۆش بوو، بۆیە عوثمانی کوڕی عەففان لای روقییەی خێزانی مایەوە، ئەو رۆژەی زەیدی نێردراوی پێغەمبەر(ﷺ) بە موژدەوە هاتەوە بەرەو مەدینە تا هەواڵی سەرکەوتنی بەدر بدات، روقییە کۆچی دوایی کرد.[2]

مانەوەی عوثمان لای روقییەو نەچوونی بۆ غەزای بەدر بە فەرمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[3]

کاتێک عوثمان و هاوەڵان سەرقاڵی ئەسپەردەکردنی تەرمی روقییە بوون، عوثمان دەنگێکی الله أکبری بیست، وتی: ئەی ئوسامە ئەوە چیە، کە تەماشایان کرد زەیدی کوڕی حارثەیە لەسەر وشترەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و هەواڵی شکستی بێباوەڕانی پێیە.[4]

کاتێک روقییە وەفاتی کرد پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الحقي بسلفنا عثمان بن مظعون)، (پەیوەست بە بە پێشینمان عوثمانی کوڕی مەظعوون)، پێشتر کە عوثمانی کوڕی مەظعوون وەفاتی کردبوو، ژنەکەی وتی: بەهەشتت لێ پیرۆز بێت، پێغەمبەر(ﷺ) بە توورەییەوە تەماشای کرد و فەرمووی: تۆ چووزانیت؟ ئەویش وتی: ئەو سوارچاک و هاوەڵی تۆ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەخوا نازانم چی پێ دەکرێت)، ئیتر هاوەڵان ئەوەیان زۆر لەسەر سەخت بوو کە چۆن پێغەمبەر(ﷺ) بۆ عوثمان وای فەرموو، بەڵام کاتێک روقییە مرد و پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی فەرموو ئیتر هاوەڵان تێگەیشتن.[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٥١.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٩.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٤٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٩.

[5] المعجم الكبير للطبراني - باب العين - من اسمه عثمان - عثمان بن مظعون الجمحي - نسبة عثمان بن مظعون، الرقم ٨٣١٧

ژنان بۆ مەرگی روقییە دەگریان و عومەری کوڕی خەتتابیش ڕێگری دەکرد لێیان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وازبێنە ئەی عومەر، پاشان فەرمووی: (إياكن ونعيق الشيطان، فإنه مهما يكون من العين والقلب فمن الرحمة، وما يكون من اللسان واليد فمن الشيطان)، (خۆدوور بگرن لە قیژەی شەیتان، چونکە تا لە چاو و دڵەوە بێت ئەوە لە رەحم و سۆزەوەیە، ئەوەش لە زمان و دەستەوە بێت ئەوە لە شەیتانەوەیە)، فاطیمەی خوشکی لە کەناری گۆڕی روقییەوە بۆ روقییەی خوشکی دەگریا، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) بە لایەکی جلەکەی فرمێسکی چاوانی فاطیمەی دەسڕی.[1]

لەبەرئەوەی کاتێک روقییە وەفاتی کرد پێغەمبەر(ﷺ) لە بەدر بوو، دیارە ئەو رووداوانە دوای هاتنەوەی بووە لە بەدر.

١٣٢٢. روکانەی کوڕی عەبدیەزید(رضي الله عنه)

ناوی روکانەی کوڕی عەبدیەزیدی کوڕی هاشمی قورەیشیە.[2]

کاتی خۆی ئەم هاوەڵە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) زۆرانی گرت و دوو جار یان سێ جار پێغەمبەر(ﷺ) روکانەی دا بە زەویدا.[3]

کاتێک روکانە لە سەفەرێکەوە هاتەوە بیستی پێغەمبەر(ﷺ) بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کردووە، ئەویش بەوە نارازی بوو، ئەوەبوو لە نزیک شاخێکی مەککەدا گەیشت بە پێغەمبەر(ﷺ)، روکانە وتی: برازا بیستوومە شتێکی وات باس کردووە، جا وەرە با زۆرانبازی بکەین، ئەگەر منت دا بە زەویدا، ئەوە دان بەوەدا دەنێم کە راستگۆیت، ئەوەبوو زۆرانبازییان کرد و پێغەمبەر(ﷺ) روکانەی دا بە زەویدا.[4]

---

[1] مسند الطيالسي، الرقم ٢٨٠٧، قال الذهبي هذا منكر.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٧.
[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٧.

ئەم هاوەڵە لە کاتی فەتحی مەککەدا موسلمان [illegible] دەڵێت: بەڵکو راستەوخۆ دوای ئەو زۆرانبازیە موسڵمان بووە.[2]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا [illegible] پەنجا کوڵ خورمای بریەوە بۆ روکانە.[3]

روکانە دواتر چوو بۆ مەدینە، لەوێ ژنەکەی تەلاق دا کە ناوی سوهەیمەی کچی عوەیمیر بوو.[4]

روکانە دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ژنەکەم بە یەکجارەکی تەلاق دا، چووم لەو بارەوە پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، فەرمووی: مەبەستت بەوە چی بوو؟ وتم: مەبەستم یەک تەلاق بوو، فەرمووی: توخوا؟ وتم: بەخوا، فەرمووی: دەی بەپێی نیازەکەتە،[5] ئەوەبوو روکانە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەردەمی عومەری کوری خەطابدا بۆ جاری دووەم ژنەکەی تەلاق دا، لە سەردەمی عوثمانی کوری عەففانیشدا بۆ جاری سێیەم تەلاقی دا.[6]

١٣٢٣. رومەیثەی کچی عەمر(ﷺ)

ناوی رومەیثەی کچی عەمری کوری هاشمە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ).[7]

رومەیثە دەڵێت: جارێک لای عائیشە بووم، بۆ بەیانیەکەی هەستا و خۆی شۆرد و دواتر چوویە ژوورێکەوەو دەرگای داخست، منیش وتم: ئەی

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٧.
[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.
[5] المستدرک على الصحيحين - کتاب الطلاق - الطلاق بما نوى به المطلق، الرقم ٢٨٢٣.
[6] سنن أبي داود - کتاب الطلاق - باب في البتة، الرقم ٢٢٠٦، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٤.

دایکی باوەرداران تەنها لەبەر ئەم کاتە ئەمشەو لات مامەوە، ئەویش وتی: وەرە ژوورەوە، منیش چوومە ژوورەوە، عائیشەم بینی هەشت رکات نوێژی کرد، نازانم وەستانەکەی زیاتر بوو یان چەمینەوەو کرنووشەکەی، دواتر لای کردەوە بەلامدا و دای بەسەر رانمداو وتی: ئەی رومەیثە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینیوە ئەم نوێژەی دەکرد، ئەگەر باوکم لە گۆرەکەی بێتە دەرەوە بەو مەرجەی واز لەم نوێژە بهێنم وازی لی ناهێنم.[1]

١٣٣٤. رومەیثەی ئەنصاری(رضي الله عنها)

ناوی رومەیثەیەو لە پشتیوانانە، دایەگەورەی عاصمی کوری عومەرە، رومەیثە فەرموودەیەکی گێراوەتەوەو دەڵێت: جاریک هێندە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نزیک بووم کە ئەگەر بمویستایە دەمتوانی نیشانەی نێوان دوو شانی ماچ بکەم، بیستم ئەو رۆژەی سەعدی کوری موعاذ وەفاتی کرد فەرمووی: عەرشی خوای گەورە بۆی لەریەوە.[2]

١٣٣٥. رومەیصاء(رضي الله عنها)

ئەم هاوەڵە ناوی رومەیصائە، جیایە لە رومەیصائی دایکی ئەنەس، جارێک هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای لە مێردەکەی کرد و وتی: مێردەکەم نایەتە لام، ئەوەبوو مێردەکەی هات، مێردەکەی وتی: ئەم ژنە راست ناکات، ئەم حەز دەکات بگەڕێتەوە بۆ لای مێردی پێشووی، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (لیس لك ذلك حتى يذوق عسيلتك رجل غيره)،[3] (ئەوەت

---

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصلاة - عدد ركعات الصلاة - عدد صلاة الضحى في الحضر، الرقم ٤٨٤.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(رضي الله عنهن) - حديث رميثة(رضي الله عنها)، الرقم ٢٧٤٣٥، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(رضي الله عنهم) - حديث عبيد الله بن العباس(رضي الله عنهما) عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٨٦٢، صححه شعيب الأرناؤوط.

بۆ نیە تا پیاوێکی تر جگە لە پیاوە کۆنەکەت تامی هەنگوینت نەکات)، واتە مەبەستی ئەوەبوو تا شوو نەکات بە پیاوێکی تر و سەرجێی لەگەڵ نەکات.

١٣٣٦. رومەیصائی کچی میلحان(﵅)

ناوی رومەیصائە، بە گێڕانەوەی تریش هاتووە ناوی غومەیصائە، کچی میلحانە، هاوسەری ئەبووطەلحەیە، دایکی ئەنەسە، بە ئومموسولەیم ناسراوە.[1]

زەید کە داوای ئومموسولەیمی کرد هێشتا موسڵمان نەبووبوو، ئومموسولەیم وتی: کەسی وەک تۆ هی ئەوە نیە جواب بکرێت، بەڵام من ئافرەتێکی موسڵمانم و تۆیش کەسێکی بێباوەڕیت و بۆ من حەڵاڵ نیە شوو بکەم بە تۆ، ئەگەر موسڵمان بیت ئەوە مارەییەکەشم دەبێت و داوای هیچ مارەییەکی ترت لێناکەم، ئەوەبوو زەید موسڵمان بوو،[2] زەید چوو بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ) کە لەناو هاوەڵانیدا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەبووطەلحە دێت بۆ لاتان و تارمایی ئیسلام بەنێوچاوانیەوەیەتی)، زەید هات و وتەکانی ئومموسولەیمی بۆ باسکرد و لەسەر ئەوە ئومموسولەیمی مارە کرد،[3] دوای ماوەیەک ئومموسولەیم سکی بوو و منداڵێکی بوو، زەید زۆر ئەو منداڵەی خۆشدەویست، بەڵام منداڵەکە نەخۆش کەوت، زەید زۆر زۆر خەفەتی بۆ دەخوارد، زەید بەیانی و ئێوارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، جارێک دوای ئێوارە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کەچی منداڵەکە وەفاتی کردبوو، ئومموسولەیم منداڵەکەی بۆنخۆش کرد و جوان شۆردی، کە زەید هاتەوە وتی: کوڕەکەم چۆنە؟ ئەویش وتی: باشەو لەو

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٦.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر وصف تزوج أبي طلحة أم سليم، الرقم ٧١٨٧.

[3] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الجنائز - جماع أبواب البكاء على الميت - باب الرغبة في أن يتعزى بما أمر الله تعالى به من الصبر والاسترجاع، الرقم ٧٢٣٠.

کاتەوەی نەخۆش بووە هیچ شەوێک هێندەی ئەمشەو هێور و ئارام نەبووە، زەیدیش سوپاسی خوای کرد و بەوە زۆر دڵخۆش بوو، نانی خوارد و ئوممووسولەیمیش بۆنی خۆشی دا لە خۆی و دەچوو بە دەوری زەیددا تا ئەوەی زەید لەگەڵی سەرجێی کرد، دوای هەموو ئەوانە ئینجا ئوممووسولەیم پێی وت: ئەگەر دراوسێکەت شتێکت بداتە لا و تۆیش سوودی لێ ببینیت و دواتر بیەوێت لێت وەربگرێتەوە تۆ چی دەکەیت؟ زەید وتی: وەڵا بۆی دەگێڕمەوە، ئوممووسولەیم وتی: لە ناخی دڵتەوە بۆی دەگێڕیتەوە؟ وتی: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئوممووسولەیم وتی: دەی خوای گەورە کوڕێکی دایە لات و تۆیش بەشی خۆت خۆشیت لێ بینی، دواتر منداڵەکەت کۆچی دوایی کرد، بۆیە خۆڕاگر بە و لای خوا چاوەڕێی پاداشت بە، زەیدیش بێتاقەت بوو، بەڵام خۆڕاگری نواند، بۆ بەیانی چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بە وردی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی: (خوا بەرەکەت بخاتە ئەمشەوتانەوە)، ئەوەبوو بەو سەرجێیە ئوممووسولەیم سکپڕ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە زەیدی فەرموو ئەگەر ئوممووسولەیم منداڵەکەی بوو بیهێنە بۆم، کە منداڵەکەی بوو زەید منداڵەکەی بە پارچە قوماشێک پێچایەوەو بردی بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) خورمایەکی هێنا بە لێوەکانیدا و خستیە دەمیەوەو منداڵەکەش دەیمژی، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا و نزای خێری بۆ کرد.[1]

زەید هاودەم بە خۆی ئوممووسولەیمیشی بردبوو بۆ غەزای ئوحود، لەو کاتەدا کە موسڵمانان برینداریان زۆربوو، عائیشەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) و ئوممووسولەیمی خێزانی زەید جلەکانیان کەمێک هەڵکردبوو و خێرا دەچوون بە کونەو گۆزە ئاویان دەبرد بۆ موسڵمانان و بە کۆڵ ئاویان دەبرد.[2]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(رضي الله عنه) - ذكر وصف تزوج أبي طلحة أم سليم، الرقم ٧١٨٧.
[2] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة النساء مع الرجال، الرقم ١٨١١.

زەیـد هـاودەم بـە ئومموسـولەیمی خێزانـی بەشـداری غـەزای حونەینیـش بـوو، ئەنـەس دەڵێـت: ئوممو‌سـولەیم لـەوێ خەنجەرێکـی بەدەسـتەوە بـوو، زەیـد چـوو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئوممو‌سـولەیم خەنجـەری پێیـە؟ پێغەمبـەر(ﷺ) بـە ئوممو‌سـولەیمی فەرمـوو ئـەو خەنجـەرە چیـە؟ ئەویـش وتـی: بۆ ئـەوەی هـەر بێباوەڕێـک لێم نزیـک بوویـەوە بـەم خەنجـەرە سـکی هەڵدڕم، پێغەمبەریـش(ﷺ) پێدەکەنـی.[1]

ئەنـەس دەڵێـت: جارێـک زەیـد هاتـەوە ماڵـەوەو بـە ئوممو‌سـولەیمی وت: دەنگـی پێغەمبـەری خـوام(ﷺ) بیسـت دەنگـی کـز بـوو، وا هەسـت دەکـەم برسـی بێـت، هیچمـان نیـە لـە ماڵـەوە؟ ئوممو‌سـولەیم وتـی: بـا، ئەوەبـوو برێـک گەنمـی دەرکـرد و نانـی پـێ دروسـت کـرد و بـە لەچکەکـەی نانەکـەی پێچایـەوەو خسـتیە ژێـر باڵـم و ناردمـی بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)، ئەنـەس دەڵێـت: چـووم دەبینـم پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مزگەوتـە و خەڵکـی لەگەڵـە، چـووم بـۆ لایـان، پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی فەرمـووم (ئـەرێ ئەبـوو طەلحـە تـۆی نـارد؟) وتـم: بەڵـێ، فەرمـووی: (خواردنـی پێـدا ناردویـت؟) وتـم: بەڵـێ، پێغەمبـەر(ﷺ) بەوانـەی دەوری فەرمـوو هەسـتن، خەڵکەکـە چـوون و منیـش چوومـەوە بـۆ لای زەیـد و هەواڵـم پێـدا، ئەویـش وتـی: ئـەی ئوممو‌سـولەیم وا پێغەمبـەر(ﷺ) دێـت و ئـەو خەڵکەش لەگـەڵ خـۆی دەهێنێـت و ئێمـەش هیچمـان نیـە دەرخواردیـان بدەیـن، ئوممو‌سـولەیم وتـی: خـوا و پێغەمبەرەکـەی زاناتـرن، زەیـد چـوو تـا گەیشـتە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)، دواتـر پێغەمبـەر(ﷺ) هـاودەم بـە زەیـد هاتـەوەو فەرمـووی: ئـادەی ئوممو‌سـولەیم چیـت لایـە بیهێنـە، ئەویـش نانەکـەی بـۆ برد، ئینجا ئوممو‌سولەیم لـە قاپێکدا خواردنێکـی هێنـا، پێغەمبـەر(ﷺ) هێندەی خـوا بیەوێـت فەرمایشـتی فەرمـوو و دواتـر فەرمـووی: دە کـەس مۆڵـەت بـدە بێنـە ژوورەوە، دە کـەس هاتنـە ژوورەوەو تێـران خـوارد و چوونـە دەرەوە،

[1] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب النساء الغازيات يرضخ لهن ولا يسهم والنهي عن قتل صبيان أهل الحرب، الرقم ١٨١٢.

دواتر فەرمووی: مونەتی دە کەسی تر بدە بینە ژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو تێریان خوارد و چوونە دەرەوە، بەوجۆرە هەموویان تێریان خوارد. کە هەموویان حەفتا یان هەشتا کەس دەبوون.[1]

هیوام

جارێك كابرایەك هات تا لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) بمێنێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ماڵەوە هیچی نەبوو، بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو رەحمەت لەو کەسەی میوانداری ئەم کابرایە دەکات، ئەبووطەلحە هەستاو وتی: من،[2] کابرای بردەوە ماڵەوە، بە ژنەکەی وت: رێزی میوانی پێغەمبەر(ﷺ) بگرە، ژنەکەی وتی: تەنها خواردنی منداڵەکانمان هەیە، زەید وتی: دەی خواردنەکە ئامادە بکەو چراکە بکوژێنەرەوەو منداڵەکان بخەوێنە، ئەویش نانەکەی ئامادە کرد و منداڵەکانی خەواند و چرو دەستکاری چراکەی کرد بەو بیانووەی چاکی دەکات و کوژاندیەوە، بەوجۆرە وایان لە میوانەکە تێگەیاند کە ئەوانیش نان دەخۆن، بۆ بەیانی کە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ضحك الله الليلة - أو عجب - من فعلكما)، (خوا ئەمشەو پێکەنی -یان خوا ئەمشەو سەرسام بوو- لە کردەوەی ئەو دوانەتان)، خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).[3]

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (دَخَلْتُ الْجَنَّةَ فَسَمِعْتُ خَشْفَةً، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: هَذِهِ الْغُمَيْصَاءُ بِنْتُ مِلْحَانَ أُمُّ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ) (چوومە بەهەشتەوەو خشەخشێکم بیست، وتم: ئەوە کێیە؟ وتیان: رومەیصائی کچی میلحانە دایکی ئەنەسی کوڕی مالیک).[4]

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٥٧٨؛ صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب جواز استتباعه غيره إلى دار من يثق برضاه بذلك، الرقم ٢٠٤٠.

[2] صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب إكرام الضيف وفضل إيثاره، الرقم ٢٠٥٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب قول الله ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة، الرقم ٣٧٩٨.

[4] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أم سليم أم أنس بن مالك وبلال(ﷺ)، الرقم ٢٤٥٦، صححه شعيب الأرناؤوط.

هەمان گێڕانەوە لە صەحیح موسلیمدا هاتووە بەڵام بە غومەیصاء ناوی هاتووە.[1]

ئەبووطەلحە کە ویستی حەج بکات، بڕیاری دا کوڕەکەشی لەگەڵ خۆی ببات، ئومموسولەیمی هاوسەری داوای لێکرد لەگەڵ خۆی ئەویش بەرێت، ئەویش پێی وت: هیچی پێ نیە هەتا حەجی پێ بکات، ئافرەتەکە وتی: دەی بە جوانەوشترەکەت بمبە، ئەویش وتی: ئەوە من و کوڕەکەت پێی دەڕۆین، وتی: دەی بە فلانە وشترەت کە هەتە، ئەویش وتی: ئەوە لە ڕێی خوادا دانراوەو ناتوانم بیبەم، ئافرەتەکە وتی: دەی فلانە بەشە خورمات بفرۆشە، وتی: ئەوەیان بژێوی ژیانی من و تۆیە، کە چوون بۆ حەج و هاتنەوە، دیاربوو ئەو ئافرەتە خەمی حەجەکەی لەدڵدا مابوو، هاوسەرەکەی نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێی وت: سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لێی بپرسە چ شتێک هاوتای حەجێکە لەگەڵ ئەودا؟ پیاوەکەی ڕۆیشت و بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە، ئەویش لە سەرسوڕمانیەوە بەرامبەر سووربوونی ئەو ئافرەتە لەسەر حەج پێکەنی و فەرمووی (أَقْرِئْهَا مِنِّي السَّلاَمَ وَرَحْمَةَ اللهِ ، وَأَخْبِرْهَا أَنَّهَا تَعْدِلُ حَجَّةً مَعِي عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ)[2] (لە منەوە سەلام و ڕەحمەتی خوای پێ بگەیەنەو هەواڵی پێ بدە کە عومرەیەک لە ڕەمەزاندا هاوتای حەجێکە لەگەڵ مندا).

بە دەقێکی تردا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ئافرەتە ئومموسولەیم بووە کە تیایدا هاتووە ئومموسولەیم چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای خۆی لەلا کرد کە نەیبردووە بۆ حەج، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی (يَا أُمَّ سُلَيْمٍ ، عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَعْدِلُ حَجَّةً)[3] (ئەی ئومموسولەیم، عومرەیەک لە ڕەمەزاندا هاوتای حەجێکە).

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أم سليم أم أنس بن مالك وبلال(ﷺ)، الرقم ٢٤٥٦.

[2] - صحيح ابن خزيمة - كتاب المناسک - جماع ذكر أبواب العمرة وشرائعها وسننها وفضائلها - باب فضل العمرة في رمضان، الرقم ٣٠٧٧.

[3] - صحيح ابن حبان - كتاب الحج - باب فضل الحج والعمرة - ذكر البيان بأن العمرة في رمضان تقوم مقام حجة لمعتمرها، الرقم ٣٦٩٩.

هەمان حاڵەت بۆ ئومموسینانیش روویدا کە داوای لە پیاوەکەی کرد بیبات بۆ حەج و بۆی نەگونجا، دواتر لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) رێنمایی وەرگرت عومرەیەک لە رەمەزاندا هاوتای حەجێکە.[1]

١٣٣٧. ریاحی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی ریاحی کوڕی حارثی تەمیمیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و یەکێکە لە ئەندامانی وەفدی بەنی تەمیم کە هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[2]

١٣٣٨. ریعیەی سوحەیمی(رضي الله عنه)

ناوی ریعیەی سوحەیمیە، چوویە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش نامەیەکی بۆ نووسی.

ریعیە کە چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی، ریعیەش نامەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) برد و کونێکی سەتڵەکەی پێ گرت، پاش ماوەیەک پێغەمبەر(ﷺ) سریەیەکی نارد و سریەکە ژن و منداڵ و کەلوپەلی ریعیەیان برد، ریعیە بە بێ جل و بە رووتی بەسەر ئەسپەکەیەوە هات و هات بۆ لای کچەکەی کە شووی کردبوو بە کوڕێکی بەنی هیلال، ئەوان پێشتر موسڵمان بووبوون و ئەو ئافرەتەش لەگەڵیان موسڵمان بووبوو، کە چوو بۆ لای کچەکەی بینی لە سووچی ماڵەکەیەوە دانیشتووە، کە کچەکەی باوکی بینی خێرا جلێکی دا بە سەریدا و وتی: چیتە؟ ئەویش وتی: هەرچی خراپ بێت ئەوەمە، هیچیان بۆ نەهێشتوومەتەوە، ریعیە وتی: ئەی پیاوەکەت کوا؟ وتی: لەناو رانە وشترەکاندایە، خێرا چوو

[1] - صحيح البخاري - باب جزاء الصيد ونحوه - باب حج النساء، الرقم ١٨٦٣؛ صحيح مسلم - كتاب الحج - باب فضل العمرة في رمضان، الرقم ١٢٥٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٠٢.

و هەواڵی پێدا، هەرچەند ویستی شمەک بدات بە ڕیعیە بەڵام ئەو وتی: تەنها کونەیەک ئاو و برێ خواردنی ڕێبوارم دەوێ، تا بچمە لای موحەممەد تا ماڵ و سامان و ژن و منداڵەکەی دابەش نەکردووم، ئەوەبوو کەوتەڕێ و جلێکی لەبەردا بوو کە ئەگەر سەری داپۆشیایە قنگی دەردەکەوت، و ئەگەریش خوارووی داپۆشیایە سەری دەردەکەوت، چوو تا بە شەو گەیشتە مەدینە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی کرد ڕیعیە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێ بدەم، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی کردەوە، کە ڕیعیە دەستی برد پێغەمبەر(ﷺ) دەستی قوچی، ڕیعیە وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێ بدەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ کێیت؟ وتی: من ڕیعیەی سوحەیمیم، پێغەمبەر(ﷺ) بزەکی گرت و بەرزی کردەوەو فەرمووی: ئەی خەڵکینە ئەمە ئەو ڕیعیەیە کە من نامەم بۆ نووسی و ئەویش بە نامەکەم کونی سەتڵەکەی گرت، پاشان ڕیعیە وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ژن و منداڵ و سامانەکەم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سامانەکەت لەنێو موسڵماناندا دابەش کرا، بەڵام بۆ ژن و منداڵەکانت برۆ بزانە کامیانت دەست دەکەوێتەوە) ڕیعیەش چوو سەیری کرد کوڕێکی لە لایەکەوە وەستاوە، چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەوە منداڵی منە، پێغەمبەر(ﷺ) بیلالی لەگەڵ نارد و فەرمووی: لەگەڵی برۆ و پرسیاری لێ بکە ئایا ئەوە باوکتە؟ ئەگەر وتی: بەڵێ ئەوە بیدەرەوە پێی، بیلال چوو و پرسیاری لێکرد ئایا ئەوە باوکتە؟ منداڵەکەش وتی: بەڵێ، بۆیە منداڵەکەی دایەوە بە ڕیعیە، ئینجا بیلال چوویەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: بەخوا نەمدی هیچکامیان هاوسۆزی بنوێنن بۆ ئەوی تریان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ذلك جفاء الأعراب)،[1] (ئەوە جەفا و هەڵسوکەوتی عەرەبییە). لە گێڕانەوەکەی ئەحمەددا هاتووە(ئەوە جەفای ئەعرابییەکانە).

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - حديث رعية(رضي الله عنه)، الرقم ٢٢٩٠٢، قال شعيب الأرناؤوط رجاله ثقات رجال الشيخين لكنه منقطع.

١٣٢٩. ڕیفاعەی قورەظی(ﷺ)

ناوی ڕیفاعەی کوڕی سموئالی قورەظیە، بەسەرهاتی لە فەرموودەیەکدا هاتووە.[١]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: ژنەکەی ڕیفاعەی قورەظی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕیفاعە منی تەڵاق داوە، تەلاقەکەشی وایە کە گەڕانەوەی تێدا نیە، دوای ئەوە من شووم کردووە بە عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر، بەڵام ئەوەی چێژ و خۆشی بێت لەم پیاوە نابینم،[٢] پێغەمبەریش(ﷺ) کە قسەکانی ئەو ژنەی بیست زەردەخەنەیەکی کرد،[٣] پاشان فەرمووی: (لعلك تريدين ترجعي إلى رفاعة؟ لا حتى يذوق عسيلتك وتذوقي عسيلته)،[٤] (لەوانەیە مەبەستت ئەوە بێت بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ڕیفاعە، نا شتی وانیە تا ئەوەی دەبێت تۆ و عەبدوڕەحمان تامی هەنگوینی یەکدی بکەن-واتە تا جیماع لەنێوانتاندا ڕوودەدات-)، لەو کاتەدا ئەبووبەکریش لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو و خالیدی کوڕی سەعیدیش لەبەردەرگا بوو چاوەڕێ بوو مۆڵەتی پێ بدرێت بچێتە ژوورەوە، خالید هاواری کرد ئەی ئەبووبەکر گوێت لەو ژنە نیە لای پێغەمبەر(ﷺ) چی باس دەکات؟![٥]

ئەم فەرموودەیە مەسەلەیەکی زۆر وردی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی باس کردووە کە ئەویش گەڕانەوەی پاش تەلاقە، چونکە نەریتێکی ناشیرین و دزێو لە کۆمەڵگەدا هەیە کە بریتیە لە مارەبەجاش، ئەویش ئەوەیە کە بیانەوێت ئافرەتێک بگێڕنەوە بۆ پیاوێک کە تەلاقی تەواوەتی داوە، دەچن مارەی دەکەن لە کەسێک تا ئەوەندەی مارەی دەکات و پێی تەڵاق دەدەنەوە بۆ ئەوەی ئیتر مارەی بکەنەوە

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩١.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الطلاق - باب من أجاز طلاق الثلاث، الرقم ٥٢٦٠..

[٣] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب لا تحل المطلقة ثلاثا لمطلقها حتى تنكح زوجا غيره، الرقم ١٤٣٣.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الطلاق - باب من أجاز طلاق الثلاث، الرقم ٥٢٦٠.

[٥] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب لا تحل المطلقة ثلاثا لمطلقها حتى تنكح زوجا غيره، الرقم ١٤٣٣.

لە کەسی پێشوو، ئەمەش نارەوا و حەرامە، وەک لە فەرموودەکەشدا هاتووە تا جیماع لەنێوان ئەو ژن و مێردە نوێیەدا نەبێت دروست نیە ئەو ئافرەتە تەڵاق وەربگرێت، هەروەها نابێت ئەو ئافرەتە بە مەبەستی تەڵاق وەرگرتنەوە ئەو شووە بکات یان پیاوەکە بەو نیازە مارەی بکات، ئەوەش رای هەرە زۆرینەی زانایانە، تەنها بە نموونە چەند رایەکی دەگمەن هەن لەو بوارەوە وەک رایەکی سەعیدی کوڕی موسەیب هەیە کە دەڵێت: ئەگەر پیاوی دووەم ئەو ئافرەتەی بە شێوەیەکی دروست و بێ فێڵ مارە کرد و مەبەستی بەو مارەکردنە حەڵاڵ کردنەوەی ئەو ژنە نەبێت بۆ هاوسەرگیری لە پیاوی یەکەم (مارەبەجاش) ئەوە کێشە نابێت کە –پێش چوونەلای ئافرەتەکە- ئافرەتەکە تەڵاق وەربگرێت و پیاوی یەکەم بەهاوسەری بگرێتەوە.[1]

ئەم مەسەلەیە لێرەدا بە دووروودرێژی باس ناکرێت و پێویستە خوێنەر بە وردی لە کتێبەکانی فیقهدا ئەو بابەتە رووماڵ بکات تا وردەکاری را جیاوازەکان وەربگرێت و رای دروست لەو بارەیەوە بەدەست بخات.

مەسەلەیەکی تر لەم بوارەدا کە بە پەندو وانە دەگیرێت بریتیە لە کراوەیی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ کێشەکاندا کە چۆن هەم کێشەکەی بە ئاسایی گرتووە ئافرەتێک ئەوەی لا باس بکات و بە روونی و بە تەواوی رێزیشەوە چارەسەری کۆتایی پێ دەڵێت:، هەم ئەوەی لای هاوەڵێکی وەک خالید سەخت بووە لای پێغەمبەر(ﷺ) ئاسایی بووە، خۆ دەکرا پێغەمبەر(ﷺ) یەکێک لە خێزانەکانی رابسپێرێت تا هەر ئافرەتێک کێشەیەکی هەبوو بڕوات ئەو خێزانەی تێبگەیەنێت و ئەویش بیگەیەنێت بە پێغەمبەر(ﷺ) و دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەتوای بۆ بدایە، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بە باشتر زانیوە راستەوخۆ ئافرەتەکان بێن کێشەکانیان بخەنەڕوو تا ئەگەر مەسەلەکان پەیوەست بن بەو بابەتانەوە کە جۆرێک لە شەرمی تەواوەتییان تێدایە وەک کێشە جنسیەکانیش، هاوکات بە تەواوی شەرم و بێ بەزاندنی سنوور وەڵامی تەواویشی بەخشیوە پێیان.

[1] فتح الباري، ج٩، ص ٤٦٧.

١٣٣٠. ريفاعەی كچی ثابت(ﷺ)

ناوی ریفاعەی کچی ثابتی کوڕی فاکیهە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٣٣١. ریفاعەی کوڕی رافیع(ﷺ)

ناوی ریفاعەی کوڕی رافیعی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە زروقیەکان، کونیەکەی ئەبوو موعاذە، دایکی ناوی ئوممومالیکی کچی ئوبەی کوڕی سەلوولە.[٢]

ریفاعە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، هاودەم بە باوکی لە بەیعەتی عەقەبە و بەدریشدا بەشداری کرد، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[٣]

ریفاعە ژنێکی هەبوو بە ناوی ئوم عەبدورەحمان کە لەم ژنەی کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدورەحمان، کوڕێکی تری هەبوو لە ئوم وەلەدێک کە ناوی کوڕەکەی عوبەید بوو، کوڕێکی تری ناوی موعاذ بوو کە دایکی ناوی سەلما بوو، هەریەک لە عوبەیدوڵا و نوعمان و رەملە و بوثەینەو ئوم سەعد کە منداڵی بوون لە ژنێکی بوون بە ناوی ئوم عەبدوڵای کچی فاکیە، ئوم سەعدی صوغراشی لە ئوم وەلەدێک بوو.[٤]

ریفاعە برایەکی هەبوو بە ناوی خەللاد، برایەکی تری ناوی مالیک بوو، هەریەک لە خەللاد و ریفاعە لە غەزای بەدردا بەشدار بوون.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٩.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٦.

[٥] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٣، ص ٦٦٠.

بە پێی گێڕانەوەیەک کە هاتووە ریفاعەی کوڕی رافیع لە عەقەبە بەشدار نەبوو بەڵام لە بەدردا بەشداربوو، ئیتر ریفاعە دەیوت لەبری بەشدار نەبوونم لە عەقەبە بە بەشداربوونم لە بەدر قەرەبووم کردەوە.(١)

بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت: لە هەریەک لە عەقەبە و بەدریشدا بەشدار بووە.(٢)

ریفاعە دەڵێت: لە رافیعی باوکمم بیست دەیگێڕایەوە جبریل (علیه السلام) هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێی فەرموو (بەشداربوانی بەدر لەنێوتاندا چۆن سەیر ئەکەن؟)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لە بە فەزلترینی موسڵمانانن) یان شتێکی لەو چەشنە، جبریلیش فەرمووی: (بۆ فریشتە بەشداربووەکانی بەدریش هەر وایە).(٣)

ریفاعە دەڵێت: رۆژێک لە دوای پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نوێژمان دەکرد کە لە رکوع هەستایەوە فەرمووی: سمع الله لمن حمده، کابرایەک لە دواوە وتی: (ربنا و لك الحمد حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه) کە لە نوێژ تەواو بووین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ بوو ئەوەی وت، کابرا وتی: من بووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

هەمدی هاتەوەو سەلامی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش وەڵامی دایەوەو هەمان شتی پێ فەرموو، کابرا دووبارە چوویەوە، چەند جارێک ئەوە روویدا، خەڵکی ترسان و مەسەلەکەیان لا سەخت بوو و وایانزانی هەرکەس نوێژەکەی کورت بێت نوێژەکەی دروست نەبێت، دواجار کابرا وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژم فێر بکە چونکە منیش مرۆڤێکم و راست و هەڵەشم هەیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ، کە هەستایت بۆ نوێژ دەست نوێژ بگرە وەک ئەوەی خوا فەرمانی پێکردویت، دواتر شایەتومان بهێنە، دواتر هەستەو الله اکبر بکە، ئەگەر قورئانت لەبەر بوو بیخوێنە، ئەگەرنا ستایشی خوا بکەو الله اکبر و لا الە الا الله بڵێ، دواتر بچەمێرەوەو تیایدا ئارام بگرە، دواتر رێک راست بەرەوە، دواتر بە رێکی سوجدە بەرە، دواتر دابنیشەو تیایدا ئارام بگرە، دواتر هەستە، ئەگەر ئەوەت کرد ئەوە نوێژەکەت دروستە، ئەگەر شتێک لەوەت کەم کرد ئەوە نوێژەکەت کەموکورتی تێدایە).[1]

ریفاعە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لە جەنگی جەمەل و صفینیشدا بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی چل و یەک یان چل و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

١٣٣٢. ریفاعەی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی ریفاعەی کوڕی زەیدی کوڕی عمرە، لە پشتیوانانە، مامی قەتادەی کوڕی نوعمانە.[3]

قەتادەی کوڕی نوعمان دەڵێت: ماڵێک هەبوون ناسرابوون بە بەنو ئوبەیرق، بەنی ئوبەیرق بریتی بوون لە بیشر و بەشیر و موبەشیر، بەشیر کەسێکی دووڕوو بوو و شیعری دژ بە هاوەڵان دەوت و دواتر

[1] جامع الترمذي - أبواب الصلاة عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في وصف الصلاة، الرقم ٣٠٢ وقال حديپ حسن، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٩.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٠.

شیعرەکەی دەدایەوە پاڵ کەسێکی تر، زۆر دەسترۆیش نەبوون و هەژار بوون،...رەفاعەی کوڕی زەید کە مامی قەتادە بوو لە کاروانێکی شام بڕێ خواردنی کڕی و لەناو گۆزەیەکدا داینا و بڕێ چەکیشی لەگەڵدا بوو، شەو خواردن و چەکەکان برابوون، بۆ بەیانی رفاعە هات و و وتی: برازاکەم ئەمشەو شتەکانمان براون، دوای پرسیارکردن وتیان: بینیمان ئەمشەو بەنی ئوبەیرق ئاگریان کردبوویەوەو وادەزانین خواردنەکەی ئێوەیان بردبوو، بەنوئوبەیرق وتیان: بەخوا ئێمە لوبەیدی کوڕی سەهل شک ئەبەین کە پیاوچاک و ئیماندار بێت، با مەسەلەکە ببەینەوە لای ئەو، چونکە گومان بەو نابرێت، لوبەید کە ئەوەی بیست شمشێری هەڵکردو وتی: من دزی بکەم؟ بەخوا دەبێت ئەو دزە دەربکەوێت یان ئەم شمشێرە خوێنتان تێکەڵ دەکات، ئەوانیش بێباکی خۆیان نیشان دا، دواتر رفاعە بە قەتادەی وت: برازا بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش چوو و بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە کە دزی لە رەفاعەی مامی کراوە، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا گوێمان لە خواردنەکە نیە، بەڵام با چەکەکانمان بۆ بگێڕنەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: فەرمان دەکەم بەوە، کاتێ بەنو ئوبەیرق ئەوەیان بیست چوون بۆ لای کەسێک کە ناسرابوو بە ئوسەیدی کوڕی عوروە (ئوسەیری کوڕی عوروە)، لەوبارەیەوە قسەیان لەگەڵ کرد و چەند کەسێ لەسەر ئەوە رێککەوتن و چوون بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا قەتادە و رفاعەی مامی کەسێکی ئێمەیان تۆمەتبار کردووە کە پیاوچاک و باوەڕدارە و بێ بەڵگە تۆمەتی دزی دەدەنە پاڵ، قەتادە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و ئەویش پێی فەرموو رووت کردوەتە کەسانێک کە باسی چاکەو باوەڕدارییان دەکرێت، تۆمەتی دزییان دەدەیتە پاڵ بێ هیچ بەڵگەیەک، قەتادە گەڕایەوەو وتی: خۆزگە بڕێ لە سامانم بفەوتایە بەڵام لای پێغەمبەر(ﷺ) قسەم نەکردایە، رەفاعەی مامی هات و وتی: برازا چیت

کرد، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، رفاعە وتی: خواپشت و پەنایە، ئەوەبوو هێندەی نەبرد ئایەت دابەزی (إنا أنزلنا إلیک الکتاب بالحق لتحکم بين الناس بما أراک الله ولا تكن للخائنين خصيما....)، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) چەکەکەی لەوانە سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ رفاعە.[1]

١٣٣٣. ریفاعەی کوڕی زەیدی جوذامی(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی زەیدی جوذامیە، لە کاتی رێککەوتنی حودەیبیەدا و پێش فەتحی خەیبەر هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەشی زۆر بە چاکی بوو.[2]

ریفاعە خزمەتکارێکیشی پێشکەشی پێغەمبەر(ﷺ) کرد، کۆیلەیەکی رەش بوو کە پێی دەوترا میدعەم، ئەو جڵەوی وڵاخەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەگرت، لە سەروبەندی غەزای خەیبەردا کە گەیشتنە وادیلقورا و گەیشتنە لای جوولەکە، میدعەم بارو شمەکەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت،[3] لەو کاتەدا تیرێکی وێڵ هات و میدعەمی کوشت، هەموان وتیان: خۆزگە بە خۆی بەهەشتی بەدەست هێنا، کەچی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نەخێر سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئێستا بەرگەکەی بەری لە دۆزەخدا پێوەیەوە دەسووتێت چونکە لە دەستکەوتی موسڵمانان لە رۆژی خەیبەردا ناپاکی نواند.[4]

کاتێک ریفاعە موسڵمان بوو مۆڵەتی لە پێغەمبەر(ﷺ) وەرگرت و چەند رۆژێک لە مەدینە مایەوە تا فێری قورئان خوێندن بێت، دواتر داوای کرد

---

[1] جامع الترمذي - أبواب تفسير القرآن عن رسول الله(ﷺ) - باب ومن سورة النساء، الرقم ٣٣٢٣؛ المستدرک علی الصحيحين - کتاب الحدود - حكاية سرقة متاع رفاعة سرقه بنو أبيرق، الرقم ٨٢٥٦، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٠.

[3] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٦١٦.

[4] المستدرک علی الصحيحين - کتاب المغازي والسرايا - تنفل رسول الله(ﷺ) سيفه ذا الفقار يوم بدر، الرقم ٤٣٧٢، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

لە پێغەمبەر(ﷺ) تا نامەیەکی بۆ بنووسێت بۆ هۆزەکەی تا بانگیان بکات بۆ ئیسلام،[1] پێغەمبەری خوایش(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسی کە تیایدا هاتبوو:

(بسم الله الرحمن الرحيم هذا كتاب من محمد رسول الله لرفاعة بن زيد إني بعثته إلى قومه عامة ومن دخل فيهم يدعوهم إلى الله وإلى رسوله فمن أقبل ففي حزب الله ومن أدبر فله أمان شهرين)[2]

(بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە نامەیەکە لە موحەممەدی پێغەمبەی خواوە(ﷺ) بۆ ریفاعەی کوڕی زەید، من ئەوم ناردووە بۆ هەموو هۆزەکەی و ئەوانەی لەناویاندان، تا بانگیان بکات بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی، جا هەرکەس هات بەدەم بانگەوازەکەوە ئەوە لە حیزب و دەستەی خوادایە، هەرکەسیش پشتی کردە بانگەوازەکە ئەوە پەنای دوو مانگی هەیە).

ئەوەبوو ریفاعە گەڕایەوە ناو هۆزەکەی خۆی و هاودەم بە خۆی نامەکەی هەڵگرت و کەوتە بانگەواز کردن لە ناو هۆزەکەیدا تا بەرەو ئیسلام بانگهێشتیان بکات، هۆزەکەشی خێرا هاتن بە دەم بانگەوازەکەیەوەو موسڵمان بوون، پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی کوڕی حارثەی ناردبوو بۆ ناوچەکەی ئەوان، کەچی زەید کەوتبوویە کوشتنی پیاوانیان و بەدیل گرتنی ژن و منداڵیان، بۆیە ریفاعە هاودەم بە ئەندامانی هۆزەکەی کە چەند کەسێک بوون هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و نامەکەی پێغەمبەری خوایشی(ﷺ) پێ بوو، ئینجا نامەکەی خوێندەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵی پێدا کە زەید چی کردووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی چی بکەم بۆ کوژراوەکان؟ ئەبوویەزید کە ئەندامێکی وەفدەکە بوو وتی: ئەوانەی زیندوو ماون ئازادیان بکەو هەرکامیشیان مردووە ئێمە دەستبەردای دەبین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەبوویەزید راست دەکات، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نارد بۆ لای زەید و ئەویش ئەوەی دیل بوو ئازادی کرد و چییان برابوو بۆی گێڕانەوە.[3]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤٣٥.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٧١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤٣٥.

١٣٣٤. ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیری کوڕی ریفاعەی کوڕی زەنبەرە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، برایەکی هەبوو بە ناوی ئەبوولوبابە کە هاوەڵێکی ناسراوە، برایەکی تریشی هەبوو بە ناوی موبەشیر، هەرچەندە رایەک دەڵێت: ریفاعە ناوی لوبابە بووە، بەڵام راستتر ئەوەیە کە ریفاعە برای بووە.[١]

دایکی ریفاعە ناوی نوسەیبەی کچی زەیدە.[٢]

ریفاعە پێشوازیەکی گەرمی کۆچەرانی دەکرد، هەریەک لە عومەری کوڕی خەططاب و زەیدی برایشی کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە لای ریفاعە دابەزین و لەوێ مانەوە،[٣] هەروەها عەمر و عەبدوڵای کوڕانی سوراقە لە کاتی کۆچکردنیان بۆ مەدینە لە قوبائدا لەلای ریفاعە لایاندا و بڕێک لای ئەو مانەوە،[٤] هاوکات کاتێک سەعیدی کوڕی زەید کۆچی کرد بۆ مەدینە لای ریفاعە دابەزی و ماوەیەک لەوێ مایەوە،[٥] هەوەها هەریەک لە عاقل و خالید و عامر و ئیاسی کوڕانی ئەبولبکیر هاودەم بە ژنەکانیان کە کۆچیان کرد لای ریفاعە دابەزین و لەوێ مانەوە،[٦] واقیدی کوڕی عەبدوڵاش کە کۆچی کرد لای ریفاعە دابەزی و لەوێ مایەوە،[٧] خونەیسی کوڕی حوذافەش لە کاتی کۆچکردنیدا لای ریفاعە دابەزی و لەوێ مایەوە،[٨] حاطیبی کوڕی عەمریش بە هەمان شێوە.[٩]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٢.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٥٦.
[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٧٣.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٥.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٢.
[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٨.
[٧] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٩٠.
[٨] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٩٢.
[٩] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٥.

ریفاعـە یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی عەقەبـە، دواتریـش هـاودەم بـە دوو براکەی تری خۆیان ئامادە کرد بۆ غەزای بەدر، ئەوەبوو ئەبوولوبابە بـە فەرمانـی پێغەمبـەر(ﷺ) بەشـداری نەکـرد و گەڕایـەوە، بـەڵام هەریـەک لـە موبەشـیر و ریفاعـە تیایـدا بەشـدارییان کـرد، موبەشـیر لـە جەنگەکەدا شـەهید بـوو و ریفاعـە بـە سـەلامەتی مایـەوە.

ئیبـن سـەعد دەڵێـت: رافیـع لـە غـەزای ئوحـوددا بەشـداری کـرد و تیایـدا شـەهید بـوو،[1] رایەکـی تـر دەڵێـت: ریفاعـە لـە غـەزای خەیبـەردا شـەهید بـوو.[2]

١٣٣٥. ریفاعەی کوڕی عەمر(ﷺ)

نـاوی ریفاعـەی کـوڕی عەمـری کـوڕی زەیـدی کـوڕی عەمـرە، لـە پشـتیوانانە لـە خەزرەجیـەکان، کونیەکـەی ئەبولوەلیدە.[3]

دایکی ناوی ئوممووریفاعەی کوڕی قەیسە.[4]

ریفاعـە یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی عەقەبـە، هەروەهـا لـە غـەزای بـەدر و ئوحودیشـدا بەشـدار بـوو و لـە ئوحـوددا شـەهید بـوو.[5]

١٣٣٦. ریفاعەی کوڕی عەمری کوڕی نەوفەل(ﷺ)

نـاوی ریفاعـەی کـوڕی عەمـری کـوڕی نەوفەلـی کـوڕی عەبدوڵایـە، لـە پشـتیوانانە، لـە غـەزای بـەدر و ئوحـوددا بەشـدار بـوو و لـە ئوحـوددا شـەهید بـوو.[6]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٥٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٣.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٤٤.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٤٤.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٤.

١٣٣٧. ریفاعەی کوڕی عورابە(ﷺ)

ناوی ریفاعەی کوڕی عورابەی جوهەنیە، ریفاعە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەوە دەرچووین، خەڵکانێ هاتبوون لای پێغەمبەر(ﷺ) داوای مۆڵەتیان دەکرد، ئەویش مۆڵەتی دەدا پێیان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئەوە چیە لای ئەو درەختەی پاڵ پێغەمبەر(ﷺ) لاتان بێزراوترە لەو لایەی تری؟) ئیتر خەڵکەکە هەموو دەستیان کرد بە گریان، ئەبووبەکر هەستا و وتی: ئەوەی لەم ساتەوە بەدوا داوای مۆڵەتت لێ بکات من بە گەمژە تەماشای دەکەم، پێغەمبەریش(ﷺ) هەستا و پاش سوپاس و ستایشی خوای گەورە فەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، أَشْهَدُ عِنْدَ اللهِ مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يُؤْمِنُ بِاللهِ ثُمَّ يسَدِّدُ إِلاَّ سُلِكَ بِهِ فِي الجَنَّةِ، وَلَقَدْ وَعَدَنِي رَبِّي أَنْ يُدْخِلَ مِنْ أُمَّتِي الجَنَّةَ سَبْعِينَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلاَ عَذَابٍ..)، (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە لای خوا شایەتی دەدەم هەرکام لە ئێوە باوەڕ بە خوا بهێنێت و دواتر رێک ڕێ بگرێتەبەر ئەوە بەرەو بەهەشتی دەبات، پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەم بەبێ حیساب و سزادان بخاتە بەهەشتەوە..)، پاشان فەرمووی: (إِذَا مَضَى شَطْرُ اللَّيْلِ أَوْ ثُلُثَاهُ، يَنْزِلُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى إِلَى السَّمَاءِ الدُّنيَا فَيَقُولُ : لاَ أَسْأَلُ عَنْ عِبَادِي غَيْرِي، مَنْ ذَا الَّذِي يسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، مَنْ ذَا الَّذِي يسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ، مَنْ ذَا الَّذِي يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ، حَتَّى ينْفَجِرَ الصُّبْحُ)،[1] (کاتێک نیوە یان دوو لە سێ بەشی شەو چوو، خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دنیا و دەفەرموێت: بەندەکانم جگە لە من داوا لە کەس نەکەن، هەرکەس داواکاری هەیە لێم با پێی ببەخشم، هەرکەس داوای لێخۆشبوونم لێ دەکات با لێی خۆش بم، کێ نزای هەیە لێم با نزاکەی وەڵام بدەمەوە، ئەمە بەردەوام دەبێت تا بەری بەیان دێت).

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين - حديث رفاعة بن عرابة الجهني(ﷺ)، الرقم ١٦٤٦٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب الإيمان - باب فرض الإيمان - ذكر كتبة الله جل وعلا الجنة وإيجابها لمن آمن به ثم سدد بعد ذلك، الرقم ٢١٢، صححه شعيب الأرناؤوط.

١٣٣٨. ریفاعەی کوڕی مەسرووح(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی مەسرووحی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[١]

١٣٣٩. ریفاعەی کوڕی موبەشیر(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی موبەشیرە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[٢]

١٣٤٠. ریفاعەی کوڕی وەقش(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی وەقشی کوڕی زەغبەیە، لە پشتیوانانە، ریفاعە برایەکی هەبوو بە ناوی ثابت کە هاودەم بە یەکدی بەشداری غەزای ئوحود بوون، جا هەردووکیان لە غەزای ئوحوددا شەهید بوون، ریفاعە بە دەستی خالیدی کوڕی وەلید شەهید بوو.[٣]

١٣٤١. ریفاعەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی ریفاعەی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[٤]

١٣٤٢. ریئابی کوڕی حونەیف(رضي الله عنه)

ناوی ریئابی کوڕی حونەیفی کوڕی ریئابە، لە پشتیوانانە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٩٤.
[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٧٧.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٨٩.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٠٢.

حونەیفی باوکیشی یەکێک بوو لە هاوەڵان و لە غەزای ئوحودو غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[1]

ریئاب یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزاکاندا بەشدار بوو و لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[2]

١٣٤٣. ریئابی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی ریئابی کوڕی عەمری کوڕی عەوفە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[3]

⌘ ⌘ ⌘

(١) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ١٣٩.
(٢) أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨٨.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٠٢.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ز)
دەست پێ دەکات

١٣٤٤. زارعی کوڕی عامر(ﷺ)

ناوی زارعی کوڕی عامر یان عەمری عەبدیە، وەک ئەندامێکی وەفد لەگەڵ ئەشەججی عەصری هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[١]

١٣٤٥. زاهیری کوڕی حەڕام(ﷺ)

ناوی زاهیری کوڕی حەڕامی ئەشجەعیە، بۆچونێ دەڵێت: لە غەزای بەدردا بەشدار بووە، بەڵام راکە پشت ڕاست نیە.[٢]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: پیاوێکی لادێکانی دەوروبەری مەدینە کە پێی دەوترا زاهیری کوڕی حەرام دیاری بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەهێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) کە بیویستایە بچێتە دەرەوە ئامادەکاری بۆ دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (إن زاهر بادينا و نحن حاضروه)، (زاهیر کاری دەرەوەی شاری ئێمە دەکات و ئێمەش کاری ناوشاری دەکەین)، جارێ پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای زاهیر، لەو کاتەدا زاهیر شمەکەکانی دەفرۆشت، پێغەمبەر(ﷺ) لە پشتەوە دەستی لە مل کرد و چاوەکانی گرت، زاهیر وتی: بەرمبدە، ئەوە کێیە؟ لایکردەوە، کە زانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) پشتی خۆی دەنووسان بە سنگی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو:(کێ ئەم کۆیلەیە دەکڕێت؟) زاهیریش دەیوت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە بە کەمنرخم دادەنێیت؟ پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو:(بەڵام تۆ لای خوا کەمنرخ نیت)، یان دەیفەرموو: (بەڵکو تۆ لای خوا گرانبەهایت).[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٤٦.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٤٦.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٨٤٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب الحظر

زاهیر کابرایەک بوو باڵای کورت و شێوەی جوان نەبوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ئەوی خۆشدەویست.[1]

پەندو وانە

ئەمە لە لایەکەوە نیشانەو ئاماژەیەکی روونی خاکی بوونی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کاتێک دەبینین سەرۆکی دەوڵەتێکەو پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کەچی لەگەڵ هاوڵاتیەکی سادەدا گاڵتەو بزەبەخشی هەیە، ئەمە سەرمەشقێکی گەورەیە بۆ ئەوانەی کە جۆرێک لە پۆستی سیاسی یان ماددی یان کۆمەڵایەتییان هەیەو خۆیان لە ژیانی ئاسایی خەڵک و تێکەڵی کردنیان دوور گرتووە.

پێغەمبەر(ﷺ) رەچاوی حاڵی تایبەت و سادەیی ژیانی گوند و کەنار لە شاری کردووەو بە هەمان شێوەی ئەوان هەڵسوکەوتی نواندووە، هەڵسوکەوتێکی سادە، بەڵام بەخشینی سۆزێکی گەورە.

شێوەو روخسار بنەما نیە بۆ ئاستی مرۆڤەکان لای خوا وبەندەکانیشی، ئەوەتا زاهیر هەم باڵای کورت بووەو هەم شێوەشی ناشیرین بووە، کەچی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر زۆر خۆشی دەویت و راشکاوانەش رایدەگەیەنێت کە زاهیر لای خوای گەورە زۆر گرانبەها و بەبەهایە.

بزەبەخشی و کەیف و رووخۆشیەک کە سنووربەزێنی تێدا نەبێت نەک تەنها ئەوەی تاوان و گوناە نیە، بەڵکو سوننەتی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) وەک بزەبەخشیەک ئەمەی لەگەڵ هاوەڵێکی خۆیدا کرد، لە گەرمەی سەرقاڵی ئابووری زاهیردا، لەناو جەرگەی بازاڕدا، کاتێک خەڵکی لە دەوری ئەودان و قەرەباڵغیە، پێغەمبەر(ﷺ) لەو کاتەدا لە پشتەوە بە دەستە پیرۆزەکانی چاوەکانی دەگرێت و بەو خەڵکەش دەفەرمویت: کێ ئەم بەندەیە دەکڕێت؟

والإباحة - باب المزاح والضحك - ذكر الإباحة للمرء أن يمزح مع أخيه المسلم بما لا يحرمه الكتاب والسنة، الرقم ٥٧٩٠، صححه شعيب الأرناؤوط.

[1] جامع معمر بن راشد، الرقم ٢٨٦.

١٣٤٦. زاهیری کوڕی ئەسوەد(ﷺ)

ناوی زاهیری کوڕی ئەسوەدی کوڕی حەجاجە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان،[١] دواتریش لە غەزای خەیبەردا بەشدار بوو.[٢]

دواتر لە کووفە نیشتەجێ بووە، لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا ژیاوە.[٣]

زاهیر کوڕێکی هەبوو بە ناوی مەجزەئە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٤]

١٣٤٧. زەمعەی کوڕی ئەسوەد(ﷺ)

ناوی زەمعەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی عامیری قوڕەیشیە، بەڵگەی هاوەڵبوونی ئەوەیە کە لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا ئاڵای سوپای بەدەستەوە بووە.[٥]

١٣٤٨. زەمعەی کوڕی ئوبەی(ﷺ)

ناوی زەمعەی کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەفە، باوکی لە جەنگدا بە بێباوەڕی کوژرا، لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کوژرا، زەمعە دواتر لە مەدینە نیشتەجێ بوو و لەوێ مایەوە.[٦]

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٤٦

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٤٦.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٣١٩.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٧.

[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ض ٥٦٦.

١٣٤٩. زەملی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی زەمل یان زومەیلە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە عەمر و رەبیعە هاتووە، وەک وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) ئالآی هۆزەکەی دایە دەستی و نامەیەکیشی بۆ نووسی، ئەویش بەردەوام ئەو ئالآیەی دەپاراست تا لە جەنگی صفینیشدا کە لەناو سوپای موعاویەدا بوو ئەو ئالآیەی پێبوو،[1] لە مەسەلەی تەحکیمیشدا زەمل یەکێک بوو لە شایەت و ئامادەبووەکان.[2]

لە سەردەمی موعاویەدا بەرپرسیارێتی شورتەی لەدەست بوو، دواتر لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا مۆرەکەی یەزیدی پێ بوو، ئینجا ئامادەی بەیعەتی مەڕوانی کوڕی حەکەم بوو، دواتر لە سەردەمی مەروانی کوڕی حەکەمدا لە رۆژی مەرج راهطدا کوژرا، ئەمەش لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا بوو.[3]

١٣٥٠. زەهرەی کوڕی حەویە(ﷺ)

ناوی زەهرەی کوڕی حەویەی کوڕی عەبدوڵایە، پاشای هەجەر ئەوی وەک نوێنەر نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش موسڵمان بوو.

زەهرە لە غەزای قادسیەدا بەشداری کرد و بکوژی گالینۆسیش ئەم هاوەڵە بوو، رایەک دەڵێت: لە قادسیەدا کوژراوە، رایەکی تریش دەڵێت: لە سەردەمی حەججاج و لە ساڵی حەفتا و حەوتدا کوژراوە.[4]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٠٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٧١.

١٣٥١. زەویەعەی جنۆکە(ﷺ)

ناوی زەوبەعەیەو ئەم هاوەڵە لە جنۆکەکان بووە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) سەرقاڵی قورئان خوێندن بوو بڕێک جنۆکە هاتن بۆ لای و گوێیان لێی بوو، وتیان: وس بن، ئەو جنۆکانە نۆ کەس بوون، ئەوەبوو خوای گەورە لەبارەیانەوە ئایەتی دابەزاند (وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (٢٩) قَالُوا يَا قَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (٣٠) يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ (٣١) وَمَنْ لَا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءُ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)[١]

١٣٥٢. زەید ئەبووحەسەن(ﷺ)

ناوی زەیدەو بە ئەبوو حەسەن ناسراوە، زەید دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو:(لە فەرمایشتی پێغەمبەران تەنها ئەو قسەی خەڵک ماوە کە دەڵێت: ئەگەر شەرمت نەبوو چی دەکەیت بیکە).[٢]

١٣٥٣. زەید ئەبووعەبدولا(ﷺ)

ناوی زەیدەو کونیەکەی ئەبووعەبدولایە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، زەید باسی وەستانی پێغەمبەر(ﷺ) لە کێوی عەرەفە دەکات، واتە لە حەجی ماڵئاواییدا بەشدار بووە.[٣]

---

[١] المستدرک علی الصحیحین - کتاب التفسیر - تفسیر سورة الأحقاف - استماع الجن قراءة القرآن من النبي(ﷺ)، الرقم ٣٧٢٢ و صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، قال ابن حجر في الإصابة إسناده جيد.

[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٦٦٢.

[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٦٦٣.

١٣٥٤. زەید(ﷺ)

ئەم هاوەڵە ناوی زەیدە، بەڵام زانیاری لەسەر باوک و بنەماڵەکەی نەهاتووە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، کاتێک موسڵمانان شکستیان خوارد و رایاندەکرد، زەید لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو جڵەوی ئەو سوارەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرتبوو کە نەجاشی بە دیاری بۆی ناردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ماڵوێران زەید، ئەو خەڵکە بانگ بکە)، ئەویش هاواری دەکرد ئەی خەڵکینە ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگتان دەکات، کەچی کەس نەدەهات بەدەم بانگەوازەکەیەوە، ئینجا فەرمووی: هاوار بکە لە ئەوس و خەزرەجیەکان، ئەویش هاواری کرد ئەی گرۆی ئەوس و خەزرەج ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگتان دەکات، کەچی کەس نەهات بەدەم بانگەوازەکەوە، ئینجا فەرمووی: هاوار بکە لە کۆچەران چونکە بەیعەتی خوایان لە گەردنە، ئەوکات کۆچەریەکان هاتن و قەڵغانیان فڕیداو گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[١]

١٣٥٥. زەیدولخەیر(ﷺ)

ناوی زەیدولخەیری کوڕی موهەلهەلە، لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) ناوی نا زەیدولخەیر، خۆی ناوی زەیدولخەیل بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵکو ناوت زەیدولخەیرە.[٢]

زەیدولخەیر شاعیرێکی بەهێز و کەسێکی رەوانبێژ و زۆر دلێریش بوو، بە بەخشندەیی و دەروون کراوەیی ناسرابوو، بالایەکی بەرزو هەڵکەوتەی هەبوو.[٣]

---

[١] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - غزوة حنين وما جاء فيها، الرقم ٣٨١٤٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢٣.

کاتێک زەیدولخەیر چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (باسی گەورەیی هەر پیاوێکی عەرەبیان بۆ کردبم و دواتر هاتبێت بۆ لام وەک وەسفەکە نەبووە جگە لە زەیدولخەیل کە هێشتا ئەو وەسفەی کرابوو لە ئاستیدا کەمتر بوو)، ئینجا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناوی نا زەیدولخەیر، پاشان دوو پارچە زەوی بۆ بڕیەوەو ئەوەشی بە نامەیەک بۆ نووسی، دواتر زەیدولخەیر لای پێغەمبەر(ﷺ) چوو تا بگەڕێتەوە بۆ لای هۆزەکەی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر زەید بە سەلامەتی لە دەست تای مەدینە دەربازی بێت باشە)، ئەوەبوو کە گەیشتە لای ئاوێکی ناوچەی نەجد تووشی تا بوو و بەهۆی ئەو تایەوە مرد، ئینجا ژنەکەی هات چی نامەی زەیدولخەیر هەبوو و لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە هەموویانی سووتاند.[١]

رایەکی تر دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا کۆچی دوایی کردووە.[٢]

کاتێک زەیدولخەیر لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە یەمەنەوە بڕێک زێڕی ناردەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بەسەر چەند کەسێکدا کە یەکێکیان زەیدولخەیر بوو.[٣]

١٣٥٦. زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفا(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ئەبی ئەوفای کوڕی خالیدە، زەید دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دەیفەرموو فڵانە کەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل

[١] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ٢٠٨٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢٣.

[٣] صحيح البخاري - كتاب التوحيد - باب قول الله تعالى تعرج الملائكة والروح إليه، الرقم ٧٤٣٢؛ صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب ذكر الخوارج وصفاتهم، الرقم ١٠٦٤.

بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا و من الناس)، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەک چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەک لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی راگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەک دەبێت، پاشان عەبدورەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدورەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەمماری کوڕی یاسری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی، پاشان عوەیمیر و سەلمانی فارسی بانگ کرد و ئەوانیشی کرد بە برای یەکدی، دواتر موژدەی حەوزی کەوسەری دا بە هاوەڵانی... عەلی کوڕی ئەبووطالیب هەستا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گیانم دەرچوو و پشتم شکا کاتێک دەبینم لەگەڵ هاوەڵانت وات فەرموو من نەبێت کە هیچت پێ نەفەرمووم، ئەگەر لە تووڕەییەوەیە ئەوە سزا و رێزداریش هەر بۆ جەنابتە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە تۆم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، تۆ بۆ من وەک پێگەی هاروون بۆ مووسا وایت، تەنها هێندە هەیە دوای من هیچ پێغەمبەرێکی تر نیە، بۆیە تۆ برا و میراتگری منیت)، عەلی وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چی لە تۆ بە میرات دەگرم؟ فەرمووی: (ئەوەی پێش تۆ پێغەمبەران بە میراتیان گرتووە، کتێبی خوا و سونەتی پێغەمبەرەکەیان، تۆ براو هاودەمی منیت).[1]

ئەم برایەتیە لە نێو هاوەڵانی کۆچەریدا بوو.

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب الزاي - من اسمه زيد - زيد بن أبي أوفى، الرقم ٥١٤٦.

١٣٥٧. زەیدی کوڕی بوولا(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی بوولایە، خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[١] کونیەکەی ئەبوویەسارە، زەیددەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو:(مَنْ قَالَ : أَسْتَغْفِرُ اللهَ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيَّ الْقَيُّومَ، وَأَتُوبُ إِلَيْهِ غُفِرَ لَهُ، وَإِنْ كَانَ فَرَّمِنَ الزَّحْفِ)،[٢] (هەرکەس بڵێ أستغفر الله الذي لا إله إلا هو الحي القيوم وأتوب إليه ئەوە تاوانەکانی دەسڕێنەوە با تەنانەت تاوانەکەی راکردنی ناو سەنگەری جیهادیش بووبێت).

١٣٥٨. زەیدی کوڕی ثابت(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ثابتی کوڕی ضەححاکی کوڕی زەیدە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەک لە ئەبووثابت و ئەبووسەعید هاتووە.[٣]

باوکی زەید لە جەنگی بوعاثدا و پێش هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە کوژرا،[٤] ئەوکات تەمەنی زەید شەش ساڵان بوو، [٥] بەم پێیە جەنگەکە چوار ساڵ پێش کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە روویداوە.

هاوسەر و منداڵەکانی

ژنەکەی ناوی جەمیلەی کچی سەعد بوو کە لەم ژنەی منداڵێکی بوو بە ناوی عومارە،[٦] هەر لەم ژنەی چوار کوڕی تری هەبوو بە ناوەکانی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٢.

[٢] جامع الترمذي - أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ) - باب في دعاء الضيف، الرقم ٣٥٧٧؛ سنن أبي داود - كتاب الصلاة - باب في الاستغفار، الرقم ١٥١٧؛ صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٢.

[٤] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٧.

[٥] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٢.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٦٢.

سەعد و سولەیمان و یەحیا و ئیسماعیل،[1] هەریەک لە ئەسعەد و عوبادەو حەسنەو عومرەو ئیسحاقیشی لێ بووە،[2] دوو کچیشی لێی هەبوو بە ناوەکانی ئوممو‌عوثمان و ئوممو‌زەید.[3]

ژنێکی تری ناوی عومرەی کچی موعاذ بوو کە لەم ژنەی هەریەک لە ئیبراهیم و موحەممەد و عەبدورەحمان و ئوممو‌حەسەنی بووە.[4]

زەید کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی سولەیط کە دایکی ئوممو‌ولەد بوو، عەبدوڕەحمانی کوڕیشی دایکی ئوممو‌ولەد بوو، عەبدوڵا و زەیدی کوڕیشی هەردووکیان دایکیان ئوممو‌ولەد بوو،[5] ثابت و صەفییەو قەریبەو ئوممو‌موحەممەد و عیمران و حارثیشی هەبوو لە ئوممو‌ولەدێک.[6]

زەید ژنێکی تری هەبوو بە ناوی ئوممو‌جەمیل کە پاش مردنی عوثمانی کوڕی خەلدەی مێردی بەهاوسەری گرت.[7]

زەید برایکی هەبوو بە ناوی یەزید کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[8]

موسڵمانبوونی:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە زەید موسڵمان بوو، ئەوکات هێشتا تەمەنی یانزە ساڵ بوو.[9]

زەید دەڵێت: کاتێک چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) کە تازە هاتبوویە مەدینە، وترا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم مێرمنداڵەی بەنی نەججار زیاد لە سیانزە سوورەتی قورئانی لەبەرە، پێغەمبەریش(ﷺ) بەوە سەرسام بوو و فەرمووی: (يَا زَيْدُ، تَعَلَّمْ لِي كِتَابَ يَهُودَ، فَإِنِّي وَاللهِ مَا آمَنُ يَهُودَ عَلَى كِتَابِي)، (ئەی زەید

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٦٣ – ٢٦٤.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٨.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٣٥٩.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٨.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٦٥.
[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٨.
[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٤١٠.
[8] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٤٥٣.
[9] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٨.

نووسینی جوولەکە فێر بە بۆم، چونکە سوێند بەخوا لە نووسینەکانمدا دڵنیا نیم لە جوولەکە)، منیش چووم تا فێر بم، پانزە شەوم تەواو نەکرد تا بە چاکی فێر بووم و نامەی ئەوانم دەخوێندەوەو کاتێک شتێکیان دەنووسی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) من دەمخوێندەوەو ئەگەریش پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی بدایەتەوە من نامەکەم بۆ دەنووسی.[1]

ئەم فێربوونەش لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو.[2]

زەید یەکێک بوو لە هاوەڵە گەورەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و نووسەرەوەی سروش بوو و ماوەیەک موفتی مەدینە بوو و یەکێک بوو لە قورئان خوێنە گەورەکان.[3]

بەشداری زەید لە غەزاکاندا

کاتێک غەزای بەدر روویدا، زەید ویستی لەو غەزایەدا بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بە بچووک دانا، سەبارەت بە بەشداری کردنی لە غەزای ئوحوددا راجیایی هەیە، بەڵام گومان لەوەدا نیە کە لە غەزای خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بووە.[4]

لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەری خوا(ﷺ) برێک هاوەڵی گێڕایەوە لەبەر کەمی تەمەنیان، ئەوانیش بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و ئوسامەی کوڕی زەید و زەیدی کوڕی ثابت و بەرائی کوڕی عازب و ئوسەیدی کوڕی ظوهەیر و عرابەی کوڕی ئەوس.[5]

لە غەزای خەندەقدا کە تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵ دەبوو بەشداری کرد، زەید لەگەڵ موسڵماناندا باری خۆڵی لە کۆڵ دەنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەو هەرزەکارێکی زۆر چاکە)، چاوەکانی ماندوو بوون و کەمێک راکشاو

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - حديث زيد بن ثابت(ﷺ)، الرقم ٢٢٠١٩، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٩١.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٧.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٢.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٥.

خەوەنووچکە بردیەوە، عومارەی کوڕی حەزم هات و چەکەکەی ئەوی برد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يا أبارقاد نمت حتى ذهب سلاحك)، (ئەی خەوخۆش هێندە خەوتیت تا چەکەکەیان بردیت)، ئینجا فەرمووی: کێ ئەزانێ چەکی ئەم هەرزەکارە لەکوێیە؟ عومارەی کوڕی حەزم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من بردم، ئینجا بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هۆشیاری دا لەوەی هیچ باوەڕدارێک بترسێنرێت و وەک گاڵتەوگەپ شمەکی ببرێت.[1]

لە غەزای تەبووکدا ئاڵای بەنی نەججار بەدەست عومارەی کوڕی حەزمەوە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) گەیشت بە عومارەو ئاڵاکەی لەدەستی وەرگرت و دایە دەست زەیدی کوڕی ثابت.[2]

لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ)

زەید هەندێ جار دەچوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و قورئانی بۆ دەخوێندەوە.[3]

زەید دەڵێت: من دراوسێی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووم، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) سروشی بۆ دادەبەزی دەینارد بە شوێنمدا، منیش سروشەکەم بۆ دەنووسیەوە، جا پێغەمبەر(ﷺ) سروشتی وابوو ئەگەر باسی دنیامان بکردایە ئەویش لەگەڵماندا باسی دنیای دەکرد، ئەگەریش باسی قیامەتمان بکردایە ئەویش لەگەڵماندا باسی قیامەتی دەکرد، کاتێک باسی خواردنمان بکردایە باسی خواردنی لەگەڵ دەکردین.[4]

زەید دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لەناو باخێکی بەنی نەججاردا بووین، پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر وڵاخەکەی بوو، بە وڵاخەکەیەوە دای بەولادا و شەش یان پێنج یان چوار گۆڕ لەبەردەمیدا بوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

---

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب زید بن ثابت کاتب النبي(ﷺ) - نهی النبي أن یروع المؤمن وأن یؤخذ متاعه لاعبا وجدا، الرقم ٥٨٢٩.

[2] المستدرک علی الصحیحین.

[3] صحیح البخاري - أبواب سجود القرآن - باب من قرأ السجدة ولم یسجد، الرقم ١٠٧٢.

[4] الشمائل المحمدیة للترمذي، الرقم ٣٣٥، السنن الکبری للبیهقي، الرقم ١٢٤٦٣.

کێ خاوەنانی ئەم گۆڕانە دەناسێت؟ کابرایەک وتی: من، فەرمووی: ئەمانە کەی مردوون؟ وتی لە بێباوەڕیدا مردون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەم ئومەتە لە گۆڕەکانیاندا لە بەڵاو ناڕەحەتیدان، ئەگەر لەبەرئەوە نەبوایە ناچار بن گۆڕ بۆ یەکدی هەڵبکەنن داوام لە خوا دەکرد لەو سزای ناوگۆڕە گوێبیستتان بکات کە من دەیبیستم)، (إِنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ تبْتَلَى فِي قُبُورِهَا، فَلَوْلَا أَنْ لَا تَدَافَنُوا لدَعَوْتُ اللهَ أَنْ يسْمِعَكُمْ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ الَّذِي أَسْمَعُ مِنْهُ) پاشان سەیرێکی ئێمەی کرد و فەرمووی: (تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ) (پەنا بگرن بە خوا لە سزای دۆزەخ)، هەموان وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە سزای دۆزەخ، پاشان فەرمووی: (تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ) (پەنا بگرن بەخوا لە سزای ناوگۆڕ)، هەموان وتیان: پەنا دەگرین بە خوا لە سزای ناوگۆڕ، پاشان فەرمووی: (تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنَ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ) (پەنا بگرن بەخوا لە فیتنە، ئەوەی دیارەو ئەوەشی نادیارە)، ئەوانیش هەموان وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنە، ئەوەی دیارەو ئەوەشی نادیارە، پاشان فەرمووی: (تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ) (پەنا بگرن بەخوا لە فیتنەی دەججال)، هەموان وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنەی دەججال.[1]

زەید لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

کاتێک پشتیوانان بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی خیلافەت لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە و داوایان دەکرد خەلیفە لەوان بێت، زەید هەستاو وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆچەران بوو و ئێمەش پشتیوانی بووین، دەی دەبێت پێشەواش لە کۆچەران بێت و ئێمەش پشتیوانی بین.[2]

لە رۆژی دووەمی بەیعەتدا زەید چوو و دەستی ئەبووبەکری گرت و وتی: ئەمە هاوەڵتانە دەی بەیعەتی پێبدەن، ئەوانیش چوون بەیعەتیان پێدا.[3]

[1] صحيح مسلم - كتاب الجنة وصفة نعيمها وأهلها - باب عرض مقعد الميت من الجنة أو النار عليه، الرقم ٢٨٦٧.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٣، قال الذهبي إسناده صحيح.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٢٤٩.

زەید لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا نووسەری ئەبووبەکر بوو، موعەیقیبی دەوسیش هاوکاری بوو.[1]

هاودەم بەوە بەشداری جیهادی دەکرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیاید تیرێکی بەرکەوت بەڵام زیانێکی وای پێنەگەیاند.[2]

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا زەید راسپێردرا تا قورئان کۆبکاتەوە، زەید دەڵێت: ئەبووبەکر پێی وتم: تۆ کەسێکی گەنج و عاقڵیت و تۆمەتبارت ناکەین، تۆ لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) سروشت بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەنووسیەوە، دەی بنەوە قورئان و کۆی بکەرەوە، منیش وتم: چۆن شتێک ئەکەن کە پێغەمبەر(ﷺ) نەیکردووە، ئەویش وتی: بەوا ئەمە خێرە، ئیتر ئەبووبەکر هێندەی پێ وتمەوە تا ئەوەی خوای گەورە دەروونی فراوان کردم بۆ ئەو نیازەی کە دەروونی ئەبووبەکرو عومەری بۆ فراوان کردبوو، کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان.[3]

زەید دەڵێت: دوای جەنگی یەمامە-کە ژمارەیەک لە هاوەڵان تیایدا شەهید بوون- ئەبووبەکر منی بانگ کرد، عومەریش لەلای بوو، ئەبووبەکر وتی: (عومەر هاتووە بۆ لام و دەڵێت: لە یەمامە خەڵکێکی زۆر کوژراوەو دەترسم بەم کوشتارە بەردەوامە ئەوانەی قورئانیان لەبەرە لەناوبچن و بەشێک لە قورئان نەمێنێت، بۆیە پێم باشە کۆی بکەنەوە، منیش پێم وتووە چۆن شتێک بکەم کە پێغەمبەر(ﷺ) نەیکردووە؟ عومەر دەڵێت: بەخوا ئەوە خێرە، هێندە عومەر هات بۆ لام و لێی دووبارە کردمەوە تا ئەوەی خوای گەورە دەروونی والاکردم بۆ راکەی عومەرو منیش هەمان رای ئەوم هەیە)، عومەریش لەولاوە دانیشتبوو و هیچی نەدەوت، ئەبووبەکر درێژەی دا بە قسەکانی و وتی: (تۆ پیاوێکی گەنج و عاقڵیت و لێت دڵنیاین و

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٣.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٣.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣١.

نووسەرەوەی سروشیش بوویت، دەی لێبنەوەو قورئان کۆبکەرەوە)، سوێند بەخوا ئەگەر ئەبووبەکر رایسپاردمایە کێوێک لەملاوە بۆ ئەولا بگوازمەوە هێندەی ئەو داواکاریەی لام سەخت نەبوو، منیش وتم: چۆن ئێوە ئەو شتە دەکەن لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) نەیکردووە، ئەبووبەکر وتی: بەخوا ئەوە خێرە، ئیتر هێندە لێیان دووپات کردمەوە تا خوا دەروونی فراوان کردم بۆ راکەیان و کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان، هەندێکی لەسەر پارچە پێستە نووسرابوویەوە، هەندێکی لەسەر ئێسقان و هەندێکی لەسەر گەڵای دار نووسرابوویەوە، هەندێکیشی لە سنگی پیاواندا بوو.[1]

ئەنەس دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) چوار کەس قورئانیان کۆدەکردەوە کە هەموویان لە پشتیوانان بوون: باوکم و موعاذ و زەید و ئەبووزەید.[2]

زەید لەپاش نووسینەوەی هەموو قورئان بۆ ئایەتێک رامابوو تا شایەتی هەبێت تا بینووسێتەوە، ئەویش ئایەتی (من المؤمنين رجال صدقوا...) بوو، بۆ ئەوەش تەنها خوزەیمەی دەستکەوت، بۆیە نووسیەوە چونکە خوزەیمە ناسرابوو بەوەی لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) شایەتی بە دوو شایەت وەرگیراوە.[3]

زەید لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیشدا زەید نووسەری خەلیفە بوو، هاودەم بەو موعەیقیبیش هاوکاری دەکرد.[4]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب بڕۆیشتایە بۆ حەج، زەیدی لە شوێنی

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة براءة - باب قوله لقد جاءكم رسول من أنفسكم، الرقم ٤٦٧٩؛ جامع الترمذي - أبواب تفسير القرآن عن رسول الله(ﷺ) - باب ومن سورة التوبة، الرقم ٣١٠٣.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣١.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب قول الله تعالى من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه، الرقم ٢٨٠٧؛ جامع الترمذي - أبواب تفسير القرآن عن رسول الله(ﷺ) - باب ومن سورة التوبة، الرقم ٣١٠٤.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٢.

خۆی دادەنا تا بەرپرسیاریتی مەدینەی لە ئەستۆ بێت تا دێتەوە،[1] هەروەها بۆ هەر کارێکی تر لە مەدینە بچوایەتە دەرەوە زەیدی دەکردە بەرپرسی مەدینە.[2]

خاریجەی کوڕی زەید دەڵێت: زۆربەی جارەکان کە عومەر دەگەڕایەوە بۆ مەدینە بەشێک لە باخە دارخورمای دەبەخشی بە زەیدی باوکم.[3]

عومەری کوڕی خەططاب زەیدی لە مەدینە هێشتبوویەوە تا فەتوا بدات بۆ خەڵک، بەتایبەت هەر مەسەلەیەک تایبەت بوایە بە فەرزەکان و قورئان خوێندنەوەو دادوەری و فەتوادان، چ عومەر و چ عوثمانیش نەیاندەهێشت کەس پێش زەید بکەوێت.[4]

عومەری کوڕی خەططاب بەرپرسیاریتی دادوەری مەدینەی دابوویە دەست زەید و بۆ ئەوەش مووچەیەکی بۆ بڕیبوویەوە.[5]

شەعبی دەڵێ جارێک ئوبەی لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کێشەیەکی هەبوو، ئەوکات عومەر خەلیفە بوو، ئوبەی وتی: عومەر جا تۆ خۆت دەسەڵاتداریت، عومەر وتی: دەی با کەسێک ببێتە دادوەری نێوانمان، ئوبەی وتی: با زەید بێت، چوون بۆ لای زەید و ئەویش دادوەری لەنێوانیاندا کرد، زەید وتی: ئەی ئوبەی بەڵگەت چیە؟ ئەویش وتی: هیچ بەڵگەیەکم پێ نیە، زەید وتی: دەی دەرفەت بدە با ئەمیری باوەڕداران سوێند نەدەم، عومەر وتی: ئەگەر بە پێویستی دەزانیت رێ مەدە ئەمیری باوەڕداران ئەو سوێندە نەخوات.[6]

عومەری کوڕی خەططاب هێندە ڕێزی لە زەید دەنا کە کاتێک لە شام بوو و زەیدی وەک بەرپرسی مەدینە جێهێشتبوو، نامەیەکی بۆ زەید نووسی، سەرەتا بەم شێوەیە دەستی پێکرد(بۆ زەیدی کوڕی ثابت لە عومەرەوە).[7]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٢٧.
[2] سير أعلام البلاء، ج٢، ص ٤٣٤.
[3] سير أعلام النبلاء، ج ٢، ص ٤٣٤.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٤.
[5] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٥.
[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٥.
[7] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٤.

زەید لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان بڕۆیشتایە بۆ حەجی ماڵی خوا، زەیدی بە بەرپرسی مەدینە دادەنا تا دەگەڕێتەوە.[1]

هەروەها عوثمانی کوڕی عەففان زەیدی لەسەر بەیتولمال دانابوو، رۆژێک عوثمان هاتەژوورەوەو گوێی لێبوو خزمەتکارێکی زەید گۆرانی دەڵێت:، عوثمان وتی: ئەوە کێیە؟ زەید وتی: ئەوە وهەیبی خزمەتکارمە، عوثمانیش مووچەیەکی بۆ خزمەتکارەکەی بڕیەوە.[2]

عوثمانی کوڕی عەففان ویستی خوێندنەوەی قورئان فرەچەشنە نەبێت و کێشە دروست بکات، بۆیە زەید و چەند کەسێکی تری راسپارد تا بەیەک شێوە قورئان بنووسنەوەو جۆرە نووسینەکانی تر کە لەناو خەڵکدا بڵاو بوون لاببرێن،[3] ئیتر چەند نوسخەیەکی لێ نووسیەوەو نێردران بۆ ناوچە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی.[4]

عوثمان هەریەک لە زەید و ئیبن زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاصی بانگ کرد بۆ یەکنووسی قورئان، ئینجا بە ئیبن زوبەیر و سەعیدی وت: ئەگەر لەگەڵ زەید لە جۆری نووسینەوەی هەر ئایەتێکدا راجیابوون ئەوە بە شێوەزمانی قورەیشی بینووسن چونکە قورئان بەشێوەزمانی ئەوان دابەزیوە.[5]

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان لە ماڵەکەی خۆیدا گەمارۆ درابوو، زەید چوو بۆ لای، بەڵام عوثمان داوای لێکرد بگەڕێتەوە، ئەویش گەڕایەوەو هەوڵیدەدا ئەو کەسانە پاشگەز بکاتەوە کە گەمارۆی خەلیفەیان دابوو.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٣.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٣٢.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤١.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٣٤٧.

[5] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب نزل القرآن بلسان قريش، الرقم ٣٥٠٦.

[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٥.

زەید لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

زەید لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد، هەرچەندە ئەو عەلی زۆر خۆشدەویست و بە گەورە تەماشای دەکرد و ئەوەشی لای خەڵک باس دەکرد، واتە گەورەیی و فەزڵی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی لای خەڵک باس دەکرد.[١]

زەید لە دەیەی شەشەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.

جارێک مەڕوانی کوڕی حەکەم ویستی ئەو هەمووە زانیاریەی لای زەید هەیە کۆبکرێتەوەو نەفەوتێت، بۆیە لەپشت پەردەیەکەوە بڕێک کەسی داناو دواتر زەیدی بانگ کرد، ئینجا کەوتە پرسیارکردن لە زەید و ئەویش وەڵامی دەدایەوەو ئەوانەی پشت پەردەکەش وتەکانی زەیدیان دەنووسیەوە، زەید دواتر هەستی بەوەکرد، وتی: ئەی مەڕوان ناپاکی دەکەیت؟ من رای خۆم دەڵێم.[٢]

لە سەردەمی مەڕوانی کوڕی حەکەمدا زەید بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکات بوو.[٣]

جارێک زەید ویستی بچێت بۆ نوێژی هەینی، دواکەوتبوو، لە رێدا بینی خەڵک دەگەڕێنەوە، خۆی کرد بە ماڵێکدا، پێی وترا بۆچی واتکرد؟ وتی: هەرکەس شەرم لە خەڵک نەکات شەرم لە خواش ناکات.[٤]

ثابتی کوڕی عوبەید دەڵێت: جارێک چووم بۆ لای زەید، نەخۆش بوو و لەماڵەوە کەوتبوو، دوو کوڕیشی لەلای بوون، بانگ درا و کاتی نوێژ بوو، زەید بەوانی وت: بڕۆن بۆ نوێژەکەتان چونکە نوێژی پیاو بە جەماعەت بیست و پێنج هێندەی نوێژەکەی بە تەنها پاداشتی هەیە.[٥]

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٢.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٨.

[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٢١.

[٤] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٩.

[٥] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٢٥.

کۆچی دوایی زەید

سەبارەت بەساڵی وەفاتی زەید چەند رایەک هاتووە، هەریەک لە ساڵی چل و پێنج و چل و شەش و پەنجاو یەک و پەنجا و پێنج و پەنجاو شەش هاتووە.[1]

کاتێک زەید کۆچی دوایی کرد مەڕوانی کوڕی حەکەم نوێژی لەسەر کرد و هەرچی ئافرەتی شار بوون ئەوانیش هاتنەدەرەوە، خاریجەی کوڕی ئافرەتانی هۆشیار دەکردەوە تا لەسەر زەید نەگرین، کەچی ئافرەتان دەیانوت قسەکانت ناچنە گوێمان و تا سێ رۆژی ماتەمینی بۆ دەگرین.[2]

مەڕوان فەرمانی کرد وشترێک سەربڕا بۆ دروستکردنی خوان و خەڵکی نانیان خوارد.[3]

کاتێک زەید کۆچی دوایی کرد، سالم وتی: ئەمڕۆ زانای خەڵکی مرد، ئیبن عومەر لەوێ بوو وتی: رەحمەتی خوای لێ بێت، ئەو لە سەردەمی عومەردا زانای خەڵکی بوو، عومەر زانایانی بە ناوچەکاندا بڵاو دەکردەوەو رێگری دەکرد لێیان لەخۆوە فەتوا بدەن، زەیدیشی لە مەدینە هێشتەوە تا فەتوا بدات بۆ خەڵکی مەدینە.[4]

ئیبن عەبباس لە کاتی ئەسپەردەکردنی زەیددا وتی: ئاوایە مەرگی زانایان، ئەمڕۆ زانستێکی زۆر ژێر گڵ نرا.[5]

ئەبووهورەیرە وتی: ئەمڕۆ مەرەکەبی ئەم ئوممەتە(زانای ئوممەت) مرد بەڵکو خوای گەورە ئیبن عەبباس بکاتە جێگرەوەی.[6]

جارێک ئیبن عەبباس رەشۆی وڵاخەکەی زەیدی گرت، زەید وتی: کەنار

---

[1] سیر أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤١.
[2] سیر أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤٠.
[3] سیر أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٤٠.
[4] سیر أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٤.
[5] سیر أعلام النبلاء، ٢، ص ٤٤٠.
[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٢٣.

بگرە ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەویش وتی: ئێمە بەرامبەر زاناو گەورەکانمان وادەکەین.[1]

١٣٥٩. زەیدی کوڕی خاریجە(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خایجەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[2]

خاریجەی باوکی لە بەیعەتی عەقەبە[3] و غەزای بەدر[4] و ئوحودیشدا بەشداری کرد و لەو غەزایەدا شەهید بوو.[5]

زەید برایەکی هەبوو بە ناوی سەعد کە ئەویش لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو،[6] خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی حەبیبە کە خاریجەی باوکی مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئوممولکلثوم،[7] ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[8]

زەید دەڵێت: جارێک پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) صەلەوات دان لەسەر جەنابت چۆنە؟ فەرمووی: صەلەواتم لەسەر بدەن، پاشان بڵێن: (اللهم بارك على محمد وآل محمد كما باركت على آل إبراهيم إنك حميد مجيد).[9]

زەید یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[10] لە غەزای ئوحوددا باوکی و سەعدی برای شەهید بوون.

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٣٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٢.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٤.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٢٢٣.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٤٤.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣.

[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٦٩.

[8] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٥.

[9] السنن الكبرى للنسائي، الرقم ١٢٩٢، صححه الألباني.

[10] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٣.

نوعمانی کوڕی بەشیر دەڵێت: جارێک زەیدی کوڕی خاریجە لەشەقامێکی مەدینەدا تێپەڕ دەبوو، بەینی نیوەڕۆ و عەسر بوو، هێندەمان بینی کەوت و مرد، ئەوەبوو تەرمەکەی برایەوە بۆ ماڵەوەو لەنێو سێ پارچە قوماشدا داپۆشرا، جا دوای نوێژی ئێوارە هێشتا کاتی نوێژی خەوتنان نەهاتبوو، ژنانێ لە پشتیوانان لە دەوری تەرمەکەی بوون و دەگریان، لەژێر پارچە قوماشەکانەوە دەنگێکیان بیست، دەنگەکە دوو جار دەیوت خەڵکینە بێدەنگ بن، خێرا خەڵکی قوماشەکەیان لەسەر دەموچاو و سەروسنگی لابرد، زەید وتی: موحەممەد پێغەمبەری خوایە، پێغەمبەری نەخوێندەوار و سەرمۆری پێغەمبەرانە، ئەمە لە کتێبی یەکەمدا باس کراوە، دواتر لەسەر زمانی زەیدەوە وتراوە زەید باسی خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەر و عوثمانی کردووە.[1]

نوعمان دەڵێت: ئەو رۆژە زەید زۆر ساغ و بێ کێشە بوو، ئازارێکی قورگی بۆ پەیدا بوو، لەنێوان نوێژی نیوەڕۆ و عەسردا بوو کە مرد، کاتێک بە چەند بەرگێک دامانپۆشی، من نوێژی ئێوارەم کردبوو و سەرقاڵی زیکرەکان بوم کە کەسێک هات و وتی: زەید پاش مردنەکەی قسەی کردووە، منیش خێرا چووم بۆ لای، دەبینم دەستەیەک لە پشتیوانان لەدەوریدان و دەیوت-یان دەیانوت وتوویەتی-.[2]

ئەم رووداوەو ئەم مردنەی زەیدی کوڕی خاریجە لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا روویداوە.[3]

ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەم بەسەرهاتە لە چەند روویەکەوە بە چەند گێڕانەوەیەکی ناسراوی صەحیح و دروست هاتووە.[4]

---

[1] المعجم الكبير للطبراني.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ١٥٧.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ١٥٦.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٢٩٢.

١٣٦٠. زەیدی کوڕی خەطاب(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خەطابی کوڕی نوفەیلی عەدویە، لە سەری باوکیەوە برای ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەطابە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی وەهبە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانە،[1] زەید کەسێک باڵابەرز بوو.[2]

زەید خوشکێکی هەبوو بە ناوی حەفصە کە دایکی باوەڕداران و هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[3]

ژنەکەی زەید ناوی لوبابەی کچی ئەبوولوبابە بوو، لەم ژنەی کوڕێکی بوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا لەدایک بوو، کاتێک لەدایک بوو ئەبوولوبابەی باپیری بردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دەستی هێنا بەسەریدا و نزای بەرەکەتی بۆ کرد،[4] ژنێکی تری ناوی جەمیلەی کچی ئەبی عامیر بوو کە لەم ژنەی کچێکی هەبوو بە ناوی ئەسماء.[5]

زەید براگەورەی عومەر بوو، پێش عومەری برایشی موسڵمان بوو.

کاتێک زەید کۆچی کرد بۆ مەدینەو پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان زەید و مەعنی کوڕی عەدیەوە.[6]

زەید لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و حودەیبیەو هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[7]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١.
[3] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ٦٩٢.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٦٤.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٧٧.
[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١.
[7] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١.

لە غەزای ئوحوددا هەریەک لە عومەر و زەید پێکەوە بەشداری غەزاکە بوون، لە گەرمەی جەنگەکەدا بوون کە عومەر قەڵغانەکەی خۆی دا بە زەید و وتی: براگیان ئەم قەڵغانە بگرە، زەیدیش وتی: منیش هەمان ئەو شەهیدیەم دەوێت کە تۆ دەتەوێت، بۆیە هیچکامیان قەڵغانەکەیان بەکارنەهێنا.[١]

جارێک عەبدوڵای کوڕی عومەر داوای لە عومەری باوکی کرد تا داوای کچەکەی صالحی کوڕی نەحجامی بۆ بکات، عومەر وتی: ئەو برێ هەتیوی هەیەو تا ئەوانە وەستابن کچەکەی نادات بە ئێمە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای زەیدی مامی و وتی: مامە داوای کچی فلانەکەسم بۆ بکە، زەیدیش چوو بۆ لای صالح و وتی: عەبدوڵای کوڕی عومەر منی ناردووە بۆ داوای کچەکەت، ئەویش وتی: من برێ هەتیوم هەیەو ئامادە نیم کچەکەم بدەم بە ئێوەو برازاکانی خۆم لەولا وەستابن، بەڵام دایکی کچەکە حەزی دەکرد کچەکەی بۆ عەبدوڵا بێت، چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عومەر هاتووەتە داوای کچەکەم، کەچی باوکی کچەکەی داوە بە هەتیوێک کە لایەتی و بەخێوی دەکات، هێشتا رای کچەکەشی وەرنەگرتووە، پێغەمبەریش(ﷺ) ناردی بە شوێن صالحدا و فەرمووی: (ئەرێ بێ ئەوەی رای کچەکەت وەربگریت داوتە بە شوو؟) وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أشيروا على النساء في أنفسهن وهي بكر)،[٢] (رای کچەکانتان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن).

زەید دەڵێت: رۆژی فەتحی مەککە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو گۆڕستانەکان دەرچووین، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لای گۆڕێک دانیشت و دەتوت قسەی لەگەڵ دەکات، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و فرمێسکی لە چاوانی دەسڕی، عومەری برام پێش هەمووومان پێی گەیشت و پێی وت: بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم بۆچی دەگریت؟ فەرمووی: (لە سەردانی

---

[١] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من اسمه محمد - محمد بن نصر الصائغ البغدادي، الرقم ٥٣٠٠.
[٢] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن عمر(ﷺ)، الرقم ٥٨٢٤، حسنه شعيب الأرناؤوط.

گۆڕی دایکم لەبەرئەوەی دایکم بووەو مافی بەسەرمەوە هەیە داوای مۆڵەتم کرد لە پەروەردگارم تا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەم، بەڵام پەروەردگارم رێی پێنەدام)، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) بە ئاماژەیەک پێی راگەیاندین دابنیشین، ئێمەش دانیشتین، ئینجا فەرمووی: (من پێشتر رێگریم لێکردبون لە سەردانی گۆڕ،-لەمەودوا- هەرکامتان ویستی سەردانی گۆڕ بکات با بیکات،...).[1]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا ئاڵای موسڵمانان بەدەست زەیدەوە بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

کاتێک جەنگەکە دەستی پێکرد، زەید ئاڵاکەی بەدەستەوە بوو و بە سەختی دەجەنگا، کاتێک خەریک بوو موسڵمانان شکستیان دەخوارد، زەید هاواری دەکرد خوایە من لەبەردەمتدا پۆزش دێنمەوە بەرامبەر بەم راکردنەی هاوەڵانم و دوورەپەرێزیش دەنوێنم لەوەی موسەیلەمە دەیڵێت، لەو نێوەندەدا چاوی کەوت بە رەججالی کوڕی عونفوە کە سەرەتا هاتبوو و موسڵمان بووبوو و دواتر هەڵگەڕایەوەو چوویە لای موسەیلەمەو درۆی دەکرد بە دەم پێغەمبەری خواوە(ﷺ) و دەیوت من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: موسەیلەمە لەم پەیامبەریەدا هاوبەشمە، ئیتر ئەوە گەورەترین فیتنە بوو بۆ خەڵکەکە، زەید کە ئەم کابرای بینی خێرا هەڵمەتی بۆ برد و کوشتی، پاشان زەید برێک قسەی کرد بۆ موسڵمانان تا دژی دوژمن بجەنگن، ئینجا وتی: ئیتر یەک قسە ناکەم تا ئەوەی یان خوا دوژمن دەشکێنێت یان من دەگەمەوە بە خوا و ئەکات بەڵگەی خۆم لای خوا دەخەمەڕوو،[3] بەدەوام دەجەنگا تا شەهید کرا و ئاڵاکەی دەستی کەوت، ئەوەی زەیدی شەهید کرد کەسێک بوو بە ناوی سەلەمەی کوڕی صبیح، خێرا سالم کە مەولای ئەبی حوذەیفە بوو ئاڵاکەی هەڵگرتەوە.[4]

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب الزاي - من اسمه زيد - زيد بن الخطاب، الرقم ٤٦٤٨.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٤.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٢٤.
[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١-٣٤٢.

بە دڵنیاییەوە فیتنەکەی رەججال لەو هەموو شمشێرە مەترسیدارتر بوو کە جەنگیان دەکرد، چونکە زۆرێک لەو شمشێرانە دەبوونە بڕەری گەردنی سوپاکەی موسەیلەمەی درۆزن و شمشێری سەرخستنی ئیسلام دەبوون ئەگەر ئەو لەخشتەبردن و تەڵەکەبازیەی رەججال نەبوایە، چونکە ئەو توانی بە درۆکردنی بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ) وا ئەو خەڵکە تێبگەیەنێت بانگەوازەکەی موسەیلەمەی درۆزن راستەو بەشێکە لە پەیامی خوا، بۆیە هۆکاری کۆکردنەوەی ئەو هەمووە دەم و دەست و دڵە بوو بۆ سوپاکەی موسەیلەمە، هەمان کەسانی لاسار و نەیار لەمڕۆدا هەن کە رۆڵی خراپی هاوشێوە دەبینن و نەک ئەوەی نابنە سەرخەری دین، بەڵکو دەیان دەست و دەم و دڵی ناو موسڵمانان دەگۆڕن و دەیکەنە هێز و وزە بۆ دوژمنانی ئیسلام و تیرێک بەرەو رووی ئیسلام و موسڵمانان، مەترسیەکەشیان زۆر زیاترە.

رایەکی تر دەڵێت: ئەبومەریەمی حەنەفی زەیدی کوشت، دواتر کە ئەبومەریەم هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، عومەر پێی وت: زەیدت کوشت؟ ئەویش وتی: خوا زەیدی بە دەستەکانی من رێزدار کرد-شەهیدبوو- منی بە دەستەکانی ئەو سەرشۆڕ نەکرد-بە بێباوەڕی بکوژرێم-.[(١)]

جا کە زەید شەهید بوو عومەری برای دەیوت زەید لە هەردوو چاکەکەدا پێش من کەوت، پێش من موسڵمان بوو، پێش منیش شەهید بوو.[(٢)]

عومەر زۆر خەفەتی خوارد بە مەرگی براکەی، دەیوت لە هەرکوێوە با هەڵدەکات من بۆنی زەیدی برامی لێدەکەم.[(٣)]

عومەری کوڕی خەططاب موتەممیمی کوڕی نوەیرەی بینی، موتەممیم شیعرێکی بۆ مەرگی براکەی خۆی هۆنیبوویەوە کە مالیکی کوڕی نوەیرە

---

(١) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٧٨.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٤.

(٣) أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤١.

بوو، عومەر دەیوت ئەگەر منیش شیعرم بزانیایە بە دڵنیاییەوە وەک تۆ شیعرم دەهۆنیەوە بەسەر زەیدی برامدا، موتەممیم وتی: جا ئەگەر براکەی من وەک براکەی تۆ بڕۆیشتایە هیچ دڵگران نەدەبووم بۆی، عومەر وتی: کەس هێندەی تۆ جوان دڵنەوایی نەکردوم.[1]

١٣٦١. زەیدی کوڕی دەثینە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی دەثینەی کوڕی موعاویەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[2] لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[3]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان خالیدی کوڕی ئەبولبوکەیر و زەیدی کوڕی دەثینەوە.[4]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی بە سریەیەک نارد، عاصیمی کوڕی ثابتی ئەنصاری کرد بە ئەمیریان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نێوان عوسفان و مەککە، دەستەی بەنولیحیان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، کە گەیشتنە شوێنەکەیان بینییان ناوکی خورما جێماوە، وتیان: ئەم ناوکە هی خرمای مەدینەیە، بۆیە کەوتنە شوێنیان، کاتێک عاصیم و هاوەڵەکانی ئەوانیان بینی هەستیان بە مەترسی کرد و لە شوێنێک خۆیان پەنا دا، بەڵام بەنولیحیان گەمارۆیان دان و وتیان: خۆتان بدەن بە دەستەوە لە پەنادا دەبن و کەستان ناکوژین، عاصمی ئەمیری سریەکە وتی: بەخوا من خۆم نادەمە بەر پەنای بێباوەڕ، خوایە هەواڵی ئێمە بگەیەنەرە پێغەمبەرەکەت، بەنولیحیان تیربارانیان کردن، عاصم و حەوت کەسی تریان شەهید بوون، سێ کەسەکەی تر کە مابوونەوە خۆیان دا بە

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤٢.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٤.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٩.

دەستەوەو داوای پەنایان کرد، یەکێک لەو سێ کەسە خوبەیب بوو، یەکێکی تریشیان زەیدی کوڕی دەثینە بوو، کاتێک گەیشتنە لای بەنولیحیان خێرا ئەوانیان بەستنەوە، ئەوی تر لە سیانەکە وتی ئەمە سەرەتای ناپاکیەکەیانە، بەخوا من لەگەڵتان نایەم، ئەو کوژراوانەمان پێشەنگی رەوان، ئەوانیش بە زۆر رایاندەکێشا تا لەگەڵیان بچێت بەڵام ئەو نەدەچوو، بۆیە ئەویشیان کوشت، ئینجا خوبەیب و زەیدی کوڕی دەثینە مانەوەو ئەوانیان فرۆشتن بە خەڵکی مەککە، بەنو حارثی کوڕی عامیر خوبەیبیان کڕی، چونکە خوبەیب لە جەنگی بەدردا باوکی ئەوانی کوشتبوو، خوبەیبیان کڕی و بە دیلی لای خۆیان هێشتیانەوە، لە ماڵەوە لە شوێنێک بەندیان کردبوو تا ئەو کاتەی بیکوژن.[1]

زەیدی کوڕی دەثینەش لەلایەن صەفوانی کوڕی ئومەییەوە کڕدرا تا لەبری ئومەییەی باوکی کە لە جەنگی بەدردا کوژرابوو بیکوژێت، هەر لە ناوچەی تەنعیم زەیدیش شەهید کرا.[2]

بردنی هەریەک لە خوبەیب و زەید بۆ تەنعیم پێکەوە بوو، واتە لە یەک کاتدا و لە یەک شوێندا و بە دەستی یەک دەستە شەهید کران، هەردووکیشیان پێش ئەوەی بکوژرێن داوایان کرد دوو رکات نوێژ بکەن،[3] هەریەک لە خوبەیب و زەیدیش شێوەی کوشتنیشیان یەک جۆر بوو کە بریتی بوو لە لەخاچدانیان.[4]

کاتێک نەسطاسی کۆیلەی صەفوان ویستی زەید بکوژێت، ئەبووسوفیان چوو و هەمان ئەو پرسیارەی لە خوبەیب کرابوو لە زەیدیشی کرد، پێی وت: ئەی زەید سوێندت دەدەم بە خوا، ئایا حەزت دەکرد ئێستا موحەممەد

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب هل يستأسر الرجل ومن لم يستأسر، الرقم ٣٠٤٥ و كتاب المغازي - باب غزوة الرجيع ورعل وذكوان وبئر معونة، الرقم ٤٠٨٦.

[2] المعجم الكبير للطبراني - باب الزاي - من اسمه زيد - زيد بن الدثنة، الرقم ٥٢٨٤.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٥٦.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٦.

لەبری تۆ لەلامان بوایەو بماندایە لە گەردنی و تۆیش لەناو ژن و منداڵی خۆتدا بوویتایە؟ لە وەڵامدا زەید هەمان وەڵامەکەی خوبەیبی دایەوەو وتی: نا سوێند بەخوا حەز ناکەم موحەممەد ئێستا لە شوێنی مندا بێت و تەنها دڕکێکیش بچێت بە پێیدا لەبەرامبەر ئەوەی من لەناو ژن و منداڵی خۆمدا بم، ئەبووسوفیانیش دەیوت کەسم نەدیوە وەک هاوەڵانی موحەممەد موحەممەدیان خۆش بوێت، ئینجا نەسطاس زەیدی کوشت.[1]

پێش ئەوەی زەید بکوژن، بە خاچەوە هەڵیانواسیبوو و جار جارە رمێکیان پێوە دەنا، ئینجا داوایان لێدەکرد واز لە ئیسلام بهێنێت لەبەرامبەردا ئازادی دەکەن، بەڵام زەید ئامادە نەبوو واز بهێنێت و سات دوای سات زیاتر باوەڕی چەسپاو دەبوو، دواجار شەهیدیان کرد، جا ئەو رۆژەی خوبەیب و زەید شەهید کران، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(سەلام لە ئێوەش).[2]

شەهیدکردنی ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر(ﷺ) لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا بوو.[3]

١٣٦٢. زەیدی کوڕی موعەللا(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی موعەللایە، لە پشتیوانانە، سێ برای هەبوو بە ناوەکانی رافیع و ئەبووقەیس و عوبەید کە هەرچوار برا پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[4]

١٣٦٣. زەیدی کوڕی وەدیعە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی وەدیعەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٦٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٦٦.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢٤، سنده موضع إرسال.

١٣٦٤. زەیدی کوڕی ئەزوەر(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ئەزوەری ئەسەدیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کردووەو تیایدا ڕۆڵێکی کارای بینی، دواتر لە جەنگەکەدا هەردوو قاچی بڕا.[1]

١٣٦٥. زەیدی کوڕی ئەسلەم(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ئەسلەمی کوڕی ثەعلەبەی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دەوترێت تا سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیاوەو لەناو سوپای عەلیدا لە جەنگی صفیندا بەشدار بووە.[2]

١٣٦٦. زەیدی کوڕی ئوسەید(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ئوسەیدی کوڕی حارثەی ثەقەفیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

١٣٦٧. زەیدی کوڕی ئیساف(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی ئیسافی کوڕی غەزیەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[4]

١٣٦٨. زەیدی کوڕی جاریە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی جاریەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەمر کە فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩١.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٥.

زەید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا هەندێ کەسی بە بچووک دانا بۆ بەشداری لە جەنگەکەو هەموویانی گێڕایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە زەیدی کوڕی جاریە-واتە خۆی- و بەرائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی ئەرقەم و ئەبووسەعیدی خودری و عەبدوڵای کوڕی عومەر و جابیری کوڕی عەبدوڵا.[1]

زەیدی کوڕی جاریە دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) صەلەوات دان لەسەر جەنابت چۆن بێت؟ فەرمووی: بڵێن (اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم إنك حميد مجيد).[2]

زەید لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد، دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو پێش وەفاتی ئیبن عومەر وەفاتی کرد، کاتێک وەفاتی کرد ئیبن عومەر رەحمەتی بۆ دەنارد.[3]

١٣٦٩. زەیدی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی حارثی کوڕی قەیسە، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

١٣٧٠. زەیدی کوڕی حارثە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی حارثەی کوڕی شەراحیلی کەعبیە، دایکی ناوی سەعدی کچی ثەعلەبەیە.[5]

زەید هێشتا بچووک بوو کە لەگەڵ سەعدی دایکی چوو بۆ لای هۆزەکەی دایکی، لەو ماوەدا هێرش کرایە سەر ئەو هۆزەو تیایدا زەید بەدیل گیرا و

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب البيوع - الرهن محلوب ومركوب، الرقم ٢٣٦٢؛ السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - باب من لا يجب عليه الجهاد، الرقم ١٧٨٨٢.
[2] التاريخ الكبير، ج٣، ص ٣٨٣.
[3] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٢٦٣٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٧.
[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٥.

دواتر برا بۆ بازاڕی عوکاظ و لەوێ فرۆشرا، حەکیمی کوڕی حیزام زەیدی کڕی بۆ خەدیجەی پووری، بە چوارسەد درهەم ئەوی کڕی، ئیتر زەید لای خەدیجە مایەوە تا ئەوەی خەدیجە شووی کرد بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوکات بەخشی بە پێغەمبەر(ﷺ).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە حارثە ئافرەتێکی لە هۆزی (طيء) بەهاوسەر گرت، لەو ئافرەتە سێ منداڵی بوو کە بریتی بوون لە جەبەلەو ئەسما و زەید، پاش ماوەیەک ئەو ژنەی مرد، ئینجا ئەو منداڵانە لای باپیرەیان مانەوە، حارثە ویستی بیانبات لەگەڵ خۆیدا، بەڵام باپیرەی هات و وتی: با لای ئێمە بن باشترە بۆیان، ئەویش هەریەک لە جەبەلەو ئەسمائی برد و زەیدی لەوێ جێهێشت، پاش ماوەیەک سوارەیەکی تیهامە هات و دای بەسەر ناوچەی هۆزەکەی دایکی زەیددا و زەیدیان بە کۆیلە گرت و بردیانە بازاڕی مەککەو لەوێ پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بینی و وەسفی کرد بۆ خەدیجەو خەدیجەش زەیدی کڕی و لەوێ لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە و دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێک حارثە هات بۆ مەدینەو زەیدی بینی زەید لەبەر رێزی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەری هەڵنەسا، حارثەو دەستەکەی بانگی زەیدیان کرد بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی زەید ئەوانە کێن؟ وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەیان باوکمەو ئەوەشیان ماممەو ئەوەشیان برامەو ئەوەش هۆزەکەمن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دەی هەستەو سەلامیان لێ بکە) ئەوانیش سەلامیان لێکرد، ئینجا وتیان: ئەی زەید لەگەڵ ئێمە وەرەوە، زەید وتی: بەس لای پێغەمبەری خوام دەوێت و نایگۆڕمەوە بە کەس، ئەوانیش وتیان: ئەی موحەممەد چەند بەرامبەر خوێن باییت پێ دەدەین لەبری ئەم کۆیلەیە تا بیدەیتەوە پێمان، چەندەت دەوێت دەتدەینێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: داواتان لێ دەکەم شایەتی بدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و من کۆتاو سەرمۆری پێغەمبەرانی خوام ئینجا دەینێرم

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٨.

لەگەڵتان، بەڵام ئەوان بەوە رازی نەبوون، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) رێی دا بیبەن، بەڵام زەید ئامادە نەبوو لەگەڵیان بڕوات، دواتر حارثە وتی: من خۆم ئامادەم موسڵمان بم، ئەوەبوو شایەتومانی هێنا و ئەوانی تر ئامادە نەبوون موسڵمان بن.[1]

ئوسامەی کوڕی زەید لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) بانگهێشتی حارثەی کوڕی شەراحیلی کرد بۆ ئیسلام و ئەویش موسڵمان بوو.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستی زۆر بوو بۆ زەید، جا کاتێک خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بینی پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی زۆر خۆشدەوێت زەیدی بەخشی بە پێغەمبەر(ﷺ).[3]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە دەستەیەک لە هۆزەکەی زەید هاتن بۆ حەج و لەوێ زەیدیان بینی و یەکتریان ناسیەوە، هەواڵیان برد بۆ باوکی و ناونیشانیان پێدا، باوکیشی هاودەم بە کەعب هات بۆ مەککەو پرسیاری پێغەمبەری خوایان(ﷺ) کرد و وتیان: لە مزگەوتە، ئەوانیش چوون بۆ لای و وتیان: تۆ گەورەی هۆزەکەتی و خەڵکی شارێکیت کە کەعبەی تێدایە، دەستگرۆی نەدار و نانبەخشن، هاوتین تا ئەو کۆیلەت کە هەتە کوڕی ئێمەیە منەتبارمان بکەیت و ئازادی بکەیت و لە بەرامبەردا چیت دەوێت پێت دەبەخشین، ئەویش فەرمووی: کامەیە؟ وتیان: زەید، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بانگی بکەن و سەرپشکی بکەن، ئەگەر ئێوەی هەڵبژارد ئەوە بەبێ هیچ بەرامبەرێک بۆ ئێوەو ئەگەریش منی هەڵبژارد ئەوە بە خوا من کەسێک دوورناخەمەوە کە من هەڵبژێرێت، ئەوانیش وتیان: زۆر لەوە زیاترت

---

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب زید الحب بن حارثة بن شراحیل بن عبد العزی - تبني رسول الله(ﷺ) زید بن حارثة، الرقم ٤٩٧٧.

[2] أسد الغابة، ج١، ص ٥٢٢.

[3] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٧، ص ٦٠٤.

پێ بەخشیوین کە ئێمە داوامان کردووە، ئەوەبوو هێنرا و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەمانە دەناسیت؟ وتی: بەڵێ، ئەوە باوکمەو ئەوەش مامەمە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی زەید من ئەوەم کە دەمناسیت و هاوەڵیت کردوم، جا یان من هەڵبژێرە یان ئەو دوانە هەڵبژێرە، زەید وتی: تەنها تۆ هەڵدەبژێرم، تۆ بۆ من وەک باوک و مامیش بویت، باوکی و مامی وتیان: ماڵوێران کۆیلایەتیت پێ خۆشە تا ئازادی و هاودەمی باوکت و مام و کەسوکارت؟ زەید وتی: بەڵێ، من شتێکم لەم پیاوە بەدیکردووە کە ئیتر بڕیارم داوە جگە لەم کەس هەڵنەبژێرم، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەمەی بینی بردیەوە ناو ژوورەکەی و فەرمووی: شایەت بن زەید کوڕی منەو میراتم لێ دەگرێت و میراتی لێدەگرم، کاتێک باوکی و مامی ئەمەیان بینی دەروونیان ئارامی گرت و چوون، ئیتر هەمیشە زەید بە ناوی زەیدی کوڕی موحەممەد بانگ دەکرا تا ئەوەی ئیسلام هات.[1]

زەید دە ساڵ لە پێغەمبەر(ﷺ) بچووکتر بوو و باڵاشی کورت بوو، ڕەنگی سپی بوو.[2]

هاوسەرگیریەکانی زەید

پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری دا ژن بهێنێت بۆ زەید، بۆیە ئومموئەیمەنی بۆ هێنا و لەم ژنەی زەید کوڕێکی بوو بە ناوی ئوسامە[3] کە پێشتر لە پیتی ئەلفدا لەژێر ناوی ئوسامەی کوڕی زەیددا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە.

دواتر زەید زەینەبی کچی جەحشی بەهاوسەر گرت، ئەمیش پوورزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، بەڵام دواتر زەید زەینەبی تەلاق دا، دوای ئەوە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ژنێکی تری بۆ هێنا بە ناوی ئوممو کلثوومی کچی عوقبە، لەم ژنەی کوڕێکی بوو کە ناوی نا زەید، کچێکیشی بوو ناوی نا

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٩.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٢٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٠.

روقییە، دواتر روقییەشی تەڵاق دا و ژنێکی تری هێنا بە ناوی دورڕەی کچی ئەبی لەهەب، دواتر ئەویشی تەڵاق دا و هیندی کچی عەوامی بەهاوسەر گرت کە خوشکی زوبەیری کچی عەوام بوو.[1]

کاتێک زەید ویستی زەینەب تەڵاق بدات، لەگەڵیدا نەدەگونجا، بۆیە دەهاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای حاڵی خۆی دەکرد، پێغەمبەریش(ﷺ) پێی دەفەرموو (لەخوا بترسەو ژنەکەت لای خۆت بهێڵەرەوە)، زەید هەر تەڵاقی داو دواتر پێغەمبەر(ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، ئەوەش لە قورئاندا باس کراوە،[2] خوا دەفەرمویت (وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا)

(بیربکەرەوە کاتێ دەت وت: بە کەسێ (زەیدی کوڕی حارثە) کە خوا بەهرەی بەسەردا ڕشتبوو تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بە ئازاد کردنی و پەروەردە کردنی) خێزانت (زەینەب) لای خۆت ڕاگرەو بیهێڵەوە وە لەخوا بترسە لە دڵی خۆتدا شتێک دەشاریتەوە کە خوا ئاشکرای دەکات وە لە (قسەی) خەڵک دەترسی لە کاتێکدا خوا شیاوترە کە لێ ی بترسی ئینجا کاتێ زەید پێویستی بەو (زەینەب) نەما و تەڵاقی دا ئێمە ئەو (زەینەب) مان لێ مارەکردی بۆ ئەوەی هیچ ناڕەحەتی (و تاوانێ) نەبێت لەسەر ئیمانداران لە (مارەکردنی) ژنانی بە کوڕ کراوەکانیاندا کاتێ پێویستیان پێیان نەماو تەڵاقیان دان وە فەرمانی خوا (بە مارە کردنی زەینەب بۆت) دراوە و بڕاوەیە).

زەید لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) پێش هاتنی وەحی

زەید دەڵێت: ڕۆژێکی گەرمی مەککە بوو، لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چووینە دەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ) منی لەپێش خۆیەوە سواری وڵاخەکەی کردبوو، چووین بۆ لای یەکێک لە بتەکان و ئاژەڵێکمان بۆ سەربڕی و برژاندمان،

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب التوحيد - باب وكان عرشه على الماء، الرقم ٧٤٢٠.

زەیدی کوڕی عەمر تێپەڕ بوو و هەردووکیان سەلامی سەردەمی جاهیلیان لە یەکتر کرد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەی زەید چیە دەبینم هۆزەکەت رقیان لێ هەڵگرتویت؟ ئەویش وتی: ئەی موحەممەد بەخوا من هیچ زیانێکم نەبووە بۆیان، بەڵام دەرچووم تا هەواڵی ئەو دینە وەربگرم تا چوومە لای راهیبەکانی فەدەک بینیم پەرستشی خوایان دەکرد و هاوەڵیشیان بۆ دادەنا، منیش وتم: ئەوە ئەو دینە نیە کە من دەمەوێت، پیرێکیان وتی: ئەو دینەی تۆ هەواڵی دەپرسیت تەنها لای پیرێکە لە حیرە منیش چووم بۆ لای، کە منی بینی وتی: تۆ لە کوێوە هاتویت؟ وتم: لە مەککەوە، ئەویش وتی: ئەوەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت لە ناوچەی خۆتدا دەردەکەوێت، پێغەمبەرێک نێردراوە کە ئەستێرەکەی دەرکەوتووە، منیش چی کەس دەبینم هەموو لە گومڕاییدان و هەستم بە هیچ نەکردووە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) خوانەکەی لێ نزیک کردەوە، زەید وتی: ئەوە چیە؟ فەرمووی: ئەوە مەڕێکە سەرمان بڕیوە بۆ یەکێک لە بتەکان، ئەویش وتی: من سەربڕاوێک ناخۆم کە ناوی خوای لەسەر نەهاتبێت، ئێنجا پێغەمبەر(ﷺ) چوو تەوافی کەعبەی کرد و منیش لەگەڵی بووم، صەفاو مەروەی کرد، لەوێ دوو بتی مس هەبوون کە پێیان دەوترا یەساف و نائیلە، خەڵکی کە تەوافیان دەکردن دەستیان پێدا دەهێنا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەستیان پێدا مەهێنە چونکە ئەوانە پیسن، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم: هەر دەستیان پێدا دێنم بزانم پێغەمبەر(ﷺ) چی دەکات؟ دەستم هێنا پیایاندا، ئەویش فەرمووی: ئەی زەید مەگەر رێگریت لێ نەکرا؟[1]

زەید لە بانگەوازی مەککەدا(رضي الله عنه)

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) بانگەوازی راگەیاند و بێباوەڕان کێشەیان بۆ دروست دەکرد، هاتن بۆ لای ئەبووطالیب و پێشنیازی ماددییان دەخستە بەردەم پێغەمبەر(ﷺ) تا واز بهێنێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تەنها یەک وشەم

---

[1] مسند أبي يعلى الموصلي - حديث زيد بن حارثة، الرقم ٧٢١٨، قال حسين سليم أسد إسناده حسن، قال الذهبي في إسناده محمد لا يحتج به وفي بعضه نكارة بينة.

دەویت لیتان، بلین لا الە الا اللە، بەلام ئەوان رازی نەبوون، یەکیکیان وتی: ئەمە تەنها چارەسەری بریتیە لە تیرۆرکردنی، بۆ شەوەکەی پیغەمبەر(ﷺ) دیار نەما، ئەبوو تالیب و مامەکانی هاتن بۆ مالی، کەچی لەوێ نەبوو، بۆیە گەنجانیان کۆکردنەوە وهەرکام ئاسنیکیان بە دەستەوەبوو، ئەبوو طالیب وتی: دەچمە لای کەعبەو هەرکامتان لای سەرکردەیەکیان بوەستن، ئەگەر موحەممەد کوژرابوو دەیانکوژین، لەو کاتەدا زەید هاتەوە، ئەبووطالیبی بەو شلەژاویە بینی، ئەبووطالیب وتی: ئەی زەید برازاکەمت نەدیوە؟ وتی: با کەمیک لەمەوبەر لەگەل من بوو، ئەبووطالیب وتی: ناچمەوە مال تا نەیبینم، خیرا زەید چوویە خزمەت پیغەمبەری خوا(ﷺ) کە لە مالیک لای صەفا لەگەل هاوەلانی بوو، هەوال و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پیغەمبەریش(ﷺ) گەرایەوەو هات بۆ لای ئەبوو طالیب.[١]

کاتیک پیغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ طائیف زەیدی کوڕی حارثەش لەگەلیدا چوو، کاتیک خەلکەکەی پیغەمبەریان(ﷺ) بەردباران دەکرد، زەید خۆی دەدایە بەر بەردەکان و پیغەمبەری خوای(ﷺ) دەپاراست، ئینجا کە پیغەمبەر(ﷺ) بۆ حەسانەوە لەژیر دارخورمایەکدا دانیشتبوو، زەید پیی وت: چۆن دەچیتەوە ناو مەککە لەکاتیکدا قورەیشیەکان تۆیان دەرکرد، پیغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی زەید ئەم حالەی تۆ دەیبینیت خوای گەورە دەرووی خیر و رزگاری بۆ دەکاتەوە، خوا ئایینی خۆی سەردەخات و پیغەمبەرەکەی سەردەخات).[٢]

کۆچکردنی زەید بۆ مەدینە

زەید دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەوێ لە غەزای بەدرو ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[٣]

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٠٣.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢١١.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٠.

زەید کە کۆچی کرد بۆ مەدینە لە ماڵی کلثومی کوڕی هدم مایەوە، رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو لە ماڵی سەعدی کوڕی خەیثەمە مایەوە.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی ئەبووئەییووبی ئەنصاری بوو، هەریەک لە زەید و ئەبوورافیعی بانگ کرد و دوو وشتری پێدان و پێنج سەد درهەمیشی پێدان و ئەوانی نارد بۆ مەککە تا بچن فاطیمەو ئومموکلثوومی کچانی پێغەمبەر(ﷺ) و سەودەی کچی زەمعەو ئوسامەی کوڕی زەید بهێنن بۆ مەدینە.[2]

کاتێک زەینەب کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی لەگەڵ کینانیەکان چوو، خێرا کۆمەڵێک کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواند، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ رۆیشت، لەسەرئەوە هاشمی و ئومەویەکان کەوتنە دەمەبۆڵەو هەرکام دەیانوت ئێمە نزیکترین لێیەوە، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، پێغەمبەر(ﷺ)زەیدی کوڕی حارثەی نارد بە شوێنیدا و فەرمووی: (دەتوانیت بچیت زەینەبم بۆ بهێنیت؟)، ئەویش وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خاتەمەکەم ببە، زەید چوو و بە وشترەکەیەوە نزیک بوویەوە تا گەیشت بە شوانێک، وتی: شوانەی کێیت؟ ئەویش وتی: هی ئەبولعاصم، وتی: ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی: هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت: ئەگەر شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی: بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی: کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی: کابرایەک،

---

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ٤٤.

[2] الطبقات الکبری لابن سعد، ج١، ص ٢٣٧.

زەینەب وتی: ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی: لە فڵانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی: (سەرکەوە لەپێش منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی: نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی نارەحەتی بوو).[1]

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو برایەتی خستە نێوان پشتیوانان و کۆچەران، برایەتی خستە نێوان ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو زەیدی کوڕی حارثەوە.[2]

زەید لە قورئاندا و لە سوورەتی ئەحزابدا ناوی هاتووە، ئەمیش تاکە هاوەڵە کە لە قورئاندا ناوی هێنرابێت.[3]

بەشداری زەید لە غەزادا

پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی لە هەر سریەیەکدا بناردایە دەیکرد بە ئەمیری سریەکە،[4] ئەوەبوو لە حەوت سریەدا زەید ئەمیر بوو،[5] ئەگەریش پێغەمبەر(ﷺ) بچوایەتە دەرەوەو زەید لە مەدینە بوایە ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) دەیکرد بە بەرپرسی مەدینە تا خۆی دەگەڕایەوە.[6]

زەید سیفەتی سەرکردایەتی و ئەمیرایەتی تێدابوو، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بوو، ڕۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی

---

[1] المستدرك على الصحيحين - كتاب الطلاق - قصة هجرة زينب بنت رسول الله(ﷺ) من مكة، الرقم ٢٨٢٨، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٣٠٧١.

[2] أسد الغابة، ج١، ص١٤٣.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٢٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠١.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٢٦.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠١.

زەید تا هێرش ببەنە سەر رۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەطاب و ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراح و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون، لەسەر ئەوە کەسانێ نارەزاییان دەربڕی، پێغەمبەر(ﷺ) تەواو توورەبوو و لەتاو ئازاریش سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی: (پاشان ئەی خەڵکینە ئەو قسەو باسە چیە پێم گەیشتوەتەوە لە هەندێکتان سەبارەت بەوەی ئوسامەم بە ئەمیر داناوە، ئەگەر تانە دەدەن لە ئەمیرایەتی ئوسامە پێشتریش تانەتان دا لەوەی باوکیم بە ئەمیر دانا، ئەرێ بەخوا ئەو کەسە بۆ ئەمیرایەتی دروست کرابووو دوای خۆیشی کوڕەکەشی بۆ ئەمیرایەتی دروست کراوە...)[1]

زەید لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، کاتێک غەزای بەدر تەواو بوو و موسڵمانان سەرکەوتن، پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی وەک موژدەدەر ناردەوە بۆ مەدینە تا موژدەی سەرکەوتنی موسڵمانان ببات بۆ مەدینە.[2]

بیست و دوو مانگ دوای کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی کردە ئەمیری سریەیەک و ناردی تا رێ بگرن بە کاروانێکی قورەیشیەکان، ئەویش لە ناوچەی قیرەدە، زەید بە سەد سوارەوە چوو و رێی بە کاروانەکە گرت و دەستکەوتێکی زۆریان لێ گرت و کاروانەکەیان هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[3]

لە غەزای خەندەقدا زەید ئاڵای کۆچەرانی بەدەستەوە بوو، هاوکات بۆ پاسەوانی مەدینە پێغەمبەر(ﷺ) چەند دەستەیەکی دەنارد، زەیدی کردبوو بە بەرپرسی دەستەیەکی سێ سەد کەسی تا پاسەوانی مەدینە بکەن.[4]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص١٩٠.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٩.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣٦.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٦٧.

لـە سـاڵی شەشـەمی کۆچـی و لـە مانگـی ڕەبیعولئاخیـردا پێغەمبـەر(ﷺ) زەیدی کـردە ئەمیری سـریەیەک بۆ سـەر بەنـو سـولەیم،[1] دواتـر لـە مانگـی جومادیلئـولای هەمـان سـاڵدا زەیـدی کـردە ئەمیـری سـریەیەک بـۆ ناوچـەی عیص کە چوار شـەو ڕێ دوور بو ولـە مەدینـەوە تا ڕێ بگرن بە کاروانێکی قورەیش کە لـە شـامەوە دەهاتنـەوە، زەید بە سـەدو حەفتا سـوارەوە چوو و ڕێی گرت پێیان و بـە دەسـتکەوتێکی زۆرەوە گەڕانـەوەو خەڵکانێکشـیان بەدیل هێنایـەوە، هـەر لـەو سـاڵەو لـە مانگـی جومادیلئاخیـرەدا زەیـدی بـە سـریەیەکەوە نـارد بـۆ ناوچـەی طـەرف کـە بیرێـک بـوو نزیکـەی پەنجـا کیلۆمەترێـک لـە مەدینـەوە دوور بـوو و زەیـد بـە دەسـتکەوتەوە گەڕایـەوە بـۆ مەدینـە.[2]

هـەر لـەو مانگـەدا پێغەمبـەر(ﷺ) زەیدی بـە سـریەیەکەوە نـارد بۆ ناوچـەی حسـما لـە پشـت وادیلقـوراوە، ئەمـەش لەبەرئـەوەی لـەوێ ڕێیـان گرتبـوو بـە دیحیـەی کەلبـی، پێغەمبـەر(ﷺ) زەیـدی نـارد و هێرشـی کـردە سـەریان و کوشـتارێک ڕوویـدا، زەیـد بـە دەسـتکەوتێکی زۆرەوە گەڕایـەوە بـەرەو مەدینـە، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هەواڵـی نـارد شـتەکان بگێڕێتـەوە، ئەویش فەرمانەکـەی بەجێگەیانـد.[3]

هـەر لـە مانگـی ڕەجەبـی سـاڵی شەشـەمی کۆچیـدا زەیـد بـە سـریەیەکەوە چـوو بـۆ وادیلقـورا،[4] ئەمـەش لەبەرئـەوەی پێشـتر زەیـد بـۆ بازرگانـی بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ) بـەرەو شـام چووبـوو، کەچـی لـەو ناوچـە ڕێیـان پێگـرت، بۆیـە زەیـد هاتـەوەو هەواڵـی هێنایـەوە بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ)، پێغەمبەریـش(ﷺ) بـە سـریەیەکەوە ناردی بۆ ئـەوێ، هێرشـی بـردە سـەریان و کوشـتاری لێکـردن، لـەو هاتنەوەیدا بوو کە خێرا لەگەڵ گەڕانـەوەی چـوو بۆ ماڵـی پێغەمبـەر(ﷺ) و ئەویـش هێشـتا تـەواو جلەکانـی لەبـەر نەکردبـوو چـوو بـەرەو ڕووی و

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٨٦.
[2] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٨٧.
[3] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٨٨.
[4] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٨٩.

باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد.[١]

دواتر زەید لە هەریەک لە حودەیبیەو غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد.[٢]

خۆشەویستی زەید لای پێغەمبەر(ﷺ)

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: زەیدی کوڕی حارثە هات بۆ مەدینە، ئەوکات پێغەمبەر(ﷺ) لە لای من بوو، زەید هات و تەقەی دا لە دەرگا، پێغەمبەر(ﷺ) بەرەورووی هەستا و جلەکانی بەدوای خۆیدا رادەکێشاو باوەشی کرد بە زەیددا و ماچی کرد.[٣]

جارێک جەعفەر و عەلی و زەید پێکەوە بوون، جەعفەر وتی: من لەهەمووتان لای پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویستترم، عەلی وتی: بەڵکو منم، زەید وتی: بەڵکو منم، وتیان: دەی با هەموومان بچین بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و پرسیاری لێبکەین، ئەوەبوو چوون، ئوسامەی کوڕی زەید لەبەردەرگا بوو و داوای چوونەژوورەوەیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە ئوسامەی فەرموو برۆ دەرەوە بزانە ئەوانە کێن؟ ئوسامەش وتی: جەعفەر و عەلی و زەیدن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: مۆڵەتیان بدە، کە چوونە ژوورەوە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆشەویستترین کەست کێیە؟ فەرمووی: (فاطیمە)، وتیان: سەبارەت بە پیاو پرسیارت لێدەکەین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أما أنت يا جعفر فأشبه خلقك خلقي، وأشبه خلقي خلقك، وأنت مني وشجرتي، وأما أنت يا علي فختني وأبو ولدي، وأنا منك وأنت مني، وأما أنت يا زيد فمولاي ومني وإلي، وأحب القوم إلي).[٤] (تۆ ئەی جەعفەر لە هەموو کەس زیاتر شێوەت لە من دەچێت، ئاکاریشم زۆر لە

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٩٠.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٥.

[٣] جامع الترمذي - أبواب الاستئذان والآداب عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في المعانقة والقبلة، الرقم ٢٧٣٢ وقال حسن غريب، ضعفه الألباني في تحقيق رياض الصالحين، الرقم ٨٩٦.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - حديث أسامة بن زيد حب رسول الله(ﷺ)، الرقم ٢٢١٩١؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب زيد الحب بن حارثة بن شراحيل بن عبد العزى - كان زيد بن حارثة أحب القوم إلى رسول الله، الرقم ٤٩٨٨، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

ئاكارت دەچێت، تۆ لەمن و لە شەجەرەی منیت، تۆ ئەی عەلی زاواو باوكی منداڵەكانمیت و من لە تۆم و تویش لە منیت، تۆیش ئەی زەید مەولای منیت و لە منیت و بۆ منیت و خۆشەویستترینی خەڵكیت بۆم).

چوونی زەید بۆ موئتەو شەهیدبوونی

پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی كوڕی حارثەی نارد بۆ شەڕی موئتە لە خاكی شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولای ساڵی هەشتەمی كۆچیدا لەو غەزایەدا شەهید بوو.

موئتە لە خوارووی بەلقا بوو ماوەیەک دوور بوو لە شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولادا پێغەمبەر(ﷺ) بە نامەیەكەوە حارثی كوڕی عومەیری ئەزدی نارد بۆ لای پاشای بوصرا، كەچی كە گەیشتە موئتە شورەحبیلی كوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و كوشتی، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی لەسەر سەخت بوو، بۆیە سوپایەكی نارد كە نزیكەی سێ هەزار كەس دەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەمیری خەڵكەكە زەیدی كوڕی حارثەیە، ئەگەر كوژرا ئەوە جەعفەری كوڕی ئەبوتالیب ئەمیرە، ئەگەر ئەویش كوژرا ئەوە عەبدوڵای كوڕی ڕەواحە ئەمیرە، ئەگەر ئەویش كوژرا با موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان لەنێو خۆیاندا كەسێك دیاری بكەن و بیكەنە ئەمیریان)، پێغەمبەر(ﷺ) ئالایەكی سپی دایە دەست زەیدی كوڕی حارثەو وەسیەتی كرد بۆیان تا بچنە شوێنی كوژرانەكەی حارثی كوڕی عومەیر و خەڵكی ئەوێ بانگ بكەن بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەرنا پشت بەخوا ببەستن و دژیان بجەنگن، خۆیشی بۆ بەڕێكردنیان لەگەڵیان چوو تا گەیشتە (ثنیة الوداع)، ئیتر لەوێ وەستا وماڵئاوایی كرد لێیان، موسڵمانانیش نزایان دەكرد بۆیان و دەیانوت خوا بتانپارێزێ و بە چاكی و دەستكەوتەوە بتانگێڕێتەوە، دوژمنیش ئەم هەواڵەی بیست و سوپای كۆكردەوەو شورەحبیل نزیكەی سەد هەزار سەربازی كۆكردەوەو دەستەی پێشڕەوی نارد.

کاتێـک موسـڵمانان گەیشـتنە خاکـی شـام و هەواڵـی زۆری سـوپای دوژمـن و هاتنـی هیرەقلیشـیان بـە سـوپایەکەوە بیسـت کـە نزیـک لـەو ناوچـە بـوو، وتیـان: بـا نامـە بنێریـن بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ) تـا بزانیـن فەرمـان بـە چـی دەکات، بـەڵام عەبـدوڵای کـوڕی ڕەواحـە موسـڵمانانی هانـدا تـا درێـژە بـدەن بـە چوونەکەیـان، ئەوەبـوو درێژەیـان دا بـە چوونەکەیـان تـا گەیشـتنە موئتـە، دوژمنیـش بـە سـوپایەکی گـەورەوە هاتـن و جەنـگ لەنێوانیانـدا روویـدا، زەیـد بـە ئاڵاکـەوە جەنـگا تـا رمێکـی بەرکـەوت و شـەهید بـوو، ئینجـا جەعفـەری کـوڕی ئەبووطالیـب ئاڵاکـەی گرتەدەسـت و لەسـەر ئەسپەکەی دابـەزی و دەمارێکـی پێـی ئەسـپەکەی بـڕی تـا نیشـانی بدات راکـردن نیـە، ئینجـا جەنـگا تـا سـەربازێکی ڕۆمـی بـە شمشـێر لێیدا و وا لێیـدا کـردی بـە دوو بەشـەوە، یەکێـک لـە بەشـەکانی جەسـتەی نزیکـەی سـی و ئەوەنـدە برینـداری پێـوە بـوو، بـە هەمـوو جەسـتەیەوە نزیکـەی حەفتـاو ئەوەنـدە برینـداری بینـرا چ لـە بەرکەوتنـی شمشـێر یـان رم بێـت، ئینجـا عەبـدوڵای کـوڕی ڕەواحـە ئاڵاکـەی هەڵگـرت و ئەویـش جەنـگا تـا کـوژرا، ئینجـا موسـڵمانان ئاڵاکەیـان دایـە دەسـت خالیـدی کـوڕی وەلیـد و ئەویـش بـە پلانێکـی سـەرکەوتوو توانـی پاشەکشـە بـکات بـە سـوپای موسـڵمانان.[1]

کاتێـک جەعفـەر ئاڵاکـەی بەدەسـتی ڕاسـتەوە گرتبـوو شمشـێرێک درا لـە دەسـتی و دەسـتی بـڕا، بۆیـە بـە دەسـتی چـەپ ئاڵاکـەی گرتـە دەسـت، پـاش کەمێکـی تـر درا لـە دەسـتی چەپیشـی و هـەردوو دەسـتی بـڕا.[2]

کاتێـک ئـەم ڕووداوانـە ڕوویانـدەدا پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مەدینـە لەلایـەن پـەروەردگارەوە هەواڵـی پێـدەدراو دەیگێڕایـەوە بـۆ هـاوەڵان.[3]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٢٨-١٢٩.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٤٦.
[3] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ١٣٨٤٣.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی کوژرانی جەعفەر و زەید و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی بیست دانیشت و خەفەت دەموچاوی داگرتبوو،[1] ئینجا دەیفەرموو:(خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە جەعفەر خۆش بیت، لە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە خۆش بیت).[2]

پێغەمبەر(ﷺ) چوو سەردانیماڵی زەیدی کرد، کچەکەی زەید هەنیسکی گریان گرتبووی و بە گریانەوە ڕووەو پێغەمبەر(ﷺ) چوو، پێغەمبەریش(ﷺ) زۆر بە تاسەوە دەستی کرد بە گریان، سەعدی کوڕی عوبادە کە لەوێ بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو گریانە چیە؟ فەرمووی: (ئەوە تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی).[3]

کاتێک زەید شەهید بوو تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵ بوو.[4]

١٣٧١. زەیدی کوڕی حاطیب(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی حاطیبی کوڕی ئومەییەی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و لەو غەزایەشدا بریندار بوو، باوکی یەکێک بوو لە کەسە دووڕووەکان، کاتێک بە برینداری زەیدیان بردەوە بۆ لای باوکی و خەڵکێک بۆی دەگریان، باوکی وتی: ئێوە واتان پێکرد، لەخشتەتان برد تا بردتان بۆ ئەو جەنگە، بەو پێیەی باسی مردنەکەی نەهاتووە دیارە لەو برینداریەی چاک بووەتەوە، چونکە ناوی لە ناو کەسانی شەهیدبووی ناو بەدردا نەهاتووە.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب من جلس عند المصيبة يعرف فيه الحزن، الرقم ١٢٩٩؛ صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب التشديد في النياحة، الرقم ٩٣٥.

[2] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الجنائز - في الرجل ينتهي إليه نعي الرجل ما يقول، الرقم ١٢١٠١.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٢.

بەڵام ئیبن کەثیر باسی ئەوە دەکات کە ئەو بریندارییەی حاڵەتی سەرەمەرگی بووە، ئەوەتا دەڵێت: حاطیب کوڕێکی هەبوو لە گوڵبژێری موسڵمانان بوو، ناوی یەزید بوو-دیارە ناوی زەید ناوی ڕاستترییەتی- لە ڕۆژی ئوحود بریندار بوو و چەندین برینی پێوە بوو، برا بۆ ماڵێکی ئەوسییەکان و لەوێ دانرا، خەڵکێکی زۆر لە ژن و پیاوی موسڵمانان لە دەوری کۆبوونەوەو ئەویش لە سەرەمەرگیدا بوو، دەیانوت موژدەت لێ بێت ئەی کوڕی حاطیب، باوکی تەواو هەڵچوو و دووڕووییەکەی خۆی نیشاندا و دەیوت، بەڵێ چ بەهەشتێ، ئاوا ئەم داماوەتان لەخشتە برد.[1]

١٣٧٢. زەیدی کوڕی حەر(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی حەڕی عەبسیە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[2]

١٣٧٣. زەیدی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنیە، سەبارەت بە کونیەکەی هەریەک لە ئەبووزورعەو ئەبووعەبدوڕەحمان و ئەبووطەلحە هاتووە.[3]

زەید یەکێک بوو لە بەشداربوانی حودەیبیە، زەید دەڵێت: لە حودەیبیە بووین کە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردین، کە لە نوێژ بوویەوە ڕووی کرد بە ڕووی خەڵکەکەدا و فەرمووی: ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی دەفەرمویت؟ ئەوانیش وتیان: خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) زاناترن، فەرمووی: خوا دەفەرمویت:

(أصبح من عبادي مؤمن بي وكافر، فأما من قال: مطرنا بفضل الله ورحمته، فذلك مؤمن بي وكافر بالكوكب، وأما من قال: بنوء كذا وكذا، فذلك كافر بي ومؤمن بالكوكب)،[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٣٩.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٣.

[4] صحيح البخاري - كتاب الأذان - باب يستقبل الإمام الناس إذا سلم، الرقم ٨٤٦؛ صحيح مسلم - كتاب

(لەناو بەندەکانمدا کەسانێک هەن بە بڕواداری بەرامبەرم ڕۆژیان کردووەتەوە، هەندێکیش بە بێبڕوایی بەرامبەرم ڕۆژیان کردوەتەوە، ئەوەی وتوویەتی بە فەزڵ و ڕەحمەتی خوا بارانمان بۆ باری ئەوە بڕوادارە بەرامبەرم و بێبڕوایە بەرامبەر -خوداوەندبوونی- هەسارەکان، ئەوەش وتی: بەهۆی ئەوەی مانگ لەو پایەیدایە بۆیە باران باریوە، ئەوە بێبڕوا بووە بەرامبەرم و بڕوای هەیە-بە خواوەندی- هەسارەکان).

زەیدی کوڕی خالید لە غەزای خەیبەریشدا بەشدار بوو، ئەوەتا بەسەرهاتێکی ئەوێمان بۆ باس دەکات و دەڵێت: هاوەڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی خەیبەردا وەفاتی کرد، ئینجا هەواڵ برا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (لەسەر هاوەڵەکەتان نوێژ بکەن)، خۆی نوێژی لەسەر نەکرد، خەڵکەکە ڕەنگی دەموچاویان گۆڕا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هاوەڵەکەتان لە -دەستکەوتی- ڕێی خوادا ناپاکی نواندووە)، ئێمەش چووین سەیری شمەکەکەیمان کرد، بینیمان ملوانکەیەکی جوولەکەی دزیوە کە بەهاکەی دوو درهەمیش نەدەبوو).[1]

زەید لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و لەو ڕۆژەدا ئاڵای جوهەنیەکانی بەدەستەوە بوو.[2]

زەیدی کوڕی خالید دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (من توضأ فأحسن وضوءه، ثم صلى ركعتين لا يسهو فيهما غفر له ما تقدم من ذنبه)،[3] (هەرکەس دەستنوێژ

الإيمان - باب بيان كفر من قال مطرنا بالنوء، الرقم ٧١.

[1] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في تعظيم الغلول، الرقم ٢٧١٠؛ سنن ابن ماجه - أبواب الجهاد - باب الغلول، الرقم ٢٨٤٨؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الغلول - ذكر ترك المصطفى(ﷺ) الصلاة على من مات وقد غل في سبيل الله جل وعلا، الرقم ٤٨٥٣، قال شعيب الأرناؤوط إسناده محتمل للتحسين، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٢٧١٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٣.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - بقية حديث زيد بن خالد الجهني عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٧٢٥٩؛ سنن أبي داود - كتاب الصلاة - باب كراهية الوسوسة وحديث النفس في الصلاة، الرقم ٩٠٢؛ حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٩٠٥، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

بشوات و بە جوانی دەستنوێژەکەی بشوات، دواتر دوورکات نوێژ بکات بێ ئەوەی هەڵەی تێدا بکات، ئەوە تاوانەکانی پێشووتری دەسڕێنەوە).

زەیدی کوڕی خالید دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (من جهز غازيا فى سبيل الله فقد غزا، ومن خلف غازيا فى سبيل الله بخير فقد غزا)،[1] (هەرکەس ئامادەسازیەکانی موجاهیدێک لە ڕێی خوادا ئامادە بکات ئەوە وەک ئەوە وایە غەزای کردبێت، هەرکەسیش بە چاکی سەرپەرشتی ژن و منداڵی موجاهیدێکی ڕێی خوا بکات ئەوە وەک ئەوە وایە غەزای کردبێت).

سەبارەت بە کاتی مردنی رایەک دەڵێت: لە مەدینەو لە سەردەمی خیلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا مردووە، رایەکی تریش دەڵێت: لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکی تر دەڵێت: لە ساڵی حەفتاو هەشتی کۆچیدا و لە مەدینە وەفاتی کردووە، ئەوکاتیش تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵان بووە،[2] رایەک دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان لە کووفە کۆچی دوایی کردووە.[3]

١٣٧٤. زەیدی کوڕی خوڕەیم(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی خوڕەیمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عوبەید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، زەید دەڵێت: سەبارەت بە مەسح کردن لەسەر خوف پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (سێ رۆژ بۆ کەسێ لە سەفەر بێت، شەو و رۆژێکیش بۆ کەسێ لە شوێنی خۆی بێت).[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب فضل من جهز غازيا أو خلفه بخير، الرقم ٢٨٤٣؛ صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب فضل إعانة الغازي في سبيل الله، الرقم ١٨٩٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٣.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٤٤.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٤.

١٣٧٥. زەیدی کوڕی سەعنە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی سەعنەی ئیسرائیلیە، سەرەتا جوولەکە بوو و دواتر موسڵمان بوو.[١]

زەید دەڵێت: کاتێک سەیری موحەممەدم کرد، چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە نەبێت، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، منیش نەرمیم لەگەڵ دەنواند و خۆم لێ نزیک دەکردەوە بۆ ئەوەی تێ:ەڵی بکەم و بزانم ئەو نیشانەی تێدایە، ئەوەبوو جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە ژوورەکەی دەرچوو و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشی لەگەڵدا بوو، کابرایەکی دەشتەکی هات بۆ لای و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەڵکی فلانە گوند موسڵمان بوون و منیش وتوومە ئەگەر موسڵمان بن بەردەوام رۆزییان بۆ دێت، کەچی لەو کاتەوەی موسڵمان بوون قات و قڕی و نەبوونی رووی تێکردون و باران نابارێت بۆیان، منیش ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەترسم بەو بۆنەیەوە واز لە ئیسلام بهێنن، بەڵکو کەسێک بنێریت فریایان بکەوێت، پێغەمبەریش(ﷺ) تەماشای کابرایەکی کرد کە لەوێدا بوو وابزانم عومەر بوو، عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هیچ شتێکی لێ نەماوە، منیش لێی نزیک بوومەوەو وتم: ئەی موحەممەد پێت چۆنە بڕێ خورمای باخی فلانە کەسم لێ بکڕیت تا فلانە رۆژ ئینجا بەهاکەی وەرگرم لێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نا ئەی کابرای جوولەکە، من بڕێ خورمای دیاریکراوت لێ دەکڕم تا فلانە کات و ناوی باخی فلانە کەس نابەم)، منیش وتم: باشە، پێغەمبەر(ﷺ) خورماکەی لێ کڕیم و ناردی بۆ ئەو خەڵکەو فەرمووی: (خێرا بڕۆ بۆ لایان و بەوە فریایان بکەوە)، هێشتا

---
[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٦.

چەند رۆژێک مابوو بۆ ماوەکە، دوو یان سێ رۆژ مابوو، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەسپەردەکردنی تەرمی کابرایەکی پشتیوانی هاودەم بە ئەبووبەکرو عومەر و عوثمان ودەستەیەکی تر لە هاوەڵانی دەرچوو، دوای ئەوەی نوێژی لەسەر تەرمەکە کرد، لە دیوارێک نزیک بوویەوەو پاڵی پێوەدایەوە، منیش جلەکانم کۆکردەوەو بە دەموچاوێکی گرژەوە تەماشام دەکرد، دواتر وتم: ئەی موحەممەد ئەرێ مافەکەی خۆمم نادەیتەوە؟ من پێشتر تێکەڵی بنەماڵەی ئێوەم کردووەو نەمدیوە ئاوا دەستخەرۆی کەس بکەن، ئینجا تەماشای عومەری کوڕی خەتتابم کرد بینیم چاوەکانی پڕ بون لە فرمێسک و فرمێسک بەسەر کوڵمیەوەیەتی، بە خیسەیەکەوە تەماشای کردم و وتی: ئەی دوژمنی خوا چۆن قسەی وا بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەڵێیت؟ سوێند بەوەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە حەق ناردووە ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە بەم شمشێرەم دەمدا لە گەردنت، پێغەمبەریش(ﷺ) بە هێوری تەماشایەکی عومەری کرد و فەرمووی: (إنا كنا أحوج إلى غير هذا منك يا عمر، أن تأمرني بحسن الأداء، وتأمره بحسن التباعة، اذهب به يا عمر فاقضه حقه، وزده عشرين صاعا من غيره مكان ما رعته)، (ئەی عومەر ئێمە پێویستمان بە هەڵوێستی تری تۆ هەیە، دەبێت فەرمانم پێبکەیت چاک قەرزەکەم بدەمەوەو فەرمان بەویش بکەیت بە جوانی داوای قەرزەکەی بکاتەوە، ئەی عومەر بیبە و مافەکەی بدەرەوە و بیست صاعیش زیاد لەوەی بدەرێ لەبەرامبەر ئەوەی وا ترساندت)، ئینجا عومەر منی برد و قەرزەکەی دامەوەو بیست صاعیش زیادەی پێدام، منیش وتم: ئەو زیادەیە چیە؟ وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم تا بەرامبەر بەوەی تۆم ترساند ئەم زیادەت بدەمێ، منیش وتم: ئەی عومەر من دەناسیت؟ وتی: نا، تۆ کێیت؟ وتم: من زەیدی کوڕی سەعنەم، وتی: زانا جوولەکەکە؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئە بۆچی وات وت: بە پێغەمبەر(ﷺ) و وا لەگەڵیدا هەڵوێستت نواند؟ وتم: ئەی عومەر من چی ئاماژەو نیشانەی پێغەمبەرایەتی هەبوو لە

دەموچاوی موحەممەددا بەدیم کرد، تەنها دوو نیشانە مابوو، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی کە دەبوو لەسەرخۆیی و داناییەکەی پێش نەزانی بکەوێت و نەفامی نواندن بەرامبەری دانایی و نەرمونیانی ئەو زیاتر بکات، بۆیە بۆ ئەو دوانە هەوڵمدا تا بزانم ئەوانەشی هەیە؟ دەی عومەر تۆ بەشایەت دەگرم وا من رازیم خوا پەروەردگارمەو ئیسلام ئایینمەو موحەممەدیش پێغەمبەری خوایە، بەشایەتت دەگرم نیوەی سامانەکەم دەکەم بە خێر بۆ ئوممەتی موحەممەد(ﷺ)، عومەر وتی: بڵێ بۆ بەشێک لەو ئوممەتە چونکە فریای هەموو ئەو ئوممەتە ناکەویت، منیش وتم: بەشێک لەم ئوممەتە، ئینجا عومەر و زەید پێکەوە گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر خوا(ﷺ) و زەید لە خزمەتیدا شایەتومانی هێنا، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بەشداری چەندین غەزای کرد، دواجار لە غەزای تەبووکدا لە رێی هاتنەوەیاندا کۆچی دوایی کرد.[1]

پەندو وانە

بەراستی کاتێک موسڵمانی ژیری ئەمڕۆ ئەم فەرموودەیە دەخوێنێتەوەو لە بار و رەوشتی ئەمڕۆی موسڵمانانیش رادەمێنێت، دەگمەنە ئەگەر ئارەقەی شەرم و ئاهی خەمی لاساری موسڵمانانی ئەمڕۆ بەخۆوە نەبینێت، موسڵمانانێک پێغەمبەرەکەیان ئەمە بەسەرهاتی بێت و قورئان رێنموونییان بکات بەوەی ببنە رەحمەت بۆ هەموو مرۆڤایەتی، کەچی نەک بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەڵکو بۆ خودی خۆیان بوونەتە خۆرەی یەکدی و شکێنەری بێویژدان، بڕوانە پێغەمبەر(ﷺ) چۆن هێندە نەرمی و رووخۆشی نواندووە بۆ کابرایەکی جوولەکە کە ویستوویەتی لێی نزیک بێتەوە، تەنانەت لە کاروباری بانگەوازەکەیدا لەگەڵیدایە و ئاگادارە، بڕوانە چۆن پێغەمبەر(ﷺ)

[1] صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - باب الصدق والأمر بالمعروف والنهي عن المنكر - ذكر الاستحباب للمرء أن يأمر بالمعروف من هو فوقه ومثله ودونه في الدين والدنيا إذا كان قصده فيه النصيحة دون التعيير، الرقم ٢٨٨؛ قال الحافظ ابن حجر في الإصابة: رجال الإسناد موثوقون.

مامەڵەیەکی ماددی دەکات لەگەڵ جوولەکەیەک، تا ەو هەنگاوەی پێشنیازەکەی حەلاڵە لەگەڵیدا دەروات، لەکوێدا کێشە دروست بکات رێ راستەکەی بۆ دەخاتەڕوو، بڕوانە پێغەمبەر(ﷺ) چۆن بارگرانی لەسەر خۆی دروست کردووە بۆ فریاکەوتنی کەسانێک کە هێشتا بە چاوەکانی نەیدیون، پاشان بڕوانن بۆ سادەیی ژیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە هەرچەندە هەم پێشەوای قیامەت و هەم سەرکردەی دنیاییش بووە، کەچی لە بوارە ئاساییەکانی ژیانی کۆمەڵگەکەی کەناری نەگرتووە، بۆ ئەسپەردەی تەرمی مردوویەک پێغەمبەر(ﷺ) ئامادە دەبێت، نەک بە بیانووی کاری تری پێویست خۆی لە کۆمەڵگەکەی داببڕێت.

کەسانێکی زۆر هەن بەداوی راستیدا دەگەڕێن و هێشتا موسڵمان نەبوون و رێنموونی وایان بۆ نەبووە، یان هێشتا لە سەرەتای رێدان، هەندێ جار ئەو کەسانە پێوەرەێکیان بۆ راستی رێگاکە تاقیکردنەوەو خستنەژێر چاودێری کەسە کاراکانی بانگەوازەکەیە، بۆیە زانایان و کەسانی کارای ناو بانگەوازی ئیسلامی زۆر گرنگە جیا لەوەی وەک موسڵمانێک دەجووڵێنەوە، وریابن بزانن ئەوان وێنای ئیسلام دەنوێنن لە چاوی کەسانێکەوە، لەوانەیە دەرنەچوونی زانایەک کە لەلایەن تاکێکی ناموسڵمان یان گرووپێک یان دەستەیەکەوە خراوەتە بەر تاقیکردنەوە، ببێتە بەربەستی بەردەم موسڵمانبوونی ئەو کەسانە.

پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەو بارە سەختەدا کە قەرزارەو خاوەن قەرزەکەشی ناموسڵمانەو هاتووە ستەمی لێدەکات، لەو روانگەوە کە وادەشکێنی کردووە تا یان دەروونی بشکێنێت یان شکۆی لەناو خەڵکدا بزڕێنێت (ئەمە لە دیدە رووکەشیەکەوە نەک لە نیازی ناو ناخی زەیدەوە)، کەچی لەو ساتەدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەرفەت نادات یەکێک لە خۆشەویستترین هاوەڵەکانی و خەزوور و کەسی نزیکی کە عومەی کوڕی خەتتابە، هیچ زبریەک بنوێنێت

بەرامبەر بەو رەقیەی کە ئەو جوولەکەیە نواندوویەتی، بەڵکو رێی راستی نیشان دەدات کە سەرخستنی موسڵمان ئەوەیە رێی راستی نیشان بدەیت نەک ئەوەی بەرامبەرەکەی بشکێنیت، وەک لە فەرمووودەدا هاتووە(براکەت سەربخە ستەمکار بێت یان ستەملێکراو، ئەگەر ستەمی لێکرا سەری بخە، ئەگەریش ستەمی کرد رێی ستەمەکەی لێبگرە)، بەڵکو ئەوە فێری عومەر و هەر موسڵمانێک دەکات کەنارخستنی زبری نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەو رێنموونی هەردوولا بەرەو هەڵوێست و ئاکارنوێنی جوان بەرامبەر بە یەکدی رەواترە.

ئەمە بنەمایەکی گرنگە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) کە لەو سەردەم و لەو بارەدا قەرەبووی زیانی دەروونی کردووەتەوە، ئەمەش لەم سەردەمەشدا دەگمەنە نەک بۆ ئەو سەردەمە، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ترسانی تاکێکی جوولەکە لە دارایی موسڵمان قەرەبووی ماددی دەبەخشێت هەرچەندە تاکە جوولەکەکە سەرەتای هەنگاوەکەی نایاسایی بووە، چونکە هێشتا وادەی داواکردنەوەی قەرزەکەی نەهاتبوو، ئایا هیچ دەوڵەت و دەستەیەکی ناو جیهانی ئیسلامی لەمرۆدا نموونەی لەم شێوەی هەیە؟!

١٣٧٦. زەیدی کوڕی سەهل(ئەبووطەلحەی ئەنصاری)(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی سەهلی کوڕی ئەسوەدی کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووطەلحەیە و زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە،[١] دایکی ناوی عوبادەی کچی مالیکە.[٢]

ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموسولەیم، ئەم ژنەی هۆکاری موسڵمانبوونی بوو.[٣]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٧.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٠٤.
[٣] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر وصف تزوج أبي طلحة أم سليم، الرقم ٧١٨٧.

زەید کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەمر کە بە منداڵی وەفاتی کرد و پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی لەسەر کرد،[1] کوڕێکی تری هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، ئەم منداڵە پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا و نزای بۆ کرد.[2]

زەید یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[3]

هاوسەرگیری زەید

زەید کە داوای ئوممومسولەیمی کرد هێشتا موسڵمان نەبووبوو، ئوممومسولەیم وتی: کەسی وەک تۆ هی ئەوە نیە جواب بکرێت، بەڵام من ئافرەتێکی موسڵمانم و تۆیش کەسێکی بێباوەڕیت و بۆ من حەڵاڵ نیە شوو بکەم بە تۆ، ئەگەر موسڵمان بیت ئەوە مارەییەکەشم دەبێت و داوای هیچ مارەییەکی ترت لێناکەم، ئەوەبوو زەید موسڵمان بوو،[4] زەید چوو بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ) کە لەناو هاوەڵانیدا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەبووطەلحە دێت بۆ لاتان و تارمایی ئیسلام بەنێوچاوانیەوەیەتی)، زەید هات و وتەکانی ئوممومسولەیمی بۆ باسکرد و لەسەر ئەوە ئوممومسولەیمی مارە کرد،[5] دوای ماوەیەک ئوممومسولەیم سکی بوو و منداڵێکی بوو، زەید زۆر ئەو منداڵەی خۆشدەویست، بەڵام منداڵەکە نەخۆش کەوت، زەید زۆر زۆر خەفەتی بۆ دەخوارد، زەید بەیانی و ئێوارە دەچوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، جارێک دوای ئێوارە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کەچی منداڵەکە وەفاتی کردبوو، ئوممومسولەیم منداڵەکەی بۆنخۆش کرد و جوان شۆردی، کە زەید هاتەوە وتی: کوڕەکەم چۆنە؟ ئەویش وتی: باشەو

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٥، ص ٦٨.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٥، ص ١٥.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٧.

[4] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر وصف تزوج أبي طلحة أم سليم، الرقم ٧١٨٧.

[5] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الجنائز - جماع أبواب البكاء على الميت - باب الرغبة في أن يتعزى بما أمر الله تعالى به من الصبر والاسترجاع، الرقم ٧٢٣٠.

لەو کاتەوەی نەخۆش بووە هیچ شەوێک هێندەی ئەمشەو هێور و ئارام نەبووە، زەیدیش سوپاسی خوای کرد و بەوە زۆر دڵخۆش بوو، نانی خوارد و ئومموسولەیمیش بۆنی خۆشی دا لە خۆی و دەچوو بە دەوری زەیددا تا ئەوەی زەید لەگەڵی سەرجێی کرد، دوای هەموو ئەوانە ئینجا ئومموسولەیم پێی وت: ئەگەر دراوسێکەت شتێکت بداتە لا و تۆیش سوودی لێ ببینیت و دواتر بیەوێت لێت وەربگرێتەوە تۆ چی دەکەیت؟ زەید وتی: وەڵا بۆی دەگێڕمەوە، ئومموسولەیم وتی: لە ناخی دڵتەوە بۆی دەگێڕیتەوە؟ وتی: بەڵێ بە دڵنیاییەوە، ئومموسولەیم وتی: دەی خوای گەورە کوڕێکی دایە لات و تۆیش بەشی خۆت خۆشیت لێ بینی، دواتر منداڵەکەت کۆچی دوایی کرد، بۆیە خۆڕاگر بە و لای خوا چاوەڕێی پاداشت بە، زەیدیش بێتاقەت بوو، بەڵام خۆڕاگری نواند، بۆ بەیانی چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بە وردی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) فەرمووی: (خوا بەرەکەت بخاتە ئەمشەوتانەوە)، ئەوەبوو بەو سەرجێیە ئومموسولەیم سکپڕ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە زەیدی فەرموو ئەگەر ئومموسولەیم منداڵەکەی بوو بیهێنە بۆم، کە منداڵەکەی بوو زەید منداڵەکەی بە پارچە قوماشێک پێچایەوەو بردی بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) خورمایەکی هێنا بە لێوەکانیدا و خستیە دەمیەوەو منداڵەکەش دەیمژی، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا و نزای خێری بۆ کرد.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینەو برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان زەیدی کوڕی سەهل و ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمەوە.[2]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر وصف تزوج أبي طلحة أم سليم، الرقم ٧١٨٧.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٤٤.

زەید لە غەزاکاندا

زەید یەکێکە لەو هاوەڵانەی هەر لە غەزای بەدرەوە تا دوا غەزا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەشداری کرد.[1]

زەید لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، خۆی دەڵێت: یەکێک بووم لەوانەی کە لە غەزای بەدردا خەوەنوچکە بردمیەوەو شمشێرەکە لە دەستم دەکەوتە خوارەوەو هەڵمدەگرتەوەو هەمدی دەکەوتە خوارەوەو هەڵمدەگرتەوە.[2]

زەید لە جەنگی ئوحوددا بەشداری کرد، لە غەزاکەدا لەبەردەم پێغەمبەری خوادا(ﷺ) تیری دەهاویشت، پێغەمبەریش(ﷺ) لە دوایەوە بوو و قەڵغانی بۆ گرتبوو، کاتێک تیرێکی دەهاویشت پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز دەکردەوەو تەماشای دەکرد بزانێت تیرەکە کوێی گرتووە، زەیدیش سەرسنگی خۆی بەرز دەکردەوەو دەیوت ئابەوجۆرە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم، تیرت بەرنەکەوێت، سنگم دەکەمە قەڵغان بۆت، ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من زۆر جیرو بەهێزم، چی ئیشێکت هەبوو فەرمانم پێ بکە.[3]

ئەم ڕووداوەش دوای ئەوەبوو کە موسڵمانان شکستیان خوارد و چواردەوری پێغەمبەر(ﷺ) چۆڵ بوو و ژمارەیەک لە دەوری مانەوە، یەکێکیان زەید بوو، هەرکەس تیری پێ بوایە جیی دەهێشت بۆ زەید، هێندە تیری وەشاند کە دوو یان سێ کەوانی شکاند.[4]

زەید هاودەم بە خۆی ئومموسولەیمیشی بردبوو بۆ غەزای ئوحود، لەو کاتەدا کە موسڵمانان بریندارییان زۆربوو، عائیشەی خێزانی پێغەمبەر(ﷺ) و

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٠٤.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر أبي طلحة الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٤٥٦٢، صححه شعيب الارناؤوط، وفي رواية البخاري كتاب تفسير القرآن - سورة آل عمران - باب قوله أمنة نعاسا، الرقم ٤٥٦٢ قال في يوم أحد. والنعاس كان في غزوة بدر.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٤٢٧٤، صححه شعيب الارناؤوط.

[4] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة النساء مع الرجال، الرقم ١٨١١.

ئوممومسولەیمی خێزانی زەید جلەکانیان کەمێک هەڵکردبوو و خێرا دەچوون بە کونەو گۆزە ئاویان دەبرد بۆ موسڵمانان و بە کۆڵ ئاویان دەبرد.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی دەفەرموو (لَصَوْتُ أَبِي طَلْحَةَ فِي الْجَيْشِ خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ رَجُلٍ) (دەنگی ئەبوو طەلحە لە سوپادا باشترە لە هەزار پیاو).[2]

ئەنەس دەڵێت: لە غەزای خەیبەردا بووین، لەگەڵ زەیددا پێکەوە لەسەر یەک سوار بووین، پێغەمبەر(ﷺ) بە کۆڵانەکانی خەیبەردا دەگەڕا و منیش هێندە نزیک بووم لێیەوە کە جەستەم بەر جەستەی دەکەوت.[3]

ئەنەس دەڵێت: کاتێک بەرەو مەدینە دەگەڕاینەوە، پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ صەفییەدا لەسەر وشترێک بوون، لە نێوەی رێدا وشترەکە وەستانێکی کتوپڕی کردو پێغەمبەر(ﷺ) و صەفیەش کەوتنە خوارەوە، زەید خێرا لەسەر وشترەکەیەوە خۆی فڕێ دایە خوارەوەو چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوا بمکا بە قوربانت، هیچت بەسەر نەهاتووە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نا، بەڵام فریای ژنەکە بکەوە)، ئەویش خێرا جلەکەی خۆی دا بەسەر دەموچاوی صەفیەدا و صەفیە هەستایەوە سەرپێ، زەید وشترەکەی وەستاند بۆیان تا هەردووکیان سەرکەوتنەوە.[4]

زەید هاودەم بە ئوممومسولەیمی خێزانی بەشداری غەزای حونەینیش بوو، ئەنەس دەڵێت: ئوممومسولەیم لەوێ خەنجەرێکی بەدەستەوە بوو، زەید چوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئوممومسولەیم خەنجەری پێیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) بە ئوممومسولەیمی فەرموو ئەو خەنجەرە چییە؟ ئەویش وتی: بۆ ئەوەی هەر بێباوەڕێک لێم نزیک بوویەوە بەم خەنجەرە سکی هەڵدڕم،

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة النساء مع الرجال، الرقم ١٨١١.

[2] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي طلحة زيد بن سهل الأنصاري(ﷺ) - لصوت أبي طلحة في الجيش خير من ألف رجل، الرقم ٥٥٤٩، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[3] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب ما يذكر في الفخذ، الرقم ٣٧١؛ صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب فضيلة إعتاقه أمته ثم يتزوجها، الرقم ١٣٦٥.

[4] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب ما يقول إذا رجع من الغزو، الرقم ٣٠٨٦.

پێغەمبەریش(ﷺ) پێدەکەنی.[1]

لە غەزای حونەیندا زەید هێندە بە سەختی جەنگی کرد کە بیست بێباوەڕی کوشت.[2]

گوێڕایەڵی زەید بۆ فەرمانی خوا

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: من لە ماڵی زەید بووم کە لەوێ مەیم دەگێڕا بۆ خەڵکی، هێشتا مەی حەرام نەکرابوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە کەسێک هاواری دەکرد وریابن وا مەی حەرام کرا، خێرا زەید هەستاو وتی: بڕۆ ئەو مەیە بڕژە، منیش چووم و رشتم.[3]

خۆشەویستی زەید بۆ پێغەمبەر(ﷺ)

ئەنەس دەڵێت: کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەدینە خزمەتکاری نەبوو، زەید دەستی منی گرت و منی بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەنەس منداڵێکی ژیر و وریایە، با خزمەتت بکات، ئیتر منیش هەمیشە لە خزمەتیدا دەبووم.[4]

ئەنەس دەڵێت: جارێک زەید هاتەوە ماڵەوەو بە ئومموسولەیمی وت: دەنگی پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەنگی کز بوو، وا هەست دەکەم برسی بێت، هیچمان نیە لە ماڵەوە؟ ئومموسولەیم وتی: با، ئەوەبوو بڕێک گەنمی دەرکرد و نانی پێ دروست کرد و بە لەچکەکەی نانەکەی پێچایەوەو خستیە ژێر باڵم و ناردمی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەنەس دەڵێت: چووم دەبینم پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتە و خەڵکی لەگەڵە، چووم بۆ لایان، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم (ئەرێ ئەبوو طەلحە تۆی نارد؟) وتم: بەڵێ، فەرمووی: (خواردنی پێدا ناردویت؟) وتم: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) بەوانەی دەوری فەرموو هەستن، خەڵکەکە چوون و منیش چوومەوە بۆ لای

[1] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب النساء الغازيات يرضخ لهن ولا يسهم والنهي عن قتل صبيان أهل الحرب، الرقم ١٨١٢.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الغنائم وقسمتها - ذكر ما يستحب للإمام أن يقول عند التحام الحرب بأن سلب القتيل يكون لقاتله، الرقم ٤٨٣٦، صححه شعيب الارناؤوط.

[3] صحيح البخاري - كتاب المظالم - باب صب الخمر في الطريق، الرقم ٢٤٦٤.

[4] صحيح البخاري - كتاب الديات - باب من استعان عبدا أو صبيا، الرقم ٦٩١١.

زەید و هەواڵم پێدا، ئەویش وتی: ئەی ئومموسولەیم وا پێغەمبەر(ﷺ) دێت و ئەو خەڵکەش لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ئێمەش هیچمان نیە دەرخواردیان بدەین، ئوممسولەیم وتی: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، زەید چوو تا گەیشتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە زەید هاتەوەو فەرمووی: ئادەی ئوممسولەیم چیت لایە بیهێنە، ئەویش نانەکەی بۆ برد، ئینجا ئوممسولەیم لە قاپێکدا خواردنێکی هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) هێندەی خوا بیەوێت فەرمایشتی فەرموو و دواتر فەرمووی: دە کەس مۆڵەت بدە بێنە ژوورەوە، دە کەس هاتنە ژوورەوەو تێران خوارد و چوونە دەرەوە، دواتر فەرمووی: مۆڵەتی دە کەسی تر بدە بێنە ژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو تێریان خوارد و چوونە دەرەوە، بەوجۆرە هەموویان تێریان خوارد کە هەموویان حەفتا یان هەشتا کەس دەبوون.[1]

کاتێک یەکێک لە کچەکانی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) لەلای گۆڕەکەی بوو و چاوەکانی فرمێسکیان دەڕشت، فەرمووی: (کەس لەئێوە هەیە ئەمشەو سەرجێی نەکردبێت؟) زەید وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دەی دابەزە)، زەید دابەزیە ناو گۆڕەکەی کچەکەی پێغەمبەری خواوە(ﷺ)و تەرمەکەی دابەزاندە ناو گۆڕەکەوە.[2]

زەید زۆر لە نزیک پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بوو و خۆی دوورنەدەگرت، ئەنەس دەڵێت: کە پێغەمبەر(ﷺ) سەری دەتاشی یەکەم کەس کە مووەکانی هەڵدەگرت (ئەبووطەلحە) زەید بوو،[3] بۆیە پێغەمبەریش(ﷺ) زیاتری مووەکانی بەو دەبەخشی، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە حەجدا مووەکانی سەری تاشی، مووەکانی لای راستی سەری دابەش کرد بەسەر ئەوانەی دەوروبەریدا، بەڵام هەموو مووەکانی لای چەپی بەخشی بە زەید.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٥٧٨؛ صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب جواز استتباعه غيره إلى دار من يثق برضاه بذلك، الرقم ٢٠٤٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب قول النبي(ﷺ) يعذب الميت ببعض بكاء أهله، الرقم ١٢٨٥.

[3] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب الماء الذي يغسل به شعر الإنسان، الرقم ١٧١.

[4] صحيح مسلم - كتاب الحج - باب بيان أن السنة يوم النحر أن يرمي ثم ينحر ثم يحلق، الرقم ١٣٠٥.

بەخشندەیی زەید

زەیـد لـە مەدینـە باخێکـی دارخورمـای هەبـوو کـە بەرامبـەر بـە مزگـەوت بوو، زەید لە هەمووان زیاتر باخەخورمای هەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو بۆ ناو ئەو باخەی و لەوێ لەو کانیاو و بیرەی تیایدا بوو ئاوی دەخواردەوە، کاتێک خـوای گـەورە ئایەتـی دابەزانـد (لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون)، زەیـد چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاندووەو منیش ئەو باخەم کە ناسراوە بە بەیروحاء لە هەموو سامانێکم لام خۆشەویستترە، وا دەیکەمە خێر لەرێی خوادا و هیوام وایە لای خوا پاداشتەکەی وەربگرمەوە، دەی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوا چۆنی پێ باشە ئاوای لێ بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (بەخ، ئەوە سامانێکی بەقازانجە، من بیستم چیت وت: و پێم باشە دابەشی بکەیت بەسەر خزم و نزیکاندا)، زەید وتی: وادەکەم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئەوەبوو دابەشی کرد بەسەر خزم و نزیکانیدا.[1]

میوانداری زەید و ئوممو سولەیم

جارێک کابرایەک هات تا لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) بمێنێتەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ماڵەوە هیچی نەبوو، بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو رەحمەت لەو کەسەی میوانداری ئەم کەسە دەکات، ئەبووطەلحە هەستاو وتی: من،[2] کابرای بردەو ماڵەوە، بە ژنەکەی وت: رێزی میوانی پێغەمبەر(ﷺ) بگرە، ژنەکەی وتی: تەنها خواردنی منداڵەکانمان هەیە، زەید وتی: دەی خواردنەکە ئامادە بکەو چراکە بکوژێنەرەوەو منداڵەکان بخەوێنە، ئەویش نانەکەی ئامادە کرد و منداڵەکانی خەواند و چوو دەستکاری چراکەی کرد بەو بیانووەی چاکی دەکات و کوژاندیەوە، بەوجۆرە وایان لە میوانەکە تێگەیاند کە ئەوانیش نان

[1] صحيح البخاري - كتاب الزكاة - باب الزكاة على الأقارب، الرقم ١٤٦١؛ صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب فضل النفقة والصدقة على الأقربين والزوج والأولاد والوالدين، الرقم ٩٩٨.

[2] صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب إكرام الضيف وفضل إيثاره، الرقم ٢٠٥٤.

دەخۆن، بۆ بەیانی کە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ضحك الله الليلة –أو عجب- من فعلتكما)، (خوا ئەمشەو پێکەنی –یان خوا ئەمشەو سەرسام بوو- لە کردەوەی ئەو دوانەتان)، خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ).[1]

زەید دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)

زەید دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و نزیکەی بیست و ئەوەندەساڵی بردەسەر،[2] ئەو ماوەیەشی بە جیهادی سەنگەرەکان و شەونوێژی شەوان و رۆژووگرتنی رۆژان بەسەربرد، دواجاریش لەرێی جیهاد و لە نێوەندی ئاو و دەریاکاندا وەفاتی کرد.

ئەنەس دەڵێت: زەید تا لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) بوو رۆژووی سوننەتی نەدەگرت، ئەویش لەبەرئەوەی بەردەوام بەشداری غەزای دەکرد، بەڵام دوای سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) مەگەر لە جەژنەکاندا بمدیبا بەرۆژوو نیە.[3]

لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە ئیتر زەید تەمەنی زۆر بوو، منداڵەکانی پێیان دەوت باوکە تۆ لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەریشدا جیهادت کردووە، دەی ئیتر ئێستا دابنیشە، ئێمە لە بری تۆ جیهاد دەکەین، بەڵام ئەو رازی نەبوو و چوو بۆ جیهاد تا لە دەریادا و لە رێی جیهاددا وەفاتی کرد، تا حەوت شەو و رۆژ دوورگەیەکیشیان دەست نەکەوت تا تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن، کەچی تەرمەکەی تێکنەچوو.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب قول الله ويؤثرون على أنفسهم ولو كان بهم خصاصة، الرقم ٣٧٩٨.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٩.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب من اختار الغزو على الصوم، الرقم ٢٨٢٨.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٣٤.

سەبارەت بە ساڵی وەفاتی رایەک دەڵێت: لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکی تریش دەڵێت: لە ساڵی سی و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی پەنجاو یەکی کۆچیدا بووە.[1]

پەندو وانە

پێویستە ئافرەتانی ئەمڕۆ پەندو وانە لە ئومموسولەیم وەربگرن، ئەو ئافرەتەش هەروەک ئەمان تاسەی ژیانی هەبووەو حەزی بە خۆشیەکانی ژیانی دنیا کردووە، وەک هەر ئافرەتێکی تر دەیان خەیاڵ و خەونی بۆ داهاتووی ژیانی هەبووە، بەڵام هاتووە چاکترین کرەستەی خاوی بۆ بنیادی بینای ژیانی هەڵبژاردووە کە ئەیوش بریتیە لە ئیمان، ئیتر لە ئیمانەوە سەدان وێنەی جوانی ژیان دروست دەکات، ئەوەتا هەموو مارەییەکەی تەنها ئەوە داوا دەکات ئەو داواکارەی موسڵمان بێت و بەس، نە ئەوەبوو بە قسەی رەق داواکارەکەی جواب بکات، بەڵکو پێی وت: کەسی وەک تۆ هی جواب کردن نیە، تا لەلایەکەوە دڵی داواکارەکەی راگیر بکات، لەایەکی ترەوە نیشانی بدات کە ئەو چاکەو جوانی زۆری هەیەو کەموکورتیەک ماوە لەو جوانیەیدا کە ئەویش بریتیە لە ئیمان، هاوکات داواکاریە ماددیەکانی کەنارخست تا بارگرانی دروست نەکات بۆ داواکارەکەی چونکە بڕیارە یان پێکەوە بنێن نەک بنەونە مەرج دانان بۆ یەکدی، بەرامبەر بەوەش زەید مەردانە وەفای نواند بە بەڵێنەکەی و بەراستی موسڵمان بوو، چونکە چ زیانێک دەکات لە موسڵمانبووندا؟! هەموو رێنماییەکانی ئیسلام لە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵگەدان، ئاخۆ ئیسلام پێی دەوت ئەی زەید چاک بە لەگەڵ دەوروبەرت، نەرمونیان بە، با هەموو کەس لە دەست و دەم و داوێنت دڵنیا بێت، ئەوەی پاک و چاکە بۆت رەوایەو خۆتی لێ بێبەش مەکە، ئەوەی پەستی و زیان و ناشیرینیە خۆتی لێ دووربگرە، بەختەوەر بژی،

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٣٤.

پاش هەموو ئەمانەش ئەمە تەنها پشکی بچووکی دنیاتە، دوارۆژت نەبڕواەو چاوەڕوان نەکراوە لە بێوێنەیی خۆشگوزەرانیدا، جا هەرکەس وا عاقڵانە بڕوانێت بۆ موسڵمان بوون بەختەوەری پێ دەست دەکەوێت، ئەی ئایا گەنجانی ئەمڕۆ وانە؟ ئایا کچانی ئەمڕۆ لەبری ئیمان پێشوەختە چاویان لە چیە؟ ئایا کوڕەکە قۆزە، کوڕەکە مووچەی هەیە؟ خانووی هەیە؟ بڕوانامەی چیە؟ دەیان داخوای لەو جۆرە، ئینجا ئەگەر ئەمانەی هەبوو هەندێ ئافرەت مەرجی ئیمان و رەوشت دوای ئەمەش باس دەکەن، هەندێکی تریان دەڵێت: قەیناکا ئەو شتانەی تری هەبێت ئیمان و رەوشتەکەی چاک دەکەم، بەلام ئەگەر ئیمان و رەوشتەکەی هەبێت و ئەوانەی تری نەبێت، ئامادە نیە بڵێت قەیناکە ئەوانی تر دەست دەکەون، دەگمەنن ئافرەتانێک لەمڕۆدا وێنەی ئوممووسولەیم بڕواننە ژیانی هاوسەرێتی.

هەر بەخششێک لەم ژیانەی دنیاماندا پێمان دراوە بەخششی خوایە، ئەمانەتەو هی خۆمان نیە، جا بێشەرمیە کەسێک ئەمانەتی کەسێکی لابێت و ماوەیەکی زۆر لێی سوودمەدن بووبێت، کەچی کاتێک خاوەنەکەی داوای بکاتەوەو بیباتەوە، لەبری دەستخۆشی بۆ ئەو یارمەتیەی ماوەی پێشوو و رازی بوون بەوەی ئەو خاوەن موڵکەکەیە، کەچی بنەوێتە تانەدان و گلەیی و نارەزایی دەربڕین، دەی خوای گەورە خاوەنی هەموو بەخششەکانەو بەرامبەر بەوە ئێمە هیچمان نیە بۆ خودا، پەرستشەکەشمان بۆ خودی خۆمانە، جا کاتێک خوا لەنێو هەزاران خەلاتدا خەلاتێکمان لێ وەربگرێتەوە، جا ئیدی چ شەرمەزاریەکە نارازی بین، هاوکات ئەو راستیەش لەبەرچاوان ون نابێت کە مرۆڤ ناتوانێت بە لێسەندنەوەی ئەو ئەمانەتە دڵتەنگ نەبێت، بەڵکو پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک ئیبراهیمی کوڕی یان روقییەی کچی لێدەسەنرێتەوە دەگریت و فرمێسک دەڕژێت، نەک بۆ نارەزایی، بەڵ:و تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویست، بۆیە خۆڕاگربوون

بەرامبەر بەو لێسەندنەوەیە پاداشتی نەبڕاوەی هەیە لای خوا، ئەو لێسەندنەوەش تاقیکردنەوەی خواییە، وەک خوای گەورە دەفەرمویت: (وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنْفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ (١٥٥) الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ (١٥٦) أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ) جا سەد جار بەختەوەری بۆ کەسێک بتوانێت خۆڕاگر بێت، ماڵوێرانی بۆ ئەوەی نارەزایی دەربڕێت.

ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتووی نێو ژیانی هاوسەریتی زۆر گرنگە، بڕوانن لەو ئاستە ناوازەیەی ئومموسولەیم، دەزانێت مێردەکەی ماندووە، ماندووی ماوەیەکی زۆری نەخۆشی کوڕەکەی، ماندووی چوونەدەرەوەو لە رێی دوورەوە هاتنەوە، هەروەها دەروونی زۆر لە ناسکترە بۆ ئەو بارەی کوڕەکەیان، بۆیە رەچاوی ئەو هەموو حاڵەتانەی دەکات، سەرەتا مەسەلەکەی لێ دەشارێتەوە، دواتر خوانێک هاودەم بە قسەو رووخۆشی، پاشان خۆ بۆ رزاندنەوەی و سەرجێی لەگەڵ کردنی، دواتر کە باری تێربوونی جەستەیی خۆراکی و جنسی و تێربوونی رۆحی مێردەکەی دەبینێت، ئینجا دێت ئیش لەسەر ئەوە دەکات چۆن قەڵغانی بەرگەگرتنی موصیبەتی مەرگی کوڕەکەیان لای مێردەکەی دروست بکات و بە قسەی ژیرانە تێیدەگەیەنێت، بەرامبەر بەوە نزای پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەدەست دەخات، نزایەک کە بەرەکەت لە خوا داوا دەکات بۆیان، پاشان بڕوانە هەمان ئافرەت کاتێک مێردەکەی میوانێک دێنێتەوە ماڵەوە، چ جۆرە هەڵوێستێکی دەبێت، هەڵسوکەوتێک دەنوێنێت کە میوانەکە بەهیچ جۆرێک هەست بە نائارامی دەروونیش نەکات لەبەرامبەر زانینی راستیەکی ژیانی ئەو خێزانە کە هەژاریە، هەژاری خۆیان دەشارێتەوە لەپێناو ئارامی میوانی پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، باجدان بە خود لەپێناو خۆشحاڵکردنی بەرامبەردا، ئەمەیە ئەو کۆمەڵگەیەی کە

ئیسلام دروستی دەکات، هەروەها ئەم ژنە کە لە ژیانی خێزانداریدا هێندە ورد و رۆشنبیرە، سیفەتی مێینەو نەرمی نەرمی ئافرەتانەی خۆی بەخشیوە بە مێردەکەی و سیفەتی کەیبانوو و خانمی ماڵی بەخشیوە بە میوانانێک کە دێنەماڵیان، لە دەرەوە خاتوونێکی هەڵکەوتەو کارایە، هاودەم بە مێردەکەی بەشداری غەزاکان بووە، لە غەزای ئوحود و حونەین و چەندین غەزا تردا بەشدار بووە، هەم بە رازیکردنی مێردەکەی سەودای کڕینی بەهەشتی دەکرد، هەم بە بەشداری لە غەزاکان و سەرخستنی پەیامی خوادا هەمان سەودای دەکرد.

هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بەرامبەر بە حەرامەکان زۆر وریا بوون و زۆر بە گەرمی چون بە دەم بانگەوازی پێغەمبەرەکەیانەوە(ﷺ)، ئەوەتا هێشتا جامی مەیەکەیان بەدەستەوەیە و دایاننەناوە کە هاوار دەکرێت حەرامە، ئیتر قومێکی تری لێ ناخۆن، نەک ئەوەی بڵێن جارێک با بەدواداچوونی بۆ بکەین و بزانین چۆنە، وەک ئەوەی لەمڕۆدا دەبینین موسڵمانانێک بۆ حەڵاڵکردنی حەرامێک یان خۆیان دەبنە موفتی، یان دە رێی جیوازا دەگرنەبەر تا ئینگەو ئەگەرێک پەیدا بکەن بۆ شەرعاندنی.

بەخشین کۆڵەکەیەکی گرنگی بنیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیە، قورئان و فەرمووودەش زۆر جەختیان لەو بوارە کردوەتەوە، چەندێتی و چۆنێتی بەخشین، بەکێ بەخشین، نیازی بەخشینەکە، چۆنێتی ئاشکرا و پەنهانی بەخشینەکە، چی بەخشین، هەموو ئەمانە بە جوانی لە قورئان و فەرموودەدا روونکراونەتەوە، رۆشنبیریەکی ورد لەو بارەیەوە هاتووە کە زۆر جار جیا لە ئەرکی حکوومەت لەرێی پەیڕەوی ئەم بنەمایەوە لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەشێکی زۆر لە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان چارەسەر دەبن، نموونەی ئەوەش ئەو بەخشینەی زەیدە کە چاکترین و خۆشەویستترین سامانی خۆی دەبەخشێت لەپێناو خوادا.

١٣٧٧. زەیدی کوڕی سوراقە(ﷺ)

ناوی زەیدی کوڕی سوراقەی کوڕی کەعبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە ساڵی پانزەی کۆچی و لە جەنگی جیسر ئەبوعوبەید لە قادسیەدا شەهید بوو.[١]

١٣٧٨. زەیدی کوڕی صامت(ﷺ)

ناوی زەیدە، یان دەوترێت ناوی یەزیدە، سەبارەت بە ناوی باوکی دەوترێت ناوی صامتە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ناوی نوعمان بووە، کونیەکەی ئەبوو عەییاشی زورقیە، زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە.[٢]

ئەبووعەییاش دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە لە عوسفان بوو، بێباوەڕەکانیش لە ناوچەی ضوجنان بوون، پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، کاتێک بێباوەڕان بینیان نوێژی دەکرد، پیلانیان دانا تا هێرشی ببەنەسەر، کە کاتی نوێژی عەسر هات، پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکی بە دوو ریز ریز کرد و نوێژی دابەست و هەموان نوێژیان دابەست، دواتر کە چوو بە رکوعدا هەموان چوون بە رکوعدا، دواتر کە چوو بە سوجدەدا ریزی یەکەم لەگەڵیدا سوجدەیان برد و ریزی دووەم بە چەکەکانیانەوە مانەوەو روویان لە دوژمن بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) سەری بەرز کردەوە ئەوکات ریزی دووەم سوجدەیان برد...[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦١٠.

[٣] صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب صلاة الخوف - ذكر الموضع الذي صلى رسول الله(ﷺ) فيه صلاة الخوف التي ذكرناها، الرقم ٢٨٧٥، صححه شعيب الأرناؤوط.

١٣٧٩. زەیدی کوڕی عاصم(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی عاصمی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، هەم لە بەیعەتی عەقەبەو و غەزای بەدریشدا بەشدار بوو.[١]

هەریەک لە زەید و عەبدوڵاو حەبیبی کوڕی و نوسەیبەی کچی کەعبی ژنی لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدار بوون، هەروەک هەرچواریان پێکەوە لە غەزای ئوحودیشدا بەشدارییان کرد.[٢]

نوسەیبەی ژنی زەید کە بە ئومموعمارە ناسرابوو لە غەزای ئوحوددا دوانزە جار بریندار بووبوو، دواتریش ژیا و لە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستیشی بڕا، کاتێک دوای جەنگەکە گەڕایەوە بۆ مەدینە هێندە ڕێز و گەورەیی هەبوو ئەبووبەکری خەلیفەی باوەڕداران دەچوو بۆ لای و پرسیاری لێدەکرد.[٣]

١٣٨٠. زەیدی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش ژیا تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[٤]

١٣٨١. زەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی زەیدی کوڕی قەیسە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی درۆزن بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٤٩.
[٢] أسد الغابة، ج١، ص ٥٤٢.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٨١.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦١٣.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٥.

١٣٨٢. زەیدی کوڕی لەبید(ﭬ)

ناوی زەیدی کوڕی لەبیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[١]

١٣٨٣. زەیدی کوڕی موزین(ﭬ)

ناوی زەیدی کوڕی موزینی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە هەریەک لە زەید و میسطەحی کرد بە برای یەک، زەید یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

١٣٨٤. زەیدی کوڕی میلحان(ﭬ)

ناوی زەیدی کوڕی میلحانی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبوعوبەیدا شەهید بوو.[٣]

١٣٨٥. زەیدی کوڕی ئەبووڕەبیعە

ناوی زەیدی کوڕی ئەبوورەبیعەیە، دەوترێت ناوی باوکی زەمعە بووە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦١٩.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٢١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٦٠٥.

١٣٨٦. زەیدی كوڕی ئەرقەم(ﷺ)

ناوی ز ەیدی كوڕی ئەرقەمی كوڕی زەیدی كوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەیجەكان، سەبارەت بە كونیەكەی هەریەک لە ئەبووعەمر و ئەبوو عامر هاتووە.[١]

باوكی زەید وەفاتی كردبوو، بۆیە زەید لای مامی دەمایەوەو مامی سەرپەرشتی دەكرد، مامی لەگەڵ خۆیدا دەیبرد بۆ غەزاكانیش.[٢]

جارێک مامی شیعری دەهۆنیەوەو تیایدا هیوای شەهیدی دەخواست، شیعرەكە كاریگەر بوو و هەستی زەید بزواو دەستی كرد بە گریان، مامی بە گۆچانەكەی دەستی بە سووكی لێیدا و وتی: باشە ئەگەر خوا شەهیدی بە من ببەخشێت و لە دەست ئەم دنیایە و خەڵكەكەی ئاسوودەبم تۆ چ زیانێک دەكەیت.[٣]

لە غەزای ئوحوددا زەید ویستی بەشداری بكات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بە چووک دانا و لەبەر بچووكی تەمەنی رازی نەبوو لە غەزاكەدا بەشدار بێت، بۆیە گەڕاندیەوە، بەڵام دواتر لە غەزای خەندەقدا بەشداری كرد و ئەوەش یەكەم غەزا بوو كە تیایدا بەشدار بوو، رایەكیش دەڵێت: بەڵكو یەكەم غەزا تیایدا بەشدار بوو غەزای مورەیسیع بوو.[٤]

ئیتر دوای ئەوە زەید بەشداری هەموو غەزاكانی دەكرد، تەنانەت لە حەڤدە غەزادا بەشدار بوو.

زەیدی كوڕی ئەرقەم كە هەتیو بوو و لای عەبدوڵای كوڕی رەواحە بووو ئەو سەرپەرشتی دەكرد، لە غەزای موئتەدا هاودەم بە عەبدوڵا چوو و بەشداری كرد، جا لەوێ كە شەو داهات عەبدوڵا بە هێواشی شیعری دەهۆنیەوەو دەیوت:

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٩.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٦٦.

[٣] تاريخ مدينة دمشق، ج١٩، ص ٢٥٩.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٩.

إذا أدنيتني وحملت رحلي

مسيرة أربع بعد الحساء

فشأنك فانعمي وخلاك ذم

ولا أرجع إلى أهلي ورائي

وجاء المؤمنون وخلفوني

بأرض الشام مشهور الثواء

زەید کە ئەو شیعرەی بیست دەستی کرد بە گریان، عەبدولاش بە گۆچانەکەی دەستی تێیخوڕی و وتی: لاسار تۆ چ زەرەێک دەکەیت خوا شەهیدی بە من ببەخشێت و تۆیش لەگەڵ کاروانەکە بگەڕێیتەوە.[1]

ئەبووئیسحاق دەڵێ من لە کەنار زەیدەوە بووم، پێی وترا پێغەمبەر(ﷺ) چەند غەزای کرد، وتی: نۆزدە غەزا، وتیان: تۆ لە چەندیدا بەشدار بوویت؟ وتی: لە حەڤدەیاندا بەشدار بووم، وترا یەکەمیان چی بوو؟ وتی: غەزای عوشەیر.[2]

زەید دەڵێت: لە غەزایەکدا بەشداربووم، جا گوێم لە عەبدولای کوڕی ئوبەی بوو-سەرکردەی مونافیقەکان- دەیوت دەستگرۆی ئەوانەی دەوری پێغەمبەر مەبن تا دەوری چۆڵ بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە شکۆدار سەرشۆڕی تێدا دەردەکات، منیش چووم ئەوەم گێڕایەوە بۆ مامم-یان بۆ عومەر- ئەویش لای پێغەمبەر(ﷺ) باسی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) منی بانگ کرد و منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێن عەبدولای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانیدا، کە هاتن سوێندیان خوارد شتی وایان نەوتووە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بڕوای بە قسەکەی ئەو کرد، ئیتر من تووشی دڵتەنگیەک بووم خەفەتی وام نەدیبوو، لەماڵەوە بۆ خۆم دانیشتم، ئەوەبوو

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٨٤-٨٥.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة العشيرة أو العسيرة، الرقم ٣٩٤٩؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب عدد غزوات النبي(ﷺ)، الرقم ١٢٥٤.

خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ) پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای، فەرمووی: (إِنَّ اللهَ قَدْ صَدَّقَكَ يَا زَيْدُ) (ئەی زەید خوای گەورە قسەکەی بە راست دانایت).[1]

زەید دەڵێت: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژمان دەکرد و لە نوێژەکەماندا یەکێک ئیشی بەوی ترمان هەبوایە پێکەوە قسەمان دەکرد، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی (حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ) ئیتر فەرمانمان پێکرا لە نوێژدا بێدەنگ بین.[2]

زەید دەڵێت: جارێک ئازاری چاوم هەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هات و سەردانی کردم،[3] جا کاتێک چاک بوومەوە چوومە دەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم (ئەگەر هەردوو چاوەکەت ئەوها بوونایە چیت دەکرد؟) منیش وتم: خۆم رادەگرت و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لو كانت عيناك لما بهما، ثم صبرت واحتسبت، للقيت الله عز وجل ولا ذنب لك)،[4] (ئەگەر هەردوو چاوت ئاوها بوونایەو تۆیش خۆراگر بوویتایەو لای خوا چاوەڕێی پاداشت بوویتایە ئەوە کە دەگەیشتیتەوە بە خوا هیچ تاوانێکت لەسەر نەدەبوو).

دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) زەید بینایی لەدەستدا و دواتر خوای گەورە بینایی بۆ گێڕایەوە.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة المنافقين - باب : قوله إذا جاءک المنافقون قالوا نشهد إنک لرسول الله إلى لكاذبون، الرقم ٤٩٠٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة البقرة - باب وقوموا لله قانتين أي مطيعين، الرقم ٤٥٣٤؛ صحيح مسلم - كتاب المساجد ومواضع الصلاة - باب تحريم الكلام في الصلاة ونسخ ما كان من إباحته، الرقم ٥٣٩.

[3] سنن أبي داود - كتاب الجنائز - باب العيادة من الرمد، الرقم ٣٠٩٩، حسنه الالباني.

[4] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث زيد بن أرقم(ﷺ)، الرقم ١٩٦٥٦، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[5] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٦٧.

زەید دەڵێت: من لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم، کابرایەک لە یەمەنەوە هات، وتی: سێ کەس لە خەڵکی یەمەن لە ماوەی یەک پاکێتیدا چوونەتە لای ژنێک و ژنەکەش دواتر منداڵێکی بووە، عەلی بە دوان لەوانی وت: ئەو منداڵە بۆ ئەو کابرایە دەبێت، ئەوانیش هەڵچوون و هاواریان کرد، ئینجا بە دوانی تریانی وت: دەی منداڵەکە هی ئەوەیە، ئەوانیش هەڵچوون، ئینجا بە دوانی تری وت: منداڵەکە هی ئەوەیە، ئەوانیش هەڵچوون، واتە هەرجارەو دوانی پێکەوە کۆدەکردەوەو یەکێکیانی تاک دەخست، دواجار عەلی وتی: تیروپشکتان بۆ دەکەم، کێ ناوی دەرچوو منداڵەکە بۆ ئەوەو دەبێت دوو لە سێی خوێن بایی بدات بەو دوانەکەی تر، تیروپشکی کرد و منداڵەکەی دا بەوەی ناوی دەرچوو، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەو بەسەرهاتەی بیست پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[1]

زەید دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد و فەرمووی: (انْطَلِقْ حَتَّى تَأْتِيَ أَبَا بَكْرٍ، فَتَجِدَهُ فِي دَارِهِ جَالِسًا مُحْتَبِيًا، فَقُلْ لَهُ : إِنَّ رَسُولَ اللهِ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ، وَيَقُولُ : أَبْشِرْ بِالْجَنَّةِ، ثُمَّ انْطَلِقْ حَتَّى تَأْتِيَ الثَّنِيَّةَ، فَتَلْقَى عُمَرَ فِيهَا عَلَى حِمَارٍ تَلُوحُ صَلْعَتُهُ، فَقُلْ لَهُ : إِنَّ رَسُولَ اللهِ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ، وَيَقُولُ : أَبْشِرْ بِالْجَنَّةِ، ثُمَّ انْطَلِقْ حَتَّى تَأْتِيَ السُّوقَ، فَتَلْقَى عُثْمَانَ فِيهَا يَبِيعُ وَيَبْتَاعُ، فَقُلْ لَهُ : إِنَّ رَسُولَ اللهِ يَقْرَأُ عَلَيْكَ السَّلَامَ، وَيَقُولُ : أَبْشِرْ بِالْجَنَّةِ بَعْدَ بَلَاءٍ شَدِيدٍ) (بڕۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، پاشان بڕۆ تا دەگەیتە ثەنییە و لەوێ دەگەیت بە عومەر لەسەر گوێدرێژێکەو رووتاوەی سەری دەرکەوتووە، پێی بڵێ پێغەمبەر(ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت، ئینجا بڕۆ تا دەچیتە بازاڕ و دەگەیت بە عوثمان کە تیایدا کڕین و فرۆش دەکات، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەلامت لێ دەکات و دەفەرمویت موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت)، منیش چووم و هەموو ئەو شتانەم بینی و فەرمانی پێغەمبەری خوام(ﷺ)

---

[1] سنن أبي داود - كتاب الطلاق - باب من قال بالقرعة إذا تنازعوا في الولد، الرقم ٢٢٦٧، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

بەجێگەیاند، بە هەرکامم دەوت ئەویش دەیوت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) لەکوێیە؟ منیش دەموت لە فڵانە شوێنە، هەموان لەگەڵم هاتن تا چووینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، عوثمان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زەید هاتووە بۆ لام و پاش گەیاندنی سەلامی تۆ وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (موژدەی بەهەشتت لێ بێت پاش نارەحەتیەکی سەخت)، ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ بەڵایەکم دێتەرێ؟ سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە گۆرانیم نەوتووەو نیازو خواستم نەبووەو دەستی راستم نەداوە لە دوایێنم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هەروایە).[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا زەید لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد، دواتر لە کووفە مایەوەو لە رۆژانی موختاردا لە ساڵی شەست و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکی تریش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

زەید کەسی نزیک و هاوڕێی بەردەوام و جێمتمانەی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بوو.[3]

یەزیدی کوڕی حەییان دەڵێت: جارێک لەگەڵ حوصەین و عەمری کوڕی موسلیمدا چووینە خزمەت زەیدی کوڕی ئەرقەم کە لە ماڵی خۆی بوو، حوصەین وتی: ئەی زەید خێرێکی زۆرت هاتوەتەرێ و پێغەمبەری خوات(ﷺ) بینیوە و فەرموودەت لێ بیستووەو لە دوایەوە نوێژت کردووە و لەگەڵیدا بەشداری غەزاکان بویت، دەی فەرموودەیەکمان بۆ بگێڕەوە کە لە پێغەمبەرت(ﷺ) بیستووە، ئەویش وتی: برا ئازیزەکەم، تەمەنم زۆرەو پیر بووم و بڕێک لەوەی لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستبوو بیرم چووەتەوە، بۆیە هەرکات خۆم فەرموودەیەکم بۆ گێڕانەوە لێم وەربگرن و هەرکاتیش فەرموودەم نەگێڕایەوە زۆرم لێمەکەن.[4]

[1] المعجم الأوسط للطبراني - باب الألف - من اسمه أحمد - أحمد بن يحيي الحلواني، الرقم ٨٦٨.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٩.
[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٢٩.
[4] تاريخ مدينة دمشق، ج١٩، ص ٢٥٨.

١٣٨٧. زەینەبی کچی ثابت(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی ثابتی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[١]

١٣٨٨. زەینەبی کچی پێغەمبەر(ﷺ)

ناوی زەینەبە و کچی موحەممەد پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کۆتای پێغەمبەران و پێشەوای مرۆڤایەتی بۆ هەتاهەتایە، کچە گەورەی خۆشەویستی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی ئازیزی هەموو موسڵمانان، ئەو کچەی کە لەبەر بانگەوازەکەی باوکی زۆرترین نارەحەتی و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی چەشت.

دایکی ناوی خەدیجەی کچی خوەیلیدە، دایکی باوەڕداران و ژنی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، یەکەم کەس بوو کە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو کە سامانەکەی بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەکارهێنا، دایکی هەموو منداڵەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو جگە لە ئیبراهیم کە لە ماریە لەدایک بوو،[٢] چاکترینی ئافرەتانی بەهەشتە،[٣] سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە کۆچی دوایی کرد.[٤]

براکانی زەینەب بریتی بوون لە قاسم کە برا گەورەی بوو، طەیب، طاهیر، عەبدوڵا،[٥] برایەکی تری هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە لە رووی باوکیەوە بوو و دایکیان جیا بوو، ئیبراهیمیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٧.

[٢] أسد الغابة، ج٧، ص ٨٨-٩٢.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(رضي الله عنهم) - مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب(رضي الله عنه) عن النبي(ﷺ)، الرقم ٢٧١٢؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - مناقب مريم بنت عمران، الرقم ٨٢٩٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ومنهم خديجة بنت خويلد بن أسد بن عبد العزى(رضي الله عنها) - سيدات نساء أهل الجنة أربع، الرقم ٤٨٨٠ و صححه و وافقه الذهبي.

[٤] أسد الغابة، ج٧، ص ٩٥.

[٥] البداية والنهاية لابن كثير، ج٢، ص ٢٩٤.

لەدایک بوو و پاش هەژدە مانگ هەر بە منداڵی کۆچی دوایی کرد،[1] جا هەموو کوڕەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خەدیجەوە پێش دابەزینی سروش وەفاتیان کرد، بەڵام کچەکانی مانەوە تا ئیسلام هات و باوەڕیان هێنا بە ئیسلام و لەگەڵ باوکیان کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[2]

سەبارەت بە خوشکەکانی

روقییە کە خوشکی بچووکی بوو و هاوەری عوثمانی کوڕی عەففان بوو و پاش کۆچکردن بۆ مەدینە لە کاتی غەزای بەدردا کۆچی دوایی کرد.[3]

ئوممولکلثوم کە لە روقییە بچووکتر بوو و دوای مردنی روقییەی خوشکی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی مارە کرد لە عوثمانی کوڕی عەففان، بەڵام ئەمیش لە ساڵی نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد و باوکی (پێغەمبەری ئازیز(ﷺ)) نوێژی لەسەر کرد.[4]

خوشکێکی تری هەبوو ناوی فاطیمەی کچی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا بوو، کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و[5] گەورەی ژنانی بەهەشت[6] و دایکی دوو رەیحانە و خۆشەویستەکەی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)،[7] یەکەم کەسی ناو بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو کە دوای پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد.[8]

سەبارەت بەوەی ئایا کچەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کامیان گەورەتر بوون، یەکدەنگی هەیە کە زەینەب کچە گەورە بووە، دواتر راجیایی هەیە، رایەک دەڵێت: فاتیمە کچە بچووک بووە، رایەک دەڵێت: روقییە کچە بچووک بووە، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو ئوممولکلثوم کچە بچووک بووە.[9]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ١٧٢.

[2] أسد الغابة، ج٧، ص ٩١.

[3] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٤، ص ١٨٣٩ – ١٨٤٣.

[4] أسد الغابة، ج٧، ص ٤٢١.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٩.

[6] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

[7] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب الحسن والحسين، الرقم ٣٧٥٣؛ جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب أبي محمد الحسن بن علي بن أبي طالب والحسين بن علي بن أبي طالب(ﷺ)، الرقم ٣٧٧٠.

[8] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٢٣.

[9] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٤٨.

رایەک دەڵێت: کاتێک زەینەب لەدایک بوو تەمەنی پێغەمبەر(ﷺ) نزیکەی سی ساڵ دەبوو، واتە دەساڵ پێش دابەزینی سروش بۆی، بەو پێیە کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) سروشی بۆ دابەزیوە تەمەنی زەینەب دە ساڵان بووە.[١]

زەینەب لەگەڵ ئەبولعاصی کوڕی رەبیعدا هاوسەرگیری کرد کە پوورزای زەینەب و خوشکەزای خەدیجەی دایکی باوەڕداران بوو، بەڵام ئەبولعاص موسڵمان نەبوو، هەر بۆیە ئامادە نەبوو لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) کۆچ بکات بۆ مەدینە و بە بێباوەڕی لە مەککە مایەوە، بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) زەینەبی نەگێڕایەوەو لای مێردەکەی خۆی هێشتیەوە و فەرمانیشی نەکرد زەینەب کۆچ بکات بۆ مەدینە.[٢]

سەبارەت بە کاتی هاوسەرگیریەکەیان، ذەهەبی دەڵێت: ئیبن سەعد دەڵێت: پێش ئەوەی سروش دابەزێت هاوسەرگیریان کردووە، بەڵام ئەوە زۆر دوورە لە راستیەوە.[٣]

قسەکەی ذەهەبیش راستە، چونکە زەینەب لەکاتی دابەزینی سروشدا تەمەنی تەنها دە ساڵان بووە، جا ئەگەر پێش ئەوە بەهاوسەر گیرابێت ئەوە تەمەنی کەمتر لە دە ساڵان دەکات، بەڵام راستتر ئەوەیە دوای دابەزینی سروش بەهاوسەر گیراوە.

ئەبولعاصی مێردی زەینەب لە جەنگی بەدردا لەناو ریزی بێباوەڕاندا بەشداری کرد و دواتر بەدیل گیرا، ئینجا عەمری برای هات تا بە پارە ئازادی بکات، زەینەب گەردن بەندێکی لابوو کە هی خەدیجەی دایکی بوو و کاتێک زەینەب شووی کرد بە ئەبولعاص خەدیجەدا بووی بە زەینەب، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بینی ناسیەوەو خەدیجەی بیر کەوتەوەو سۆزی بۆی جوولا و خەڵکەکەی دواند و خەڵکەکە رازی بوون تا ئەبولعاص

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٥.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٥.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦.

ئازاد بکرێت، ئینجا گەردنبەندەکەی گێڕایەوە بۆ زەینەب و مەرجی لەسەر ئەبولعاص دانا تا واز لە زەینەب بهێنێت، ئەویش رازی بوو، ئیتر زەینەب کۆچی کرد بۆ مەدینە.[١]

لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نموونەی خەزووری تێگەیشتوو و دڵسۆز و وێنەی باوکی خەمخۆر دەبینین، پێغەمبەر(ﷺ) هەرچەندە دەیزانی زاواکەی بێباوەڕە، دەیزانی زاواکەی هاتووە تا دژایەتی دینی خوا بکات و بەرامبەر سوپایەک وەستاوە کە خەزووری سەرکردەیەتی، کەچی پاش ئەوەش کە بەدیلی دەگرێت، هێشتا ئامادە نیە سزای بدات، تەنها مەرجی لەسەری ئەوەیە کە واز بهێنێت لە زەینەبی کچی بێتەوە بۆ لای، ئەویش نەک بە تەڵاق، بەڵکو پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیهێشت تەڵاق بکەوێتە نێوانیانەوە، دواتریش دوای ئەوەی زەینەب هاتەوە مەدینە جارێکی دی ئەبولعاصی مێردی بەدیل گیرا، کەچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دووبارە چاکەی لەگەڵ نواند و ئازادی کرد، جا کوان ئەو خەزوور و باوکانەی ئەمڕۆ کە خۆ بە شوێنکەوتەی پێغەمبەر(ﷺ) دەزانن تا بە جوانی رامێنن لەم بەسەرهاتە نەک تەنها وەک رووداوێک بیخوێننەوەو بەسەریدا تێپەڕ بن.

لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە زەینەب خۆی کەسی نارد بۆ ئازادکردنی ئەبولعاصی مێردی و پارەی بە کەسەکەدا نارد، لەگەڵیشیدا گەردنبەنەدەکەی نارد.[٢]

دوای ئەوەی ئەبولعاص لە بەدر ئازاد بوو و گەڕایەوە، بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر و دەرفەتی زەینەبی دا بچێت، زەینەبیش کۆچی کرد بۆ مەدینە بۆ لای باوکی.[٣]

لە رێی کۆچکردنەکەیدا هەبباری کوڕی ئەسوەد رێی پێگرت و بە رمێک دای لە سوارەکەی زەینەب و زەینەبیش لەسەر سوارەکەی کەوتە خوارەوە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٥.

[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣١٢.

[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٧٨.

[٤] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٣٥.

کاتێک زەینەب کەوتەڕێ بۆ کۆچەکەی لەگەڵ کینانیەکان چوو، خێرا کۆمەڵێک کەوتنە شوێنی تا ئازاری بدەن، لەوانە هەبباری کوڕی ئەسوەد بوو کە ئەو هەڵوێستەی نواند، ئەوکات زەینەب سکی هەبوو، بەو کەوتنەی سکەکەی خست و خوێنیشی لێ ڕۆیشت، لەسەرئەوە هاشمی و ئومەویەکان کەوتنە دەمەبۆڵەو هەرکام دەیانوت ئێمە نزیکترین لێیەوە، ئەوەبوو زەینەب برایەوە بۆ لای هیندی کچی عوتبە، هیند پێی دەوت هەموو ئەم بەزمانە لەبەر باوکتە، پێغەمبەر(ﷺ)زەیدی کوڕی حارثەی نارد بە شوێنیدا و فەرمووی: (دەتوانیت بچیت زەینەبم بۆ بهێنیت؟)، ئەویش وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خاتەمەکەم ببە، زەید چوو و بە وشترەکەیەوە نزیک بوویەوە تا گەیشت بە شوانێک، وتی: شوانەی کێیت؟ ئەویش وتی: هی ئەبولعاصم، وتی: ئەی ئەو مەڕانە هی کێن؟ وتی: هی زەینەبی کچی موحەممەدن، زەید لەگەڵیدا چوو، دواتر بە شوانەکەی وت: ئەگەر شتێکت بدەمێ دەیگەیەنیتە دەستی زەینەب بەلام لای کەس باسی نەکەیت؟ وتی: بەڵێ، زەید خاتەمەکەی پێدا، کابرای شوانە چوویەوەو مەڕەکانی کردەوە شوێنی خۆیان و خاتەمەکەی دا بە زەینەب، زەینەبیش خاتەمەکەی ناسیەوەو وتی: کێ ئەمەی پێدایت؟ شوانەکە وتی: کابرایەک، زەینەب وتی: ئەی لەکوێ جێتهیشت؟ وتی: لە فلانە شوێن، زەینەبیش بێدەنگ بوو تا شەو هات، ئینجا چوو بۆ لای زەید، کە گەیشتە لای زەید، زەید وتی: (سەرکەوە لەپێش منەوە دابنیشە)، زەینەب وتی: نەخێر تۆ سەرکەوەو لەپێش منەوە دابنیشە، زەینەب لە دواوەو زەید لە پێشیەوە بەسەر وشترەکەوە چوونەوە بەرەو مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (ئەمە چاکترین کچمە کە لەبەر من تووشی نارەحەتی بوو).[١]

---

[١] المستدرک علی الصحیحین - کتاب الطلاق - قصة هجرة زینب بنت رسول الله(ﷺ) من مكة، الرقم ٢٨٢٨؛ المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - بنات رسول الله(ﷺ) - زينب بنت رسول الله(ﷺ) - ذكر سن زينب ووفاتها ومن أخبارها، الرقم ١٠٥١، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٣٠٧١.

لـە سـاڵی شەشـەمی کۆچیدا پێغەمبـەر(ﷺ) سـریەیەکی نـارد تـا هێـرش ببەنـە سـەر کاروانێکـی قورەیشـیەکان، لەنـاو کاروانەکـەدا ئەبولعـاص بەدیـل گیـرا و هێنرایـەوە مەدینـە، ئەبولعـاص چوویـە لای زەینـەب تـا پەنـای بـدات، ئەویـش پەنـای دا، پێغەمبـەری خوایش(ﷺ)بە پەنادانەکەی زەینـەب رازی بـوو، ئینجـا زەینـەب داوای کـرد چـی لـێ سـەنراوە بـۆی بگێردرێتـەوە، ئەوەشـی بـۆ کـرا، ئەبولعـاص گەڕایـەوە مەککـەو چـی سـپاردەی خەڵکـی لابـوو گێڕایـەوە و دواتـر لـە سـاڵی حەوتەمـی کۆچیـدا گەڕایـەوە بـۆ مەدینـەو لـەوێ موسـڵمان بـوو و زەینەبـی خێزانیشـی بوویـەوە بـە هاوسـەری،[1] هاوسەرگیریەکەشـیان هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەو هاوسـەرگیریەی یەکـەم بـوو نـەک سـەرلەنوێ مـارە بکرێتـەوە.[2]

زەینەب لە ئەبولعاص کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەلی کە هەر بە هەرزەکاری وەفاتـی کـرد،[3] کچێکیشـی هەبـوو بـە نـاوی ئومامـە کـە پێغەمبـەر(ﷺ) زۆری خۆشدەویسـت، تەنانـەت کـە نوێـژی دەکـرد ئومامـەی دەگرتەبـاوەش، کـە دەچـوو بـە سـوجدەدا دایدەنـا، کـە هەڵدەسـایەوە هەمـدی دەیگرتـەوە بـاوەش.[4]

جارێک پێغەمبـەر(ﷺ) دیارییەکی بۆ هـات کـە گەردنبەندێـک بـوو، فەرمووی: دەیـدەم بـە خۆشەویسـترین کەسـی نـاو بنەماڵەکـەم، پێغەمبـەر(ﷺ) ئومامـەی کچـی زەینەبی بانـگ کـرد و کردیـە گەردنـی.[5]

دوای ئـەوەی فاطیمـەی کچـی پێغەمبـەر(ﷺ) وەفاتـی کـرد، عەلـی کـوڕی

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٥.

[2] سنن أبي داود - كتاب الطلاق - باب إلى متى ترد عليه امرأته إذا أسلم بعدها، الرقم ٢٢٣٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر أبي العاص بن الربيع(ﷺ)، الرقم ٦٧٥٧، صححه الألباني في التحجيل في تخريج ما لم يخرج من الأحاديث و الاثار في إرواء الغليل(٦٠/١).

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦.

[4] صحيح مسلم - كتاب المساجد ومواضع الصلاة - باب جواز حمل الصبيان في الصلاة، الرقم ٥٤٣؛ صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب ما يكره للمصلي وما لا يكره - ذكر الإباحة للمصلي حمل الشيء النظيف على عاتقه في صلاته، الرقم ٢٣٣٩.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند عائشة(ﷺ)، الرقم ٢٥٣٤٣، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

ئەبوو تالیب ئومامەی کچی زەینەبی بەهاوسەرگرت کە خوشکەزای فاطیمە بوو،[1] ئەمەش لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر صدیق و پاش جەنگی یەمامە بوو.[2]

زەینەب لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد، زۆری نەخایاند کە ئەبولعاصی مێردیشی کۆچی دوایی کرد.[3]

کاتی مردنەکەشی لە سەرەتای ساڵی هەشتەمی کۆچیەوە بوو،[4] کاتێک ویستیان تەرمەکەی بشۆن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە سیدر-گەڵای دارێکە- بیشۆن، بە تاکیش بیشۆن، سێ جار یان بە پێویستتان زانی پێنج جار بیشۆن، پاشان بە کافوور-بۆنێکی خۆشە لە دارێک- بۆنخۆشی بکەن، کە تەواو بوون بانگم بکەن)، کە تەواو بوون پێغەمبەر(ﷺ) چوویە ژوورەوەو جلەکەی خۆی فڕێدا بۆ ئەوانەی تەرمەکەیان شۆردبوو، قژەکانی زەینەبیان کرد بە سێ پەلکەو خستیانە پشتیەوە.[5]

١٣٨٩. زەینەبی کچی جەحش (دایکی باوەڕداران)(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی جەحشەو لە ئەسەدیەکانە، هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) و دایکی باوەڕدارانە، دایکی ناوی ئومەیمەی کچی عەبدولموطەلیبە کە پووری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو،[6] ئومەیمەی دایکی زەینەب تا سەردەمی خەیبەر مایەوەو پێغەمبەر(ﷺ) لە خەیبەردا چل کۆڵ خورمای پێدا.[7]

زەینەب سەرەتا ناوی بەڕە بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا زەینەب.[8]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٤٦، الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٥٠٢.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٥٣.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٥.
[4] () سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٥٠.
[5] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب يلقى شعر المرأة خلفها، الرقم ١٢٦٣.
[6] أسد الغابة، ج٧، ص ١٣٨.
[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤٥.
[8] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٨.

زەینەب خوشكێكی هەبوو كە ناوی حەمنە بوو،[1] برایەكیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڵای كوڕی جەحش كە پێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمەوە موسڵمان بوو و بەشداری هەردوو كۆچی حەبەشەی كرد.[2]

برایەكی تری ناوی عەبد بوو كە بە ئەبوو ئەحمەد ناسرابوو، ئەویش لە كۆچەرانی حەبەشە بوو و دواتر هاتە مەدینەو هاوەڵی نزیكی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[3]

زەینەب زۆر زوو موسڵمان بوو و یەكێكیشە لە كۆچەران، هاوسەری زەیدی كوڕی حارثە بوو، بەڵام دواتر زەید تەڵاقی دا و پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بەهاوسەر گرتەوە.[4]

مارەییەكەی زەینەب لەلایەن زەیدەوە بریتی بوو لە دە دینار و شەست درهەم و لەچكێك و خاولیەك و درعێك و پەنجا مشت گەنم و دە مشت خورما.[5]

كاتێك زەید ویستی زەینەب تەڵاق بدات، لەگەڵیدا نەدەگونجا، بۆیە دەهاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و سكاڵای حاڵی خۆی دەكرد، پێغەمبەریش(ﷺ) پێی دەفەرموو (لەخوا بترسەو ژنەكەت لای خۆت بهێڵەرەوە)، ئەوەبوو زەید هەر تەڵاقی داو دواتر پێغەمبەر(ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، ئەوەش لە قورئاندا باس كراوە،[6] خوا دەفەرمویت (وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولًا).

---

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ٧٨.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٩٥.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٣١.

[4] أسد الغابة، ج٧، ص ١٣٨.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٥.

[6] صحيح البخاري - كتاب التوحيد - باب وكان عرشه على الماء، الرقم ٧٤٢٠.

(بیربکەرەوە کاتێ دەت وت: بە کەسێ (زەیدی کوڕی حارثە) کە خوا بەهرەی بەسەردا ڕشتبوو تۆیش چاکەت لەگەڵدا کردبوو (بە ئازاد کردنی و پەروەردە کردنی) خێزانت (زەینەب) لای خۆت ڕاگرەو بیهێڵەوە وە لەخوا بترسە لە دڵی خۆتدا شتێک دەشاریتەوە کە خوا ئاشکرای دەکات وە لە (قسەی) خەڵک دەترسی لە کاتێکدا خوا شیاوترە کە لێ ی بترسی ئینجا کاتێ زەید پێویستی بەو (زەینەب) نەما و تەڵاقی دا ئێمە ئەو (زەینەب) مان لێ مارەکردی بۆ ئەوەی هیچ نارەحەتی (و تاوانێ) نەبێت لەسەر ئیمانداران لە (مارەکردنی) ژنانی بە کوڕ کراوەکانیاندا کاتێ پێویستیان پێیان نەماو تەڵاقیان دان وە فەرمانی خوا (بە مارە کردنی زەینەب بۆت) دراوە و بڕاوەیە).

زەینەب کە هاوسەرەکانی تری پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەبینی نازی دەکرد و دەیوت ئێوە کەسوکارتان مارەیان کردون لە پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام من خوای گەورە مارەی کردم لە پێغەمبەر(ﷺ).[1]

سەبارەت بە هاوسەرگیری زەینەب لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە مانگی زیلقەعدەی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا بوو،[2] ئەوکاتەش تەمەنی زەینەب بیست و پێنج ساڵان بوو،[3] واتە جیاوازی تەمەنی پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحشی هاوسەریدا نزیکەی بیست و هەشت ساڵ بووەو ماوەی ژیانی زەینەب لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نزیکەی حەوت ساڵ کەمتر بووە.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە زەینەب لە کاتی ئەو هاوسەرگیریەدا تەمەنی سی و پێنج ساڵان بووە.[4]

ئەنەس دەڵێت: کاتێک زەینەب وادەی خۆی تەواو کرد، پێغەمبەر(ﷺ) بە زەیدی فەرموو (بڕۆ داوای زەینەبم بۆ بکە)، زەیدیش دەڵێت: چووم

---

[1] جامع الترمذي - أبواب تفسير القرآن عن رسول الله(ﷺ) - باب ومن سورة الأحزاب، الرقم ٣٥٣١ وقال حسن صحيح.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٥.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٩.

و وتم: ئەی زەینەب موژدەت لێ بێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) منی ناردووە بۆ لات تا داوات بکەم بۆی، ئەویش وتی: من هیچ ناکەم تا فەرمان لە پەروەردگارم وەرنەگرم، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی و پێغەمبەریش(ﷺ) هاتە ژوورەوە بێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکات.[1]

لە گێڕانەوەیەکی وردتردا هاتووە زەید دەڵێت: کە چووم بۆ لای زەینەب دەمدی هەویر دەشێلێت، منیش کتوپڕ دەروونم وای لێهات نەمدەتوانی تەماشای بکەم، پشتم لێکرد و وتم: ئەی زەینەب پێغەمبەری خوا(ﷺ) منی ناردووە بۆ داوات.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) زەینەبی بەهاوسەر گرت، خەڵکی بانگ کرد بۆ نانخواردن، خەڵکیش هاتن و پاش نانخواردنەکە کەوتنە دەمەتەقێ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەستایەوە وەک ئەوەی پێیان بڵێت برۆن، کەچی خەڵکەکە نەچوون، زۆرێک لە خەڵکەکە ئەوەیان بینی هەستان و چوون، بەڵام سێ کەس دانیشتن و نەچوون، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ناویانەوە دەبینێت دانیشتون، دواتر هەستان، ئەنەس هەستاو چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵی پێدا کە ئەوانیش چون، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ماڵەوەو منیش ویستم بچمە ژوورەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پەردەیەکی لەنێوان من و خۆیدا دانا، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا).[3]

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە ژوورەوە بۆ ماڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ) مەگەر ڕێگەتان پێ بدرێ بۆ نان خواردنێک بێ ئەوەی چاوەڕوانی

[1] سنن النسائي - كتاب النكاح - باب صلاة المرأة إذا خطبت واستخارتها ربها، الرقم ٣٢٥١، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[2] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب زواج زينب بنت جحش ونزول الحجاب وإثبات وليمة العرس، الرقم ١٤٢٨.

[3] صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب زواج زينب بنت جحش ونزول الحجاب وإثبات وليمة العرس، الرقم ١٤٢٨.

پێگەیشتنی بکەن بەڵام ئەگەر بانگ کران (بۆ نان خواردن) ئەوسا بڕۆنە ژوورەوە ئینجا ئەگەر خواردنەکەتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن وە مەمێننەوە بۆ قسە کردن چونکە بەڕاستی ئەو (مانەوەتان) ئازاری پێغەمبەر(ﷺ) دەدات ئەویش شەرم دەکات لێتان (کە بێ دەنگە) بەڵام خوا لە (وتنی) هەق شەرم ناکات وە هەر کاتێ داوای شتێکی ناوماڵتان کرد لە (هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)) ئەوە لە پشتی پەردەوە لێیان داواکەن ئەو (شێوە داواکردنە) تان خاوێنترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش بە هیچ شێوەیە بۆ ئێوە دروست نییە ئازاری (دڵی) پێغەمبەری خوا بدەن وە هەرگیز نابێ خێزانەکانی پاش خۆی مارە بکەن بەڕاستی ئەو (ئازاردانی دڵ و مارە کردنە) تان بەلای خواوە (گوناهێکی) زۆر گەورەیە.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (ئەوەتان خێراتر دێت بۆ لام کە دەستی درێژترە)، ئینجا ئێمەش هەموو دەکەوتینە پێوانەی دەستی یەکدی تا بزانین دەستی کاممان درێژترە، دواجار زانیمان دەستی زەینەب درێژترە چونکە ئەو بە دەستی خۆی کاری دەکرد و خێری زۆری پێ دەکرد،[1] بەڵام ئەم گێڕانەوەیە بۆ زەینەبی کچی خوزەیمەش هاتووە کە ئەو هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو.

بەڵام لە هەندێ گێڕانەوەدا لە بری زەینەب سەودەی کچی زومعە هاتووە.[2]

عائیشە و حەفصەی دایکانی باوەڕداران غیرەیەکیان هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستێک کە پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش هەیبوو، حەفصە دوای عائیشەو زەینەبیش دوای حەفصە بوون بە هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوو بۆ لای زەینەب لای ئەو هەنگوینی

---

[1] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل زينب أم المؤمنين(ﷺ)، الرقم ٢٤٥٢؛ صحيح ابن حبان - كتاب الزكاة - صدقة التطوع - ذكر تمثيل المصطفى(ﷺ) المتصدق بطول اليد، الرقم ٣٣١٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب الزكاة - باب حدثنا موسى بن إسماعيل، الرقم ١٤٢٠.

دەخوارد، عائیشەو حەفصەش بڕیاریاندا پێکەوە کارێک بکەن پێغەمبەر(ﷺ) ڕاگرن لەو خواردنی هەنگوینە، بۆیە بڕیاریان دا پێغەمبەر(ﷺ) بچێت بۆ لای هەرکامیان بڵێن ئەوە مەغافیرت خواردووە (خواردنێکی بۆن ناخۆشە)، ئەو بۆنەت لێ دێت، پێغەمبەریش(ﷺ) کە ئەوەی پێ وترا فەرمووی: (نا، بەڵام من لای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردووە، ئیتر هەرگیز نایخۆم و سوێندیشم خواردووە، هەواڵی ئەمەش مەڵێ بە کەس)،[1] ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ، قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ، وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ)،[2] (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆچی شتێک لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت تۆ ڕەزامەندی ژنەکانت دەوێ لە کاتێکدا خوا لێخۆشبووی میهرەبانە، بێگومان خوا دایناوە بۆتان هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان خوا کارساز و دۆستی ئێوەیە وە ئەو زانای کاردروستە، کاتێک کە پێغەمبەر(ﷺ) بەنهێنی لای هەندێ لە ژنەکانی قسەیەکی درکاند ئینجا کە ئەو (ژنە) قسەکەی کرد (بۆ هەوێکەی) خواش پێغەمبەری(ﷺ) ئاگادار کرد (پێغەمبەر(ﷺ)) هەندێک (لە قسەکان) ی باسکرد و بێ دەنگ بوو لە هەندێکی تری ئینجا کە پێی وت: (ژنەکەی) وتی: کێ ئەمەی پێ گەیاندی فەرمووی خوای زانای ئاگادار پێی گەیاندم، ئەی (حەفصە و عائیشە) ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا (جێ ی خۆیەتی) چونکە بەڕاستی دڵتان لایدا (لە حەق و ڕاستی) وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر(ﷺ)

[1] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة المتحرم - باب يا أيها النبي لم تحرم ما أحل الله لک تبتغي مرضاة أزواجک والله غفور رحيم، الرقم ٤٩١٢.

[2] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

(سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش دوای ئەوان فریشتەکانیش پشتیوانی ئەون).

وەستانێک

لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا هەمان بەسەرهات هاتووە، بەڵام وا هاتووە کە خاوەنی هەنگوینەکە حەفصە بووەو پلان دانانەکەش عائیشەو سەودە بون،[1] بەڵام ئیبن حەجەر لە شەرحی بوخاریدا دەڵێت: دەگونجێت ئەو ڕووداوە جارێکی تر بووبێت و پەیوەست نەبووە بەم ڕووداوەو بە دابەزینی ئەم ئایەتانەوە، چونکە ڕووداوی هەنگوینەکەی زەینەب و پێ ناخۆش بوونی عائیشەو حەفصە چەسپاوە، لەو بارەشەوە مشتومڕێکی ورد دێنێت، ئەو پێی وایە کە لەوانەیە ڕووداوەکەی هەنگوین خواردن لای حەفصە پێش ئەم ڕووداوە بووبێت و پەیوەست نەبووبێت بەو ئایەتانەوە،[2] بەڵام ئەمە وردەکاری دەوێت، چونکە ناکرێت پێغەمبەر(ﷺ) دوو جار بە هەمان ڕووداو تێکەوتبێت، وەک خۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت (لا يلدغ المؤمن من جحر واحد مرتين)،[3] (باوەڕدار دوو جار لە کونێکدا ناگەزرێت)، ناگونجێت پێغەمبەر(ﷺ) یەکەم جار بەو جۆرەی بەرامبەر کرابێت و بۆ جاری دووەمیش هەمان شتی بەرامبەر کرابێت و هەستی پێ نەکردبێت، دوور بێت لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەمە بە لاوازدانانی هەست و پێزانینی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بۆیە دەکرێت ئەگەرێکی تر هەبێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت پێغەمبەر(ﷺ) ئاگادار نەبووبێت بە ڕووداوی یەکەم و ئەو شتەی بۆ ئاشکرا نەبووبێت تا لە ڕووداوی دووەمدا ئینجا خوای گەورە ئاشکرای کردبێت، چونکە وەک هاتووە کاتێک هەریەک لە عائیشەو سەودە وا دەڵێن بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئەویش دەچێتەوە بۆ لای حەفصە، حەفصە دەڵێت:

[1] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

[2] فتح الباري، ج٩، ص ٣٧٦ - ٣٧٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب الأدب - باب لا يلدغ المؤمن من جحر مرتين، الرقم ٦١٣٣؛ صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق - باب لا يلدغ المؤمن من جحر مرتين، الرقم ٢٩٩٨.

ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەو هەنگوینەت بۆ تێبکەم؟ ئەویش دەفەرموێت نا پێویستم نیە، ئینجا سەودە بە عائیشەی وت: سوبحانەڵا، بەخوا ئەو هەنگوینەمان لێ حەرام کرد، عائیشەش بە سەودەی وت: بێدەنگ بە،[1] بۆیە نابینین هیچ سوێند خواردنێکی تێدا بووبێت بۆ نەخواردنی و باسی دابەزینی ئایەتەکەشی تێدا نیە.

بەهەرحاڵ ئەم رووداوە بەڵگەیە لەسەر بوونی غیرە لای ئافرەتان، وەک دەبینین ئوممو سەلەمەی دایکی باوەڕداران خۆی دان بەوەدا دەنێت و کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) داوای دەکات ئەو دەڵێت: ئاخۆ من ئافرەتێکم غیرەیەکی زۆرم تێدا هەیە،[2] هەروەها کاتێک پرسیار دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی ئافرەتێکی پشتیوانان بەهاوسەر ناگریت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت (إن فيهم غيرة شديدة)،[3] (ئەوان غیرەیەکی زۆر زۆریان تێدایە).

هەروەک ئەمە بەڵگەیەکی جوان و روونە بۆ موسڵمان تا ئەگەر هەڵەیەکی لە هەر کەسێک بەدی کرد نەیکاتە بیانوو بۆ سفرکردنەوە یان شکاندنی ئەو کەسە، چونکە مرۆڤ هەرکات جێی هەڵەکردنەو دەکەوێتە هەڵەوە، دەبینین ئەوە هاوسەرانی پێغەمبەری خوان(ﷺ) و دایکانی باوەڕدارانن، کەچی دەکەونە هەڵەوەو تەوبەش دەکەن و خوای گەورەش نایانشکێنێتەوە، بەڵکو پێشنیازی تەوبەیان بۆ دەخاتەڕوو، پێغەمبەریش(ﷺ) هەڵوێستی قورسی نەگرتەبەر بەرامبەریان و کارەکەی جێهێشت بۆ فەرمانی خوا، کەچی دەبینین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا موسڵمانانێک هەن چاو دادەخەن لە ئاست هەوڵ و ماندوێتی بانگەواز و جیهاد و رەنجی دەیان یان سەدان بانگخوازی رێی خوادا و بە بینینی هەڵەیەک لە هەر کەسێک لەوانە دەکەونە زەقکردنەوەی

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الكفارة على من حرم امرأته ولم ينو الطلاق، الرقم ١٤٧٤.

[2] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(ﷺ) أجمعين - حديث أبي سلمة بن عبد الأسد(ﷺ)، الرقم ١٦٥٣٤.

[3] السنن الكبرى للنسائي - كتاب النكاح - المرأة الغيراء، الرقم ٥٣٢٢؛ المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من بقية من أول اسمه ميم من اسمه موسى - موسى بن هارون، الرقم ٨٢٠٧.

هەڵەکەی و شکاندنی و ئیدی بە کەم تەماشاکردنی، جا خۆ ئەگەر وا بوایە دەبوو ئەم ژنانەی پێغەمبەر(ﷺ) لەو ئاستە بەرزەیان داماڵرابان و دەرکرابان، بەڵام ئایا خوا و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیار و خوێندنەوەیان بۆ باری مرۆیی وایە؟ نەخێر، خوا داینـاوە مرۆڤ هەڵە دەکات و تەوبەی لەسەر واجب دەبێت، وەک پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (كل بني آدم خطاء و خير الخطائين التوابون)، (هەموو ئادەمیزاد هەڵەکارن و چاکترینی هەڵەکاران تەوبەکارانن)، تەنانەت خوای گەورە داینـاوە هەر دەبێت مرۆڤ هەڵە بکات و تەوبەی لێ بکات، وەک لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتووە (والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم، ولجاء بقوم يذنبون فيستغفرون الله فيغفر لهم)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە تاوان نەکەن، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ئێوە لادەبات و خەڵکانێک دێنێت کە تاوان دەکەن و ئینجا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت).

کاتێک ڕووداوی ئیفک ڕوویدا، زەینەب شایەتی خێری دا بۆ عائیشە، عائیشە دەڵێت: لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) زەینەبی کچی جەحش ڕکەبەرم بوو، کە پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بەو مەسەلەیە پرسیاری لێکرد زەینەب وتی: بەخوا تەنها خێر دەزانم، ئەوەبوو خوا پاراستی لەو بوهتانە.[2]

جارێک هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان(ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەروەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر(ﷺ) وت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أبي هريرة(ﷺ)، الرقم ٨١٩٧؛ صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب سقوط الذنوب بالاستغفار توبة، الرقم ٢٧٤٩.

[2] صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب تعديل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١؛ صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب في حديث الإفك وقبول توبة القاذف، الرقم ٢٧٧٠.

(کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی: با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی: ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت: بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەک پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە وەلامدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[1]

حەمنەی خوشکی زەینەب لە مزگەوتی مەدینە لەدوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژی دەکرد، جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) بینی لەنێوان دوو پایەی مزگەوتدا پەتێک بەستراوە، فەرمووی: ئەو پەتە چیە. وتیان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) حەمنەی کچی جەحش تا دەتوانێت بەپێوە نوێژ دەکات، کە توانای نەما خۆی دەگرێت بەو پەتەوە، ئەویش فەرمووی: (با تا توانای هەیە نوێژ بکات، کە توانای نەما با دابنیشێت)،[2] بەلام گێڕانەوەتی تر هاتووە کە دەڵێت: دایکی باوەڕداران زەینەب وایکردووە، ئیبن حەجەر دەڵێت: پێشدەچێت هەردووکیان وایان کردبێت.[3]

زەینەب دەڵێت: ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) بە شڵەژاوی خۆی کرد بە ژووردا و فەرمووی: (لا إله إلا الله، ويل للعرب من شر قد اقترب، فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه)، (هاوار بۆ عەرەب بۆ خراپەیەک کە نزیک بووەتەوە، ئەمڕۆ هێندە-بە دوو پەنجەی ئەڵقەیەکی دروست کرد- لە بەنداوەکەی یەئجووج و مەئجووج

[1] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب من أهدى إلى صاحبه وتحرى بعض نسائه دون بعض، الرقم ٢٥٨١.

[2] سنن أبي داود - كتاب الصلاة - باب النعاس في الصلاة، الرقم ١٣١٢.

[3] فتح الباري، ج٣، ص ٣٦.

کراوەتـەوە)، منیش وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) جـا تـا کاتێک پیاوچاکانمان لەنـاودا بـن لەنـاو دەچین؟ فەرمووی: (نعم إذا كثر الخبث)،[1] (بەڵێ ئەگـەر پیسـی زۆر بـوو)

پێغەمبـەر(ﷺ) لـە دەسـتکەوتەکانی غـەزای خەیبـەر سـەد کـۆڵ خورمـای بڕیـەوە بـۆ زەینەبـی کچـی جەحـش.[2]

پێغەمبـەر(ﷺ) پێـش وەفاتـی لـە ماڵـی زەینـەب بـوو، ڕۆژی چوارشـەممە بـوو، نـۆزدەی مانگـی صەفـەری سـاڵی یانـزەی کۆچـی بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) لـە ماڵـی زەینـەب بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) تووشـی ئازارێکـی زۆر بـوو، ئەوەبـوو هەمـوو هاوسـەرەکانی تـری پێغەمبـەر(ﷺ) هاتـن بـۆ ئـەوێ و لـەلای کۆبوونـەوە.[3]

جارێـک عومـەری کـوڕی خەطـطاب مووچەکـەی زەینەبـی نـارد بـۆی، ئەویـش وتـی: خـوا لـە عومـەر خـۆش بێت، کەسـی تـر هەیـە لـە مـن شـیاوترە بـەم هەمـووە، پێیـان وت: ئـەوە هەمـووی بـۆ تۆیـە، وتـی: سـوبحانەڵا، ئینجـا بـە پارچـە قوماشـێک دایپۆشـی و وتـی: دایپۆشـن و جلێکـی پێـدا بدەن، ئینجـا کەوتـە دابەشـکردنی بەسـەر خزمانـی خـۆی و هەتیوانـدا، دواتـر دەسـتەکانی بـەرز کـردەوەو وتـی: خوایـە دوای ئەمسـاڵ جارێکـی تـر مووچـەی عومـەرم بـۆ نەیـەت.[4]

زەینـەب کـە نەخـۆش کـەوت و سـەرەمەرگی هـات، بەوانـەی دەوروبـەری وت: مـن کفنـی خۆمـم ئامـادە کـردووە، جـا ئەگـەر عومـەر کفنـی بـۆ نـاردم یەکێکیـان بکـەن بەخێـر، یـان ئـەوەی خـۆم یـان ئـەوەی عومـەر.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب أحاديث الأنبياء - باب قصة يأجوج ومأجوج، الرقم ٣٣٤٦.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٥.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٢٥٥.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٢.
[5] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٧.

زەینەب لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب و لە ساڵی بیستی کۆچیدا وەفاتی کرد،[1] بەوەش یەکەم هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد.[2]

کاتێک زەینەب وەفاتی کرد، عومەر فەرمانی کرد کەسێک هاوار بکات تەنها کەسە مەحرەمەکانی بچن بۆ لای تەرمەکەی، ئینجا کچەکەی عومەیس وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران بۆ شتێکت پێ نەڵێم کە ئەزموونی خەڵکی حەبەشە بوو لەگەڵ ژنەکانیان، ئینجا تابووتێکی ئامادە کرد و بە جلێک دایپۆشی، عومەریش وتی: شتێکی زۆر باشە، عومەر فەرمانی کرد بە کەسێک هاواری کرد لەگەڵ تەرمی دایکتان بچنە دەرەوە.[3]

دواتر عومەری کوڕی خەتتاب نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد، ئینجا برا بۆ گۆڕستانی بەقیع و لەوێ ئەسپەردە کرا.[4]

١٣٩٠. زەینەبی کچی حەنظەلە(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی حەنظەلەی کوڕی قەسامەیە، هاودەم بە باوکی و پووری هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، دواتر زەینەب شووی کرد بە ئوسامەی کوڕی زەید و پاش ماوەیەک ئوسامە تەڵاقی دا، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(کێ زەینەبی کچی حەنظەلە دەخوازێت و من خزمی بم)،[5] ئینجا پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەماشایەکی نوعەیمی کوڕی عەبدوڵای کرد، نوعەیم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وا دیارە مەبەستت منە، فەرمووی: بەڵێ، نوعەیم زەینەبی خواست و کوڕێکی لێی بوو و ناوی نا ئیبراهیم.[6]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٢.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٢٠١.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢١٣.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٤٩.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧١.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٧٢.

١٣٩١. زەینەبی کچی حوباب(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی حوبابە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە هاوسەری قەیسی کوڕی عەمرە و لەم مێردەی منداڵێکی هەبوو بە ناوی سەعید، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٣٩٢. زەینەبی کچی خەبباب(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی خەببابی کوڕی ئەرەتە،[٢] باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) کە پێشتر لە پیتی (خ) دا باسمان کردووە.

زەینەب دەڵێت: جارێک باوکم بۆ سریەیەک دەرچوو، ئیتر لەو ماوەدا پێغەمبەر(ﷺ) دەهات و سەردانی دەکردین، تەنانەت بزنێکیشمان هەبوو پێغەمبەر(ﷺ) بۆی دەدۆشین.[٣]

١٣٩٣. زەینەبی کچی خوزەیمە(دایکی باوەڕداران)(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی خوزەیمەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدوڵای هیلالیە، هاوسەری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، زیاتر بە ئوممولمەساکین (دایکی هەژاران) ناسراوە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر دەستگرۆ و هاریکاری هەژاران بوو.[٤]

زەینەب سەرەتا هاوسەری عەبدوڵای کوڕی جەحش بوو، عەبدوڵای مێردی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) زەینەبی بەهاوسەرگرت.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٢.

[٤] أسد الغابة، ج٧، ص ١٤٢.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٢.

هاوسـەرگیری پێغەمبـەر(ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچـی خوزەیمـەدا دوای هاوسەرگیری بوو لەگەڵ حەفصەی کچی عومەردا، ئەمەش لە مانگی رەمەزاندا بوو، بەڵام تەنها دوو یان سێ مانگ هاوسـەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو و دوای ئەوە وەفاتی کرد، یان دەوترێت نزیکەی هەشت مانگێک لای پێغەمبـەر(ﷺ) مایەوە ئینجا وەفاتی کرد، کاتی مردنەکەشی لە مانگی رەبیعولئاخیری ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو، ئەوکات تەمەنی نزیکەی سی ساڵ دەبوو.[1]

کاتێک پێغەمبـەر(ﷺ) ویستی داوای زەینـەب بکات، هێشتا نەیدیبوو، ئەبووئوسـەیدی نارد بۆ لای ئافرەتێکی بەنی عامیر تا داوای زەینەبی بۆ بکات، ئەویش چوو داوای کرد بۆی و پێغەمبـەر(ﷺ) بە هاوسـەری گرت.[2]

پێغەمبـەر(ﷺ) تا لە ژیاندا بوو تەنها مەرگی دوو هاوسـەری خۆی بینی کـە ئەوانیش بریتی بوون لـە خەدیجـەی کچی خوەیلید و زەینەبی کچـی خوزەیمـە.[3]

عائیشـەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەیفەرمـوو (ئەوەتان خێراتر دێت بۆ لام کە دەستی درێژترە)، ئێمـەش هەموو دەکەوتینە پێوانەی دەستی یەکدی تا بزانین دەستی کاممان درێژترە، دواجار زانیمان دەستی زەینـەب درێژترە چونکە ئەو بە دەستی خۆی کاری دەکرد و خێری زۆری پێ دەکرد.[4]

١٣٩٤. زەینەبی کچی زەید(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی زەیدی کوڕی حارثەیە، باوکی یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)، خوشکی ئوسـامەی کوڕی زەیدە کـە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٢.

[2] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٤، ص ١٥٩٩.

[3] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١، ص ٤٥.

[4] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل زينب أم المؤمنين(ﷺ)، الرقم ٢٤٥٢؛ صحيح ابن حبان - كتاب الزكاة - صدقة التطوع - ذكر تمثيل المصطفى(ﷺ) المتصدق بطول اليد، الرقم ٣٣١٤.

ئەویش یەکێکە لە گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ).[1]

کاتێک زەید کوژرا، پێغەمبەر(ﷺ) چوو سەردانی ماڵی زەیدی کرد، کچەکەی زەید هەنیسکی گریان گرتبووی و بە گریانەوە رووەو پێغەمبەر(ﷺ) چوو، پێغەمبەریش(ﷺ) زۆر بە تاسەوە دەستی کرد بە گریان، سەعدی کوڕی عوبادە کە لەوێ بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو گریانە چیە؟ فەرمووی: (ئەوە تاسەی خۆشەویستە بۆ خۆشەویستەکەی)،[2] ئەو کچەی زەید ناوی زەینەب بوو.[3]

١٣٩٥. زەینەبی کچی سەهل(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی سەهلی کوڕی موصعەبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، چوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

١٣٩٦. زەینەبی کچی سوەید(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی سوەیدی کوڕی صامتە، لە پشتیوانانە، هاوسەری سەعیدی کوڕی زەیدە و لەم مێردەی منداڵێکی بوو بە ناوی عاتیکە.[5]

١٣٩٧. زەینەبی کچی صەیفی(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی صەیفیە، لە پشتیوانانە، چوەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٤.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٦.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٨.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٦.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٨.

١٣٩٨. زەینەبی کچی عەبدولا(ﭫ)

ناوی زەینەبی کچی عەبدولایە، باوکی بە ئەبووسەلەمە ناسراوە، دایکیشی ناوی ئومموسەلەمەیە کە پاش وەفاتی ئەبووسەلەمە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیری کرد.

کاتێک دایک و باوکی زەینەب کۆچیان کردبوو بۆ حەبەشە، زەینەب لەوێ لەدایک بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دایکی بەهاوسەر گرت هێشتا زەینەب لە شیر نەبڕابوویەوە، هاوکات ئەسمائی کچی ئەبووبەکریش شیری پێدەدا، بەوەش زەینەب بووبوو بە خوشکی شیری زوبەیری کوڕی عەوام.[1]

١٣٩٩. زەینەبی کچی عەووام(ﭫ)

ناوی زەینەبی کچی عەووامی کوڕی خوەیلیدە، خوشکی زوبەیری کوڕی عەووامە، ئەم ئافرەتە چەند منداڵێکی هەبوو بە ناوەکانی خالید و یەحیا و شەیبەو عەبدولا و فاخیتە، هاوسەرەکەی ناوی حەکیمی کوڕی حەڕامە.[2]

١٤٠٠. زەینەبی کچی عوثمان(ﭫ)

ناوی زەینەبی کچی عوثمانی کوڕی مەظعوونە، کاتێک باوکی وەفاتی کرد، قودامەی مامی زەینەبی مارەکرد لە عەبدولای کوڕی عومەر، بەلام هەریەک لە دایکی زەینەب و خودی زەینەب بەو هاوسەرگیریە رازی نەبوون و پێغەمبەری خوایان(ﷺ) لەوە ئاگادار کردەوە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) هاوسەرگیریەکەی هەڵوەشاندەوە، دواتر موغیرەی کوڕی شوعبە بەهاوسەری گرت.[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٨.

[3] سنن الدارقطني، الرقم ٣٠٩٩.

١٤٠١. زەینەبی کچی قەیس(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی قەیسی کوڕی مەخرەمەیە، لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی دوو قیبلەی کردووە.[١]

١٤٠٢. زەینەبی کچی قەیسی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی قەیسی کوڕی شەمماسە، لە پشتیوانانە، دایکی ناوی خەولەی کچی عەمری خەزرەجیە، خەولە هاوسەری خوبەیبی کوڕی یەسافە و لەم مێردەی منداڵێکی بوو بە ناوی ئونەیسە، زەینەب چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٤٠٣. زەینەبی کچی مەظعوون(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی مەظعوونی کوڕی حەبیبە، هاوسەری عومەری کوڕی خەططابە، دایکی عەبدوڵای کوڕی عومەر و حەفصەی کچی عومەرە کە دایکی باوەڕداران و هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، ئەم ئافرەتە لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەش کە دەڵێت: گوایە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە مردبێت راست نیە.[٣]

١٤٠٤. زەینەبی کچی موصعەب(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی موصعەبی کوڕی عومەیرە، دایکیشی ناوی حەمنەی کچی جەحشە، موصعەبی باوکی لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، زەینەب تا دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٨.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٨٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٩.

١٤٠٥. زەینەبی کچی ئەبوورافیع(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی ئەبوورافیعە، باوکی خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، زەینەب ئامادەی ساتەکانی پێش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، دەڵێت: فاطیمەم بینی کە حەسەن و حوسەینی هێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە دوو کوڕەکەتن، دەی میراتیان پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: حەسەن شکۆ و پێشەنگی منی بۆ هەیە، حوسەینیش بوێری و بەخشندەیی منی بۆ هەیە.[1]

١٤٠٦. زەینەبی کچی ئەبووسوفیان(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی ئەبووسوفیانی کوڕی صەخرە، خوشکی دایکی باوەڕداران ئومموحەبیبەیە، هاوسەری عوروەی کوڕی مەسعوودە، عوروە ژنی زۆری هەبوو، کاتێک موسڵمان بوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکرد تەنها چوار ژنی بهێڵێتەوە، ئەویش چوار ژنی هەڵبژارد، یەکێک لەوانەش زەینەبی کچی ئەبووسوفیان بوو.[2]

١٤٠٧. زەینەبی کچی ئەبوومواعاویە(ﷺ)

ناوی زەینەبی کچی موعاویەیە، هاوسەری عەبدوڵای کوڕی مەسعوودە، زەینەب دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە ژنان خێر و صەدەقە بکەن، منیش چووم تا بچم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، دەبینم ئافرەتێکی پشتیوانیش هاتووە کە هەمان ئەو کارەی هەبوو کە من هەمبوو، بۆیە پێکەوە چووین بۆ ماڵی پێغەمبەر(ﷺ)، دەبینین بیلال لەبەردەرگایە، ئێمەش وتمان: بڕۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) پرسیارێکمان بۆ بکە بەڵام مەڵێ ئێمە کێین، بڵێ ئێمە هەتیومان

---

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧٠٢٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٥.

هەیە، ئایا دروستە خێر و صەدەقە ببەخشین بۆ خەرجی ئەو هەتیوانەو مێردەکانمان، بیلالیش چوویە ژوورەوەو هەواڵەکەی پێدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوانە کێن؟ وتی: ژنێکی پشتیوانیەو زەینەب، فەرمووی: کامە زەینەب؟ وتی: ژنەکەی عەبدوڵا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دوو پاداشتیان بۆ هەیە، پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی خێرو صەدەقەکەش).[1]

١٤٠٨. زەینەبی کچی ئەصرەم(رضي الله عنها)

ناوی زەینەبی کچی ئەصەرمی عەبدەریە، ئەم ئافرەتە هاوسەری زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە بوو، لەم مێردی دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی میعبەد و عەبدوڵا.[2]

١٤٠٩. زوبەیبی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی زوبەیبی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عەمرەی عەنبەریە، سەبارەت بە شوێنی دانیشتنی رایەک دەڵێت: دواتر لە دەرەوەی مەدینە دانیشتووە، رایەکیش دەڵێت: لە بەصرە نیشتەجێ بووە.[3]

زوبەیب موسڵمان بووبوو، هۆزەکەشی موسڵمان بووبوون و گوێی مەڕو ماڵاتیشیان کەل خستبوو،[4] هێزێکی موسڵمانان دایان بەسەریاندا و چی ژن و منداڵ و شمەک هەبوو هەموویان دەستبەسەردا گرت، زوبەیبیش خێرا سواری وشترەکەی بوو و چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دایک و باوکمەوە بە قوربانت بم هاوەڵانت هاتون وایان کردووە بە هۆزەکەم، لەکاتێکدا موسڵمانیشن و گوێی مەڕوماڵاتیشیان

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٨٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٦.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٢.
[4] ئەو کەلکردنەی گوێی مەڕومالات نیشانەیەک بوو لەنێوان موسڵمانبواندا کە زەکاتیان دەدا لەگەڵ ناموسڵماناندا و بەوە جیا دەکرانەوە.

کەل کردووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی زوبەیب ئایا بەڵگەت پێیە؟ وتی: بەڵێ، ئەوەبوو سەمورەی کوڕی عەمر شایەتی دا و زوبەیبیش سوێندی خوارد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هەرچی شتی بەنیلعەنبەر هەیە بیگێڕنەوە بۆیان)، هەموو شتێکیان بۆ گێڕدرایەوە جگە لە قەیفەیەکی دایکی زوبەیب، زوبەیب چوویەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دایک و باوکمەوە بەقوربانت بم هەرچی شتە گێڕاویانەتەوە جگە لە قەیفەیەکی دایکم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا دەزانیت کێ هەڵیگرتووە؟ وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کە خەڵکی هاتن بۆ نوێژ تۆ لەبەر دەرگای مزگەوت دابنیشە، کە ئەو کەسەت بینی دەستی پێوەبگرە تا لە نوێژ تەواو دەبێت، ئینجا بڕیاری دادوەری نێوان تۆ و ئەو دەدرێت، ئەویش وایکرد، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژ بوویەوە هات بۆ لای و فەرمووی: ئەی زوبەیب ئەی برای بەنیلعەنبەر چیت دەوێت لە دیلەکەت؟ زوبەیبیش کڵپەی گریان گرتی و کابرای بەردا و وتی: خێرم دەوێت، خوا و پێغەمبەری خوامان دەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) بە کابرای فەرموو (ئایا قەیفەکەی دایکی زوبەیبت پێیە؟) کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لای خۆم نەماوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (شمشێرەکەی خۆتی پێبدەو چەند مشتێ خواردنیشی لەگەڵدا بدەرێ)، کابراش وایکرد،[١] پێغەمبەر(ﷺ) لە زوبەیب نزیک بوویەوەو دەستی هێنا بەسەر سەریدا و نزای بۆ کرد و فەرمووی: (اللهم ارزقه العفو والعافية) (خوایە لێبوورن و سەلامەتی و بێوەیی پێ ببەخشە)، دواتر زوبەیب بە شمشێرەکەیەوە چوو و شمشێرەکەی فرۆشت بە دوو ئاژەڵ، ئەو ئاژەڵانە زاوزێیان کرد تا گەیشتنە نزیکەی سەد و ئەوەندە سەر.[٢]

---

[١] سنن أبي داود - كتاب القضاء - باب القضاء باليمين والشاهد، الرقم ٣٦١٢، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن ابي داود.

[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب الزاي - من اسمه زبيب - زبيب بن ثعلبة، الرقم ٥٢٩٩.

١٤١٠. زوبەیری کوڕی عەووام(ﷺ)

ناوی زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی قورەیشی ئەسەدیە، کونیەکەی ئەبووعەبدولڵایەو بە حەواری پێغەمبەر(ﷺ) ناسراوە، پووررزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، چونکە دایکی ناوی صەفییەی کچی عەبدولموطەلیبە کە خوشکی عەبدولڵای باوکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[١]

زوبەیر برایەکی هەبوو بە ناوی سائیب کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و لە غەزای ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد و لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[٢]

زوبەیر یەکێکە لەو هاوەڵانەی شایەتی بەهەشتی بۆ دراوە.[٣]

منداڵی زوبەیر

زوبەیر منداڵ بوو کە باوکی کۆچی دوایی کرد، ئیتر نەوفەلی مامی سەرپەرشتی دەکرد، جا هەندێ جار صەفییەی دایکی زوبەیر دەیدا لە زوبەیر، مامیشی دەیوت وا توند لێی مەدە، ئەڵێیت لە دوژمن دەدەیت و رقتە لێی، صەفییەش وەڵامی دایەوەو بە شیعرێک پێی وت: ئەوەی وادەزانێت من لە رقەوە لێی دەدەم ئەوە درۆ دەکات، من بۆ تەمبێ کردن وا لێی دەدەم بۆ ئەوەی بەرگە بگرێت و کەسێکی خاوەن کەسێتی لێ دروست بێت.[٤]

زوبەیر کەسێکی باڵابەرزی وای لێدەرچوو کە لە باڵابەرزیدا باس دەکرا،[٥] هاوکات ریشی تەنک بوو.[٦]

هاوسەرو منداڵەکانی زوبەیر:

زوبەیر چەند ئافرەتێکی بەهاوسەر گرتبوو:

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٣.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١١٩.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٣.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٤.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٤.
[٦] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٢.

ئەسمائی کچی ئەبوبەکری صدیق کە یەکێکە لە ئافرەتە زۆر خواناسەکان و خوشکە گەورەی عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، واتە زوبەیر ئاوزاوای پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لەگەڵ ئەم ژنەی کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ چەند منداڵێکی بوو، عەبدوڵا، عوروە، مونذیر،[1] عاصم، موهاجیر، خەدیجەی گەورە، ئوممولحەسەن، عائیشە.[2]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە یەکەم ساڵی کۆچیدا لەدایکبوو و یەکەم منداڵی لەدایکبووی کۆچەران بوو پاش کۆچ بۆ مەدینە.[3]

دواتر زوبەیر ئەسمائی تەڵاق داو ئەسمائیش لای عەبدوڵای کوڕی مایەوە، سەبارەت بە هۆکاری تەڵاقەکەشی چەند شتێک هاتووە کە روون نیە کامیانە، گێڕانەوەیەک هاتووە دەڵێت: عەبدوڵا وتوویەتی کەسی وەک من نابێت کەس بچێتە لای دایکی، بۆیە زوبەیر تەڵاقی داوە، گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت: لەبەرئەوە بووە کە ئەسماء تەمەنی زۆر بووە، گێڕانەوەیەکی تر دەڵێت: چونکە جارێک زوبەیر دای لە ئەسماء و ئەویش قیژاندی، عەبدوڵاش چوو بەدەم دایکیەوە، زوبەیر پێی وت: بێیتە ژوورەوە دایکت تەڵاق دەدەم، عەبدوڵا هەر چوویە ژوورەوە، زوبەیریش تەڵاقی دا، بەڵام هیچکام لەوانە بەڵگەی رەوا نین.[4]

ئوممو خالیدی کچی خالید، لەم ژنەی ئەم منداڵانەی بوو: خالید، عەمر، حەبیبە، سەودە، هیند.[5]

رەبابی کچی ئونەیف، لەم ژنەی ئەم منداڵانەی بوو: موصعەب، حەمزە، رەملە.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ١٢.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٤، ص ٩٠.

[4] أسد الغابة، ج٧، ص ١٢.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

زەینەبی کچی مەرثەد، لەم ژنەی ئەم مندالانەی بوو: عوبەیدە، جەعفەر.[1]

ئومموکلثومی کچی عوقبە کە لەم ژنەی کچێکی بوو بە ناوی زەینەب.[2]

جا کاتێک ئومموکلثوم سکی هەبوو بێزار بوو لە زوبەیر، چونکە زوبەیر لەگەڵ ژناندا توند و رەق بوو، ئومموکلثوم وتی: ئەی زوبەیر تەلاقێکم بدەو دواتر مارەم بکەرەوە، زوبەیر وتی: دەی ئەوە چ سوودێکی تیایە بۆت؟ وتی: دڵم ئارامی بۆ دێت، ئەویش تەلاقێکی دا و چوویە دەرەوە، ئومموکلثوم بە خزمەتکارەکەی وت: دەرگاکان دابخە، ئینجا منداڵێکی بوو، ئەوەبوو هەواڵ برا بۆ زوبەیر، ئەویش وتی: ژنەکەم فێڵی لێکردم، ئینجا چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باس کرد، ئەویش لەیەکی جیا کردنەوە.[3]

حەلالی کچی قەیس، لەم ژنەی منداڵێکی بوو بە ناوی خەدیجەی بچووک.[4]

تەماضوری کچی ئەصبەغ کە تەنها حەوت شەو لای مایەوەو زوبەیر دوای ئەوە تەڵاقی دا.[5]

عاتیکەی کچی زەید کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و تا ئەو ساتەی زوبەیر شەهید بوو عاتیکە ژنی بوو، عاتیکە سەرەتا ژنی عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر بوو، واتە ژنی ژنبراکەی زوبەیر بوو، ئەوەبوو عەبدوڵا شەهید بوو، دواتر شووی کرد عومەری کوڕی خەتتاب هێنای و ئەویش شەهید بوو، دواتر زوبەیر هێنای و ئەویش شەهید بوو، ئیتر خەڵکی دەیانوت کێ دەیەوێت شەهید بێت با عاتیکە بە هاوسەر بگرێت.[6]

---

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[2] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[3] المستدرک علی الصحیحین - کتاب الطلاق - عدة الحامل المتوفی عنها زوجها، الرقم ٢٨٥٢، قال الذهبي صحیح غریب.

[4] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ١٠٠.

[5] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٨، ص ٢٩٩.

[6] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٣، ص ١١٢.

زوبەیری کوڕی عەوام دەیوت طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵای تەیمی ناوی منداڵەکانی بە ناوی پێغەمبەرانەوە دەنێت، دەشزانێت دوای موحەممەد(ﷺ) هیچ پێغەمبەرێک نایەت، منیش ناوی منداڵەکانم بە ناوی شەهیدانەوە دەنێم بەڵکو شەهید بن، عەبدوڵای بە ناوی عەبدوڵای کوڕی جەحشەوە ناو نا، مونذیری بە ناوی مونذیری کوڕی عەمرەوە ناونا، عوروەی بە ناوی عوروەی کوڕی مەسعوودەوە ناونا، حەمزەی بە ناوی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبەوە ناو نا، جەعفەری بە ناوی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبەوە ناونا، موصعەبی بە ناوی موصعەبی کوڕی عومەیرەوە ناونا، عوبەیدەی بە ناوی عوبەیدەی کوڕی حارثەوە ناونا، خالیدی بە ناوی خالیدی کوڕی سەعیدەوە ناونا، عەمری بەناوی عەمری کوڕی سەعیدی کوڕی عاصەوە ناونا.[1]

موسڵمانبوونی زوبەیر

سەبارەت بە کاتی موسڵمانبوونی رایەک دەڵێت: لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا موسڵمان بووە، رایەکی تر دەڵێت: لە تەمەنی هەشت ساڵیدا موسڵمان بووە،[2] رایەکیش دەڵێت: لە تەمەنی شانزە ساڵیدا بووە کە موسڵمان بووە.[3]

زوبەیر لە دوای ئەبووبەکر موسڵمان بوو و چوارەم یان پێنجەم کەس بوو موسڵمان بوو.[4]

زوبەیری کوڕی عەوام لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، چونکە ئەو پێشنیازی موسڵمان بوونی بۆ کرد و وردەکاری بانگەوازەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ خستەڕوو، زوبەیریش چوو بەدەم داواکەیەوەو موسڵمان بوو.[5]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠١.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٤.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤١.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠١.
[5] الكامل في التأريخ، ج١، ص ٥٨٣.

زوبەیر لەپێناو ئیسلامدا نارەحەتی زۆری چەشت، مامی زوبەیر کە زانی زوبەیر موسڵمان بووە کەوتە ئازاردانی، لەسەر حەسیرێک رایدەکێشا و دواتر دووکەڵی بەسەردا دەکرد، هەر ئازاو ئەشکەنجەیەکی دەدا تا زوبەیر وازبهێنێت لە ئیسلام، ئەویش دەیوت هەرگیز بێباوەڕ نابم.[1]

زوبەیر یەکەم کەس بوو لەپێناو خوادا شمشێری هەڵکرد، ئەوەبوو هاوارێکی بیست کە وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرووی مەککەوە هەڵمەتی بۆ براوە، بۆیە زوبەیر بە شمشێرێکەوە کەوتەڕێ بەرەو ئەوێ، هەرکەس دەیدی سەری سوڕدەما لەو هەڵوێستەی زوبەیر، زوبەیر کە گەیشتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەوە چیتە ئەی زوبەیر؟! زوبەیریش بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی: هاتووم تا بەم شمشێرە بدەم لەو کەسەی هەڵمەتی بۆ هێناویت،[2] پێغەمبەریش(ﷺ) نزای کرد بۆ خۆی و شمشێرەکەشی.[3]

کۆچکردنی زوبەیر

زوبەیر لە هەردوو کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد،[4] بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوەو گەڕایەوە بۆ مەککە.[5]

کاتێک زوبەیر لە حەبەشە بوو، پاشایەک لە حەبەشە دەرکەوت و دژی نەجاشی وەستایەوە، موسڵمانانی ئەوێ نزایان دەکرد تا نەجاشی بەسەریدا سەرکەوێت، نەجاشی چوو تا لەگەڵیدا بجەنگێت، موسڵمانەکانی ئەوێیش زوبەیریان نارد تا بڕوات و هەواڵی جەنگەکەی نەجاشیان بۆ بهێنێت، ئەوەبوو خوای گەورە نەجاشی سەرخست و زوبەیر هەواڵی هێنایەوە بۆ موسڵمانان و ئەوانیش بە سەرکەوتنەکەی دڵخۆش بوون.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٥.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤١.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٤.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٧.
[6] الكامل في التأريخ، ج١، ص ٦٠٠.

نەجاشی خەنجەرێکی هەبوو بە دیاری دای بە زوبەیر، دواتر زوبەیر کە هاتەوە ئەو خەنجەرەی بە دیاری دا بە پێغەمبەر(ﷺ) و لای پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە.[1]

دواتر زوبەیر کۆچی کرد بۆ مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان زوبەیر و عەبدوڵای کوڕی مەسعوودەوە.[2]

زوبەیر لە غەزای بەدردا

پێغەمبەر(ﷺ) کە ویستی بچێت بۆ بەدر عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی هاودەم بە چەند هاوەڵێک نارد تا بچنە لای ئاوی بەدر و هەواڵ و زانیاری بۆ وەربگرن.[3]

زوبەیر لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و تیایدا دوو جار بریندار بوو، برینەکەی هێندە قووڵ بوو کە پەنجە لە هەر برینێکیدا ون دەبوو.[4]

لە غەزای بەدردا زوبەیر ئەسپێکی پێ بوو و لە بەرەی راستەوە بوو، میقدادی کوڕی ئەسوەدیش بە ئەسپێکەوە لە باڵی چەپەوە بوو، زوبەیر مێزەرێکی زەردی بەستبوو.[5]

لە رۆژی بەدردا فریشتەکان لەسەر شێوەی زوبەیر دابەزین و مێزەرێکی زەردیان لەسەر بەستبوو.[6]

زوبەیر لە غەزای ئوحوددا

زوبەیر لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و رۆڵێکی کارای هەبوو تیایدا.

زوبەیر دەڵێت: لە رۆژی ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) شمشێرێکی پێ بوو و خستیەڕوو و فەرمووی: (کێ ئەم شمشێرە دەگرێت بەمەرجێک مافی بدات؟) منیش وتم: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی

[1] الكامل في التأريخ، ج٦، ص ١٢٩.

[2] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب عبد الله بن مسعود(ﷺ) - كان ابن مسعود سادس ستة في الإسلام، الرقم ٥٤١٣، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٢٧.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٦.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٤٦.

[6] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - أول غزوة في الإسلام بدر، الرقم ٥٦٠٠.

نەدامەوە، تا سێ جار ئەمە روویدا، ئینجا ئەبوودوجانە هەستاو وتی: من هەڵیدەگرم ئەی پێغەمبەری خوا؟ بەڵام مافەکەی چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوەیە موسڵمانی پێ نەکوژێت و بەم شمشێرەوە لەدەست بێباوەڕ رانەکەیت)، ئەویش رازی بوو.[1]

زوبەیر دەڵێت: بەخوا تەماشای هیندی کچی عوقبە و ژنە هاوڕێکانیم دەکرد کە هەرچییان بوو فڕێیان دەدا و رایان دەکرد، لەو کاتەدا تیرهاوێژەکان هاتنە خوارەوەو پشتیان بەردابن و سوارەی دوژمن لە پشتەوە هاتن بۆمان و کەسێکیش هاواری دەکرد موحەممەد کوژرا، ئێمەش دەستمان لەکار وەستا و وازمان هێنا و کەسێک نەبوو بچێت بە لای ئاڵاکەدا.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران کە بە عوروەی خوشکەزای وت: خوشکەزاکەم هەردوو باوکت زوبەیرو ئەبووبەکر لەوانەن کە خوا باسی کردون (الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا مِنْهُمْ وَاتَّقَوْا أَجْرٌ عَظِيمٌ)،[3] کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) تووشی ئەو بارە سەختەی ئوحود بوو و بێباوەڕان لە دەوری بڵاوەیان کرد، پێغەمبەر(ﷺ) ترسی هەبوو هەمدی بگەڕێنەوە، بۆیە فەرمووی: (کێ دەکەوێتە دوایان؟) حەفتا کەس کەوتنە دوایان، لەنێویاندا ئەبووبەکر و زوبەیریش هەبوون.[4]

ئوبەی کوڕی خەلەف کە پێغەمبەری خوای(ﷺ) بینی چوو بۆی تا بیکوژێت، خێرا زوبەیر هەڵیکوتایە سەر ئوبەی و بە خەنجەرەکەی دەستی ویستی بیکوژێت، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێدا کە وازی لێبهێنێت و خۆی خەنجەرەکەی زوبەیری گرتە دەست و ئوبەی پێ بریندار کرد،

---

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي دجانة سماك بن خرشة الخزرجي - ذكر شجاعة أبي دجانة، الرقم ٥٠٥١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب المغازي والسرايا - ذكر ما أصيب ثنايا أبي عبيدة عند إخراج حلق المغفر عن وجنتي النبي، الرقم ٤٣٣٩، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[3] آل عمران: ١٧٢.

[4] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب الذين استجابوا لله والرسول، الرقم ٤٠٧٧.

ئەوەبوو بەو برینەوە لە نیوەی ڕێدا ئوبەی مرد.[1]

زوبەیر دەڵێت: کە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین بۆ ئەوەی بچینە سەر کێوەکە، پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بچێتە سەر بەردێک بەڵام نەیتوانی، بۆیە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا پشتی خۆی بۆ چەماندەوە و پێغەمبەر(ﷺ) پێی خستە سەر پشتی طەلحەو چوویە سەر بەردەکەو لەسەر بەردەکە دانیشت.[2]

کاتێک حەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) شەهید کرا صەفییە کە هات دوو جلی حەمزەی پێ بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی بینی حەزی نەکرد صەفییە حەمزە بەو شێوازە ببینێت، بۆیە زوبەیری نارد تا ڕێ نەدات حەمزە ببینێت، کاتێک زوبەیر گەیشتە لای صەفییە وتی: دایە گیان ڕاوەستە، ئەویش وتی: لەسەر ڕێم لاچۆ، کاتێک بینی صەفییە واز ناهێنێت وتی: پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد بۆ لات، صەفییە کە ئەوەی بیست خێرا وەستا و دوو جلەکەی گرتە دەست و جلێکیان بۆ کفنی حەمزە بوو و ئەوی تریشیان بۆ کفنی پشتیوانییەک بوو.[3]

زوبەیر لە غەزای خەندەقدا

زوبەیر لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد، لەو غەزایەدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (من يأتينا بخبر القوم)، (کێ هەواڵی دوژمنمان بۆ دێنێت؟)، زوبەیر وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) هەمدی ئەوەی دووبارە کردەوە، دووبارە زوبەیر وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ جاری سێیەم هەمان شتی دووبارە کردەوە، زوبەیر هەمدی وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوکات فەرمووی: (إن لكل نبي حواري وإن حواري الزبير)،[4] (هەر پێغەمبەرێک حەواری هەبووە، حەواریەکەی منیش زوبەیرە).

[1] المنتظم لابن الجوزي، ج٣، ص ١٦٧.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر طلحة بن عبيد الله التيمي رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٧٩، قال شعيب الأرناؤوط إسناده قوي.

[3] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١١٧٠.

[4] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة الخندق وهي الأحزاب، الرقم ٤١١٣؛ سنن ابن ماجه - أبواب السنة - باب في فضائل أصحاب رسول الله(ﷺ) - فضل الزبير(ﷺ)، الرقم ١٢٢.

عەبدوڵای کوڕی دەڵێت: لە غەزای خەندەقدا من و عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە لەو شوێنە بووین کە ژنەکانی پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ بوون، جا یەکترمان بەرز دەکردەوە تا لە سەروو دیوارەکەوە تەماشای جەنگەکە بکەین، جا کاتێک عومەر منی بەرز کردەوە دەمبینی باوکم هەڵمەتی دەبرد بۆ بەنی قورەیضەو جەنگی دەکرد لەگەڵیاندا،[1] عەبدوڵا کە ئەمەی گێڕایەوە بۆ باوکی، زوبەیر وتی: رۆڵە گیان ئەوکات منت بینی، وتی: بەڵێ، زوبەیر وتی: ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ دەچێت هەواڵی بەنی قورەیضەم بۆ بهێنێت، منیش چووم، کە هاتمەوە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم.[2]

زوبەیر بە شمشێرەکەی دای لە عوثمانی کوڕی عەبدوڵای کوڕی موغیرەو کوشتی، جا خەڵکی دەیانوت چ شمشێرێکی چاکە؟ ئەویش تووڕە بوو چونکە پێی وابوو کاریگەری دەستی بووە نەک کاریگەری شمشێرەکە.[3]

زوبەیر لە غەزای خەیبەردا

لە غەزای خەیبەردا کاتێک جەنگەکە سەخت بووبوو، مەرحەبی جوولەکە هاتە دەرەوەو دەیوت کێ هەیە بەرامبەرم بجەنگێت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ دەچێت بۆی؟ موحەممەدی کوڕی مەسلەمە وتی: من ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ بۆی، پاشان نزای بۆ کرد و فەرمووی: خوایە پشتیوانی بکە، ئینجا موحەممەد کابرای کوشت، ئینجا یاسری جوولەکە هاتە دەرەوەو وتی: کێ هەیە بەرامبەرم بجەنگێت، زوبەیری کوڕی عەووام چوو بەرامبەری وەستا، صەفییەی دایکی زوبەیر کە ئەوەی بینی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو جوولەکەیە کوڕەکەم دەکوژێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵکو خوا بیەوێت کوڕەکەت ئەو دەکوژێت، ئەوەبوو پێکگەیشتن و جەنگان و زوبەیر ئەوی کوشت.[4]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب الزبير بن العوام، الرقم ٣٧٢٠.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١.

[4] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - جماع أبواب السير - باب المبارزة، الرقم ١٨٤١٢.

زوبەیر لە فەتحی مەککەدا

کاتێک حاطیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە نهێنی نامەیەکی نووسی بۆ مەککە تا هەواڵی هێرشی پێغەمبەریان(ﷺ) پێ بدات، خوای گەورە ئەوەی ئاشکرا کرد، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) هەریەک لە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و زوبەیر و میقدادی کوڕی ئەسوەدی نارد بە شوێن ئەو ژنەی نامەکەی بردووەو ئەوانیش ژنەکەیان گرت و نامەکەیان لێ سەندەوەو گەڕانەوە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)،[1] وردەکاری بەسەرهاتەکە لە ژیانی حاطیبی کوڕی ەبی بەلتەعەدا لە پیتی (ح) دا باس کراوە.

زوبەیر لە فەتحی مەککەشدا بەشدار بوو و دوو ئاڵای بە دەستەوە بوو، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵاکەی سەعدی کوڕی عوبادەشی دایە دەستی.[2]

هەروەها ئاڵاکەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەدەست زوبەیرەوە بوو.[3]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەک لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[4]

پێغەمبەر(ﷺ) پارچە ئاوریشمێکیشی دابوو بە زوبەیر و ئەویش لە جەنگدا بەکاری دەهێنا.[5]

زوبەیر لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد و تیایدا جارێکی دی برینداربوو، برینێک هاوشێوەی برینەکانی غەزای بەدر.[6]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب الجاسوس، الرقم ٣٠٠٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أهل بدر(ﷺ)م، الرقم ٢٤٩٤.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١.

[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨٠.

[4] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل طلحة والزبير(ﷺ)، الرقم ٢٤١٧.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٢.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٦.

زوبەیر و فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)

عەبدوڵای کوڕی دەڵێت: جارێک پرسیارم کرد لە باوکم وتم: بۆچی وەک فلان و فلان نیت هێندە فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بگێڕیتەوە؟! ئەویش وتی: من هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووم، بەڵام لێم بیستووە دەیفەرموو: (من كذب علي فليتبوأ مقعده من النار)،[1] (هەرکەس درۆم بەدەمەوە بکات با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بکات).

زوبەیری کوڕی عەوام دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (لأن يأخذ أحدكم حبله، فيأتي بحزمة الحطب على ظهره، فيبيعها، فيكف الله بها وجهه خير له من أن يسأل الناس أعطوه أو منعوه)،[2] (ئەگەر یەکێک لە ئێوە گوریسەکەی هەڵگرێت و کۆڵێ داری پێ بهێنێت و بیدات بە کۆڵیدا و بیبات بیفرۆشێت و بەوە خوا ئاوی دەموچاوی بهێڵێتەوە، ئەوە زۆر باشترە بۆی لەوەی داوا لە خەڵک بکات، ئیتر ئایا پێیبدەن یان پێی نەدەن).

زوبەیر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نزای کرد بۆ خۆم و منداڵەکانم و نەوەکانیشم.[3]

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت: جارێک بینیم پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەوتبوو و زوبەیریش لە کەناریەوە دانیشتبوو و باوەشێنی دەکرد و مێشوولەی لێ دووردەخستەوە، هەتا پێغەمبەر(ﷺ) لە خەو هەستا زوبەیر هەر وایکرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) هەستا فەرمووی: (تا ئێستاش هەر بەردەوامیت ئەی ئەبوو عەبدوڵا؟) ئەویش وتی: بەڵێ بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوە جیبریلە سەلامت لێدەکات و دەفەرمویت: من لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵت دەبم و گڕی دۆزەخ لە دەموچاوت دوور دەگرم).[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب العلم - باب إثم من كذب على النبي(ﷺ)، الرقم ١٠٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب الزكاة - باب الاستعفاف عن المسألة، الرقم ١٤٧١؛ سنن ابن ماجه - أبواب الزكاة - باب كراهية المسألة، الرقم ١٨٣٦.

[3] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٦٣.

[4] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٧٤.

زوبەیر لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

لێرەدا مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا زوبەیر بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە،پێشتریش لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادە (ئەبووزەری غیفاری) دا باسمان کردووە و لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و بڕێک کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدولای کوڕی مەسعوود.[1]

زوبەیر لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بڕیاری دا مەسەلەی خیلافەت بە شوورا بێت، ئەو دەیوت ئەگەر بمویستایە کەسێک رابسپێرم ئەوە زیاتر حەزم دەکرد زوبەیر بێت، چونکە ئەو پایەیەکی دینە.[2]

جارێک زوبەیر چوویە کۆڕێکەوە تەماشای کرد حەسسانی شاعیری پێغەمبەر(ﷺ) شیعری دەهۆنیەوە، کەچی خەڵکەکە زۆر گەرموگوڕ نەبوون بۆ شیعرەکانی، زوبەیر چوو دانیشت و وتی: ئەوە چیە دەتانبینم وا ساردن لە گوێ گرتن و گەرمی کۆڕەکەدا، من دیومە حەسسان شیعری دەهۆنیەوە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) و پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بە جوانی گوێی بۆ رادەگرت و دەستخۆشی لێدەکرد و هیچ خۆی بە شتی ترەوە سەرقاڵ نەدەکرد.[3]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١١.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٦.

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی عەمری کوڕی عاصی بەرەو میصر نارد تا فەتحی بکات، بە دوایدا زوبەیری کوڕی عەووامی نارد تا پشتیوانی بێت،[1] لەوێ زوبەیر ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی و پشتیوانێکی بەهێز بوو بۆ عەمر.[2]

زوبەیری کوڕی عەووام بۆ غەزا ڕووەو میصر چوو، جا ئەمیری میصر نامەی بۆ نارد مەیەرە ئێرە چونکە نەخۆشی تاعوون تیایدا بڵاو بووەتەوە، زوبەیر وتی: جا من بۆ شمشێر وەشاندن و تاعوون دێمە ئەوێ، کە چوویە ئەوێ و غەزای کرد جارێک پێکرا، بەڵام نەیکوشت.[3]

لە سەردەمی عومەردا صەفییەی دایکی زوبەیر کۆچی دوایی کرد، خەلیفە نوێژی لەسەر کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا.[4]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب شەهید کرا زوبەیر چوو و ناوی خۆی لە دیواندا سڕیەوە، عەبدوڵای کوڕیشی لە کاتی شەهیدبوونی عوثماندا هەمان هەنگاوی باوکی نا.[5]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی ڕاسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[6]

لە ژیانی عوثمانی کوڕی عەففاندا باسی شێوازی هەڵبژاردنەکەمان کردووەو لێرەدا باسی ناکەین.

---

[1] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٥١٣.

[2] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٤٠٦.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥.

[4] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر بنات عبد المطلب عمات رسول الله وبنات عمه وأقاربه - صفية بنت عبد المطلب أخت حمزة وأم الزبير بن العوام(ﷺ) أجمعين، الرقم ٦٩٥٦.

[5] سير اعلام النبلاء، ج١، ص ٥٧.

[6] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٧٤.

زوبەیر لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

جارێک زوبەیری کوڕی عەووام چوویە بازاڕ و تەماشای کرد هەندێ مەوالی ئومەویەکان قۆرخکاری دەکەن، ئەویش کەوتە لێدانیان، لەو حاڵەدا بوو کە خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان هات و لەسەر هێسترێک بوو، زوبەیریش چوو بۆ لای و جڵەوی هێسترەکەی گرت و کەوتە تانەدان و تووڕە بوون لە عوثمان، زۆر بە توندی دواندی، خەلیفەش هیچی نەوت، ئینجا زوبەیر وازی هێنا، کە عوثمان دابەزی جێی بۆ راخرا و دانیشت، ئینجا زوبەیر هاتەوە بۆ لای و وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران سوێند بەخوا دەزانم تۆ مافت بەسەرمەوە هەیە، بەڵام من کە ناحەقیەکم بینی خۆم پێ راناگیرێت، خەلیفە پێی وت: وەرە دابنیشە، لەپاڵ خۆیدا لەسەر راخەرەکە داینیشاند.[1]

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، زوبەیر یەکێک بوو لەوانەی داوای تۆڵەی خوێنی عوثمانی دەکرد، جا لێیان دەپرسی ئەی زوبەیر بۆچی هاتوون وازتان هێنا تا خەلیفە کوژرا و ئێستا هاتوون داوای خوێنەکەی دەکەن؟ ئەویش وتی: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمانیشدا ئەم ئایەتەمان دەخوێندەوە(واتقوا فتنة لا تصيبن الذين ظلموا منكم خاصة)، بەڵام وامان نەدەزانی ئێمەش دەگرێتەوە تا ئەوەی لە ئێمەشدا روویدا.[2]

زوبەیر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبدا

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێک ویستیان بگەڕێنەوە

[1] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٣٣٤٢.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند الزبير بن العوام الله(ﷺ)، الرقم ١٤٣١، قال شعيب الأرناؤوط إسناده جيد.

مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەک لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەک لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێک کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

وەستانێک:

سەبارت بە بەیعەتدانی طەلحەو زوبەیر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب مشتومڕێک هەیە کە ئایا بە ویستی خۆیان بەیعەتیان داوە یان بە ناچاری.

کاتێک بەیعەت درا بە عەلی، عەلی داوای هەریەک لە طەلحەو زوبەیری کرد، ئەوانیش هاتن، طەلحە دەیویست بەیعەت نەدات، بەڵام مالیکی ئەشتەر شمشێری هەڵکرد و وتی: بەیعەت نەدەیت دەدەم لە گەردنت، ئەویش بە ناچاری بەیعەتی داو زوبەیریش بە دوایدا بەیعەتی دا.

لە گێڕانەویەکی تردا هاتووە عەلی بەوانی وت: یان ئێوە بەیعەتم پێ بدەن یان من بەیعەتتان پێ دەدەم، ئەوانیش وتیان: ئێمە بەیعەتت پێ دەدەین.[2]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٠ – ٢٣١.

[2] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٦٩٧.

طەلحە وتی: من کاتێک بەیعەتم داوە کە شمشێر لە گەردنم بووە، هەریەک لە سەعد[1] و ئوسامەی کوڕی زەید شایەتییان داوە کە بەیعەتەکەی طەلحە زوبەیر ناچاری بووە.[2]

لێرەدا پێم خۆشە پوختەیەکی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی بەش بە هەمان دەقی خۆی دابنێم:

کاتێک قەدەری خوا هات و ئەوەی لە قەدەردا هەبوو روویدا و حەق هەروا خەڵک وێڵ ناکات و خەڵکی دوای عوثمان سەبارەت بەخەلیفەیەک کە بەسەریاندا دابنرێ راجیادەبوون، هیچ کەسیش نەبوو دوای ئەو سێ خەلیفەیە هێندەی چوارم خەلیفە-واتە عەلی- بەڕێزتر و زاناتر و لەخواترستر و ئاییندارتر بێت، بۆیە بەیعەتی پێدرا، ئەگەریش بەو خێراییە بەیعەت نەدرایە بە عەلی ئەوا وێڵ و لاسارەکان بارەکەیان زۆر خراپتر دەکرد، بەڵام کۆچەران و پشتیوانان بڕیاری خیلافەتیان دا بۆ عەلی، ئەویش ئەوەی لەسەر خۆی بە فەرز زانی، بۆیە ملکەچی بوو.

طەلحە بەیعەتی دا بە عەلی، خەڵکیش وتیان: دەستێکی ناتەبا بەیعەتی داوە بە عەلی، سوێند بەخوا ئەم مەسەلەیە ناگاتە جێی مەبەست، جا ئەگەر بوترێت ئەو دوانە-طەلحەو زوبەیر- بە نارەزایی بەیعەتیان داوە -بە عەلی- لە وەڵامدا دەڵێین هەرگیز شتی وا نەبووە بە ناحەزی بەیعەتیان دابێ و زۆریان لێ کرابێت، ئەگەریش تەنانەت بە نارەزایی بەیعەتیان دابێت ئەوە کاناکاتە سەر بەیعەتەکەی عەلی، چونکە بە یەک کەس یان دوان بەیعەت دەبەسترێت و سەردەگرێت، ئیتر هەرکەس دوای ئەوە بەیعەت بدات پەیوەستی ئەو بەیعەتە دەبێت، بەپێی شەرعیش پێویستە لەسەری ئەو بەیعەتە بدات، ئەگەریش ئەو دوانە بەیعەتیان نەدایە ئەوا ئەو کارە

---

[1] تاريخ الطبري، ج٢، ص ٦٩٩.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.

کاریگـەری نەدەبـوو بۆیـان و کاریگەریشـی نەدەبـوو بۆ بەیعەتـی پێشـەوا –ی موسـڵمانان–.

ئـەوەش دەڵێـت: دەسـتێکی ناتەبـاو کارێکـی بـە ئەنجـام نەگەیشـتووە، ئـەوە گومانـی کەسـێکە کـە دەڵێـت: طەلحـە یەکـەم کـەس بـووە بەیعەتـی داوە، مەسـەلەکەش وا نەبووە–طەلحـە یەکـەم کـەس نەبـووە بەیعەتـی دابێـت بـە عەلـی–.

ئەگەریـش بوترێـت موسـڵمانان لەسـەر ئـەوە بەیعەتیـان داوە بـە عەلـی کـە بکوژانـی عوثمـان بکوژێتـەوە ئـەوا دەڵێیـن ئـەو مەرجـە بـۆ بەیعـەت راسـت نیـە، بەڵکو لەسـەر ئـەوە بەیعەتی پێدەدەن کە حوکم بـە حـەق بکات، ئەویش ئەوەیـە کەسـی داواکاری خوێنـی عوثمـان ئامـادە بێـت و کەسـی داواکراویـش ئامـادە بێـت و سـکاڵا بکرێـت و وەڵام بدرێتـەوەو بەڵگە بەردەسـت بێـت و حوکم بدرێـت، بـەڵام ئـەوەی هـەر بـە قسـەیەکی رەهـا یـان کارێکـی بەدواداچـوون بـۆ نەکراو یـان بیسـتنی قسـەیەک هێرش ببـات ئـەوە لـە ئاییـنی ئیسـلامدا شـتی وا نیـە.

عوثمانیـەکان دەڵێـن: دەسـتەیەک لـە هـاوەڵان لـە بەیعەتدانـی دواکەوتـن، لەوانـە سـەعدی کوڕی ئەبـی وەقاص و مەحەممـەدی کوڕی مەسـلەمەو ئیبن عومـەر و ئوسـامەی کـوڕی زەیـد و چەنـد هاوشـێوەیەکی تـری ئـەوان.

ئێمـەش دەڵێیـن سـەبارەت بـە بەیعەتپێدانـی دوانەکەوتـون، بـەڵام سـەبارەت بـە سەرخسـتنی دەسـتەیەک لەوانـەی کـە باسـکران دواکەوتـن، چونکـە ئـەو مەسـەلەیە مەسـەلەیەکی ئیجتیهـادی بـوو، هـەر کام و ئیجتیهادێکیـان هەبـوو و بەپێـی روانینـی خـۆی هەنـگاوی دەنـا و قـەدەری خـۆی دەهاتـەڕێ.

دەسـتەیەک دەگێڕنـەوە کاتێـک بەیعـەت درا بـە عەلـی، طەلحـەو زوبەیـر داوای مۆڵەتیـان لـە عەلـی کـرد تـا بچـن بـۆ مەککـە، عەلـی بەوانـی وت: لەوانەیە بتانەوێـت بچـن بـۆ بەصـرەو شـام، ئەوانیـش سـوێندیان خـوارد وا ناکـەن.[1]

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.

ڕێککەوتن لە مەککە

لە مەککە سێ ڕای جیاواز دروست بوو، دەستەیەک وتیان: با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان: بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە، دەستەی سێیەم وتیان: بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم ڕایە ڕێککەوتن.[1]

(سەبارەت بە چوونی -هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر- بەرەو بەصرە ڕاستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێڕانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێک کە بۆیان دەرکەوتووە ویستبێتیان عەلی -لە خیلافەت- لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەکان هێور ببنەوە، دواتر کەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بکوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەکی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەک قانوون تا بەریەکنەکەون و دژ بەیەک نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەک شتی تر، هەواڵی ڕاستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی بەشەکانی یەکەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش ڕوونمان کردوەتەوە.

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣١.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونکە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەکرێت یەک یان دوو کەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونکردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش کە لەوانەیە بۆ کوشتنی بکوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە کارەکە بنەرەتەکەی بۆ یەکدەنگی بووە، دەشکرێت هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بن.

دەگێردرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی- طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا- ئاژاوەی نێوان خەڵک نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایکی باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیان و رەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەوێ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان: بۆچی هاتویت؟ وتی: بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە رازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، رۆژێک خۆیان پاراست، بەڵام لە رۆژی دووەمدا جەنگ روویدا و ژمارەیەک لە هاوەڵان و کەسانی تر کوژران.[3]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بکات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بوو بێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بکەن،

---

[1] العواصم من القواصم لابن العربي.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٢.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.

نوێنەریان ناردە مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، کەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە وتی: بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، کەچی خەڵکانێک هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێک رزگاریان کرد، بارەکە نەگەیشتە ئەنجام.[١]

لە بەصرە جەنگ روویداو ژمارەیەکی تر کوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام شار کەوتە دەست سوپای عائیشە.[٢]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵکێکی کەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەک لە هاوەڵانی بەشداربووی غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاکەی عەلی تەنها نۆسەد کەس بوو، حەسەنی کوڕی داوای لێکرد نەچێت، عەبدوڵای کوڕی سەلامیش هەمان داوای لێکرد، بەڵام عەلی رازی نەبوو، ئینجا هەواڵی نارد بۆ کووفە تا بدەنە پاڵی، بەرەبەرە سوپاکەی عەلی روی لە زیاد بوون بوو.[٣]

عەلی کە عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هەواڵی کارەکانی طەلحەو زوبەیری بیست، نزای کرد خوایە طەلحەو زوبەیر بەرامبەر بەو هەڵەی کردوویانە بێدار بکەیتەوە.[٤]

کاتێک زوبەیر لە بەصرە بوو کەسێک هات بۆ لای و وتی: ئەرێ بچم عەلی بکوژم؟ ئەویش وتی: چۆن دەیکوژیت لەکاتێکدا سەربازی زۆری لەگەڵدایە؟ ئەویش وتی: دەچمە ناو سوپاکەی و خۆمی لێ نزیک دەکەمەوەو دواتر دەرفەتی لێ دێنم، زوبەیر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[٥] (ئیمان نامەردکوژی کۆت کردووە، باوەڕدار نامەردکوژی ناکات).

[١] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٣.
[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٤ – ٢٣٥.
[٤] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٥.
[٥] مسند أحمد بن حنبل – مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم – مسند الزبير بن العوام الله(ﷺ)، الرقم

دواجـار قەعقـاع کەوتـە نێوانـەوە، چوویـە بەصـرەو طەلحـەو زوبەیـری بانگهێشت کرد بۆ یەکڕیزی و دوورگرتن لـە دووبەرەکی، سـەرەتا لەگەڵ عائیشـە قسـەی کـرد و وتـی: دایـە گیـان بۆچـی هاتوویەتـە ئێرە؟ ئەویـش وتـی: کـوڕی شـیرینم بـۆ ڕێککردنـی بـاری نێـوان خەڵـک، ئینجـا قەعقـاع داوای کـرد طەلحـەو زوبەیریـش بانـگ بـکات، ئەوانیـش هاتـن قەعقـاع وتـی: دایکی بـاوەڕداران دەڵێت: بـۆ صولـح هاتـوم، ئەوانیـش وتیـان: ئێمـەش بەس بـۆ ئـەوە هاتویـن، ئەویـش وتـی: دەی پێـم بڵێـن ئـەو صولحەتـان لـە چ ڕوانگەیەکەوەیـە؟ ئەگـەر بـە ڕەوامـان زانـی شـوێنتان دەکەویـن، ئەگەریـش بـە ڕەوامـان نەزانـی ئیتـر هیـچ، ئەوانیـش وتیـان: بکوژانـی عوثمانمـان دەوێـن لەناوببرێـن، قەعقـاع وتـی: خـۆ ئێـوە بکوژانـی ئەوتـان لـە بەصـرە کوشـت، شـەش سـەد کەسـتان کوشـت شـەش هـەزار کـەس چوونـە ڕیـزی ئەوانـەوەو دژتـان وەسـتان، داوای تەنهـا کەسـێکتان کـرد کـە حرقـووص بـوو شـەش هـەزار کـەس بوونـە پارێـزەری، ئەمـەی ئێـوە داوای دەکـەن بـۆ چاکەیـە، بـەڵام خراپەیەکـی زۆر گـەورەی لێدەکەوێتـەوە، عائیشـە وتـی: ئـەی تـۆ چ چارەسـەرێکت پێیـە؟ قەعقـاع وتـی: مـن پێـم وایـە دەرمانـی ئـەم دەردە ئارامگرتنـە تـا بارەکـە هێـور دەبێتـەوە، ئەمـە بکـەن خێـر و ڕەحمـەت دێت، ئەگەریـش ڕازی نەبـن بـاری خراپـە زیاتـر دەبێـت بـۆ هـەردوو لامـان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، بڕۆ ئەگەر عەلیش هەمان ڕای هەبـوو ڕازی دەبیـن، ئەویـش چوویـەوە بینـی عەلـی هەمـان ڕای هەیـە، ئیتـر هـەردوولا ڕێککەوتـن، عائیشـەش نوێنـەری نـارد بـۆ لای عەلـی تـا پێـی بڵێت ئـەو تەنهـا بـۆ صولـح هاتـووە، هـەردوولا دڵخـۆش بـوون و عەلیـش وتارێکـی پێشکەش کـرد بـۆ خەڵکەکـە کـە تیایـدا باسـی خراپـەی دووبەرەکـی کـرد و نیـازی ڕێککەوتنەکـەی خسـتەڕوو.[1]

١٤٣٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٧.

کاتێک لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێڕان زانییان خەریکە ڕێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدوڵای کوڕی سەبە و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێک دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان: ئەم ڕێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و ڕێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەک عوثمان لێبکەین، خەڵکەکەش ڕازی بوون، بەڵام عەبدوڵای کوڕی سەبە وتی: ڕاکەتان زۆر خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێک زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی تا ڕێکبکەون، دەستەی سەبەئیەکان خۆیان بەشکرد بەسەر هەردوولادا و جەنگیان هەڵگیرساند، هەردوولا وایانزانی بەرامبەر ناپاکی نواندووە، بۆیە کەوتنە هێرش، سوپای عەلی نزیکەی بیست هەزار کەس و سوپای عائیشەش نیکەی سی هەزار کەس دەبوون، جەنگێکی قورس ڕوویدا، عەلی هاواری دەکرد دەست هەڵگرن، بەڵام کەس نەیدەبیست، لەولاشەوە عائیشە بە سواری وشترێکەوە بۆ هەمان نیاز هات، عەلی هێندە بێزار بوو بە حەسەنی کوڕی دەوت کوڕم خۆزگە باوکت بیست ساڵ لەمەوبەر دەمرد، عەلی چو تا زوبەیر و طەلحە بدوێنێت، وتی: ئەم سوپایەتان ئامادە کردووە، بیانووشتان بۆ قیامەتتان ئامادە کردووە؟ دەی لەخوا بترسن، من خوێنی ئێوەم حەڵاڵ نەکردووە، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان پێیە بۆ ڕەوایی خوێنی من؟[1]

کەنارگرتن و کوژرانی زوبەیر

عەلی بە زوبەیری وت: سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگییت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی: بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[2]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٨ – ٢٤١.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع

ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی: باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی: عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی: بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە رێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە رێکبخات، زوبەیر وتی: سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی: دەی جیرجیسی کۆیلەت ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵک رێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و راوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[1]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی: کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی: من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر تووڕە بوو، وتی: چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی: هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی: ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی: کاتی نوێژە، ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر و لە پشتەوە کەلەبەری زرێپۆشەکەی کردە ئامانج و دای لە زوبەیر و کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بردەوە بۆ خەڵکەکە.[2]

الزبير عن معركة الجمل، الرقم ٥٦٢٢.

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب حواري رسول الله(ﷺ) - رجوع الزبير عن معركة الجمل، الرقم ٥٦٢١، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم ٢٦٥٩.

[2] تاريخ الطبري، ج٣، ص ٥٥.

لـە سـەرەتای جەنگەکـەوە زوبەیـر عەبـدوڵای کـوڕی بانـگ کـرد و وتـی: کوڕی شیرینم ئەمڕۆ هەرکـەس دەکوژرێت یـان وەک ستەمکار دەکوژرێت یـان وەک سـتەملێکراو، وادەزانـم ئەمـڕۆ مـن وەک سـتەملێکراو دەکوژرێـم، گەورەترین خەفەتیشـم قەرزەکانمـە، چیـم هەیـە بیفرۆشـەو قەرزەکانم بدەرەوە، ئەگـەر شتێکی مایـەوە ئـەوە سێ یەکی بۆ منداڵەکانت، کوڕی شیرینم ئەگـەر لـە دانـەوەی قەرزەکانـدا گیـرۆدە بوویـت ئـەوا پەنـا ببـە بـۆ لای مەولاکـەم، عەبدوڵا وتـی: باوکـە گیـان مەولاکـەت کێیـە؟ وتـی: خـودا.[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت: لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت: ئەرێ هاتویت لەگەڵ کوڕی عەبدولموطەلیبدا بجەنگیت؟ ئیتر زوبەیر گەڕایەوە، کەچی ئیبن جرمـووز خۆی گەیاند پێی و کوشتی، دواتر ئیبن عەبباس هـات و پرسیاری کـرد لـە عەلـی ئـەرێ بکوژەکـەی زوبەیـر سـەرەنجامی بـەرەو کوێیـە؟ عەلـی وتـی: دۆزەخ.

کوژرانـی زوبەیـری کـوڕی عـەووام لـە جومادیلئـوولای سـاڵی سـی و شـەش بـوو، ئـەو کەسـەش کـە کوشـتی نـاوی عەمـری کـوڕی جرمـووز بـوو و لـە شـوێنێک بـە نـاوی وادی سـباع بـە ناپاکـی کوشـتی، هـاوکات هەریـەک لـە فوضالـەی کـوڕی حابـس و نوفەیـع هـاوکاری عەمریـان کـرد لـە کوشـتنی زوبەیـردا.[2]

کاتێـک بارەکـە هێـور بوویـەوە، ئینجـا عەبـدوڵا دەسـتی کـرد بـە دانـەوەی قەرزەکانـی باوکـی، زوبەیـر دەڵێت: حسـابم کـرد قەرزەکانـی نزیکـەی ملیۆنێـک و دووسـەد هـەزار دەبـوو، گەیشـتم بـە حەکیمـی کـوڕی حیزام، وتـی برازاکـەم قەرزەکـەی براکـەم چەنـدە؟ منیـش حـەزم نەکـرد بیڵێـم چەنـدە، وتـم: دووسـەد هـەزار، وتـی: دەی بـڕوا ناکـەم ئـەوەی هەتانـە بەشـی دانـەوەی بـکات، منیـش وتـم: ئـەی ئەگـەر ملیۆنێ و دووسـەد هـەزار بێت چـی؟ وتـی: وا نابینـم بتوانـن

[1] المنتظم لابن الجوزي، ج٥، ص ١٠٩.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٧.

بیدەنـەوە، ئەگـەر پەکت کـەوت پێـم بڵـێ یارمەتیـت دەدەم، عەبـدوڵا باخەکـەی زوبەیـری فرۆشـت بـە ملیۆنێـک و شـەش سـەد هـەزار، دەیـوت کـێ قـەرزی لای زوبەیر بـووە بـا بێت باخەکەمـان لـێ بکڕێت، عەبدوڵای کوڕی جەعفـەر هـات کـە چوارسـەد هـەزاری لای زوبەیـر بـوو، وتـی: حـەز دەکـەن مەمدەنـەوە، حەزیش دەکـەن دوای خـەن، عەبـدوڵا وتـی: نـا، ئەویـش وتـی: دەی پارچەیەکـی باخەکـەم بدەنـێ، بەوجۆرە باخەکـەی بـەش بەش فرۆشـت و هەمـوو قەرزەکەی دایـەوەو زیـاد لـە چوارسـەد هەزاریشـی بـۆ مایـەوە.[1]

زوبەیـر کەسـی دڵسـۆز و پشـتی هـاوەڵان بـوو، نزیکـەی حـەوت کـەس لـە هـاوەڵان لـە کاتـی مردنیاندا وەسـیەتیان بـۆ زوبەیـر دەکـرد کـە ئاگاداری ژن و منداڵیـان بـێ، لەوانـە عوثمـان و ئیبـن مەسـعوود و عەبدوڕەحمـان، ئەویـش لـە سـامانی خـۆی خەرجـی دەکـرد بـۆ ژن و مداڵیـان و دەسـتی نـەدەدا لـە سـامانی ژن و منداڵەکانیـان.[2]

جارێـک زوبەیـر خانوویەکـی خـۆی بـە شـەش سـەد هـەزار فرۆشـت، پێـی وتـرا ئـەری ئـەوە سـەرت لێشـێواوە؟ ئەویـش وتـی: نەخێـر، بەڵکـو ئـەوە لـە پێنـاو خـوای گەورەدایـە.[3]

زوبەیـر نزیکـەی هـەزار مەملووکـی هەبـوو، ئەمانـە کـە سـاڵانە خەراجیـان پێدەدا، زوبەیـر هیـچ لـەو خەراجـەی نەدەبـردەوە ماڵـەوەو هـەر هەمـووی لـە ڕێـی خـوادا دەبەخشـی.[4]

جارێـک موغیـرە لای سـەعیدی کـوڕی زەید قسـەی بەرامبـەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شـایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خـوا(ﷺ) دەیفەرموو:(عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في

[1] المنتظم لابن الجوزي، ج٥، ص ١١٠.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٧.

الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بوو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[١]

١٤١١. زوبەیری کوڕی عوبەیدە(ﷺ)

ناوی زوبەیری کوڕی عوبەیدەی ئەسەدیە، خۆی و تەمامی برای پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە.[٢]

١٤١٢. زورارەی کوڕی جەزی(ﷺ)

ناوی زورارەی کوڕی جەزی یان جەزئی کوڕی عەمری کوڕی عەوفی کیلابیە.[٣]

جارێک زورارەی کوڕی جەزی بە عومەری کوڕی خەططابی وت: پێغەمبەر(ﷺ) نامەی نووسی بۆ ضەحاکی کوڕی سوفیان میراتی بەشی ژنەکەی ئەشیەمی ضیبابی بدات لەو خوێن بابیەی لە بڕی خوێنی مێردەکەی وەردەگیرێت.[٤]

---

[١] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٩.

[٤] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٥١٧٤، حسنه ابن حجر في الإصابة ج٢، ص ٥٩٩.

ئـەم فەرموودەیـە بـە گێڕانـەوەی تـر لـە ئەسـعەدی كـوڕی زورارەوە گێردراوەتـەوە.[١]

زوراره كەسێكی خانەدان و دەوڵەمەند و ناسراو بوو، لەو هێرشەی كە یەزیدی كوڕی موعاویە بردیە سەر قوستەنتینیە زوراره بەشداری كرد، رایەک دەڵێت: لەو دەرچوونەیدا زوراره كۆچی دوایی كرد، رایەكی تریش دەڵێت: بەڵكو تا سەردەمی مەروانی كوڕی حەكەم ژیا.[٢]

١٤١٣. زورارەی كوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی زورارەی كوڕی عەمری نەخەعیە، پاش ئەوەی نەخەعیەكان لە یەمەن موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە موعاذی كوڕی جەبەل كە نێردراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، ئینجا لە نیوەی موحەڕەمی ساڵی یانزەی كۆچیدا دووسەد كەس لە نەخەعیەكان بە وەفد هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لەنێویاندا زورارەی كوڕی عەمری نەخەعی بەشدار بوو.[٣]

زوراره كە گەیشتە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من لە رێی هاتنمدا خەوێكم بینی كە تەواو ترساندومی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خەوەكەت چی بوو؟ زوراره خەوەكەی گێڕایەوەو پێغەمبەریش(ﷺ) خەوەكەی بۆ لێكدایەوەو بۆی روونكردەوە فیتنەیەک دێت، زوراره داوای كرد پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ بكات نەگات بەو فیتنەیە، ئەویش نزای بۆ كرد.[٤]

ئەوەبوو زوراره پێش فیتنەی سەردەمی عوثمان كۆچی دوایی كرد، بەڵام عەمری كوڕی زوراره یەكەم كەس بوو كە وازی هێنا لە بەیعەتەكەی بەرامبەر بە عوثمانی كوڕی عەففان.[٥]

---

[١] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٨٩٤
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٩٩.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣٤٦.
[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٠١.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦١.

١٤١٤. زوورارەی کوڕی عومەیر(ﷺ)

ناوی زوورارەی کوڕی عومەیرە، برای موصعەبی کوڕی عومەیرە، کونیەکەی ئەبووعەزیزە،[١]دایکی ناوی ئوممومومصعەبی کچی خەناسە.

زووراره لە غەزای بەدردا لەناو ریزی بێباوەڕاندا بەشداری کرد و تیایدا بەدیل گیرا، جا کاتێک دیلەکان دابەش کران بەسەر موسڵماناندا تا سەرپەرشتییان بکەن، پێغەمبەر(ﷺ) وەسیەتی کرد لەگەڵ دیلەکاندا چاک بن، زووراره دەڵێت: هەرکام لە هاوەڵان ئەگەر پارچە خواردنێکی پێ بوایە دەیدا بە ئێمەو خۆی خورماکەی دەخوارد، منیش شەرمم دەکرد، بۆیە نانەکەم بۆ فڕێ دەدایەوەو ئەویش فڕێی دەدایەوە بۆم.[٢]

١٤١٥. زوورارەی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی زوورارەی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٤١٦. زوورارەی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی زوورارەیە و یەکێکە لە پشتیوانانە، زووراره دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إن المجرمين في ضلال وسعر)، دواتر فەرمووی: ئەم ئایەتە سەبارەت بە کەسانێک دابەزیوە کە لە ئاخرزەماندا دێن و بڕوایان نیە بە قەدەری خوا.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٢.

[٢] أسد الغابة، ج٦، ص ٢٢٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٢.

[٤] معجم الصحابة لابن قانع، ج٢، ص ٢١٢.

١٤١٧. زورعەی شوقەری(رضي الله عنه)

سەرەتا ناوی ئەصرەم بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە زورعە،[١] پێشتر لە ناوی ئەصرەمدا باسمان کردووە.

١٤١٨. زورعەی کوڕی عامیر(رضي الله عنه)

ناوی زورعەی کوڕی عامیری کوڕی مازنە، لە ئەسلەمیەکانە، زۆر زوو موسڵمان بوو و لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، یەکەم موسڵمانیش بوو لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو.[٢]

١٤١٩. زوغەیبەی کچی زورارە(رضي الله عنها)

ناوی زوغەیبەی کچی زورارەیە، خوشکی ئەسعەدی کوڕی زورارەیە کە لە پیتی ئەلفدا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

١٤٢٠. زوفەری کوڕی حەرثان(رضي الله عنه)

ناوی زوفەری کوڕی حەرثانی کەلبیە، وەک وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٥.
[٢] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٠٤ – ٣٠٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٤.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٦.

١٤٣١. زوهەیری کوڕی صورمد(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی صورەدەو لەگەڵ وەفدی هەوەزانیەکاندا هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سەرکردەی وەفدەکە بوو.[١]

زوهەیر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە تۆمان لەماڵەکانمان بە منداڵیت گرتەکۆش و بە مەمکی ژنانی ئێمە شیرت نۆشی، من تۆم بە شیرخواردوویی بینیوەو لە تۆ شیرخۆری باشترم نەدیوە، بە هەرزەکاریش بەهەمان شێوە، پاشان بە گەنجیش تۆم دیوەو هاووێنەتم نەدیوە، ئێمە عەشیرەتی تۆین، دەی لە بەخششی خوا بڕژە بەسەرماندا.[٢]

١٤٣٢. زوهەیری کوڕی طەهفە(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی طەهفەی کیندیە، وەک وەفد چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٣]

١٤٣٣. زوهەیری کوڕی عەجوە(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی عەجوەیە، لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو و تیایدا بە دەستی جەمیلی کوڕی موعەممەر شەهید کرا.[٤]

١٤٣٤. زوهەیری کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی عەمری هیلالیە، زوهەیر دەڵێت: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی (وأنذر عشیرتک الأقربین)، پێغەمبەر(ﷺ) چوویە سەر تەپۆڵکەیەک و

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ١٥٣.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ١١٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٧٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٧٦.

فەرمووی: (يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافَاهْ، إِنِّي نَذِيرٌ، إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُكُمْ كَمَثَلِ رَجُلٍ رَأَى الْعَدُوَّ فَانْطَلَقَ يَرْبَأُ أَهْلَهُ، فَخَشِيَ أَنْ يَسْبِقُوهُ فَجَعَلَ يَهْتِفُ يَا صَبَاحَاهْ) (ئەی بەنی عەبدمناف من هۆشیارکەرەوەم، نموونەی من و ئێوە وەک پیاوێکە کە دوژمنی دیبێت و خێرا بڕوات کەسوکارەکەی ئاگادار بکاتەوەو ترسی هەبێت دوژمن پێشی بکەوێت بۆیە هاوار لە کەسوکارەکەی بکات رایانچڵەکێنێت).[1]

١٤٣٥. زوهەیری کوڕی عیاض(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی عیاضی فەهریە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو ئوحود، پێغەمبەری خوا(ﷺ) زوهەیری لەگەڵ میقیەسی کوڕی صبابەدا نارد بۆ لای بەنی نەججار تا خوێن بایی براکەی بۆ کۆبکەنەوە، جا کاتێک خوێن باییەکەیان بۆ کۆکردەوە میقیەس زوهەیری کوشت و لە دین هەڵگەڕایەوە.[2]

١٤٣٦. زوهەیری کوڕی مەخشی(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی مەخشیە، وەک وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[3]

١٤٣٧. زوهەیری کوڕی موعاویە(رضي الله عنه)

ناوی زوهەیری کوڕی موعاویە جوشەمیە، کونیەکەی ئەبووئوسامەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق.[4]

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب في قوله تعالى وأنذر عشيرتک الأقربين، الرقم ٢٠٧.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٧٨، قال ابن حجر إسناده ضعيف.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٠.
[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٣١٧.

١٤٢٨. زوهەیری کوڕی هەیثەم(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی هەیثەمە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەبدولئەشهەل، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[١]

١٤٢٩. زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییە(ﷺ)

ناوی زوهەیری کوڕی ئەبی ئومەییەی کوڕی موغیرەی مەخزوومیە، برای دایکی باوەڕداران ئوممو سەلەمەیە، دوای فەتحی مەککە موسڵمان بوو و لە دڵراگیرکراوان بوو.[٢]

سائیب کە لە پێش هاتنی ئیسلامدا لە بازرگانیدا شەریکی پێغەمبەر(ﷺ) بوو،[٣] دەڵێت: عوثمانی کوڕی عەففان و زوهەیری کوڕی ئومەییە هاتن لای پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتیان وەرگرت و کەوتنە وەسف و باسی من، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: من لە هەردووکتان چاکتر دەیناسم، لە سەردەمی نەفامیدا شەریکم بوو.[٤]

١٤٣٠. زیادی باهیلی(ﷺ)

ناوی زیادەو باوکی هیرماسە، هیرماسی کوڕی دەڵێت: لەگەڵ باوکم چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش باوکمی کرد بە بەرپرسی هۆزەکەی خۆی.[٥]

هەروەها هیرماس دەڵێت: دەمبینی پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەفەرموو و منیش لەسەر وشترەکەی باوکم لەپێش باوکمەوە دانیشتبووم و تەماشای

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٠.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٧٢.
[٣] المستدرک علی الصحيحين - کتاب البيوع - الشركة في التجارة، الرقم ٢٣٧٠.
[٤] الآحاد و المثانی لابن أبي عاصم، الرقم ٦٤١.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٨.

پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد کە وتاری دەفەرموو بۆ خەڵک، ئەوکات هێشتا منداڵێکی بچووک بووم.[1]

١٤٣١. زیادی غیفاری(رضي الله عنه)

ناوی زیادەو لە غیفاریەکانە، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو، زیاد دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو دەیفەرموو: (هەرکەس بستێ لە خوا نزیک بێتەوە ئەوە خوای گەورە باڵێک لێی نزیک دەبێتەوە).[2]

١٤٣٢. زیادی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی حارثی صودائیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[3]

زیاد دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و لەسەر ئیسلام بەیعەتم پێدا، ئینجا هەواڵم بیست کە پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەکی ناردووە بۆ هۆزەکەم، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوپاکە بگەڕێنەرەوە من موسڵمانبوون و گوێڕایەڵی هۆزەکەمت بۆ دێنم، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (بڕۆ سوپاکە بگێڕەوە)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوارەکەم پەکی کەوتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (یا أخا صداء، تۆ لەناو هۆزەکەتدا گوێڕایەڵ کراویت؟) وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵکو خوا بەهۆی تۆوە ڕێنموونی کردون بۆ ئیسلام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئایا نەتکەم بە بەرپرسیان؟) وتم: با ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)،پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی بۆ نووسیم و منی کردە بەرپرسیان، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شتێ لە زەکاتەکەیانم پێ ببەخشە، پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی تری بۆ نووسیم، جا هەر لەو کۆڕەدا بووم کە هەندێ سکاڵا کران لە بەرپرسانێکی هۆزەکان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لا خير في الإمارة رجل مؤمن)، (کەسی باوەڕدار

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٨، قال ابن حجر إسناده صحيح.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٩.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٢.

هیچ خێرێـک لـە دەسـەڵاتداریدا نابینێت)، منیـش دڵـم کرمـۆ بـوو بەرامبـەر بـە پۆستەکەم، ئینجـا یەکێکـی تـر هـات وتـی: ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) شـتێکم پـێ ببەخشـە، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (من سأل الناس عن ظهر غنى فصداع في الرأس و داء في البطن)، (هەرکـەس بـێ پێویسـتی داوا لـە خەڵـک بـکات ئـەوە ژانەسـەر نەخۆشـی سـکە)، منیش وتـم: خۆ من بێ ئـەوەی پێویستم بووبێت داوام کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، شـەو داهـات و لەگـەڵ پێغەمبـەر(ﷺ) بووم، وەسـتام تـا لای چۆڵ بـوو، کاتێـک بانگی بەیانـی هـات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانـی پێکردم و منیش بانگـم دا، ئینجـا سـەیری پێغەمبـەرم(ﷺ) دەکـرد و دەمـوت قامـەت بکـەم ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ)؟ ئەویش سـەیری رۆژهەڵاتـی دەکـرد و دەیفەرمـوو: نـا تـا بـەری بەیـان دێ، پێغەمبـەر(ﷺ) دواتـر فەرمـووی: ئـاو هەیـە؟ وتـم: نەخێـر تەنهـا کەمێک هەیە کە بەشـت ناکات، فەرمووی: بیکـەرە قاپێکـەوە و دواتر بیهێنە بـۆم، منیش وامکـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) دەسـتی خسـتە نـاو قاپەکـەوەو دەمـدی لەنێوان هەمـوو پەنجەکانیـەوە کانیـاو هەڵدەقوڵا، ئینجـا پێغەمبـەر(ﷺ) بـە منـی فەرمـوو ئەگـەر شـەرمم لـە خـوا نەکردایـە داوای بارانـم لێدەکرد و خـوا بارانـی بـۆ دەبارانـدین، پاشـان فەرمـووی: هـاوار بکـە لـە هاوەڵانـم کـێ پێویسـتی بـە ئـاوە، منیـش هـاوارم کـرد هەرکـەس ویسـتی هـات ئـاوی بـرد، ئینجـا هەسـتا بـۆ نوێژ، بیـلال ویسـتی قامـەت بـکات، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (ئەخاصـوداء بانگـی داوە و ئەویـش قامـەت دەکات)، منیش قامەتـم کـرد، کە نوێژەکە تـەواو بـوو هـەردوو نامەکـەم بردە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەرفەتـم بدە پاشـگەز ببمـەوە لـەم دوانـە، فەرمـووی: (بـۆ چـی بـووە؟) وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) مـن بیسـتم چیـت فەرمـوو بـەو کەسـانەی هاتنـە خزمەتـت، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: دەی وایـە، ئەگـەر ئەتەوێت قبووڵـی بکـەو ئەگەریـش ئەتەوێـت وازی لـێ بهێنـە، منیـش وتـم: بەڵکـو وازی لێدەهێنـم، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: دەی کەسـێکم پـێ بڵـێ کـە بیکەمـە ئەمیرتـان، منیـش

کەسێکی ناو وەفدەکەم پێ وت: کە هاتبوون، دواتر وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئێمە بیرێکمان هەیە کە لە زستاندا بەشمان دەکات، بەڵام کە هاوین دێت ئاوەکەی کەم دەکات و بڵاوە دەکەین بۆ ئاوی دەوروبەرمان، جا ئێمە موسڵمان بوین و هەموو ئەوانەی لە دەورمانن دوژمنمانن، بۆیە نزامان بۆ بکە ئاوی ئەو بیرەمان بەشمان بکات، پێغەمبەر(ﷺ) داوای حەوت چەوی کرد، لە دەستیدا داینان و نزای خوێند بەسەریاندا و فەرمووی: (ئەو وردەچەوانە ببەن، کە چوونە لای بیرەکە یەک یەک بیانخەنە ناو بیرەکەوەو ناوی خوا بهێنن) ئێمەش ئەوەمان کرد ئیتر دوای ئەوە نەماندەتوانی بنی بیرەکە ببینین.[1]

١٤٣٣. زیادی کوڕی حەذرە(ﷺ)

ناوی زیادی کوڕی حەذرەی تەمیمیە، لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) موسڵمان بوو، سەرەتا زیاد و هاوەڵانی باوەڕیان نەدەهێنا، پێغەمبەر(ﷺ) هاوەڵانی خۆی نارد تا بانگیان بکەن بۆ ئیسلام، کەچی ئەوان رازی نەبوون، دواتر رایانکرد، ئینجا بەدیل گیران و برانە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لەوێ هەموویان موسڵمان بوون، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بە سەری زیاددا و نزای بۆ کرد.[2]

١٤٣٤. زیادی کوڕی حەنظەلە(ﷺ)

ناوی زیادی کوڕی حەنظەلەی تەمیمیە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەم هاوەڵەی نارد بۆ لای زوبرقانی کوڕی بەدر و قەیسی کوڕی عاصم تا پێکەوە هەنگاو بنێن بۆ کوشتن و لەناوبردنی موسەیلەمەی درۆزن.[3]

---

[1] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٣٨٤٤، قال ابن حجر في الإصابة قال ابن سكن في إسناده نظر.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٣.

زیاد ماوەیەک کاربەدەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[1]

زیاد لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری هەموو جەنگەکانی کرد.[2]

١٤٣٥. زیادی کوڕی سەبرە(ﷺ)

ناوی زیادی کوڕی سەبرەی یەعمەریە، زیاد دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە لای هەندێ لە ئەشجەعی و جوهەنیەکان وەستاو بڕێ گاڵتەو سوعبەتی کرد لەگەڵیاندا و هاودەم بەوان پێکەنی، منیش لە دەروونی خۆمدا ئەو بارەم لای ئاسایی نەبوو، بۆیە وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ ئەشجەع و جوهەینە پێبکەنین؟ پێغەمبەر(ﷺ) تووڕە بوو و بە دەستەکانی دای بەسەر شانمدا و فەرمووی: (ئەوان باشترن لە بەنی فەزارەو لە بەدریش، باشترن لە بەنی شەرید و لە هۆزەکەی تۆیش باشترن، دەی ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن)، زیاد دەڵێت: سەردەم هات و چوو تا سەردەمی هەڵگەڕانەوە هات، هەموو ئەوانەی پێغەمبەر(ﷺ) ناوی هێنابوون هەڵگەرانەوە، پێشبینی هۆزەکەی خۆیشمم دەکرد هەڵبگەڕێنەوە، چووم بۆ لای عومەر و مەسەلەکەم بۆ باس کرد، عومەر وتی: مەترسە مەگەر نەتبیست لە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمویت (دەی ئێوە داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەن).[3]

١٤٣٦. زیادی کوڕی عەبدولا(ﷺ)

ناوی زیادی کوڕی عەبدوڵای کوڕی مالیکە، دایکی ناوی غەڕرەی کچی حارثە، خوشکەزای دایکی باوەڕداران مەیموونەی کچی حارث بوو، جا

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٢٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٣.
[3] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٢٣٨٦.

زیاد کاتێک هات بەرەو مەدینەو گەیشتە ئەوێ، راستەوخۆ چوو بۆ ماڵی دایکی باوەڕداران مەیموونەی پووری، ئەوکات زیاد لە تەمەنی گەنجیدا بوو، لەوێ لای دایکی باوەڕداران مایەوە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ ئەوێ و زیادی بینی توورە بوو و گەڕایەوە، خێرا مەیموونە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە خوشکەزامە، پێغەمبەریش(ﷺ) چوویە ژوورەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ مزگەوت، زیادیش لەگەڵیدا چوو، نوێژی نیوەڕۆی کرد، زیادی لە خۆی نزیک کردەوەو دەستی هێنا بەسەر سەریدا و دواتر دەستی هێنا بەسەر لووتیدا.[١]

١٤٣٧. زیادی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، برایەکی هەبوو بە ناوی ضەمرە کە هەردوو برا پێکەوە لە غەزای بەدردا بەشدارییان کرد.[٢]

١٤٣٨. زیادی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی کەعبی کوڕی عەمری جوهەنیە، لە هەردوو غەزای بەدرو ئوحودیشدا بەشدار بوو.[٣]

١٤٣٩. زیادی کوڕی لەبید(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی لەبیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی سینانە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایە،[٤]دایکی ناوی عەمرەی کچی عوبەیدە.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣١٠.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٦.
[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٢٥.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٨.

یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش چوو هەر لە مەککە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) مایەوە تا دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە ئەویش گەڕایەوە بۆ مەدینە، بۆیە پێی دەوترا کۆچەری پشتیوانی.[1]

ژمارەیەک لە پشتیوانان ئەم هەڵوێستەی زیادیان هەبوو کە بریتی بوون لە ذەکوانی کوڕی عەبدقەیس و عوقبەی کوڕی وەهب و عەبباسی کوڕی عوبادە، ئەمانە ماوەیەکی کەم پێش کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە لە مەککە دەرچوون و گەڕانەوە بۆ مەدینە، ئیتر پێیان دەوترا کۆچەرە پشتیوانەکان.[2]

زیاد کە موسڵمان بوو و لە بەیعەتی عەقەبە گەڕایەوە مەدینە، پێش چوونی دواتری بۆ مەککە، لەگەڵ فەروەی کوڕی عەمردا کەوتە شکاندنی بتەکان بەنی بیاضە.[3]

زیاد لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری کرد.

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەنێو هاوەڵانیدا بوو، چاوی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو فەرمووی: (هذا اوان يختلس العلم من الناس حتى لا يقدروا منه على شيء)، (ئێستا کاتی ئەوەیە کە زانست لە خەڵکی داماڵرێت تا ئەوەی توانای زانینی شتێکی زانستیان نەبێت)، زیادی کوڕی لەبید کە لە کۆڕەکەدا بوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن زانستمان لێ دادەماڵرێت لەکاتێکدا قورئانمان خوێندووە، بەخوا خۆمان و ژن و منداڵمان قورئان دەخوێنینەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ثكلتك أمك يا زياد، إني كنت لأعدك من فقهاء أهل المدينة، هذا التوراة والإنجيل عند اليهود والنصارى فماذا يغني عنهم)،[4] (دایکت رۆڵەڕۆت بۆ بکات ئەی

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٢٥.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٢٦.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٨.

[4] جامع الترمذي – أبواب العلم عن رسول الله(ﷺ) – باب ما جاء في ذهاب العلم، الرقم ٢٨٨١ وقال حسن غريب؛ المستدرک على الصحيحين – كتاب العلم – هذا أوان يختلس العلم من الناس أول علم يرفع من الناس الخشوع، الرقم ٣٢٧، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف الجامع الصغيرو زيادته، الرقم ١٢٩٤٦.

زیاد، خۆ من تۆم لە تێگەیشتووەکانی خەڵکی مەدینە دادەنا، ئەوە تەورات و ئینجیلە لای جوولەکەو گاور، دەی هیچ سوودی هەیە بۆیان؟).

پێغەمبەر(ﷺ) زیادی کردبوو بە بەرپرسی ناوچەی حەضرەمەوت و تا پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد زیاد هەر لەوێ بەرپرس بوو.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد خەلیفەی یەکەمی باوەڕداران ئەبووبەکری صدیق نێردراوی نارد بۆ لای زیاد و هەواڵی پێدا کە ئەو بووە بە جێنشینی پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

کاتێک بزووتنەوەی هەڵگەڕاوەکان دەستی پێکرد، زیاد بەرپرسیارێتی جەنگی هەڵگەراوەکانی لە یەمەندا لەئەستۆدا بوو و دواجار توانی بەسەریاندا سەربکەوێت و سەرکردەکەیانی بەدیل گرت کە ناوی ئەشعەثی کوڕی قەیس بوو و بە کۆتکراوی ناردی بۆ لای خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان.[٣]

١٤٤٠. زیادی کوڕی نوعەیم(رضي الله عنه)

ناوی زیادی کوڕی نوعەیمی فەهریە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا پشتیوانی خەلیفە بوو و لە ماڵەکەیدا مایەوە بۆ بەرگری کردن و هەر لەوێ کوژرا.[٤]

١٤٤١. زیبرقانی کوڕی بەدر(رضي الله عنه)

ناوی زیبرقانی کوڕی بەدرە، لە بنەڕەتدا ناوی حوصەین بوو، بەلاّم لەبەر زۆر جوانی روخساری پێی دەوترا زیبرقان کە ناوێکە لە ناوەکانی مانگ.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٨.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٤٤٦.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٨.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٨٨.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٠.

کاتێ وەفدی تەمیم هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەقرەعیش لەگەڵ وەفدەکەدا بوو، کە گەیشتنە مەدینە ئەقرەع هاواری دەکرد ئەی موحەممەد وەسف و سەنام جوانە و سەرکۆنەو لەدژ خوێندنیشم زۆر خراپە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ذلكم الله سبحانه)، لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە هەموو وەفدەکە پێکەوە هاواریان دەکرد و ئەوەیان دەوت، پێغەمبەریش(ﷺ) هاتە دەرەوە بۆ لایان و فەرمووی: (ذلكم الله فما تريدون). ئەوانیش وتیان: ئێمە خەڵکێکین لە بەنو تەمیم بە شاعیرو وتاربێژمانەوە هاتوین تا لە بەرامبەرت شیعر بڵێین و فەخر بنوێنین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ما بالشعر بعثنا ولا بالفخار أمرنا ولكن هاتوا)، (ئێمە بە شیعر نەنێرداوین و فەرمانمان پێ نەکراوە فەخر بکەین بەڵام ئادەی)، ئەقرەعیش بە یەکێک لە گەنجەکانی وت: فڵانە کەس هەستە و باسی فەزڵی خۆت و هۆزەکەت بکە، ئەویش وتارێکی دا و وتی: سوپاس بۆ خوایەک کە ئێمەی کردۆتە چاکترین دروستکراوی و سامانی پێ بەخشیوین تا چیمان بوێت پێی بکەین، جا ئێمە چاکترین کەسانی سەرزەوین، لە هەموان زۆرترین و زیاترین چەکیشمان هەیە، هەرکەس نکوڵی ئەو قسەمان دەکات با هەستێت و قسەیەکی باشتر لەوەی ئێمەو کارێکی باشتر لە کاری ئێمە نیشان بدات، پێغەمبەریش(ﷺ) بە ثابیتی کوڕی قەیسی ئەنصاری فەرموو وتاربێژی فەرموو: هەستەو وەڵامی بدەرەوە، ئەویش هەستاو لە وەڵامیدا وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێی هەیە و پشتم بەو بەستووەو شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاک وتەنهای بێ هاوەڵ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو نێردراوی خوایە، کۆچەرانی ئامۆزای خۆی بانگ کرد کە چاکترین و دیارترینی کەسان بوون و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەیەوە، سوپاس بۆ خوا کە ئێمەشی کردە پشتیوان و وەزیرانی پێغەمبەرەکەی و مایەی شکۆمەندی بۆ ئایینەکەی، ئێمە لەگەڵ خەڵک دەجەنگین تا کاتێ شایەتی

دەدەن هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، هەرکەس ئەوەی وت: گیان و ماڵی لێمان حەرام دەبێت، هەرکەسیش وانەکات لەگەڵی دەجەنگین و لەبەرخوا لامان سووک و بێ بایەخ دەبێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم بۆ هەموو باوەڕداران چ پیاوان و چ ئافرەتانیان، پاشان زوبرقانی کوڕی بەدر هەستاو بە یەکێک لە کەسەکانی خۆیانی وت: ئادەی هەستە و چەند دێڕە شیعرێ بڵێ کە تیایدا فەزڵی خۆت و هۆزەکەت باس بکەیت، ئەویش هەستاو ئەم شیعرەی وت:

نحن الكرام فلا حي يعادلنا... نحن الرؤوس وفينا يقسم الربع

ونطعم الناس عند المحل كلهم... من السديف إذا لم يؤنس القزع

إذا أبينا فلا يأبى لنا أحد... إنا كذلك عند الفخر نرتفع

پێغەمبەریش(ﷺ) داوای حەسانی کوڕی ثابتی کرد و ئەویش هات پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکرد وەڵامی بداتەوە، ئەویش لە وەڵامیاندا وتی:

نصرنا رسول الله والدين عنوة... على رغم عات من معد وحاضر

بضرب كإبزاغ المخاض مشاشه... وطعن كأفواه اللقاح الصوادر

وسل أحدا يوم استقلت شعابه... بضرب لنا مثل الليوث الخوادر

ألسنا نخوض الموت في حومة الوغى... إذا طاب ورد الموت بين العساكر

ونضرب هام الدارعين وننتمي... إلى حسب من جذم غسان قاهر

فأحياؤنا من خير من وطئ الحصى... وأمواتنا من خير أهل المقابر

فلولا حياء الله قلنا تكرما... على الناس بالخيفين هل من منافر

ئەقرەع هەستاو وتی: ئەی موحەممەد سوێند بەخوا ئەوەی من بۆی هاتوم جیایە لەوەی ئەمانە بۆی هاتون، من شیعرێکم وتووە گوێی بۆ بگرە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئادەی، ئەویش وتی:

أتيناك كيما يعرف الناس فضلنا... إذا خالفونا عند ذكر المكارم

وأنا رؤوس الناس من كل معسر... وأن ليس في أرض الحجاز كدارم

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: حەسسان هەستە وەڵامی بدەرەوە، ئەویش وا وەڵامی دایەوە:

بني دارم لا تفخروا إن فخركم... يعود وبالا عند ذكر المكارم

هبلتم علينا تفخرون وأنتم... لنا خول من بين ظئر وخادم

ئەقرەع هەستاو وتی: ئەی خزمینە نازانم بۆ وایە، وتاربێژیان لە ئێمە بەهێزتر و شاعیریان لە ئێمە چاکترە، دواتر نزیک بوویەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و شایەتومانی هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (لا يضرك ما كان قبل هذا)، (چی پێش ئەمە روویداوە زیانت پێ ناگەیەنێت). ئەم ئایەتەش لەسەر بەنی تەمیم دابەزی (إن الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لا يعقلون)،[1] دواتر هەموویان موسڵمان بون و ماوەیەک لە مەدینە مانەوە تا فێری قورئان و ئایین ببن، دواتر کە ویستیان بگەڕێنەوە پێغەمبەر(ﷺ) جلو بەرگ و بەخششی پێ بەخشین.[2]

١٤٤٢. زیبرقانی کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه)

ناوی زیبرقانی کوڕی ئەسلەمە، یەکێکە لە بەشداربوانی جەنگی صفین.[3]

لە جەنگەکەدا حوسەینی کوڕی عەلی داوای جەنگی بەرەورووی کرد و وتی: کەس هەیە بێتە پێشەوە؟ زیبرقان هەستا و کەسێکی زۆر بەهێز بوو، وتی: ماڵوێران تۆ کێیت؟ حوسەین وتی: من حوسەینی کوڕی عەلیم، زیبرقان وتی: کوڕی شیرینم خۆت لادە سوێند بەخوا من سەیری پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد کە لە قوبائەوە بەسەر وشترێکی سوورەوە دەهات و تۆیش ئەوکات لە پێشیەوە بوویت، بەخوا بە خوێنی تۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) ناخەم، بۆیە زیبرقان کەناری گرت و بەدەم ڕۆیشتنەکەیەوە شیعری دەوت.[4]

[1] الحجرات: ٤.

[2] أسد الغابة، ج١، ص١٦٤-١٦٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٥٢.

[4] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٧٢٧.

١٤٤٣. زیری کوڕی جابیر(رضي الله عنه)

ناوی زیری کوڕی جابیره، وەک وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[١]

١٤٤٤. زیری کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه)

ناوی زیری کوڕی عەبدوڵایە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خوایش(ﷺ) نزای خێری بۆ کردووە، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و یەکێک بوو لە سەرکردەکانی فەتحی خوزستان.[٢]

١٤٤٥. زینباعی کوڕی سەلامە(رضي الله عنه)

ناوی زینباعی کوڕی سەلامەیە، بە ئەبوورووح ناسراوە، دواتر لە فەلەستین نیشتەجێ بوو.[٣]

زینباع کۆیلەیەکی هەبوو، جارێک کۆیلەکەی لەگەڵ کەنیزەکێکی خۆیدا بینی، بۆیە زینباع تووڕە بوو و چوو کۆیلەکەی خەساند-گونی بڕی- و لووتیشی بڕی، کابرا بە هاوارەوە چوو بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ماڵوێران چی بووە؟ ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) داوای زینباعی کرد، کەچی زینباع دەست نەکەوت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بڕۆ تۆ ئازادیت، کۆیلەکە وتی: ئەی ئەگەر خاوەنەکەم هاتەوەو منی بە کۆیلە گرتەوە ئەوکات کێ پشتم بگرێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هەموو باوەڕدارێک یان هەموو موسڵمانێک.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥٦٧.

[٤] سنن أبي داود - كتاب الديات - باب من قتل عبده أو مثل به أيقاد منه، الرقم ٤٥١٩، قال ابن حجر في الإصابة رواه ابن ماجة بسند ضعيف، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم ٤٥٩.

١٤٤٦. زینّیرەی ڕۆمی (رضي الله عنها)

ناوی زینّیرەیەو کەنیزەیەکی رۆمی بوو لای قورەیشیەکان، کاتێک بانگەوازی ئیسلامی بیست زۆر زوو موسڵمان بوو، ئیتر ئەبووجەهل زۆر سزای دەدا، زینّیرەش خۆڕاگر بوو و وازی نەدەهێنا لە ئیسلام، دواجار خوای گەورە ئەبووبەکری صدیقی کردە هۆکار و ئەبووبەکر زینّیرەی کڕیەوەو رزگاری کرد، قەدەری خوا وابوو زینّیرە بینایی لەدەستدا، ئیتر قورەیشیەکان بە تانەوە دەیانوت موسڵمانبوونەکەی بووەتە هۆی نابینابوونی و دەیانوت لات و عوززا نابینایان کردووە، ئەویش دەیوت من هەر بێباوەڕم بەرامبەر بە لات و عوززا، ئەوەبوو خوای گەورە بینایی بۆ گەڕاندەوە.[1]

⌘ ⌘ ⌘

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٦٤.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (س)
دەست پێ دەکات

١٤٤٧. سابیطی کوڕی ئەبووحومەیضە(رضي الله عنه)

نـاوی سـابیطی کـوڕی ئەبووحومەیضــەی جومەحیـە،[١] سـابیط دەڵێـت: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی:(إذا أصیب أحدكم بمصيبة، فليذكر مصيبته بي، فإنها أعظم المصائب عنده)،[٢] (هـەرکام لـە ئێـوە تووشـی نارەحەتیـەک بـوو بـا لـە موصیبەتەکەیدا مـن بیربێنێتـەوە، چونکە ئـەوە گەورەترین موصیبـەت دەبێت لـەلای).

١٤٤٨. سارە(رضي الله عنها)

نـاوی سـارەیە و خزمەتـکاری عەمـری کـوڕی هیشـام بـوو، ئـەم ئافرەتـە نامەکـەی حاطیبـی پـێ بـوو بـۆ قوڕەیشـیەکان، دواتـر لـە فەتحـی مەککـەدا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پەنـای دا.[٣]

١٤٤٩. سالفی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه)

نـاوی سـالفی کوڕی عوثمانی کوڕی عامیرە، کاتێک وەفدی ثەقیف هاتنە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و قسـەیان لەگـەڵ کـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) سـالفی کـوڕی عوثمانـی لەسـەر کۆکردنـەوەی زەکاتـی ثەقەفیـەکان دانـا.[٤]

١٤٥٠. سالیمی کوڕی حەرمەلە(رضي الله عنه)

نـاوی سـالیمی کـوڕی حەرمەلـەی کـوڕی زوهەیـرە، کوڕێکـی هەبـوو بـە نـاوی عوتبـە کـە فەرمـوودەی لـە باوکیـەوە گێڕاوەتـەوە، سـالم دەڵێت: هێشـتا

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣.
[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سابط - سابط أبو عبد الرحمن الجمحي، الرقم ٦٧١٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٠.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٨.

مێرمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو بووم کە چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، کاتێک پژمەم کرد پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی دامەوەو نزای خێری بۆ کردم، منیش لە زیادەی ئاوی دەستنوێژی پێغەمبەر(ﷺ) دەستنوێژم گرت.[1]

١٤٥١. سالیمی کوڕی عەوف(ﷺ)

ناوی سالیمی کوڕی عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.[2]

١٤٥٢. سالیمی کوڕی عەوفی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی سالیمی کوڕی عەوفەو لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەدر.[3]

١٤٥٣. سالیمی کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی سالیمی کوڕی عوبەیدی ئەشجەعیە، ئەم هاوەڵە لە ئەهلی صوففە بوو.[4]

سالیم باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی لەهۆش

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سالم - سالم بن حرملة بن زهير العدوي، الرقم ٦٣٨١.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠.

خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) هەمدی فەرمووی: ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان: بەڵێ، فەرمووی: بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵک بکات، هەمدی عائیشە وتی: باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵک)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی: ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر(ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

دواتر پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد، عومەر تووڕە بووبوو دەیوت هەرکەس بڵێت پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کردووە بەم شمشێرە دەدەم لە گەردنی، خەڵکەکە بێدەنگ بوون، وتیان: ئەی سالیم بڕۆ بۆ لای هاوەڵەکەی پێغەمبەر(ﷺ) و بانگی بکە، منیش چووم بینیم ئەبووبەکر لە مزگەوت وەستاوە، کە منی بینی وتی: پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد؟ منیش وتم: عومەر دەڵێت: هەرکەس بڵێت وەفاتی کردووە ئەوە بەم شمشێرەم دەدەم لە گەردنی، ئەبووبەکر دەستی خستە سەر شانم و کەوتە ڕێ تا هاتە ژوورەوەو خەڵکەکە ڕێیان

[1] سنن ابن ماجه - أبواب إقامة الصلاة والسنة فيها - باب ما جاء في صلاة رسول الله(ﷺ) في مرضه، الرقم ١٢٣٤؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الإمامة في الصلاة - جماع أبواب قيام المأمومين خلف الإمام وما فيه من السنن - باب استخلاف الإمام الأعظم في المرض بعض رعيته ليتولى الإمامة بالناس، الرقم ١٦٢٤، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

بۆ کردەوە تا گەیشتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و خۆی دا بەسەریدا و دەموچاوی خستەڕوو و دەستی دا لە دەموچاوی و دڵنیا بوو وەفاتی کردووە، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە(إنک میت وإنهم میتون)، خەڵکەکە وتیان: ئەی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کردووە؟ وتی: بەڵێ...[1]

سالیم دوای سەردەمی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیاو لە غەزاکاندا بەشدار بوو، هیلالی کوڕی یەساف دەڵێت: لە غەزایەکدا لەگەڵ سالیمی کوڕی عوبەید بووین، کابرایەک پژمی و دواتر وتی: سەلاموعەلەیکوم، سالیمیش وتی: سەلام لە خۆت و دایکیشت، کابرا دڵی زیز بوو، سالیم وتی: وادیارە دڵت خەوشی گرت؟ کابرا وتی: حەز ناکەم نە بە چاکەو نە بە خراپە ناوی دایکم بهێنیت، سالیم وتی: دەی ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕێیەکدا بووین کە کابرایەک پژمی و وتی: سەلامو عەلەیکوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لە خۆت و دایکت، پاشان فەرمووی: (إذا عطس أحدکم فلیقل: الحمد لله علی کل حال، أو قال الحمد لله رب العالمین، ولیقل له: یرحمك الله، ولیقل هو: یغفر الله لکم)،[2] (هەرکام لە ئێوە پژمی با بڵێت سوپاس بۆ خوا لە هەموو حاڵێکدا یان بڵێت سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، با ئەوەی بەرامبەریشی پێی بڵێت بەر ڕەحمەتی خوا بکەویت، ئەویش پێی بڵێتەوە، خوا لێتان خۆش بێت).

١٤٥٤. سالیمی کوڕی عومەیر(ﷺ)

ناوی سالیمە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە عومەیر و عەمر و عەبدوڵا هاتووە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش لە غەزای بەدردا بەشداری کردووە.[3]

[1] السنن الکبری للنسائي - کتاب وفاة النبي(ﷺ) - کیف صلي علی رسول الله(ﷺ)، الرقم ٧٠٨١.

[2] صحیح ابن حبان - کتاب البر والإحسان - فصل في تشمیت العاطس - ذکر ما یجیب به العاطس من یشمته بما وصفناه، الرقم ٥٩٩، المستدرک علی الصحیحین - کتاب الأدب - ذکر ما اختاره فقهاء أهل الکوفة في جواب العاطس، الرقم ٧٧٩١.

[3] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٣، ص ١٠.

هێشتا بیست مانگ تێپەڕ بووبوو بەسەر کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە، سالیمی کوڕی عەمر بە سریەیەک چوو بۆ کوشتنی ئەبی عیفکی جوولەکە، ئەبی عیفک پیاوە پیرەیەکی سەروو تەمەن سەد سالان بوو، کەوتبووە هاندانی خەڵک دژی پێغەمبەر(ﷺ)، سالیم سوێندی خوارد یان دەبێت بیکوژم یان دەبێت خۆم لەناو بچم، ئەوەبوو چوو بۆ ناوچەکەی ئەبی عیفک، لە شەوێکی سامالّدا ئەبووعیفک لە دەرەوە خەوتبوو، سالیم پێی زانی و چوو بۆی و کوشتی، ئەبی عیفک کەوتە هاوار کردن و خەڵکی هاتن بەدەمیەوە، تا گەیشتنە لای مردبوو، بردیانەوە ماڵەوەو دواتر ئەسپەردەیان کرد.[1]

دواتر سالیمی کوڕی عومەیر لە غەزای ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[2]

لە غەزای تەبووکدا هەندێ لە هاوەڵان هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوانە چەک و شمەکی بەشداری غەزایان نەبوو، لەتاو ئەوەی توانای بەشدارییان نەبوو دەستیان دەکرد بە گریان، ئەوانیش بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عەمر و عوتبەی کوڕی زەید و ئەبوولەیلا و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدولا و عیرباضی کوڕی ساریە، هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و داوایان کرد پێداویستی بەشداری غەزایان بۆ دابین بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هیچم لا نیە تا بۆتان دابین بکەم، یامینی کوڕی عەمر گەیشت بە ئەبوولەیلا و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل، تەماشای کرد خەریکە دەگرین، وتی: بۆچی دەگرین، وتیان: چوین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا ئامادەکاری جەنگمان پێ بدات تا بەشداری بکەین کەچی هیچی لا نەبوو بۆمان، ئێمەش خۆمان هیچمان نیە تا بتوانین بچین بۆ غەزا، ئەوەبوو ئەویش هاوکاریەکی کردن، ئەوانیش چوون لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری غەزاکەیان کرد، عولبەش شەو دەستی کرد بە

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٢٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨٠.

نوێژ و تا توانی نوێژی دەکرد و دەگریا، خوای گەورە ئایەتی دابەزاند (لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنْفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ مَا عَلَى الْمُحْسِنِينَ مِنْ سَبِيلٍ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ (٩١) وَلاَ عَلَى الَّذِينَ إِذَا مَا أَتَوْكَ لِتَحْمِلَهُمْ قُلْتَ لاَ أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوْا وَأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلاَّ يَجِدُوا مَا يُنْفِقُونَ)[١]

(گوناهێک لەسەر بێ هێزو پەککەوتەو نەخۆشەکان نیە ئەوانەش کە هیچیان نی یە خەرجی بکەن (بۆ پێویستی جیهاد) هیچ گوناهێکیان لەسەر نیە (کە نەڕۆشتوون بۆ جیهاد) کاتێ کە دڵسۆزی و ڕاستی یان ببێ بۆ خواو نێرراوەکەی (خوا) هیچ ڕێگەیەک نی یە بۆ (تاوانبار کردنی) ئەو چاکەکارانە وە خوا لێخۆش بووی میهرەبانە، وە تاوان لەسەر ئەو کەسانەش نی یە کە هاتنە لات (ئەی موحەممەد(ﷺ)) بۆ ئەوەی (وڵاخیان بۆ دابین کەیت) سواریان کەیت وتت وڵاخم دەست ناکەوێ سوارتان بکەم (بۆ جیهاد) ئەوانیش گەڕانەوە لە کاتێکدا چاویان فرمێسکی دەڕشت لە داخ و خەفەتدا کە هیچیان نەبوو خەرجی بکەن بۆ پێداویستی جیهاد).

سالیم لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[٢]

١٤٥٥. سالیمی مەولا (ﷺ)

ناوی سالیمەو مەولا و خزمەتکاری ئەبووحوذەیفە بوو، ژنەکەی ئەبووحوذەیفە ئەوی کڕیبوو، ئەوەبوو سائیبە ئازادی کرد، ئەم هاوەڵە زۆر زوو موسڵمان بوو.[٣]

ئەم هاوەڵە قورئانی زۆری لەبەردەکرد، کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینەو هێشتا پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی نەکردبوو بۆ مەدینە، سالیم لە قوباء بەرنوێژی دەکرد بۆ کۆچەران، چونکە لە هەموویان زیاتر قورئانی لەبەر بوو،[٤] لەنێو

---

[١] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٩٧٠.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الأذان - باب إمامة العبد والمولى، الرقم ٦٩٢.

ئەو هاوەڵانەی لە دوایەوە بوون عومەری کوڕی خەططاب و ئەبووسەلەمەو زەید و عامیری کوڕی رەبیعەش هەبوون.[1]

سالیم لە غەزای ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بوو، دەموچاوی خوێنینی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەسڕی، پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو: (چۆن خەڵکێک چاک دەبن کە ئاوا دەکەن بە پێغەمبەرەکەیان).[2]

پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (اقْرَءُوا الْقُرْآنَ مِنْ أَرْبَعَةِ نَفَرٍ؛ مِنِ ابْنِ أُمِّ عَبْدٍ - فَبَدَأَ بِهِ - وَمِنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ، وَمِنْ سَالِمٍ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ، وَمِنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ)، (قورئان لە چوار کەسەوە فێر ببن، لە کوڕی ئومم مەعبەدەوە، لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە، لە سالیمی مەولای ئەبی حوذەیفەوە، لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە).[3]

ئەبووحوذەیفە سالیمی وەک کوڕی خۆی دانابوو، ئیتر وەک کوڕی بانگ دەکرا تا کاتێ خوا ئایەتی دابەزاند هەموان بە ناوی باوکانیانەوە بانگ بکرێن.[4]

عائیشە دەڵێت: شەوێک دوای نوێژی عیشا لە پێغەمبەر(ﷺ) دواکەوتم، دواتر چوومەوە بۆ لای، فەرمووی: لە کوێ بوویت؟ وتم: گوێمان لە قورئانخوێندنی هاوەڵێکت دەگرت لە مزگەوت قورئانی دەخوێند، دەنگی وا خۆش و خوێندنی وا دروستم نەبیستبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و منیش لەگەڵی هەستام، چوو گوێی لێگرت، دواتر لایکردەوە بە لای مندا و فەرمووی: (هَذَا سَالِمٌ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ الْحَمْدُ لِلهِ الَّذِي جَعَلَ فِي أُمَّتِي مِثْلَ هَذَا) (ئەوە سالیمی مەولای ئەبووحوذەیفەیە، سوپاس بۆ خوا کە کەسی وای لە ئوممەتەکەمدا داناوە).[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الأحكام - باب استقضاء الموالي واستعمالهم، الرقم ٧١٧٥.

[2] تفسير عبدالرزاق، رقم الحديث، ٤٤٦.

[3] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل عبد الله بن مسعود وأمه(رضي الله عنهما)، الرقم ٢٤٦٤.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة ج٣، ص ١٤.

[5] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب سالم مولى أبي حذيفة(رضي الله عنه) - ذكر شهادة سالم ومولاه أبي حذيفة، الرقم ٥٠٣٢، صححه ووافقه الذهبي.

سالیم جیا لە هەموان دەچوو بۆ ماڵی خێزانەکانی تری پێغەمبەر(ﷺ) و ئەوانیش ڕێیان پێدەدا.[1]

عائیشە دەڵێت: سالیم لەگەڵ ئەبووحوذەیفە بوو و لەگەڵیدا دەچوویەوە بۆ ماڵەوە، جارێک ژنەکەی ئەبووحوذەیفە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: سالم خەریکە باڵغ بووەو هۆشی کراوەتەوە، ئینجا دێتەوە ماڵەوە بۆ ژوورەوە، وادەزانم ئەبووحوذەیفەش بەو بارە نائارامە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووو (أَرْضِعِيهِ تَحْرُمِي عَلَيْهِ، وَيَذْهَبِ الَّذِي فِي نَفْسِ أَبِي حُذَيْفَةَ) (شیری پێ بدە حەرام دەبیت لەسەری و ئەوەش لە ناخی ئەبووحوذەیفەدا هەیە نامێنێت)، ئەویش چوویەوەو شیری دا بە سالیم و بە ئەبووحوذەیفەی وت: من شیرم داوە بە سالیم، ئیتر ئەو نائارامیەی لە دەروونی ئەبووحوذەیفەدا هەبوو نەما.[2]

نەوەوی دەڵێت: زانایان ڕایان وایە ئەم بەسەرهات و حوکمە تایبەتە بە سەهلەو سالیمەوەو بۆ کەسانی تر نابێت...قاضی-عیاض- دەڵێت: لەوانەیە شیرەکەی کردبێتە شتێکەوەو پێی دابێت نەک ئەوەی سالیم مەمکی بمژێت.[3]

ئەبووحوذەیفە برازایەکی خۆی مارە کرد لە سالیم و خۆی سەرپەرشتی پێداویستیەکانی سالیمی کرد.[4]

عەمری کوڕی عاص دەڵێت: جارێک لە مەدینە ترسێک بڵاوبوویەوە- لەوانەیە لە غەزای خەندەق بووبێت-، سالیم شمشێرەکەی گرتەدەستی و دانیشتبوو، منیش کە بینیم سالیم چی کردووە چووم شمشێرەکەم هەڵگرت و وەک ئەو دانیشتم، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوەو فەرمووی: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَلَا كَانَ مَفْزَعُكُمْ إِلَى اللهِ وَإِلَى رَسُولِهِ؟!» ثُمَّ قَالَ: «أَلَا فَعَلْتُمْ كَمَا فَعَلَ هَذَانِ الرَّجُلَانِ الْمُؤْمِنَانِ؟!) (ئەی خەڵکینە بۆچی ترستان بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی نەبێت، پاشان فەرمووی: بۆچی وەک ئەو دوو پیاوە باوەڕدارە ناکەن؟).[5]

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب النكاح - باب لا رضاع بعد فصال، الرقم ١٩٤٧.

[2] صحيح مسلم - كتاب الرضاع - باب رضاعة الكبير، الرقم ١٤٥٣.

[3] شرح النووي على صحيح مسلم، ج١٠،ص ٣١.

[4] المستدرک على الصحيحين - كتاب النكاح - كرم المؤمن دينه ومروته عقله وحسبه خلقه، الرقم ٢٧٠٧.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﭫ) - بقية حديث عمرو بن العاص عن النبي(ﷺ)، الرقم

سالیم دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد، ئەبووحوذەیفەش بەشداری جەنگەکە بوو، لەو جەنگەدا سالیم شەهید بوو و سەری لای قاچی ئەبووحوذەیفەوە بوو.[1]

کاتێک سالیم شەهید کرا هاوەڵان دەیانوت چارەکێکی قورئان چوو.[2]

پێش چوونی بۆ جەنگی یەمامە، جارێک لەگەڵ ئەبووبەکردا بوو کە نوێژی دەکرد، سالیم وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) نان ناخۆیت؟ ئەویش بە دەست ئاماژەی بۆ کردم، جاری دووەم هەمان شتی وتەوەو ئەویش بە ئاماژە پێی وت: راوەستە، جاری سێیەم کە سالیم وتی، ئەبووبەکر وتی: خواردنەکەتم بۆ بهێنە، نانی خوارد و دواتر دوو رکات نوێژی کرد، ئینجا چوویە مزگەوت و نوێژ دابەسرا.[3]

١٤٥٦. سائیبی کوڕی عوثمان(رضي الله عنه)

ناوی سائیبی کوڕی عوثمانی کوڕی مەظعوونە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە خۆشەویستەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، دایکی ناوی خەولەی کچی حەکیمە[4] کە یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) و پێشتریش لە پیتی (خ) دا باسمان کردووە.

ئەم هاوەڵە زۆر زوو موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، ئینجا گەڕایەوەو کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، پاش ئەوەش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[5]

١٨٠٨٩، صححه شعيب الأرناؤوط.

[1] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب سالم مولى أبي حذيفة(رضي الله عنه) - ذكر شهادة سالم ومولاه أبي حذيفة، الرقم ٥٠٣٢.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب سالم مولى أبي حذيفة(رضي الله عنه) - لما قتل سالم قالوا ذهب ربع القرآن، الرقم ٥٠٣٦.

[3] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سالم - سالم مولى أبي حذيفة بن عتبة بن ربيعة - ما أسند سالم مولى أبي حذيفة، الرقم ٦٣٧٨.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٤.

کاتێک سائیب لەگەڵ باوکی و مامەکانی کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای عەبدوڵای کوڕی سەلەمە دابەزین و لەوێ مانەوە،[1] کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سائیب و حارثەی کوڕی سوراقەوە.[2]

کاتێک عوثمانی باوکی سائیب کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی برایە گۆڕستان، سائیب دابەزیە ناو گۆڕەکەی باوکی و خۆی تەرمەکەی باوکی خستە ناو گۆڕەکەوە.[3]

ئیبن هیشام دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە ساڵی دووەمی کۆچی چوو بۆ غەزای بواط سائیبی وەک بەرپرسی مەدینە دانا تا خۆی دەگەڕێتەوە.[4]

سائیب لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا تیرێکی بەرکەوت و بەو هۆیەوە شەهید بوو،[5] تەمەنی نزیکەی سی و ئەوەندە ساڵ بوو.[6]

١٤٥٧. سائیبی کوڕی ئەقرەع(ﭫ)

ناوی سائیبی کوڕی ئەقرەعی کوڕی عەوفە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستی هێناوە بەسەر سەریدا، کاتێک مولەیکەی دایکی سائیبی برد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) هێشتا سائیب منداڵ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەریدا و نزای خێری بۆ کرد.[7]

سائیب یەکێک بوو لە بەشداربوانی جەنگی نەهاوەند، نامەی عومەری کوڕی خەططابی برد بۆ نوعمانی کوڕی موقەرین، ئینجا عومەر ئەوی کرد بە بەرپرسی مەدائین، ماوەیەک والی ئەصبەهان بوو و هەر لەوێیش

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٩٦.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠١.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٩٩.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٤٦.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣٣٨.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٤.
[7] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٧٢.

مایەوە تا لەوێ مرد.[1]

هەروەها سائیب لە فەتحی میهرجاندا بەشدار بوو و چوویە ناو ماڵەکەی هورمزانەوەو کۆگایەکی سامانی هورمزانی تێدا دۆزیەوە.[2]

١٤٥٨. سائیبی ثەقەفی(ﷺ)

ناوی سائیبی ثەقەفیە، کۆیلەی غەیلان بوو، موسڵمان بوو و پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئازادی کرد.[3]

١٤٥٩. سائیبی غیفاری(ﷺ)

ناوی سائیبەو لە غیفاریەکانە، هاودەم بە دایکی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، سائیب دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووم ناوت چیە؟ وتم: ناوم سائیبە، فەرمووی: بەڵکو ناوت عەبدوڵایە.[4]

سائیب دواتر چوویە میصر و لەوێ نیشتەجێ بوو، جا دەیوت بە هەرناوێک لەو دوو ناوەم بانگم بکەن وەڵام دەدەمەوە.[5]

١٤٦٠. سائیبی قورەیشی(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قورەیشیە، زۆر زوو موسڵمان بوو، یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە.[6]

رایەک دەڵێت: لە غەزای طائیفدا شەهید بووە، رایەکی تریش دەڵێت: لەو غەزایەدا بریندار بووەو چاک بووەتەوەو دوای ئەوە تا سەردەمی خیلافەتی

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٦.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٦.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨.

عومەری کوڕی خەطتاب ژیاوە و لەو سەردەمەو لە ساڵی سیانزەی کۆچیدا لە ئوردون شەهید بووە.[١]

١٤٦١. سائیبی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سائیبی کوڕی حارثی کوڕی صوبەیرەی سەهمیە، لە جەنگی بەدردا هێشتا موسڵمان نەبووبوو و لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (جوان وریای بن چونکە کوڕێکی دەوڵەمەندی هەیە)، کوڕەکەی کە ناوی موطەلیب بوو هات و بە چوار هەزار ئازادی کرد، ئەمە یەکەم دیلی بەدریەکان بوو کە ئازاد کرا.[٢]

١٤٦٢. سائیبی کوڕی خەللاد(رضي الله عنه)

ناوی سائیبی کوڕی خەلادی کوڕی سوەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکە ئەبووسەهلەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٣]

سائیب دەڵێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (من أخاف أهل المدينة ظالما لهم أخافه الله، وكانت عليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين لا يقبل منه صرف ولا عدل)،[٤] (هەرکەس بە ستەم خەڵکی مەدینە بترسێنێت خوا دەیترسێنێت، نەفرینی خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەر دەبێت و هیچ تەوبە و هەوڵ و فیدیەیەکی لێ قبووڵ ناکرێت).

سائیب دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (ما من شيء يصيب المؤمن حتى

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨.

[٢] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٧٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص٢١.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(رضي الله عنهم) أجمعين - حديث السائب بن خلاد أبو سهلة(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٨٢٤؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناسك - من أخاف أهل المدينة أو أرادهم بسوء، الرقم ٤٢٥٢، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، (٣٨٣/٥).

الشوكة تصيبه إلا كتب له بها حسنة أوحط عنه بها خطيئة)،[1] (هەر چيەک تووشی باوەڕدار بێت تەنانەت ئەگەر دڕکێکیشی پێدا بچێت ئەوە چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت یان خراپەیەکی پێ دەسڕێتەوە).

سائیب لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا والی یەمەن بوو.[2]

لە ساڵی حەفتا و یەکی کۆچیدا سائیب کۆچی دوایی کرد.[3]

١٤٦٣. سائیبی کوڕی سومید(رضي الله عنه)

ناوی سائیبی کوڕی سوەیدە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (ما من شيء يصيب زرع أحدكم من العوافي إلا كتب الله له به أجرا)،[4] (هەر زیانێک بە کشتوکاڵی کەسێکتان بگات بەهۆی دڕندەو باڵندەوە، ئەوە خوای گەورە بەو هۆیەوە پاداشتی بۆ دەنووسێت).

١٤٦٤. سائیبی کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه)

ناوی سائیبی کوڕی عەبدولای مەخزوومیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[5]

سائیب دەڵێت: لە فەتحی مەککەدا برام بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، لەوێ عوثمان و زوهەیر کەوتنە وەسف کردنم، پێغەمبەر(ﷺ) بەوانی فەرموو (لَا تُعْلِمُونِي بِهِ، قَدْ كَانَ صَاحِبِي فِي الْجَاهِلِيَّةِ) (ئێوە مەیناسێنن پێم، چونکە ئەو لە سەردەمی نەفامیدا هاوڕێم بووە)، منیش وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاوەڵێکی زۆر باش بویت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (يَا سَائِبُ،

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(رضي الله عنهم) أجمعين - حديث السائب بن خلاد أبو سهلة(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٨٢٧، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١.

[4] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه السائب - السائب بن خلاد بن سويد، الرقم ٦٦٣٩.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢.

انْظُرْ أَخْلَاقَكَ الَّتِي كُنْتَ تَصْنَعُهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَاجْعَلْهَا فِي الْإِسْلَامِ، أَقْرِ الضَّيْفَ وَأَكْرِمِ الْيَتِيمَ وَأَحْسِنْ إِلَى جَارِكَ) (ئەی سائیب بڕوانە ئەو ڕەوشتەی کە لە سەردەمی نەفامیتدا هەتبوو، لە ئیسلامدا بەکاری بهێنە، میوان لەخۆ بگرەو ڕێزی هەتیو بگرە-بەخشندە بە بۆی- و لەگەڵ دراوسێت چاک بە).[1]

١٤٦٥. سائیبی کوڕی عەووام(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی عەووای قوڕەیشیە، برای زوبەیری کوڕی عەووامە[2] کە پێشتر لە پیتی (ز) دا بە دوورودرێژی ژیانەکەیمان باسکردووە.

دایکی ناوی صەفییەی کچی عەبدولموطەلیبە کە پووری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[3]

ئەم هاوەڵە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[4]

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) نامەی نووسی بۆ موسەیلەمەی درۆزن، بە سائیبی کوڕی عەووامدا نامەکەی نارد.[5]

١٤٦٦. سائیبی کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی عوبەیدی کوڕی عەبدیەزیدە، لە جەنگی بەدردا بە دیل گیرا و دواتر موسڵمان بوو، باپیرە گەورەی ئیمامی شافیعیە، شێوەی زۆر لە پێغەمبەر(ﷺ) دەچوو.[6]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث السائب بن عبد الله(ﷺ)، الرقم ١٥٧٤٠، ضعفه شعيب الارناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٥.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١١٩.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٥.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٧٣.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣.

١٤٦٧. سائیبی کوڕی مەظعوون(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی مەظعوونی جومەحیە، برای عوثمانی کوڕی مەظعوونە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانەو هاودەم بە براکەی کۆچی کرد بۆ مەدینە، یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[١]

١٤٦٨. سائیبی کوڕی ئەبی حوبەیش(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی ئەبی حوبەیشی ئەسەدیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لەو کاتەدا تەمەنی زۆر بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر سی کۆڵ خورمای بۆ بڕیەوە، دوای سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و چوو لە مەدینە نیشتەجێ بوو و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[٢]

١٤٦٩. سائیبی کوڕی یەزید(ﷺ)

ناوی سائیبی کوڕی یەزیدی کوڕی سەعیدە، هەم خۆی و هەم باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، سائیب لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) منداڵ بوو، خۆی دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە تەبووک گەڕایەوە ئێمەی منداڵان دەچووین بۆ پێشوازییان، هەروەها دەڵێت: تەمەنم شەش ساڵان بوو کە باوکم لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) حەجی پێکردم.[٣]

سائیب لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نزای بۆ کراوە، کاتێک نەخۆش بوو پووری بردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش دەستی هێنا بەسەر سەریدا و نزای بۆ کرد و دواتر دەستنوێژی گرت و سائیبیش لە ئاوی دەستنوێژەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) خواردەوە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٧.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب حدثنا عبد الرحمن بن يونس، الرقم ١٩٠.

سائیب دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) تەمەنێکی زۆر ژیا، سائیب دەڵێت: جارێک لە مزگەوت بووم کە کابرایەک بە گۆچانەکەی دەستی دای لە پشتم، سەیرم کرد دەبینم عومەری کوڕی خەططابە، وتی: بڕۆ ئەو دوانەم بۆ بانگ بکە(دوو کەس بوون بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد)، منیش چووم بانگم کردن، کە هاتن عومەر وتی: خەڵکی کوێن؟ وتیان: طائیف، وتی: ئەگەر خەڵکی ئێرە بوونایە زۆر ئازارم دەدان، چۆن ئاوا لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) دەنگتان بەرز دەکەنەوە؟![1]

جوعەیدی کوڕی عەبدوڕەحمان دەڵێت: لای سائیبی کوڕی یەزید بووین کە زوبەیری کوڕی سوهەیل هات و شوێنەواری سوجدە بەنێوچاوانیەوە بوو، وتی: ئەوە کێیە؟ وتمان: ئەوە زوبەیری کوری سوهەیلە، ئەویش وتی: بەخوا ئەوە شوێنەواریَ نیە کە خوا باسی کردووە، من ماوەی هەشتا ساڵ سوجدەم بردووە بۆ پەروردگارم کەچی شوێنەواری سوجدە بەنێوچاوانمەوە دەرنەکەوتووە.[2]

سائیب دەڵێت: لە ناوچەی مەقصوورە لە دوای موعاویەوە نوێژی هەینیم کرد، جا کە سەلامم دایەوە هەستام و لە شوێنی خۆمدا نوێژم کرد، ئەویش ناردی بە شوێنمدا و پێی وتم: ئەگەر نوێژی هەینیت کرد ئیتر لەدوایەوە نوێژ مەکە تا کاتێک بچیتە دەرەوە یان قسە بکەیت، چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانی بەوە کردووە.[3]

سائیب لە تەمەنی هەشتا ساڵی بەدوا کۆچی دوایی کرد، سەبارەت بە ساڵی مردنەکەی راجیایی هەیە ئایا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی یەکەم بووە یان لە ساڵانی نەوەدەکان بووە.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب رفع الصوت في المساجد، الرقم ٤٧٠.

[2] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه السائب - السائب بن يزيد الكندي - ما أسند السائب بن يزيد - الجعيد بن عبد الرحمن عن السائب، الرقم ٦٦٨٥.

[3] صحيح مسلم - كتاب الجمعة - باب الصلاة بعد الجمعة، الرقم ٨٨٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٧.

١٤٧٠. سەبرەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سەبرەی کوڕی عەمری تەمیمیە، وەک وەفدی تەمیمیەکان هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا خالیدی کوڕی وەلید ئەوی وەک بەرپرسی بەشێکی سوپا دانا.[١]

١٤٧١. سەبرەی کوڕی فاتیک(رضي الله عنه)

ناوی سەبرەی کوڕی فاتیکی ئەسەدیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، سەبرە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الميزان بيد الله، يرفع أقواما ويضع قوما، وقلب ابن آدم بين إصبعين من أصابع الرحمن، إن شاء أزاغه، وإن شاء أقامه)،[٢] (تەرازوو بەدەست خوایە، خەڵکانێکی پێ بەرز دەکاتەوەو خەڵکانێکیشی پێ نزم دەکاتەوە، دڵی ئادەمیزاد لەنێوان وو پەنجە لە پەنجەکانی رەحماندایە، بیەوێت خەوشدار و لاڕێی دەکات و بیەوێت لەسەر حەق دەیهێڵێتەوە).

جارێک سەبرە تێپەڕ بوو بەلای ئەبوودەردائدا، ئەبوودەرداء پێی وت: سەبرە لەو رووناکیەی لەگەڵە کە بە موحەممەدەوە(ﷺ) بوو.[٣]

١٤٧٢. سەبرەی کوڕی فاکیە(رضي الله عنه)

ناوی سەبرەیە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە فاکیە و فاکیهە[٤] و ئەبووفاکیە هاتووە،[٥] دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[٦]

سەبرە دەڵێت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (إن الشيطان قعد لابن آدم

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٩.

[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سبرة - سبرة بن فاتك الأسدي، الرقم ٦٥٥٧.

[٣] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ٢٤٦٣.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١.

[٥] صحيح ابن حبان.

[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١.

بطريق الإسلام، فقال له: تسلم وتذر دينك، ودين آبائك، فعصاه فأسلم فغفر له، فقعد له بطريق الهجرة، فقال له: تهاجر وتذر أرضك، وسماءك، فعصاه فهاجر، فقعد له بطريق الجهاد، فقال له: تجاهد وهو جهد النفس، والمال، فتقاتل فتقتل، فتنكح المرأة، ويقسم المال، فعصاه فجاهد، فقال رسول الله: فمن فعل ذلك فمات كان حقا على الله أن يدخله الجنة، أو قتل كان حقا على الله أن يدخله الجنة، وإن غرق كان حقا على الله أن يدخله الجنة، أو وقصته دابة كان حقا على الله أن يدخله الجنة).[1] (شەیتان لەرێی ئادەمیزاددا دەوەستێت تا رێی ئیسلامی لێبگرێت، پێی دەڵێت: موسڵمان دەبیت و واز دێنیت لە ئایینەکەی خۆت و باوباپیرانت؟ ئادەمیزادەکەش لە شەیتان سەرکەش دەبێت و موسڵمان دەبێت، خواش لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت، ئینجا لەرێی هیجرەتدا بۆی دادەنیشێت و پێی دەڵێت: کۆچ دەکەیت و خاک و ئاسمانی خۆت جێدەهێڵیت، ئادەمیزادەکەش لە شەیتان یاخی دەبێت و کۆچ دەکات، ئینجا لە رێی جیهاددا بۆی دادەنیشێت و پێی دەڵێت: دەچیت بۆ جیهاد کە خۆپڕووکێن و ماڵ فەوتێنە، دەجەنگیت و دەکوژرێیت و ژنەکەت مارە دەکرێتەوەو سامانەکەت دابەش دەکرێت؟ ئادەمیزادەکە لە شەیتان یاخی دەبێت و جیهاد دەکات، جا هەرکەس وا بکات و بمرێت ئەوە مافە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە، ئەگەریش کوژرا مافە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە، ئەگەریش خنکا مافە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە، یان ئەگەر لەسەر وڵاخەکەی کەوتە خوارەوەو مرد ئەوە مافە لەسەر خوا بیخاتە بەهەشتەوە).

١٤٧٣. سەبرەی کوڕی مەعبەد(ﷺ)

ناوی سەبرەی کوڕی مەعبەدی جوهەنیە، لە غەزای خەندەق و فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.[2]

---

[1] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الجهاد - ما لمن أسلم ثم هاجر وجاهد، الرقم ٤٣٢٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب فضل الجهاد - ذكر إيجاب الجنة للمهاجر والغازي على أية حالة أدركتهما المنية في قصدهما، الرقم ٤٥٩٢، قال ابن حجر في الإصابة(ج٣، ص ٣١) رواه النسائي بإسناد حسن...رواه ابن حبان و صححه، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح الترغيب و الترهيب، الرقم ١٢٩٩.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١.

سەبرە دەڵێت: لە ساڵی فەتحی مەککەدا پێغەمبەر(ﷺ) ڕێی دا هاوەڵان بە شێوەی موتعە ئافرەت بهێنن، واتە بۆ ماوەیەکی کاتی بە مارەییەکی دیاریکراو، منیش لەگەڵ هاوەڵێکم لە بەنی سولەیم چووین تا ئافرەتێکمان لە بەنی عامیر بینی زۆر جوان و کەموێنە بوو، هەرکاممان داوامان کرد و پێشنیازی بەرامبەرێکمان بۆ کرد، هەرکاممان پێشنیازی عەباکەی خۆمانمان بۆ کرد، ئەویش تەماشای منی دەکرد من لە هاوەڵەکەم قۆزتر بووم، بەڵام عەباکەی سەرشانی هاورێکەم لەوەی من جوانتر بوو، دوای ماوەیەک ڕاوەستان دواجار منی هەڵبژارد، ئەو جۆرە هاوسەرگیریە ماوەی سێ – ڕۆژ– بەردەوام بوو، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردین لێیان جیا ببینەوە.[١]

سەبرە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (إِذَا بَلَغَ الْغُلَامُ سَبْعَ سِنِينَ فَأْمُرُوهُ بِالصَّلَاةِ، فَإِذَا بَلَغَ عَشْرًا فَاضْرِبُوهُ عَلَيْهَا) (منداڵ کە گەیشتە تەمەنی حەوت ساڵان بیبەن تا نوێژ بکات، ئەگەر گەیشتە دە ساڵان لەسەر نوێژنەکردن لێی بدەن).[٢]

کاتێک عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بوو بە خەلیفە، ئەوی وەک نوێنەر نارد بۆ لای موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان تا بەیعەتی خەڵکی شامی بۆ وەربگرێت.[٣]

سەبرە لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[٤]

١٤٧٤. سەخبەرەی کوڕی عوبەیدە(رضي الله عنه)

ناوی سەخبەرەی کوڕی عوبەیدەی ئەسەدیە، زۆر زوو موسڵمان بوو و یەکێکیشە لە دەستەی یەکەمی کۆچەران.[٥]

---

[١] صحيح مسلم – كتاب النكاح – باب نكاح المتعة وبيان أنه أبيح ثم نسخ، الرقم ١٤٠٦.

[٢] مصنف ابن أبي شيبة – كتاب الصلاة – متى يؤمر الصبي بالصلاة، الرقم ٣٥٠٠.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦.

١٤٧٥. سەختەرە(رضي الله عنها)

ناوی سەختەرەی کچی تەمیمی ئەسەدیە، یەکێکە لە کۆچەران.[١]

١٤٧٦. سەدووسی کچی بەطنە(رضي الله عنها)

ناوی سەدووسی کچی بەطنیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی نەججار، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٤٧٧. سەدیسە(رضي الله عنها)

ناوی سەدیسە یان هەندێ دەڵێن ناوی سودەیسەیە، خزمەتکاری حەفصەی کچی عومەری کوڕی خەططاب بوو، سەدیسە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (إِنَّ الشَّيْطَانَ لَمْ يَلْقَ عُمَرَ مُنْذُ أَسْلَمَ إِلاَّ خَرَّ لِوَجْهِهِ) (لەو کاتەوەی عومەر موسڵمان بووە شەیتان لە کوێ بە عومەر بگات روو وەردەگێڕێت و رادەکات).[٣]

١٤٧٨. سەررائی کچی نەبهان(رضي الله عنها)

ناوی سەررائی کچی نەبهانە، سەرراء دەڵێت: لە حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتاری پێشکەش کردین و فەرمووی: (ئەمڕۆ چ رۆژێکە؟) وتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی: مەگەر نێوەندی رۆژانی تەشریق نیە؟[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص٦٩٤.

[٣] المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - باب السين - سديسة مولاة حفصة بنت عمر، الرقم ٧٧٤.

[٤] سنن أبي داود - كتاب المناسک - باب أي يوم يخطب بمنى، الرقم ١٩٥٣، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

١٤٧٩. سەریعی کوڕی حەکەم(رضي الله عنه)

ناوی سەریعی کوڕی حەکەمە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی وەقاص کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، سەریع وەک وەفدی بەنی تەمیم چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لە جەنگی یەمامەدا رێنیشاندەری خالیدی کوڕی وەلید بوو.[١]

١٤٨٠. سەعدی خزمەتکار(رضي الله عنه)

ناوی سەعدەو خزمەتکاری عوتبەی کوڕی غەزوان بوو، دەوترێت ئەم ئایەتە لە بارەی سەعدەوە دابەزیوە (ولا تطرد الذين يدعون ربهم...).[٢]

١٤٨١. سەعدی دەوسی(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی ئەبی ذوبابی دەوسیە،[٣] ئەم هاوەڵە دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووم و ئەویش منی وەک بەرپرسی هۆزەکەی خۆم دانا، لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا خەلیفە منی بە بەرپرسی هۆزەکەم هێشتەوە، عومەری کوڕی خەططابیش لەو پۆستەمدا هێشتمیەوە.[٤]

١٤٨٢. سەعدی کوڕی تەمیم(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی تەمیمی سکوونیە، دواتر لە دیمەشق نیشتەجێ بوو، کوڕێکی هەبوو بە ناوی بیلال کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٩٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند المدنيين(رضي الله عنهم) أجمعين - حديث سعد بن أبي ذباب(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٩٣١.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨.

سەعد دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چاکترین خەڵکی کێن؟ فەرمووی: من و ئەوانەی سەدەکەی (سەردەمەکەی)[1] من، وتم: ئەی دوای ئەوانە؟ فەرمووی: (ئینجا سەدەی دووەم)...[2]

١٤٨٣. سەعدی کوڕی جاریە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی جاریەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

١٤٨٤. سەعدی کوری جەمماز(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی جەممازی کوی مالیکە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی کەعب، سەعد لە غەزای ئوحود و غەزاکانی تردا بەشدار کرد و دواجار لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[4]

١٤٨٥. سەعدی کوڕی جونادە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی جونادەی عەوفیە، سەعد دەڵێت: یەکەم کەس بووم لە خەڵکی طائیف کە چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، بەرەبەیانێک چوومە دەرەوەو بۆ عەسر هاتمە مینا و سەر شاخەکە کەوتم و دواتر دابەزیم و چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووم، ئەویش (قل هو الله أحد) و (إذا زلزلت الأرض زالزالها)ی فێر کردم، ئەم وشانەشی فێر کردم (سبحان الله والحمد لله ولا إله إلا الله والله أكبر).[5]

---

[1] مەبەست بە (قرن) لە فەرموودەکەدا سەد ساڵ نیە، بەڵکو واتای سەردەم دەگەیەنێت.

[2] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٨٣١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٠.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٠٥.

[5] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سعد - سعد بن جنادة العوفي، الرقم ٥٤٨٣.

١٤٨٦. سەعدی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی حارثی کوڕی صیممەیە، لە پشتیوانانە، دوای لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشدار جەنگی صفینی کرد و تیایدا کوژرا.[1]

١٤٨٧. سەعدی کوڕی حەبتە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی حەبتەیە، حەبتە ناوی دایکیەتی و بە ناوی دایکیەوە ناسراوە، حەبتەی دایکی هێنای بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش نزای بۆ کرد.[2]

لە غەزای ئوحوددا سەعد ویستی بەشداری بکات، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەو و چەند هاوەڵێکی تری گەڕاندەوەو نەیهێشت لەبەر کەمی تەمەنیان بەشداری بکەن.[3]

دواتر سەعد لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد و بە چاکی دەجەنگا، هێشتا تەمەنیشی زۆر نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویو ئەی گەنج تۆ کێیت؟ وتی: سەعدی کوڕی حەبتەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوا باپیرەت بەختەوەر بکات لێم نزیک بەرەوە، ئەویش لێی نزیک بوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەریدا.[4]

سەعد دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو و لەوێ کۆچی دوایی کرد و زەیدی کوڕی ئەرقەم نوێژی لەسەر کرد.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٠.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٠٤.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٣٤.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٠٤.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٦، ص ٥٢.

١٤٨٨. سەعدی کوڕی خاریجە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی خاریجەی کوڕی ئەبوزوهەیرە، برایەکی هەبوو بە ناوی زەید، خۆی و زەیدی برای و باوکیشی لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوان(ﷺ).[١]

خاریجەی باوکی لە بەیعەتی عەقەبە[٢]و غەزای بەدر[٣]وئوحودیشدا بەشداری کرد و لەو غەزایەدا شەهید بوو.[٤]

سەعد خوشکێکی هەبوو بە ناوی حەبیبە کە خاریجەی باوکی مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئومموکلثوم،[٥] ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[٦]

سەعد هاودەم بە خاریجەی باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و هەردووکیان لەو غەزایەدا شەهید بوون.[٧]

١٤٨٩. سەعدی کوڕی خەلیفە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی خەلیفەی کوڕی ئەشرەفە، لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٨]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣.
[٢] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٤.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٢٢٣.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٤٤.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٦٩.
[٦] أسد الغابة، ج٢، ص ١٠٥.
[٧] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣.
[٨] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣.

١٤٩٠. سەعدی کوڕی خەولە(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی خەولەی عامیریە، ئەم هاوەڵە بە بنەڕەت فارس بووەو لە یەمەن نیشتەجێ بوو و دواتر هاتە مەککەو تێکەڵیان بوو،[١] ژنێکی هێنا بە ناوی سوبەیعەی ئەسلەمی کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[٢]

سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.

سەعد لە حەجی ماڵئاواییدا کۆچی دوایی کرد، ئەوکات ژنەکەشی سکپڕ بوو،[٣] پێغەمبەر(ﷺ) سەرەخۆشی دەکرد لەوەی کە سەعد لە مەککە مردووە لەکاتێکدا لەو شارە کۆچی کردبوو.[٤]

١٤٩١. سەعدی کوڕی خەولی(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی خەولیەو خزمەتکاری حاطیبي کوڕی ئەبی بەلتەعە بوو، هاودەم بە گەورەکەی بەشداری غەزای بەدری کرد، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٥]

١٤٩٢. سەعدی کوڕی خەیثەمە(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی خەیثەمەی کوڕی حارثی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[٦] کونیەکەی ئەبووخەیثەمەیەو یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکەی بەیعەتی عەقەبە،[٧] دایکی ناوی هیندی کچی ئەوسە.[٨]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣.

[٢] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب انقضاء عدة المتوفى عنها زوجها وغيرها بوضع الحمل، الرقم ١٤٨٤.

[٣] صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب انقضاء عدة المتوفى عنها زوجها وغيرها بوضع الحمل، الرقم ١٤٨٤.

[٤] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب رثاء النبي(ﷺ) سعد بن خولة، الرقم ١٢٩٥.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٤.

[٦] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٥٨٨.

[٧] أسد الغابة، ج٢، ص ٤١١.

[٨] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.

ژنەکەی سەعد ناوی جەمیلەی کچی ئەبی عامیر بوو.[1]

کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و لە حودەیبیەدا بەشدار بوو.[2]

سەعد یەکێک بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێک بوو لە دوانزە نەقیبەکە.[3]

کاتێک هاوەڵە کۆچەریەکان کۆچیان کرد بۆ مەدینە، زۆربەی ئەو هاوەڵانەی ژنیان نەبوو لە ماڵی سەعد دادەبەزین و لەوێ دەمانەوە.[4]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان سەعد و ئەبووسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدەوە.[5]

کاتێک هاوەڵان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەنگی بەدر، خەیثەمە بە سەعدی کوڕی وت: دەبێت یەکێکمان بچین و ئەوی ترمان لە ماڵەوە بمێنێتەوەو لای ژن و مناڵەکان بێت، بۆیە تۆ لێرە بە با من بچم، سەعد وتی: باوکە گیان ئەگەر مەسەلەکە جگە لە بەهەشت بوایە بە دڵنیاییەوە رازی دەبووم، بەڵام هیوام هەیە ئەمجارە شەهیدیم بە نسیب بێت، دواجار باوک و کوڕ گەیشتنە ئەو رێککەوتنەی تیرو پشک بکەن، سەعد ناوی دەرچوو تا بەشدار بێت، لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)لە بەدردا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[6]

سەعدی لە غەزای بەدردا بە دەستی کابرایەک کوژرا بە ناوی عەمری کوڕی عەبدود، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو طوعەیمەی کوڕی عەدی کوشتوویەتی.[7]

---

(١) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.

(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.

(٣) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.

(٤) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٧٤.

(٥) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨١.

(٦) أسد الغابة، ج٢، ص ٤١١.

(٧) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦.

خەیثەمەی باوکی سەعد لە ئوحوددا بەشداری کردو لەو غەزایەدا بە دەستی هوبەیرەی کوڕی ئەبی وەهب شەهید کرا،[1] بەوجۆرە ئەو تاسەی شەهیدیەی کە لەگەڵ کوڕەکەی تیروپشکی بۆ دەکرد، لە یەکەم غەزادا بۆ کوڕەکەی بوو کە پاداشتی ئەوەشی دەستکەوت، لە دووەم غەزاشدا بۆ خۆی بوو.

١٤٩٣. سەعدی کوڕی ذوئەیب(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی ذوئەیبە، لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کوشتنی دەرکرد بۆ چەند کەسێک کە لێخۆشبوون نەیدەگرتنەوە، یەکێک لەوانە ئیبن خەطەل بوو، سەعد چوو بۆی و کوشتی.[2]

١٤٩٤. سەعدی کوڕی رەبیع(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی رەبیعی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[3]

دایکی ناوی هوزەیلەی کچی عەنبە بوو، سەعد ژنێکی هەبوو بە ناوی جەمیلە کە بە ئومموسەعد ناسراوە.[4]

سەعد لە سەردەمی نەفامیدا نووسەر بوو و شارەزایی هەبوو لە نووسیندا، لەو سەردەمەدا نووسین و خوێنەواری زۆر کەم بوو.[5]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعد و عەبدورەحمانی کوڕی عەوفەوە.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٣٥٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٧.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢٢.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢٢.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢٢.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٨.

سەعد کەسێکی دەوڵەمەند بوو، بە عەبدورەحمانی وت: ماڵەکەم لەگەڵتدا دووکەرت دەکەم و ژنێکیشت لێ مارە دەکەم، ئەویش وتی: خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ژن و ماڵتەوە، ڕێی بازاڕم نیشان بدەن.[1]

سەعد ژنێکی هەبوو بە ناوی عمرەی کچی حەزم کە لەم ژنەی کچێکی هەبوو.[2]

سەعد لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا شەهید بوو، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی دەفەرموو (کێ هەواڵی سەعدی کوڕی ڕەبیعم بۆ دێنێت؟) کابرایەک هەستا و وتی: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەنێو کوژراوەکاندا دەگەڕا تا پێی گەیشت، هێشتا سەعد تەواو گیانی دەرنەچووبوو، سەعد بە کابرای وت: چیتە وا دەگەڕێیت؟ وتی: پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد تا هەواڵی تۆی بۆ بەرم، سەعد وتی: دەی بڕۆ بۆ لای و سەلامی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ لە دوانزە لاوە پێکراوم و پێکانەکەشم کوشندەیە، بە هۆزەکەشت بڵێ لای خوا هیچ بیانوویەکیان بۆ نیە ئەگەر بێتو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بکوژرێت و تاکە کەسێک لەوان زیندوو مابێت.[3]

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت: ئەو کەسەی چوو هەواڵی سەعد بهێنێت ئوبەی کوڕی کەعب بوو، سەعد پێی وت: بە هۆزەکەت بڵێ سەعدی کوڕی ڕەبیع پێتان دەڵێت: خودایە خودایە، وریای ئەو بەڵێنە بن کە لە شەوی عەقەبە داتان بە پێغەمبەری خوا(ﷺ)، سوێند بەخوا لای خوا هیچ بیانوویەکتان نیە ئەگەر پێغەمبەرەکەتان بکوژرێت و ئێوەش چاوێکتان تێدا مابێت بترووکێنرێت.[4]

کاتێک ئەبووبەکری صدیق بووبوو بە خەلیفە، کچەکەی سەعد چوو بۆ لای ئەبووبەکر، خەلیفەش جلەکەی خۆی وەک ڕاخەر بۆ ڕاخست، عومەر

---

[1] صحيح البخاري - كتاب البيوع - باب ما جاء في قول الله تعالى فإذا قضيت الصلاة فانتشروا في الأرض، الرقم ٢٠٤٩.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩.

[3] موطأ الإمام مالک - كتاب الجهاد - الترغيب في الجهاد، الرقم ٤٥٤.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٤١٤.

هاتە ژوورەوەو پرسیاری لێکرد ئەو ئافرەتە کێیە؟ ئەبووبەکر وتی: کچی کەسێکە کە لە من و تۆیش زۆر چاکتر بووە، عومەر وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو پیاوە کێیە؟ وتی: کەسێک لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و شوێنی خۆی لە بەهەشت بەدەست خست و من و تۆیش هێشتا ماوینەتەوە.[1]

١٤٩٥. سەعدی کوڕی رەبیعی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی رەبیعە، لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبولحارثە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق.[2]

١٤٩٦. سەعدی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، شمشێرێکی بە دیاری بردووە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ).[3]

١٤٩٧. سەعدی کوڕی زەیدی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی زەیدی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[4]

١٤٩٨. سەعدی کوڕی زورارە(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی زورارەیە، برای ئەسعەدی کوڕی زورارەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٩.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٠.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٦١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦١.
[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٤١٥.

سەعد دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (خوایە سەرم بخەیت بەسەر ئەوەدا کە لێم یاخی بووە، تۆڵەم وەرگریتەوە لەوەی ستەمی لێکردوم، جەستەم سەلامەت بکەو بەهرەدارم بکە بە بیستن و بینینم تا مردنم).[1]

١٤٩٩. سەعدی کوڕی سەهل(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی سەهلی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

١٥٠٠. سەعدی کوڕی سومید(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی سوەیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[3] دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

١٥٠١. سەعدی کوڕی ضومەیرە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی ضومەیرەی کوڕی سەعدی سولەمیە، لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[5]

١٥٠٢. سەعدی کوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی عامیری کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی حەمزە، هەریەک لە سەعد و حەمزە پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشداربوون.[6]

---

[1] الدعاء للطبراني، الرقم ١٣٤٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣.

[4] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٢٨٦١.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٤.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٥.

١٥٠٣. سەعدی کوڕی عائیذ(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی عائیذە، ئەم هاوەڵە چوویە لای پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای دەستکورتی خۆی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) ڕێنمایی کرد بازرگانی بکات، ئەویش دەستی کرد بە کڕین و فرۆش و قازانجی کرد، چوو بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش ڕێنمایی کرد بەردەوام بێت.[1]

کاتێک سەعد چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەریدا و نزای بەرەکەتی بۆ کرد و کردی بە بانگبێژی مزگەوتی قوبأ و جێگرەوەی بیلال لە بانگداندا تا کاتێک بیلال ئامادە نەبوو ئەو بانگ بدات.[2]

سەعد لە مزگەوتی قوبائدا بانگی دەدا، دواتر ئەبووبەکری صدیق ئەوی گواستەوە بۆ مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)، چونکە بیلال لەوێ نەما و چوو بۆ شام، ئیتر لەوێ سەعد بانگی دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابیشدا بەردەوام بوو لە بانگدان.[3]

سەعد تا سەردەمی حەجاجی کوڕی یووسف ژیا.[4]

١٥٠٤. سەعدی کوڕی عەددی(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی عەددیە، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٥.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٢٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٥.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٢٢.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٩.

١٥٠٥. سەعدی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی عەمری کوڕی ثەقەفە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی طوفەیل، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە بیئرمەعوونەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، هاودەم بە خۆیشی کوڕەکەشی بەشداری کرد و کوڕەکەشی هاودەم بە خۆی شەهید بوو.[١]

١٥٠٦. سەعدی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی عەمری کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[٢]

١٥٠٧. سەعدی کوڕی عوبادە(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی عوبادەی کوڕی دولەیمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبووثابت یان ئەبووقەیسە، دایکی ناوی عومرەی کچی مەسعوودە و هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[٣]

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید، کوڕێکی تری ناوی موحەممەد بوو، کوڕێکی تری ناوی عەبدوڕەحمان بوو، دایکی ئەم سێ کوڕەی غەزیەی کچی سەعد بوو کە خێزانی سەعدی کوڕی عوبادەیە، لە ژنێکی تری کە ناوی فکیهەی کچی عوبەیدە هەریەک لە ئومامە و سدوسی هەبوو.[٤]

سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٥-٦٦.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٦١٣.

[٥] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧١.

جارێک سەعد چوو بۆ مەککەو لەوێ خەڵکی مەککە سەعدیان گرت و زۆریان لێدا، هێندەیان لێدا جەستەی تەواو خوێناوی بوو، کابرایەک هات و وتی: ماڵوێران کەس ناناسیت لە مەککە پەنات بدات؟ ئەویش وتی: نا، بەڵام جاران عاصی کوڕی وائیل دەهاتە مەدینە و ئێمەش ڕێزمان لێدەگرت، یەکێک لەوێ بوو کە عەددی کوڕی قەیس بوو، وتی: باسی ئامۆزاکەی منی کردووە، بەخوا یەک کەس نابێت نزیکی بێتەوە، بۆیە وازیان لێهێنا.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەدینە، سەعد هەموو ڕۆژێک بڕێک گۆشت و تریتی بۆ دەنارد، ئیتر ئەو قاپەی سەعد لەگەڵ چوونی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ماڵی هاوسەرەکانی دەبرا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ).[2]

سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی قەیس، قەیسی برد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا خزمەتی بکات.[3]

هێشتا غەزای بەدر ڕووی نەدابوو ڕۆژێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر وڵاخێ بوو، دەچوو بۆ سەردانی سەعدی کوڕی عوبادە، ئوسامەی کوڕی زەیدیش لەدوایەوە لەگەڵیدا سەرکەوتبوو، ئەمەش لەپێش جەنگی بەدردا بوو، دای بەلای کۆڕێکدا کە موسڵمان و جوولەکە و بتپەرستیشی تێدابوو، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولیش لەوێ بوو، هەروەها عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەش لەوێ بوو، کاتێ تەپوتۆزی وڵاخەکە بەر کۆڕەکە کەوت، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لووتی خۆی بە عەباکەی داپۆشی، ئینجا وتی: تۆزمان بەسەردا مەکەن، پێغەمبەر(ﷺ) سەلامی بۆ کردن و دواتر وەستا و بانگی کردن بۆ لای خوا و قورئانی بەسەریاندا خوێندەوە، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وتی: هۆ کابرا، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەگەر حەق بێت لەوە باشتر نیە، دەی ئیتر

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧٣.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧١.
[3] جامع الترمذي - أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ) - باب في فضل لا حول ولا قوة إلا بالله، الرقم ٣٩٣٩ و قال حسن صحيح غريب من هذا الوجه.

لە مەجلیسەکانماندا بێزارمان مەکە و بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆت، هەرکامان هات بۆ لات بۆی بخوێنەرەوە و قسەی خۆتی بۆ بکە، عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەرە مەجلیسمان ئێمە دڵخۆشین بەوە، موسڵمان و بێباوەڕ و جوولەکەکان بەینیان شلۆق بوو، خەریک بوو بدەن بە یەکدا، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئارامی کردنەوە، ئینجا سواری وڵاخەکەی بوویەوە و چوو بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە، پێی فەرموو ئەی سەعد نەتبیستووە ئەبووحوباب چی وتووە؟ مەبەستی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو، ئاوها و ئاوای وت، سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێی خۆش بەو چاوپۆشی لێ بکە، سوێند بەوەی قورئانی بۆ دابەزاندویت خوای گەورە ئەو حەقە دێنێت کە بۆ تۆی ناردووە، خەڵکی ئەم ناوچە ڕێککەوتبوون بیکەن بە سەرگەورەی ئێرە، کە خوا تۆی بە حەق نارد ئەو بەوە بێزار بوو، بۆیە دەبینیت ئەوە دەکات کە لەبەرچاوتە.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، سەعد داوای کرد پێغەمبەر(ﷺ) بچێت بۆ ماڵی ئەو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد وازبهێنن تا بزانن وشترەکە لەکوێ مۆڵ دەخوات.[٢]

تەنها ساڵێک بەسەر هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە تێپەڕ بووبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) بە دەرچوونێک دەرچوو و سەعدی وەک بەرپرسی مەدینە جێهێشت.[٣]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو بۆ غەزای بەدر ڕاوێژی بە هاوەڵان کرد، کاتێک سەرەی سەعدی کوڕی عوبادە هات قسە بکات، هەستایە سەرپێ و وتی: مەبەستت ئێمەیە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر فەرمانمان پێ بکەیت تاوبدەینە ناو ئەو دەریایە تاو

[١] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة آل عمران - باب ولتسمعن من الذين أوتوا الكتاب من قبلكم ومن الذين أشركوا أذى كثيرا، الرقم ٤٥٦٦.

[٢] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٩٨.

[٣] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٤٣.

دەدەین، ئەگەر فەرمانمان پێ بکەیت بچینە جەرگەیەوە دەچین.[1]

ئیبن کەثیر وتەیەکی هێناوە دەڵێت: رای راستتر ئەوەیە ئەوە قسە هی سەعدی کوڕی موعاذ بووە، چونکە سەعدی کوڕی عوبادە نەچووە بۆ جەنگی بەدر لەبەرئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی وەک بەرپرسی مەدینە جێهێشتووە یان لەبەرئەوەی دەوترێت مارێک سەعدی کوڕی عوبادەی گەستووە،[2] بەلام هەر لە گێڕانەوەی تردا هێناویەتی کە سەعدی کوڕی عوبادە لە غەزای بەدردا ئالای پشتیوانانی پێ بووە.[3]

کاتێک منداڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرەمەرگدا بو-ئیبراهیمی کوڕی بوو- ، هەواڵ برا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)،سەعدیش یەکێک بوو لەوانەی کە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چوو، کاتێک ئیبراهیم گیانی دەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فرمێسک بە چاوەکانیەوە بوو، سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە چیە؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (هذه رحمة جعلها الله في قلوب عباده، وإنما يرحم الله من عباده الرحماء)،[4] (ئەوە رەحمەتی خوایە کە خوا خستوویەتیە ناو دڵی بەندەکانیەوە، خوای گەورە رەحم بە بەندە بەرەحمەکانی دەکات).

دایکی سەعد لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەوکات سەعد لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزای دەومەتەلجەندەل بوو.[5]

دایکی سەعد لە سەرمەرگدا بوو و سەعدیش لە غەزایەکدا بوو، بە دایکیان وت: وەسیەت ناکەیت؟ ئەویش وتی: سامانەکە هەمووی هی سەعدە وەسیەتی چی بکەم؟ کە سەعد هاتەوەو ئەوەی بیست پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) ئایا خێری بۆ بکات سوودی پێ دەگەیەنێت؟ فەرمووی: بەڵێ، سەعد وتی: دەی فلانە باخ دەکەم بە خێر بۆی.[6]

---

[1] صحيح مسلم – كتاب الجهاد والسير – باب غزوة بدر، الرقم ١٧٧٩.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣١٩.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٢٦.

[4] صحيح البخاري – كتاب الجنائز – باب قول النبي(ﷺ) يعذب الميت ببعض بكاء أهله، الرقم ١٢٨٤.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٩٢.

[6] موطأ الإمام مالك – كتاب الأقضية – صدقة الحي عن الميت، الرقم ٦٠٧؛ صحيح ابن خزيمة – كتاب الزكاة – جماع أبواب الصدقات والمحبسات – باب الصدقة عن الميت إذا توفي عن غير وصية، وانتفاع الميت في الآخرة بها، الرقم ٢٥٠٠.

کاتێک دایکی سەعد وەفاتی کرد، سەعد لەوێ نەبوو، دواتر هاتەوە زانی وەفاتی کردووە، چوویە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایکم مردووەو من لێرە نەبوم، ئایا ئەگەر خێری بۆ بکەم سوودی پێ دەگەیەنێت؟ فەرمووی: (بەڵێ)، سەعد وتی: دەی تۆ بەشایەت دەگرم ئەو باخەم دەکەم بە خێر بۆی.[1]

سەعد دەڵێت: کاتێک دایکم وەفاتی کرد رۆژووی لەسەر مابوو، -لە گێڕانەوەکەی نەسائیدا نەزرێکی لەسەر بوو- لەو بارەوە پرسیارم کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمانی پێکردم رۆژووەکەی بۆ بگرمەوە-نەزرەکەی بۆ بەجێبگەیەنم-.[2]

سەعد لە غەزای خەندەقیشدا بەشدار بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی هاودەم بە سەعدی کوڕی موعاذ نارد تا هەواڵی جوولەکەکانی بەنی قورەیظەی بۆ وەربگرن، ئەوانیش هەواڵیان هێنایەوە کە ئەوانە ناپاکییان نواندووە.[3]

کاتێک حاڵی موسڵمانان سەخت بوو و هەندێ ویستیان ناپاکی بنوێنن، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی نارد تا سێ یەکی بەرهەمی مەدینە بدات بە غەطەفانیەکان بەرامبەر بەوەی ناپاکی نەنوێنن و نەچنە پاڵ قورەیش، پێش ئەوەی رێککەوتنەکە تەواو بێت، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێن سەعدی کوڕی عوبادەو سەعدی کوڕی موعاذدا تا رایان وەربگرێت، مەسەلەکەی باسکرد بۆیان و رای ئەوانی داواکرد، ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا ئەوە فەرمانێکە خۆت داتناوە تا ئێمەش بەجێی بگەیەنین یان شتێکە خوا فەرمانی پێکردویت و هەر دەبێت ئەوە بێت؟ یان لەبەر ئێمە دەیکەیت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کە پلانی خۆیەتی نەک فەرمانی خوا و کە بینویەتی هەموو عەرەب لە دژیان یەکیان گرتووە، ئەمەی کردووە

[1] صحيح البخاري - كتاب الوصايا - باب إذا قال أرضي أو بستاني صدقة لله عن أمي، الرقم ٢٧٥٦.
[2] سنن النسائي، الرقم ٣٦٦١؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب سعد بن عبادة الخزرجي النقيب(ﷺ) - جود سعد بن عبادة، الرقم ٥١٤١، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٠٣-١٠٤.

تـا شـکۆی دوژمـن بشـکێنێت، سـەعدی کوڕی موعـاذ وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئێمـە پێشـتر لەگـەڵ ئەوانـەدا پەیوەندیمـان هەبـوو، ئێمـە بتپەرسـت بووین و خوامـان نەدەناسـی و نەدەپەرسـت، لـە بەرهـەمی ئێمەیان نەدەخوارد مەگـەر بـە میوانـی بهاتنایەو لێیان بخواردایـە یـان بـە کڕین بیانکڕیبا، جا ئێستا کـە خـوا بـە ئیسـلام ڕێزداری کردوین و ڕێنوێنی کردوین بۆ ئیسـلام و بـە تۆ عیززەتمەنـدی کردوین، هیـچ پێویسـتمان بـەوە نیـە، بەخـوا تەنهـا شمشـێریان پێدەدەیـن تـا خـوا حوکمـی نێـوان ئێمـەو ئـەوان دەکات، پێغەمبەریـش(ﷺ) فەرمووی: دەی ئەوە تۆ و ئەوە، سـەعدی کوڕی موعاذ لاپەڕە نووسـراوەکەی گرتـە دەسـت و سـڕیەوە.[1]

سـەعد لە غەزای مورەیسیعیشدا بەشداری کرد و تیایدا ئالای پشتیوانانی بەدەستەوە بوو.[2]

لـە ڕووداوی ئیفکدا کاتێ پێغەمبـەر(ﷺ) وردەکاری تـەواوی کـرد بۆ ئـەو ڕووداوە، دواتـر لەنـاو هاوەڵـە پشـتیوانەکانیدا بـوو ویسـتی پۆزشـی عەبدوڵای کـوڕی ئوبـەی کـوڕی سـەلوول وەربگـرێ، بـە هاوەڵانـی فەرمـوو (من يعذرني من رجل بلغني أذاه في أهلي، فوالله ما علمت على أهلي إلا خيرا، وقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا، وما كان يدخل على أهلي إلا معي)، (کـێ پۆزشـم بـۆ وەردەگـرێ لـە کەسـێ کـە بیسـتوومەتەوە بـە خراپـە باسـی خێزانەکەمـی کـردووە، دەی سـوێند بەخـوا مـن هـەر چاکـەی خێزانەکـەم دەزانم-واتـە چاکـەم لـێ دیـوە- ئەوانـە باسـی پیاوێکیـان کردووە کـە بـەس خێرو چاکەی لەبارەوە دەزانم، بەتەنها لەگەڵ خۆیشمدا هاتووە بۆ لای خێزانەکانم) سـەعدی کوڕی موعـاذ هەسـتاو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا بەخـوا مـن ئـەوەت بـۆ دەکـەم، ئەگـەر لـە ئەوسیەکان بێت ئێمـە دەدەیـن لـە ملـی، ئەگەریـش لەنـاو بـرا خەزرەجیەکانماندا بێت فەرمانمـان پێبکەیـت فەرمانـت بەجێدەگەیەنیـن، سـەعدی کـوڕی عوبـادە کـە گـەورەی

[1] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٣١٢.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٥٦.

خەزرەجیەکان بوو و پیاوێکی چاک بوو دەمارگیری گرتی، هەستاو وتی: سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژێت و ئەوەشت پێ ناکرێت، ئوسەیدی کوڕی حوضەیریش هەستا و وتی: بەخوا تۆ درۆ دەکەیت، ئێمە دەیکوژین، تۆ دووړوویت و سەبارەت بە دووڕوان مشتومڕ دەکەیت، هەردوو دەستەی ئەوس و خەزرەج هەستان و خەریک بوو بکەونە وێزەی یەک، پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر دابەزی و هێوری کردنەوە..).[1]

سەعد لە عومرەی پاش رێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشداری کرد و کاتێک قسەی ناراست و نارەوای بێباوەڕانی قورەیشی لە رۆژی چوارەمدا بیست بە توندی وەڵامی دانەوە.[2]

سەعد بەرامبەر بە ئەهلی صوففە زۆر چاکەکار بوو و رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لەوانی دەبردەوە بۆ ماڵەوە تا لەوێ نان بخۆن.[3]

سەعد غیرەتێکی زۆری هەبوو لە مەسەلەی ئابرووداا، جارێک لە کۆڕێکدا بوو وتی: سوێند بەخوا ئەگەر پیاوێک لەگەڵ ژنەکەم ببینم بێ ئەملاولا بە شمشێر لێی دەدەم، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بیستەوە، فەرمووی: (أتعجبون من غيرة سعد، لأنا أغير منه، والله أغير مني)، (سەرتان سوڕدەمێنێت لە غیرەتی سەعد، من زۆر لەو بەغیرەتترم، خواش زۆر لە من بەغیرەتترە).[4]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەناو هاوەڵانیدا بوو، کابرایەکی پشتیوانی هات و دواتر چوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی سەعدی کوڕی عوبادەی لێ پرسی، ئەویش وتی: باشە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ لە ئێوە دەچێت بۆ سەردانی؟ پێغەمبەر(ﷺ) هەستا و ئێمەش زیاد لە سیانزە کەس دەبووین لەگەڵی چووین بۆ لای.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب تعديل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٢٩.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧٦.

[4] صحيح البخاري - كتاب الحدود وما يحذر من الحدود - باب من رأى مع امرأته رجلا فقتله، الرقم ٦٨٤٦.

[5] صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب في عيادة المرضى، الرقم ٩٢٥.

جارێک سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود هات بۆ لای تا سەردانی بکات، بینی لە کەنارێکەوەیە، فەرمووی: تەواو بووە؟ وتیان: نا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) گریا، کە خەڵکەکە بینییان پێغەمبەر(ﷺ) گریا ئەوانیش گریان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ألا تسمعون إن الله لا يعذب بدمع العين، ولا بحزن القلب، ولكن يعذب بهذا - وأشار إلى لسانه - أو يرحم، وإن الميت يعذب ببكاء أهله عليه)،[1] (نابیستن کە خوای گەورە لەسەر فرمێسکی چاو و خەفەتی دڵ سزای کەس نادات، بەڵام لەسەر ئەمە سزای خەڵکی دەدات یان ڕەحم بە خەڵکی دەکات، ئینجا ئاماژەی کرد بە زمانی، مردوو بە گریانی کەسوکاری لەسەری ئازار دەچێژێت).

سەعدی کوڕی عوبادە لە فەتحی مەکەدا بەشداری کرد و ئاڵای پشتیوانانی بەدەستەوە بوو، سەعد کە ئەبووسوفیانی بینی وتی: ئەی ئەبوسوفیان ئەمڕۆ ڕۆژی کارەسات و کوشتارە، ئەمڕۆ لە کەعبەدا خوێن ڕێژی ڕەوا دەکرێت، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای ئەبووسوفیاندا، ئەبووسوفیان وتی: نازانیت سەعدی کوڕی عوبادە چی دەڵێت، ئەو ئاوهای وتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (كَذَبَ سَعْدٌ، وَلَكِنْ هَذَا يَوْمٌ يُعَظِّمُ اللهُ فِيهِ الْكَعْبَةَ، وَيَوْمٌ تُكْسَى فِيهِ الْكَعْبَةُ) (سەعد درۆ دەکات، بەڵکو ئەمڕۆ ڕۆژێکە تیایدا خوا کەعبە بەرز رادەگرێت و تیایدا کەعبە بەرگی بەبەردا دەکرێت).[2]

ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بۆ تەمبێ کردنی سەعد، ئاڵاکەی دەستی لێ سەندەوەو دایە دەست کەسێکی تر، دەوترێت دایە دەست قەیسی کوڕی.[3]

سەعد لە غەزای حونەینشیدا بەشداری کرد، دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش کرد، هەمووی بەخشیەوە بەسەر قوڕەیشیەکان و

[1] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب البكاء عند المريض، الرقم ١٣-٤؛ صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب البكاء على الميت، الرقم ٩٢٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨٠.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٩٦.

هۆزەکانی تردا و بەشی پشتیوانانی نەدا، ئیتر قسەو بۆڵەیەک لەناو پشتیواناندا دروست بوو تا ئەوەی یەکێک وتی: پێغەمبەر(ﷺ) هەمووی بەخشیوە بە هۆزەکەی خۆی، سەعدی کوڕی عوبادە بڕیاری دا مەسەلەکە بباتە لای پێغەمبەر(ﷺ)، چوویە خزمەتی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو دەستەی پشتیوانان گلەییەک لە ناخیاندا دروست بووە بەرامبەر بەو دابەشکردنەت و دەڵێن هەموویت بەخشیوە بە هۆز و قەومەکەی خۆت و پشتیوانان هیچ پشکێکیان نەبووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی سەعد ئەی تۆ لەو نێوەندەدا رات چۆنە؟ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) منیش ئەندامێکی قەومەکەمم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: برۆ قەومەکەتم بۆ کۆبکەرەوە، سەعد چوو و پشتیوانانی کۆکردەوە، هەندێ لە کۆچەران هاتن و هەموویانی گێڕایەوە، کاتێک هەموو پشتیوانان کۆبوونەوە سەعد هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێی وت: کە هەموو کۆبوونەتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) چو بۆ لایان و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی:

(يا معشر الأنصار ما قالة بلغتني عنكم وجدة وجدتموها في أنفسكم، ألم آتكم ضلالا فهداكم الله؟ وعالة فأغناكم الله؟ وأعداء فألف الله بين قلوبكم)

(ئەی گرۆی پشتیوانان وتەیەکم بیستووەتەوە لە ئێوەوە کە لە ناختاندا دروست بووە، مەگەر من هاتم بۆ لاتان گومرا نەبوون و خوا رێنموونی کردن؟ مەگەر هەژار نەبوون و خوا دەوڵەمەندی کردن؟ مەگەر دوژمن نەبوون و خوا نێوانی دڵەکانی یەکخستن؟) وتیان: با ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) منەت و فەزڵ بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی گرۆی پشتیوانان ئایا وەڵامم نادەنەوە؟) وتیان: چۆن وڵامت بدەینەوە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتێکدا فەزڵ و منەت بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی؟ فەرمووی:

(أما والله لو شئتم لقلتم فلصدقتم وصدقتم أتيتنا مكذبا فصدقناك، ومخذولا فنصرناك، وطريدا فآويناك، وعائلا فآسيناك، أوجدتم في أنفسكم يا معشر الأنصار في لعاعة من الدنيا، تألفت بها قوما ليسلموا، ووكلتكم

إلى إسلامكم؟ أفلا ترضون يا معشر الأنصار أن يذهب الناس بالشاة والبعير، وترجعون برسول الله في رحالكم؟ فوالذي نفس محمد بيده لولا الهجرة لكنت امرأ من الأنصار، ولو سلك الناس شعبا، وسلكت الأنصار شعبا لسلكت شعب الأنصار، اللهم ارحم الأنصار، وأبناء الأنصار، وأبناء أبناء الأنصار)

(نا سوێند بەخوا ئەگەر بتانەوێت دەڵێن و راست دەڵێن و بە راستیش دەزانرێن، بڵێن تۆ هاتیت بۆ لامان بەدرۆخرابوویتەوەو ئێمە بەراستمان زانیت، پشتت بەردرابوو و ئێمە سەرمان خستیت، دەرکرابویت و ئێمە پەنامان دایت، بێناز بوویت و ئێمە دڵنەواییمان کردی، ئەی گرۆی پشتیوانان خەمی ناختان بۆ برێ پاشماوەی کەمی دنیایە کە بۆ دڵراکێشانی خەڵکێ بەکارم هێناوە تا موسڵمان بن و ئێوەشم راسپاردووە بۆ ئیسلامەکەتان؟ ئەی گرۆی پشتیوانان ئایا رازی نابن خەڵکی بە مەڕ و وشترەوە بچنەوەو ئێوەش لە کاروانەکەتاندا پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ خۆتان ببەنەوە؟ سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە ئەگەر هیجرەت نەبوایە ئەوە من یەکێک دەبووم لە پشتیوانان، ئەگەر هەموو خەڵکی شیوێک بگرن و پشتیوانان شیوێکی تر بگرنەبەر، ئەوە من بە دڵنیاییەوە شیوەکەی پشتیوانان دەگرمەبەر، خوایە رەحم بکە بە پشتیوانان و منداڵانی پشتیوانان و منداڵەکانی منداڵانی پشتیوانان)، ئیتر هەموو پشتیوانان دەستیان کرد بە گریان تا ئەوەی ریشیان تەڕ بوو و دەیانوت رازین پێغەمبەری خوا(ﷺ) پشک و بەختمان بێت.[1]

١٥٠٨. سەعد و خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق

برێک گێرانەوە هاتون سەبارەت بەوەی سەعدی کوڕی عوبادە ئامادە نەبوە بەیعەت بدات بە ئەبووبەکر و هەوڵی داوە پشکی پشتیوانان سەربخات و تا دواساتی ژیانی بەیعەتی نەداوە، ئەمە لە راستیەوە دوورەو تەنها بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامیە، ئەگەرنا چ رابردووی سەعد و چ دەقە

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أبي سعيد الخدري(ﷺ)، الرقم ١١٩٠٩، حسنه شعيب الأرناؤوط.

صەحیحەکان ئەوە دەسەلمێنن مەسەلەکە وا نەبووە، بەڵام وەک سپاردەیەکی زانستی هەموو دەقەکان دەهێنین:

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد و پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە، لە دەوری سەعدی کوڕی عوبادە کۆبوونەوەو دەیانوت ئەمیرێک لە ئێمەو ئەمیرێک لە پشتیوانان، ئەوان دەیانویست بەیعەت بە سەعدی کوڕی عوبادە بدەن.[1]

سەعد لەو کاتەدا نەخۆش بوو و تایەکی زۆری هەبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو.[2]

بە پێی گێڕانەوەیەکی لاواز-ذەهەبی دەڵێت: سەنەدەکەی بەو جۆرەیە کە دەیبینیت - هاتووە کاتێک بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق، ئەبوبەکر ناردی بە شوێن سەعددا و پێی وت: وەرە بەیعەت بدە وا خەڵکەکە بەیعەتیان داوە، بەڵام سەعد وتی: بەخوا بەیعەتتان پێ نادەم تا هاودەم بەوانەی لەگەڵ منن لەگەڵتان دەجەنگم، بەشیری کوڕی سەعد لەوێ بوو وتی: ئەی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو یاخی بووە و تا نەکوژرێت بەیعەتتان پێ نادات، تا منداڵ و عەشرەتەکەشی لەگەڵی نەکوژرێن ناکوژرێت، بۆیە تا دەتوانن مەیبزوێنن، ئەو خۆی تەنهایە، ئەبووبەکریش وازی لێهێنا، دواتر کە عومەر بوو بە خەلیفە پێی گەیشت و وتی: ئێ سەعد، ئەویش وتی: ئێ عومەر، عومەر لێی پرسی بەیعەتی پێ دەدات، کەچی وتی: هاوەڵەکەت لە تۆ لامان خۆشەویستتر بوو، بەخوا حەزم بە دراوسێیەتیت نیە، عومەر وتی: هەرکەس رقی بێت لە دراوسێکەی جێی دێڵێت، ئەوەبوو سەعد چوو بۆ شام و پاش ماوەیەک لەوێ مرد.[3]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب حدثنا الحميدي ومحمد بن عبد الله، الرقم ٣٦٦٧.

[2] صحيح البخاري - كتاب الحدود وما يحذر من الحدود - باب رجم الحبلى من الزنا إذا أحصنت، الرقم ٦٨٣٠.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧٧، قال الذهبي إسنادها كما ترى.

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی دی هاتووە کە کاتێک پشتیوانان داوای خیلافەتیان کرد و ئەبووبەکر دواتر وتاری پێشکەش کرد، تیایدا وتی: ئەی سەعد تۆ خۆت لای پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبوویت کە فەرمووی: (قريش ولاة هذا الامر، فبر الناس تبع لبرهم وفاجرهم تبع لفاجرهم)، (قورەیشییەکان هەڵگری ئەم پرسەن، خەڵکی چاکەکاریان شوێنکەوتەی چاکەکاریانن و خراپەکاریشیان شوێنکەوتەی خراپەکاریانن)، سەعد پێی وت: راست دەکەیت، دەی ئێمە وەزیر و ئێوەش ئەمیرن.[1]

پاشان، ئەگەر سەعد ئامادە نەبووبێت بەیعەت بدات لەکاتێکدا گەورە و قسەرۆیشتووی ناو پشتیوانان بووەو هەموان رازی بون بە بڕیارەکانی، چۆن لە هەموو ماوەی خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەردا کێشە و گرفتێکی نەنایەوە، چۆن لەکاتی ئەو هەموو بارگرژیەی سەردەمی خەلیفە ئەبووبەکردا دەستی خۆی نەوەشاند و هەوڵی جوداخوازی نەدا، بۆیە ئەمانە تەنها خەونی کەسانێک بووە کە حەزیان کردووە ئاقاری رووداوی کەپری بەنی ساعیدە وای لێ بێت و دواتر ئەو خەونەیان داڕشتووەو لە سەرچاوەکاندا دایانناوەتەوە، ئەگەرنا لە روانگەی مێژووییەوە هیچ پاڵپشتیەکی واقیعی دەست ناکەوێت.

سەعد دواتر چوو لە دیمەشق نیشتەجێ بوو و دواجار لە حوران کۆچی دوایی کرد،[2] سەبارەت بە ساڵی وەفاتی دەوترێت لە ساڵی چواردەی کۆچیدا لە حوران وەفاتی کردووە، رایەکی تر دەڵێت: لە ساڵی شانزی کۆچیدا وەفاتی کردووە،[3] سەبارەت بە هۆکاری مردنەکەی گێڕانەوەیەک هاتووە گوایە جارێک بە پێوە میزی کردووەو جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووەو بەو هۆیەوە مردووە.[4]

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي بكر الصديق(ﷺ)، الرقم ١٩، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧١.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٧٧ -٢٧٨.

[4] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٥٢١٨، المستدرك على الصحيحين، الرقم ٥٠٦٤، لكن الذهبي حذفه في التلخيص لضعفه.

دووبارە ئەم گێڕانەوەش لاوازەو بە چەند دەقێکی جیاواز هاتووە، بەڵام ذەهەبی لەبەر لاوازیەکەی لە تەلخیصدا لایبردووە.

١٥٠٩. سەعدی کوڕی عوبەید(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی عوبەیدی کوڕی نوعمانی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[١] کونیەکەی ئەبووزەیدە و بە سەعدولقاری ناسراوە، یەکێکە لەو شەش کەسەی کە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) قورئانیان کۆدەکردەوە.[٢]

سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[٣]

سەعد لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەریشدا لە مزگەوتی قوبائدا بەرنوێژی دەکرد، کە لە سەردەمی عومەردا شەهید بوو، خەلیفە فەرمانی کرد بە موجەممیعی کوڕی جاریە تا ببێتە بەرنوێژی مزگەوتی قوبء.[٤]

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی عومەیر کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا والی بوو.[٥]

سەعد لە ساڵی شانزەی کۆچی لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، لەو کاتەشدا تەمەنی شەست و چوار ساڵان بوو.[٦]

سەعد رۆژێک پێش جەنگی قادسیە وتاری دەدا بۆ موسڵمانان و وتی: پشت بەخوا سبەینێ دەگەین بە دوژمن، وا هەست دەکەم شەهید دەبم،[٧]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٨.

[٢] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر سعد القاري(ﷺ)، الرقم ٥١٧٠.

[٣] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر سعد القاري(ﷺ)، الرقم ٥١٧٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٨.

[٥] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سعد - سعد بن عبيد بن النعمان الأنصاري، الرقم ٥٤٨٩.

[٦] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر سعد القاري(ﷺ)، الرقم ٥١٧٠.

[٧] سنن سعيد بن منصور، الرقم ٢٣٩٣.

ئەگەر كوژرام خوێنی جەستەم مەشۆن با بمێنێتەوەو با كفنەكەشم پێستەیەک بێت.[1]

١٥١٠. سەعدی كوڕی عوثمان(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی كوڕی عوثمانی كوڕی خەلدەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەكان لە زورقیەكان،[2] دایكی ناوی هیندی كچی عەجلانە، ژنەكەی سەعد ناوی سونبولەی كچی ماعیص بوو كە لەم ژنەی كوڕێكی هەبوو بە ناوی عوبادە، ژنێكی تری ناوی ئومموخالید بوو كە كوڕێكی لێی هەبوو بە ناوی فەروە، ژنێكی تری ناوی ئەنیسەی كچی بیشر بوو كە كوڕێكی لێی هەبوو بە ناوی عەبدولا، كوڕێكی تری هەبوو بە ناوی عەبدولا بچكۆل كە لە ئوممووەلەدێک بوو، كوڕێكی تریشی ناوی عوقبە بوو لە ئوممووەلەدێک، مەیموونەشی هەبوو كە دایكی ناوی جوندوبەی كچی مەری بوو.[3]

برایەكی هەبوو بە ناوی عوقبە كە لە سەری باوكیەوە برای بوو و هاوەڵی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو و بەشداری بەدر و ئوحود بوو.[4]

سەعد و عوقبەی برایشی پێكەوە لە بەدر و ئوحودیشدا بەشداربوون.[5]

١٥١١. سەعدی كوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی كوڕی مالیكی كوڕی ئوقەیصیری ئەزدیە، وەک وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمان بوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئاڵایەكی دایە دەست تا ببێتە ئەمیری هۆزەكەی، ئاڵاكەی رەش بوو و وێنەی مانگێكی سپی تێدا بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری كوڕی خەططابدا لە فەتحی میصردا

---

[1] سنن سعيد بن منصور، الرقم ٢٣٩٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٩.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٢.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٢.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٩٢.

بەشداری کرد و لەوێ مایەوە.[1]

١٥١٣. سەعدی کوڕی مالیک(ئەبووسەعیدی خودری)(ﭬ)

ناوی سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی کوڕی عوبەیدە، لە پشتیوانانە لە خودریەکان، یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکان کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبووسەعیدی خودریە.[2]

سەعد لە سەری دایکیەوە برایەکی هەبوو بە ناوی قەتادەی کوڕی نوعمان کە یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

ئەبووسەعید ویستی لە غەزای ئوحوددا بەشداری بکات، بەڵام لەبەر بچووکیەکەی پێغەمبەر(ﷺ) نەیهێشت تیایدا بەشداری بکات، بەڵام باوکی تیایدا بەشدار بوو و شەهید بوو.[4]

زەید دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا هەندێ کەسی بە بچووک دانا بۆ بەشداری لە جەنگەکەو هەموویانی گێڕایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە زەیدی کوڕی جاریە-واتە خۆی- و بەرائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی ئەرقەم و ئەبووسەعیدی خودری و عەبدوڵای کوڕی عومەر و جابیری کوڕی عەبدوڵا.[5]

ئەبووسەعید دەڵێت: لە غەزای ئوحوددا داوام کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) تا بەشدار بم، ئەوکات تەمەنم هێشتا سیانزە ساڵان بوو، باوکم دەستی گرتم و وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ئێسقانی گەورەیە، کەچی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بمگێڕێتەوە، ئەویش گێڕامیەوە.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٨.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٦٩.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٨.
[5] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - باب من لا يجب عليه الجهاد، الرقم ١٧٨٨٢.
[6] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﭫ) - ذكر أبي سعيد الخدري(ﭬ)، الرقم ٦٤٥٠.

ئەبووسەعید دەڵێت: جارێک نەبوونی زۆری بۆ هێنایىن و دایکم منی نارد تا بچم لای پێغەمبەر(ﷺ) داوای شتی لێ بکەم، کە گەیشتمە خزمەتی فەرمووی: (مَنِ اسْتَغْنَى أَغْنَاهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنِ اسْتَعَفَّ أَعَفَّهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنِ اسْتَكْفَى كَفَاهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَمَنْ سَأَلَ وَلَهُ قِيمَةُ أُوقِيَّةٍ فَقَدْ أَلْحَفَ)، (هەرکەس خۆی لە دەستی خەڵک بێباک بکات (چاوی لە دەستی خەڵک نەبێت) خوا دەوڵەمەندی دەکات، هەرکەس خۆی پاک راگرێت خوا پاک و دوور لە دەستی خەڵک رایدەگرێت، هەرکەس هەوڵ بدات بەوە رازی بێت کە هەیەتی، خوا بەشی پێویستی پێ دەدات، هەرکەس بەهای ئۆقیەیەکی هەبێت و داوا بکات ئەوە زۆر لەسەر داواکردن چووە)، منیش کە ئەوەم بیست وتم: خۆ وشترەکەم زۆر باشترە لە ئۆقیەیەک، بۆیە گەڕامەوەو داوای هیچم لێ نەکرد.[1]

یەکەم غەزا کە ئەبووسەعید تیایدا بەشدار بوو غەزای خەندەق بوو، ئیتر دوای ئەوە بەشداری غەزاکانی تری کرد، بە گشتی بەشداری دوانزە غەزای کرد.[2]

ئەبووسەعید لە بەیعەتی ریضواندا بەشداربوو.[3]

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ)بە سەرکردایەتی عەلقەمەی کوڕی موجەززیز سریەیەکی نارد و منیش لە سریەکەدا بووم، لە نیوەی رێدا دەستەیەک لە سوپاکە داوای مۆڵەتیان لە عەلقەمە کرد و ئەویش مۆڵەتی دا پێیان و عەبدولای کوڕی حوذافەی کرد بە ئەمیریان، لە نیوەی رێدا بوون کە ئاگرێکیان کردەوە تا خۆیان گەرم بکەنەوە یان خواردنێک ئامادەبکەن، عەبدولا جۆرێ گاڵتەو سوعبەتی هەبوو، وتی: مەگەر گوێڕایەڵی من لەسەرتان واجب نیە؟ وتیان: با، وتی: دەی فەرمانێکتان پێ

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أبي سعيد الخدري(ﷺ)، الرقم ١١٢١٧؛ سنن النسائي - كتاب الزكاة - باب من الملحف، الرقم ٢٥٩٤، قال شعيب الارناؤوط إسناده قوي، قال الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي: حسن صحيح.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٢.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٦٩.

بکەم چی دەڵێن؟ وتیان: چی بڵێیت دەیکەین، وتی دەمەوێت خۆتان تل دەنە ناو ئەو ئاگرەوە، دەستەیەک هەستان ئەوە بکەن، خێرا عەبدوڵا وتی: دەست راگرن، من گاڵتەم لەگەڵ کردن، دواتر کە چووینەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، فەرمووی: (من أمركم منهم بمعصية الله، فلا تطيعوه)،[1] (هەرکەس فەرمانی پێکردن بە سەرکەشی لە خوا ئەوە گوێڕایەڵی مەکەن).

یەکێک لە نموونەی گەورەیی و سەروەریەکانی ناو مێژووی ئیسلامی، ئەو گوێڕایەڵیە ناوازەیە بووە کە سەربازانی موسڵمان هەیانبووە بۆ سەرکردەکانیان، هاوەڵان بەم رۆحیەتەوە چوون بۆ بەرنگاربوونەوەی دوژمن، بۆیە هەر ئەو گوێڕایەڵیەیە رێگرە لەبەردەم دووبەرەکی و پەرتبووندا، هەر ئەم گوێڕایەڵیەشە فرە کوێخایی و فرە سەرکردەیی ناهێڵێت و هەموان لەسەر بڕیارێک کۆدەکاتەوە، هاوکات ئیسلام وێنەی هەموو جوانیەکانی تری، رێی نەداوە ئەم هونەرە ناوازەیە لە سنووری خۆی دەربچێت، بۆیە سنووری ئەو گوێڕایەڵیەی بەستووەتەوە بە سنووری رەزامەندی خواوە، لە کوێدا سەرکردە لە سنووری خوا دەرچوو، ئیتر بەجێگەیاندنی ئەو لادانەی قەدەغە کردووە.

هەروەها ئەبووسەعید لە حەجیماڵئاواییدا بەشدار بوو، ئەوەتا بەسەرهاتێکی ئەو حەجە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دا و فەرمووی: (اللهَ خَيَّرَ عَبْدًا بَيْنَ الدُّنيا وَبَيْنَ مَا عِنْدَهُ، فَاخْتَارَ مَا عِنْدَ اللهِ) (خوای گەورە بەندەیەکی سەرپشک کرد لەنێوان دنیا و ئەوەی لای خوایە، ئەویش ئەوەی لای خوای هەڵبژارد)، ئەبووبەکر کە ئەوەی بیست دەستی کرد بە گریان، منیش وتم: ئەم پیاوە بە تەمەنە بۆچی دەگری؟ دواتر تێگەیشتم ئەبووبەکر لە هەمووومان شارەزاتر بوو، ئەو بەندەیە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو.[2]

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الجهاد - باب لا طاعة في معصية الله، الرقم ٢٨٦٣، حسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني.

[2] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب الخوخة والممر في المسجد، الرقم ٤٦٦.

ئەبووسەعید دەڵێت: جارێک هەورێک هات و باران باری تا ئەوەی لە سەقفەکەوە ئاو دەچۆڕا، نوێژ دابەسرا، دەمبینی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناو قوڕاوەکەدا سوجدەی دەبرد، دواتر شوێنەواری قوڕم بە تەوێڵیەوە دەبینی.[1]

ئەبووسەعید دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووین فەرمووی: (لتتبعن سنن من كان قبلكم، شبرا شبرا وذراعا بذراع، حتى لو دخلوا جحر ضب تبعتموهم)، (بە دڵنیاییەوە دەکەونە شوێن باوی ئەوانەی پێش خۆتان، بست بە بست و باڵ بە باڵ، تا ئەوەی ئەگەر بچن بە کونی بزنەمژەدا ئێوەش شوێنیان دەکەون)، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەبەستت جوولەکەو گاورە؟ فەرمووی: (ئەی کێ؟).[2]

ئەبووسەعید باسی نەخۆشی سەرەمەرگی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات و دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە زۆر نەخۆش بوو، تایەکی زۆری هەبوو، بەسەر لێفەکەوە دەستم خستە سەری کەچی هەستم بە گەرمایەک کرد، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) حاڵت زۆر سەختە؟ فەرموی (ئێمە ئاوا نارەحەتیمان بۆ چەند بەرامبەر دەکرێت و پاداشتیشمان بۆ چەند بەرامبەر دەکرێت)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ خەڵکێ زۆرترین نارەحەتی دەچەژن؟ فەرمووی: پێغەمبەران، وتم: ئەی دواتر؟ فەرمووی: (ثم الصالحون، إن كان أحدهم ليبتلى بالفقر، حتى ما يجد أحدهم إلا العباءة يحوبها، وإن كان أحدهم ليفرح بالبلاء، كما يفرح أحدكم بالرخاء)،[3] (پاشان پیاوچاکان، تا ئەوەی کەسی وایان هەیە تووشی هەژاریەکی وا دەبێت تەنها عەبایەک شک دەبات بۆ خۆداپۆشینی، ئەگەرچی هەرکامیان بە نارەحەتی دڵخۆش دەبێت وەک چۆن یەکێک لە ئێوە بە خۆشگوزەرانی دڵخۆش دەبێت).

رایەک دەڵێت: ئەبووسەعید لە ساڵی شەست و سێی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا بووە،[4] رایەکیش

[1] صحيح البخاري - كتاب الأذان - باب هل يصلي الإمام بمن حضر وهل يخطب يوم الجمعة في المطر، الرقم ٦٦٩.
[2] صحيح البخاري - كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة - باب قول النبي لتتبعن سنن من كان قبلكم، الرقم ٧٣٢٠.
[3] سنن ابن ماجة، الرقم ٤٠٢٤، صححه الألباني.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٧١.

دەڵێت: لە ساڵی شەست و چواری کۆچی بووە، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی شەست و پێنجی کۆچیدا بووە.[1]

١٥١٣. سەعدی کوڕی مالیکی ساعیدی(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی خالیدەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی ساعیدە، باوکی سەهلی کوڕی سەعدە.[2]

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی ثەعلەبە کە دوای باوکیشی ژیاو لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، کوڕێکی تری ناوی عەمر بوو، کچێکیشی هەبوو بە ناوی عومرە، دایکی ئەم منداڵانەی ناوی هیندی کچی عەمر بوو.[3]

سەعد ویستی بەشداری غەزای بەدر بکات، بۆیە خۆی بۆ ئامادە کرد، کەچی نەخۆش کەوت و بەو هۆیەوە مرد، پێغەمبەر(ﷺ) وەک بەشداربوویەکی بەدر حسابی بۆ کرد چ لە دەستکەوتەکانی بەدر و چ لە پاداشتی بەشداربوونی بەدردا.[4]

١٥١٤. سەعدی کوڕی مالیکی عوذری(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی مالیکی عوذریە، وەک ئەندامێکی وەفدی هۆزەکەی چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەمەش لە ساڵی نۆیەمی کۆچی و لە مانگی صەفەردا بوو، هاودەم بەخۆیشی سەلیمی برای بەشداری ئەو وەفدە بوو.[5]

---

[1] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٧٩.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٢.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٦٢٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٧.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٢.

١٥١٥. سەعدی کوڕی موحەممەد(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە.

١٥١٦. سەعدی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه)

ناوی سەعدی کوڕی موعاذی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان و گەورەی ئەوسیەکانە، کونیەکەی ئەبووعەمرە.[١]

دایکی ناوی کەبشەی کچی رافیعەو هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و بەیعەتی داوە بە پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

سەعد ژنێکی هەبوو بە ناوی هیندی کچی سەمماک، ئەم ژنەشی هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، لەم ژنەی دوو کوڕی هەبوو بە ناوەکانی عەمر و عەبدوڵا، ئم ژنەی سەرەتا ژنی ئەوسی برای بوو، واتە براژنی بوو، کە ئەوسی برای مرد سەعد بەهاوسەری گرتەوە.[٣]

موسڵمانبوونی سەعد

جارێک ئەسعەد موصعەبی برد بۆ لای بەنی عەبدولئەشهەل تا لەسەر ئیسلام قسەیان بۆ بکات، گەیشتنە ناو باخێکی بنی ظفر و لای بیری دانیشتن، بڕێ لە خەڵکی هۆزی ئەسلەم لە دەوریان کۆبوونەوە، هێشتا سەعدی کوڕی موعاذ و ئوسەیدی کوڕی حوضەیر کە گەورەی هۆزەکانیان بوون موسڵمان نەبووبوون، کاتێ قسەکانی ئەسعەدو موصعەبیان بیست سەعد بە ئوسەیدی وت: هەی بێباوک بڕۆ بۆیان، سەیرکە چۆن هاتوونەتە خاکمان تا هەرزەکارەکانمان لەخشتەبەرن، بڕۆ بەریان پێ بگرە و مەهێڵە بێنە ناوچەی ئێمە، ئوسەیدیش بە خەنجەرێکەوە هات، ئەسعەد بە موصعەبی

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٨٤.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢٠.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢٠.

وت: ئەمە گەورەی هۆزەکەیەتی، دێت بۆ لات، راست پەیامی خوای پێ بڵێ، موصعەب وتی: ئەگەر دابنیشێ قسەی لەگەڵ ئەکەم، ئوسەید بە قسەوتنەوە هاتەبەردەمیان، وتی: بۆچی هاتون بۆ لامان تا هەرزەکارەکانمان لەخشتەبەرن، ئەگەر گیانی خۆتانتان لا خۆشەویستە دووربگرن لێمان، موصعەب پێی وت: بۆچی دانانیشیت تا گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت نەبوو وازدێنین، ئەویش وتی: قسەکەت جوانە، خەنجەرەکەی دەستی داچەقاند بەناو زەویدا و لەبەردەمیاندا دانیشت، موصعەب باسی ئیسلامی بۆ کرد و قورئانی بۆ خوێندەوە، خێرا ئومێدی موسڵمانبوونیان لە روخساریدا بەدیکرد، ئوسەید وتی: چەند جوان و چاک ئەڵێن، باشە ئەگەر بتانەوێ بچنە ناوئەم ئاینە چی دەکەن؟ ئەوانیش پێیان وت: خۆت بشۆ و جلەکانت بشۆ و دواتر شایەتومانی حەق بهێنە و دواتر نوێژ بکە، ئەویش وایکرد، دواتر ئوسەید وتی: من کەسێکم لەدوای خۆم جێهێشتووە ئەگەر ئەویش شوێنتان بکەوێ چی کەسی ناو هۆزەکەی هەیە شوێنتان ئەکەون، ئێستا ئەینێرم بۆ لاتان، ئەویش سەعدی کوڕی موعاذە، ئینجا ئوسەید خەنجەرەکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای سەعد و هۆزەکەشی چاوەڕوان بوون، سەعد پێی وت: چیت کرد؟ ئوسەید وتی: من قسەم لەگەڵ کردن بەخوا وای نابینم خراپ بن، رێم لێگرتن، ئەوانیش وتیان: چیت پێ خۆشە وادەکەین، بەنی حارثە ویستیان بچن ئەسعەدی کوڕی زورارە بکوژن، ئەشزانن پوورزای تۆیە، وادەکەن وەک سووکایەتی بە تۆ، سەعد بە توورەیی و خێرایی هەستا و چوو بۆ لایان، کە چوو بینی هەردووکیان بێخەم دانیشتون زانی ئوسەید ویستوویەتی گوێیان لێ بگرێ، بە قسەوتنەوە (جنێودانەوە) لەبەردەمیاندا راوەستا، بە ئەسعەدی کوڕی زرارەی وت: بەخوا لەبەر خزمایەتی نێوانمان نەبوایە ئەمەت بەسەردا تێنەئەپەڕی، موصعەب پێی وت: بۆچی دانانیشیت گوێمان لێ بگریت، ئەگەر بەدڵت بوو باشە، ئەگەر بەدڵت نەبوو لێت

دووردەکەوینەوە، سەعد وتی: قسەکەت جوانە، دانیشت و خەنجەرەکەی داچەقاند بە زەویداو گوێی لێگرتن، هەمان شتیش بۆ ئەم روویدا، کە سەعد گەڕایەوە، هۆزەکەی وتیان: بەوخوایە سەعد بەدەموچاوێکی ترەوە هاتوەتەوە، کاتێ سەعد گەیشتە لایان وتی: ئەی بەنی عەبدولئەشهەل منتان لا چۆنە؟ وتیان: گەورەو شارەاز و بەڕێزترینی ئێمەیت، ئەویش وتی: دەی دەنگم لە ژن و پیاوتان هەڵدەگرم تا کاتێ باوەر دێنن بە خوا و پێغەمبەرەکەی، بەوە هەرهەموو بەنی عەبدولئەشهەل موسڵمان بوون جگە لە چەند کەسێ، پاشان ئەسعەد موصعەبی بردەوە بۆماڵی خۆیان.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و سەعدی کوڕی موعاذەوە.[2]

سەعد لەگەڵ ئومەییەی کوڕی خەلەف پەیوەندی و دۆستایەتی هەبوو، کاتێک ئومەییە دەچوو بۆ شام، لە مەدینەوە دەچوو و لەوێ لای سەعد لایدەدا، سەعدیش جار جار کە دەچوو بۆ مەککە لای ئومەییە لایدەدا، جارێک سەعد چوو بۆ مەککە بۆ عومرەکردن، چوو بۆ لای ئومەییەی کوڕی خەلەف، ئومەییە پێی وت: چاوەڕێ کە تا نیوەڕۆ دادێت و خەڵکی دەچنەوە ماڵ و چۆڵ دەبێت ئینجا بڕۆ تەوافەکەت بکە، سەعدیش وایکرد، کاتێک لە تەوافدا بوو ئەبووجەهە هات و وتی: ئەوە کێیە وا سەلامەت تەواف دەکات؟ سەعد وتی: منم سەعد، ئەویش وتی: وا سەلامەت تەواف دەکەیت لەکاتێکدا پەنای موحەممەد و هاوەڵانیتان داوە؟ وتی: بەڵێ، ئیتر کەوتنە دەمەقاڵێ، ئومەییە بە سەعدی وت: دەنگت بەرز مەکەرەوە بەسەر ئەبولحەکەمدا چونکە ئەو گەورەی ناوچەکەیە، سەعد وتی: بەخوا ئەگەر رێم لێ بگریت رێی کاروانی بازرگانیت بەرەو شام دەبڕم، ئومەییە هەر

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص١٥٢-١٥٣.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٣٩.

دەیوت دەنگت بەرزمەکەرەوە، سەعد توورە بوو و پێی وت: بیستوومە لە موحەممەد کە دەیوت تۆ دەکوژێت، ئومەییە وتی: من؟ وتی: بەڵێ، ئومەییە وتی: موحەممەد ئەهلی درۆ نیە، ئیتر گەڕایەوە بۆ ماڵەوەو بە ژنەکەی وت: دەزانیت برا یەسریبیەکەم پێی وتم: بیستوویەتی لە موحەممەد وتوویەتی من دەکوژێت؟! ژنەکەشی وتی: بەخوا موحەممەد درۆ ناکات، ئەوەبوو کە دواتر ئومەییە چوو بۆ جەنگی بەدر، ژنەکەی پێی وت: بیرت نایەت کابرای یەسریبی چی پێ وتیت؟ ئومەییە کە بیری کەوتەوە ویستی نەچێت بۆ جەنگەکە، ئەبووجەهل پێی وت: تۆ سەرگەورەی خەڵکەکەیت، ڕۆژێ دووان وەرە لەگەڵمان، ئومەییەش چوو و لە بەدر کوژرا.[1]

سەعد لە غەزای بەدردا

سەعدی کوڕی موعاذ یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لەو غەزایەدا ئاڵای ئەوسیەکان بەدەست ئەوەوە بوو.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو بۆ بەدر، پێش غەزاکە رای خەڵکی وەرگرت و فەرمووی: راتان چیە؟ ئەبووبەکری صدیق وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیستوومانە ئەوان-قورەیش- لە فلانە شوێنن، هەمدی پێغەمبەر(ﷺ) بە خەڵکەکەی فەرموو راتان چیە؟ ئەمجار عومەری کوڕی خەططاب هەمان قسەی ئەبووبەکری کرد، هەمدی پێغەمبەر(ﷺ) رای هاوەڵانی وەردەگرت و فەرمووی: راتان چیە؟ ئینجا سەعدی کوڕی موعاذ قسەی کرد و وتی: (مەبەستت ئێمەیە، سوێند بەوەی رێزداری کردویت و قورئانی بۆ دابەزاندویت، من رێی وام هەرگیز نەگرتوەتەبەر و شارەزاییم لێی نیە، بەڵام ئەگەر برۆی تا بیرکولغیماد لە یەمەن هاودەم بە تۆ دێین، ئێمە وەک ئەو بەنوئیسرائیلیانە نین کە بە مووسایان وت: (اذهب أنت وربک فقاتلا إنا هاهنا

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن مسعود(ﷺ)، الرقم ٣٨٧٠؛ صحیح البخاري - کتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦٣٢.

[2] الطبقات الکبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢١.

قاعدون) (خۆت و خواکەت بڕۆن بجەنگن، ئێمە لێرە دانیشتوین)، بەڵکو دەڵێین بڕۆ خۆت و پەروەردگارت بجەنگن و ئێمەش لەگەڵتاندا شوێنت دەکەوین، لەوانەیە تۆ بۆ شتێک دەرچوو بیت و خواش شتێکی تری هێنابێتە ڕێت، بزانە ئەوەی خوا بۆی داناویت کامەیە ئەوە بگرەبەر، چ پەتێکت دەوێت بیگەیەنەو چ پەتێکت دەوێت بیپچڕێنە، لەگەڵ کێ دەتەوێت ئاشتی بکەو دژایەتی کێت دەوێت بیکە، چەندەت دەوێت لە سامانمان ببە)، ئەوەبوو خوای گەورە سەبارەت بەو هەڵوێستەی سەعد ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِنْ بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقًا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ (٥) يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنْظُرُونَ (٦) وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ وَيُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَيَقْطَعَ دَابِرَ الْكَافِرِينَ)[١]

(هەرچۆنێک کە پەروەردگارت لە ماڵەکەت دەرهێنایت بەهەق و ڕاستی لە کاتێکدا بێگومان دەستەیەک لە بڕواداران بێزار بوون و پێ یان ناخۆش بوو، دەمەقاڵێت لەگەڵ دا دەکەن لە (شتی) هەق و ڕاست دا دوای ئەوەش کە بۆیان ڕوون بۆتەوە (کە ڕاستە هێشتا جەنگیان لا گرانە) وەک ئەوەی بە توندی بەرەو مردن ببرێن و بەچاوی خۆیان (مردن) ببینن، بیری ئەو کاتە بکەنەوە کە خوا بەڵێنی بە ئێوەدا دەست کەوتی یەکێک لەو دوو کۆمەڵە(کاروانە بازرگانی یەکە یان سەرکەوتن بە سەریاندا) بەڕاستی دەبێتە هی ئێوە وە ئێوە پێتان خۆشە کە ئەو دەستکەوتە بێ چەکە، (کاروانە بازرگانی یە) بۆ ئێوە بێت بەڵام خوا دەیەوێت وتەکانی خۆی بەڕاست دەرچی (حەق سەرکەوێ) و ڕەگ و ڕیشەی بێ باوەڕان لە بن بێنێ).

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوێند بەخوا ئەگەر فەرمان بکەیت تاو بدەینە ناو ئەو دەریایە ئەوە لەگەڵت دێین، دەی لێنەوە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٢]

[١] مصنف ابن أبي شيبة – كتاب المغازي – غزوة بدر الكبرى وما كانت وأمرها، الرقم ٣٧٨١٥.

[٢] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٥٢.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە سەعد کە بینی پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام رای هاوەڵانی وەردەگرت، وا گومانی برد کە مەبەستی رای پشتیوانان بێت و وتی: لەوانەیە پێغەمبەر(ﷺ) مەبەستی بێت بزانێت پشتیوانان هاودەمی دەبن؟ بۆیە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەوانەیە ترست هەبێت پشتیوانان لەپشتت نەبن و ئەوە بە ئەرکی خۆیان نەزانن مەگەر دوژمن بێتەماڵی خۆیان ئینجا وەڵام بدەنەوە؟! دەی من لە بری هەموو پشتیوانان قسە دەکەم، رووەو کوێ دەتەوێت هەنگاو بنێ و پەتی کێت دەوێت بیپچڕێنەو چەندەت لە سامانمان دەوێت بیبە، ئەوەی دەیبەیت ئەوەمان پێ خۆشترە تا ئەوەی دەمێنێتەوە، سوێند بەخوا ئەگەر تا بیرەک لە غەمەد لە یەمەن بڕۆیت هاودەمت دێین.[1]

پاشان سەعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ شوێن حەوانەیەکت لە دواوە بۆ دروست نەکەین تا تیایدا بیت و ئێمەش جەنگی دوژمن بکەین؟ ئەگەر خوا سەری خستین ئەوە باشتر، ئەگەرنا تۆ بگەڕێرەوە مەدینە، چونکە خەڵکێک بۆیان نەکراوە بێن، هێندەی ئێمە تۆیان لا خۆشەویستە و بیانزانیبا جەنگ دەکەیت هەرگیز دوانەدەکەوتن و دەهاتن لەگەڵت و سەریان دەخستیت، پێغەمبەر(ﷺ) سوپاسی کرد و نزای خێری بۆ کرد، ئەوەبوو عەریشێکی بۆ دروست کرا (چادرێکی حەوانەوە).[2]

دواتریش کە غەزاکە تەواو بوو و پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە ناو چادرەکەی، سەعد هاودەم بە ژمارەیەک لە پشتیوانان لەبەردەرگای چادرەکە بە شمشێرەوە وەستا و پاسەوانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەکرد نەبادا دوژمن کتوپڕ هێرشی هەڵگەڕاوە بهێنێت.[3]

کابرایەکی شاعیر هەبوو ناوی کەعبی کوڕی ئەشرەف بوو کە هێرشی

---

[1] تأريخ الإسلام، ج٢، ص ١٠٧.
[2] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٨٠-٨١.
[3] تأريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٥٨.

زۆری دەکردە سەر پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) بە فەرمانی پەروەردگار زۆر تەحەممولی کرد، بەڵام کەعب وازی نەدەهێنا، دواجار پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە سەعدی کوڕی موعاذ دەستەیەک بنێرێت بۆ کوشتنی کەعب، سەعدیش فەرمانەکەی بەجێگەیاند.[1]

سەعد لە غەزای ئوحوددا

هەروەها سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، کاتێک خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) تەکینەوە سەعد یەکێک بوو لەوانەی لە دەوری مایەوە.[2]

ئەنەسی کوڕی نەضر کە نەیتوانی بوو لە جەنگی بەدردا بەشدار بێت، دوای جەنگی بەدر چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە یەکەم جەنگدا کە دژ بە بێباوەڕان ئەنجامت دا من ئامادە نەبووم، سوێند بەخوا ئەگەر ئەمجار خوا دەرفەتم دەدات جەنگی بێباوەڕان ببینم و بەشدار بم تیایدا خوای گەورە دەبینێت چی دەکەم، ئەوەبوو جەنگی ئوحود هات و تیایدا ئەنەسی کوڕی نەضریش بەشداری کرد، کاتێ موسڵمانان شکان و بڵاوەیان تێکەوت ئەنەس وتی: خوایە من لەبەردەمتدا پۆزش دێنمەوە لەوەی کە ئەوانە کردیان-واتە موسڵمانەکان- وە لەبەردەم تۆدا دوورەپەرێز دەبم و تەبەرا دەکەم لەوەی ئەوانە بۆی هاتون و دەیکەن-واتە بێباوەڕان-، دواتر لێنەوی، سەعدی کوڕی موعاذی بینی وتی: ئەی سەعد ئەوە بەهەشتە سوێند بەخوا بۆنی دەکەم لە خواروو ئوحودەوە، سەعد دەڵێت: ئەوەی ئەنەس کردی من نەمتوانی بیکەم، ئەوەبوو ئەنەس لەو جەنگەدا شەهید بوو.[3]

[1] سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب كيف كان إخراج اليهود من المدينة، الرقم ٣٠٠٠، صححه الألباني.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢١.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب قول الله تعالى من المؤمنين رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه، الرقم ٢٨٠٥؛ صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب ثبوت الجنة للشهيد، الرقم ١٩٠٣. الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص٦٤٢.

سەعد خوشکێکی هەبوو کە هاوسەری عەمری کوڕی ئوقەیش بوو، جا کە جەنگی ئوحود روویدا، عەمر هات و وتی: ئامۆزاکانم کوان؟ وتیان: لە ئوحودن، وتی: فلانە کەس کوا؟ وتیان: لە ئوحودە، وتی: ئەی فلانی تر؟ وتیان: لە ئوحودە، ئەویش جلە سەربازیەکانی پۆشی و سواری ئەسپەکەی بوو و چوو بەرەو ئەوێ، لەوێ دژ بە قورەیشیەکان جەنگا تا بریندار بوو، بە برینداری هێنرایەوە، ماڵەوە، سەعد چوو بۆ ماڵی خوشکەکەی و وتی: خوشکەکەم پرسیار لە مێردەکەت بکە بزانە لەبەر هەستی هۆزەکەی بوو یان بۆ بەرگری لەوان بوو یان لەبەر خوا بوو هات بۆ ئەو جەنگە؟ خوشکەکەی پرسیاری لێکرد، عەمر وتی: بەڵکو لەبەر خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بوو.[١]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە سەعد هەواڵی ثابتی کوڕی قەیسی پرسی و فەرمووی: (ئەی ئەبووعەمر حاڵی ثابت چۆنە؟ ناساغە؟)، سەعد وتی: من نەمدیوە ناساغ بێت، سەعد چوو بۆ لای،[٢] سەیری کرد ثابت بە بێتاقەتی و کزۆڵی لە ماڵەوە دانیشتووە، وتی: ئەوە چیتە بۆ وایت؟ ثابت وتی: من لە خزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دەنگم بەرز دەکردەوە بەسەر دەنگی پێغەمبەردا(ﷺ)، هەرکەسیش وابکات کارە چاکەکانی پووچەڵ دەبنەوەو شوێنی دۆزەخە،[٣] سەعد گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (بەڵکو ئەو لە دەستەی بەهەشتیەکانە).[٤] ئینجا فەرمووی(اذْهَبْ إِلَيْهِ فَقُلْ لَهُ إِنَّكَ لَسْتَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ وَلَكِنْ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ)[٥] (بڕۆ بۆ لای و پێی بڵێ: تۆ لە دارودەستەی دۆزەخ نیت، بەڵکو لە دارودەستەی بەهەشتیت).

---

[١] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١١٠٠.

[٢] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب مخافة المؤمن أن يحبط عمله، الرقم ١١٩.

[٣] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة الحجرات - باب : لا ترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي الآية تشعرون تعلمون ومنه الشاعر، الرقم ٤٨٤٦.

[٤] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب مخافة المؤمن أن يحبط عمله، الرقم ١١٩.

[٥] صحيح البخاري - كتاب المناقب - باب علامات النبوة في الإسلام، الرقم ٣٦١٣.

سەعد لە غەزای خەندەقدا

هەروەها سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق،[1] کاتێک حاڵی موسڵمانان سەخت بوو و هەندێ ویستیان ناپاکی بنوێنن، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی نارد تا سێ یەکی بەرهەمی مەدینە بدات بە غەطەفانیەکان بەرامبەر بەوەی ناپاکی نەنوێنن و نەچنە پاڵ قورەیش، پێش ئەوەی ڕێککەوتنەکە تەواو بێت، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێن سەعدی کوڕی عوبادەو سەعدی کوڕی موعاذدا تا رایان وەربگرێت، مەسەلەکەی باسکرد بۆیان و رای ئەوانی داواکرد، ئەوانیش وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا ئەوە فەرمانێکە خۆت داتناوە تا ئێمەش بەجێی بگەیەنین یان شتێکە خوا فەرمانی پێکردویت و هەر دەبێت ئەوە بێت؟ یان لەبەر ئێمە دەیکەیت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کە پلانی خۆیەتی نەک فەرمانی خوا و کە بینویەتی هەموو عەرەب لە دژیان یەکیان گرتووە، ئەمەی کردووە تا شکۆی دوژمن بشکێنێت، سەعدی کوڕی موعاذ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە پێشتر لەگەڵ ئەوانەدا پەیوەندیمان هەبوو، ئێمە بتپەرست بووین و خوامان نەدەناسی و نەدەپەرست، لە بەرهەمی ئێمەیان نەدەخوارد مەگەر بە میوانی بهاتنایەو لێیان بخواردایە یان بە کڕین بیانکڕیبا، جا ئێستا کە خوا بە ئیسلام ڕێزداری کردوین و ڕێنوێنی کردوین بۆ ئیسلام و بە تۆ عیززەتمەندی کردوین، هیچ پێویستمان بەوە نیە، بەخوا تەنها شمشێریان پێدەدەین تا خوا حوکمی نێوان ئێمەو ئەوان دەکات، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: دەی ئەوە تۆ و ئەوە، سەعدی کوڕی موعاذ لاپەڕە نووسراوەکەی گرتە دەست و سڕیەوە.[2]

دوای غەزاکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوی هاودەم بە سەعدی کوڕی عوبادە نارد تا هەواڵی جوولەکەکانی بەنی قورەیظەی بۆ وەربگرن، ئەوانیش

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢١.

[2] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٣١٢.

هەواڵیان هێنایەوە کە ناپاکییان نواندووە.[1]

لەو غەزایەدا لەکاتی هێرش بۆ سەر جوولەکەکان تیرێکی بەرکەوت و پاش ماوەیەک بەو هۆیەوە مرد.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران لەگەڵ دایکی سەعددا پێکەوە بوون، سەعد درعێکی پۆشیبوو کە هەموو باڵی دەرکەوتبوو، دەچوو بەرەو جەنگەکە، دایکیشی دەیوت رۆڵە گیان خێرا کە دوا کەوتیت، ئەوەبوو کابرایەک بە ناوی ئیبنولعرقە تیرێکی بۆ هاویشت و وتی: بیگرە من ئیبنولعرقەم، سەعد وتی: خوا لە دۆزەخدا عارەقەی نێو چاوانت بێنێ ئەگەر من لەم جەنگەی قورەیش رزگارم بێت دەبێت بنەومە ئێوە، خوایە ئاواتمە دژ بە دەستەیەک بجەنگم کە ئازاری پێغەمبەرەکەی تۆیان داوەو بە درۆیان خستووەتەوە، خوایە ئەگەر جەنگ کەوتە نێوانمانەوە شەهیدیم پێ ببەخشەو مەشممرێنە تا تاسەم بۆ بەنی قورەیضەش دەشکێت.[3]

ئەو تیرەی بەر سەعد کەوت بەر دەمارێکی باڵی کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی بە سەرەتیرێک دەمارەکەی بۆ داخکرد، بەڵام هەمدی خوێنی لێ چوو، پێغەمبەر(ﷺ) جارێکی تر داخکردنی دەماری بۆ بەکارهێنا،[4] سەعد وتی: خوایە گیانم دەرمەکە تا دەروونم بە بەنو قورەیضەش ئارام دەگرێت، ئەوەبوو خوێنەکەی وەستا تا ئەوەی جوولەکەکان رازی بوون بە بڕیاری سەعد و ئەویش بڕیاری خۆی دا لەسەریان، دوای ئەوە جارێکی دی دەماری خوێنی تووشی خوێن بەربوون بوو تا بەو هۆیەوە مرد.[5]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٠٣-١٠٤.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٨١.

[3] تأريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٢٩٢.

[4] صحيح مسلم - كتاب السلام - باب لكل داء دواء واستحباب التداوي، الرقم ٢٢٠٨.

[5] جامع الترمذي - أبواب السير عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في النزول على الحكم، الرقم ١٥٨٢ وقال حديث حسن صحيح؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب السير - إذا نزلوا على حكم رجل، الرقم ٨٦٢٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الخروج وكيفية الجهاد - ذكر عدد القوم الذين قتلوا يوم قريظة، الرقم ٤٧٨٤؛ صححه الذهبي في تاريخ الإسلام ج٢، ص ٣١٩، صححه شعيب الارناؤوط، صححه الالباني.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای سەعد، باوەشی پێدا کرد و خوێن بەسەر پێغەمبەردا(ﷺ) دەچۆڕا، کە ئەبووبەکر هات و ئەوەی بینی وتی: وەی پشتی شکاوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وس ئەی ئەبووبەکر، ئینجا عومەر هات کە ئەو حاڵەی بینی وتی: إنا لله و إنا إليه راجعون.[1]

کە جەنگەکە تەواو بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە موسڵمانانی ڕاگەیاند خوا فەمانی کردووە هێرش بکەنە سەر بەنی قورەیضە، گەمارۆی دان، ماوەیەکی زۆر مانەوە تا دواجار ڕازی بوون سەعدی کوڕی موعاذ حوکمیان لەسەر بدات، چونکە ئەوان پێشتر لەگەڵ سەعد و ئەوسیەکاندا هاوپەیمانییان هەبوو.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێن سەعددا، سواری گوێدرێژێک کرا و هات، کاتێک لە مزگەوت نزیک بوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) بە پشتیوانانی فەرموو (لەبەر گەورەکەتان-یان لەبەر چاکترینتان- هەستن)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوانە-جوولەکەکان- ڕازی بون بە حوکمی تۆ)، ئەویش وتی: بڕیارو حوکمی من ئەوەیە جەنگاوەرەکانیان بکوژرێن و ژن و منداڵیشیان بە سەبی بگیرێن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بە حوکمی خوا حوکمت دا).[3]

کاتێک سەعد دەهات بەرەو لای پێغەمبەر(ﷺ) کابرایەک لەگەڵی بوو باسی فەزڵ و چاکەی بەنی قورەیضەی بۆ دەکرد، دەیوت ئەوان تەنها تۆیان هەڵبژاردووە بەو هیوای ڕەحمێکت هەبێت بەرامبەریان، بەردەوام ئەو قسانەی بۆ دەکرد، سەعدیش هیچ قسەی لەگەڵ نەدەکرد و وەڵامی نەدەدایەوە تا نزیک بوونەوە، کابرا وتی: ئەرێ وەڵامم نادەیتەوە؟ سەعد وتی: ئێستا کاتی ئەوەیە لەبەر خوا گوێ بە سەرکۆنەی سەرکۆنەکاران نەدەم، کابرا بێهیوا بوو و جێیهێشت.[4]

---

[1] فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم ١٤٤٩.

[2] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٣٠٩.

[3] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب مناقب سعد بن معاذ(ﷺ)، الرقم ٣٨٠٤؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب جواز قتال من نقض العهد وجواز إنزال أهل الحصن على حكم حاكم عدل أهل للحكم، الرقم ١٧٦٨.

[4] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٣١٥.

پێش ئەوەی سەعد حوکم بدات پێیان وت: ئەی ئەبووعەمر پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ راسپاردووە تا حوکم بدەیت لەسەریان، ئەویش وتی: بەڵێنی خوا دەدەن کە بە حوکمەکەم رازی بن؟ وتیان: بەڵێ، ئینجا وتی: ئەمانەی ئەم لاش (ئەو لایەی کە پێغەمبەری خوای(ﷺ) تێدا بوو) بەڵام لە شەرمی پێغەمبەر(ﷺ) رووی نەکردە لاکەی پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ،[1] سەعد وتی: حوکمی من ئەوەیە جەنگاوەرەکانیان بکوژرێن و ژن و منداڵیان بە سەبی بگیرێن.[2]

مەسەلەی رووداوی بەنوقورەیضە مشتومڕێکی زۆری لەسەرەو هەندێ بە ئەفسانەی دەزانن و هەندێکیش زێدەڕۆیی دەکەن لە وردەکاریەکانیدا، ئەو رووداوە حەقیقەتێکی مێژوویی هەیە، بەڵام نەک بەو جۆرەی لە سەرچاوەکانی مێژوودا باس کراوە، چونکە هەم لە کوشتاری کەسەکان و ژمارەی کوژراوەکانیشدا زێدەڕۆیی هەیە، ئەوەی دەقی صەحیحەو لە بوخاری و موسلیمدا هاتووە –وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا- بڕیار دراوە تەنها جەنگاوەرەکانیان بکوژرێن، ئەمەش نابێت بە چاوی جموجوولێکی رۆژانە تەماشا بکرێت، بەڵکو باسوخواسەکە تایبەتە بە مەیدانی جەنگ و ئاسایشی نیشتیمانیەوە.

لە رووداوی ئیفکدا کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) وردەکاری تەواوی کرد بۆ ئەو رووداوە، دواتر لەناو هاوەڵە پشتیوانەکانیدا بوو ویستی پۆزشی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول وەربگرێ، بە هاوەڵانی فەرموو (من يعذرني من رجل بلغني أذاه في أهلي، فوالله ما علمت على أهلي إلا خيرا، وقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا، وما كان يدخل على أهلي إلا معي)، (کێ پۆزشم بۆ وەردەگرێ لە کەسێ کە بیستوومەتەوە بە خراپە باسی خێزانەکەمی کردووە، دەی سوێند بەخوا من هەر چاکەی

[1] تاريخ الإسلام، ج٢، ص ٣١٤.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب إذا نزل العدو على حكم رجل، الرقم ٣٠٤٣؛ صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب جواز قتال من نقض العهد وجواز إنزال أهل الحصن على حكم حاكم عدل أهل للحكم، الرقم ١٧٦٩.

خێزانەکەم دەزانم-واتە چاکەم لێ دیوە- ئەوانە باسی پیاوێکیان کردووە کە بەس خێرو چاکەی لەبارەوە دەزانم، بەتەنها لەگەڵ خۆیشمدا هاتووە بۆ لای خێزانەکانم) سەعدی کوڕی موعاذ هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا من ئەوەت بۆ دەکەم، ئەگەر لە ئەوسیەکان بێت ئێمە دەدەین لە ملی، ئەگەریش لەناو برا خەزرەجیەکانماندا بێت فەرمانمان پێبکەیت فەرمانت بەجێدەگەیەنین، سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورەی خەزرەجیەکان بوو و پیاوێکی چاک بوو دەمارگیری گرتی، هەستاو وتی: سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژیت و ئەوەشت پێ ناکرێت، ئوسەیدی کوڕی حوضەیریش هەستا و وتی: بەخوا تۆ درۆ دەکەیت، ئێمە دەیکوژین، تۆ دووڕوویت و سەبارەت بە دووڕوان مشتومڕ دەکەیت، هەردوو دەستەی ئەوس و خەزرەج هەستان و خەریک بوو بکەونە وێزەی یەک، پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر دابەزی و هێوری کردنەوە..).[1]

وەک لە سەرچاوەکاندا هاتووە ڕووداوی ئیفک لە غەزای مورەیسیعد ڕوویداوە[2] کە لە مانگی شەعبانی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا بووە،[3] هەمان ئەو غەزایەی کە تیایدا سەعد بریندار بوو، واتە دەبێت ئەم ڕووداوە لە کاتی برینداری سەعددا بووبێت و سەعد دوای ئەوە زۆر نەماوەتەوەو گیانی سپاردووە.

کاتێک سەعد وەفاتی کرد، دایکی دەستی کرد بە گریان و قیژە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: (أَلَا يَرْقَأُ دَمْعُكِ وَيَذْهَبُ حُزْنُكِ ؛ فَإِنَّ ابنَكِ أَوَّلُ مَنْ ضَحِكَ اللهُ إِلَيْهِ وَاهْتَزَّ لَهُ الْعَرْشُ) (ئەرێ ئیتر بۆچی فرمێسکت ناوەستێنیت و خەفەتت لانابەیت، خۆ کوڕەکەت یەکەم کەسە خوا بۆی پێکەنی و عەرشی خوا بۆی لەریەوە).[4]

---

[1] صحيح البخاري – كتاب الشهادات – باب تعديل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١.

[2] الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٢٦٩.

[3] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٢٥٨.

[4] المستدرک على الصحيحين – كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) – ذكر مناقب سعد بن معاذ بن النعمان النعمان

پێغەمبەر(ﷺ) چوویە ناو گۆڕەکەی سەعد و ماوەیەک مایەوەو دواتر هاتە دەرەوە، وتیان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆچی وا مایتەوە تیایدا؟ فەرمووی: (سەعد لە گۆڕدا گوشرا گوشرانێک گوشرا، منیش داوام لە خوا کرد ئەوەی لەسەر لابرد- یان لا ببات).[1]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) پاش مەرگی سەعدی کوڕی موعاذ فەرمووی: (اهتز عرش الرحمان لموت سعد بن معاذ)،[2] (عەرشی پەروەردگار بۆ مەرگی سەعدی کوڕی موعاذ لەرزی).

سەعد داوای کردبوو لە خوای گەورە تای لەگەڵ بێت بۆ ئەوەی پاداشتی بۆ بنووسرێت، ئەوەبوو تا مرد تای لەگەڵ بوو.[3]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: جارێک جبەیەکی چاک و ناوازە بە دیاری هێنرا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، خەڵکی زۆر پێی سەرسام بوون، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (والذي نفس محمد بيده، لمناديل سعد بن معاذ في الجنة أحسن من هذا)،[4] (سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە دەستەسڕەکەی سەعدی کوڕی موعاذ لە بەهەشتدا زۆ لەوە باشترە).

بن امرئ القيس بن زيد بن عبد الأشهل - أول من ضحك الله إليه سعد بن معاذ، الرقم ٤٩٥٤، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر البيان بأن سعد بن معاذ فرج الله عنه عما شدد عليه من عذاب القبر بدعاء المصطفى(ﷺ)، الرقم ٧٠٣٤؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب سعد بن معاذ بن النعمان النعمان بن امرئ القيس بن زيد بن عبد الأشهل - تحرك العرش لسعد وفتحت أبواب السماء، الرقم ٤٩٥٣، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب مناقب سعد بن معاذ(رضي الله عنه)، الرقم ٣٨٠٣، صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل سعد بن معاذ(رضي الله عنه)، الرقم ٢٤٦٦.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٢١.

[4] صحيح البخاري - كتاب الهبة وفضلها - باب قبول الهدية من المشركين، الرقم ٢٦١٥؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل سعد بن معاذ(رضي الله عنه)، الرقم ٢٤٦٩.

١٥١٧. سەعدی کوڕی مونذیر(﵁)

ناوی سەعدی کوڕی مونذیرە، لە پشتیوانانە، سەعد دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا لە ماوەی سێ ڕۆژدا هەموو قورئان بخوێنم؟ فەرمووی: بەڵێ، ئیتر سەعد تا کاتی مردنی لەو کارەی بەردەوام بوو.[١]

١٥١٨. سەعدی کوڕی میدحاس(﵁)

ناوی سەعدی کوڕی میدحاسە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، سەعد دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (من علم شيئا فلا يكتمه ومن دمعت عيناه من خشية الله لم يحل له أن يلج النار أبدا إلا تحلة الرحمن ومن كذب علي فليتبوأ بيتا في جهنم)،[٢] (هەرکەسێک شتێک دەزانێت با نەیشارێتەوە، هەرکەسێکیش لە ترسی خوا چاوانی فرمێسک بڕژن بۆی ەوا نیە بچێتە دۆزەخەوە مەگەر تەنها ئەو بینینەی کە خوا بەڵێنی دوە هەموان ببینن، هەرکەسیش درۆ بە دەم منەوە بکات، با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دەستنیشان بکات).

١٥١٩. سەعدی کوڕی وائیل(﵁)

ناوی سەعدی کوڕی وائیلە، سەعد دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (هەرکەس شایەتی بدات هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و موحەممەد نێردراوی خوایە، ئەوە بەهەشتی بۆ هەیە).[٣]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(ﷺ) - سعد بن المنذر الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٢٤٤٣٢.
[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سعد - سعد بن المدحاس، الرقم ٥٥٠٢.
[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٢٨٥١.

١٥٢٠. سەعدی کوڕی ئەبی سەعد(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی ئەبی سەعدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

١٥٢١. سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی مالیکەو باوکی بە ئەبی وەقاص ناسراوە، سەعد کونیەکەی ئەبووئیسحاقە،[٢] دایکی ناوی حەمنەی کچی سوفیانە.[٣]

سەعد برایەکی هەبوو بە ناوی عومەیر کە هاوەڵی پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ)، برا بچووکی سەعد بوو، چونکە عومەیر ویستی لە غەزای بەدردا بەشداری بکات بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر کەمی تەمەنی عومەیری گەڕاندەوە.[٤]

برایەکی تری هەبوو بە ناوی عوتبە کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و پێش سەعد و لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) وەفاتی کرد.[٥]

ئەم هاوەڵە لە کۆچەریەکانەو زۆر زوو موسڵمان بوو،[٦] موسڵمانبوونەکەی لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا بوو.[٧]

منداڵ و هاوسەرەکانی سەعد

سەعد کوڕێکی هەبوو بە ناوی موحەممەد کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[٨] کوڕێکی تری ناوی عامیرە کە ئەویش فەرموودەی لە باوکیەوە

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٦٣.
[٢] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٣.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٣.
[٤] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٧.
[٥] صحيح البخاري - كتاب البيوع - باب تفسير المشبهات، الرقم ٢٠٥٣.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧٣.
[٧] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٦.
[٨] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب عمر بن الخطاب أبي حفص القرشي العدوي(ﷺ)، الرقم ٣٦٨٣.

گێڕاوەتـەوە،[1] کوڕێکـی تـری نـاوی موصعەبـە کـە ئەویـش فەرمـوودەی لـە باوکیـەوە گێڕاوەتـەوە،[2] دایکـی موصعـەب نـاوی خەولـەی کچـی عەمـر بـوو.[3]

کوڕێکـی تـری نـاوی ئیسـحاق بـوو کـە کونیەکـەی بەنـاوی ئـەم کوڕەیـەوە بـوو، کچێکیشـی نـاوی ئوممولحەکـەم بـوو، دایکـی ئـەم دوو منداڵـەی کچـی شـەهاب بـوو، کوڕێکـی تـری نـاوی عومـەر بـوو کـە دواتر بەدەسـتی موختـاری ثەقەفـی کـوژرا، ئیسـحاقی بچووکیشـی هەبـوو، هەریـەک لـە ئیسـماعیل و ئومموعیمرانیشـی هەبـوو کـە دایکیـان نـاوی ئوممموعامیـری کچـی عەمـر بـوو، ئیبراهیـم و مووسـا و ئوممولحەکەمـی بچـووک و ئوممموعەمـر و هینـدو ئوممموزوبەیـر و ئوممموموسـایشـی لـە ژنێکـی تـری بـوون بـە نـاوی زەبـەد، عەبـدوڵای بچـووک و عەبدوڕەحمـان و حەمیدەشـی هەبـوو کـە دایکیـان نـاوی ئوممموهیلالـی کچـی ڕەبیـع بـوو، حەمنەشـی هەبـوو کـە دایکـی نـاوی ئوممموحەکیـم بـوو، عومەیـری بچـووک و عومـەر و عیمـران و ئوممموعەمـر و ئوممموئەیـووب و ئوممموئیسـحاقیشـی هەبـوو کـە دایکیـان نـاوی سـەلای کچـی خەصفـە بـوو، کوڕێکـی تریشـی نـاوی صالـح بـوو کـە دایکـی نـاوی طیبـەی کچـی عامیر بوو، هەریـەک لـە ڕەملـەو عوثمانیشـی هەبوو کە دایکیان ناویان ئوممموحوجەیـر بـوو، عومـرەی هەبـوو کـە دواتـر شـووی کـرد بـە سـوهەیلی کـوڕی عەبدوڕەحمـان و دایکـی کەنیـزەک بـوو، کچێکـی تـری نـاوی عائیشـە بـوو.[4]

موسڵمانبوونی سەعد

دەوترێت سـەعد سـێیەم کـەس بـووە موسـڵمان بـووە، چونکـە خـۆی دەڵێت: حـەوت دانـە شـەوم بەسـەر برد، لـەو مـاوەدا مـن سـێ یەکـی ئیسـلام بووم.[5]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب أحاديث الأنبياء - باب حدثنا أبو اليمان، الرقم ٣٤٧٣.

[2] صحيح البخاري - كتاب الدعوات - باب التعوذ من فتنة الدنيا، الرقم ٦٣٩٠.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٣٨.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٣٧-١٣٨.

[5] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب سعد بن أبي وقاص الزهري، الرقم ٣٧٢٧.

بەڵام رای تر هەیە دەڵێت: چوارەم یان شەشەم کەس بووە موسڵمان بووە،[1] ئەم رایەش نزیکترە لە راستیەوە، چونکە بە روونی سەلماوە کە پێش ئەو چەند کەسی تر موسڵمان بون، لەوانە خەدیجە و ئەبووبەکر و زەید.[2]

سەعد دەڵێت: سێ رۆژ پێش موسڵمان بوونم خەوم بینی لە تاریکیەکدام و هیچ نابینم، مانگێک رووناکی بۆ کردم، منیش شوێنی کەوتم و تەماشام دەکرد بزانم کێ پێش من ئەو مانگەی دیوە، تەماشام کرد زەیدی کوڕی حارثەو عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و ئەبووبەکر لەوێن، پرسیارم کرد کەی گەیشتوونەتە ئەوێ؟ وتیان: ئێستا، دواتر بیستم پێغەمبەر(ﷺ) بە نهێنی بانگەواز دەکات، چووم لە شیوێک بینیم نوێژی عەسری دەکرد، لەوێ گوێم لێگرت و باوەڕم پێهێنا.[3]

سەعد لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق بانگەوازی ئیسلامی وەرگرت، کاتێک ئەبووبەکر موسڵمان بوو، چوو بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففان و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانەش موسڵمان بوون.[4]

خۆڕاگری سەعد لەسەر باوەڕەکەی

سەعد دەڵێت: من پێشتر زۆر لەگەڵ دایکم چاک بووم، جا کاتێک موسڵمان بووم دایکم وتی: ئەی سەعد ئەم دینە چیە هێناوتە؟ یان واز لەو دینە دێنیت یان من خواردن و خواردنەوە لە خۆم حەرام دەکەم تا دەمرم و بەو هۆیەوە لەبەر من ئابڕووت دەچێت و دەڵێن بکوژی دایکتی، منیش وتم: دایە گیان

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٣.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٢.
[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٥.
[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٠.

ئەوە مەکە، من واز لە دینەکەم ناهێنم، ئەوەبوو ڕۆژێک دەستی گرتەوە لە خواردن و خواردنەوە، بۆ بەیانیەکەی زۆری بۆ هاتبوو، منیش کە ئەوەم بینی وتم: دایە گیان بەخوا ئەگەر سەد گیانت هەبێت و یەک یەک هەموویان دەربچن واز لە دینەکەم ناهێنم، جا ئەگەر پێت خۆشە بخۆ و پێشت خۆشە مەخۆ، دایکم کە زانی وا سوورم دەستی کرد بە نان خواردن.[1]

جارێک سەعد لەگەڵ دەستەیەک لە هاوەڵان لە شیوێکی مەککەدا نوێژیان دەکرد، دەستەیەک لە بێباوەڕانی قوڕەیش هاتن بۆ لایان و گاڵتەیان پێدەکردن، بار گەیشتە ئەوەی کەوتنە لێدانی موسڵمانان، سەعد هەستا و دای لە یەکێکیان و جەستەی خوێناوی کرد.[2]

کۆچکردنی سەعد

سەعد هاودەم بە عومەیری برای کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لەوێ لای عوتبەی برایان مانەوە کە پێشتر بەهۆی خوێنێکەوە کە ڕشتبووی چووبوویە مەدینە.[3]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و سەعدی کوڕی موعاذەوە.[4]

هێشتا نۆ مانگ بوو پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کردبوو بۆ مەدینە کە سەعدی کرد بە ئەمیری سریەیەک و ئاڵایەکی سپی دایە دەستی و هاودەم بە بیست کەس لە کۆچەران ناردی تا ڕێ بگرن بە کاروانێکی قوڕەیشیەکان، سەعد دەڵێت: دەرچووین و بە ڕۆژ خۆمان دەشاردەوەو بە شەو ڕێمان دەکرد تا پاش پێنج ڕۆژ گەیشتینە شوێنی مەبەست، بینیمان ئێوارە کاروانەکە دەرچووبوون، دواتر گەڕاینەوە بۆ مەدینە.[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠٩.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٤، البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٣٩.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٣٩.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٧.

جیهادو بەشداری غەزاکان

سەعد یەکەم کەس بوو لە ڕێی خوادا تیری هاویشت.[١]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بچێت بۆ غەزای بەدر و لە نزیک بەدر دابەزی، سەعد و عەلی و زوبەیری نارد تا هەواڵی قوڕەیش وەربگرن.[٢]

سەعد لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لەو کاتەدا تەمەنی زۆر نەبوو، سەعد خۆی دەڵێت: هێشتا تاڵە موویەک بە دەموچاومەوە نەبوو کە بەشداری غەزای بەدرم کرد.[٣]

سەعد دەڵێت: پێش ئەوەی بچین بۆ بەدر، عومەیری برامم بینی خۆی دەشاردەوە، وتم: براکەم ئەوە چیتە؟ وتی: ترسی ئەوەم هەیە پێغەمبەر(ﷺ) بمبینێت و بە بچووکم بزانێت و نەهێڵێت بەشداری غەزاکە بکەم، حەزیش دەکەم بێم و بەشدار بم بەڵکو خوا شەهیدیم پێ ببەخشێ، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بە بچوک زانی و گێڕایەوە، عومەیر دەستی کرد بە گریان، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی پێدا، منیش بینیم هێندە بچووکە خۆم بەرگە سەربازیەکەیم بۆ ڕێکدەکرد، لە غەزاکەدا کوژرا و تەمەنی هێشتا شانزە ساڵان بوو.[٤]

ئیبن مەسعوود دەڵێت: لە بەدردا من و سەعد و عەممار لە دەستکەوتدا هاوبەش بووین، سەعد خۆی تەنها دوو دیلی پێ بوو، بەڵام ئێمە هیچ دیلێکمان پێ نەبوو.[٥]

دواتریش لە سریەکەی عەبدوڵای کوڕی جەحشدا بەشداری کرد و هاودەم بە عوتبەی کوڕی غەزوان لەسەر یەک وشتر بوون.[٦]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٠.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٧.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٩.
[٥] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠٨.
[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٠.

سـەعد لـە غـەزای بواطـدا هـاودەم بـە پێغەمبـەر(ﷺ) بەشـداری کـرد و ئاڵایەکـی سـپی بەدەسـتەوە بـوو.[1]

سـەعد یەکێکە لـە بەشداربوانی غـەزای ئوحـود، سـەعد دەڵێت: لـەو غەزایەدا دوو کەسـم بینـی لـە دەوری پێغەمبـەر(ﷺ) بـوون و دەجەنـگان و بەرگرییـان لێدەکـرد، جلـی سـپییان لەبـەر بـوو، نەپێشـتر ئـەو دوو کەسـەم دیبـوون و نـە دواتـر بینینمـەوە.[2]

سـەعد دەڵێت: لـە رۆژی ئوحـوددا عەبدوڵای کـوڕی جەحـش پێـی وتم: وەرە بـا لـە خـوا بپاڕێینـەوە، ئەوەبـوو چووینـە سـووچێکەوە، مـن نـزام کـرد وتـم: خوایە سبەی بگـەم بـە کابرایەکـی زۆر بەهێز و لەپێنـاو تۆدا لەگەڵـی بجەنگم و دواتـر بەسـەریدا سـەربکەوم تـا بیکوژم و شـمەکەکەی بەدەستکەوت بـەرم، عەبدوڵای کـوڕی جەحشـیش وتـی: خوایـە سـبەینێ تووشـم بێت بـە تووشـی کابرایەکـی زۆر بەهێزەوەو لەپێنـاو تـۆدا لەگەڵـی بجەنگـم، دواتـر بمکوژێـت و گوێ و لووتـم ببڕێت، کـە رۆژی دوایـی گەیشـتمەوە بـە تـۆ بفەرموویـت ئـەی عەبدوڵا بۆچـی گوێ و لووتت بـڕاوە؟ منیش بڵێم لەپێناو تـۆ و پێغەمبەرەکەتدا، تۆیش بفەرموویت راسـت دەکەیت، سـەعد دەڵێت: نزاکـەی عەبـدوڵا لـەوەی من باشـتر بـوو، کۆتـای رۆژی ئوحـود تەرمەکەیـم بینـی گوێ و لووتـی کرابـوون بـە دەزوویەکـەوە.[3]

سـەعد دەڵێت: هێنـدەی سـوور بـوم لەسـەر کوشـتنی عوتبـەی کـوڕی ئەبـی وەققـاص، هیـچ کات هێنـدە سـوور نەبـوم لەسـەر کوشـتنی هیچ کەسـێک، چونکە عوتبە خوێنـی هێنابـوو بـە دەموچـاوی پێغەمبـەردا(ﷺ).[4]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٨

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب إذ همت طائفتان منكم أن تفشلا والله وليهما، الرقم ٤٠٥٤.

[3] المستدرک على الصحيحين - كتاب الجهاد - رأس الأمر الإسلام وعموده الصلاة وذروة سنامه الجهاد، الرقم ٢٤٢٢، صححه الذهبي في التلخيص.

[4] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١١٣٠.

سـەعد لـە غـەزای بواطـدا هـاودەم بـە پێغەمبـەر(ﷺ) بەشـداری کـرد و ئاڵایەکـی سـپی بەدەسـتەوە بـوو.[1]

سـەعد یەکێکە لـە بەشـداربوانی غـەزای ئوحـود، سـەعد دەڵێت: لـەو غەزایەدا دوو کەسـم بینـی لـە دەوری پێغەمبـەر(ﷺ) بـوون و دەجەنـگان و بەرگرییـان لێدەکرد، جلـی سـپییان لەبـەر بـوو، نەپێشـتر ئـەو دوو کەسـەم دیبـوون و نـە دواتـر بینیمـەوە.[2]

سـەعد دەڵێت: لـە رۆژی ئوحـوددا عەبدوڵای کـوڕی جەحـش پێـی وتم: وەرە بـا لـە خـوا بپاڕێینـەوە، ئەوەبـوو چووینـە سـووچێکەوە، مـن نـزام کـرد وتـم: خوایە سبەی بگەم بـە کابرایەکـی زۆر بەهێز و لەپێناو تـۆدا لەگەڵـی بجەنگم و دواتـر بەسـەریدا سـەربکەوم تـا بیکـوژم و شـمەکەکەی بەدەستکەوت بـەرم، عەبدوڵای کـوڕی جەحشـیش وتـی: خوایـە سـبەینێ تووشـم بێت بـە تووشـی کابرایەکـی زۆر بەهێزەوەو لەپێنـاو تـۆدا لەگەڵـی بجەنگـم، دواتـر بمکوژێـت و گوێ و لووتـم ببڕێـت، کـە رۆژی دوایـی گەیشـتمەوە بـە تـۆ بفەرموویت ئـەی عەبدوڵا بۆچـی گوێ و لووتـت بـڕاوە؟ منیش بڵێم لەپێناو تـۆ و پێغەمبەرەکەتدا، تۆیـش بفەرموویـت راسـت دەکەیـت، سـەعد دەڵێت: نزاکـەی عەبدوڵا لـەوەی مـن باشـتر بـوو، کۆتـای رۆژی ئوحـود تەرمەکەیـم بینـی گوێ و لووتـی کرابـوون بـە دەزوویەکـەوە.[3]

سـەعد دەڵێت: هێنـدەی سـوور بـوم لەسـەر کوشـتنی عوتبـەی کـوڕی ئەبـی وەققـاص، هیـچ کات هێنـدە سـوور نەبـوم لەسـەر کوشـتنی هیـچ کەسـێک، چونکە عوتبـە خوێنـی هێنابـوو بـە دەموچـاوی پێغەمبـەردا(ﷺ).[4]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٨

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب إذ همت طائفتان منكم أن تفشلا والله وليهما، الرقم ٤٠٥٤.

[3] المستدرك على الصحيحين - كتاب الجهاد - رأس الأمر الإسلام وعموده الصلاة وذروة سنامه الجهاد، الرقم ٢٤٢٢، صححه الذهبي في التلخيص.

[4] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١١٣٠.

سەعد دەڵێت: لە غەزای ئوحوددا کە خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) تەکینەوە، منیش کەنارم گرت و وتم: خۆم دەدەمە بەر ئەو لێشاوە، یان شەهید دەبم یان رزگار دەبم تا دەگەم بە پێغەمبەر(ﷺ)، لەو بارەدا بووم کە کەسێکی دەموچاو هەڵبەستراوم بینی نەمدەزانی کێیە، بێباوەڕان هاتن، وتم: ئێستا پێی دەگەن، کەچی ئەو دەستی پڕ کرد لە وردەچەو و وەشاندی بەروویاندا و هەموو گەڕانەوە، چەند جار ئەوەی کرد، تەنها میقدادی کوڕی ئەسوەد لەنێوان من و ئەودا هەبوو، ویستم بڵێم میقداد ئەوە کێیە، میقداد وتی: ئەی سەعد ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بانگت دەکات، وتم: لە کوێیە؟ میقدادیش بە ئاماژە پێی نیشان دام، منیش چووم بۆ لای، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی سەعد ئەمڕۆ لە کوێ بوویت؟ وتم: لە کوێوە پێغەمبەری خوام(ﷺ) دیبێت لەوێوە بوم، پێغەمبەر(ﷺ) لەپێش خۆیەوە داینیشاندم و تیرم دەهاویشت و دەموت خوایە ئەمە تیری خۆتە، بیدە لە دوژمنی خۆت و دوژمنی پێغەمبەرەکەت، پێغەمبەریش(ﷺ) دەیفەرموو: (خوایە نزاکەی سەعد گیرا بکە، خوایە هاویشتنەکەی بپێکێت، ئادەی سەعد، بەدایک و باوکمەوە بەقوربانت بم)، ئیتر چی تیرێکم دەهاویشت پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ دەکردم، تا هەموو تیرەکانم تەواو بوون، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) تیرەکانی خۆی دەدایە دەستم.[1]

سەعد دەڵێت: لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) کیفی تیرەکانی خۆی پێدەدادم و دەیفەرموو: (بوەشێنە بە دایک و باوکمەوە بەقوربانت بم).[2]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە سەعد لە غەزای ئوحوددا نزیکەی هەزار تیری هاویشتووە،[3] ئەگەرچی ڕێژەکە عەقڵ نایبڕێت، چونکە ئەگەر تیرەکانی خۆی و پێغەمبەر(ﷺ) و چەند کەسێکی تریشی هاویشتبێت ناکاتە پێنج سەد تیریش، بەڵام ئاماژەیە بەوەی تیری زۆری هاویشتووە.

[1] المستدرك على الصحيحين - كتاب المغازي والسرايا - ذكر رمية سعد يوم أحد ودعاء النبي(ﷺ) له، الرقم ٤٣٣٧.صححه ووافقه الذهبي في التلخيص و قال على شرط مسلم.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب إذ همت طائفتان منكم أن تفشلا والله وليهما، الرقم ٤٠٥٥.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٣٥.

هەروەها سەعد لە غەزای خەندەقیشدا بەشداری کرد، لەو غەزایەدا تیری دەهاویشت، پێغەمبەر(ﷺ) بە جووڵەی سەربازیی سەعد پێکەنی تا ئەوەی دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[1]

سەعد لە رێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشدار بوو، هەروەها یەکێک بوو لە شایەتەکانی رێککەوتنەکە.[2]

سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد و تیایدا ئاڵایەکی کۆچەرانی بەدەستەوە بوو.[3]

لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو، لەو غەزایەدا ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو.[4]

دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەکی ئامادە کرد بۆ هێرشی دژ بە رۆم، ئوسامەی کوڕی زەیدی کرد بە سەرکردەی سوپاکە، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص یەکێک بوو لە بەشداربوانی ناو ئەو سوپایە.[5]

سەعد موژدەی بەهەشتی پێدراوە

لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە سەعد یەکێکە لەو دە هاوەڵەی پێغەمبەر(ﷺ) موژدەی بەهەشتی پێدان.

موژدەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ چوونە بەهەشتی سەعد چەند جار دووبارە بووەتەوە، ئەوەتا جارێک موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو

(عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)،

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٠٣.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٩٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٢.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥٠.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٩٠.

(دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدولا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بوو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

عەبدولای کوڕی عەمر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (یەکەم کەس لەم دەرگاوە دێتە ژوورەوە پیاوێکە لە ئەهلی بەهەشتە)، ئەوەبوو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص هاتەژوورەوە.[2]

سەعد لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ)

دایکی باوەڕداران عائیشە دەڵێت: شەوێک پێغەمبەر(ﷺ) کە هاتبوویە مەدینە ماندوو بوو، فەرمووی: (خۆزگە ئەمشەو پیاوچاکێک لە هاوەڵانم پاسەوانی دەکردم)، دەنگی چەکێکمان بیست، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەوە کێیە؟) وتی: من سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصم هاتوم تا پاسەوانیت بکەم، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) خەوت تا ئەوەی دەنگی پرخەی دەبیسترا.[3]

جابیری کوڕی عەبدولا دەڵێت: جارێک سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص هات و ئێمەش لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە خاڵۆی منە، جا کامتان دەیەوێ با خاڵۆی خۆی بخاتەڕوو)، ئەمەش

---

[1] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند عبد الله بن عمرو بن العاص(ﷺ)، الرقم ٧١٩٠، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[3] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب الحراسة في الغزو في سبيل الله، الرقم ٢٨٨٥؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب في فضل سعد بن أبي وقاص(ﷺ)، الرقم ٢٤١٠ واللفظ له.

وەک شانازی کردنێک بە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصەوە.[1]

سەعد دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووم و دەستەیە هاتنە خزمەتی، پێغەمبەر(ﷺ) بەخششی هەموویانی کرد تەنها کەسێک نەبێت کە من لە هەموویان زیاتر بەو سەرسام بووم، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی فلانت بێبەش کرد بەخوا من بە باوەڕدار دەیبینم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (یان –بڵێ– موسڵمان)، منیش بێدەنگ بووم، دوای کەمێکی تر خۆم پێ ڕانەگیرا و هەمان شتم وتەوەو پێغەمبەر(ﷺ) هەمان شتی فەرموو، منیش بێدەنگ بووم، هەمدی خۆم پێ ڕانەگیرا و هەمان شتم وتەوەو ئەویش هەمان شتی فەرموویەوە، دواتر فەرمووی: (يَا سَعْدُ إِنِّي لَأُعْطِي الرَّجُلَ، وَغَيْرُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْهُ، خَشْيَةَ أَنْ يَكُبَّهُ اللهُ فِي النَّارِ) (ئەی سەعد من بەخششی کەسێک دەکەم و کەسی تر هەیە لەو خۆشەویستترە لەلام، ئەوەش لە ترسی ئەوەی نەبادا خوا فڕێی داتە ناو دۆزەخەوە).[2]

سەعد لە کۆتا ساڵی ژیانی پێغەمبەردا(ﷺ) نەخۆش کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ سەردانی، سەعد دەڵێت: وتم: من وا نەخۆشی زۆری بۆ هێناوم و سامانم هەیەو تەنها کچێکم هەیە میراتم لێ وەربگرێت، ئایا دوو لە سێی سامانم بکەم بە خێر؟ فەرمووی: نا، وتم: ئەی نیوەی؟ فەرمووی: نا، دواتر فەرمووی: (الثلث والثلث كبير -أو كثير- إنك أن تذر ورثتك أغنياء، خير من أن تذرهم عالة يتكففون الناس، وإنك لن تنفق نفقة تبتغي بها وجه الله إلا أجرت بها، حتى ما تجعل في في امرأتك)، (سێ یەک، سێ یەکیش زۆرە، ئەگەر تۆ بهێڵیت میراتگرەکانت دەوڵەمەند بن بۆت باشترە لەوەی بە هەژاری بیانهێڵیتەوەو چاو لە دەستی خەڵک بن، تۆ هەر خەرجیەک بکەیت لەپێناو خوادا بێت پاداشتی لەسەر وەردەگریت، تەنانەت ئەوەش بۆ ژنەکەت دەیکەیت) منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بهێڵم

[1] المستدرك على الصحيحين – كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) – ذكر مناقب أبي إسحاق سعد بن أبي وقاص(ﷺ) – كان علي وطلحة والزبير وسعد لدات عام واحد، الرقم ٦١٦٨.صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] صحيح البخاري – كتاب الإيمان – باب إذا لم يكن الإسلام على الحقيقة، الرقم ٢٧.

لە مەککە بمرم و پاداشتی هیجرەتم بۆ نەبێت؟ فەرمووی: (انَّكَ لَنْ تُخَلَّفَ فَتَعْمَلَ عَمَلاً صَالِحًا إِلاَّ ازْدَدْتَ بِهِ دَرَجَةً وَرِفْعَةً، ثُمَّ لَعَلَّكَ أَنْ تُخَلَّفَ حَتَّى يَنْتَفِعَ بِكَ أَقْوَامٌ وَيُضَرَّ بِكَ آخَرُونَ، اللَّهُمَّ أَمْضِ لِأَصْحَابِي هِجْرَتَهُمْ وَلاَ تَرُدَّهُمْ عَلَى أَعْقَابِهِمْ، لَكِنِ الْبَائِسُ سَعْدُ بْنُ خَوْلَةَ) (تۆ دواناکەویت- زۆر دەژیت- و کاری چاکە دەکەیت بەوەش پلە بەرزیت پێی زیاد دەکات، پاشان لەوانەیە تۆ زۆر بژیت تا ئەوەی برێ قەوم لێت سوودمەند بن، خوایە کۆچی هاوەڵانم وەرگرەو مەیانگێڕەوە دواوە، بەڵام بێهیوا سەعدی کوڕی خەولەیە) چونکە لە مەککە کۆچی دوایی کرد.[1]

سەعد دەڵێت: جارێک لە مەککە نەخۆش کەوتم و پێغەمبەر(ﷺ) هاتەژوورەوە بۆ لام، دەست خستە سەر تەوێڵم و دەستی هێنا بە دەموچاو و سنگ و سکمدا و فەرمووی: (خوایە شیفای سەعد بدەو هیجرەتەکەی بۆ تەواو بکە)، تا ئێستاش هەست بە ساردی جێدەستی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەم لەسەر جەرگم.[2]

لەسەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

ئەبووبەکری صدیق دژ بە هەڵگەڕاوەکان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و برێک کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود.[3]

سەعد لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا

سەعد دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا جارێک لە مزگەوتدا دام بە لای عوثمانی کوڕی عەففاندا، ئەویش بە تەواوی چاوی بڕیبووە من، سەلامم لێکرد کەچی وەڵامی نەدامەوە، منیش چووم

[1] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب رثاء النبي(ﷺ) سعد بن خولة، الرقم ١٢٩٥.
[2] صحيح البخاري - كتاب المرضى - باب وضع اليد على المريض، الرقم ٥٦٥٩.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٣١١.

بۆ لای عومەر و سڵاوم لێ کرد و وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا هیچ گۆڕانکاریەک لە ئیسلامدا روویداوە؟ دوو جار ئەوەم پێ وت، ئەویش وتی: نا، بەڵام بۆچی؟ وتم: هیچ، تەنها هێندە هەیە من کەمێک پێش ئێستا لە مزگەوتدا دام بە لای عوثماندا و سەلامم لێکرد، چاوی بڕیبووە من کەچی وەڵامی نەدامەوە، عومەر ناردی بە شوێن عوثماندا و عوثمان هات، عومەر وتی: بۆچی سەلامی براکەتت وەڵام نەداوەتەوە؟ عوثمان وتی: شتی وام نەکردووە، سەعد وتی: با واتکرد، عوثمان سوێندی خوارد شتی وانەبووەو منیش سوێندم خوارد شتی وا بووە، دواتر عوثمان بارەکەی بیر کەوتەوەو وتی: بەڵێ وایە، خوایە لێم خۆش بە، تۆ کەمێک پێش ئێستا دات بەلامدا، لەو کاتەدا من لە خەیاڵی فەرموودەیەکدا بووم کە لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستبوو، سوێند بەخوا هەرکات بیرم دەکەوێتەوە چاو و دڵم بە پەردەیەک دادەپۆشرێت، منیش وتم: دەی من فەرموودەکەت بۆ دەگێڕمەوە، پێغەمبەر(ﷺ) باسی یەکەم نزای بۆ کردین، دەشتەکیەک هات بۆ لای و سەرقاڵی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) هەستا، منیش شوێنی کەوتم و هەوڵم دەدا پێشم نەکەوێت، کەچی پێشم کەوت، کە ویستی بچێتەژوورەوە، بە توندی پێم کوتا بە زەویدا، پێغەمبەر(ﷺ) لایکردەوە بە لامدا و فەرمووی: ئەوە کێیە؟ ئەبوئیسحاقە؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: ئەی بۆ وا؟ وتم: بەخوا تەنها لەبەرئەوەی تۆ باسی یەکەم نزات بۆ کردین، ئەم کابرا هات و سەرقاڵی کردیت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نعم دعوة ذي النون إذ هو في بطن الحوت: لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين فإنه لم يدع بها مسلم ربه في شيء قط إلا استجاب له)، (بەڵێ، نزاکەی ذیننوون کە لە سکی حووتدا بوو نزای کرد (لا اله الا أنت سبحانک إنی کنت من الظالمین)، هەر موسڵمانێک بەو نزایە لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە خوا نزاکەی وەڵام دەداتەوە).[1]

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي إسحاق سعد بن أبي وقاص(ﷺ)، الرقم ١٤٨٠.حسنه شعيب الارناؤوط.

سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص سەرکردەی فتووحاتی عێراق بوو، لە جەنگی قادسیەدا پێشڕەوی سوپا بوو و خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو سەرکەوتنی بەخشی بە موسڵمانان، مەدائینیان گرت و لە جەنگی جەلەولائیشدا دووبارە ئەمیری موسڵمانان بوو.[1]

کاتێک عومەر ویستی سەعد بنێرێت بۆ عێراق ئامۆژگاری کرد و پێی وت: ئەوە لەخشتەت نەبات بوترێت خاڵۆ و هاوەڵی پێغەمبەری خوایت(ﷺ)، چونکە خوا خراپە بە خراپە ناسڕێتەوەو خراپە بە چاکە دەسڕێتەوە، نێوانی خواو بەندە تەنها گوێڕایەڵی خوا هەیە..ئینجا ئامۆژگاری کرد خۆڕاگر بێت، چوار هەزار سەربازی دایە دەستی، لەولاشەوە موثەننا چاوەڕێی هاتنی سەعدی دەکرد و برینداریش بوو، بەڵام پێش گەیشتنی سەعد مرد، بەردەوام لە ڕێگەشدا سوپاکەی سەعد زیادی دەکرد و لەملاولاوە سوپای تر پەیوەستی دەبوون تا ئەوەی نزیکەی سی و ئەوەندە هەزار موجاهید ئامادەی جەنگی قادسیە بوون لەگەڵی،[2] نزیکەی نەوەد و نۆ کەسی بەشداربووی بەدر لەناو سوپاکەی سەعددا بوون.[3]

سەعد هەموو سوپاکەی کۆکردەوەو ئەمیری بۆ بەشەکانی سوپا دانا و ئاڵای دابەش کرد و لە دانانی کەسەکاندا پابەندی ڕێنماییەکانی خەلیفە بوو، هاوکات ڕێنمایەکانی موثەننای وەرگرت کە پێش مردنی دەریبڕیبوون تا بگەن بە سەعد و سوود لەو ئەزموونە وەربگرێت.[4]

کاتێک سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە عێراق سەرقاڵی فتووحات بوو، عومەری کوڕی خەططاب نامەی نارد بۆ ئەبووعوبەیدە لە شام و فەرمانی پێکرد سەربازەکانی بنێرێت بۆ عێراق بۆ پشتیوانی سەعد، ئەویش سەربازەکانی نارد و هاشمی کوڕی عوتبەی کرد بە ئەمیریان.[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٥.
[2] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٣٠٠.
[3] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٠٢.
[4] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٣٠١.
[5] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٢٧٩.

سەعد چوو بۆ ناوچەی قادسیە، لەوێ بوو کە نامەی خەلیفەی پێگەیشت و موژدەی ئەوەی پێدا پێی وایە ئەگەر هێرش ببەنە سەر دوژمن سەرکەوتوو دەبن، هەروەها ڕێنمایی کرد وریای هەڵەو ناپاکی بێت و نەهێڵێت بەهێزی دوژمن سامیان لەناوبەرێت.[١]

سەرکردەی بەهێزی سەربازی فارسەکان کەسێک بوو بە ناوی ڕۆستەم.[٢]

پاش ئەوەی ڕۆستەم سوپایەکی زۆری کۆکردەوەو بەرو رووی سەعد هات و نزیکبوویەوە، داوای گفتگۆی کرد لەگەڵ موسڵماناندا، سەعدیش نێردراوی خۆی نارد و لەو نێوەندەدا وتوێژ زۆر کرا، بەڵام ئەنجامی نەبوو، ئەوەبوو جەنگ روویدا و جەنگێکی زۆر سەخت بوو، تیایدا موسڵمانان سەرکەوتن.[٣]

خوێنەری ئازیز ئەگەر لێرەدا باسی وردەکاری فتووحاتەکانیسەعد و جەنگی قادسیە بکەین، پێویستی بە نووسینێکی زۆر و سەربەخۆ هەیە، بۆیە بە کورتی لێرەدا بڕیومانەتەوە، ئەوەی وردەکاری زیاتری دەوێت لەو بارەوە با کتێبەکانی تایبەت بە فتووحات یان نووسینەکانی تایبەت بە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب بخوێنێتەوە.

هەروەها کاتێک خەڵکی ناوچەی حیرە هەمدی هەڵگەڕانەوەو بێباوەڕ بوون، سەعد ئەو شوێنەی فەتح کردەوە.[٤]

دواتر هێرشەکانی بۆ هیت و قرقیسیاو چەند ناوەی تر بەردەوام بون.[٥]

ئینجا خەلیفە لە ساڵی نۆزدەی کۆچیدا داوای لێکرد ئەگەر فتووحاتی عێراق و شام تەواو بوو، با بکەوێتە فتووحاتی ناوچەی جزیرە.[٦]

---

[١] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٠٢.
[٢] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٠٦.
[٣] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٠٧-٣٢٥.
[٤] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٢٤٤.
[٥] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٣٩.
[٦] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٧٨.

سەعد لەلایەن خەلیفە عومەری کوڕی خەططابەوە کرابوو بە والی کووفە، دەوترێت سەعد بناغەدانەری کووفە بووەو کردوویەتی بە شار،[1] بەڵام لە ساڵی بیستی کۆچیدا خەلیفە سەعدی لە والیەتی کووفە لابرد.[2]

جارێک خەڵکێ لە کووفە سکالایان لەسەر سەعد هەبوو و وتیان: نازانێت جوان نوێژ بکات سەعدیش وتی: من بەوجۆرە نوێژیان بۆ دەکەم کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیکرد، عومەر نێردراوی نارد تا وردەکاری وەربگرێت، لە هەر کوێی کووفە هەواڵیان دەپرسی دانی خێریان بە سەعددا دەنا، تا چوونە مزگەوتێ بەنی عەبس، لەوێ کابرایەک نارەزایی دەربڕی و وتی: مادەم سوێندتان دام دەی با بزانن نە دادپەروەرە و نە بە دروستی دەستکەوت و مووچە دابەش دەکات و نە گەڕانی نهێنی هەیە، سەعد کە ئەوەی بیست وتی: خوایە ئەگەر درۆ دەکات چاوی کوێر بکەو تەمەنی درێژ بکە تا دەکەوێتە ناو فیتنەوە، ئەوەبوو کابرا تەمەنی کرد و ئەو شتانەی تووش بوو، عەبدولمەلیک دەڵێت: کابرام بینی هەواڵیم پرسی، وتی: نزاکەی سەعدم لێ گیرا بووە.[3]

عومەر بڕیاری دا وردەکاری دارایی والیەکانی بزانێت، بۆیە نامەی نارد بۆیان تا هەموویان ڕێژەی سامانی خۆیان بنووسن، نامەی نارد بۆ سەعدیش، کە سەعد ڕێژەی سامانەکەی خۆی نووسی، عومەر سامانەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکی بۆ هێشتەوەو نیوەکەی تری خستە بەیتولمالەوە.[4]

بەهۆی سکاڵای خەڵکەوە سەعد لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا لەلایەن خەلیفە عومەری کوڕی خەططابەوە لە ئەمیرایەتی کووفە لابرا.[5]

---

[1] الكامل في التأريخ، ج٢، ص٣٢٧-٣٢٨.

[2] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٤٠٩.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٣.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٠٧.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٨.

بەڵام ئەو لابردنەی سەعد لەلایەن عومەرەوە لەبەر کەمتەرخەمی سەعد نەبوو، وەک عومەر خۆی دەڵێت: من سەعدم لەبەر لاوازی یان ناپاکبوونی لانەبردووە، هەر بۆیە دەبینین عومەر پێش شەهیدبوونی شەش کەس کاندید دەکات بۆ خیلافەت، یەکێکیان سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصە.[1]

گیرابوونی نزای سەعد لای هەموان روون بوو، بۆیە هەموان دەترسان لە نزاکانی سەعد، سەعد کەنیزەکێکی هەبوو جلێکی تازەی پۆشیبوو، رەشەبا هات و جلەکانی کەنیزەکەکەی بەزر کردەوەو جەستەی دەرکەوت، عومەری کوڕی خەتتاب کە بینی بە گۆچانەکەی دەستی دای لە کەنیزەکەکە، سەعد هات تا رێ لە عومەر بگرێت کەچی عومەر بە گۆچانەکەی دای لە سەعدیش، سەعد کەوتە نزاکردن لە عومەر، عومەر خێرا گۆچانەکەی دەستی دایە دەست سەعد و وتی: تۆڵەی خۆت بکەرەوە، سەعدیش لێی خۆش بوو.[2]

کاتێک عومەر کوڕی خەططاب بریندار کرا و لە دواڕۆژەکانی ژیانیدا بوو، ویستی پاش خۆی خەلیفە دابنرێت، بۆیە شەش کەسی دیاری کرد تا یەکێک لە خۆیان هەڵبژێرن بۆ خیلافەت، یەکێک لەو شەش کەسە بریتی بوو لە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص.[3]

لە ژیانی عوثمانی کوڕی عەففاندا شێوازی هەڵبژاردنەکەمان باسکردووە.

سەعد لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

کە عوثمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی کردەوە بە ئەمیری کووفە،[4] ئەمەش لەسەر وەسیەتی خەلیفەی پێشوو عومەری کوڕی خەططاب بوو کە پێش مەرگی خۆی وەسیەتی کردبوو: وەسیەت دەکەم بۆ خەلیفەی دوای خۆم تا سەعد بکات بەکاربەدەست، چونکە من ئەوم لەبەر

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٨.

[2] سر أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٤.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٨.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٨.

خراپەکاری یان ناپاکی لانەبرد،[1] عوثمان پاش ماوەیەکی زۆر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لە والیەتی کووفە لابرد، ئەویش لەبەر کێشەیەک کە لەگەڵ ئیبن مەسعوود هەیبوو، چونکە قەرزی لە بەیتولمال کردبوو و ئیبن مەسعوودیش بەرپرسی بوو، کاتێک ئیبن مەسعوود داوای قەرزەکەی کردەوە لە سەعد، سەعد توانای نەبوو بیداتەوە، بۆیە کێشە کەوتە نێوانیانەوە، هەواڵەکە گەیشتەوە بە عوثمان و ئەویش سەعدی لابرد و وەلیدی کوڕی عوقبەی لە شوێنیدا دانا.[2]

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درابوو، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص چوو بۆ سەردانی.[3]

سەعد هاودەم بە چەند هاوەڵێکی تر داوای لە عوثمان کرد تا بەرگری بکەن و بجەنگن، بەڵام خەلیفە داوای کرد دەستبەردار بن و نەجەنگن.[4]

لە کاتی فیتنەی شەهیدبوونی عوثمانی کوڕی عەففاندا سەعد دەیوت شایەتی دەدەم پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (إنها ستكون فتنة القاعد فيها خير من القائم، والقائم خير من الماشي، والماشي خير من الساعي)،[5] (بەم دواییانە فیتنەیەک دێت ئەوەی تیایدا دانیشتووە زۆر باشترە لەوەی بەپێوەیە، ئەوەی بە پێوەیە زۆر باشترە لەوەی دەچێت بەرێدا، ئەوەی دەچێت بەرێدا زۆر باشترە لەوەی پەلە ڕێ دەکات).

کاتێک سەعد هەواڵی کوژرانی عوثمانی بیست داوای لێخۆشبوونی لای خوا بۆ کرد و سۆزی بۆی جووڵا و ئەم ئایەتەی خوێندەوە (قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالًا (١٠٣) الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعًا)

پاشان سەعد وتی: خوایە پەشیمانیان بکەرەوەو ئینجا لەناویان بەرە.[6]

---

[1] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٤٧٥.

[2] الكامل في التأريخ، ج٢، ص ٤٧٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٧١.

[4] الكامل في التأريخ، ج٣، ص ٥٣.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند أبي إسحاق سعد بن أبي وقاص(ﷺ)، الرقم ١٦١٥؛ جامع الترمذي - أبواب الفتن عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء أنه تكون فتنة القاعد فيها خير من القائم، الرقم ٢٣٧١ وحسنه، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٨٩.

سەعد لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبوو تالیبدا

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، هەوڵ درا کەسێک بکرێت بە خەلیفە، ئەوەبوو چوون بۆ لای سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و وتیان: تۆ لە ئەهلی شوورا بویت، بەڵام ئەو رازی نەبوو، ئینجا چوون عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان کرد بە خەلیفە.[1]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص سەرەتا بەیعەتی نەدا بە عەلی و ماوەیەک مایەوە،[2] دواتر چوو بەیعەتی پێدا.[3]

لە کاتی فیتنەی نێوان هاوەڵاندا، سەعد بە بڕێک مەڕو ماڵاتەوە کەناری گرت و بەشداری فیتنەکە نەبوو، جا کاتێک گلەیی لێکرا و پێی وترا: لەناو وشتر و مەڕەکانتدا داتکوتیوەو وازت هێناوە ئەو خەڵکە لەسەر دەسەڵات لەنێوان خۆیاندا بجەنگن؟ ئەویش دای بەسەر سنگی عومەری کوڕیدا -کە ئەو قسەی کرد- و پێی وت: بێدەنگ بە، من لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِيَّ).[4]

دیاربوو لەبەرئەوەی سەعد کەسایەتییەکی دیار بوو، خەڵکی وازیان لێنەدەهێنا و داوای هەڵوێستیان لێدەکرد، ئەویش وەڵامێکی لەم چەشنەی دانەوە: شمشێرێکم بدەنێ دوو چاوی بینا و زمانێکی هەبێت کە کافرم دی پێم بڵێت بیکوژە و کە باوەڕدارم دی پێم بڵێت دەستی لێ بکێشمەوە، ئینجا وتی: نموونەی من و ئێوە وەک خەڵکانێکە کە لەسەر رێیەکی روون دەڕۆن، لەو نێوەندەدا گێژەڵووکەو رەشەبایەک هەڵدەکات و رێگەیان لێ ون دەبێت، هەندێک دەڵێن با بە لای راستدا بڕۆین، دەڕۆن و ون دەبن و سەریان لێ دەشێوێت، ئەوانی تریش لای چەپ دەگرن و ون دەبن و سەریان لێدەشێوێت، ئەوانەش دەمێننەوە دەڵێن: ئێمە کە رەشەباکە هات لەسەر ئەو

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٢٧.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص٢٢٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣١.

[4] صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق، الرقم ٢٩٦٥.

ڕێیە بووین، لێرە دەمێنینەوەو ناجووڵێین، دەمێننەوە هەتا ڕۆژ دەبێتەوەو ڕەشەباکە نامێنێت و ڕێگەکە ڕوون دەبێتەوە، ئەوانە ئەهلی جەماعەن.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی میسوەر دەڵێت: جارێک لەگەڵ باوکم و سەعد و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەسوەددا دەرچووین و لە شام دەرد هەبوو، پەنجا شەو لە سورغ ماینەوە، ڕەمەزان بەسەردا هات و باوکم و عەبدوڕەحمان ڕۆژوویان گرت، کەچی سەعد ئامادە نەبوو ڕۆژوو بگرێت، وتم: ئەی سەعد تۆ هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) و بەشداربووی بەدریت کەچی ڕۆژوو ناگریت و ئەوان ڕۆژوو دەگرن؟ ئەویش وتی: من لەو دوانە شارەزاترم بە دین.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا سەعد کەناری گرت لە فیتنەو لە هەردوو جەنگی جەمەل و صفین بەشدار نەبوو و دووریشی گرت لە مەسەلەی تەحکیم.[3]

سەعد لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا

جارێک کابرایەک قسەی دەوت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، سەعد ڕێگری لێکرد، کەچی کابرا وازی نەهێنا، سەعد نزای لێکرد، هەر لەو کۆڕەدا وشترێک هات و دای بەسەر کابرادا و هێندە لەقەشێلی کرد تا کابرا مرد.[4]

کاتێک موعاویە دەسەڵاتی گرتەدەست، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص چوو بۆ لای و پێی وت: سەلامت لێ بێت ئەی پاشا، موعاویە پێکەنی و وتی: ئەی ئەبوئیسحاق چی دەبوو بتوتایە ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەویش وتی: وا بە پێکەنینەوە دەیڵێیت؟ بەخوا حەزم لەوە نیە لە بری تۆ ئەو پۆستەم وەربگرتایە.[5]

---

[1] () –ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٣٩، ص ٤٩٦.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٥.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٢.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١١٦.

[5] الكامل في التأريخ، ج٣، ص ٢٧٥.

جارێک سەعد چوو بۆ لای موعاویە و سەلامی ئەمیرایەتی لێنەکرد، موعاویە گلەیی لێکرد، سەعد وتی: ئێمە تۆمان نەکردووە بە ئەمیر، بەخوا حەز ناکەم لە شوێنی تۆدا بم و قاپە خوێنێکم رشتبێت.[1]

لەو ساڵەی کە ساڵی وەفاتی سەعد بوو، ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمیش وەفاتی کرد، جا ئەرقەم وەسیەتی کردبوو سەعد بێت نوێژی لەسەر بکات، کە مرد سەعد لە عەقیق بوو کە ماوەیەک لە مەدینەوە دوور بوو، مەروان کە والی مەدینە بوو وتی: چۆن دەبێت تەرمی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) ئاوا بوەستێنرێت، بۆیە ویستی نوێژی لەسەر بکات، بەڵام منداڵەکانی نەیانهێشت تا سەعد هات و نوێژی لەسەر کرد.[2]

کۆچی دوایی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص

سەعد لە ساڵی پەنجاو پێنجی کۆچیدا لە کۆشکەکەی خۆی لە ناوچەی عەقیق وەفاتی کرد، ئەو ناوچەیە نزیکەی حەوت میل لە مەدینەوە دووربوو، ئینجا تەرمەکەی برا بۆ مەدینە،[3] سەعد کۆتا هاوەڵی کۆچەران بوو کە وەفاتی کرد.[4]

سەعد لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی هەشتاو دوو ساڵ بوو،[5] رایەکی تریش دەڵێت: تەمەنی حەفتا و ئەوەندە ساڵ بوو.[6]

موصعەبی کوڕی دەڵێت: سەری باوکم لە کۆشم بوو کاتێک لەسەرەمەرگدا بوو، منیش دەستم کرد بە گریان، باوکم سەری بەرز کردەوەو وتی: کوڕە ئازیزەکەم بۆچی دەگریت؟ وتم: بابە گیان بۆ حاڵ و شوێنی تۆ، وتی: مەگری، چونکە خوا هەرگیز سزای من نادات، من لە ئەهلی بەهەشتم.[7]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٢.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ٢٤٤.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٩٧.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٣.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٤.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٩.
[7] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٢.

دواتر داوای جبەیەکی خوری کرد و وتی: لەمەدا کفنم بکەن، چونکە بەم جبەوە بەشداری غەزای بەدرم کردووە، لەو کاتەوە ئەم جبەم هەڵگرتووەو شاردوومەتەوە بۆ ئەم ڕۆژەم.[١]

عائیشە داوای کرد تەرمی سەعد ببرێتە مزگەوت و لەوێ نوێژی لەسەر بکرێت، بەڵام خەڵکی رازی نەبوون، عائیشە وتی: خەڵکی چەند زوو شتیان بیرچوەتەوە، خۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوت نوێژی کرد لەسەر سوهەیلی کوڕی بەیضاء..[٢]

کاتێک سەعد وەفاتی کرد والی مەدینە مەروانی کوڕی حەکەم بوو، بۆیە مەڕوان نوێژی مردووی لەسەر کرد.[٣]

سەعد دوای خۆی دووسەدو پەنجا هەزار درهەمی جێهێشت.[٤]

١٥٢٢. سەعدی مەولا (ﷺ)

ناوی سەعدەو خزمەتکاری ئەبووبەکری صدیقە، هەندێ جاریش دەچوو خزمەتی پێغەمبەری خوایشی(ﷺ) دەکرد،[٥] پێغەمبەر(ﷺ) سەرسام بوو بەو خزمەتەی سەعد بۆ ئەبووبەکر، بۆیە بە ئەبووبەکری فەرموو ئەی ئەبووبەکر سەعد ئازاد بکە، ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەنها ئەومان هەیە، ئەویش فەرمووی: (پیاوانت بۆ دێن، پیاوانت بۆ دێن).[٦]

سەعد دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوورەپەرێزی دەکرد لەوەی دوو

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٢٢.

[٢] صحيح مسلم - كتاب الجنائز - باب الصلاة على الجنازة في المسجد، الرقم ٩٧٣.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٩.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٤٩.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٨٩.

[٦] المستدرک على الصحيحين - كتاب العتق - فضيلة صلة القرابة، الرقم ٢٨٦٥، صححه الذهبي في التلخيص.

خورما بلکێنیت پێکەوەو بەیەکەوە بیانخۆیت،[1] واتە دەبێت خورما بە تاک تاک بخورێت.

١٥٢٣. سەعدی ئەبووصەفیە(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی عومەیرەو بە ئەبووصەفییە ناسراوە، دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[2]

١٥٢٤. سەعدی کوڕی حیببان(ﷺ)

ناوی سەعدی کوڕی حیببانی مازنیە، دایکی ناوی هیندی کچی ڕەبیعەیە، سەعد یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ڕیضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا و لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا لە ڕووداوی (الحرة) دا کوژرا.[3]

١٥٢٥. سەعیدە(ﷺ)

ناوی سەعیدەیەو هەم لە کۆچەریانە و هەم لە پشتیوانانیشە، سەعدیە ژنی ئەبووصەیفی راهیب بوو، ئەبووصەیفی کاتێک زانی ژن و منداڵی موسڵمان بون، چوو بۆ مەککە و ماوەیەک لەوێ مایەوە، بەڵام پاش ڕێککەوتنی حودەیبیە سەعیدە کۆچی کرد بۆ مەدینە، بێباوەڕان داوایان لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد بیانداتەوە دەستیان، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی دانەوە کە ئەوان تەنها مەرجیان لەسەر پیاوان بووە نەک ئافرەتان، بۆیە سەعیدەی نەگێڕایەوە.[4]

---

(١) سنن ابن ماجه – أبواب الأطعمة – باب النهي عن قران التمر، الرقم ٣٣٣٢، صححه الألباني.
(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٧١.
(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٠.
(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٠.

١٥٢٦. سەعیدەی کچی بەشیر(﵅)

ناوی سەعیدەی کچی بەشیری کوڕی عوبەیدە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وموسڵمان بووەو بەیعەتی پێداوە.[١]

١٥٢٧. سەعیدەی کچی ریفاعە(﵅)

ناوی سەعیدەی کچی ریفاعەیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووەو بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٥٢٨. سەعیدی کوڕی ثابت(﵁)

ناوی سەعیدی کوڕی ثابتە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای طائیف و لە کاتی گەمارۆی ئەو شارەدا شەهید بوو.[٣]

١٥٢٩. سەعیدی کوڕی خالید(﵁)

ناوی سەعیدی کوڕی خالیدی کوڕی سەعیدە، لە حەبەشە لەدایک بوو و دواتر هاتە مەدینە، لە جەنگی (مرج الصفر)دا شەهید بوو.[٤]

١٥٣٠. سەعیدی کوڕی سەعید(﵁)

ناوی سەعیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصە، هاودەم بە هەموو براکانی تری موسڵمان بوو و یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای طائیف و تیایدا شەهید بوو.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٤٩.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٩.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٩٩.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠١.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٥.

سەعید ماوەیەکی کەم پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو، دواتر کە فەتحی مەککە کرا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی کرد بە بەرپرسی بازاڕی مەککە، دواتر لە جەنگی طائیفدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

١٥٣١. سەعیدی کوڕی عاص(رضي الله عنه)

ناوی سەعیدی کوڕی عاصی کوڕی سەعیدە، لە قورەیشیەکانە لە ئومەویەکان، کونیەکەی ئەبووعوثمانە، دایکی ناوی ئومموکلثومی کچی عەبدولایە، ئەم هاوەڵە تاقانەی باوکی بوو، عاصی باوکی بە بێباوەڕی لە غەزای بەدردا بە دەستی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب کوژرا.

سەعید ژنێکی هەبوو بە ناوی ئوممولبەنینی کچی حەکەم کە لەم ژنەی عوثمان و موحەممەد و عومەر و عەبدولا و حەکەمی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممموحەبیبی کچی جوبەیر بوو کە عەبدولای بچووکی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی عالیەی کچی سەلەمە بوو کە یەحیا و ئەیووبی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی جوەیریەی کچی سوفیان بوو کە ئەبان و سەعید و خالید و زوبەیری لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممموعەمری کچی عوثمانی کوڕی عەففان بوو کە عوثمانی بچووک و سەعید و داوود و سولەیمان و موعاویەو ئامینەی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممموسەلەمەی کچی حەبیب بوو کە سولەیمانی بچووکی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی مەریەمەی کچی عوثمانی کوڕی عەففان بوو کە سەعیدی لێی هەبوو، لە ئوممو وەلەدێکیشی کوڕێکی هەبو بە ناوی عەنبەسە، لە ئوممووەلەدێکی تری کوڕێکی هەبوو بە ناوی عوتبە و کچێکی هەبوو بە ناوی مەریەم، ژنێکی تری کچی سەلەمەی کوڕی قەیس بوو کە ئیبراهیمی بچووکی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی عائیشەی کچی جەریر بوو کە جەریر و ئوممموسەعیدی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئومەیمەی کچی عامیر بوو کە رەملەو

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٥.

ئومموعوثمـان و ئومەیمـەی لێـی هەبـوو، هەریـەک لـە حەفصـەو عائیشـە و ئوموعەمـر و ئوممویەیحیـا و ئوممومحەبیـب و ئوممولکلثـوم و ئوممـوداوود و ئوممـوسـولەیمان و ئوممـوئیبراهیـم و حەمیـدەش کچانـی بـوون.[١]

جارێـک سـەعید و عومـەری کـوڕی خەططـاب پێکـەوە بـوون، سـەعید لایکرد بەو لاوە، عومـەر وتـی: وا دیـارە پێت وایـە مـن باوکـی تـۆم کوشـتووە، مـن نەمکوشـتووە، بەڵکـو عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب کوشـتی، ئەگەریـش مـن بمکوشـتایە ئێسـتا پۆزشـم نەدەهێنایـەوە بـۆ کوشـتنی بێباوەڕێـک، بـەڵام بـەم دەسـتانەی خـۆم عاصـی کـوڕی هیشـامم کوشـت کـە خاڵـۆی خـۆم بـوو، سـەعیدیش وتـی: ئـەی ئەمیـری بـاوەڕداران ئەگەریـش تـۆ باوکمـت بکوشـتایە لەسـەر حـەق بوویـت و ئـەو لەسـەر ناحـەق دەبـوو، عومەریـش بەو هەڵوێسـتەی سـەعید زۆر خۆشـحاڵ بـوو.[٢]

جارێـک سـەعید هـات بـۆ لای عومـەری کـوڕی خەططـاب و داوای لێکـرد زەویەکـەی بـۆ زیـاد بـکات، ئەویـش وتـی: نوێـژی بەیانیـم لەگـەڵ بکـەو دواتـر بیـرم بخـەرەوە، سـەعیدیش وایکـرد، دواتـر کـە عومـەر ویسـتی بـڕوات سـەعید وتـی: ئـەی ئەمیـری بـاوەڕداران ئـەو پێویسـتیەی کـە فەرمانـت پێکـردم بیـرت بخەمـەوە، عومـەر وتـی: ئـادەی بـەرەو ماڵەکـەت بـڕۆ، منیـش لەگـەڵ خـۆم بـردم تـا گەیشـتمە ئـەوێ، لـەوێ پارچـە زەویەکـەی بـۆ زیـاد کـردم و بـە پێـی خـۆی خەتـی بـۆ کێشـا و وتـی: هێنـدەت بەسـە.[٣]

سـەعید زاوای عوثمانـی کـوڕی عەففـان بـوو و دوو کچـی عوثمـان یـەک دوای یـەک هاوسـەری ئـەو بـوون.[٤]

سـەعید یەکێـک بـوو لـەو هاوەڵانـەی کـە عوثمانـی کـوڕی عەففـان رایسـپارد بـۆ نووسـینەوەی قورئـان.

[١] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٥، ص ٣٠-٣١.
[٢] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٥، ص ٣١.
[٣] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٥، ص ٣١.
[٤] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٥، ص ٣٠.

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان وەلیدی کوڕی عوقبەی لابرد، سەعیدی کرد بە والی کووفە، کە چوویە ئەوێ گەنجێک بوو، وتارێکی کورتی پێشکەش کرد بۆ خەڵکەکەو باسی ئەوەی کرد کە ئەو خەڵکی ناوچەیە حەزیان بە دووبەرەکی و ناکۆکی هەیە، بۆیە خەڵکی نارەزاییان دەربڕی و لای عوثمان سکاڵایان لە دژ کرد، عوثمانیش پێشتر دوو کەسی تری گۆڕیبوو بۆیان، بۆیە وتی: ئەتانەوێت هەرکەس لە ئێوە رەقیەکی لە ئەمیرەکەی بینی بەتەما بێت ئێمەش ئەمیرەکە لابەرین!، دواتر سەعید هاتەوە مەدینە بۆ لای خەلیفەو جلوبەرگ و شمەکێکی زۆری هێنا بۆ هاوەڵە پشتیوانی و کۆچەریەکان، لەو جلوبەرگانەشی نارد بۆ عەلی کوڕی ئەبووطالیب و عەلیش دیاریەکەی وەرگرت، دواتر سەعید گەڕایەوە بۆ کووفە.[1]

سەعید لە ماوەی والیەتی لە کووفە هێرشی بردە سەر طەبەرستان و فەتحی کرد، هێرشیشی بردە سەر جورجان، گەورە هاوەڵانی پێغەمبەریش(ﷺ) لەناو سوپاکەیدا بوون.[2]

سەعید پاش پێنج ساڵ والیەتی کووفە گەڕایەوە بۆ مەدینەو لەو کاتەی ماڵەکەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، سەعید لە ماڵی خەلیفە بوو و بەرگری لێدەکرد.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا سەعید کەناری گرت لە فیتنەی نێوان هاوەڵان و هەرچەندە سەر بە بنەماڵەی ئومەوی بوو بەڵام ئامادە نەبوو لە ریزی موعاویەدا دژ بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بجەنگێت، بەڵکو لە هەردوو لاوە هیچ بەشداریەکی نەکرد،[4] بەڵکو لەو ماوەیەدا لە مەککە مایەوە تا هەردوو جەنگی جەمەل و صفین روویاندا.[5]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٣٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٧.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٦.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٥.

[5] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٦.

پاش ئەوەی عومەری کوڕی خەططاب مرد، ئومموکلثومی کچی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بێوژەن کەوت، سەعید داوای کرد و سەد هەزاریشی بۆ نارد، ئەوەبو حوسەینی کوڕی عەلی هاتە ژوورەوەو وتی: نابێت شووی پێ بکات، حەسەن وتی: من مارەی دەکەم لێی، کە سەعید هات، وتی: ئەی ئەبووعەبدوڵا کوا؟ حەسەن وتی: من لێرەم لەبری ئەویش، سەعید وتی: لەوانەیە ئەو پێی خۆش نەبێت، حەسەن وتی: بەڵێ، سەعید گەڕایەوەو ئومموکلثومی بەهاوسەر نەگرت و هیچ لە پارەکەشی وەرنەگرتەوە.[١]

لە سەردەمی موعاویەشدا سەعید والی مەدینە بوو،[٢] بەڵام سەعید هەرچیەک لە بەیتولمالدا بوو هەمووی بەخشی و هیچی نەهێشتەوەو هەمووی دابەش کرد بەسەر خەڵکدا، موعاویەش لەسەر ئەوە لایبرد و وتی: چۆن دەبێت بەیتولمال هیچی تێدا نەمێنێت.[٣]

لە ساڵی چل و نۆ یان ساڵی پەنجاو یەکی کۆچیدا سەعید سەرپەرشتی حەجی موسڵمانانی کرد.

سەعید دەیوت دڵەکان دەگۆڕدرێن، بۆیە جوان نیە کەسێک ئەمڕۆ وەسفی کەسێک بکات و سبەینێ تانەی لێ بدات.

هەروەها دەیوت گاڵتە وگەپ لەگەڵ پیاوماقووڵدا مەکە تا رقت لێ هەڵنەگرێت، گاڵتە وگەپ لەگەڵ کەسی سووکیش مەکە با کەم تەماشات نەکات.[٤]

سەعید کەسێکی زۆر ناسراو و بەخشندەو چاکەکار بوو، هەرکەس داوای شتێکی لێ بکردایە پێی دەبەخشی، تەنانەت جار هەبوو هیچی بە دەستەوە نەبوو و کەسێ دەهات داوای شتێکی لێدەکرد، ئەویش لە نامەیەکدا بۆی دەنووسی چی هاتە دەست پێی ببەخشێت، کاتێک مرد نزیکەی هەشتا

[١] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٧.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٧.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٨.

هـەزار دینـار قـەرزار بـوو و عەمرولئەشـدەقی کـوڕی هەمـوو قەرزەکـەی بـۆ دایـەوە.[1]

جارێک سـەعید بە شـەقامەکاندا دەگەڕا، تینـووی بـوو، داوای ئـاوی کـرد لـە ماڵێک، کە کەوتنە قسـە کابرا باسـی ئـەوەی کـرد لەبـەر قـەرزاری خانووەکـەی دەفرۆشـێت، سـەعیدیش چـوار هـەزاری پێدا.[2]

سـەبارەت بـە کاتـی مردنـی هاتـووە لـە کۆشـکەکەی خـۆی لـە ناوچـەی عەقیق و لـە سـاڵی پەنجاو سـێی کۆچیدا وەفاتـی کـرد،[3] کاتێـک وەفاتـی کـرد تەمەنـی پەنجـاو نـۆ سـاڵ بـوو.[4]

١٥٣٢. سەعیدی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی قەیسەو یەکێکە لە کۆچەران.[5]

١٥٣٣. سەعیدی کوڕی عەمر(ﷺ)

نـاوی سـەعیدی کـوڕی عەمری تەمیمیە، لـە مەککە موسـڵمان بـوو و کـۆچی کـرد بـۆ حەبەشـە، دواتـر گەڕایـەوە مەدینـەو دوای وەفاتـی پێغەمبەریـش(ﷺ) ژیـا و لـە جەنگی ئەجنادەیندا بەشـداری کـرد و تیایدا شـەهید بـوو.[6]

١٥٣٤. سەعیدی کوڕی بوجەیر(ﷺ)

نـاوی سـەعیدی کـوڕی بوجەیـری جوشـەمیە، چوویـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ).[7]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٨.
[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٧.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٨.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٤٨.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٣.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٣.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٩٨.

١٥٣٥. سەعیدی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قوڕەیشی سەهمیە، یەکێکە لە هاوەڵە کۆچەریەکانی حەبەشە، لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکی تریش دەڵێت: لە جەنگی یەرمووکدا شەهید بووە.[1]

١٥٣٦. سەعیدی کوڕی حورمیث(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی حورەیثی کوڕی عەمری مەخزوومیە، پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو،[2] دواتر لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووەو لەوێ عەبدوڵای کوڕی خەطەلی کوشت کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی دەرکردبوو بۆ کوشتنی.[3]

١٥٣٧. سەعیدی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نوفەیلی عەدویە، یەکێکە لە دە هاوەڵە موژدەپێدراوەکە و یەکێکە لەوانەی زۆر زوو موسڵمان بوو، دایکی ناوی فاطیمەی کچی بەعجەیە،[4] سەعید مێردی فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب بوو،[5] هاوکات عاتیکەی خوشکی سەعیدیش ژنی عومەری کوڕی خەططاب بوو،[6] کونیەکەی سەعید ئەبولئەعوەرەو هەندێ جار بەو کونیەی بانگ دەکرا.[7]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٠.
[3] سنن النسائي – كتاب تحريم الدم – باب الحكم في المرتد، الرقم ٤٠٧٨.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٣.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣٦.
[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٥٨.
[7] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٧٩.

زەیدی باوکی لە تاو دوورگرتن لە پەرستشی بتەکان لە مەککە دەرچوو بەرەو شام و لەوێ ئایینی جوولەکەو مەسیحیەتی بینی، بەڵام دینداریەکەی ئەوانی بەدڵ نەبوو، بۆیە وتی: خوایە من لەسەر دینی ئیبراهیم پێغەمبەرم.[1]

سەعید دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) باوکم بەو حاڵەوە مرد کە دەتزانی، ئەگەر بگەیشتایە بە سەردەمی تۆ بە دڵنیاییەوە باوەڕی پێ دەهێنایت، دەی ئایا داوای لێخۆشبوونی بۆ بکەم، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (نَعَمْ فَاَسْتَغْفِرْ لَهُ؛ فَإِنَّهُ يبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أُمَّةً وَحْدَهُ) (بەڵێ، ئەو لە ڕۆژی دواییدا بە تەنها وەک ئوممەتێک زیندوو دەکرێتەوە).[2]

سەعید ژنیکی هەبوو بە ناوی ڕەملە کە خوشکی عومەر بوو، لەم ژنەی کوڕێکی بوو بە ناوی عەبدورەحمان، ژنێکی تری ناوی جلیسەی کچی سوەید بوو کە لەم ژنەی دوو کوڕی هەبوو بە ناوی عەبدولا و زەید و کچێکیشی هەبوو بە ناوی عاتیکە، ژنێکی تری ناوی ئومامە بوو کە لەم ژنەی عەبدورەحمانی بچووک و عومەر و ئومموموسا و ئوممولحەسەنی هەبوو، ژنێکی تری ناوی حەزمەی کچی قەیس بوو کە موحەممەد و ئیبراهیم و عەبدولا بچکۆل و ئوممولحەبیب و ئوممولحەسەنی بچووک و ئوممۆزەید و ئوممۆسەڵەمەو ئوممۆحەبیبی بچووک و ئوممۆسەعیدی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممولئەسوەد بوو کە عەمری بچوک و ئەسوەدی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ضەمخی کچی ئەسبەغ بوو کە عەمری گەورەو طەلحە و زەجلەی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئومموخالید بوو کە ئوممو وەلەد بوو و هەریەک لە خالید و ئومموخالیدو ئوممونوعمانی هەبوو، لە ژنێکی تری ئیبراهیمی گەورەو حەفصەی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممۆبەشیری کچی

[1] سير أعلام النبلاء، ج۱، ص ۱۲٦-۱۲۷.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند العشرة المبشرين بالجنة وغيرهم - مسند سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل(ﷺ)، الرقم ۱٦۷۰.

ئەبوومەسعوود کە ئومموزەیدی بچووکی لێی هەبوو، لە ئوممووەلەدێکیشی هەریەک لە عائیشەو زەینەب و ئوممومصالیحی هەبوو.[1]

پێش ئەوەی بانگەوازی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمەوە سەعید موسڵمان بوو.[2]

سەعید لەسەر ئیسلام ئازارو ئەشکەنجەی چەشت، خۆی دەڵێت: عومەر پێش ئەوەی موسڵمان بێت لەسەر موسڵمان بوونم من و خوشکەکەشی دەبەستەوە.[3]

موسڵمانبوونی عومەری کوڕی خەططاب لە ماڵی سەعیددا بوو، خەبباب دەچوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە لەگەڵ سەعیدی کوڕی زەیدی مێردی موسڵمان بووبوون، خەبباب لەوێ قورئانی فێری فاطیمەو مێردەکەی دەکرد، رۆژێک عومەری کوڕی خەططاب کە هێشتا موسڵمان نەبووبوو چوو بۆ ماڵی فاطیمەی خوشکی کاتێک بیستبووی خوشکەکەی موسڵمان بووە، کە نزیک بوویەوە گوێی لە قورئان خوێندنەکەی خەبباب بوو، کە چوویە ژوورەوە دای لە فاتیمەی خوشکی و خوێن لە دەموچاوی هات، عومەر کە ئەوەی بینی پەشیمان بوویەوە، پاشان داوای کرد ئەو قورئانەی دەیانخوێند بیدەنە دەستی، فاطیمە وتی: تا خۆت نەشۆیت نایدەمە دەستت، عومەر خۆی شۆرد و قورئانەکەی وەرگرت و خوێندیەوە، وتی: وتەکانی چەند جوانن، خەبباب کە ئەمەی بیست خێرا وتی: ئەی عومەر سوێند بەخوا هیوانم هەیە خوای گەورە نزای پێغەمبەری بۆ گیرا کردبێت، چونکە من دوێنێ شەو گوێم لێ بوو نزای دەکرد و فەرمووی: خوایە بە موسڵمانبوونی ئەبولحەکەمی کوڕی هیشام یان بە موسڵمان بوونی عومەری کوڕی خەططاب پاڵپشتی ئیسلام بکە(ئیسلام سەربخە)، دەی عومەر دەرفەتە لەدەستی مەدە، عومەریش

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨١-٣٨٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٢.

[3] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب إسلام عمر بن الخطاب(ﭬ)، الرقم ٣٨٦٧.

وتی: ئەی خەبباب دەی بمبە بۆ لای موحەممەد تا موسڵمان بم، خەببابیش پێی وت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کوێیە، عومەریش چوو و موسڵمان بوو.[1]

سەعید کۆچی کرد بۆ مەدینە، کە گەیشتە ئەوێ لە ماڵی ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر دابەزی.[2]

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعیدی کوڕی زەید و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاوە،[3] رایەکی تریش دەڵێت: سەعید و رافیعی کوڕی مالیکی کرد بە برای یەکتر.[4]

پێش ئەوەی غەزای بەدر رووبدات، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی زانی کە کاروانی قورەیشیان دەگەڕێتەوە، بۆیە سەعیدی هاودەم بە طەلحە نارد تا هەواڵی کاروانەکەی بۆ بهێنن، ئەوەبوو زانیاری وردیان هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)پاش دە رۆژ سەعید دەرچوو بۆ شام.[5]

سەعید لە غەزای بەدردا لە مەدینە نەبوو، بۆیە نەیتوانی بەشداری غەزای بەدر بێت، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا بەشی سەعیدی دانا، بەڵام لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، دواتریش بەشداری غەزاکاتی تری کرد.[6]

کاتێک غەزای بەدر روویدا سەعید لە شام بوو، کە گەڕایەوە غەزای بەدر تەواو بووبوو.[7]

سەعید لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد، لە گەمارۆدانی دیمەشقدا بەشدار بوو.[8]

---

(1) البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٧٩-٨٠.
(2) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٢.
(3) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٦.
(4) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٢.
(5) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣٦.
(6) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٣-١٠٤.
(7) سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣٥.
(8) أسد الغابة، ج٢، ص ٤٥٨.

ذەهەبی سەبارەت بە ئەندام نەبوونی سەعید لە شوورای شەش کەسی سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا دەڵێت: سەعید لە پلەی شوورا دواکەوتوو نەبوو چ لە رووی شکۆ و چ لە رووی زوو موسڵمان بوونیەوە، بەڵام عومەر بۆیە ئەوی دانەنا تا هیچ گومانێک نەبێت بڵێن زاواو ئامۆزاکەی خۆی داناوە، ئەگەر لەویَ دایبنایە رافیزەکان دەیانوت ئامۆزاکەی خۆی داناوە، بۆیە عومەر کوڕەکەی خۆی و داروودەستەکەی خۆی لەو دەستەیەدا دانەنا تا کارەکە بۆ خوا بێت.[1]

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا و بەیعەت درا بە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، سەعیدی کوڕی زەید بەیعەتی پێدا.[2]

جارێک موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو

(عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[3]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣١.

[3] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب وەفاتی کرد، سەعید زۆر گریا، پێیان وت: بۆچی دەگریت؟ وتی: بۆ ئیسلام دەگریم، گورزێکی بەرکەوتووە تا ڕۆژی دوایی شوێنەواری دەمێنێت،[1] دواتر هەریەک لە سەعید و عوثمانی کوڕی عەففان و صوهەیب و ئیبن عومەر دابەزینە ناو گۆڕەکەیەوە.[2]

جارێک ئافرەتێک چوو بۆ لای مەڕوانی کوڕی حەکەم کە والی مەدینە بوو، وتی: سەعید بەشیکَ لە زەویەکەی منی داگیر کردووە، مەڕوانیش ناردی بە شوێن سەعیددا تا لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، سەعید وتی: من بەشێک لە زەوی ئەو داگیر بکەم لە کاتێکدا بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (من أخذ شبرا من الأرض ظلما، طوقه إلى سبع أرضين)، (هەرکەس بە ستەم بستێ زەوی ببات گەردن کۆت دەکرێت بۆ حەوت زەوی-واتە خوار حەوتەم توێژی زەوی-)، مەڕوان وتی: ئیتر داوای بەڵگەت لێ ناکەم، سەعید وتی: خوایە ئەگەر ئەم ئافرەتە درۆ دەکات چاوەکانی لێ وەرگریتەوەو لە زەوی خۆیدا بیکوژیت، ئەوەبوو ئەو ئافرەتە نەمرد تا بینایی لەدەستدا، پاشان جارێک بەناو زەویەکەیدا دەڕۆیشت کە کەوتە چاڵێکەوەو مرد.[3]

سەبارەت بە کۆچی دوایی زەید لە کووفە و لەساڵی پەنجاو دووی کۆچیدا وەفاتی کرد،[4] رایەکی تر دەڵێت: لە ساڵی پەنجای کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: لە مەدینە مردووە، بەڵام راستتر ئەوەیە لە ناوچەی عەقیق مردووە، تەمەنی نزیکەی حەفتاو ئەوەندە ساڵ بوو.[5]

خەڵکی کووفە دەڵێن سەعید لە کووفە و لە خیلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا مرد و موغیرەی کوڕی شوعبە کە ئەوکات والی کووفە بوو

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٧٢.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٦٨.

[3] صحيح مسلم - كتاب البيوع - باب تحريم الظلم وغصب الأرض وغيرها، الرقم ١٦١٠.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٤٠.

[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٥٨.

نوێژی لەسەر کرد.[1]

کاتێک وەفاتی کرد عەبدوڵای کوڕی عومەر تەرمەکەی شۆرد و کفنی کرد و نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص تەرمەکەی شۆرد و هاودەم بە عەبدوڵای کوڕی عومەر دابەزیە ناو گۆڕەکەیەوە.[2]

١٥٣٨. سەعیدی کوڕی سومید(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی سوەیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خودریەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[3]

١٥٣٩. سەعیدی کوڕی سوفیان(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی سوفیانی رەعلیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەریش(ﷺ) ناوچەیەکی بۆ بڕیوەتەوەو لەو بارەشەوە نامەیەکی بۆ نووسیوە.[4]

١٥٤٠. سەعیدی کوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی عامیری قورەیشی جومەحیە، لە هاوەڵە ناسراوەکانە، دایکی ناوی ئەروای کچی ئەبی موعیطە.[5]

سەعید پێش فەتحی خەیبەر موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ مەدینەو فریای غەزای خەیبەر کەوت و تیایدا بەشداری کرد، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[6]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٨٤.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٥٨.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٠٥.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٠.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٠.

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب خەلیفە بوو، سەعیدی بانگ کرد و وتی: من دەتکەم بە والی فلانە ناوچە، ئەویش وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا دەکرێت بمبووریت تا نەیکەم؟ عومەر وتی: بەخوا وازت لێ ناهێنم، ئێوە منتان خستە ئەم ئەرکەوەو ئێستاش تەنهام دەخەن؟! ئینجا وتی: با مووچەیەکت بۆ ببڕمەوە، سەعید وتی: لەو بەشەی هەمبووە بەشی پێویستت بۆ بڕیومەتەوە، هەموو جار کە وەک خەڵکی تر مووچەکەی خۆی وەردەگرت دەچوو شمەکی بۆ خانەوادەکەی دەکڕی و ئەوەی لێی دەمایەوە دەیکرد بە خێر، ژنەکەی پێی دەوت ئەی ئەوەی مایەوە چیت لێکرد؟ ئەویش دەیوت داومە بە قەرز، خەڵکێک هاتن بۆ لای و وتیان: ژنەکەشت مافی هەیە بەسەرتەوە و خزمانیشت مافیان هەیە بەسەرتەوە، ئەویش وتی: من لەبەر ئەوان دواڕۆژی خۆم نافەوتێنم، من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (يجمع الناس للحساب فيجيء فقراء المؤمنين فيزفون كما يزف الحمام فيقال لهم قفوا عند الحساب فيقولون: ما عندنا من حساب ولا سمونا، فيقول لهم ربهم جل وعلا: صدق عبادي، فيفتح لهم باب الجنة فيدخلونها قبل الناس بسبعين عاما)،[1] (خەڵکی کۆدەکرێنەوە بۆ لێپێچینەوە، ئینجا هەژارانی باوەڕداران دێن و وێنەی کۆتر دەردەچن، پێیان دەوترێت راوەستن تا لێپێچنەوە دەکرێن، ئەوانیش دەڵێن ئێمە هیچ لێپێچینەوەو ناوهێنانمان نیە، پەروەردگاریش پێیان دەفەرموێت بەندەکانم راست دەکەن، ئیتر دەرگای بەهەشتیان بۆ دەکرێتەوەو حەفتا ساڵ پێش خەڵک دەچنە ناو بەهەشتەوە).

جارێک سەعیدی کوڕی عاص لە ئەرکەکەیەوە گەڕایەوە بۆ سەردانی خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب، کە گەیشتە لای، خەلیفە بە داردەستەکەی دەستی لێیدا، سەعید وتی: لافاوت پێش بارانت کەوت، ئەگەر سزامان بدەیت خۆڕاگر دەبین و ئەگەریش لێبوردە بیت سوپاس گوزار دەبین، عومەر وتی: ئەوە ئەرکی موسڵمانە، باشە بۆ خەراج دوادەخەیت؟

[1] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٣٢٢٧.

سەعید وتی: تۆ فەرمانت پێکردوین زیاد لە چوار دینار لە جووتیاران وەرنەگرین، ئێمەش وامان کردووە، بەڵام ماوەیەک بۆ یارمەتی ئەوان درەنگتر لێمان وەرگرتون، عومەر وتی: دەی تا من ماوم لەو پۆستەت لات نابەم.[1]

سەعید لە شام سەرقاڵی ئەو ئەرکەی بوو کە خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب پێی راسپاردبوو، ئەویش والیەتی حیمص و دەوروبەری بوو،[2] بەڵام ماوەی نیو ساڵ لەوێ والی بوو،[3] لە ساڵی بیستی کۆچیدا لەوێ وەفاتی کرد،[4] هەریەک لە ساڵەکانی نۆزدەو بیست و یەکیش بۆ ساڵی وەفاتی هاتووە.[5]

١٥٤١. سەعیدی کوڕی عامیری جوولەکە(رضي الله عنه)

ناوی سەعیدی کوڕی عامیرەو جوولەکە بووە، لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە جوولەکەکان موسڵمان بووەو ئایەتی خوا لەبارەیانەوە دابەزی (الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَتْلُونَهُ حَقَّ تِلَاوَتِهِ أُولَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَنْ يَكْفُرْ بِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْخَاسِرُونَ).[6]

١٥٤٢. سەعیدی کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

ناوی سەعیدی کوڕی عەبدقەیسی قورەیشی فەهریە، زۆر زوو موسڵمان بوو، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، بۆچوونێ دەڵێت: پێش هاتنەوەی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب سەعید گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە.[7]

---

[1] الاموال للقاسم بن سلام، رقم الحديث ١٠٠.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٦٩.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٠.

[4] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب سعيد بن عامر بن حذيم(ﷺ)، الرقم ٥٢٨٩.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٠.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١١.

[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١١.

١٥٤٣. سەعیدی کوڕی عوثمان(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی عوثمانە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

١٥٤٤. سەعیدی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی قەیسی کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

١٥٤٥. سەعیدی کوڕی یەربووع(ﷺ)

ناوی سەعیدی کوڕی یەربووعی قورەیشی مەخزوومیە، سەرەتا ناوی صەرم بوو بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا سەعید، کونیەکەی بە ئەبووهوودە و ئەبوو عەبدوڕەحمانیش هاتووە، دایکی ناوی هیندی کچی سەعیدە.

ئەم هاوەڵە پێش فەتحی مەککە موسڵمان بوو، دەوترێت بەڵکو لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بووە،[٣]ژنەکەی ناوی ئەروای کچی عرکیە کە لەم ژنەی منداڵێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە لە هاوەڵانەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە.[٤]

پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەین پەنجا وشتری بەخشی بە سەعیدی کوڕی یەربووع.[٥]

سەعید دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە چوو بۆ لای تا بەهۆی لەدەستدانی بیناییەوە دڵی بداتەوە،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١١٥.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٧٠.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ١٥٠.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥٣.

ئینجا بە سەعیدی وت: نوێژی هەینی و نوێژەکانی ترت لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مەفەوتێنە، سەعید وتی: دەی کەس نیە دەستم بگرێت بمهێنێت، عومەر وتی: ئێمە کەسێکت بۆ دەنێرین، ئەوەبوو خزمەتکارێکی بۆ نارد.[1]

سەعید لە ساڵی پەنجاو چواری کۆچی لە مەدینە وەفاتی کرد، ئەوکات تەمەنی سەد و بیست ساڵ دەبوو،[2] رایەکی تر دەڵێت: لە ساڵی پەنجاو پێنجی کۆچی و لە تەمەنی سەد و هەژدە ساڵیدا وەفاتی کردووە.[3]

١٥٤٦. سەفعە(رضي الله عنه)

ناوی سەفعەی غافقیە، دواتر لە فەتحی میصردا بەشداری کردووە.[4]

١٥٤٧. سەفینە(رضي الله عنه)

پێشتر لە پیتی ئەلفدا لە ژێر ناوی ئەحمەردا باسمان کردووە.

١٥٤٨. سەکبەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سەکبەی کوڕی حارثی ئەسلەمیە، چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و فەرموودەشی لێوە گێڕاوەتەوە.[5]

---

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب سعید بن یربوع المخزومي(ﷺ)، الرقم ٦١٢٩.
[2] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب سعید بن یربوع المخزومي(ﷺ)، الرقم ٦١٢٩.
[3] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب سعید بن یربوع المخزومي(ﷺ)، الرقم ٦١٣٠.
[4] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٣، ص ١٢١.
[5] الإصابة في تمییز الصحابة، ج٣، ص ١٣٣.

١٥٤٩. سەكینەی كچی ئەبی وەقاص(ﭫ)

ناوی سەكینەی كچی ئەبی وەقاصەو بە ئوممولحەكەم ناسراوە، سەكینە دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) باسی جیهادی دەكرد، بڕێک ئافرەت وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی جیهادی ئێمە چیە؟ فەرمووی: جیهادی ئێوەی ئافرەتان حەجە.[١]

١٥٥٠. سەلامە(ﭫ)

ناوی سەلامەیەو كاری شوانەیی كردووە، سەلامە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لامدا و منیش مەڕم دەلەوەڕاند، فەرمووی: ئەی سەلامە شایەتی چی دەدەیت؟ منیش وتم: شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و تۆیش پێغەمبەری خوایت، پێغەمبەریش(ﷺ) زەردەخەنەیەكی كرد.[٢]

١٥٥١. سەلامەی عوذری(ﭬ)

ناوی سەلامەی عوذریەو رایەک دەڵێت: باوكی قوبەیصەیە، وەک وەفد چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[٣]

١٥٥٢. سەلامەی كچی حەر(ﭫ)

ناوی سەلامەی كچی حەڕە، فەرموودەیەكی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، سەلامە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (سەردەمێک دێت بەسەر خەڵكدا ماوەیەک رادەوەستن پێشەوایەكیان دەست ناكەوێت بەرنوێژییان بۆ بكات).[٤]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٧٠٦٧.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٠٩.

١٥٥٣. سەلامەی کچی سەعید(ﷺ)

ناوی سەلامەی کچی سەعیدەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٥٥٤. سەلامەی کچی مەسعوود(ﷺ)

ناوی سەلامەی کچی مەسعوودە، خوشکی حوەیصەیە، چووەت خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٥٥٥. سەلامەی کچی مەعقیل(ﷺ)

ناوی سەلامەی کچی مەعقیلە، سەلامە دەڵێت: لە سەردەمی نەفامیدا باوکم منی برد و فرۆشتمی بە حوبابی کوڕی عەمر، لەو کوڕێکم بوو بە ناوی عەبدورەحمان، دواتر حوباب مرد، ژنەکەی وتی: ئێستا دەتفرۆشین بۆ قەرزەکانی، منیش چوومە خزمە پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (کێ وەلی حوبابە؟) وتیان: ئەبولیوسری برای، پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بە شوێنیدا و فەرمووی: ئەو ئافرەتە ئازاد بکەن، هەرکات بیستتان کۆیلەم بۆ هاتووە وەرن با لەبری ئەم ئافرەتە کۆیلەیەکتان پێ بدەم، بەوە سەلامە ئازاد بوو.[٣]

١٥٥٦. سەلەمەی کوڕی بودەیل(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائە، خۆی و باوکی و براکانیشی (عەبدوڵا و عەبدورەحمان و عوثمان) هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٣.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٣.
[٣] سنن أبي داود، الرقم ٣٩٥٣، ضعفه الألباني.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٤.

١٥٥٧. سەلەمەی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ثابتی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەبدولئەشهەل، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشدار بوو و لە ئوحوددا شەهید بوو.[١]

١٥٥٨. سەلەمەی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی حاطیبی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی هەردوو غەزای بەدر و ئوحود.[٢]

١٥٥٩. سەلەمەی کوڕی ذەکوان(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ذەکوان یان دەوترێت کوڕی ئەدرەعە، شەوانە پاسەوانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەکرد.[٣] سەلەمە دەڵێت: شەوێک پاسەوانی پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەکرد کە دەچوو بۆ دەست بەئاوگەیاندن، لە ڕێدا دای بە لای کابرایەکدا نوێژی دەکرد و دەنگی بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لەوانەیە بۆ ڕووپامایی بێت)، پاش ماوەیەک شەوێکی تر کە پاسەوانیم دەکرد و هەمدی پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوە، بینی من پاسەوانی دەکەم، دەستی گرتم و چووین، دامان بەلای کابرایەکدا کە لە مزگەوت نوێژی دەکرد و دەنگیشی بەرز کردبوویەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەوانەیە بۆ ڕووپامایی وا دەنگ بەرز بکاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: نەخێر، بەڵکو ئەوە دەنگی ئاه و کروزانەوەیەتی، منیش چووم تەماشام کرد عەبدوڵا ذولبیجادەتەینە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٤.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٥.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٦.

[٤] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٠٠٥.

١٥٦٠. سەلەمەی کوڕی ڕەبیعە(ﭬ)

ناوی سەلەمەی کوڕی ڕەبیعە عەنەزیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[١]

١٥٦١. سەلەمەی کوڕی سەعد(ﭬ)

ناوی سەلەمەی کوڕی سەعدی عەنەزیە، خۆی و ژن و منداڵەکانی چوونەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) بە گەرمی پێشوازی کرد لێیان، دواتر نزای خێری کرد بۆ هۆزەکەشی.[٢]

١٥٦٢. سەلەمەی کوڕی سەلام(ﭬ)

ناوی سەلەمەی کوڕی سەلامی ئیسرائیلیە، یەکێکە لە کەسە جوولەکەکان کە موسڵمان بوو، کەلبی دەڵێت: ئەم ئایەتەش سەبارەت بەو و چەند کەسێکی تر دابەزی (یا أیها الذین امنوا آمنوا بالله و رسوله...).[٣]

١٥٦٣. سەلەمەی کوڕی سەلامە(ﭬ)

ناوی سەلەمەی کوڕی سەلامەی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە لە بەنی عەبدولئەشهەل، دایکی ناوی سەلمای کچی سەلەمەیە.

سەلەمە ئەم منداڵانەی هەبوو: عەوف، مەیموونە، ژنەکانیشی بریتی بوون لە ئومموعەلی کچی خالید و ئومموەلەدێک.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٦.

[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سلمة - سلمة بن سعد العنزي، الرقم ٦٣٦٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٨.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٣٩.

سەلەمە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە هەردوو بەیعەتەکەدا بەشداری کرد، لە غەزای بەدرو ئوحود و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[1]

سەلەمە دەڵێت: ئێمە دراوسێیەکی جوولەکەمان هەبوو، رۆژێک لە ماڵ هاتە دەرەوەو هات بۆ لامان، هێشتا پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەرنەکەوتبوو، هاتە کۆڕەکەمانەوە، من تەمەنم لە هەموویان کەمتر بوو، عەبایەکم بە شانەوە بوو کە لەسەریشی راکشابووم، کابرا کەوتە باسی زیندووبوونەوەو لێپێچینەوەی رۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ، ئینجا وتی: ئەو دۆزەخە بۆ بتپەرستانە کە خەڵکی ئەم شارەش دەگرێتەوە، خەڵکەکە پێیان وت: ماڵوێران یانی تۆ پێت وایە شتی وا رووودەدات و زیندووبوونەوە هەیە و بەهەشت و دۆزەخێک بوونی هەیە؟! ئەویش وتی: بەڵێ، سوێند بەوەی سوێندی پێ دەخورێت، وتیان: نیشانەی ئەوە چیە؟ ئەویش وتی: لە نزیک ئەم وڵاتەوە-ئاماژەی بە مەککە کرد- پێغەمبەرێک دەردەکەوێت، وتیان: کەی دەیبینین؟ تەماشایەکی منی کرد و وتی: ئەم کوڕە پێی دەگات، سوێند بەخوا زۆری نەخایاند تا ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەری خۆی نارد و هاتە نێومانەوە، ئێمە باوەڕمان پێ هێنا، کەچی ئەو کابرایە لە حەسوودی وسەرکەشیدا باوەڕی پێ نەهێنا، ئەوانەمان کە کابرامان بینیەوە، وتمان: ماڵوێران مەگەر تۆ نەبوویت پێشتر باسی ئەم پێغەمبەرەت بۆ دەکردین؟ ئەویش دەیوت با، بەڵام ئەمە ئەو پێغەمبەرە نیە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەلەمەو ئەبی سەبرەوە.[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٨.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنه) - حديث سلمة بن سلامة بن وقش عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٦٠٨٣؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنه) - ذكر مناقب سلمة بن سلامة بن وقش الأنصاري(رضي الله عنه) - إسلام الناس بالنبي على إخبار اليهودي وكفره حسدا، الرقم ٥٨١٤، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣،ص ٤٠٣.

سەلەمە دواجار لە ساڵی چل و پێنجی کۆچیدا وەفاتی کرد و لە مەدینە ئەسپەردە کرا،[1] رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی سی و چواردا کۆچی دوایی کردووە، لە کاتی وەفاتیدا سەلەمە تەمەنی حەفتا ساڵ بوو،[2] یان دەوترێت تەمەنی حەفتا و چوار ساڵ بووە.[3]

١٥٦٤. سەلەمەی کوڕی سەلامەی ثەعلەبی(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی سەلامەی ثەعلەبیە، دواتر دانیشتووی شاری کووفە بوو، سەلەمە هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرموودەیەکیشی لێوە گێڕاوەتەوە.[4]

١٥٦٥. سەلەمەی کوڕی صەخر(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە، سەلەمە دەڵێت: من پیاوێک بوم زۆر دەچوومە لای ژنەکەم، ئەوەبوو کە رەمەزان هات ترسام درەنگانی شەو حەزی جووتبوونم بۆ پەیدا بێت و دەست پێ بکەم و نەگەمە باری حەسانەوە تا بەیانی دێت، بۆیە بەرامبەر بە ژنەکەم ظیهارم بەکارهێنا، شەوێک ژنەکەم خزمەتی دەکردم کە شتێک لە جەستەی دەرکەوت و کاری تێکردم و لەگەڵی جووتبووم، بۆ بەیانی چووم بۆ لای هۆزەکەم، هەواڵ و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکردن، ئینجا وتم: دەی یەکێکتان وەرن لەگەڵم با بچم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) تا بەسەرهاتەکەی بۆ باس بکەم، ئەوانیش وتیان: بەخوا نایەین لەگەڵت، دەترسین قورئانمان لەبارەوە دابەزێت یان پێغەمبەر(ﷺ) شتێکمان بەرامبەر بڵێت کە دواتر عەیبەکەی

[1] المستدرک علی الصحیحین - کتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذکر مناقب سلمة بن سلامة بن وقش الأنصاري(ﷺ)، الرقم ٥٨١٣.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٣٥٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٨.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٩.

لەسەرمان بمێنێتەوە، خۆت بڕۆ بزانە چی دەبێت، منیش خۆم تەنها چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: (ئاوا بوویت؟) وتم: بەڵێ، رازیشم حوکمی خوام لەسەر پەیڕەو بکرێت و خۆڕاگر دەبم و لای خوا چاوەڕێی پاداشت دەبم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کۆیلەیەک ئازاد بکە، منیش بە دەستم دام بە پشتە ملی خۆمدا و وتم: سوێند بەوەی تۆی بەحەق ناردووە توانای ئەوەم نیە، فەرمووی: دەی دوو مانگ بەسەریەکەوە بەڕۆژوو بە، وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) جگە لە رۆژوو چارێکی تر نیە؟ چونکە من ئەم بارەم لەرۆژووگرتنەوە تووشی ئەمە بووم، فەرمووی: نانی شەست هەژار بدە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەم ئێوارەی کە تێپەڕی لە ماڵماندا هیچ نەبوو بیخۆین، فەرمووی: (فَانْطَلِقْ إِلَى صَاحِبِ صَدَقَةِ بَنِي زُرَيْقٍ فَلْيَدْفَعْهَا إِلَيْكَ فَأَطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا وَسْقًا مِنْ تَمْرٍ وَكُلْ أَنْتَ وَعِيَالُكَ بَقِيَّتَهَا) (دەی بڕۆ بۆ لای بەرپرسی صەدەقەی بەنی زورەیق و بڵێ با کۆڵێک خورما و نانی شەست هەژارت پێ بدات، هەمووی بەکاربهێنە بۆ ژن و منداڵەکانت)، منیش چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و وتم: لای ئێوەوە نارەحەتیم دەست کەوت و لای پێغەمبەریش(ﷺ) کراوەیی و بەرەکەتم دەستکەوت، فەرمانی کرد صەدەقەی خۆتان بدەن بە من، ئەوانیش پێیان بەخشی.[1]

١٥٦٦. سەلەمەی کوڕی عەرادە(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی عەرادەی کوڕی مالیکە، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستنوێژی دەگرت، سەلەمەو عویەینەی کوڕی حیصنیش لە ململانێدا بوون لەسەر بەرماوەی ئاوی دەستنوێژەکەی پێغەمبەر(ﷺ)،پێغەمبەر(ﷺ) بە

[1] جامع الترمذي - أبواب تفسير القرآن عن رسول الله(ﷺ) - باب ومن سورة المجادلة، الرقم ٣٢٩٩ و قال هذا حديث حسن؛ سنن أبي داود - كتاب الطلاق - باب في الظهار، الرقم ٢٢١٣؛ صححه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود،

عویەینەی فەرموو ڕێ بدە مێرمنداڵەکە دەستنوێژ بگرێت، ئەوەبوو دەستنوێژی گرت و دواتر چەندە لە ئاوەکە مابوویەوە خواردیەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەر و دەموچاویدا.[1]

١٥٦٧. سەلەمەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی عەمری کوڕی ئەکوەعە، بەڵام زیاتر بە سەلەمەی کوڕی ئەکوەع ناسراوە.

سەلەمە لە حودەیبییەدا بەشداری کرد، دەوترێت ئەوە یەکەم بەشداری ئەو بووە، تیایدا سەلەمە بەیعەتی مەرگی دا بە پێغەمبەر(ﷺ).

سەلەمە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) چووین بۆ حودەیبییەو هەزار و چوارسەد کەسێک دەبووین، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) لە بنی دارەکەدا بانگی کردین تا بەیعەت بدەین، خەڵکی بەیعەتیان دەدا، دواتر لەنێو خەڵکەکە بووم کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی سەلەمە بەیعەت بدە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من پێش هەموان بەیعەتم پێدایت، فەرمووی: هەمدی، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشای کرد چەکم پێنەبوو، کەوانێکی پێدام، کە خەڵکەکە هەموو تەواو بوون، هەمدی فەرمووی: ئەی سەلەمە بەیعەتم پێ نادەیت؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێش هەموان بەیعەتم پێ دایت، فەرمووی: هەمدی، ئەوەبوو سێ جار بەیعەتم پێدا، ئینجا فەرمووی: ئەی سەلەمە ئەو کەوانەی پێمدایت کوا؟ وتم: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) عامیری مامم بینی هیچ چەکی پێ نەبوو،منیش دام بەو، پێغەمبەر(ﷺ) پێکەنی و فەرمووی: (تۆ وەک ئەوەیت کە یەکەمیان وتی: خوایە خۆشەویستێکم پێ ببەخشە لە خۆم لام خۆشەویستتر بێت)، دواتر وەفدی بێباوەڕان هاتن و ڕێککەوتن کرا، من لەناو سوپاکەی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵادا بووم، خزمەتم دەکرد و لە خواردنی ئەوم دەخوارد، من ژن و ماڵم جێهێشتبوو و لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥١.

کۆچم کردبوو، دوای ڕێککەوتنەکە چوومله سێبەری دارێک دانیشتم، چوار بێباوەڕی قورەیش هاتن بۆم و کەوتنە قسەوتن بە پێغەمبەر(ﷺ)، منیش زۆر داخ لەدڵ بووم بۆیان، چوومە بن دارێکی تر و ئەوانیش چەکیان هەڵواسی و راکشان، لەو بارەدا بووین کە یەکێک لە کۆچەران هاواری کرد ئەی کۆچەران ئیبن زونەیم کوژرا، منیش خێرا شمشێرم هەڵکردو و چووم چەکی ئەو چوارەم برد کە راکشابوون، ئینجا وتم: سوێند بەوەی موحەممەدی رێزدار کردووە هەرکامتان لە شوێنی خۆی هەستێت دەدەم لە گەردنی، ئینجا ئەوانم برد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، عامیری مامیشم کەسێکی گرتبوو و هێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) تەماشایەکی ئەوانی کرد و فەرمووی: ئازادیان بکەن، دواتر گەراینەوە بۆ مەدینە، لە شوێنێ بووین نێوانی ئێمەو بەنی لیحیان شاخێک بوو، ئەوانە بێباوەڕ بوون، پێغەمبەر(ﷺ) نزای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو کەسەی ئەو شەوە پاسەوانی ئەو شاخە بکات، منیش ئەو شەوە دوو یان سێ جار بەسەر ئەو شاخەدا سەرکەوتم، دواتر هاتینەوە مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) هاودەم بە رەباح وشترەکانی خۆی نارد، منیش لەگەڵی بووم، دوایی عەبدورەحمانی فەزاری هێرشی بردە سەر وشترەکانی پێغەمبەر(ﷺ)، شوانەکەی کوشت و هەموو وشترەکانی برد، منیش وتم: ئەی رەباح ئەو ئەسپە بەرەو بیدە بە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و هەواڵیش بدە بە پێغەمبەر(ﷺ) کە بێباوەڕان وشترەکانی ئەویان بردووە، رووەمکردە مەدینەو سێ جار هاوارم کرد فریا کەون، ئینجا کەوتمە شوێن شاڵاوهێنان و تیربارانم دەکردن، بەو شێوە تیربارانم دەکردن تا کەوتنە تەنگاوی نێو شاخەکەوەو منیش لە سەرەوە بەردم تێدەگرتن، وازم نەهێنا تا چی وشتری پێغەمبەر(ﷺ) هەیە هەموویم گێڕایەوە، چواریان ویستیان بێنە سەرەوە بۆم، کە دەنگم گەیشتە لایان، پێم تن من دەناسن؟ وتیان: نا، وتم: من سەلەمەی کوڕی ئەکوەعم، سوێند

بەوەی دەموچاوی موحەممەدی ڕێزدار کردووە هەرکامتان بکەمە ئامانج خۆمی پێ دەگەیەنم، کەسیشتان ناتوانێت دەستی بگەیەنێتە لام، ئەوەبوو گەڕانەوە، لەوێ بووم کە سوارچاکەکانی پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتن.[1]

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع دەڵێت: جڵەوی ئەسپەکەی ئەخرەمم گرت و پێم وت: ئەی ئەخرەم وریایان بە تا پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵانی دێن، ئەخرەم وتی: ئەی سەلەمە ئەگەر بڕوات هەیە بەخوا و ڕۆژی دوای و دەزانیت بەهەشت حەقە و دۆزەخ حەقە مەکەوەرە نێوان من و شەهیدیەوە(ڕێی شەهیدیم لێمەگرە)، منیش وازم لێهێنا، ئەخرەم چوو تا گەیشت بە عەبدورەحمان و لەگەڵی جەنگا و ئەسپەکەی عەبدورەحمانی بریندار کرد، عەبدورەحمانیش دای لە ئەخرەم و کوشتی و چووە سەر ئەسپەکەی ئەخرەم تا ئەبوو قەتادە هات و عەبدورەحمانی کوشت.[2]

هاوارەکەی ئیبنولئەکوەع گەیشتە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش هاوەڵانی ئاگادار کردەوە و بڕێ لە هاوەڵان دەنگی پێغەمبەریان(ﷺ) بیست خێرا چوونە خزمەتی، لەوانە موحریزی کوڕی نەضلە، پێغەمبەر(ﷺ) سەعدی کوڕی زەیدی کرد بە ئەمیریان، یەکەم کەس گەیشت بەو شاڵاوبەرانە موحریز بوو، موحریز سواری ئەسپێ ببوو کە هی مەحموودی کوڕی مەسلەمە بوو،[3] کاتێ گەیشت بە دوژمن پێی وتن ئەی گرۆی بەنی لوکەیعە بوەستن تا کۆچەران و پشتیوانان کە بەدواتانەوەن پێتان ئەگەن.[4]

دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (چاکترین پیادەمان سەلەمە بوو)، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) پشکی سوارەیەک و پیادەیەکیشی بەخشی بە سەلەمە،[5] پاشان پێغەمبەر(ﷺ) تا مەدینە سەلەمەی لە دوای خۆیەوە لەسەر وشترەکە

---

[1] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة ذي قرد وغيرها، الرقم ١٨٠٧.

[2] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة ذي قرد وغيرها، الرقم ١٨٠٧.

[3] البداية والنهاية لإبن كثير، ج٤، ص١٥٠.

[4] البداية والنهاية لإبن كثير، ج٤، ص١٥١.

[5] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة ذي قرد وغيرها، الرقم ١٨٠٧.

سوار کرد،[1] ئینجا کابرایەکی پشتیوانی بە خێرایی بە پیادە دەڕۆیشت و زوو زوو دەیوت کەس نیە تا مەدینە پێشبڕکێم لەگەڵ بکات؟ سەلەمە دەڵێت: منیش کە ئەوەم بیست وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە دایک و باوکمەوە بەقوربانت بم مۆڵەتم بدە با لەگەڵ ئەو کابرایە پێشبڕکێ بکەم، فەرمووی: ئەگەر خۆت بتەوێت باشە، بە کابرام وت: کەمێکیش پێشکەوە، ئینجا کەوتمەڕێ، خۆم گەیاندەوە پێی و دام بە نێو شانیدا و وتم: بەخوا پێشت کەوتم، ئەوەبوو زووتر گەیشتمە مەدینە، هێندەی نەبرد پاش سێ شەو دەرچووین بۆ خەیبەر.[2]

سەلەمە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری حەوت غەزام کرد، لەگەڵ زەیدی کوڕی حارثەشدا بەشداری غەزام کردووە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی کردبوو بە ئەمیرمان.[3]

سەلەمە لە غەزای خەیبەریشدا بەشدار بوو، خۆی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەرچووین بۆ خەیبەرو بە شەو ڕێمان دەکرد، پیاوێک بە عامیری مامی وت: ئەرێ بڕێک شیعرمان بۆ ناڵێیت؟ ئەویش شیعری بۆ هۆنینەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە کێیە؟ وتیان: عامیری کوری ئەکوەعە، فەرمووی: ڕەحمەتی خوای لێ بێت، چووین و گەمارۆی خەیبەرمان دا و تووشی نارەحەتیەکی زۆر بووین تا دواجار خوا سەرکەوتنی پێ بەخشین.[4]

دیمەنی شەهیدبوونی براکەی، بەڵ»ەیەکی دیکەی بەشداریکردنی سەلەمەیە لە غەزای خەیبەردا، خۆی باسی دەکات و دەڵێت: براکەم لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە خەیبەردا جەنگێکی سەرسەختانەی ئەنجامدا، شمشێرەکەی

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٢٩.

[2] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة ذي قرد وغيرها، الرقم ١٨٠٧.

[3] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب بعث النبي(ﷺ) أسامة بن زيد إلى الحرقات من جهينة، الرقم ٤٢٧٢.

[4] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب غزوة خيبر، الرقم ٤١٩٦.

لـە دەسـت هەڵگەڕایـەوەو کـوژرا، هـاوەڵان دوودڵ بـوون لـەوەی ئایـا خـۆی کوشـتووە یـان کـوژراوە.. منیـش لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا پارچـە شیعرێکی براکەمـم خوێندەوە، فەرمـووی: ئـەوە هـی کـێ بـوو؟ وتـم: براکـەم، فەرمـووی: خـوای گـەورە رەحمـی پـێ بـکات، منیـش وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) خەڵکانێک ترسـیان هەیـە لـەوەی نوێـژی لەسـەر بکـەن و دەڵێـن بـە شمشـێرەکەی خـۆی کـوژراوە، ئەویـش فەرمـووی (كَذَبُوا، مَاتَ جَاهِدًا مُجَاهِدًا، فَلَهُ أَجْرُهُ مَرَّتَيْنِ)، (درۆ دەکـەن، لـە جیهادداو بـە موجاهیـدی مـرد و دوو پاداشـتی بـۆ هەیـە) بـە دوو پەنجـەی دەسـتی ئامـاژەی کـرد.[1]

سـەلەمە لـە غـەزای خەیبـەردا قاچـی تووشـی پێـکان بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) دەسـتی هێنـا بەسـەر قاچیـدا و خێـرا قاچـی سـەلەمە چـاک بوویـەوە.[2]

هەروەها سەلەمە لە غەزای موئتەشدا بەشداری کردووە.[3]

سـەلەمە دەڵێـت: جارێـک لـە خزمـەت پێغەمبـەردا(ﷺ) دانیشـتبووین کـە تەرمێکیـان هێنـا و وتیـان: نوێژی لەسـەر بکـە، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: ئایـا قـەرزی لەسـەرە؟ وتیـان: نـا، فەرمـووی: ئـەی هیچـی پـاش خـۆی جێهێشـتووە؟ وتیـان: نـا، بۆیـە نوێـژی لەسـەر کـرد، دوای ماوەیـەک تەرمێـک هێنـرا، وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی لەسـەر بکـە، فەرمـووی: قـەرزی لەسـەرە؟ وتیـان: بەڵـێ، فەرمـووی: ئـەی هیچـی جێهێشـتووە؟ وتیـان: سـێ دینـار، ئەوەبـوو نوێـژی لەسـەر کـرد، دواتـر تەرمـی سـێیەم هێنـرا، وتیـان: نوێژی لەسـەر بکـە، فەرمووی: هیچـی جێهێشـتووە؟ وتیـان: نـا، فەرمـووی: ئـەی قـەرزی لەسـەرە؟ وتیـان: سـێ دنیـار، فەرمـووی: (خۆتـان نوێـژ لەسـەر هاوەڵەکەتـان بکـەن)، ئەبووقەتـادە کـە لـەوێ ئامـادە بـوو، وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی لەسـەر بکـە مـن قەرزەکـەی دەدەمـەوە، ئەوەبـوو پێغەمبـەر(ﷺ) نوێـژی لەسـەر کـرد.[4]

[1] صحيح مسلم – كتاب الجهاد والسير – باب غزوة خيبر، الرقم ١٨٠٢.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٦، ص ٢٩٥.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٢٦.

[4] صحيح البخاري – كتاب الحولات – باب إن أحال دين الميت على رجل جاز، الرقم ٢٢٨٩.

سەلەمە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی عاشووورادا کەسێکی نارد تا هاوار بکات، کێ بەڕۆژوو نەبووە با ئەو بەشەی تری ڕۆژەکە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش هیچی نەخواردووە با هیچ نەخوات.[1]

پێشتر سەبارەت بە ڕۆژووی عاشووراء ڕوونکردنەوەمان داوە.

سەلەمە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەشداری غەزای حونەین بووم، کە گەیشتین بە دوژمن، چوومە پێشەوە، کابرایەکی بێباوەڕ هات بۆم، منیش تیرێکم بۆ هاویشت و ئەویش لە دەستم دەرچوو، هێندەم بینی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) وا پاشەکشە دەکەن و ڕادەکەن، منیش ڕامدەکرد و جلەکانم کۆدەکردەوە، دام بە لای پێغەمبەردا(ﷺ) کاتێک لەسەر سوارەکەی بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئیبنولئەکوەع ترس دایگرتووە.[2]

سەلەمە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و یەکێک بوو لەوانەی لە مەدینە فەتوای دەدا،[3] چونکە یەکێک بوو لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان.[4]

دوای ئەوەی عوثمانی کوڕی عەففان شەهید کرا، سەلەمە چوو بۆ ناوچەی ڕەبذەو لەوێ ژیا، لەوێ ژنی هێنا و منداڵێکی بوو، سەلەمە چەند شەوێک پێش مردنی چوو بۆ مەدینەو لەوێ وەفاتی کرد.[5]

لەو ماوەی سەلەمە لە دەرەوەی مەدینە بوو، جارێک چوو بۆ سەردانی حەججاج، حەججاج وتی: ئەی ئیبنولئەکوەع داوتەتە دواوە و بوویتەتە دەشتەکی؟ سەلەمە وتی: نا، بەڵکو پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی پێداوم.[6]

سەبارەت بە ساڵی مردنی سەلەمە چەند ڕایەک هاتووە، ئیبن حەجەر دەڵێت: ڕای ڕاست ئەوەیە لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا بووە، ڕایەک

[1] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب إذا نوى بالنهار صوما، الرقم ١٩٢٤؛ صحيح مسلم - كتاب الصيام - باب من أكل في عاشوراء فليكف بقية يومه، الرقم ١١٣٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٣١.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣٠.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٩، ص ٦.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥١.

[6] صحيح البخاري - كتاب الفتن - باب التعرب في الفتنة، الرقم ٧٠٨٧.

دەڵێت: لە ساڵی شەست و چواری کۆچی بووە، رایەکیش دەڵێت: لە کۆتایی ماوەی دەسەڵاتی موعاویەدا وەفاتی کردووە.[1]

ذەهەبی دەڵێت: کاتێک وەفاتی کرد تەمەنی لە نەوەد ساڵ بەرەو سەر بوو.[2]

١٥٦٨. سەلەمەی کوڕی عیاض(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی عیاضی ئەسەدیە، هاودەم بە جاروودی عەبدی هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێش ئەوەی بگەنە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێدان کە بۆچی هاتون، سەلەمەش شیعرێکی پیاهەڵدانی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هۆنیەوە.[3]

١٥٦٩. سەلەمەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی قەیسی ئەشجەعیە، سەلەمە یەکێکە لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی و دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ)دەیفەرموو (لاَ تشرِكُوا بِاللهِ شَيْئًا، وَلاَ تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللهُ إلاَّ بِالحَقِّ، وَلاَ تسرِقُوا، وَلاَ تَزْنُوا) (هیچ هاوەڵێک بۆ خوا بڕیار مەدەن و ئەو نەفسەی خوا کوشتنی حەرام کردووە لەسەر حەق نەبێت مەیکوژن، دزی و زینا مەکەن).[4]

سەلەمە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری فتووحات بوو، خەلیفە خۆی سەلەمەی هاودەم بە کەسانێ راسپارد تا بچن بۆ ناوچەیەکی فارسەکان، ئینجا ئامۆژگاری کردن، سەلەمەش ئەمیری خەڵکەکە بوو.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥١.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٣٣١.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٢.

[4] المستدرک على الصحيحين - كتاب الحدود - النهي عن الأربع الموبقات، الرقم ٨١٢٥ صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[5] سنن سعيد بن منصور، الرقم ٢٢٩٥.

١٥٧٠. سەلەمەی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی مالیکی سولەمیە، سەلەمە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بەشە زەویەکی بڕیەوە بۆ سەلەمەی کوڕی مالیک و بۆ ئەوەش نامەیەکی بۆ نووسی.[١]

١٥٧١. سەلەمەی کوڕی مەسعوود(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی مەسعوودی کوڕی سینانە، لە پشتیوانانە، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[٢]

١٥٧٢. سەلەمەی کوڕی موعاویە(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی موعاویەی کوڕی وەهبی کیندیە، وەک وەفد چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٣]

١٥٧٣. سەلەمەی کوڕی میلا(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی میلائی جوهەنیە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککە، لەو غەزایەدا لەناو سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلیددا بوو، بەڵام ئەو شارەزای ڕێ نەبوو، بۆیە ڕێی لێ تێکچوو و کەوتە بۆسەی بێباوەڕانەوەو شەهید کرا.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٤.

١٥٧٤. سەلەمەی کوڕی نوعەیم(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی نوعەیمی ئەشجەعیە، خۆیشی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون.

سەلەمە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (من لقي الله لا يشرك به شيئا دخل الجنة، وإن زنى وإن سرق)،[1] (هەرکەس بگاتەوە بە خواو هیچ هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدابێت دەچێتە بەهەشتەوە، با زینایشی کردبێت و دزیشی کردبێت).

سەلەمە دەڵێت: لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید بەشداری جەنگی یەمامەم کرد، کە چووینە مەیدانی جەنگەکەوە، یەکێک لەوانم بریندار کرد، کە کەوتە زەوی وتی: خوایە لە سەر میللەتی تۆ و پێغەمبەرەکەت، من دوورم لەوەی موسەیلەمەی لەسەرە، منیش پەتێکم بەستەوە بە قاچیەوە و لەگەڵ خەڵکەکە چووم، دواتر کە گەڕامەوە وتم: کێ ئەم کابرایە دەناسێت؟ خەڵکێکی یەمەن دایان بەلامدا و وتیان: ئەوە کابرایەکی موسڵمانی یەمەنە، ئینجا لە سەردەمی عومەردا گەڕامەوە بۆ مەدینە، ئەو بەسەرهاتەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی: باشت کرد، بڕۆ خۆت و هۆزەکەت دەبێت خوێن بایی بدەن و دەبێت کۆیلەیەکی باوەڕداریش ئازاد بکەیت.[2]

١٥٧٥. سەلەمەی کوڕی نوفەیل(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی نوفەیلی کیندیە، سەلەمە چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

سەلەمە دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دانیشتبووین کە سروشی بۆ دادەبەزی، فەرمووی: (إني غير لابث فيكم، ولستم لابثين بعدي إلا قليلا، وستأتوني أفنادا،

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(رضي الله عنهم) - حديث سلمة بن نعيم(رضي الله عنه)، الرقم ١٨٥٧٣، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] مشكل الآثار للطحاوي، الرقم ٥٢٢٧.

يفني بعضكم بعضا، وبين يدي الساعة موتان شديد، وبعده سنوات الزلازل)،[1] (من لەنێوتاندا نامێنمەوە، ئێوەش زۆر دوای من نامێننەوە، ئێوەش بە لەناوچوون دێنەوە بۆ لام، یەكدی لەناو دەبەن، بەر لە رۆژی دوایی مەرگی سەخت هەیە، دوای ئەوە ساڵانی بومەلەرزە دێن).

١٥٧٦. سەلەمەی كوڕی هیشام(﵁)

ناوی سەلەمەی كوڕی هیشامی كوڕی موغیرەی مەخزوومیە، برای ئەبووجەهلە، كونیەكەی ئەبووهاشیمە، ئەم هاوەڵە پێچەوانەی براكەی یەكێكە لەو كەسانەی كە زۆر زوو موسڵمان بوو، بەڵام بێباوەڕان ئەویان بەند كردبوو و نەیاندەهێشت كۆچ بكات بۆ مەدینەو زۆر ئازار و ئەشكەنجەشیان دەدا، ماوەیەكی زۆر پێغەمبەر(ﷺ) لە نوێژەكانیدا نزای بۆ ئەو و چەند كەسێكی تر دەكرد تا خوا رزگاریان بكات.[2]

دایكی سەلەمە ناوی ضباعەی كچی عامیرە.[3]

بەپێی گێڕانەوەیەک سەلەمە سەرەتا كۆچی كردووە بۆ حەبەشە، دواتر لە حەبەشە گەڕاوەتەوە بۆ مەككەو ئەوكات لەوێ بەند كراوەو ئیتر نەیانهێشتووە كۆچ بكات بۆ مەدینە.[4]

پێغەمبەر(ﷺ) لە كۆتا ركاتدا نزای دەكرد(خوایە عەیاشی كوڕی ئەبی رەبیعە رزگار بكە، خوایە سەلەمەی كوڕی هیشام رزگار بكە، خوایە وەلیدی كوڕی وەلید رزگار بكە، خوایە باوەڕدارە بێدەسەڵاتەكان رزگار بكە، خوایە خەشمت بۆ سەر موضەر توند بكە، خوایە وێنەی وشكە ساڵی سەردەمی یووسفیان تووش بكە).[5]

[1] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب إخباره(ﷺ) عما يكون في أمته من الفتن والحوادث - ذكر الإخبار عن وجود كثرة الزلازل في آخر الزمان، الرقم ٦٧٧٧، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٥.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣٠.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣٠.

[5] صحيح البخاري - كتاب الدعوات - باب الدعاء على المشركين، الرقم ٦٣٩٣؛ صحيح مسلم - كتاب

ئەوەبوو سەلەمەو عەییاش و وەلید دەرچوون و خەڵکی لە قورەیش کەوتنە شوێنیان، بەڵام نەیانتوانی بیانگرن، لە نیوەی رێدا پەنجەیەکی وەلید قرتا و خوێنی لێهات و بەو هۆیەوە مرد.[1]

گەیشتنی سەلەمە بە پێغەمبەر(ﷺ) پاش غەزای خەندەق بوو، واتە تا ئەو کاتە لە مەککە بەند بوو.[2]

سەلەمە یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای موئتە، خەڵکی تانەیان دەدا لەوانەی لە موئتە بەشدار بوون و بە راکردوان ناویان دەبردن، بۆیە جار هەبوو سەلەمە نەدەچوو بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی خەڵکێک وای پێ نەڵێن.[3]

سەلەمە پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ شام و لەوێ سەرقاڵی جیهاد بوو تا لەساڵی چواردەی کۆچیدا لە جەنگی مرج الصفردا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت: لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بوو.[4]

١٥٧٧. سەلەمەی کوڕی ئەبی سەلەمە(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی ئەبی سەلەمەیە، دایکی ناوی ئومموسەلەمەیە کە دوای وەفاتی باوکی سەلەمە، ئوممو سەلەمە شووی کرد بە پێغەمبەر(ﷺ)، ئیتر سەلەمە لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) گەورە بوو و مایەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) دواتر ئومامەی کچی حەمزەی لە سەلەمە مارە کرد، ئەوکات هەردووکیان تازەپێگەیشتووبوون، بەڵام هێندەی نەبرد ئومامە کۆچی دوایی کرد، سەلەمە پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی ئومەویەکاندا کۆچی دوایی کرد.[5]

المساجد ومواضع الصلاة - باب استحباب القنوت في جميع الصلاة إذا نزلت بالمسلمين نازلة، الرقم ٦٧٥.

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣٣.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣٠.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٥.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٥.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص١٤٩.

١٥٧٨. سەلەمەی کوڕی یەزید(ﷺ)

ناوی سەلەمەی کوڕی یەزیدی جوعفیە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[١]

سەلەمە دەڵێت: خۆم و براکەم چووینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایکمان لە سەردەمی نەفامیدا ڕێزی میوانی دەگرت و پەیوەندی خزمایەتی هەبوو، ئایا ئەو کارەی هیچ سوودێکی پێدەگەیەنێت؟ فەرمووی: (نا)، سەلەمە وتی: جا دایکمان کاتی خۆی لە سەردەمی نەفامیدا ئافرەتێکی زیندەبەچاڵ کرد کە هێشتا باڵغ نەبووبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الموئودة و الوائدة في النار، إلا أن تدرك الوائدة الإسلام)،[٢] (زیندەبەچاڵ کراو و زیندە بەچاڵ کەریش هەردووکیان لە دۆزەخن، مەگەر زیندە بەچاڵ کەرەکە گەیشتبێت بە ئیسلام و موسڵمان بووبێت).

مەسەلەی چوونە بەهەشت یان دۆزەخی ئەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان بێباوەڕ بوون و خۆیشیان بێباوەڕ بوون و هێشتا نەگەیشتوونەتە تەمەنی باڵغ بوون و مردون، قسەی زۆری لەسەرە، بەڵام رای دروست و راست ئەوەیە ئەوانە شوێنیان بەهەشتە، لەبەرئەوەی تا تەمەنی باڵغ بوون تاوان لەسەر بەندە نانووسرێت، سەبارەت بە بێباوەڕبوونی دایک و باوکیشیان خوای گەورە لەسەر خراپەی کەسی تر سزای کەس نادات (لا تزر وازرة وزر أخرى).

شوعەیب ئەرنائووط لە بارەی ئەم فەرموودەوە دەڵێت: لە دەقەکەیدا نەشیاوی و نارەوایی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کچەی زیندەبەچاڵ دەکرێت و نەگەیشتووەتە تەمەنی باڵغی دەچێتە دۆزەخەوە، ئەمە لە کاتێکدا چەندین دەقی شەریعەت هەن دەیسەلمێنن ئەو کەسەی باڵغ نەبووە هیچ

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٥٦.

[٢] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(ﷺ) - حديث سلمة بن يزيد الجعفي(ﷺ)، الرقم ١٦١٦٩؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب التفسير - سورة التكوير، الرقم ١١٥٨٥.

ئەرکێکی لەسەر دانەنراوە، لای توێژەرانی ئەهلی عیلمیش رای دروست و وەرگیراو ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی بێباوەڕان کە پێش باڵغ بوون دەمرن دەچنە بەهەشتەوە.[1]

وائیلی حەضرەمی دەڵێت: سەلەمەی کوڕی یەزید پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر سەرکردەگەلێکی وامان هەبوون داوای مافمان لێ بکەن کەچی مافی ئێمە نەدەن، فەرمان دەکەیت چی بکەین؟ پێغەمبەر(ﷺ) وەلامی نەدایەوە، هەمدی پرسیاری کرد و پێغەمبەر(ﷺ) رووی وەرگێڕا، جاری سێیەم کە پرسیاری کرد ئەشعەثی کوڕی قەیس رایکێشایە ئەملاوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اسمعوا وأطيعوا، فإنما عليهم ما حملوا وعليكم ما حملتم)،[2] (گوێڕایەڵ و پابەند بن، چونکە ئەوان ئەوەی لەسەریان دانراوە لەسەریانەو ئەوەش لەسەر ئێوە دانراوە لەسەرتانە).

١٥٧٩. سەلەمەی کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ئەسلەمە، لەپشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووسەعیدە،[3] دایکی ناوی سوعادی کچی رافیعە.[4]

سەلەمە چەند خوشکێکی هەبوو بە ناوەکانی لوبابەو سەلما و سوهەیمە و ئوممورەبیع کە هەموویان هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون و بەیعەیان پێدابوو.[5]

سەلەمە یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[6] لەو غەزایەدا شمشێرەکەی سەلەمە شکا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دارێکی دایە دەستی و فەرمووی: بەوە بجەنگە، ئیتر بوو بە شمشێرێکی چاک و بەردەوام جەنگی پێدەکرد تا

---

[1] تعليقات على مسند أحمد بن حنبل.

[2] صحيح مسلم - كتاب الإمارة - باب في طاعة الأمراء وإن منعوا الحقوق، الرقم ١٨٤٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٦.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٣٣.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.

سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب بەدەستیەوە مایەوە.[1]

سەلەمە دواتر لە ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[2]

لە غەزای خەندەقدا کە موسڵمانان خەریکی لێدانی خەندەق بوون، پێغەمبەر(ﷺ) چەند کەسێکی بە سوپاوە راسپارد تا پارێزگاری شارەکە بکەن، لەوانە سەلەمەی کوڕی ئەسلەم بە دووسەد کەسەوە پارێزگاری لە شارەکە دەکرد.[3]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوای رووداوی بەنی نەضیر سەلەمەی هاودەم بە عەمری کوڕی ئومەییە نارد تا ئەبووسوفیان بکوژن،[4] چونکە پێشتر ئەبووسوفیان بە دەستەیەکی قورەیشیەکانی وتبوو کەسێک نیە بتوانێت موحەممەد تیرۆر بکات؟ چونکە وا ئەو بە بازاڕدا پیاسە دەکات، ئەوەبوو کابرایەکی زۆر دڵرەقی دەشتەکی ئامادە بوو تیرۆری بکات، کە هاتە مەدینە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو کابرایە دەیەوێت ناپاکی بنوێنێت، ویستی هێرش ببات بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر رێی پێ گرت و ویستی بیکوژێت، پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی نەدا، کابرا دانی نا بە تاوانەکەیدا و وتی: کە چۆن هاتووە، ئینجا موسڵمانیش بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەو سەلەمەی کوڕی ئەسلەمی نارد تا ئەگەر دەرفەتیان بۆ بوو ئەبووسوفیان بکوژن، ئەوەبوو چوونە مەککەوەو عەمر شەو تەوافی کەعبەی دەکرد کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ئەوی بینی و هەواڵی دا بە قورەیش، ئەوانیش وتیان: عەمر نیازی چاک نیە، خێرا عەمر و سەلەمە گەڕانەوە بەرەو مەدینە.[5]

---

[1] الإعتقاد للبيهقي، الرقم ٢٨٣.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٤٤٦.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٦٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٩٤.

هەروەها سەلەمە یەکێک بوو لە ئەندامانی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید.[1]

سەلەمە دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا شەهید بوو،[2] لەو کاتەدا تەمەنی شەست و سێ ساڵان بوو.[3]

١٥٨٠. سەلەمەی کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ئەسوەدی کوڕی شەجەرەی کیندیە، وەک وەفد هاودەم بە علسی برای هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[4]

١٥٨١. سەلەمەی کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەفی جومەحیە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لەسەر موتعە بەردەوام بوو تا ئەوەی خەلیفە عومەر هۆشیاری کردەوە لە حەرامی ئەو هاوسەرگیریە.[5]

١٥٨٢. سەلەمەی کوڕی ئومەییەی تەمیمی(رضي الله عنه)

ناوی سەلەمەی کوڕی ئومەییەی کوڕی ئەبی عوبەیدەی تەمیمیە، برای یەعلای کوڕی ئومەییەیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

سەلەمە هاودەم بە یەعلای برای بەشداری غەزای تەبووک بوو.[6]

---

(١) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٩٠.

(٢) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.

(٣) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٤٦.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٣.

(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٣.

(٦) السنن الكبرى للنسائي - كتاب القسامة - الرجل يدفع عن نفسه - ذكر الاختلاف على عطاء في هذا الحديث، الرقم ٦٩٤١.

١٥٨٣. سەلما کچی زەید(ﷺ)

ناوی سەلمای کچی زەیدیە، لە پشتیوانانە، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[١]

١٥٨٤. سەلمانی فارسی(ﷺ)

سەلمانی فارسی هاوەڵی نزیکی پێغەمبەر(ﷺ) و نەوەی فارسەکانە، هاوەڵێکی زۆر ناسراو و دڵسۆز بە ئیسلامە.

سەلمان بە هەریەک لە ناوەکانی سەلمانی فارسی و سەلمانی کوڕی ئیسلام و سەلمانولخەیر و ئەبووعەبدوڵای فارسی ناسراوە.[٢]

سەبارەت بە ناوە سەرەکیەکەی سەلمان چەند ناوێک هاتووە(ماهەوەیە، مایە، بیهبوود).[٣]

سەبارەت بە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبونی هەریەک لە رامهورمز و ئەصفەهان هاتووە،[٤] بەڵام لە زۆربەی گێڕانەوەکاندا ناوی گوندێکی سەر بە ئەصفەهان هاتووە.

موسڵمانبوونی:

چەند گێڕانەوەی جیاواز هاتووە سەبارەت بە سەرەتای ژیانی سەلمان و موسڵمانبوونی:

سەلمان دەڵێت: باوکی من لەنەوەی کیسراکان بوو، منیش دەچووم بۆ قوتابخانەو دوو مێرمنداڵیشم لەگەڵدا بوو، کە دەگەڕانەوە لە ڕێگەدا لایاندەدا بۆ لای قەشەیەک، منیش لەگەڵیان چووم بۆ لای، ئەویش بە دوانەکەی وت: مەگەر نەموت جگە لە خۆتان کەس نەهێنن بۆ لام؟ منیش بەردەوام

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ١٤١.
[٣] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥٥.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤١.

دەچووم تا وای لێهات منی لەوان زیاتر خۆشدەویست، پێی دەوتم ئەی سەلمان ئەگەر باوکت و ئەوان پرسیاریان کرد لە کوێ بوویت و بۆ درەنگ هاتوویتەتەوە، بڵێ مامۆستاکەم درەنگ مۆڵەتی دام، ئەگەریش مامۆستاکەت وتی: بۆچی دواکەوتویت، بڵێ لەماڵەوە درەنگ مۆڵەتیان دام، منیش وامدەکرد، ئینجا کابرای قەشە وتی: ئەی سەلمان من نیازم هەیە لێرە بڕۆم، ئەوەبوو چوو بۆ لادێیەک، ژنێک زوو زوو دەچوو بۆ سەردانی، کاتێک ئەو کابرایە سەرەمەرگی هات، وتی: سەلمان ئەو شوێنە هەڵکەنە، منیش ئەو شوێنەم هەڵکەند، دەبینم کووپێک درهەمە، وتی: هەڵیرژە بەسەر سنگمدا، منیش وامکرد، ئەویش بە دەستی دەیدا بەسەر سنگیدا و دەیوت هاوار بۆ قەشە، ئەوەبوو مرد.[١]

سەلمان دەڵێت: من کابرایەک بووم خەڵکی ناوچەی جەی بووم، خەڵکی گوندەکەم ئەسپیان دەپەرست، منیش دەمزانی ئەوان لەسەر ڕێی ڕاست نین، ئەوەبوو پێم وترا ئەو ئایینەی تۆ دەتەوێت لە ڕۆژئاواوەیە، منیش چووم تا گەیشتمە موصڵ، لەوێ پرسیارم کرد باشترین کەس کێیە؟ کەسێکیان نیشان دام لە پەرستگایەکدا بوو، چووم بۆ لای و وتم: من خەڵکی جەیم و هاتوم بۆ ئیش دەگەڕێم و دەمەوێت زانستیش فێر بم، ڕێم بدە لات بمێنمەوە خزمەتت دەکەم با لای تۆیش زانست وەربگرم، ئەویش ڕازی بوو و منیش لای مامەوە تا ئەو کاتەی سەرەمەرگی هات، ڕێنموونی کردم بچم بۆ لای کابرایەک لە ناوچەی جزیرە.[٢]

سەلمان دەڵێت: باوکم خەڵکی ئەصفەهان بوو و دایکیشم دەوڵەمەند بوو، بۆیە منی برد بۆ لای مامۆستایان لە قوتابخانە تا بخوێنم، منیش لەگەڵ منداڵانی گوندەکەمان دەچووم بۆ خوێندن، من لە هەموویان باڵابەرزتر و

[١] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر سلمان الفارسي(ﷺ)، الرقم ٧١٢٤.

[٢] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر من لقي سلمان الفارسي قبل الإسلام من الراهبين وذكر عتق سلمان الفارسي، الرقم ٦٦٠٧.

بەتەمەنتر بووم، ئەوەبوو ماوەی پشووی خوێندنم هەبوو، لە رێدا شاخێک هەبوو کە ئەشکەوتێکی تێدا بوو، رۆژێک خۆم تەنها چووم، تەماشای ئەشکەوتەکەم کرد کابرایەکی تێدایە کە جلوبەرگ و نەعلەکانیشی لە مووی ئاژەڵ بوو، لێی نزیک بوومەوە، کابرا بە منی وت: عیسای کوری مەریەم دەناسیت؟ وتم: نا، وتی: ئەو پێغەمبەری خوا بوو و موژەی داوە بە هاتنی پێغەمبەرێک پاش خۆی بە ناوی ئەحمەد، خوا لە خەمی دنیا بەرەو رۆح و خۆشبەختی ئاخیرەتی برد، منیش وتم: خۆشبەختی ئاخیرەت چیە؟ وتی: خۆشبەختیەکە لەناوناچێت، چێژ و رووناکی لە لێوەکانی ئەو پێغەمبەرەوە دەردەچێت، ئیتر ئەو کابرا دڵی راکێش کردم و لە هاورێکانم جیا بوومەوەو بە تەنها دەچووم، دایکم کە دەیناردم بۆ لای مامۆستاکان، من لە رێدا لامدەدا بۆ لای کابرا، ئەویش فێری ئەوەی کردم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و عیسا پێغەمبەری خوایە وپاش ئەو موحەممەد پێغەمبەری خوایە، ئیمان بە زیندووبوونەوەو چۆنێتی نوێژکردنی فێر کردم.[1]

سەلمان دەڵێت: من کابرایەکی فارس بووم لە گوندێکی سەر بە ئەصفەهان کە پێی دەوترا جەی، باوکم دیهقانی ئەو گوندە بوو، من لای باوکم خۆشەویستترین کەسی سەر زەوی بووم، هێندە منی خۆشدەویست کە وەک چۆن ئافرەت لەماڵەوە دەهێڵرێتەوە، باوکم ئاوەها لە ماڵەوە دەیهێشتمەوە، منیش تەواو لە ئایینی مەجووسیەتدا رۆچووبووم، هێندە سەرقاڵی مەجووسیەت بووم کە سەرپەرشتی ئاگری پەرستگام دەکرد، باوکم پێشتر ئەو کارەی دەکرد و منیش نەمدەهێشت ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، باوکم باخێکی گەورەی هەبوو، رۆژێک سەرقاڵی بیناکاری بوو و نەیتوانی بچێت بۆ لای باخەکەی، بە منی وت: کورێ شیرینم من ئەمرۆ سەرقاڵی ئەم بینایەم و ناتوانم بچم بۆ لای رەز و باخەکەم، جا تۆ لە بری من برۆ فلانە ئیش و ئیش بکە، کە ویستم بکەومە رێ، وتی: کورەکەم دوانەکەویت،

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١٦.

دوانەکەوتنەکەتلە هەموو سامان و کارەکانم لام گرنگترە، منیش کەوتمەڕێ، لە رێدا دام بە لای کڵێسایەکی مەسیحیەکاندا و لەوێ دەنگی ئەوانم بیست کە نوێژیان دەکرد، من پێشتر لەبەرئەوەی هەمیشە لە ماڵ بووم و باوکم نەیدەهێشت بێمە دەرەوە، نەمدەزانی هەواڵی خەڵکی چۆنە، کە چووم بۆ لای مەسیحیەکان و ئەوانم بینی، وتم: بەخوا ئاینەکەی ئەوان زۆر باشترە لەوەی ئێمە، بەو هۆیەوە دواکەوتبووم، باوکیشم ترس دایگرتبوو و کەسی ناردبوو بە شوێنمدا تا بزانێت بۆچی دواکەوتوم، خۆر ئاوابووبوو من هەر لای مەسیحیەکان بووم و کارەکەی باوکمم نەکرد، پێش ئەوەی جێیان بهێڵم، بەوانم وت: بنەرەتی ئەم ئاینەی ئێوە لە کوێیە؟ وتیان: لە شام، منیش گەڕامەوە بۆ لای باوکم، وا باوکمم سەرقاڵ کردبوو وازی هێنابوو لە کارەکەی خۆیشی، کە چوومەوە بۆ لای باوکم، وتی: کوڕە شیرینەکەم لە کوێ بوویت؟ مەگەر نەموت دوا نەکەویت؟ منیش وتم: باوکە گیان دام بە لای خەڵکێکدا لە کڵێسایەکدا نوێژیان دەکرد، منیش سەرسام بووم بەئاینەکەیان، لایان مامەوە تا خۆرئاوابوون، باوکیشم وتی: کوڕی شیرینم ئەو ئاینەی ئەوان راست نیە، ئاینی باوباپیرانت باشترە لەوە، منیش وتم: نەخێر باوکە گیان، بەخوا ئاینەکەی ئەوان لەوەی ئێمە باشترە، کە ئەمەم وت: باوکم ترس دایگرت و بڕیاریدا بەندم بکات تا واز لەئاینەکەم نەهێنم، کۆتی خستە قاچەکانم و لە ماڵەوە منی بەند کرد، منیش هەواڵم نارد بۆ مەسیحیەکان ئەگەر کاروانێک لە مەسیحیەکانی شام هاتن بۆ لاتان، هەواڵم بۆ بنێرن، پاش ماوەیەک هەواڵیان بۆ ناردم کە کاروانێک هاتووە، منیش وتم: ئەگەر ئیشیان تەواو بوو و ویستیان بڕۆنەوە هەواڵم پێبدەن، ئەوەبوو کە ویستیان بگەڕێنەوە هەواڵیان پێدام، منیش کۆتی ئاسنینی قاچەکانم لابردو دەرچووم تا گەیشتمە لایان و لەگەڵیان چووم بۆ شام، کە چوومە ئەوێ وتم: کێ باشترین کەسە لەم ئاینەدا تا بچم بۆ لای؟ وتیان: فلانە

قەشە لە کڵێسا، چووم بۆ لای و وتم: دڵم چووەتە سەر ئەم ئایینەو حەز دەکەم لەگەڵ تۆ بم و لەم کڵێسایەدا خزمەتت بکەم و لە تۆیشەوە زانستی ئەم ئایینە فێر ببم، ئەویش رازی بوو، چووم بۆ لای و لەوێ مامەوە، کابرای قەشە کابرایەکی خراپ بوو، کاتێک قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد هانی دەدان بۆ خێرکردن، کاتێک خەڵکی خێر و زەکاتیان دەهێنا بۆ ئەو تا دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، ئەو لای خۆی دەیهێشتەوە بۆ خۆی و دابەشی نەدەکرد، بەو جۆرە تا حەوت سندوق زێڕی کۆکردەوە، من بەو هۆیەوە زۆر رقم لێی بوو، پاش ماوەیەک مرد، مەسیحیەکان کۆبوونەوە تا تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن، منیش خۆم نەگرت و بەوانم وت: ئەم کابرایە کابرایەکی خراپ بوو، کاتێک قسەی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد هانی دەدان بۆ خێرکردن، کاتێک خەڵکی خێر و زەکاتیان دەهێنا بۆ ئەو تا دابەشی بکات بەسەر هەژاراندا، ئەو لای خۆی دەیهێشتەوە بۆ خۆی و دابەشی نەدەکرد، ئینجا ئەوانم برد و شوێنی زێڕەکانی قەشەکەم نیشان دان، ئەوانیش کە ئەوەیان بینی، وتیان: بەخوا نابێت بخرێتە ژێر گڵ، بردیان و لەخاچیان دا، ئینجا کەوتنە بەردباران کردنی، دوای ئەوەقەشەیەکی تریان لە شوێنی ئەودا دانا، ئەمەیان زۆر دنیانەویست و دوارۆژویست بوو، شەو و رۆژی لە پەرستشتدا بەسەر دەبرد، پێشتر هیچ کەسم هێندەی ئەو خۆش نەویستبوو، بەردەوام لە لای مامەوە تا سەرەمەرگی هات، وتم: ئەی فلانە کەس، وا دەبینیت سەرەمەرگت هاتووە، بەخوا من کەسم هێندەی تۆ خۆشنەویستووە، جا فەرمانی چیم پێ دەکەیت و بۆ لای کێم دەنێریت؟ ئەویش وتی: کوڕی شیرینم، بەخوا تەنها کابرایەک دەناسم لەسەر حەق مابێت کە لە موسڵە، بچیت بۆ لای دەبینیت وەک من وایە، کە ئەو زانایە مرد و ئەسپەردەکرا، پاش ماوەیەک چووم بۆ موسڵ بۆ لای ئەو کابرایەی مامۆستاکەم پێی وتبووم و تەماشام کرد ئەمیش دنیانەویست و خواپەرستە،

وتـم: فلانەکـەس وەسـیەتی بـۆ کـردم بێـم بـۆ لای تـۆ تـا لەگـەڵ تـۆ بمێنمـەوە، ئەویـش وتـی: دەی کـوڕی شـیرینم بمێنـەرەوە، منیـش لای مامـەوە تـا ماوەیەکی زۆر لای مامـەوە، دواتـر ئەویـش سـەرەمەرگی هـات، وتـم: فلانـە مامۆسـتای پێشـووم کـە سـەرەمەرگی هـات وەسـیەتی بـۆ کـردم بێـم بـۆ لای تـۆ، ئـەی تـۆ وەسـیەتی چیـم بـۆ دەکەیـت و بـۆ کوێـم دەنێریـت؟ چونکـە وەک دەبینیـت وا خـوا تـۆی خسـتووەتە ئـەو حاڵـەوە کـە تیایدایـت، ئەویـش وتـی: کـوڕی شـیرینم بەخـوا تەنهـا یـەک پیـاو شـک دەبـەم لـە نصیبینـە، کـە زاناکـە مـرد و ئەسـپەردە کـرا، کەوتمـەڕێ بـەرەو نصیبیـن و خـۆم گەیانـد بـەو کابرایـە، لای ئەویـش بـە هەمـان شـێوە مامـەوە تـا ئەویـش سـەرەمەرگی هـات، وەسـیەتی بـۆ کـردم بچـم بـۆ لای کابرایـەک لـە ناوچـەی عمووریـە لـە خاکـی رۆم، منیـش چـووم بـۆ لای و لـەوێ بینیـم ئەویـش هاوشـێوەی ئەمـان خواپەرسـت و چاکـەکارە، لـەوێ لەگـەڵ پەرستشـەکەمدا کاسپیشـم کـرد و بڕێـک مـەڕو مـاڵات و چەنـد مانگایەکـم دەسـتکەوت، ئـەم زانایـەش سـەرەمەرگی هـات، لـە سـەرەمەرگیدا وتـم: وەسـیەتم بـۆ دەکەیـت بچـم بـۆ لای کـێ؟ وتـی: کـوڕی شـیرینم بەخـوا کـەس لـەم سـەرزەویەدا شـک نابـەم لەسـەر ئـەو بـاری ئاییندارییە مابێتـەوە کـە ئێمـە لەسـەری بوویـن تـا بتنێـرم بـۆ لای، بـەڵام تـۆ نزیکـی سـەردەمێکیت کـە لـە ناوچـەی حـەرەم پێغەمبەرێـک دەنێرێـت و کـۆچ دەکات بـۆ خاکێـک لەنێوان دوو شـاخدایەو زەویەکـە دارخورمـای لێیـە، چەنـد نیشـانەیەک لـەو پێغەمبـەرەدا هەیـە کـە شـاراوە نیـن، نێوانـی دوو شـانی مـۆری پێغەمبەرایەتـی پێوەیـە، دیاری دەخـوات و صـەدەقـە ناخـوات، ئەگـەر بتوانیـت بچیـت بـۆ ئـەو ناوچەیـە بـڕۆ، چونکـە کاتـی دەرکەوتنـی نزیکـەو پێـی دەگەیـت، ئەویـش مـرد و ئەسـپەردەمان کـرد، دواتـر لـەوێ مامـەوە تـا کاروانێکـی بازرگانانـی عـەرەب لـە هـۆزی کەلبیـەکان هاتـن، منیـش بەوانـم وت: بمبـەن بـۆ خاکـی عـەرەب لـە بەرامبـەردا ئـەو مـەڕ و مـاڵات و چەنـد مانگایـەی هەمـە دەیـدەم بـە ئێـوە، ئەوانیـش رازی

بوون، لەگەڵ خۆیان منیان برد، کە گەیشتینە وادیلقورا، لەوێ ستەمیان لێکردم و وەک کۆیلە منیان بە کابرایەکی جوولەکە فرۆشت، بەخوا لەوێ دارخورمام بینی و هیوام وابوو ئەوە ئەو شارە بێت کە مامۆستاکەم پێی وتم، بەڵام دڵنیا نەبووم تا کابرایەک لە بەنی قورەیضە هات و منی لەو خاوەنەی پێشووم کڕی، منی برد تا گەیشتینە مەدینە، هەرکە مەدینەم بینی یەکسەر زانیم ئەو شارەیە کە مامۆستاکەم بۆی وەسفکردبووم، لەوێ بە کۆیلەیی مامەوە تا ئەوەی خوای گەورە پێغەمبەری خوای(ﷺ) لە مەککە نارد، بەڵام من هیچ هەواڵیم نەبوو، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ)کۆچی کرد و گەیشتە قوبا، لەو کاتەدا لەسەر دارخورمایەک ئیشم دەکرد بۆ خاوەنەکەم، ئامۆزایەکی خاوەنەکەم هات و وتی: فلانەکەس خوا بەنی قیلە لەناوبەرێت، بەخوا ئێستا ئەوان لە قوبائدا کۆبوونەتەوەو لە دەوری کابرایەک خڕ بون کە لە مەککەوە هاتووەو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات، -سەلمان دەڵێت- منیش کە ئەوەم بیست تەزوویەک هات بە لەشمدا و خەریک بوو بکەوم بەسەر خاوەنەکەمدا، خێرا لەسەر دارخورماکە دابەزیم و وتم: ئەو هەواڵە چی بوو هێنات؟ خاوەنەکەم دەستی بەرز کردەوەو بە توندی زللەیەکی لێدام و وتی: تۆ حەقت چیە بەسەر ئەو شتانەوە، منیش وتم: هیچ، تەنها حەزم کرد ئەو هەواڵە ببیستم، بۆ ئێوارەکەی بڕێک خواردنم لابوو هەڵمگرت و چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە هێشتا لە قوبا مابوویەوە، وتم: تۆ کابرایەکی پیاوچاکیت و هاوەڵانێکی غەریبەت لەگەڵە، منیش بڕێک صەدەقەم پێیە، پێم وایە ئێوە لەهەموو کەس زیاتر ئەمەتان پێ دەشێت، فەرموون، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی لێی نەخوارد و دای بە هاوەڵانی لێیان خوارد، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم: ئەمە یەکێکە لە نیشانەکان کە مامۆستاکەم پێی وتم، دواتر گەڕامەوەو پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ مەدینە، کە هاتە مەدینە بڕێکی تر خواردنم کۆکردەوەو چوومەوە خزمەتی و وتم: بینیم پێشتر صەدەقەت

نەدەخـوارد، ئەمەیـان دیاریـە، فەرمـوو، پێغەمبەریـش(ﷺ) لێـی خـوارد، هاوەڵانیشی لێیان خوارد، لـە دڵی خۆمدا وتم: ئەمـە دوو نیشانە، دواتر پاش ماوەیـەک چوومـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) کـە بـەدوای تەرمێکـەوە بـو، منیش پشـتی پێغەمبـەرم(ﷺ) گـرت و هەوڵـم دەدا بزانـم نێـوان دوو شـانی مـۆری پێغەمبەرایەتی پێوەیـە یـان نـا، کـە پێغەمبـەر(ﷺ) منی بینی ئـاوا پشتی ئـەوم گرتـووە، زانـی بـۆ شـتێک دەگەڕێم، عەباکـەی سـەرشـانی لابـرد تـا مۆرەکـەم بینی و ئیتر زانیم پێغەمبـەری خوایە(ﷺ)، خـۆم دا بەسـەریدا و ماچم دەکرد و دەگریام، ئینجا کەناری گرت و چوومـە خزمەتی و بەسـەرهاتی خۆمـم بـۆ گێڕایـەوە، پێغەمبـەر(ﷺ) حـەزی کـرد هاوەڵانیشـی ئـەم بەسـەرهاتەم ببیسـتن.[1]

لـە گێڕانەوەیەکـی تـردا هاتـووە سـەلمان دەڵێت: کـە هەواڵـی هاتنـی پێغەمبـەرم(ﷺ) بیسـت داوام کـرد لـە خاوەنەکـەم مۆڵەتـی رۆژێکـم پـێ ببەخشـێت، ئەویـش رازی بـوو، منیـش چـووم و کەوتمـە دار بڕینـەوەو هێنـام فرۆشـتم و بـە پارەکـەی خواردنێکـم کـڕی و بـردم خسـتمە بـەردەم پێغەمبـەر(ﷺ)، فەرمـووی: ئـەوە چیـە؟ وتـم: صەدەقەیـە، خـۆی لێـی نەخـوارد و فەرمانـی کـرد هاوەڵانـی لێیـان خـوارد، دوای ماوەیـەک هەمـدی داوام کـرد لـە خاوەنەکـەم مۆڵەتـی رۆژێکـم پـێ ببەخشـێت، ئەویـش رازی بـوو، منیش چـووم و کەوتمە دار بڕینـەوەو هێنـام فرۆشـتم و بـە پارەکـەی خواردنێکـم کـڕی و بـردم خسـتمە بـەردەم پێغەمبـەر(ﷺ)، فەرمـووی: ئـەوە چیـە؟ وتـم: دیاریـە، ئەویـش بـە هاوەڵانـی فەرمـوو بخـۆن، خۆیشـی لێـی خـوارد.[2]

سـەلمان دەڵێت: زیـاد لـە سـیانزە مامۆسـتا و سـەرگەورەم کـردووە،[3] ئـەوەش لـەو مـاوەی پێش موسـڵمان بوونیدا بـوو.

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٠٥- ٥١٠.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب مناقب الأنصار - باب إسلام سلمان الفارسي(ﷺ)، الرقم ٣٩٤٦.

ئایا سەلمان یەکەم موسڵمانی فارسە؟

سـەبارەت بـەوەی ئایـا سـەلمان یەکـەم موسـڵمانی فارسـە یـان نـا، ئەمـە پێویستی بە وردەکاری هەیەو هیچ بەڵگەیەکی تـەواو بەردەست نیە، چونکە ئێسـتا چەنـد نموونەیـەک دەخەینـە ڕوو کـە هاوەڵانێکی تـری فـارس هەبـون لـە مەدینـە بـون، ئیتـر ئایـا کامیـان زووتـر موسـڵمان بـووە، ئەوەیـان بەڵگـەی یەکلاکـەرەوەی دەوێـت:

سـەلمان دەڵێـت: کـە چوومـە مەدینـە و کـرام بـە کۆیلـە، کـەس لـە قسـەم تێنەدەگەیشـت، تـا ئـەوەی پیرەژنێکی فـارس هـات و داوای ئـاوی کـرد، منیش قسـەم لەگـەڵ کـرد، وتـم: ئـەو پێغەمبـەرەی دەرکەوتـووە لـە کوێیـە؟ ئەویـش وتـی: سـبەینێ دەدات بەلاتـدا، منیـش بڕێـک خورمـام کۆکـردەوەو چوومـە خزمەتـی و خورماکـەم خسـتە بەردەسـتی، فەرمـووی: ئـەوە صەدەقەیـە یـان دیاریـە؟[1]

لەگێڕانەوەیەکی تـردا هاتـووە پیرەژنەکـە بـە سـەلمانی وت: نوێژی بەیانـی بکات-واتـە پێغەمبـەر(ﷺ)- ئـەوکات دێـت بەلاتـدا تێپـەڕ دەبێـت.[2]

ئەبوونوعەیـم لـە (تاریـخ اصبهـان) دا نـاوی ئـەو ژنـەی بـە ئەمەتـوڵا هێنـاوەو دەڵێـت: پێش سـەلمان موسـڵمان بـووەو ئـەو ئافرەتە خەڵکی ئەصفەهـان بووە.[3]

هـەر لەوێدا گێڕانەوەیەکی تـری هێنـاوە کـە سـەلمان دەڵێـت: چوومـە مەککـە، لـەوێ ئافرەتێکی ناوچەکـەی خۆمـم بینـی، پرسـیارم لێکـرد و قسـەم لەگـەڵ کـرد، دەبینـم مەولاکـەی و ژن و منداڵـی مەولاکەشـی هەموویـان موسـڵمان بـون، ئینجـا هەواڵـی پێغەمبـەری خـوام(ﷺ) لـێ پرسـی، ئەویـش پێـی وتـم.[4]

ئەگـەر ئـەم ئافرەتـە لـەو کاتـەدا موسـڵمان بووبێـت، ئـەوە دیـارە سـەلمان یەکـەم موسـڵمان بوونـی فارسـەکان نیـە.

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١٥.
[2] تاريخ أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، ج١، ص ١٠٦.
[3] تاريخ أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، ج١، ص ١٠٥.
[4] تاريخ أصبهان لأبي نعيم الأصبهاني، ج١، ص١٠٦.

ئەنەس دەڵێت: دراوسێیەکی پێغەمبەر(ﷺ) فارس بوو، شلەی -گۆشتاوی- زۆر بەتامی دروست دەکرد، جارێک ئەوەی ئامادە کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و هات بانگهێشتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (ئەمەش) مەبەستی عائیشە بوو کە لەگەڵیدا بوو، کابرا وتی: نا تەنها خۆت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی نایەم، کابرا هەمدی هاتەوەو پێغەمبەری خوای(ﷺ) بانگهێشتکردەوە، هەمان شت روویدایەوە، لە جاری سێیەمدا کابرا وتی: باشە با ئەویش بێت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) و عائیشە بە شانەخڕێ و گەمەکردنەوە چوون تا گەیشتنەماڵی کابرای فارس.[1]

جا دیار نیە ئەم دراوسێ فارسەی پێغەمبەر(ﷺ) کێ بووەو موسڵمان بووە یان نا و کەی موسڵمان بووە.

ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (پێشکەوتوان چوارن، من پێشکەوتووی عەرەبم، سەلمان پێشکەوتووی فارسە، بیلال پێشکەوتووی حەبەشەیە، صوهەیب پێشکەوتووی رۆمە).[2] بەڵام ئەم فەرموودەیە لاوازە، هەرچەندە ذەهەبی سەبارەت بەوەی سەلمان پێشکەوتووی فارسە دەڵێت: ئەو گێڕانەوەیە مورسەلە بەڵام واتاکەی راستە.[3]

سەلمان دواتر هەر بە کۆیلەیی مایەوەو نەیتوانی بەشداری غەزای بەدر و ئوحود بێت، چونکە ئەو هێشتا کۆیلە بوو.[4]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) سەلمانی بینی و پێی فەرموو ئەی سەلمان گرێبەستی خۆکڕینەوە لەگەڵ خاوەنەکەت بکە، سەلمان دەڵێت: منیش حەزم کرد و چووم لەگەڵ خاوەنەکەم قسەم کرد و ئەویش مەرجی سێ سەد

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٤٢٧؛ صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب ما يفعل الضيف إذا تبعه غير من دعاه صاحب الطعام، الرقم ٢٠٣٧.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر بلال بن رباح - خير السودان ثلاثة، الرقم ٥٢٧٨، حذفه الذهبي من التلخيص لضعفه.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٣٩.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥١٠.

دارخورمای دانا کە خۆم بیانێژم تا بە تەواوی خۆدەگرن، هەروەها چل ئۆقیەشی لەسەر دانام، چوومەوە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەویش بە هاوەڵانی فەرموو هاوکاری براکەتان بکەن، ئیتر هەرکەسەو بە بڕێک یارمەتی دەدام، هەبوو بە سی نەمام و هەبوو بە بیست و هەبوو بە پانزە نەمام یارمەتی دەدام تا هەر سێ سەد نەمامەکەم کۆکردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی سەلمان بڕۆ و چاڵیان بۆ هەڵکەنە، کە لێبوویتەوە وەرە بۆ لام تا خۆم بە دەستەکانی خۆم نەمامەکان بخەمە چاڵەکانەوە، منیش چووم بۆ چاڵ هەڵکەندنەکەو هاوەڵەکانیشم یارمەتییان دەدام، کە لێبوومەوە چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)و هەواڵم پێدا، ئەویش لەگەڵم هات، یەک یەک نەمامەکانمان دەدایە دەستی و ئەویش دەیخستە ناو چاڵەکانەوە، سوێند بەوەی گیانی سەلمانی بەدەستە یەک دانەش چیە لەو نەمامانە نەفەوتان، بەوە دارخورماکانم تەوابوو بوون، ئینجا مایەوە چل ئۆقیەکە، پاش ماوەیەک هێندەی هێلکە مریشکێک زێڕ لە غەزایەکەوە نێردرایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کابرای فارسی چی کرد؟ ئەوەبوو هاوەڵان هاتن بە شوێنمدا و منیش چووم بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: ئەوە ببەو ئەوەی لەسەرتە بیدەرەوە، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە چۆن بەشی هەموو قەرزەکەم دەکات؟ فەرمووی: بیبە خوا بەوە قەرزەکەت بۆ دەداتەوە، منیش بردم، بڕی هەر چل ئۆقیەکەم لێکێشا و ئازاد بووم، ئیتر لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بە ئازادی بەشداری غەزای خەندەق بووم، دوای ئەوە یەک غەزاش لە پێغەمبەر(ﷺ) دوانەکەوتم و لە هەموویاندا بەشدار بووم.[1]

سەلمان لە غەزای خەندەقدا بەشدار بوو، کاتێک بێباوەڕان هاتن بەرەو مەدینە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) راوێژەکەی سەلمانی فارسی وەرگرت کە پێشنیاری کرد بە دەوری مەدینەدا خەندەقێک لێبدرێت، ئەو جۆرە کارە

[1] سير أعلام النبلاء، ١، ص ٥١٠-٥١١.

پێشتر لەناو عەرەبدا باوی نەبوو، پێغەمبەریش(ﷺ) راکەی وەرگرت و بۆ هەر دەستەیەک برێکی دانا تا هەڵیبکەنن، خودی پێغەمبەریش(ﷺ) بەشداری هەڵکەندنەکە بوو.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هەر دە کەسەو بیست باڵی دانا تا هەڵیبکەنن، کۆچەران وپشتیوانان مشتومڕی ئەوەیان بوو هەرکام دەیانوت سەلمان لە ئێمەیە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: سەلمان لەئێمەی ئەهلوبەیتە.[2]

سەلمان دەڵێت: لە لایەکەوە خەریکی خەندەق هەڵکەندنەکە بووم کە تاشەبەردێکی گەورە هاتە ڕێم، پێغەمبەر(ﷺ) لێمەوە نزیک بوو و منی بینی و زانی ئەو بەردە زۆر ماندووکەرە، هات و زەنگنەکەی لە دەستم وەرگرت، یەکجار لێیدا و بزیسکەیەکی کرد، جاری دووەم وسێیەمیش هەروا بزیشکەی کرد، منیش وتم: بە دایک و باوکمەوە بە قوربانت بم ئەی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەو بزیسکانە چی بوون؟ فەرمووی: ئەی سەلمان تۆ ئەوانەت بینی؟ وتم: بەڵێ، فەرمووی: (یەکەمیان خوای گەورە دەرگای یەمەنی بەسەردا کردمەوە، دووەمیان خوا دەرگای شام و مەغریبی بەسەردا کردمەوە، سێیەمیشیان بەوە خوای گەورە دەرگای رۆژهەڵاتی بەروودا کردمەوە.[3]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) برایەتی خستە نێوان سەلمانی فارسی و ئەبوودەردائەوە، جا جارێک سەلمانی فارسی چوو بۆ سەردانی ئەبوودەرداء، بینی ژنەکەی ئەبوودەرداء جلوبەرگێکی شڕۆڵ و سیمایەکی ناشیرینی هەیە، وتی: بۆچی ئاوایت؟ ئەممودەرداء وتی: ئەبوودەردائی برات هیچ پێویستیەکی بە دنیا نیە، سەلمان وەستا تا ئەبوودەرداء هاتەوە، خواردن خرایە بەردەمیان، ئەبوودەرداء وتی: تۆ نان بخۆ، من بەڕۆژووم، سەلمان وتی: تا تۆ نەخۆیت منیش ناخۆم، ناچار ئەویش خواردی، دواتر کە شەو هات ئەبوودەرداء ویستی هەستێت بۆ

[1] تاريخ اليعقوبي، ج٢، ص ٥٠.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﭫ) - ذكر سلمان الفارسي(ﭬ) - قول النبي سلمان منا أهل البيت، الرقم ٦٦٠٤، ضعفه الذهبي في التلخيص.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٩٩.

شەونوێژ، سەلمان وتی: بخەوە، ئەویش خەوت، دوای ماوەیەکی دی هەمدی هەستا ویستی شەونوێژ بکات، سەلمان وتی: بنوو، کە نزیک بوویەوە لە کاتی بانگ، سەلمان وتی: هەستە ئێستا کاتی شەونوێژە، هەردووکیان پێکەوە هەستان و شەونوێژیان کرد، سەلمان بە ئەبوودەردائی وت: جەستەت مافی هەیە بەسەرتەوە، پەروەردگارت مافی هەیە بەسەرتەوە، میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە، ژن و منداڵت مافی هەیە بەسەرتەوە، جا هەرکەسەو مافی خۆی بدە، دواتر هەردووکیان چوونە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)، بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سەلمان راستی وتووە).[1]

سەلمان لە غەزای طائیفیشدا بەشدار بوو، لەو غەزایەدا راوێژی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) تا مەنجەنیق بەکار بهێنن، سەلمان خۆیشی مەنجەنیقەکەی بەکارهێنا.[2]

ئەبووهورەیرە دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین کە سوورەتی جومعە دابەزیە سەر پێغەمبەر(ﷺ)(واخرين منهم لما يلحقوا بهم)، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوانە کێن؟ وەڵامی نەدامەوە، تا سێ جار پرسیم و ئەویش وەڵامی نەدامەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) دەستی خستە سەر سەلمان و فەرمووی: (لو كان الإيمان عند الثريا، لناله رجال - أو رجل - من هؤلاء)،[3] (ئەگەر ئیمان لە سورەییاش بێت، بە دڵنیاییەوە کەسێک یان کەسانێک لەمانە دەستی خۆیانی پێدەگەیەنن).

سەلمانی فارسی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (إن لله مائة رحمة، فمنها رحمة بها يتراحم الخلق بينهم وتسعة وتسعون ليوم القيامة)،[4] (خوای گەورە سەد رەحمەت

[1] صحيح البخاري - كتاب الصوم - باب من أقسم على أخيه ليفطر في التطوع، الرقم ١٩٦٨؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الصوم - جماع أبواب صوم التطوع - باب ذكر الدليل على أن الفطر في صوم التطوع بعد دخوله فيه مجمعا على صوم ذلك اليوم، الرقم ١٩١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٤٨.

[3] صحيح البخاري - كتاب تفسير القرآن - سورة الجمعة - باب : قوله وآخرين منهم لما يلحقوا بهم وقرأ عمر فامضوا إلى ذكر الله، الرقم ٤٨٩٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب فضل فارس، الرقم ٢٥٤٦.

[4] صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب في سعة رحمة الله تعالى وأنها سبقت غضبه، الرقم ٢٧٥٣.

و سۆزی هەیە، لەو سەد رەحمەت و سۆزە یەک بەشی ئەوەیە کە بەندەکان لەنێوان خۆیاندا هەیانە، نەوەدو نۆ بەشەکەی تری بۆ رۆژی دواییە).

جارێک ئەبووسوفیان دای بەلای سەلمانی فارسی و بیلال و صوهەیب و چەند کەسێکی تردا، ئەوانیش تانەیان لێدا، ئەبووبەکر وتی: ئەوە پیاوماقوڵی قورەیشە، وای پێ دەڵێن؟! دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: (ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە تووڕەت کردبن، ئەگەر ئەوانت تووڕە کردبێت ئەوە پەروەردگارتت تووڕە کردووە)، خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی: برا ئازیزەکانم ئەرێ ئێوەم تووڕە نەکرد؟ وتیان: نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.[1]

سەلمان لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

لێرەدا بابەتێک سەبارەت بە سەلمانی فارسی دەخرێتەڕوو کە لای شیعەکان وەک یەقین باس دەکرێت و لا ئەهلی سوننەش بە گومان و شوبهە تەماشا دەکرێت، ئەویش بریتیە لە مەسەلەی بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، شیعە پێیان وایە سەلمان بە هیچ جۆرێک بەیعەتی نەدا بە ئەبووبەکری صدیق تا دوای بەیعەتدانەکەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب.

پێشتر لە ژیانی ئەبووزەری غیفاری (جوندوبی کوڕی جونادە) دا باسی بەیعەت نەدانی هەندێ لە هاوەڵانمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

سەلمان لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

سەلمانی فارسی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەشداری فتووحاتی کرد و دەچوو وتوێژی لەگەڵ سوپای بەرامبەردا دەکرد تا بزانێت رایان چیە.[2]

لە هێرشیدا بۆ مەدائین سەلمان لە پشت کەسێکی ترەوە لەسەر ئەسپێک بوو، ئاڵاکەشی بە دەستەوە بوو، خەڵکێک وتیان: ئەی ئەمیر ئاڵاکە بدەرە

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٠.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧،ص ٣٧.

دەست ئێمە با ئێمە هەڵیبگرین، ئەویش رازی نەبوو و تا غەزاکە تەواو بوو هەر بەو جۆرە بوو، دواتریش هەر لەگەڵ ئەو کابرایە گەڕایەوە.[١]

جارێک سەلمان لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەمەبۆڵەیەکی بوو، سەعد وتی: ئەی سەلمان ئادەی رەچەڵەکی خۆتم بۆ بڵێ، سەلمان وتی: من باوکێکم نیە لە ئیسلامدا بووبێت، من سەلمانی کوڕی ئیسلامم، ئینجا ئەو قسەیە گەیشتەوە دەمی عومەر، دوای ماوەیەک عومەر رێی کەوتە سەعد، وتی: ئەی سەعد ئادەی رەچەڵەکی خۆتم بۆ بڵێ، خێرا سەعد زانی عومەر بەسەرهاتەکەی بیستووەتەوە، بۆیە وتی: توخوا ئەی ئەمیری باوەڕداران وازم لێ بهێنە، ئەویش وتی: هەر دەبێت بیڵێیت، سەعد رەچەڵەکی خۆی وت، عومەر وتی: قورەیش دەزانن خەططاب شکۆدارترینیان کەس بوو لە سەردەمی نەفامیدا، دەی من عومەری کوڕی ئیسلامم برای سەلمانی کوڕی ئیسلامم، بەخوا ئەگەر لەبەر شتێک نەبوایە سزام دەدایت.[٢]

عومەری کوڕی خەططاب کە مووچەی بۆ خەڵک بڕیەوە، بۆ سەلمانی فارسی چوار هەزاری دانابوو، بەڵام بۆ کوڕەکەی خۆی (عەبدوڵای کوڕی عومەر) سێ هەزارو نیوی دانابوو، کابرایەک وتی: چۆن دەکرێت بۆ کابرایەکی فارسی چوار هەزار و بۆ کوڕی ئەمیری باوەڕداران سێ هەزار و نیو بێت؟! خەڵکەکە وتیان: سەلمان لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری غەزایەک بووە کە ئیبن عومەر تیایدا بەشدار نەبووە.[٣]

جارێک عومەر نامەی نووسی بۆ سەلمان و وتی: سەردانم بکە، سەلمانیش کەوتەڕێ، کە نزیک بوویەوە، عومەر وتی: وەرن با بچین بۆ پێشوازیکردنی سەلمان، ئەوەبوو چوو بۆ لای و باوەشی پێدا کرد و کەوتە هەواڵ پرسی کردنی، دواتر گەڕانەوە، لە رێدا عومەر وتی: براکەم وابزانم

[١] سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٦.
[٢] سیر أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٤.
[٣] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٤، ص ٨٦.

باسێکی منت بۆ کراوە کە پێت ناخۆش بووە، سەلمان وتی: بیستوومە گۆشت و چەوریش لەسەر سفرەکەت دانراون و دوو جلت هەیە، جلێکت لە ماڵەوەو جلێکت بۆ دەرەوە، عومەر وتی: زیاتر لەوە هەیە؟ وتی: نا، وتی: دەی هێندە بەسە.[1]

مردنی سەلمانی فارسی

کاتێک سەلمان لە سەرەمەرگدا بوو، سەعد و ئیبن مەسعوود چوون بۆ سەردانی، سەلمان دەستی کرد بە گریان، وتیان: بۆچی دەگریت؟ وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڵێنێکی پێ بەخشین کەچی نەمانپاراست، فەرمووی: (با توێشووی هەرکامتان لە دنیادا وەک توێشووی سوارێک بێت).[2]

سەلمان بە خۆی دەوت (سلمان بمیر) ئەمەی بە فارسی دەوت، واتە سەلمان بمرە.[3]

ئینجا سەلمان ژنەکەی خۆی بانگ کردە ژوورەکەی، ژوورەکەی لە بەرزاییەکەوە بوو و چوار دەرگای هەبوو، وتی: ئەو دەرگایانە بکەرەوە، چونکە ئەمڕۆ میوانم دێت، نازانم لە کام دەرگاوە دێن، ئینجا داوای میسکی کرد و وتی: بیکەرە کەمێک ئاو و بیڕژە بە دەوری جێگەکەمدا، ژنەکەی دەڵێت: دواتر چوومەوە بۆ لای دەبینم گیانی سپاردبوو.[4]

سەلمان ئەو بۆنی میسکەی بە دەستکەوتی غەزا دەستکەوتبوو و هەڵیگرتبوو بۆ کاتی مەرگی، دەیوت فریشتەکان دێن بۆ لام، ئەوان نان ناخۆن، بەڵام بۆن دەکەن.[5]

تێڕوانینی ئیسلام بۆ مەرگ تێڕوانینێکی ترس و نامۆیی نیە، وەک چۆن تێڕوانینی بۆ ژیان دیدی بێزاری و تاسەی مەرگ نیە، ئیسلام پێمان دەڵێت:

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٥.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥٢.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٩٠.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥٣.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٩٢-٩٣.

تـا لـە ژیاندایـت بەختـەوەر بژی، چـی پاکـە بـۆ خـواردن وپۆشـین و نۆشـین و هاوسـەرگیری کەمتەرخـەم مەبـە تیایدا، مافـی جەسـتەو روخسـار و ناخـت بـدە، خۆشـی ببەخشـە بـە چـواردەورت، هیـچ کاتئـاوات بـە مـەرگ مەخـوزاە، ئاوات خواسـتن بـە مەرگـی قەدەغـە کردووە، بەڵام کـە مـەرگ هـات پێشـوازی لێـدەکات، پێـت دەڵێـت: مـەرگ مەرگـی جەسـتەیەو گواسـتنەوەی رۆحتـە بـۆ دنیـای ئاخیـرەت، لـەو سـاتەدا گەشـبین بـە، زمانـت بـە یـادی خـوا رام بێنـە، سـەلمان ئاسـا ماڵـت بۆنخـۆش بێت، کـە کەسـەکەش مـرد، بـا بشـۆردرێت و بـە بەرگـی پـاک کفـن بکرێـت، بۆنخـۆش بکرێـت، نوێـژی لەسـەر بکرێـت، کـەس لـە پێش تەرمەکـەوە نـەڕوات، هەرکـەس دانیشـتووە هەسـتێتەسەر پێ بـا تەنانـەت تەرمـی جوولەکـەو گاوریـش بێت، ئەسـپەردە بکرێـت و نـزای خێـری بـۆ بکرێت، واز لـە خراپەکانـی بهێنـن و باسـی چاکەکانـی بکـەن، ئەمەیـە رێنمایـی ئیسـلام بـۆ مـەرگ.

سـەبارەت بـە کاتـی مردنـی سـەلمانی فارسـی رای جیـاواز هەیـە، رایـەک دەڵێـت: لـە سـەردەمی عومـەری کـوڕی خەططابـدا وەفاتـی کـردووە، رایەکـی تـر دەڵێـت: لـە کۆتاییەکانـی سـەردەمی عوثمانـی کـوڕی عەففانـدا وەفاتـی کـردووە، رایـەک دەڵێـت: لـە سـاڵی سـی و پێنجـی کۆچـی بـووە، رایەکیش سـەرەتای سـاڵی سـی و شەشـی کۆچـی دێنێت،[١] مردنەکەشـی لـە مەدائیـن بـوو.[٢]

سەبارەت بە تەمەنەکەشی شتی دەگمەن دەوترێت:

عەبباسـی کـوڕی یەزیـدی بحرانـی دەڵێـت: زانایـان گومانیـان لـەوە نیـە سـەلمان دووسـەد و پەنجـا سـاڵ ژیـاوە، هەندێکـی تریش دەڵێن بەڵکو سێسـەد و پەنجاسـاڵ ژیـاوە، هەنـدێ زانـای ئـەم دواییـەش رایـان وایـە تەمەنـی سـەد سـاڵی تێنەپەڕانـدووە.[٣]

---

[١] البدايةو النهاية لابن كثر، ج٥، ص ٣١٧.
[٢] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥٤.
[٣] البدايةو النهاية لابن كثر، ج٥، ص ٣١٧.

لەبەرئەوەی هیچ دەقێکی سەلماو و صەحیحی لەسەر نیە، دەتوانین بڵێین ئەو تەمەنەی وتراوە زۆرەو شتێکی ناواقعی دێتەبەرچاو، ئەمەش لەبەر چەند ئەگەرێک:

یەکەم: ئەو تەمەنە زۆرە لەو سەردەمەدا باو نەبووە.

دووەم: کەسێکی بەتەمەنی وا کە بەو پێیە بێت لە کاتی هاتنی پێغەمبەر(ﷺ) تەمەنی نزیکەی دووسەد و پانزە ساڵێک بووە، چۆن توانیویەتی بچێتە سەر دارخورما و ئیش بکات و کۆیلە بێت، هەروەها بەو پێیە بێت لە کاتی خەندەقدا تەمەنی دووسەد و بیست ساڵان بووە، چۆن توانیویەتی خەندەق هەڵبکەنێت، چونکە وەک ذەهەبی هێناویەتی لەو کاتەدا سەلمان کەسێکی زۆر بەهێز بووە،[1] یان لە فەتحی طائیفدا مەنجەنیق بەکاربهێنێت، هەروەها لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەطتابدا کە ئیتر تەمەنی لە دووسەد و سی ساڵ بەرەو سەر دەبێت، چۆن سەرکردایەتی فتووحات دەکات و لە سەنگەردا جەنگی دەستەویەخەی شمشێر دەکات لەگەڵ دوژمندا.

بۆیە دەشێت لەبەر نەبوونی هیچ دەقێکی صەحیح لەو بارەوە، رای ئەوانە راست بێت کە دەڵێن تەمەنی سەد ساڵی تێنەپەڕاندووە.

ذەهەبی دەڵێت: هەموو حاڵی ژیانی و غەزا و ورەو هەڵسوکەوت و شتەکانی تری ئەوە دەڵێن کە سەلمان تەمەنی زۆر نەبووە، کە وڵاتی خۆی جێهێشتووە تازە پێگەیشتوو بووە، کە هاتووەتە حیجاز تەمەنی چل ساڵ یان کەمتر بووە، هێندەی نەبردووە هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بیستووە، بۆیە لەوانەیە حەفتاو ئەوەندە ساڵ ژیابێت، پێشم وانیە گەیشتبێتە سەد ساڵ،...من لە کتێبە مێژووییە گەورەکەمدا باسم کردووە کە تەمەنی دووسەد و پەنجاساڵ بووە، ئێستا لەو قسەم رازی نیم و بە راستی نازانم.[2]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٠.

[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٥٥-٥٥٦.

ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەگەر ئەوەی -ئەو خەڵکە سەبارەت بە تەمەنی سەلمان- گێڕاویانەتەوە بسەلمێت و چەسپاوە بێت، ئەوە شتێکی نائاسایی و دەگمەن دەبێت، چ بەربەستێکیش هەیە لە شتی وا؟[1]

سەلمانی فارسی زانستێکی زۆری هەبوو، تەنانەت خۆی دەیوت ئەگەر هەموو ئەوەی دەیزانم بیڵێم، خەڵکی دەیانوت رەحمەت لەوەی سەلمان دەکوژێت.[2]

موعاذ دەیوت زانست لای چوار کەس وەربگرن، لای ئەبوودەرداء و سەلمان و ئیبن مەسعوود و ئیبن سەلام.[3]

هەروەها سەلمان کەسێکی زۆر خاکی بوو، وەک پێشتر باسمان کرد لە فەتحی مەدائیندا تەنها سوارێکی بۆ خۆی رەوا نەبینی و لە پاش پیاوێکەوە لەسەر ئەسپەکە سوار بووبو.

کابرایەکی عەبەسی دەڵێت: لە بازاڕ برێک ئاڵفم کڕی، سەلمانم بینی نەمزانی ئەوە، گاڵتەم پێکرد و ئاڵفەکەم پێ بارکرد، لە رێدا خەڵکێک ئەویان بینی وتیان: ئەی ئەبووعەبدوڵا با ئێمە بارەکەت بۆ هەڵگرین، منیش وتم: بۆچی ئەمە کێیە؟ وتیان: ئەوە سەلمانی هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، وتم: بەخوا نەمناسیت، بارەکە دابنێ، بەڵام داینەنا تا بۆی بردمەوەماڵەوە.[4]

سەلمان مووچەکەی خۆی دەکرد بە خێر و جارجارە دەچوو کاسپی دەکرد و لە قازانجی کاسپیەکەی بۆ خەرجی خۆی بەکاردەهێنا،[5] لەو دەستکەوتەش دەچوو گۆشت یان ماسی پێدەکڕی، دوایی دەچوو ئەو کەسانەی نەخۆشی گولی پێستیان هەبوو بانگی دەکردن تا لەگەڵیدا بخۆن.[6]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤١.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٤.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٤.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٦.
[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٧.
[6] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٨.

سەلمان دەڵێت: لە دنیادا خاکی بە، چونکە هەر کەس خاکی بێت خوای گەورە ڕۆژی دوایی پلەی بەرز دەکاتەوە، هەر کەسیش لە دنیادا خۆی بە گەورە بزانێت، خوا لە ڕۆژی دواییدا پلەی نزم دەکاتەوە.[١]

١٥٨٥. سەلمانی کوڕی ثومامە(ﷺ)

ناوی سەلمانی کوڕی ثومامەی کوڕی شەراحیلی جەعفیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.

سەلمان دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کەناری گرت لە فیتنە.

خەلیفە عەلی پەیوەندی زۆر چاک بوو لەگەڵ سەلماندا و دیاری و بەخششی دەنارد بۆ خۆی و ئەوانەی هاودەمی بوون، هەروەها دەیوت ئەگەر چی ئێوە پشتگیرمان نین بەڵام بەشتان ناخۆین چونکە ئێوە موسڵمانن، با سەریشمان نەخەن.[٢]

١٥٨٦. سەلمانی کوڕی عامیر(ﷺ)

ناوی سەلمانی کوڕی عامیری کوڕی ئەوسە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد، ڕایەکیش دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیاندا وەفاتی کردووە.[٣]

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ١٤٠.

١٥٨٧. سەلمای خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ)

ناوی سەلمایەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لەلایەن خواوە فەرمانی هاوسەرگیری لەگەڵ زەینەبی پێدرا، فەرمووی کێ دەچێت موژدە ببات بۆ زەینەب کە خوا ئەوی لە من مارە کردووە؟ خێرا سەلمای خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) چوو و موژدەی دا بە زەینەب، ئەویش زەویەکی دا بە سەلما.[١]

١٥٨٨. سەلمای دایکی رافیع(رضي الله عنها)

ناوی سەلمایەو ژنی ئەبوورافیعە، منداڵێکی لێی هەبوو بە ناوی رافیع کە ئیتر بەو هۆیەوە بە ئوممورافیع ناسراوە.[٢]

سەلما فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێراوەتەوە.[٣]

سەلما دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وشەگەلێکم فێر بکە کە زۆریش نەبن، فەرمووی: (دە جار بڵێ الله اکبر، خوا دەفەرموێت ئەوە بۆ منە، دە جار بڵێ سبحان الله، خوا دەفەرموێت ئەوە بۆ منە، بڵێ خوایە لێم خۆش بە، خوا دەفەرموێت وامکرد-لێتخۆش بووم-، دە جار ئەوە بڵێ خواش دە جار ئەوە دەفەرموێت).[٤]

١٥٨٩. سەلمای کچی حەمزە(رضي الله عنها)

ناوی سەلمای کچی حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیبە، واتە ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، سەلما کۆیلەیەکی هەبوو کە ئازادی کرد، کۆیلەکەی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٩.

[٣] سنن ابن ماجه - أبواب الطب - باب الحناء، الرقم ٣٥٠٢.

[٤] المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - باب السين - سلمى امرأة أبي رافع مولى رسول الله(ﷺ)، الرقم ٧٦٦.

مـرد و میراتیەکـی لـێ بەجـێ مـا، پێغەمبـەر(ﷺ) نیـوەی میراتەکـەی دا بـە کچەکـەی مردووەکـەو نیوەکـەی تـری دا بـە سـەلما.[1]

١٥٩٠. سەلمای کچی صەخر(رضي الله عنها)

نـاوی سـەلمای کچـی صەخـری قورەیشـیە، دایکـی ئەبووبەکـری صدیقـی خەلیفەی یەکەمـی موسـڵمانانە، زیاتر بە ئوممولخەیر ناسـراوە،[2] ئـەم ئافرەتـە زۆر زوو موسـڵمان بـوو.

کاتێـک ئەبووبەکـر موسـڵمان بـوو، کەوتـە بانگـەواز کـردن بـۆ ئیسـلام، بێبـاوەڕان لەسـەر ئـەوە زۆر لێیـان دا، عوتبـەی کـوڕی ڕەبیعـە بـە نەعلەکانـی دەیـدا لـە دەموچـاوی و دەچـووە سـەر سـکی ئەبووبەکـر، ئیتـر وای لێهاتبـوو دەموچـاوی ئەبووبەکـر نەدەناسـرایەوە، بەنوتیـم هاتـن و ئەبووبەکریـان خسـتە نـاو جلێکـەوەو بردیانـەوە ماڵـەوە و بڕوایـان وابـوو دەمرێـت، باوکـی ئەبووبەکر و بەنوتیم دەیاندوانـد و ئەویـش وەڵامـی دەدانـەوە، دەیـوت پێغەمبـەر(ﷺ) چـی لـێ هـات؟ ئەوانیش بـە قسـە هێرشـیان دەکردە سـەری و جێیاندەهێشـت،[3] ئینجـا بـە ئوممولخـەیریان وت: بزانە شتێکی نادەیتێ بیخوات، کەچی ئەبووبەکر بە دایکیشی هەمـان شـتی دەوت، پێغەمبـەر(ﷺ) چـی لێهـات، ئەویـش دەیـوت بەخـوا هەواڵـی هاوەڵەکەتـم نیـە، ئەبووبەکـر وتـی: بـڕۆ بـۆ لای ئوممموجەمیلـی کچـی خەططـاب و لای ئـەو پرسـیاری پێغەمبـەری خـوام(ﷺ) بـۆ بکـە، ئوممولخـەیر چـوو بـۆ لای ئوممموجەمیـل و وتـی: ئەبووبەکـر داوای هـەواڵی موحەممـەدی کـوڕی عەبـدوڵات لـێ دەکات، ئەویـش وتـی: مـن ئەبووبەکـر و موحەممـەد ناناسـم، ئەگەریـش حـەز دەکەیت لەگەڵت دێم بۆ لای کوڕەکەت، وتـی: بەڵـێ، ئەوەبوو لەگـەڵ ئوممولخەیر چـوو بـۆ ماڵـی ئەبووبەکـر و بینـی لـە چ حاڵێکدایـە، ئوممموجەمیل دەسـتی کـرد بـە

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٥.
[2] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٣.
[3] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٣.

شیوەن و وتی: بەخوا ئەوانەی وایان کردووە بە تۆ، فاسق و بێباوەڕن و داوام لە خوایە تۆڵەت لەوان بکاتەوە، ئەبووبەکر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) چی لێهات؟ ئوممو جەمیل وتی: ئەوە دایکتە، قسەکانمان دەبیستێت، ئەبووبەکر وتی: ترست لەو نەبێت، ئوممو جەمیل وتی: پێغەمبەر(ﷺ) چاکەو سەلامەتە، ئەبووبەکر وتی: لە کوێیە؟ وتی: لە ماڵی ئیبنولئەرقەمە، ئەبووبەکر وتی: دەی خوا ئاگادارە تا نەچم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) نە نان دەخۆم و نە ئاو دەخۆمەوە، ئوممو جەمیل و ئوممولخەیر وەستان تا خەڵکی بڵاوەیان کرد، ئینجا نەوینە ژێر باڵی و بردیان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)،[1] کە گەیشتن بە یەکدی، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی دا بەسەر ئەبووبەکردا و ماچی دەکرد و دڵی بۆی دەسووتا، ئەبووبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش(ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان بوو.[2]

ئوممولخەیر مەرگی ئەبووبەکری کوڕی بینی و لە میراتی ئەبووبەکریشی بەرکەوت، رایەکیش دەڵێت: پێش مەرگی ئەبووبەکری کوڕی وەفاتی کرد.[3]

١٥٩١. سەلمای کچی عومەیس(رضي الله عنها)

ناوی سەلمای کچی عومەیسەو خوشکی ئەسمائی کچی عومەیسە.

سەلما هاوسەری حەمزەی کوڕی عەبدولموطەلیب بوو، واتە ئامۆژنی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لە حەمزە کچێکی بوو بە ناوی ئەمەتولا، هەرچەندە رایەکیش دەڵێت: ئەسما ژنی حەمزە بووە، بەڵام راستتر ئەوەیە سەلما ژنی بووە، پاش ئەوەی حەمزە شەهید کرا، سەلما شووی کرد بە شیدادی کوڕی هاد.[4]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٠.
[2] أسد الغابة، ج٧، ص ٣٥٤.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص٣٥٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٦.

١٥٩٢. سەلمای کچی قەیس(ﵖ)

ناوی سەلمای کچی قەیسی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، کویەکەی ئوممولمونذیرەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە.[١]

سەلما هاودەم بە ژمارەیەک لە ئافرەتە پشتیوانیەکان چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، بەشداری نوێژی هەردوو قیبلەکە بووە.[٢]

١٥٩٣. سەلمای کچی میحرمز(ﵖ)

ناوی سەلمای کچی میحرەزی کوڕی عامیرە، ئەم ئافرەت لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

١٥٩٤. سەلمای کچی ئەسلەم(ﵖ)

ناوی سەلمای کچی ئەسلەمە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە، هاوسەری نەهیکی کوڕی ئیسافە، کونیەکەی ئوممو‌عەبدولاّیە، سەلما چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٤]

١٥٩٥. سەلمای کوڕی قەین(﵁)

ناوی سەلمای کوڕی قەینەو یەکێکە لە سەرکردەکانی فتووحاتی ئیسلامی لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا و لە فتووحاتی عێراقدا بەشدار بوو.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٧.
[٢] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(ﵺ) - حديث سلمى بنت قيس(ﵺ)، الرقم ٢٧٧٧٧.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٨.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٣٤.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٥١.

١٥٩٦. سەلمای کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی سەلمای کوڕی نەوفەلی کوڕی موعاویەیە، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) منداڵ بوو، چونکە لە ساڵی سێیەمی کۆچی لەدایک بوو و لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا(ﷺ) تەمەنی نۆ ساڵان دەبوو.[١]

١٥٩٧. سەلیطی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ناوی سەلیطی کوڕی ثابتی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و لەو غەزایەشدا شەهید بووە.[٢]

١٥٩٨. سەلیطی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سەلیطی کوڕی حارثی هیلالیە، برای شیری مەیموونەی خێزانی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[٣]

١٥٩٩. سەلیطی کوڕی سەلیطی(رضي الله عنه)

ناوی سەلیطی کوڕی سەلیطی کوڕی عەمرە، خۆی و دایکی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون و لە کۆچەرانی حەبەشە بوون، سەلیط لە حەبەشە لەدایک بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٠.

[٢] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سليط - سليط بن ثابت بن وقش الأنصاري، الرقم ٦٥١١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦١.

١٦٠٠. سەلیطی کوڕی سوفیان(ﷺ)

ناوی سەلیطی کوڕی سوفیانی کوڕی خالیدی ئەسلەمیە، یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە رۆژی ئوحوددا ناردنی تا هەواڵی دوژمن وەربگرن.[١]

١٦٠١. سەلیطی کوڕی عەمری قورەیشی(ﷺ)

ناوی سەلیطی کوڕی عەمری کوڕی عەبدشەمسە، دایکی ناوی خەولەی کچی عەمرە کە خەڵکی یەمەن بوو،[٢] ئەم هاوەڵە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، لە کۆچی حەبەشەدا بەشدار بوو و دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو دواتر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەوێ لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، دواتر لە سەردەمی نێردراوانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ لای پاشاکان، سەلیط یەکێک بوو لە نێردراوەکان، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[٣]

ئیبن سەعد دەڵێت: سەلیط لە کۆچی دووەمی حەبەشەدا بەشدار بووە،[٤] بەو پێیە بێت بەشداری غەزای بەدری نەکردووەو تا پاش فەتحی خەیبەر نەگەڕاوەتەوە مەدینە.

١٦٠٢. سەلیطی کوڕی عەمری کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی سەلیطی کوڕی عەمری کوڕی زەیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بووە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦١.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٠٣.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٠٣.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٠٣.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٣.

١٦٠٣. سەلیطی كوڕی عەمری ئەنصاری(ﷺ)

ناوی سەلیطی كوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە ئەبوداوودی مازنی ویستیان ئامادەی بەیعەتی عەقەبە بن، بەڵام دواكەوتبوون، دواتر چوون و بەیعەتیان دا بە ئەسعەدی كوڕی زورارە.[١]

١٦٠٤. سەلیطی كوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەلیطی كوڕی قەیسی كوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، دایكی ناوی زوغەیبەی كچی زورارەیە، واتە سەلیط خوشكەزای ئەسعەدی كوڕی زورارەیە،[٢] سەلیط ژنێكی هەبوو بە ناوی سوخەیلەی كچی صیمەمە كە منداڵێكی لێی هەبوو.[٣]

سەلیط كە موسڵمان بوو، هاودەم بە ئەبووصرمە بتەكانی بەنی عەددیان دەشكاند[٤] بەو هیوایەی خەڵكی بێتوانایی بتەكانیان بۆ دەربكەوێت.

سەلیط یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە هەموو غەزاكانی تردا بەشداری كرد.[٥]

سەلیط لە جەنگی جیسر ئەبووعوبەیددا شەهید بوو.[٦]

١٦٠٥. سەلیلی ئەشجەعی(ﷺ)

ناوی سەلیلی ئەشجەعیە، سەلیل دەڵێت: شەوێك لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بووین، پێغەمبەرمان(ﷺ) لێ ون بوو، دواتر دەنگێكی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ١٦٣.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٢.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٢.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٢.

[٥] أسد الغابة، ج٢، ص ٥١٣.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٢.

زۆر بەرزمان بیست و هێندەمان بینی پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە بۆ لامان، وتمان: بە دایک و باوکمانەوە بە قوربانت بین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەموو ئەمشەو بۆ تۆ گەڕاین، ئەویش فەرمووی: (جیبریل هات بۆ لام و سەرپشکی کردم لەوەی نیوەی ئوممەتەکەم بچنە بەهەشت یان شەفاعەتم بۆ بێت، منیش شەفاعەتم هەڵبژارد)، ئێمەش وتمان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) نزا بکە خوا لەوانەمان دابنێت، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای کرد و فەرمووی: (خوایە بیانخەرە بەر شەفاعەتم، ئەو شەفاعەتە بۆ ئەو کەسەشە کە شایەتی بدات هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و منیش نێردراوی خوام).[١]

١٦٠٦. سەلیمی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ناوی سەلیمی کوڕی ثابتی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە، لە غەزای ئوحود و خەندەق و خەیبەردا بەشداری کرد و لە خەیبەردا شەهید بوو.[٢]

١٦٠٧. سەلیمی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سەلیمی کوڕی حارثە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەجار، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٣]

١٦٠٨. سەلیمی کوڕی عەقرەب(رضي الله عنه)

ناوی سەلیمی کوڕی عەقرەبە، لای هەندێک لە مێژوونوسان باسی هاتووە کە یەکێک بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٤]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٢٥٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ٣، ص ١٦٧.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ٣، ص ١٦٩.

١٦٠٩. سەلیمی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی سەلیمە یان بە سولەیمانیش هاتووە، سەبارەت بە ناوی باوکیشی هەریەک لە عمر و عامیر هاتووە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[١]

١٦١٠. سەلیمی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەلیمی کوڕی قەیسی کوڕی قەهدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لەبەنی نەجار، دایکی ناوی ئومموسولەیمی کچی خالیدە.[٢]

سەلیم لە غەزای بەدر و ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[٣]

سەلیم لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کرد.[٤]

١٦١١. سەلیمی کوڕی قەیسی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی سەلیمی کوڕی قەیسی کوڕی لەوذانە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[٥]

١٦١٢. سەلیمی کوڕی میلحان(ﷺ)

ناوی سەلیمی کوڕی میلحانە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو لە ئوحودیشدا بەشداری کرد، دواتریش لەگەڵ حەرامی برایدا

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ٣، ص ١٦٩.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨٩.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨٩.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ٣، ص ١٦٩.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٩.

لە بیئر مەعوونەدا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[1]

١٦١٣. سەمحەجی جنۆکە(ﷺ)

ناوی سەمحەجەو لە جنۆکەکانە، رەبیعە دەڵێت: ئێمە لە مەککە بووین و تازە ئیسلام هاتبوو کە دەنگێک لە شاخێکی مەککەوە هات و هاواری دەکرد و بێباوەڕانی دژ بە موسڵمانان هاندەدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوە شەیتانێکە، هەر شەیتانێکیش دژبە پێغەمبەرێک خەڵکی هاندابێت، ئەوە خوا کوشتوویەتی، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوای گەورە ئەو جنۆکەی لەسەر دەستی پیاوێک لە دێوە جنۆکەکان کوشت کە پێی دەوترا سەمحەج، منیش ناوم ناوە عەبدوڵا.[2]

١٦١٤. سەمرائی کچی قەیس(ﷺ)

ناوی سەمڕاء یان سومەیرائی کچی قەیسە، لە پشتیوانانە و دایکی چەند هاوەڵێکی پێغەمبەرە(ﷺ)، سەمراء چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

١٦١٥. سەمعانی کوڕی خالید(ﷺ)

ناوی سەمعانی کوڕی خالیدە، چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش نزای بەرەکەتی بۆ کرد.[4]

١٦١٦. سەمعانی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی سەمعانی کوڕی عەمری کیلابیە، پێغەمبەر(ﷺ) بە نێردراوی خۆیدا

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٦٩.
[2] الإصابة في تمييز الحصابة، ج٣، ص ١٧٦.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤٣٨.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٢.

نامەی بۆ نارد تا موسڵمان بێت، ئەویش موسڵمان بوو و دواتر چوویە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ).[1]

١٦١٧. سەمورەی کوڕی جونادە(رضي الله عنه)

ناوی سەمورەی کوڕی جونادەی کوڕی جوندوبی سوائیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی جابیر کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، سەمورە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە سەردەمی خەلیفە راشیدینەکاندا لە فتووحاتدا هاودەم بە سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص بەشداری کرد و دواتر خوشکەکەی سەعدی بەهاوسەر گرت و لە مەککە مایەوەو لەوێ ژیا تا لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا کۆچی دوایی کرد.[2]

١٦١٨. سەمورەی کوڕی جوندوب(رضي الله عنه)

ناوی سەمورەی کوڕی جوندوبی کوڕی هیلالی فەزاریە، کونیەکەی ئەبووسولەیمانە، پاش ئەوەی باوکی وەفاتی کرد هاودەم بە دایکی هاتە مەدینەو لەوێ دایکی شووی کرد بە پیاوێک لە پشتیوانەکان.[3]

دایکی سەمورە ئافرەتێکی زۆر جوان بوو، کە هاتە مەدینە زۆر کەس دەچوونە داوای، بەڵام ئەو مەرجی دانا تەنها شوو بە کەسێک دەکات کە سەرپەرشتی سەمورەی کوڕیشی بکات.[4]

سەمورە دەڵێ من لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) مێرمنداڵێک بووم و فەرموودەم لێوە وەردەگرت و لەبەرم دەکرد.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٣.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٨.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٨.
[4] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٦٥٤.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٨.

سەمورە لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری چەند غەزایەکی کرد.[1]

لە غەزای خەندەقدا بەشداری کرد، سەرەتا پێغەمبەر(ﷺ) چەند کەسێکی لەو غەزایە گێڕایەوە، لەوانەش سەمورەی کوڕی جوندوب، بەڵام دواتر مۆڵەتی دا سەمورە بەشداری بکات.[2]

مشتومڕێکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی ئایا سەمورە دۆزەخیە یان نا، ئەمەش لەبەر چەند گێڕانەوەیەک کە سەبارەت بە سەمورە هاتون، لەوانە:

ئەبووهورەیردە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە دە کەس لە هاوەڵانی خۆی فەرمووو (کۆتا کەستان کە دەمرێت لە دۆزەخدایە)، لەناویشیاندا سەمورەی کوڕی جوندوب هەبوو.[3]

ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت: هەرکات دەچووم بۆ لای ئەبوو مەحذورە هەواڵی سەمورەی دەپرسی، هەرکاتیش دەچووم بۆ لای سەمورە هەواڵی ئەبوو مەحذورەی دەپرسی، رۆژێک بە ئەبوو مەحذورەم وت: بۆچی دەچم بۆ لای سەمورە هەواڵی تۆ دەپرسێت و دێم بۆ لای تۆیش هەواڵی ئەو دەپرسیت؟ ئەویش وتی: جارێک من و سەمورە و ئەبووهورەیرە پێکەوە بووین، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتەژوورەوە بۆ لامان و فەرمووی: ئەوەتان کە کۆتا کەس دەمرێت لە دۆزەخدایە، ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت: یەکەمجار ئەبووهورەیرە مرد، دواتر ئەبوو مەحذورە مرد، دواتر ئەویش مرد.[4]

ئەم فەرموودەیە قسەو باسی زۆری لەسەرە، هەندێک لەسەر ئەوە قسە دەکەن ئایا ئەم فەرموودە صەحیحە یان لاوازە یان هەڵبەستراوە، هەندێکیش کاری پێ دەکەن.

لەو ماوەی زیاد لە کووفە والی بوو کە دەچوو بۆ بەصرە سەمورەی دەکرد بە والی کووفە، کاتێکیش لە بەصرەوە دەچوو بۆ کووفە، سەمورەی دەکرد بە والی بەصرە.[5]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٢٨.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١٥.

[3] مشكل الآثار للطحاوى، الرقم ٥٠٤٨.

[4] تأريخ السلام للذهبي، ج٤، ص٢٣٣، سير أعلام النبلاء، ج٣، ص١٨٥، البداية والنهاية لابن كثر، ج٦، ص٢٦.

[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٢٨.

سەمورە بەرامبەر بە خەواریجەکان زۆر توند بوو و کوشتاریکی زۆری لەوان کرد، کە یەکێک لە خەواریجەکانی دەکوشت، دەیوت پیسترین کەسی ژێر ئاسمانن، موسڵمانان بە کافر دەزانن و خوێنیان دەرژن، بۆیە حەروورییە خەواریجەکان زۆر هێرشیان دەکردە سەر سەمورەو تانەیان لێدەدا.[1]

رای زانایان سەبارەت بە سەمورە:

هەریەک لە حەسەنی بەصری و ئیبن سیرین زۆر بە چاکەو ئیسلام دۆستی باسی سەمورە دەکەن[2] وەک ئەوەی هیچ بەهایەکیان دانەنابێت بۆ ئەوەی بەڵگەیەک بۆ چوونە دۆزەخی سەمورە هەبوبێت، جا یان لەبەرئەوەی ئەوەیان بە هەڵبەستراوی خەواریج دانابێت، یان پێیان وابووبێت مەبەست بە ئاگرەکە ئاگری دنیا بووە و بەو ئاگرە سووتا و مرد.

ئیبن سیرین دەڵێت: هێندەی من بزانم سەمورە زۆر سپاردەکار و تەواو راستگۆ بوو و ئیسلام و موسڵمانانی خۆشدەویست.[3]

ذەهەبی دەڵێت: سەمورە لە زانایانی ناو هاوەڵان بوو کە چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو.[4]

جا رای ئەهلی سوننە خۆی لە دوو خاڵدا دەبینێتەوە:

یەکەم: ئەو ئاگرەی لە فەرموودەکەدا بەرامبەر بە سەمورە باسکراوە، ئەو ئاگرەی دنیا بووە کە بەهۆیەوە مرد.

دووەم: خەواریج زۆر رقیان لێی بووەو تانەیان لێداوە.

سەمورە لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا جێی رەزامەندی خەلیفە بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب لە ساڵی سی و شەشی کۆچیدا سەمورەی کوڕی جوندوبی کرد بە والی بەصرە.[5]

---

(١) أسد الغابة، ج٢، ص ٥٢٨.

(٢) الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٦٥٣-٦٥٤.

(٣) الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٦٥٤.

(٤) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ١٨٣.

(٥) البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٢٩.

مردنی سەمورە:

سەمورە پێش ساڵی شەستی کۆچی وەفاتی کرد،[1] مردنەکەشی بە سووتان بوو، کەوتە ناو مەنجەڵێکی گەورەی ئاوی زۆر گەرمەوەو بەو هۆیەوە مرد، شوێنی مردنەکەشی لە بەصرە بوو.[2]

هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە سەمورە نەخۆشیەکی گرتبوو بە هیچ شتێ گەرمی نەدەبوویەوە، بۆیە بە ئاگر کردنەوە لە دەوری و بە ئاوی گەرم لە ژێریدا گەرمیان دەکردەوە.[3]

١٦١٩. سەمورەی کوڕی موعاویە(ﷺ)

ناوی سەمورەی کوڕی موعاویەی کوڕی عەمری کیندیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[4]

١٦٢٠. سەنائی کچی ئەسماء(ﷺ)

ناوی سەنائی کچی ئەسمائی سولەمیە، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوسەری گرت، بەڵام پێش ئەوەی بیگوازێتەوە، سەناء کۆچی دوایی کرد،[5] دەوترێت هۆکاری مردنەکەی لە خۆشیدا بووە، کاتێک بیستوویەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەهاوسەری گرتووە لە خۆشیدا مردووە.[6]

بەڵام ئەمەی سەبارەت بە هۆکاری مردنەکەی هاتووە جێی گومانە، چونکە ئەگەر وابێت، واتە پێغەمبەر(ﷺ) بێ پرس کردن بە سەناء مارەی کردووە، ئەمەش تەنها بۆ زەینەب بووە کە راستەوخۆ خوا مارەی کرد لە

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٨.

[2] الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج٢، ص ٦٥٤.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٦، ص ٣٤.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٢.

[5] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - تسمية أزواج رسول الله(ﷺ) - ذكر عدد أزواج النبي(ﷺ)، الرقم ٦٧٧٦.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٣.

پێغەمبەر(ﷺ) و لە قورئانیشدا باسکراوەو پێشتریش باسمان کردووە.

١٦٣١. سەندەر(رضي الله عنه)

ناوی سەندەرەو خزمەتکاری زنباع بوو، سەندەر دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لەو سەردەمەدا چوو بۆ میصر لەوێ نیشتەجێ بوو، سەندەر دواتریش تا سەردەمی عەبدولمەلیک ژیا.[١]

١٦٣٢. سەهلەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی سەهلەی کچی سەعدە، ئەم ئافرەتە لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، خوشکی سەهلی کوڕی سەعدە،[٢] سەهلە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٣]

١٦٣٣. سەهلەی کچی سوهەیل(رضي الله عنها)

ناوی سەهلەی کچی سوهەیلی کوڕی عەمری عامیریە، دایکی ناوی فاطیمەی کچی عەبدولعوززایە، هاوسەری ئەبووحوذەیفەی کوڕی عوتبەیە.[٤]

سەهلە زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتریش هاودەم بە مێردەکەی کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ منداڵێکیان بوو بە ناوی موحەممەد، سەهلە هاودەم بە مێردەکەی بەشداری هەردوو کۆچی حەبەشە بوو.[٥]

ئەبووحوذەیفە خزمەتکارێکی هەبوو بە ناوی سالیم کە زۆر خۆشی دەویست و وەک کوڕی خۆی تەماشای دەکرد، عائیشە دەڵێت: سالیم لەگەڵ

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩١-١٩٢.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٥.
[٣] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧٠٣١.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٦.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ص ٢٧٠.

ئەبووحوذەیفە بوو و لەگەڵیدا دەچوویەوە بۆماڵەوە، جارێک ژنەکەی ئەبووحوذەیفە –سەهلەی کچی سوهەیل-هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: سالم خەریکە باڵغ دەبێ و هۆشی کراوەتەوە، دێتەوە ماڵەوە بۆ ژوورەوە، وادەزانم ئەبووحوذەیفەش نائارامە بەو بارە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (أَرْضِعِيهِ تَحْرُمِي عَلَيْهِ، وَيَذْهَبِ الَّذِي فِي نَفْسِ أَبِي حُذَيْفَةَ) (شیری پێ بدە حەرام دەبیت لەسەری و ئەوەش لە ناخی ئەبووحوذەیفەدا هەیە نامێنێت)، ئەویش چوویەوەو شیری دا بە سالیم و بە ئەبووحوذەیفەی وت: من شیرم داوە بە سالیم، ئیتر ئەو نائارامیەی لە دەروونی ئەبووحوذەیفەدا هەبوو نەما.[1]

نەوەوی دەڵێت: زانایان رایان وایە ئەم بەسەرهات و حوکمە تایبەتە بە سەهلەو سالیمەوەو بۆ کەسانی تر نابێت...قاضی-عیاض- دەڵێت: لەوانەیە شیرەکەی کردبێتە شتێکەوەو پێی دابێت نەک ئەوەی سالیم مەمکی بمژێت.[2]

١٦٢٤. سەهلەی کچی عاصم(ﭫ)

ناوی سەهلەی کچی عاصمەو لە پشتیوانانە، سەهلە لە غەزای خەیبەردا لەدایک بوو و پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا سەهلە.[3]

١٦٢٥. سەهلی کوڕی عەمری نەججاری(ﭬ)

ناوی سەهلی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، کە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، سەهل و سوهەیل دوو برابوون کە هەتیو کەوتبوون و زەویەکەی مزگەوت هی ئەو دوانە بوو.[4]

[1] صحيح مسلم - كتاب الرضاع - باب رضاعة الكبير، الرقم ١٤٥٣.
[2] شرح النووي على صحيح مسلم، ج١٠،ص ٣١.
[3] أسد الغابة، ج٧، ص ١٧٠.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٣.

١٦٣٦. سەهلی کوڕی بەیضاء(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی بەیضائی قورەیشیە، بەیضاء دایکی بووە، هێشتا موسڵمان نەبووبوو کە یەکێک بوو لەو کەسانەی بەڵێننامەکەی قورەیشی دژ بە پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی هەڵوەشاندەو.

سەهل موسڵمان بووبوو، بەڵام موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، بە ناچاری لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، ئیبن مەسعوود شایەتی بۆ دا کە ئەوی بینیوە لە مەککە نوێژی کردووە، بۆیە ئازاد کرا، سەهل کە وەفاتی کرد پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی لەسەر کرد.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (ئەبووبەکر پیاوێکی زۆر چاکە، عومەر پیاوێکی زۆر چاکە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح پیاوێکی زۆر چاکە، ثابتی کوڕی قەیس پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذي کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاء پیاوێکی زۆر چاکە).[2]

١٦٣٧. سەهلی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی حارثی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە، ژنەکەی ناوی بەشیرەی کچی نوعمانە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەر(ﷺ).[3]

سەهل یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود،[4] هاودەم بە خۆیشی ڕەبیعی کوڕیشی بەشدار بوو.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٤.

[2] السنن الكبرى للنسائي - كتاب المناقب - معاذ بن عمرو بن الجموح(رضي الله عنه)، الرقم ٨١٧٣.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٤٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٥.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٤٥٨.

١٦٢٨. سەهلی کوڕی حونەیف(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی حونەیفی کوڕی واهیبە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان.[١]

دایکی ناوی هیندی کچی رافیع بو، لە سەری دایکیەوە دوو برای هەبوو بە ناوەکانی عەبدولا و نوعمان،[٢] برایەکی تری ناوی عوثمان بوو.[٣]

سەهل ژنێکی هەبوو بە ناوی حەبیبەی کچی ئەبووئومامە کە دوو منداڵی لێی هەبوو بە ناوەکانی ئەسعەد و عوثمان، ژنێکی تری ناوی ئومموکلثومی کچی عوتبە بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بەناوی سەعد.[٤]

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و سەهلی کوڕی حونەیفەوە.[٥]

سەهل لە غەزای بەدرو ئوحود و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[٦]

سەهل لە غەزای ئوحوددا لە نزیک پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو کاتێک موسڵمانان شکان سەهل پارێزگاری لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد و بە تیر وەڵامی بێباوەڕانی دەدایەوە.[٧]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتی غەزایەکی دابەش کرد-دەستکەوتەکانی بەنی نەضیر- و هیچی بە پشتیوانان نەدا، بەشی ئەبوودوجانەو سەهلی کوڕی حونەیفی دا چونکە هەژار بوون.[٨]

---

[١] أسد الغابة، ٢، ص ٥٤٥.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧١.
[٣] سير أعلام النبلاء، ٢، ص ٣٢٠.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧١.
[٥] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٢٤.
[٦] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.
[٧] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.
[٨] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧٢.

سەهل دەڵێت: دامان بە لای ئاوێکی زۆردا-لافاوێک- من خۆم تێدا شۆرد و تووشی تابووم، ئەو رووداوە گەیشتەوە بە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بە ئەبوو ثابت بڵێن با پەنا بگرێت بەخوا).[1]

جارێک سەهل ویستی خۆی بشوات، عەباکەی سەر شانی لابرد و پێستی دەرکەوت، عامیری کوڕی رەبیعە ئەوی بینی، پێستی سەهل زۆر سپی بوو، عامیر وتی: تا ئەمڕۆ پێستی وا جوانم نەدیوە، خێرا سەهل لە شوێنی خۆیدا نەخۆش کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) هات و هەواڵەکەی بۆ باس کرا، سەهل بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (علام يقتل أحدكم أخاه؟ ألا بركت إن العين حق، توضأ له)، (بۆ کەستان بیەوێت براکەی بکوژێت؟ با وشەی بەرەکەتت بەکاربهێنایە، چاو حەقە، دەستنوێژی بۆ بگرە)، عامیریش چوو دەستنوێژی بۆ گرت و سەهلیش رزگاری بوو.[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە دەستنوێژەکەی گرت، ئەو ئاوەی دەستنوێژەی کرا بەسەر سەهلدا.[3]

سەهل لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەیعەتی پێدا و لە نزیکیەوە بوو.[4]

خەلیفە سەهلی کوڕی حونەیفی وەک والی شام دانا تا لە شوێنی موعاویە والی ئەوێ بێت، سەهلیش کەوتەڕێ تا گەیشتە تەبووک، سوارەکانی موعاویە پێی گەیشتن، وتیان: تۆ کێیت؟ وتی: من ئەمیرم، وتیان: ئەمیری کوێیت؟ وتی: ئەمیری شام، وتیان: ئەگەر عوثمان تۆی ناردووە بەخێر بێیت، ئەگەریش هەر کەسی تر تۆی ناردووە ئەوە بگەڕێرەوە، ئەویش وتی: مەگەر نەتابیستووە چی روویداوە؟ وتیان: با، بۆیە سەهل گەڕایەوە بۆ لای عەلی.[5]

---

[1] سنن أبي داود، الرقم ٣٨٨٨، ضعفه الألباني.

[2] صحيح ابن حبان - كتاب الرقى والتمائم - ذكر الأمر لمن رأى بأخيه شيئا حسنا أن يبرك له فيه فإن عانه توضأ له، الرقم ٦١٠٥، قال شعيب الأرناؤوط رجاله ثقات رجال الشيخين غير محمد بن أبي أمامة.

[3] سنن ابن ماجه - أبواب الطب - باب العين، الرقم ٣٥٠٩.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٠.

کاتێک عەلی چوو بەرەو بەصرە ئەوی کرد بە بەرپرسی مەدینە، دواتر سەهل چوو و لەگەڵ عەلیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد،[1] سەهل لە صفیندا سەرکردایەتی سوپای سوارەی خەڵکی بەصرەی دەکرد.[2]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب متمانەی زۆری بە سەهل و تواناکانی هەبوو، بۆە دواتریش ئەوی کرد بە والی لە ولاتی فارسدا، بەڵام هێندەی نەبرد خەڵکەکە لێی نارازی بوون و ئەویان دەرکرد.[3]

سەهل دواتر چوویە کووفەو لەوێ مایەوە تا وەفاتی کرد، مردنیشی لە ساڵی سی و هەشتی کۆچیدا بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب نوێژی لەسەر کرد.[4]

یوسەیری کوڕی عەمر دەڵێت: پرسیارم کرد لە سەهلی کوڕی حونەیف، وتم: هیچت لە پێغەمبەر(ﷺ) بیستووە کە باسی خەواریجی کردبێت، ئەویش وتی: بیستم لێی کاتێک ئاماژەی بەرەو رۆژهەلات دەکرد، ئینجا فەرمووی: (قوم يقرءون القرآن بألسنتهم لا يعدو تراقيهم يمرقون من الدين، كما يمرق السهم من الرمية)،[5] (خەڵکێکن قورئان بە زمانیان دەخوێنن بەڵام لە قورقوڕاگەیان تێپەڕ ناکات، لە دین دەردەچن وەک چۆن تیر لە کەوان دەردەچێت).

١٦٢٩. سەهلی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی رافیعی کوڕی ئەبی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ٧، ص ٢٦١.

[3] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٥.

[5] صحيح البخاري - كتاب استتابة المرتدين والمعاندين وقتالهم - باب من ترك قتال الخوارج للتألف وأن لا ينفر الناس عنه، الرقم ٦٩٣٤؛ صحيح مسلم - كتاب الزكاة - باب الخوارج شر الخلق والخليقة، الرقم ١٠٦٨.

[6] الإصابة في تمخييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٨.

جارێک سەهل مشتێک خورمای وەک زەکات بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، چونکە ئەوە هەموو زەکاتەکەی بوو، دووروووەکانیش گاڵتەیان پێدەکرد، سەهل هاودەم بە خۆی عەمیرەی کچیشی بردە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئیشێکم بە تۆ هەیە، فەرمووی: چیە؟ وتی: نزای بەرەکەت بۆ خۆم و کچەکەم بکەیت و دەست بهێنیت بەسەر سەری ئەم کیژەمدا، چونکە تەنها ئەم کچەم هەیە، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی خستە سەر سەری.[1]

١٦٣٠. سەهلی کوڕی رافیعی بەلوی(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی رافیعی کوڕی خەدیجی بەلویە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی زیادە، سەهل ژنێکی هێنا بە ناوی مونذیری کچی ریفاعە کە چەند منداڵێکی لێ بوو بە ناوەکانی مونذیر و عیمران و سولەیمان و موحەممەد و عائیشەو ئوممو عیسا و ئوممو حەمیدە.[2]

١٦٣١. سەهلی کوڕی رۆمی(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی رۆمی کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[3]

١٦٣٢. سەهلی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی سەعدی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی ساعیدە، لە هاوەڵە ناسراوەکانە.[4]

---

[1] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من بقية من أول اسمه ميم من اسمه موسى - موسى بن هارون، الرقم ٨١٦٧

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٢٥٧.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.

باوکی سەهل یەکێک بوو لەو هاوەڵانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) وەفاتی کرد.[1]

سەهل هاوەڵێکی گەنج بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد هێشتا تەمەنی نزیکەی پانزە ساڵان بوو.[2]

سەهل سەرەتا ناوی حەزەن بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە سەهل.[3]

سەهل دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ ماڵی فاطیمەی کچی و تەماشای کرد عەلی لەوێ نیە، فەرمووی: کوا ئامۆزاکەت؟ فاطیمە وتی: دەمەبۆڵەیەکمان بوو و تووڕەی کردم، دواتر چوویە دەرەوەو هیچی پێ نەوتم، پێغەمبەر(ﷺ) بە یەکێکی فەرموو بڕۆ بزانە لە کوێیە؟ کابرا چوو تەماشای کرد لە مزگەوتەو راکشاوە و عەباکەی ژێری لاچووەو خۆڵاوی بووە، پێغەمبەر(ﷺ) بە دەستەکانی خۆڵەکەی لێ دەتەکاند و فەرمووی: (اجْلِسْ يَا أَبَا تُرَابٍ) (هەستەوە ئەی ئەبووتوراب، هەستەوە ئەی ئەبووتوراب).[4]

سەهل هەرچەندە لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) منداڵ بوو، بەڵام چی پێ بکرایە خزمەتی دەکرد، ئەوەتا لە غەزای خەندەقدا لە هەڵکەندنی خەندەقەکەدا بەشدار بوو، خۆی دەڵێت: کە هاوەڵان خەندەقەکەیان هەڵدەکەند، منیش بە کۆڵ خۆڵم دەگواستەوە.[5]

سەهل دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و تەمەنێکی زۆری کرد، دەوترێت سەد ساڵ ژیاوە، رایەک دەڵێت: لەساڵی نەوەدو یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی نەوەدو شەشی کۆچیدا وەفاتی کردووە، سەبارەت بە شوێنی مردنیشی هەندێ دەڵێن لە مەدینە مردووە،

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٢.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٣.
[4] صحيح البخاري - كتاب فضائل الصحابة - باب مناقب علي بن أبي طالب، الرقم ٣٧٠٣.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٩٦.

هەندێکی تریش دەڵێن لە ئیسکەندەریە لە میصر وەفاتی کردووە.[1]

ذەهەبی دەڵێت: ئەمە کۆتا هاوەڵ بوو کە لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و کاتی وەفاتیشی تەمەنی سەد ساڵ دەبوو.[2]

١٦٣٣. سەهلی کوڕی صەخر(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی صەخری کوڕی واقیدە، دەشوترێت ناوی سوهەیلە.[3]

سەهل دەڵێت: لەگەڵ باوکم چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: ئەی مێرمنداڵ ناوت چیە؟ وتم: ناوم سەهلە، فەرمووی: نزیک بەرەوە، نزیک بوومەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سەرمدا و فەرمووی: (ئەی سەهل ئەگەر خوا رۆزی پێدایت کۆیلەیەک بکڕە، چونکە خوا خێری لە گەردنی پیاواندا داناوە).[4]

١٦٣٤. سەهلی کوڕی عامیر(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی عامیرە، یان دەوترێت ناوی سوهەیلە، لە پشتیوانانە، لە رۆژی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو، هاودەم بە خۆیشی سەهلی کوڕی عەمری مامیشی شەهید بوو.[5]

١٦٣٥. سەهلی کوڕی عەتیک(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی عەتیکی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی نەججار،[6] دایکی ناوی جەمیلەی کچی عەلقەمەیە.[7]

---

(1) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.
(2) سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٢٣.
(3) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.
(4) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٠.
(5) أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٩.
(6) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠١.
(7) () –الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٠.

سەهل یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە،[1] لە غەزای بەدر[2] و ئوحودیشدا بەشدار بوو.[3]

١٦٣٦. سەهلی کوڕی عەددی تەمیمی(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی عەددی تەمیمیە، دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ژیا و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

١٦٣٧. سەهلی کوڕی عەددی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی عەددی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا بەشدار بوو، ئەو فەتحی ناوچەی کرمانی کرد.[5]

١٦٣٨. سەهلی کوڕی عەددی(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی عەددی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[6]

١٦٣٩. سەهلی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی عەمری کوڕی عەبدشەمسە، برایەکی هەبوو بە ناوی سوهەیل، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و دواتر چوو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر یان عومەری کوڕی

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٠.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠١.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٠.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٢.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٢.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٢.

خەططابدا کۆچی دوایی کرد.[1]

١٦٤٠. سەهلی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی عەمری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، زیاتر بە ئیبنولحەنظەلیە ناسراوە، دەوترێت ئەوە ناوی دایکیەتی، یان دەوترێت ناوی باوکیەتی، بەڵام ناوی ئیاسی کچی ئەبانە، لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کردووە جگە لە غەزای بەدر، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا و چوو بۆ شام و لەوێ مایەوەو بانگەوازی دەکرد، دواجار لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[2]

سەهل دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (إن المنفق على الخيل في سبيل الله كباسط يديه بالصدقة لا يقبضها)،[3] (ئەو کەسەی بەخششی هەیە بۆ سوپای سوارەی ڕێی خوا، وەک ئەو کەسە وایە دەستی خێری واڵا کردوەو دەستی بەیەکدا ناخات).

١٦٤١. سەهلی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی عەمری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، لە غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[4]

١٦٤٢. سەهلی کوڕی قەرظە(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی قەرظەی کوڕی قەیسە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٣.
[2] الإصابة في تمييزبة، ج٣، ص ١٩٦.
[3] المستدرک على الصحيحين - كتاب الجهاد - الخيل معقود في نواصيها الخير، الرقم ٢٤٦٩.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٣.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢٠٤.

١٦٤٣. سەهلی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبی کەعبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[١] دایکی ناوی نائیلەی کچی سەلامەیە.[٢]

سەهل یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٦٤٤. سەهلی کوڕی مینجاب(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی مینجابی تەمیمیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو تا زەکاتی بەنی تەمیم کۆبکاتەوە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) هەر لەسەر ئەو کارەی مایەوە.[٤]

١٦٤٥. سەهلی کوڕی ئەبی حەثمە(ﷺ)

ناوی سەهلی کوڕی ئەبی حەثمەی کوڕی ساعیدەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دایکی ناوی رەبیعی کچی سالیمە.[٥]

سەهل لە ساڵی سێیەمی کۆچیدا لەدایک بووە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی سەهل تەنها هەشت ساڵان بوو.[٦]

سەهل دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەرەتاکانی سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[٧]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢٠٤.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٨١.
[٣] أسد الغابة،ج٢، ص ٥٥٢.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢٠٥.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٥.
[٦] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٣.
[٧] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٤٣.

١٦٤٦. سەهلی کوڕی ئەبی صەعصەعە(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی ئەبی صەعصەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربووانی غەزای ئوحود.[١]

١٦٤٧. سەهلی مەولا(رضي الله عنه)

ناوی سەهلەو خزمەتکاری بەنی ظوفەر بوو، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[٢]

١٦٤٨. سەهلی موزەنی(رضي الله عنه)

ناوی سەهلی کوڕی قەیسی موزەنیە، فەرمووودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٣]

١٦٤٩. سەوادەی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه)

ناوی سەوادەی کوڕی رەبیعە، سەوادە دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، داوای یارمەتیم لێکرد، ئەویش فەرمانی کرد وشترێکیان پێدام، پاشان فەرمووی: (إِذَا رَجَعْتَ إِلَى بيْتِكَ فَمُرْهُمْ فَلْيُحْسِنُوا غِذَاءَ رِبَاعِهِمْ، وَمُرْهُمْ فَلْيُقَلِّمُوا أَظْفَارَهُمْ، لاَ يَعْبِطُوا بِهَا ضُرُوعَ مَوَاشِيهِمْ إِذَا حَلَبُوا) (ئەگەر گەڕایتەوە بۆماڵەوە، پێیان بڵێ با جوان خواردن بدەن بە بێچووی تازەی وشتر و پابەندیان بکە تا نینۆکەکانیان بکەن و گوانی مەڕوماڵاتەکان لەکاتی دۆشیندا خوێناوی نەکەن).[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢٠٧.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٥٢.

[٤] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث سوادة بن الربيع(رضي الله عنه)، الرقم ١٦١٣٦، حسنه شعيب الأرناؤوط.

١٦٥٠. سەوادی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی سەوادی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە،[١] سەواد دەڵێت: جارێک چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بۆنێکم لە خۆم دابوو (بۆنی خلوق)، پێغەمبەر(ﷺ) کە منی بینی، فەرمووی: ئەی سەوادی کوڕی عەمر بۆنی خەلوقت بەکارهێناوە؟ مەگەر من ڕێگریم لێ نەکردون؟ ئینجا دارێکی بەدەستەوە بوو سووکێک خوڕیە سکم و ئازارێکی دام، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆڵەم دەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باشە، بۆیە سکی خۆی بۆ دەرخستم، منیش سکیم ماچ کرد، دواتر وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وازی لێ دێنم بەڵام تۆش لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەتم بۆ بکە.[٢]

١٦٥١. سەوادی کوڕی غەزیە(ﷺ)

ناوی سەوادی کوڕی غەزیەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان.[٣]

سەواد یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزاکەدا پێغەمبەر(ﷺ) ڕیزەکانی ڕێک دەکرد، بەو دارەی لە دەستیدا بوو دای لە سکی سەواد، ئەویش وتی‌ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئازارت دام، تۆڵەم دەوێت، پێغەمبەر(ﷺ) سکی خۆی بۆ نیشان دا، ئەویش ماچی کرد، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای خێری بۆ کرد.[٤]

ئیبن حەجەر دەڵێت: ئەگەر چی ئەو ڕووداوە بۆ سەوادی کوڕی عەمریش هاتووە، بەڵام هیچ ڕێگرێک نیە ئەم ڕووداوە لەوی تر جیا بێت، بەتایبەت کە هۆکارەکانیان جیاوازە.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٧.

[٢] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب النفقات - جماع أبواب صفة قتل العمد وشبه العمد - باب ما جاء في قتل الإمام وجرحه، الرقم ١٦١١٩.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٦١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٨.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٨.

سەواد لە غەزای بەدردا خالیدی کوڕی هیشامی بەدیل گرت.[1]

سەواد دواتر لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[2]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەوادی کرد بە بەرپرسی خەیبەر بۆ کۆکردنەوەی داهاتەکەی، سەوادیش چوو بۆ ئەوێ و جۆرێکی زۆر باشی خورمای هێنایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئایا هەموو خورمای خەیبەر ئاوایە؟ وتی: نا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، ئێمە مشتێکمان بە دوو مشت و دوومشتمان بە سێ مشت کڕیوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وا مەکە، بەڵکو ئەوەیان بفرۆشەو بە پارەکەی لەوەی تر بکڕە).[3]

١٦٥٢. سەوادی کوڕی قاریب(رضي الله عنه)

ناوی سەوادی کوڕی قاریبە، ئەم هاوەڵە خەڵکی یەمەن بوو، سەواد بەسەرهاتی خۆی بۆ عومەری کوڕی خەتتاب دەگێڕێتەوەو دەڵێت: شەوێک راکشابووم، نە ئەوەبوو خەوتبم، نە ئەوەبوو بێدار بم، جنۆکەیەک هات و بە قاچ لێیدام و وتی: ئەی سەوواد هەستەو تێبگە ئەگەر عەقڵت هەیە، وا پێغەمبەری خوا(ﷺ) نێردراوەو بانگەواز دەکات بۆ لای خواو پەرستشی خوا، ئینجا شیعرێکی هۆنیەوە، منیش سەرم بەرز نەکردەوەو وتم: بهێڵە بخەوم، بۆ شەوی دووەم بە هەمان شێوە هات و هەمان شتی پێ وتم: و هەمان شیعری هۆنیەوە، منیش سەرم بەرز نەکردەوە، بۆ شەوی سێیەم هاتەوەو هەمان رووداوی دوو شەوی پێشوو دووبارە بوویەوە، ئیتر خۆشەویستی ئیسلام چوویە دڵمەوە، کە رۆژ

[1] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٦١.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥١٦.

[3] سنن الدارقطني - كتاب البيوع، الرقم ٢٨٤٩، وقد رواه البخاري : أن رسول الله(ﷺ) بعث أخا بني عدي الأنصاري، واستعمله على خيبر، فقدم بتمر جنيب، فقال له رسول الله(ﷺ): أكل تمر خيبر هكذا. قال: لا والله يا رسول الله، إنا لنشتري الصاع بالصاعين من الجمع، فقال رسول الله(ﷺ): لا تفعلوا، ولكن مثلا بمثل، أو بيعوا هذا واشتروا بثمنه من هذا، وكذلك الميزان. (صحيح البخاري - كتاب الاعتصام بالكتاب والسنة - باب إذا اجتهد العامل أو الحاكم فأخطأ، الرقم ٧٣٥٠).

بوویەوە بارگەم پێچایەوەو رووەو مەککە کەوتمە ڕێ، لە نیوەی ڕێدا بووم کە بیستم پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کردووە بۆ مەدینە، بۆیە چووم بۆ مەدینە، هەواڵی پێغەمبەرم(ﷺ) پرسی وتیان: لە مزگەوتە، چووم بۆ مزگەوت و وشترەکەمم مۆڵدا و چوومە ژوورەوە، بینیم خەڵکی لە دەوری پێغەمبەری خوان(ﷺ)، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێم لێبگرە، ئەبووبەکر وتی: لێی نزیک بەرەوە، منیش چوومە پێشەوە تا چوومە بن دەستی، فەرمووی: ئادەی هەواڵی ئەو جنۆکەم پێ بڵێ، منیش بە شیعر بەسەرهاتەکەم بۆ هۆنیەوە و شایەتومانیشم هێنا، پێغەمبەریش(ﷺ) هاودەم بە هاوەڵانی زۆر خۆشحاڵ بوون بە موسڵمان بوونەکەم تا ئاستێ ئەو خۆشحاڵیە بە دەموچاویانەوە دەبینرا.[١]

١٦٥٣. سەوادی کوڕی قوطبە(ﷺ)

ناوی سەوادی کوڕی قوطبەیە و دواتر چوو بۆ ناوچەی جورجان و لەوێ نیشتەجێ بوو.[٢]

١٦٥٤. سەوادی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی سەوادی کوڕی مالیکی کوڕی سەوادە، کە چوویە خزەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڕەحمان.[٣]

١٦٥٥. سەودائی ئەسەدی(ﷺ)

ناوی سەودائی کچی عاصیمی ئەسەدیە، یان دەوترێت ناوی سەودەیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) تا بەیعەتی پێ بدات.[٤]

---

[١] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر سواد بن قارب الأزدي(ﷺ) - قصة إسلام سواد بن قارب وهدايته من الجن، الرقم ٦٦٢١، قال الذهبي إسناده منقطع.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٩.

١٦٥٦. سەودەی کچی حارثە(﵂)

ناوی سەودەی کچی حارثەیە، لە پشتیوانانە، هاوسەری عەمری کوڕی حەزمە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٦٥٧. سەودەی کچی زەمعە(﵂)

ناوی سەودەی کچی زەمعەی کوڕی قەیسی قورەیشی عامیرە، هاوسەری پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دایکی باوەڕدارانە،[٢] دایکی ناوی شوموسی کچی قەیسە و خەڵکی مەدینە بووە.[٣]

سەودە سەرەتا هاوسەری سەکرانی کوڕی عەمر بوو، سەکران و سەودە هەردووکیان باوەڕیان هێنا و کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، رایەک دەڵێت: سەکران لە حەبەشە مرد، رایەکیش دەڵێت: بەڵکو هاتنەوە مەککەو لەوێ سەکران کۆچی دوایی کرد.[٤]

دوای وەفاتی خەدیجە پێغەمبەر(ﷺ) سەودەی بەهاوسەر گرت و ماوەیەک تەنها سەودە خێزانی بوو، هەندێ دەق هاتووە کە نزیکەی سێ ساڵ تەنها سەودە هاوسەری بوو، ئینجا عائیشەی بەهاوسەرگرت.[٥]

پێغەمبەر(ﷺ) پاش مەرگی سەکران وەستا تا ماوەی سەودە تەواو بوو، پاشان داوای کرد، سەودە وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) قسەی من لەدەست تۆیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دەی کەسێک لە خزمانت راسپێرە تا بەشووت بدات، ئەویش حاطیبی کوڕی عەمری راسپارد، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) سەودەی بەهاوسەر گرت.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٠.

[٢] سير أعلام النبلاء، ج٢،ص ٢٦٥.

[٣] أسد الغابة، ج٧، ص ١٧٣.

[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ٤٨٢.

[٥] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٦٥.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٥٣.

سـەودە تەمەنـی زۆر بـوو، دەترسـا پێغەمبـەر(ﷺ) تەڵاقـی بـدات،[1] بۆیـە داوای کرد لـە پێغەمبـەر(ﷺ) تەڵاقی نـەدات، هەروەهـا ئـەو ڕۆژەی خۆی کـە مافی بـوو پێغەمبـەر(ﷺ) بچێتـەوە بۆ لای، بەخشـی بـە عائیشـە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، پاش ماوەیەک زەید و ئەبووڕافیعی بە دوو وشترەوە نارد بۆ مەککە تا فاطیمـەو ئوممو‌کلثوم و سـەودەی کچی زەمعـەو ئوممو‌ئەیمـەن و ئوسامەی کوڕی زەید بهێنن بۆ مەدینە.[3]

عومـەری کـوڕی خەططـاب داوای لـە پێغەمبـەر(ﷺ) کـرد تـا ڕووپۆش بـۆ ژنەکانی بەکاربهێنێت، بـەڵام پێغەمبـەر(ﷺ) ڕازی نەبـوو، شـەوێک سـەودەی هاوسـەری پێغەمبـەر(ﷺ) کـە ژنێکـی باڵابـەرز بـوو چوویـە دەرەوە، عومـەر وتـی: ئـەی سـەودە تۆمـان ناسـیەوە، دوای ئـەوە ئایەتـی حیجـاب دابـەزی.[4]

پێغەمبـەر(ﷺ) لـە دەسـتکەوتەکانی خەیبـەردا هەشـتا کۆڵ خورمـا و بیسـت کۆڵ گەنمی پێدا.[5]

ڕایـەک دەڵێت: سـەودە لـە سـەردەمی خیلافەتی عومـەری کوڕی خەططابدا کۆچـی دوایـی کـردووە، ڕایەکـی تریـش دەڵێـت: لـە شـەووالی سـاڵی پەنجـاو چـواری کۆچیدا لـە مەدینـە وەفاتـی کـرد.[6]

١٦٥٨. سەودەی کچی ئەبی حوبەیش(ﷺ)

نـاوی سـەودەی کچی ئەبی حوبەیشـی جوهەنیە، خۆی و باوکیشـی هاوەڵی پێغەمبـەر(ﷺ) بـوون، هەردووکیشـیان بەشـداری کـۆچ بـون، سـەودە چوویـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و بەیعەتـی پێدا.[7]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٥٣.
[2] أسد الغابة، ج٧، ص ١٧٣.
[3] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٦٩.
[4] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب خروج النساء إلى البراز، الرقم ١٤٦.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٥٦.
[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٦٧.
[7] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٢.

١٦٥٩. سەوواری کوڕی هەممام(ﷺ)

ناوی سەوواری کوڕی هەممامە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، بەشداری فتووحاتی عێراق بوو.[١]

١٦٦٠. سەیحانی کوڕی صووحان(ﷺ)

ناوی سەیحانی کوڕی صووحانە، بەڵگەی هاوەڵبوونی ئەوەیە کە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا ئەمیر بووە، خەلیفە راشیدینەکانیش لە غەزا و فتووحاتدا تەنها هاوەڵانیان دەکردن بە ئەمیر.[٢]

١٦٦١. سەیفی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سەیفی کوڕی قەیسە، هاودەم بە براکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) رایسپارد تا بانگ بدات بۆ هۆزەکەی، ئەویش تا ئەو رۆژەی وەفاتی کرد بانگی دەدا بۆ هۆزەکەی.[٣]

١٦٦٢. سەییدی کوڕی بیشر(ﷺ)

ناوی سەییدی کوڕی بیشری عامیریە، چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانبوو، دواتریش لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا سەرکردەی هۆزەکەی خۆی بوو.[٤]

---

[١] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٢.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٧.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٦.

١٦٦٣. سەییدی نەجرانی(ﷺ)

ناوی سەییدەو وەک ئەندامێکی وەفدێک هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەلام وەفدەکە موسڵمان نەبوون و لەسەر سەرانە رێککەوتن، دواتر خێرا سەیید و عاقب کە دوو ئەندامی وەفدەکە بوون هاتنەوە مەدینەو موسڵمان بوون و پێغەمبەریش(ﷺ) ئەو ماوەیە لە ماڵی ئەبووئەیووبی ئەنصاری ئەوانی نیشتەجێ کرد.[1]

١٦٦٤. سدوسی کچی خەللاد(ﷺ)

ناوی سدووسی کچی خەللادەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

١٦٦٥. سوائی کوڕی خالید(ﷺ)

ناوی سوائی کوڕی خالیدی خوزاعیە، هاودەم بە حەببەی رای چوونە خزمەت پێغەمبەری خوا.[3]

١٦٦٦. سوبەیعەی کچی حارث(ﷺ)

ناوی سوبەیعەی کچی حارثی ئەسلەمیە، سوبەیعە ژنی سەعدی کوڕی خەولە بوو، سەعد یەکێک بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە حەجیماڵئاواییدا سەعد کۆچی دوایی کرد و سوبەیعەش سکی هەبوو، کەمێک پاش وەفاتی سەعد منداڵەکەی بوو، کە لە خوێنەکەی پاک بوویەوە، خۆی رازاندەوە بۆ داواکاران-واتە دەرفەتی داواکاری دا و جلی ماتەمینی لابرد-، ئەبوسەنابیل هات بۆ لای و وتی: دەبینم نیازی شووت هەیە، بەخوا تۆ

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٦.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ص ٣٦٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ١٤.

تـا چـوار مانـگ و ده رۆژ تـەواو نەکەیـت شـووت بـۆ نیـە، سـوبەیعەش کـە ئـەوەی بیسـت چـوو بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) و لـەو بـارەوە پرسـیاری لێکـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (مـاوەت تـەواو کـردووە بـە منداڵ بوونەکـەت) ئینجـا فەرمانـی کـرد ئەگـەر سـوبەیعە خـۆی حـەز بـکات شـوو بـکات.[1]

١٦٦٧. سوبەیعی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

نـاوی سـوبەیعی کـوڕی قەیسـە، لـە پشـتیوانانە لـە خەزرەجیەکان، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی بـەدر و ئوحودیش.[2]

١٦٦٨. سوبەیعی کوڕی نەصر(رضي الله عنه)

نـاوی سـوبەیعی کـوڕی نەصـری موزەنیـە، جارێـک لـە مزگەوتـی پێغەمبـەر(ﷺ) دانیشـتبوو و قەرەباڵغیەکـی زۆر بـوو، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی: (رەحمـەت لـەو کەسـەی هۆزەکـەی خـۆی لەلامـان کەنـار دەخـات)، سـوبەیع هەسـتا و وتـی: کـێ لـە هـۆزی موزەینـە لێرەیـە بـا هەسـتێت، هەمـوو موزەنیـەکان لەگـەڵ سـوبەیعدا چـوون، پێغەمبەریش(ﷺ) سـێ جـار فەرمـووی: (رەحمەتـی خـوا لـە موزەینـە).[3]

١٦٦٩. سوبەیقی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه)

نـاوی سـوبەیقی کـوڕی حاطیبـە، بـە سـوبەیعیش هاتـووە، هەروەهـا بـە سـوەیبیقیش هاتـووە، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی غـەزای بـەدر و هـەر لـەو غەزایەشـدا شـەهید بـوو.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب حدثني عبد الله بن محمد الجعفي، الرقم ٣٩٩١؛ صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب انقضاء عدة المتوفى عنها زوجها وغيرها بوضع الحمل، الرقم ١٤٨٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢.

١٦٧٠. سوهیبیطی کوڕی سەعد(ﷺ)

ناوی سوهیبیطە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەندێ دەڵێن ناوی سەعدی کوڕی حەرمەلەیە، هەندێ دەڵێن ناوی حەرمەلەیە،[١] دایکی ناوی هونەیدەی کچی خەبابە.[٢]

سوهیبیط یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ لای عەبدوڵای کوڕی سەلەمە لایدا، دواتر پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سوهیبیط و عائیذی کوڕی ماعیصەوە.[٣]

لە غەزای بەدر[٤] و ئوحودیشدا بەشداری کرد.[٥]

جارێک ئەبووبەکری صدیق چوو بۆ شام، هاودەم بەویش نوعەیمانی کوڕی عەمر کە هاوەڵێکی بەشداربووی عەقەبە و غەزای بەدریش بوو و بە کەسێکی قسەخۆش ناسرابوو، لەگەڵ سوهیبیطیشدا چوون، سوهیبیط سەرپەرشتی خواردنی کاروانەکەی دەکرد، نوعەیمان هات و وتی: بڕێک خواردنم بدەرێ، سوهیبیط وتی: نابێت، دەبێت ئەبووبەکر بێتەوە ئینجا، نوعەیمانیش چوو بۆ لای بڕێک خەڵک کە لەوێ بوون و وتی: کۆیلەیەکی عەرەبم هەیە لێم بکڕن، بەڵام زمان درێژی دەکات و لەوانەیە کە بیهێنم پێتان بڵێت من کۆیلە نیم و ئازادم، جا ئەگەر بەو حاڵەیەوە لێم دەکڕن با بیهێنم، ئەگەرنا با نەیهێنم و کۆیلەکەشم لێ هار مەکەن، ئەوانیش وتیان: بیهێنە دەیکڕین، ئەویش چوو سوهیبیطی هێنا بەرەو لا خەڵکەکە، کە گەیشتنە ئەوێ بە خەڵکەکەی وت: ئەوەتا ئەمەیە، ئەوانیش وتیان: باشە دەیکڕین،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٢.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٢.
[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٢.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٢.
[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٢.

سوەیبیط وتی: ئەمە درۆ دەکات من کەسێکی ئازادم و کۆیلە نیم، ئەوانیش وتیان: ئاگامان لە فێڵت هەیە، ئەوەبوو بە حەبل بەستیانەوەو بردیان، کە ئەبووبەکر هاتەوەو هەواڵەکەی بیست، خێرا چوون و سوەیبیطیان کڕیەوەو هێنایانەوە، کە هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی تا ماوەیەک پێدەکەنین.[1]

١٦٧١. سومیدی کوڕی صامت(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی صامتە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

١٦٧٢. سومیدی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی ئەنصاریەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی عوقبە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، سوەید دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە غەزای خەیبەرەوە دەهاتینەوە کە ئوحودمان لێ بەدیارکەوت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الله أكبر، شاخێکە ئێمەی خۆشدەوێت و ئێمەش خۆشمان دەوێت).[3] ئەنەسی کوڕی مالیکیش بە هەمان شێوە ئەم فەرموودەی گێڕاوەتەوە.[4]

١٦٧٣. سومیدی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی حارثی ئەزدیەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[5]

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الأدب - باب المزاح، الرقم ٣٧١٩؛ أسد الغابة، ج٥، ص ٣٦٧-٣٦٨، ضعفه شعيب الأرناؤوط، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٦.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث سويد الأنصاري(رضي الله عنه)، الرقم ١٥٨٩٩، صححه شعيب الأرناؤوط.

[4] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب فضل الخدمة في الغزو، الرقم ٢٨٨٩.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٤.

١٦٧٤. سوەیدی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی زەیدەو هاودەم بە براکانی هاتووەت خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە.[١]

١٦٧٥. سوەیدی کوڕی صەخر(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی صەخری جوهەنیە، زۆر زوو موسڵمان بوو، کاتێک کوڕزی کوڕی جابیری فەهری لە شەووالی ساڵی شەشی کۆچیدا چوو بۆ سریەی عرنیین سوەیدیش چوو، هەروەها یەکێک بوو لە بەشداربوانی حودەیبیە و لە بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشداری کرد و یەکێک بوو لەو چوار کەسەی کە ئاڵاکانی جوهەینەیان بەدەستەوە بوو.[٢]

١٦٧٦. سوەیدی کوڕی عامیر(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی عامیر یان عەمرە، لە پشتیوانانە،[٣] کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سوەید و وەهبی کوڕی سەعدەوە.[٤]

هەریەک لە وەهب و سوەیدیش لە غەزای موئتەدا بەشدار بوون و تیایدا شەهید بوون.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٥.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٣٤٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٠٧.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص ٢٢٧.

١٦٧٧. سوەیدی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی قەیسی عەبدیە، سوەید دەڵێت: جارێک من و مەخرەفەی عەبدی لە ناوچەی هەجەرەوە جلێکمان هێنا، پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان، ویستی شەرواڵێکمان لێ بکڕێت، کەسێکی لا بوو کە کێشانەی شمەک و بەهاکەی دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکرد تا بەهای ئەو شەرواڵەی بۆ جیا بکاتەوە تا بیداتو فەرمانیشی کرد تەواو بەهاکەی بدات و هیچی لێ نەبڕێت.[١]

١٦٧٨. سوەیدی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه)

ناوی سوەیدی کوڕی نوعمانی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووعوقبەیە، فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە بوخاری هێناویەتی و ئیبن حەجەر تانەی لێدەدات و دەڵێت: بوشەیری کوڕی یەسار کە فەرموودەکەی لێوە گێڕاوەتەوە نەگەیشتووە بە سەردەمی ژیانی سوەید.[٢]

بوشەیری کوڕی یەسار دەڵێت: سوەیدی کوڕی نوعمان بۆی گێڕامەوە کە لە غەزای خەیبەردا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو تا گەیشتنە صەهباء کە لە خوارووی خەیبەرە، نوێژی عەسری کرد...[٣]

سوەید لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] سنن أبي داود - كتاب البيوع - باب في الرجحان في الوزن والوزن بالأجر، الرقم ٣٣٣٦؛ صحيح ابن حبان - كتاب الإجارة - ذكر الإباحة للمرء أن يكون وزانا للناس بعد أن يلزم النصيحة في أموره وأسبابه، الرقم ٥١٤٧؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب اللباس - من كان يؤمن بالله فلا يلبسن حريرا ولا ذهبا، الرقم ٧٥٠٠، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٩.

[٣] صحيح البخاري - كتاب الوضوء - باب من مضمض من السويق ولم يتوضأ، الرقم ٢٠٩.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٢٩.

١٦٧٩. سومیدی کوڕی هوبەیرە(ﷺ)

ناوی سوەیدی کوڕی هوبەیرەی دیئلیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[١]

١٦٨٠. سوەیدی ئاهیلی(ﷺ)

ناوی سوەیدی ئاهیلیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٢]

١٦٨١. سوحەیمی کوڕی خوفاف(ﷺ)

ناوی سوحەیمی کوڕی خوفافە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[٣]

سوحەیم دەڵێت: جارێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات بۆ لامان و باسی رۆژی دوایی و دەججالی کرد، هێندە بە نزیکی باسی کرد خێرا هەستام و چووم بۆ لای رانەمەڕەکانم کە نزیکەی پێنج سەد سەر دەبوو لەگەڵ برێک وشتردا، هەموویانم فرۆشت چونکە وامدەزانی وا رۆژی دوایی دێت.[٤]

١٦٨٢. سوخەیلەی کچی عوبەیدە(ﷺ)

ناوی سوخەیلەی کچی عوبەیدەیەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، ئەم ئافرەتە لە ساڵی دووەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[٥]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل – مسند المكيين(ﷺ) – حديث سويد بن هبيرة عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٦٠١٦.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣١.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥.

[٤] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ٢٤٦٢.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٣.

١٦٨٣. سوخروری کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی سوخروری کوڕی مالیکه، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، دواتر لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و هەر لە میصر نیشتەجێ بوو، ئەوەبوو لەوێ بەیعەتی بە ئیبن زوبەیر دابوو، هەستا و تاری بۆ خەڵکێک خوێندەوەو هانی دەدان تا لەسەر بەیعەتی خۆیان بمێننەوە، دواتر کە خەڵکی میصر لەگەڵ مەروانی کوڕی حەکەم ڕێککەوتن، سوخروور وتی: خوایە چاوم بە چاوی نەکەوێت، کە مەروان هاتە میصر نۆ شەو بەسەر هاتنیدا تێپەڕ نەبوو سوخروور کۆچی دوایی کرد.[١]

١٦٨٤. سوخطای کچی قەیس(ﷺ)

ناوی سوخطای کچی قەیسە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٦٨٥. سوخطای کچی ئەسومد(ﷺ)

ناوی سوخطای کچی ئەسوەدی کوڕی عەببادە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

١٦٨٦. سوراقەی کوڕی حوباب(ﷺ)

ناوی سوراقەی کوڕی حوبابی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، لە غەزای حونەیندا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٣.
[٣] الطبات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤٠٩.
[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٩٣.

١٦٨٧. سوراقەی کوڕی سوراقە(رضي الله عنه)

ناوی سوراقەی کوڕی سوراقەیە، بەپێی گێڕانەوەیەک کە هێناویەتی دەبێت لە غەزای خەیبەردا بەشدار بووبێت، سوراقە دەڵێت: لە غەزای خەیبەردا سینانی کوڕی سەلەمە شمشێرێکی لەخۆی دا، پێغەمبەریش خوێن بایی بۆ دانەنا.[1]

١٦٨٨. سوراقەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سوراقەی کوڕی عەمری کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی قادسیەدا شەهید بوو.[2]

١٦٨٩. سوراقەی کوڕی عەمری ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سوراقەی کوڕی عەمرەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو، لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[3]

١٦٩٠. سوراقەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی سوراقەی کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، دایکی ناوی عومەیرەی کچی نوعمانە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی زەید کە لە جەنگی جسر ئەبووعوبەیددا کوژرا، کچێکیشی هەبوو بە ناوی سوعدا، ژنەکەی سوراقە ناوی ئومموزەیدی کچی سەکەنە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد،[4] لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو،

---

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأأصبهاني، الرقم ٣١٩٥.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠.
[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٨٧.

رایەکیش دەڵێت: تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان ژیاوە.[1]

١٦٩١. سوراقەی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشومی کینانیە، کونیەکەی ئەبووسوفیانە، زۆرجار هەر بە سوراقەی کوڕی جوعشوم ناوی هاتووەو ناوی باوکی باس نەکراوەو راستەوخۆ ناوی خۆی و باپیری هاتووە.[2]

سوراقە دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد، نێردراوانی قورەیش هاتن بۆ لامان و وتیان: هەرکەس پێغەمبەر(ﷺ) یان ئەبووبەکر بکوژێت یان بەدیل بگرێت ئەوە پاداشت دەکرێت و پاداشتەکەشی هێندەی خوێن بابیەکە، منیش لە کۆڕێکی بەنی مودلیجدا دانیشتبووم کە کابرایەکی مودلیجی هات و وتی: ئەی سوراقە کەمێک پێش ئێستا دوو تارماییم لە کەناراوەوە بینی، سوراقە وتی: زانیم ئەوانن، وتم: ئەوە ئەوان نین، ئەوە فلان و فلان بون کە تۆ بینیوتن، دوایی کەمێک لە کۆڕەکەدا مامەوەو دواتر چوومەوە ماڵەوەو فەرمانم کرد بە کەنیزەکەکەم تا ئەسپەکەم بۆ ئامادە بکات، رمەکەمم هەڵگرت و سوار وشترەکەم بووم، چووم تا نزیک بوومەوە لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەر، لەوێ ئەسپەکەم منی خست، هەستامەوەو دەستم برد بۆ کیفی تیرەکانم و تیرێکم دەرکرد و کردم بە دوو لەتەوە کەچی بەدڵی خۆم بۆ دەرنەچوو،[3] سواری ئەسپەکەم بوومەوەو نزیک بوومەوە لێیان، گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) قورئانی دەخوێند و لای نەدەکردەوە، بەڵام ئەبووبەکر زۆر لای دەکردەوە، ئەوکات دوو دەستی ئەسپەکەم رۆچوون بەناو زەویداو تا نیوەی لە زەویدا بوو، لەسەر ئەسپەکەم کەوتمە خوارەوە، تێم خوڕی و ئەسپەکەم

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١.

[3] لە سەردەمی نەفامیدا ئەو عادەتە هەبوو تیریان دەکرد بە دوو بەشەوە بۆ تاقیکردنەوەی بەختیان.

هەستایەوە، بەڵام دەستەکانی نەدەهاتنە دەرەوە،کە رێک وەستایە سەرپێ بینیم دووکەڵێک لە ئاسمانەوە دیارە، هەمدی تیرێکم دەرکرد و لەتم کرد کەچی خراپەکەم بۆ دەرچوو، داوای پەنام کرد لێیان، ئەوانیش وەستان، سواری ئەسپەکەم بووم تا چوومە لایان، کە بینیم ئاوام بەسەرهات وتم: بە دڵنیاییەوە دوارۆژ بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەبێت، پێم وت: هۆزەکەت پاداشتی خوێن بابیەکیان داناوە بۆ گرتن یان کوشتنت، ئینجا هەواڵ و باس چی هەبوو بۆم باسکردن، دواتر پێم وتن شمەک و پێویستی چییان دەوێت با لای من بیبەن، پێغەمبەر(ﷺ) تەنها داوای لێکردم زانیارییان بشارمەوەو نەهێڵم خەڵک پێیان بزانێت، منیش داوام لێکرد نامەیەکی پەنام بۆ بنووسێت، ئەویش فەرمانی کرد بە عامیری کوڕی فوهەیرەو ئەویش لە پارچە پێستەیەکدا بۆی نووسیم، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) چوو،[1] ئینجا سوراقە ئەو نووسینەی هەڵگرت تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) لە طائیفەوە گەڕایەوە سوراقە چوو بۆ لای و ئەو نامەی پێ نیشان دا، ئەوکات لە جەعرانە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی نزیک بەرەوە، ئەویش نزیک بوویەوەو موسڵمان بوو.[2]

ئەبووبەکر دەڵێت: کاتێک سوراقە گەیشت پێمان وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوە گەیشت پێمان، فەرمووی: خەفەت مەخۆ خوامان لەگەڵە، کە تەواو نزیک بوویەوەو نزیکەی چەند رمێک دوور بوو لێمانەوە دەستم کرد بە گریان و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وا گەیشت پێمان، فەرمووی: بۆچی دەگریت؟ وتم: بەخوا بۆ خۆم ناگریم، بەڵکو بۆ تۆ دەگریم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: خوایە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت دووری بخەرەوە لێمان، ئەوەبوو ئەسپەکەی تا لای سکی چوو بەناخی زەویدا و سوراقەش کەوتە خوارەوە، سوراقە وتی: ئەی موحەممەد ئەزانم ئەمە

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الكفالة - باب جوار أبي بكر في عهد النبي(ﷺ) وعقده، الرقم ٢٢٩٧.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٨٥.

کاری تۆیه، نزا بکه خوا رزگارم بکات، بەخوا مەرج بێت رێ لەوانەی دوای خۆم ون بکەم تا نەگەڕێن بەدواتدا، ئەوەش تیرەکانم تیرێکیان ببە، دەزانم دەدەیت بە لای وشتر و رانە مەڕەکانمدا لە فلانە شوێن، لەوێ چەندت پێویستە ببیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هیچ پێویستیمان نیە بە وشترەکانت، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ کرد و سوراقەش گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵەکانی خۆی.[1]

دواتر کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) گەیشتە مەدینە، سوراقە کەوتە باسی بەسەرهاتەکەی و گرنگی و گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ)، قورەیشیش دەترسان ئەو قسانەی سوراقە ببێتە هۆکاری موسڵمانبوونی خەڵکێکی زۆر، بۆیە ئەبوجەهل نامەیەکی نووسی و هۆشیاری دا کە موسڵمان نەبن و نەبن بە دوو بەشەوە، سوراقەش وەڵامێکی جەرگبڕی ئەبووجەهلی دایەوە.[2]

لە غەزای بەدردا شەیتان خۆی لە شێوەی سوراقەی کوڕی مالیکدا نیشان دا، دواتر کە زانی بێباوەڕان شکاون رایکرد و خۆی خستە ناو دەریاوە.[3]

سوراقە پاش موسڵمانبوونی دەچوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و زانیاری لێ وەردەگرت، سوراقە دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاژەڵی ونبوو و دواکەوتوو جار هەیە دێت لە حەوزەکەی مندا ئاو دەخواتەوە، ئایا لەوەدا پاداشتم بۆ هەیە؟ فەرمووی: (اسقها فإن في كل ذات كبد حرى أجرا)،[4] (ئاوی پێ بدە، چونکە بۆ هەر خاوەن جەرگێکی گەرم-گیاندارێکی تینو- پاداشت هەیە).

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - فصل في هجرته(ﷺ) إلى المدينة وكيفية أحواله فيها - ذكر وصف قدوم المصطفى(ﷺ) وأصحابه المدينة عند هجرتهم إلى يثرب، الرقم ٦٢٨١، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٨٦.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٢٨٣.

[4] صحيح ابن حبان - كتاب البر والإحسان - فصل من البر والإحسان - ذكر إعطاء الله جل وعلا الأجر لمن سقى كل ذات كبد حرى، الرقم ٥٤٢، صححه شعيب الارناؤوط.

سوراقە لە حەجیماڵئاواییدا بەشداری کرد و لەوێ سەبارەت بە وردەکاری حەج پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) تەماشای باڵەکانی سوراقەی دەکرد و دەیفەرموو: (دەڵێیت لەبەرچاومە کە بازنەکانی کیسرا دەکەیتە دەستت).[2]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب بازنەو شمەکەکانی کیسرای بۆ هات، سوراقەی بانگ کرد، سوراقە کەسێکی لاوازی رەشکەلانە بوو، دەتوت باڵەکانی سووتاون، پێی وت: بازنەکانی سوراقە بکە دەستت، ئەویش وایکرد، ئینجا جلەکانی پۆشی، عومەر وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەوانەی لە کیسرا داماڵی و دای بە سوراقەی کوڕی مالیک.[3]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی سوراقە رایەک دەڵێت: لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا بووە، رایەیک تریش دەڵێت: دوای ئەوەش ژیاوە.[4]

ئیبن کەثیر دەڵێت: لە ساڵی بیست و چواری کۆچیدا سوراقە وەفاتی کرد.[5]

١٦٩٣. سورەقی کوڕی ئەسەد(ﷺ)

ناوی سورەقی کوڕی ئەسەدی جوهەنیە، یان دەوترێت لە پشتیوانانە، دواتر لە میصر لە ئیسکەندەریە نیشتەجێ بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو ناوەی لێنا.[6]

[1] صحيح مسلم - كتاب الحج - باب حجة النبي(ﷺ)، الرقم ١٢١٨؛ صحيح ابن حبان - كتاب الحج - باب ما جاء في حج النبي(ﷺ) واعتماره - ذكر وصف حجة المصطفى(ﷺ) الذي أمرنا الله جل وعلا باتباعه واتباع ما جاء به، الرقم ٣٩٤٤.

[2] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب قسم الفيء والغنيمة - جماع أبواب تفريق ما أخذ من أربعة أخماس الفيء غير الموجف عليه - باب الاختيار في التعجيل بقسمة مال الفيء إذا اجتمع، الرقم ١٣١٥٦.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٩٠.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١.

[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ١٥٠.

[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٣٩٨.

١٦٩٣. سوعادی کچی رافیع(ﷺ)

ناوی سوعادی کچی رافیعی کوڕی موعاویەیە، چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێدا.[١]

١٦٩٤. سوعادی کچی سەلەمە(ﷺ)

ناوی سوعادی کچی سەلەمەی کوڕی زوهەیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٦٩٥. سوعەیر(ﷺ)

ناوی سوعەیری کوڕی خوفافی تەمیمیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو، پێغەمبەر(ﷺ) لەناو خێڵی خۆیدا کردی بە کاربەدەست، ئەبووبەکر لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا ئەوی لەو پۆستەیدا هێشتووەتەوە.[٣]

١٦٩٦. سوعدای کچی عەمر(ﷺ)

ناوی سوعدای کچی عەمرەو هاوسەرێ طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵایە، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و فەرموودەیەکی لە عومەری کوڕی خەطابەوە گێڕاوەتەوە.[٤]

١٦٩٧. سوعدای کچی کورز(ﷺ)

ناوی سوعدای کچی کورزەو پووری عوثمانی کوڕی عەففانە، سوعدا هەر لە مەککە باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش هانی عوثمانی دا تا

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٧٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٦.

بچێتە داوای کچەکەی پێغەمبەر(ﷺ).[1]

١٦٩٨. سوعدای کچی ئەوس(رضي الله عنها)

ناوی سوعدای کچی ئەوسی کوڕی عەددیە، ژنی صامیتی کوڕی عەددیە، لەم مێردەی کوڕێکی بوو بە ناوی سوەید، دواتر مێردەکەی مرد و شووی کرد بە سوهەیلی کوڕی حارث، سوعدا چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

١٦٩٩. سوفیانی ثەقەفی(رضي الله عنه)

ناوی سوفیانی کوڕی قەیسی کوڕی ئەبانە و لە ثەقەفیەکانە.

دایکی ناوی ناوی روقەیقەی ثەقەفیە، هاوسەری قەیسی کوڕی ئەبانە، سوفیان برایەکی هەبوو بە ناوی وەهب و خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی ئومەیمە.[3]

روقەیقەی دایکی دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ طائیف تا بانگەواز بگەیەنێت، هات بۆ لای من و منیش بڕێک خواردنەوەم بۆ برد، فەرمووی: (ئەی روقەیقە تاغووتی ئەوان مەپەرستەو نوێژی بۆ مەکە)، منیش وتم: دەی دەمکوژن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دەی ئەگەر پێیان وتیت بڵێ پەروەردگارم پەروەردگاری ئەو تاغووتەیە، کە نوێژت کرد پشت بکەرە ئەو تاغووتە)، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) چوویە دەرەوە، پاش موسڵمانبوونی هۆزی ثەقیف، ئەو دوو کوڕەی روقەیقە چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: دایکتان چی کرد؟ ئەوانیش وتیان: هەر بەو جۆرەیە کە تۆ جێتهێشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دایکتان موسڵمان بوو.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٧-٦٩٨.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٣٥٥.

[3] أسد الغابة، ج٧، ص ١٢٣.

[4] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سفيان - سفيان بن قيس بن أبان الثقفي، الرقم ٦٤٣١.

١٧٠٠. سوفیانی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

نـاوی سـوفیانی کـوڕی ثابتـە، لـە پشـتیوانانە، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی رووداوی بیئـر مەعوونـەو تیایـدا شـەهید بـوو.[١]

١٧٠١. سوفیانی کوڕی حاطیب(رضي الله عنه)

نـاوی سـوفیانی کوڕی حاطیبی کوڕی ئومەییەیـە، لـە پشـتیوانانە، یەکێکە لـە بەشداربوانی غـەزای ئوحـود، لـە رووداوی بیئر مەعوونـەدا شـەهید بـوو.[٢]

١٧٠٢. سوفیانی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

نـاوی سـوفیانی کـوڕی سـەهلەو باسـی لـە فەرموودەیەکـدا هاتـووە کـە پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) پێـی فەرمـوو (يا سفيان بن سهل لا تسبل فإن الله لا يحب المسبلين)،[٣] (ئـەی سـوفیانی کـوڕی سـەهل جلەکـەت درێـژ مەکـەرەوە بـۆ خـوار قولەپێت، چونکە خـوا ئـەو کەسانەی خۆش ناوێت کە جلیان بۆ خـوار قولەپێیـان درێـژ دەکەنـەوە).

١٧٠٣. سوفیانی کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه)

نـاوی سـوفیانی کـوڕی عەبـدولای کـوڕی رەبیعەیـە، چووەتـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) و موسـڵمان بـووە.[٤]

سـوفیان دەڵێت: وتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) شـتێکم پـێ بڵـێ تـا دەسـتی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٢.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(رضي الله عنهم) - حديث المغيرة بن شعبة(رضي الله عنه)، الرقم ١٨٤٧٣؛ سنن ابن ماجه - أبواب اللباس - باب موضع الإزار أين هو، الرقم ٣٥٧٤؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الزينة - إسبال الإزار وذكر اختلاف ألفاظ الناقلين لخبر أشعث بن أبي الشعثاء في ذلك، الرقم ٩٦٢٤، ضعفه شعيب الأرناؤوط، حسنه الالباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم ٣٦٧٤.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٤.

پێوەبگرم و پابەندی بم، ئەویش فەرمووی: (بڵێ پەروەردگارم ئەڵایە و دواتر لەسەری بەردەوام بە) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چ شتێک هەیە ترست زۆرە لێی زیانی هەبێت بۆم؟ فەرمووی: (ئەمە) ئاماژەی کرد بۆ زمانی.[1]

سوفیان یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، بەڵام بەشداریەکەی لە سوپای دوژمندا بوو نەک لە سوپای موسڵماناندا، لەو غەزایەدا عوثمانی برای کوژرا، دواتر کە سوفیان رزگاری بوو موسڵمان بوو.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) ماوەیەک ئەوی وەک بەرپرسی طائیف دانا، دواتریش لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا کاربەدەستی خەلیفە بوو لەسەر زەکاتی طائیف.[3]

١٧٠٤. سوفیانی کوڕی عوذمیل(ﷺ)

ناوی سوفیانی کوڕی عوذەیلەو لە بەنی تەمیمە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی قەیس کە کاتێک باوکی چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، وتی: باوکە گیان دەرفەتم بدە با منیش لەگەڵت بێم بۆ خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)، سوفیان وتی: دەگەڕێینەوە.[4]

١٧٠٥. سوفیانی کوڕی قەیس(ﷺ)

ناوی سوفیانی کوڕی قەیسی کوڕی حارثی قورەیشیە، لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان

---

[1] جامع الترمذي - أبواب الزهد عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في حفظ اللسان، الرقم ٢٤١٠ وقال هذا حديث حسن صحيح؛ سنن ابن ماجه - أبواب الفتن - باب كف اللسان في الفتنة، الرقم ٣٩٧٢؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الرقاق - ازهد في الدنيا يحبك الله، الرقم ٧٩٦٩، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، صححه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٤.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٩٥.

سـوفیانی کـوڕی قەیـس و حارثـی کـوڕی عەبدولموطەلیبـەوە.[1]

١٧٠٦. سوفیانی کوڕی مەعمەر(ﷺ)

نـاوی سـوفیانی کـوڕی مەعمـەری کـوڕی حەبیبـی جومەحیـە و یەکێکـە لـە کۆچەرانـی حەبەشـە.[2]

سوفیان ژنێکی هەبوو بـە نـاوی حەسـەنە، حەسـەنە لـەم مێردەی هەریـەک لـە خالید و جونـادەی هەبـوو، ئینجـا سـوفیان کۆچـی کـرد بـۆ حەبەشـەو ئـەو دوو منداڵەشـی لەگـەڵ خـۆی بـرد هـاودەم بـە حەسـەنەی ژنـی و شـورەحبیلی کـوڕی حەسـەنە کـە بـرای دایکیـی خالیـد و جونـادە بـوو، بـەڵام رایەکـی تـر دەڵێـت: سـوفیان بـرای دایکیـی شـورەحبیل بـووە،[3] ئیبـن ئەثیـر هێناویەتـی کـە برا دایکیەکانی بریتی بوون لـە جابیر و جونـادە، سـوفیانیش لـە مەککـە دایکی شـورەحبیلی بەهاوسەرگرتووە.[4]

ئیبـن ئەثیـر دەڵێـت: حەسـەنە سـەرەتا شـووی کـردووە بـە عەبـدوڵا و شـورەحبیلی بـووە، ئینجـا شـووی کـردووە بـە سـوفیان.[5]

سـوفیان و هـەردوو کوڕەکەشـی دوای وەفاتـی پێغەمبەریـش(ﷺ) ژیـان و لـە سـەردەمی خیلافەتـی عومـەری کـوڕی خەططابـدا کۆچـی دواییـان کـرد.[6]

١٧٠٧. سوفیانی کوڕی نەسر(ﷺ)

نـاوی سـوفیانی کـوڕی نەسرە، لـە پشـتیوانانە لـە خەزرەجیەکان، یەکێکـە لـە بەشـداربوانی غـەزای ئوحود.[7]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٧.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٩.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٢٧.
[4] أسد الغابة، ج١، ص ٣٧٢.
[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٩١.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٩.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣٠.

١٧٠٨. سوفیانی کوڕی وەهب(ﷺ)

ناوی سوفیانی کوڕی وەهبی خەوەلانیە، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بوو.[١]

سوفیانی کوڕی وەهب دەڵێت: موعاذی کوڕی جەبەل هات بۆ یەمەن بۆ لامان و وتی: من نێردراوی پێغەمبەری خوام(ﷺ) تا پێتان بڵێم خوا بپەرستن و هاوەڵی بۆ بڕیار مەدەن، گوێڕایەڵم بن لە چاکەدا، سەرەنجام بۆ لای خوایە و بەهەشت و دۆزەخ هەیە، لەوێ مانەوەی هەتایی و نەمردن هەیە.[٢]

سوفیان دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (لَا تَأْتِي الْمِائَةُ وَعَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَحَدٌ بَاقٍ) (سەد ساڵی تر هەرچیەک لەم سەرزەویەدا بووە مردووە).[٣]

سوفیان دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و یەکێک بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر، لە سەردەمی عەبدولعەزیزی کوڕی مەڕواندا والی ئەفریقیا بوو و دواجار لە ساڵی هەشتاو دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[٤]

سوفیان دەڵێت: لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا چووم بۆ شام، ئەهلی ذیممە وتیان: تۆ لەسەرت واجب کردوین هەنگوین بدەین بە موسڵمانان و دەستمان ناکەوێت، عومەر وتی: دەی شتێک بێت بەدەردیان بخوات، ئەوانیش وتیان: ئێمە خواردنەوەیەکمان هەیە لە ترێ دروستی دەکەین نزیکە لە هەنگوینەوە، عومەر وتی: بیهێنن، ئەوەبوو هێنایان، عومەر پەنجەیەکی پێداکرد و لێی خوارد زۆر تیژ بوو، بڕێک ئاوی تێکرد و خواردیەوە

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣١.
[٢] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٢٩٢٧.
[٣] المستدرك على الصحيحين - كتاب الفتن والملاحم - ذكر إحياء الأموات ونفخ الصور، الرقم ٨٦١٦، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٣١.

پێی خۆش و باش بوو، ئیتر موسڵمانانیش لێیان دەخواردەوە، ڕۆژێک موسڵمانێک لەوەی خواردەوەو پێی سەرخۆش بوو، موسڵمانان لەسەر سەرخۆشیەکەی لێیان دا، ئەویش وتی: بەخوا هەر ئەوەم خواردوەتەوە کە عومەر پێی داوین، عومەریش کە بەسەرهاتەکەی بیست هاتە ناو خەڵکەکەو وتی: ئەی خەڵکینە منیش وەک ئێوە مرۆڤێکم و هیچ حەڵاڵێک حەرام ناکەم و هیچ حەرامێک حەڵاڵ ناکەم، پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کردووەو سروش نەماوە، بۆیە فەرمانی کرد واز لەو خواردنەوەیە بهێنن.[1]

١٧٠٩. سوفیانی کوڕی ئەبی زوهەیر(رضي الله عنه)

ناوی سوفیانی کوڕی ئەبی زوهەیری ئەزدیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

سوفیان دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (من اقتنى كلبا لا يغني عنه زرعا، ولا ضرعا نقص كل يوم من عمله قيراط)،[3] (هەرکەس سەگێک ڕاگرێت بێ ئەوەی بۆ کشتوکاڵ یان ئاژەڵداری پێویستی بێت، ئەوە هەموو ڕۆژێک هێندەی قیراتێک لە کارەکانی-پاداشتی- کەم دەکات)

١٧١٠. سوفیانی کوڕی ئەسەد(رضي الله عنه)

ناوی سوفیانی کوڕی ئەسەد یان کوڕی ئەسیدی حەضرەمیە.[4]

سوفیان دەڵێت: لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیست دەیفەرموو: (كبر خيانة أن تحدث أخاك حديثا، هو لك به مصدق، وأنت به كاذب)،[5] (ناپاکیەکی گەورەیە کە

---

[1] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ١٨٧٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢٢.

[3] صحيح البخاري - كتاب الحرث والمزارعة - باب اقتناء الكلب للحرث، الرقم ٢٣٢٣؛ صحيح مسلم - كتاب البيوع - باب الأمر بقتل الكلاب، الرقم ١٥٧٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٢١.

[5] سنن أبي داود - كتاب الأدب - باب في المعاريض، الرقم ٤٩٧١؛ المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سفيان - سفيان بن أسد الحضرمي، الرقم ٦٤٠٢، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

قسەیەک بکەیت بۆ براکەت و ئەویش تۆ بە راستگۆ بزانێت، کەچی تۆ درۆی لەگەڵ بکەیت).

١٧١١. سولافەی کچی بەڕاء(رضي الله عنها)

ناوی سولافەی کچی بەڕائی کوڕی مەعروورەو هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[١]

١٧١٢. سولافی ئەنصاری(رضي الله عنها)

ئەم ئافرەتە ناوی سولافەو لە پشتیوانانەو دایکی بەڕائی کوڕی مەعروورە، پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ جار دوای نوێژە فەرزەکان دەچوو بۆ ئەو مزگەوتەی کە پێی دەوترا (الحرمة) سولافی دایکی بەڕائیش لەوێ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) چەند جار لەوێ نوێژی دەکرد.[٢]

١٧١٣. سولەیکی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سولەیکی کوڕی عەمری غەطەفانیە، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە رۆژی هەینیدا لە مزگەوت وتاری دەفەرموو کە سولەیک چوویە مزگەوتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو ئایا نوێژت کردووە؟ وتی: نا، فەرمووی: دەی دوو رکات بکە.[٣]

١٧١٤. سولەیمانی شامی(رضي الله عنه)

ناوی سولەیمانی کوڕی ئەبی سولەیمانی شامیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٤]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٢.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٠٢.
[٣] صحيح ابن خزيمة - كتاب الجمعة - جماع أبواب الصلاة قبل الجمعة - باب سؤال الإمام في خطبة الجمعة داخل المسجد وقت الخطبة أصلى ركعتين أم لا، الرقم ١٨٣٢؛ المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سليك - سليك بن عمرو، الرقم ٦٧٠٩.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٣.

١٧١٥. سولەیمانی كوڕی صەرد(رضي الله عنه)

ناوی سولەیمانی كوڕی صەردی خوزاعیە، ناوی یەسار بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی گۆڕی بە سولەیمان.

سولەیمان دەڵێت: جارێک لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دانیشتبووم كە دوو كەس دەمەبۆڵەیان بوو و هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، یەكێكیان رەگی ملی سوورهەڵگەرابوو هێندە تووڕە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إِنِّي لَأَعْلَمُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا ذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ لَوْ قَالَ : أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ذَهَبَ عَنْهُ مَا يَجِدُ) (من قسەیەک دەزانم ئەگەر ئەو كابرا بیڵێت ئەو حاڵەی نامێنێت، بڵێت پەنا ئەگرم بە خوا لە شەیتان، ئەو حاڵەی نامێنێت)، جا هاوەڵان بە كابرایان وت: پێغەمبەر(ﷺ) پێت دەفەرموێت پەنا بگرە بە خوا لە شەیتان، كابرا وتی: خۆ شێتیم لەگەڵ نیە-جنۆكە دەستی لێ نەوەشاندوم-.[1]

سولەیمان لە سەردەمی خیلافەتی عەلی كوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفین بوو، دواتریش هەواداری حوسەینی كوڕی بوو و بەڵێنی پێدا و نامەی بۆ نارد تا بێت بۆ كووفە و بەیعەتی پێبدات، كەچی دواتر پشتی لێكرد و وازی هێنا لە بەڵێنەكەی تا حوسەین كوژرا، دوای ئەوە پەشیمان بوویەوەو هاودەم بە كۆمەڵێكی تر ویستی تۆڵەی تاوانەكەی بكاتەوەو دژ بە ئومەویەكان راپەڕی، بەڵام كوژرا، كاتێكیش كوژرا تەمەنی نزیكەی نەوەدو سێ ساڵ دەبوو.[2]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب بدء الخلق - باب صفة إبليس وجنوده، الرقم ٣٢٨٢؛ صحيح مسلم - كتاب البر والصلة والآداب - باب فضل من يملك نفسه عند الغضب وبأي شيء يذهب الغضب، الرقم ٢٦١٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٢.

١٧١٦. سولەیمانی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سولەیمانی کوڕی عەمری زورقیە، لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) نێردرا بۆ ناوچەی حەضرەمەوت و کیندە.[1]

١٧١٧. سولەیمی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی سولەیمەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، جارێک سولەیم هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە دەخەوین ئینجا موعاذی کوڕی جەبەل دێت بۆ لامان، لە رۆژیشدا لە کاتی کارماندا کە کاتی نوێژ دێت، دێت و نوێژێکی زۆر دوورودرێژمان پێ دەکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يا معاذ بن جبل، لا تكن فتانا، إما أن تصلي معي، وإما أن تخفف على قومك)، (ئەی موعاذی کوڕی جەبەل خەڵک لە دین رامەفڕێنە، یان نوێژ لەگەڵ من بکە، یان نوێژت بۆ هۆزەکەت کورت بێت)، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی سولەیم چەندە قورئانت لەبەرە؟)، وتی: من داوای بەهەشت لە خوا دەکەم و پەنا بە خوا دەگرم لە دۆزەخ، بەخوا من جوان ئاوازی تۆ و موعاذیش نازانم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (مەگەر ئاوازی من و موعاذیش هەر بۆ بەهەشت نیە و پەنا بەخوا ناگرین لە دۆزەخ؟!)، پاشان سولەیم وتی: خوا بیەوێت سبەینێ کە جەنگ روویدا دەبینن، ئەوەبوو سبەینێ خەڵکی چوون بۆ غەزای ئوحود و سولەیمیش چوو و تیایدا شەهید بوو و دواتر تەرمەکەی لەناو شەهیدەکاندا بوو.[2]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٢.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند البصريين(رضي الله عنهم) - حديث سليم من بني سلمة(رضي الله عنه)، الرقم ٢١٠٣٠، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

١٧١٨. سولەیمی مەولای عەمر(ﷺ)

ناوی سولەیمەو خزمەتکاری عەمری کوڕی جەمووحە، کاتێک غەزای ئوحود روویدا، عەمر ویستی بەشداری غەزای ئوحود بێت، خزمەتکارەکەشی کە ناوی سولەیم بوو ویستی بەشداری بکات، عەمر وتی: بگەڕێرەوە بۆ ماڵەوە، سولەیم وتی: چی دەبێت منیش لەگەڵت بەشدار بم و خێرم دەست بکەوێت، ئەوەبوو عەمر رازی بوو، سولەیم بەشداری کرد و جەنگا تا شەهیدبوو.[١]

١٧١٩. سومەیدیع(ﷺ)

ناوی سومەیدیعی کینانیە، کاتێک خالیدی کوڕی وەلید چوو بۆ بەنی کینانە و هەڵە لە پەیامی ئەوان تێگەیشت و کەوتە کوشتاریان، مێرمنداڵێک لەوان کە ناوی سومەیدیع بوو هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.[٢]

١٧٢٠. سومەیری کوڕی حوصەین(ﷺ)

ناوی سومەیری کوڕی حوصەینی کوڕی حارثە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاربەدەستی عومەری کوڕی خەططاب بوو، هەر لە سەردەمی عومەردا کۆچی دوایی کرد.[٣]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٥.

١٧٣١. سومەیری کوڕی زوهەیر(ﷺ)

ناوی سومەیری کوڕی زوهەیری جەسریە، سومەیر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەلەمەی کوڕی زوهەیری برام دەرچوو تا کۆچ بکات بۆ لات، کەچی لەلایەن کاروانێکی بەنی غیفارەوە کوژرا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) غیفاریەکانی بانگ کرد، ئەوانیش روونکردنەوەی خۆیان دا.[١]

١٧٣٢. سومەیطی بەجلی(ﷺ)

ناوی سومەیطی بەجلیە، فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، سومەیگ دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (من رابط يوما في سبيل الله أو ليلة كان كعدل شهر صيامه وقيامه)،[٢] (هەرکەس شەوێک یان رۆژێک لە پێناو خوادا سەنگەرنشینی بکات، وەک مانگێک رۆژووی رۆژ و شەونوێژی شەوەکانی پاداشتی بۆ هەیە).

١٧٣٣. سومەیکەی کچی جوبار(ﷺ)

ناوی سومەیکەی کچی جوباری کوڕی صەخرە، سومەیکە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٣]

١٧٣٤. سومەییەی شەهید(ﷺ)

ناوی سومەییەی کچی خباطە، هاوسەری یاسر و دایکی عەمماری کوڕی یاسرە، حەوتەم کەس بوو کە موسڵمان بووو یەکەم شەهیدی ناوی ئیسلام بوو.[٤]

---

[١] المعجم الكبير للطبراني - باب العين - من اسمه عائذ - عائذ بن عمرو المزني - عائذ بن سعيد الجسري، الرقم ٣٦.

[٢] معجم الصحابة لابن قانع، ج١، ص ٣٢٥.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤٠٧.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٢.

سـومەییە خزمەتـکاری ئەبووحوذەیفـە بـوو، ئەبووحوذەیفـە سـومەییەی مـارە کـرد لـە یاسـر، چونکـە هاوپەیمانـی لەنێوانیانـدا هەبـوو.[1]

هەریـەک لـە سومەییە و یاسری هاوسـەری و عەممـاری کوڕی لـە یەکەمین موسڵمان بووەکان بوون.[2]

کاتێـک سـومەییە موسـڵمان بـوو، ئەبووجەهـل لەسـەر موسـڵمانبوونەکەی زۆر ئـازاری دەدا، جلـی ئاسـنینی دەکـردە بـەری و لەبـەر گەرمـای مەککـەدا سـزای دەدا.

کاتێـک یاسـر و سـومەییە و عەممـار لەسـەر ئیسـلامەتییان سـزا دەدران، پێغەمبـەر(ﷺ) دەیفەرمـوو: (صبرا يا آل ياسر، موعدكم الجنة)،[3] (خۆڕاگـر بـن ئـەی خێزانـی یاسـر، وادەتـان بەهەشـتە).

سومەییە ئافرەتێکی پیری بە تەمەنی لاواز بوو.[4]

جارێـک ئەبووجەهـل کـە سـزای سـومەییەی دەدا، هـات و بـە خەنجەرێـک دای لـە سـکی و شـەهیدی کـرد.[5]

لـە جەنگـی بـەدردا کـە ئەبووجەهـل کـوژرا، پێغەمبـەر(ﷺ) بـە عەممـاری فەرمـوو (خـوا بکوژەکـەی دایکتـی کوشـت).[6]

١٧٢٥. سونبولەی کچی ماعیز(رضي الله عنها)

نـاوی سـونبولەی کچـی ماعیزە، لـە پشـتیوانانەو موسـڵمان بـووەو چـووەتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و بەیعەتـی پێداوە.[7]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ١٣٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٢.

[3] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب عمار بن ياسر(رضي الله عنه) - إيذاء الكفار آل ياسر، الرقم ٥٧٩١، قال الألباني في فقه السيرة (١١١/١) حديث حسن صحيح.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٢.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧،ص ٧١٢.

[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٢٦٤.

[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧،ص ٧١٥.

١٧٣٦. سوهەیلی کوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی سوهەیلی کوڕی رافیعی کوڕی ئەبی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی هەردوو غەزای بەدر و ئوحودیش.[1]

١٧٣٧. سوهەیلی کوڕی عەددی(رضي الله عنه)

ناوی سوهەیلی کوڕی عەددی ئەزدیە، برایەکی هەبوو بە ناوی سەهل، ئەم هاوەڵە لە لەسەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[2]

١٧٣٨. سوهەیلی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سوهەیلی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەجار، کە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، سەهل و سوهەیل دوو برابوون و هەتیو کەوتبوون و زەویەکەی مزگەوت هی ئەو دوانە بوو.[3]

١٧٣٩. سوهەیلی کوڕی عەمری عامیری(رضي الله عنه)

ناوی سوەیلی کوڕی عەمری کوڕی عەبدشەمسی قورەیشی عامیریە، دواتر چوو لە شام نیشتەجێ بوو.[4]

سوهەیل کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئەبووجەندەل کە لە موسڵمانە یەکەمینەکان بوو، سوهەیلی باوکی کە زانی موسڵمان بووە ئەوی بەند کرد، بەڵام لە رێککەوتنی حودەیبیەدا رایکرد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، سوهەیل داوای کوڕەکەی کردەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) رازی بوو و لەبەر رێککەوتنەکە

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢١١.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ٢١٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٠٣.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٢.

دایەوە بە سوهەیل.[1]

سوهەیل لە غەزای بەدردا دژ بە موسڵمانان بەشداری کرد و بەدیل گیرا، عومەر داوای دەرفەتی لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد تا بیکوژێت، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وازی لێ بهێنە ئەی عومەر، لەوانەیە لە شوێن و حاڵێکدا بیبینیت لەسەر ئەو حاڵەی سوپاسی بکەیت).[2]

سوهەیل لە رۆژی حودەیبیەدا نوێنەری بێباوەڕان بوو و توانی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) رێککەوتنەکە بکات.

لە فەتحی مەککەدا سوەیل موسڵمان بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) رێزی لێنا، لە دەستکەوتەکانی غەزاشدا سەد وشتری پێ بەخشی.

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ غەزای حونەین، سوهەیلیش بەشداری کرد، هێشتا موسڵمان نەبووبوو، لە رێدا کە گەیشتنە جەعرانە لەوێ سوهەیل موسڵمان بوو، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەیندا سەد وشتری پێ بەخشی.[3]

کاتێک لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا خەڵکێکی زۆر هەڵگەرانەوە لە ئیسلام، سوهەیل وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەڵکی مەککەو هانی دان تا لەسەر ئیسلام بمێننەوە، وتی: ئەی قورەیشیەکان مەبنە کەسانێک کە کۆتا کەس موسڵمان بون و یەکەم کەس هەڵگەڕێنەوە، بەخوا ئەم ئایینە هێندەی ماوەی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر و مانگ رێ دەکات، وتارێکی بەهێزی پێشکەش کرد، بەوە قورەیشیەکان لەسەر ئیسلام مانەوە.[4]

سوهەیل کە موسڵمان بوو، پەشیمان بوو لە باری پێشووی، بۆیە وتی: سوێند بەخوا لە سەردەمی بێباوەڕیدا چەندە پشتگیری بێباوەڕان بووم و خەرجیم بۆ کردون، دەبێت هێندەش لە ئیسلامدا بەشداری غەزا بم و لە

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٩٢.

[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٥٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٤٥٣.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٧.

ڕێی خوادا سامان خەرج بکەم، کاتێ بیستی پێغەمبەر(ﷺ) باسی فەزڵی جیهادی کردووە، وتی: من دەچم بۆ شام بۆ جیهاد و تا مردن ناگەڕێمەوە بۆ مەککە، بەڵێنەکەشی بردە سەر.[1]

سوهەیل هەموو هەوڵی ئەوەبوو قەرەبووی رابردووی بکاتەوە، بۆیە نوێژ و ڕۆژوو و شەونوێژ و خێرکردنی زۆر زۆر بوو، هێندە گریا بوو کە ڕەنگی گۆڕابوو، کاتێک قورئانی دەخوێند خێرا دەگریا، دەچوو بۆ لای موعاذی کوڕی جەبەل و ئەویش قورئانی بۆ دەخوێند و سوهەیلیش دەگریا، تا کاتێ موعاذ مەککەی جێهێشت، ضیراری کوڕی ئەزوەر پێی وت: باشە تۆ دانیشتویت ئەو کابرا خەزرەجیە قورئانت بۆ بخوێنێتەوە؟ سوهەیل بە توندی وەڵامی دایەوەو پێی وت: خوا باری سەردەمی نەفامی هەڵگرتووە، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە دەوروبەرەکەی پێش خۆی موسڵمان بون و وتی: هیوام وایە نزای ئەوان سوودێکی پێ گەیاندبم، من لە چەندین جەنگدا بەشدار بووم و نەیاری توندی حەق بووم، بەدر و ئوحودو خەندەق، لە حودەیبیەشدا من ڕێککەوتنەکەم کرد، کە بیری ئەو ڕۆژە دەکەمەوە شەرم دامدەگرێت، دواتر لە جەنگی یەمامەشدا عەبدوڵای کوڕم کوژرا و ئەبووبەکر سەرەخۆشی لێکردم و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی شەهید شەفاعەت دەکات بۆ حەفتا کەس لە کەسوکارەکەی، هیوام وایە من یەکەم کەس بم شەفاعەتم بۆ بکات.[2]

سوهەیل لە ساڵی هەژدەی کۆچیدا لە شام بە نەخۆشی طاعوون کۆچی دوایی کرد.[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٣-٢١٤.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٥٨.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٤٥٣.

١٧٣٠. سوهەیمەی کچی ئەسلەم(ﷺ)

ناوی سوهەیمەی کچی ئەسلەمە، خوشکی سەلەمەی کوڕی ئەسلەمە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٧٣١. سوهەیمەی کچی عومەیر(ﷺ)

ناوی سوهەیمەی کچی عومەیرەو لە پشتیوانانە،[٢]سوهەیمە هاوسەری روکانە بوو، روکانە ژنەکەی تەلاق دا.[٣]

روکانە دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ژنەکەم بە یەکجارەکی تەلاق دا، چووم لەو بارەوە پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد، فەرمووی: مەبەستت بەوە چی بوو؟ وتم: مەبەستم یەک تەلاق بوو، فەرمووی: توخوا؟ وتم: بەخوا، فەرمووی: دەی بەپێی نیازەکەتە،[٤] روکانە دوای وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بۆ جاری دووەم ژنەکەی تەلاق دا، لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا بۆ جاری سێیەم تەلاقی دا.[٥]

١٧٣٢. سوهەیمەی کچی مەسعوود(ﷺ)

ناوی سوهەیمەی کچی مەسعوودە، لە پشتیوانانە و هاوسەری جابیری کوڕی عەبدولایە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٧.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٨.
[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٢٨١.
[٤] المستدرک على الصحيحين - کتاب الطلاق - الطلاق بما نوى به المطلق، الرقم ٢٨٢٣.
[٥] سنن أبي داود - کتاب الطلاق - باب في البتة، الرقم ٢٢٠٣؛ المستدرک على الصحيحين - کتاب الطلاق - الطلاق بما نوى به المطلق، الرقم ٢٨٢٤، ضعفه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧١٨.

١٧٣٣. سیابەی کوڕی عاصم(ﷺ)

ناوی سیابەی کوڕی عاصمی سولەمیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[١]

١٧٣٤. سیباعی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی سیباعە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە زەید و یەزید هاتووە.

ئەم هاوەڵە وەک ئەندامێکی وەفدی عەبەسیەکان چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و ئەویش ئاڵایەکی دایە دەستیان.[٢]

١٧٣٥. سیباعی کوڕی عورفوطە(ﷺ)

ناوی سیباعی کوڕی عورفوطەی غیفاریە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چووبوو بۆ غەزای خەیبەر ئەم هاوەڵەی وەک بەرپرسی مەدینە دانابوو تا بگەڕێتەوە، کاتێک ئەبوو هورەیرە موسڵمان بوو و بەرەو مەدینە هات، سەیری کرد پێغەمبەر(ﷺ) لەوێ نیە و سیباع بەرپرسی مەدینە بوو، ئەوەبوو سیباع بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانانی مەدینەو ئەبووهورەیرەش لە دوایەوە نوێژی کرد.[٣]

١٧٣٦. سیدان(ﷺ)

ناوی سیدانەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، سیدان دەڵێت: کە پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە لای ئەهلی قەلیب-گۆڕستان بوو- فەرمووی: ئەی ئەهلی قەلیب گەیشتن بەوەی کە

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٨.

[٣] صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الغلول - ذكر نفي دخول الجنان عن الشهيد في سبيل الله إذا كان قد غل وإن كان ذلك الغلول شيئا يسيرا، الرقم ٤٨٥١، الرقم ٥٥٩، صححه شعيب الأرناؤوط.

پەروەردگارتان بەڵێنی پێدابوون؟ هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی ئەوان دەبیستن؟ فەرمووی: وەک چۆن ئێوە دەبیستن ئەوانیش دەبیستن، بەڵام وەڵام نادەنەوە.[1]

١٧٣٧. سیدرەی خزمەتکار(رضي الله عنها)

ناوی سیدرەیە و خزمەتکاری ضباعەی کچی زوبەیرە، ئەم ئافرەتە خواردنی بردووە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ).[2]

١٧٣٨. سیراجی تەمیمی(رضي الله عنه)

ناوی سیراجە کۆیلەی تەمیمی داریە، کونیەکەی ئەبوومو جاهیدە،[3] سەرەتا ناوی فەتح بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ناوی نا سیراج، ئەم هاوەڵە لە بنەڕەتدا خەڵکی یەمەنە.[4]

کاتێک تەمیم هات پێنج کۆیلەی پێ بوو کە یەکێکیان سیراج بوو، سیراج هەستا مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە چرا رووناک کردەوەو پەتی هێنا و لە هەر لایەکەوە چرایەکی هەڵواسی، کە پێغەمبەر(ﷺ) هات فەرمووی: کێ ئەوەی کردووە، تەمیم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم کۆیلەی من، فەرمووی: ناوی چیە؟ وتی: ناوی فەتحە، فەرمووی: بەڵکو ناوی سیراجە، دواتر پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای لە تەمیم کرد ئەو کۆیلانەی پێبفرۆشێت تا ئازادیان بکات، تەمیمیش وتی: دەی ئەوە خۆم ئازادم کردن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ).[5]

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سيدان - سيدان أبو عبد الله، الرقم ٦٧١٥. ئیبن عومەر هەمان فەرموودەی گێڕاوەتەوە، بڕوانە: صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب ما جاء في عذاب القبر، الرقم ١٣٧٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٩٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٨.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٨.

١٧٣٩. سیرین(رضي الله عنها)

ناوی سیرینەو خەلکی میصرەو پووری ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەرە(ﷺ).

ماریەو سیرین خوشکی یەک بوون، ماریە ئەو کەنیزەکە بوو کە لەگەڵ سیرینی خوشکیدا مقوقسی پاشای ئەسکەندەریە(میصر) پێشکەشی پێغەمبەری خوای کردن، پێغەمبەریش(ﷺ) ماریەی بۆ خۆی هێشتەوەو سیرینیشی دا بە حەسانی کوڕی ثابتی شاعیری،[1] پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ماریەی خۆشدەویست.[2]

سیرین پووری ئیبراهیم بوو، عەبدورەحمانی کوڕی حەسانیش پوورزای ئیبراهیم بوو،[3] ئیبن عەبدولبەر عەبدوڵای کوڕی حەسانی هێناوە کە لە سیرین بووەو پوورزای ئیبراهیمە.[4]

بەڵام لە چەند گێڕانەوەی تردا هاتووە کە سیرین دایکی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەسسانە و عەبدوڕەحمانیش فەرموودەی لە سیرینی دایکیەوە گێڕاوەتەوە.[5]

سیرین دەڵێت: کاتێک ئیبراهیم لەسەرەمەرگدا بوو، من و خوشکەکەم دەمانقیژاند و پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگری لێدەکردین.[6]

١٧٤٠. سیماکی خەیبەری(رضي الله عنه)

ناوی سیماکەو کابرایەکی جوولەکە بوو، لە غەزای خەیبەردا بەدیل گیرا، موسڵمانان ویستیان بیکوژن، وتی: بمبەن بۆ لای موحەممەد، کاتێ

---

[1] أسد الغابة ج١ص٦٢.

[2] الاستيعاب ج١ ص٥٥، أسد الغابة ج١ص٦٣.

[3] سير أعلام النبلاء،ج٥ص٦٤، أسد الغابة ج١ص٦٢.

[4] الاستيعاب في معرفة الأصحاب، ج١ ص٥٩.

[5] أسد الغابة، ج٧، ص ١٧٥.

[6] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧٠٦٣.

برا، ئامادەیی دەربڕی نهێنی جوولەکەکات ئاشکرا بکات، دواتر سیماک موسڵمان بوو و بە یەکجارەکی خەیبەری جێهێشت.[1]

١٧٤١. سیماکی کوڕی خەرەشە(رضي الله عنه)

ناوی سیماکی کوڕی خەرەشەی کوڕی لەوزانی کوڕی عەبدوددە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی ساعیدە، کونیەکەی ئەبوودوجانەیە و زیاتریش بەو کونیەی ناسراوە.[2]

دایکی ناوی حەزمەی کچی حەرمەلەیە، ئەبوودوجانە ژنێکی هەبوو بە ناوی ئامینەی کچی عەمر کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی خالید.[3]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان پشتیوانان و کۆچەرانەوە، عوتبەی کوڕی غەزوان و سیماکی کرد بە برای یەک.[4]

ئەبوودوجانە کەسێکی هەژار بوو، بۆیە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتی غەزایەکی دابەش کرد-دەستکەوتەکانی بەنی نەضیر- و هیچی بە پشتیوانان نەدا، بەشی ئەبوودوجانەو سەهلی کوڕی حونەیفی دا چونکە هەژار بوون.[5]

ئەبوودوجانە لە غەزای بەدردا بەشداری کرد،[6]ئەبوودوجانە لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و پاش شکستی موسڵمانان ئەو لە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) مایەوەو بەیعەتی مەرگی پێدا.[7]

ئەنەس دەڵێت: لە ڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) شمشێرێکی پێ بوو و فەرمووی: کێ ئەمەم لێ دەگرێت؟ هەموان دەستیان والا کرد و هەرکەس دەیوت من، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَمَنْ يَأْخُذُهُ بِحَقِّهِ) (کێ وەریدەگرێت و

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٣.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٢٤.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٥٦.
[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٣.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٤٧٢.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٥٦.
[7] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٣.

مافی بدات؟) خەڵکەکە دەستیان گەڕاندە دواوە، ئەبوودوجانە وتی: من وەری دەگرم و مافی دەپارێزم، ئەوەبوو وەریگرت و سەری بێباوەڕانی پێ دەپەڕاند.[1]

زوبەیر دەڵێت: لە ڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەر(ﷺ) شمشێرێکی پێ بوو و خستیەڕوو و فەرمووی: (مَنْ يَأْخُذُ هَذَا السَّيْفَ بِحَقِّهِ) (کێ ئەم شمشێرە دەگرێت بەمەرجێک مافی بدات؟) منیش وتم: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی نەدامەوە، تا سێ جار ئەمە ڕوویدا، ئینجا ئەبوودوجانە هەستاو وتی: من هەڵیدەگرم ئەی پێغەمبەری خوا، بەڵام مافەکەی چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (أَنْ لاَ تَقْتُلَ بِهِ مُسْلِمًا وَلاَ تَفِرَّ بِهِ عَنْ كَافِرٍ) (ئەوەیە موسڵمانی پێ نەکوژیت و بەم شمشێرەوە لەدەست هیچ بێباوەڕێک ڕانەکەیت)، ئەویش ڕازی بوو.[2]

ئەبوودوجانە لە غەزای ئوحوددا پەڕۆیەکی سووری بەستبووبە نێوچاوانیەوە،[3] جا کە دەڕۆیشت بە ڕێدا خۆی دەنواند، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (ئەوە ڕێ ڕۆیشتنێکە کە خوا ڕقیەتی لێی تەنها لە حاڵ و شوێنی لەمجۆەدا نەبێت).[4]

جارێک ئەبوودوجانە نەخۆش بوو، دەموچاوی دەگەشایەوە، زەیدی کوڕی ئەسلەم چوو بۆ لای، وتی: ئەبوودوجانە چیە دەموچاوت وا گەشاوەیە؟ ئەویش وتی: دوو شت هەبونزۆر لام گرنگ بون، لە شتێکدا کە پەیوەندی بە منەوە نەبووە هیچ کات قسەم نەکردووە، دڵیشم بەرامبەر بە موسڵمانان ساغ بووە.[5]

---

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - هذا ما حفظ أبو بكر في أحد وما جاء فيها، الرقم ٣٧٩٢٧؛ صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي دجانة سماك بن خرشة، الرقم ٢٤٧٠.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب أبي دجانة سماك بن خرشة الخزرجي - ذكر شجاعة أبي دجانة، الرقم ٥٠٥١، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٣.

[4] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٠٨٠.

[5] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٣.

ئەبوو دوجانە لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد، جا لە جەنگەکەجدا بەسەر دیواری بەربەستدا خۆی فڕێ دایە ئەودیو و قاچی شکا، بەو حاڵەشەوە وازی نەهێنا و جەنگا تا شەهید بوو.[1]

١٧٤٢. سیماکی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی سیماکی کوڕی سەعدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەدرو ئوحود.[2]

١٧٤٣. سیماکی کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه)

ناوی سیماکی کوڕی مەخرەمەیە، زانیاری سەبارەت بە ژیانی ئەم هاوەڵە بەردەست نیە هێندە نەبێت کە ناوی لە ناو هاوەڵاندا هاتووەو لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کردووە.[3]

١٧٤٤. سیماکی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه)

ناوی سیماکی کوڕی نوعمانی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی فضالە کە هەردووکیان پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشداربوون.[4]

١٧٤٥. سیمومیە(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی سیمومیهە، سەرەتا مەسیحی بوو، بۆ بازرگانی هاتە مەدینە و لەوێ موسڵمان بوو.[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٧٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٧.

سیموەیە دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و لە دەمیەوە فەرموودەی ئەوم بەم گوێیانەم بیست، لە بەلقائەوە گەنممان برد بۆ مەدینەو لەوێ فرۆشتمان و ویستمان خورمای مەدینە بکڕین، ئامادە نەبوون پێمان بفرۆشن، هاتینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بەوانەی ئامادە نەبوون خورمامان پێ بفرۆشن تا خورمامان پێ بدەن.[1]

سیموەیە زۆر ژیا و تەمەنی گەیشتە نزیکەی سەد و بیست ساڵ.[2]

١٧٤٦. سینانی ضەمری(رضي الله عنه)

ناوی سینانی ضەمریە، کاتێک ئەبووبەکر ویستی دەربچێت بۆ جەنگی هەڵگەڕاوەکان، سینانی لەسەر مەدینە دانا.[3]

١٧٤٧. سینانی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی سینانی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربووانی غەزا ئوحود.[4]

١٧٤٨. سینانی کوڕی سومید(رضي الله عنه)

ناوی سینانی کوڕی سوەیدی جوهەنیە، سینان و یاسر و سەییار برای یەکدی بوون و هەرسێیان چوونەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[5]

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سيابة – سيمويه، الرقم ٦٧٢٥.

[2] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٦٧٢٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٩٠.

[4] الإصابة في تمييز الحصابة، ج٣، ص ١٨٦.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٧.

١٧٤٩. سینانی کوڕی سیننه(ﷺ)

ناوی سینانی کوڕی سیننەی ئەسلەمیە، مامی حەرمەلەی کوڕی عەمرە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[١]

سینان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (الطاعم الشاكر له مثل أجر الصائم الصابر)،[٢] (ئەو کەسەی خواردن دەخوات و سوپاسگوزارە، وەک ئەو کەسە پاداشتی هەیە کە بەڕۆژووە-خواردن ناخوات- و خۆڕاگرە لەسەری).

١٧٥٠. سینانی کوڕی صەیفی(ﷺ)

ناوی سینانی کوڕی صەیفی کوڕی صەخرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی سەلەمە،[٣] دایکی ناوی نائیلەی کچی قەیسە.[٤]

سینان لە بەیعەتی عەقەبە [٥] و غەزای بەدر و ئوحود و غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[٦]

١٧٥١. سینانی کوڕی ظوهەیر(ﷺ)

ناوی سینانی کوڕی ظوهەیرە، سینان دەڵێت: وشترێکم بە دیاری برد بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[٧]

---

[١] الإصابة في تمييز الحصابة، ج٣، ص ١٨٦.

[٢] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث سنان بن سنة صاحب النبي(ﷺ)، الرقم ١٩٣١٩؛ سنن ابن ماجه - أبواب الصيام - باب فيمن قال الطاعم الشاكر كالصائم الصابر، الرقم ١٧٦٥، حسنه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[٣] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٣٦.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٧٢.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٧٢.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٧٢.

[٧] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٢٠٥.

١٧٥٢. سینانی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی سینانی کوڕی عەمری قوضاعیە، زۆر زوو موسڵمان بوو، زۆر لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بوو، لە غەزای ئوحود و غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو.[١]

سینان ژنێکی هەبوو بە ناوی حەبیبەی کچی مەسعوود کە ئەویش هاولەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بەیعەتی دابوو بە پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

١٧٥٣. سینانی کوڕی غەرفە(رضي الله عنه)

ناوی سینانی کوڕی غەرفەیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٣]

١٧٥٤. سینانی کوڕی ئەبی سینان(رضي الله عنه)

ناوی سینانی کوڕی ئەبی سینانی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٤]

سینان یەکەم کەس بوو هەواڵی طولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[٥]

هەروەها سینان لە ئوحود و خەندەق و حودەیبیەشدا بەشداربوو.[٦]

سینان یەکێک بوو لەو کەسە یەکەمینانەی لە بەیعەتی ریضواندا بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر(ﷺ).[٧]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٩.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٣٤٠.

[٣] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب الجنائز - جماع أبواب غسل الميت - باب المرأة تموت مع الرجال ليس معهم امرأة، الرقم ٦٧٧١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٧.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٧.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٤.

[٧] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٧.

١٧٥٥. سینانی کوڕی ئەبی عوبەید(﵁)

ناوی سینانی کوڕی ئەبی عوبەیدی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە لە عەدویەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[١]

١٧٥٦. سیيانی کووفی(﵁)

ناوی سیيانەو هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا بەرپرسی بەندیخانەی کووفە بوو.[٢]

⌘ ⌘ ⌘

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٨٩.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢٣٥.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ش)
دەست پێ دەکات

١٧٥٧. شاصری جنۆکە(ﷺ)

ناوی شاصرەو یەکێکە لەو جنۆکانەی هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و باوەڕیان پێهێنا.[١]

١٧٥٨. شافیعی کوڕی سائیب(ﷺ)

ناوی شافیعی کوڕی سائیبی کوڕی عوبەیدە، باپیرە گەورەی ئیمامی شافیعیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، سائیبی باوکیشی لە غەزای بەدردا موسڵمان بوو.[٢]

١٧٥٩. شەبەثی کوڕی سەعد(ﷺ)

ناوی شەبەثی کوڕی سەعدەو بەشدار بووە لە فتووحاتی میصردا.[٣]

شەبەث دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (بەندە لە رۆژی دواییدا کتێبێکی بۆ دەردەکرێت کە چاکەکانی ئەوی تێدایە).[٤]

١٧٦٠. شەبر(ﷺ)

ناوی شەبرەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خوا(ﷺ) کردوویەتی بەبەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی هۆزەکەی خۆی.[٥]

١٧٦١. شەبیبی کوڕی حەرام(ﷺ)

ناوی شەبیبی کوڕی حەرامی کینانیە، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە.[٦]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١، ص ٤٥.
[٢] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٧٨.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١١.
[٤] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٣٦٢.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٢.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٣.

١٧٦٢. شەجاری سەلیطی(رضي الله عنه)

ناوی شەجارەو لە بەنی سەلیطە، جارێک دای بە لای پێغەمبەردا(ﷺ) کە لەبەر دەرگای مزگەوت دانیشتبوو و دەیفەرموو: (موسڵمان برای موسڵمانە...).[١]

١٧٦٣. شەجەرەی نەصری(رضي الله عنه)

ناوی شەجەرەیەو هاودەم بە هەوەزانیەکان دژ بە پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمانان بەشداری جونەینی کرد، دواتر هات و موسڵمان بوو.[٢]

١٧٦٤. شەددادی کوڕی ثومامە(رضي الله عنه)

ناوی شەددادی کوڕی ثومامەیە، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و داوای لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد نامەیەکی بۆ بنووسێت بۆ بەنی کەعبی کوڕی ئەوس و کردی بەبەرپرسی زەکات و بەرنوێژیان، شەدداد لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا کوژراوە.[٣]

١٧٦٥. شەددادی کوڕی حەی(رضي الله عنه)

ناوی شەددادی کوڕی حەییەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٥.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢١.

[٤] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢١.

١٧٦٦. شەددادی کوڕی عارض(ﷺ)

ناوی شەددادی کوڕی عارضی جوشەمیە، شاعیرێکی ناسراو بوو، شیعرەکانی بەکاردەهێنا بۆ پاڵپشتی لە پێغەمبەر(ﷺ) بەتایبەت لە غەزاکاندا.[١]

١٧٦٧. شەددادی کوڕی عەبدولا(ﷺ)

ناوی شەددادی کوڕی عەبدولایەو لە ساڵی دەی کۆچیدا هاودەم بە ئەندامانێکی ناو هۆزەکەی هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

١٧٦٨. شەددادی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی شەددادی کوڕی عەمری فەهریە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی موستەورد کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەشی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.

شەدداد دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و دەستیم گرت، دەستی لە ئاوریشم نەرمتر و لە بەفر ساردتربوو.[٣]

١٧٦٩. شەددادی کوڕی هاد(ﷺ)

ناوی شەددادی کوڕی هادەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، دواتر لە مەدینەوە کۆچی کرد بۆ کووفەو لەوێ مایەوە.[٤]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٣.

[٣] المعجم الكبير للطبراني - باب الشين - من اسمه شداد - شداد أبو المستورد الفهري، الرقم ٧١١٠، قال ابن حجر في الإصابة ج٣، ص ٣٢٣ إسناده على شرط الصحيح.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٤.

١٧٧٠. شەددادی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی شەددادی کوڕی ئەوسی کوڕی ثابتەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان و برازای حەسسانی شاعیری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[١]

باوکی یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و لە غەزا ئوحودیشدا بەشداری کرد و شەهید بوو.[٢]

شەدداد دوو سیفەتی ناوازەی هەبوو کە بریتی بوون لە ڕەوانبێژی لە قسەکردن و خۆگرتن لە کاتی تووڕەییدا.[٣]

شەدداد دواتر چوو بۆ حیمص و لەوێ نیشتەجێبوو، دواتر شەدداد لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچی و لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ڕایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە ساڵی چل و یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە، ڕایەکیش دەڵێت: لە بەیتولمەقدیس و لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد، ڕایەکیش دەڵێت: لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە،[٤] ذەهەبی دەڵێت: زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن کە لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[٥]

ئیبن سەعد دەڵێت: لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی نەوەد و پێنج ساڵان بوو.[٦]

شەدداد فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، لەوانە فەرموودەی سەییدولئیستیغفار کە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (گەورەی داوای لێخۆشبوونەکان ئەوەیە بڵێیت: اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت، خلقتني وأنا عبدك، وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ما صنعت، أبوء لك بنعمتك علي، وأبوء لك

---

[١] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٦٠-٤٦١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٠.

[٥] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٤٦٦.

[٦] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤٠١.

بذنبي فاغفر لي، فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت، هەرکەس بە دڵنیاییەوە بە ڕۆژ ئەمە بڵێت و پێش ئێوارە بمرێت ئەوە لە دەستەی بەهەشتیەکانە، هەرکەسیش بە دڵنیاییەوە بە شەو بیڵێت و پێش بەرەبەیان بمرێت ئەوە لە دەستەی بەهەشتیەکانە).[1]

١٧٧١. شەددادی کوڕی ئوسەید(ﷺ)

ناوی شەددادی کوڕی ئوسەیدی سولەمیە، شەدداد چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی هیجرەتی پێدا، دوای ماوەیەک تووشی ئازارێک بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چیتە ئەی شەدداد؟ وتی: ئازارم هەیە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، جا ئەگەر لە ئاوی بەطحاء بخۆمەوە چاک دەبمەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی بۆچی ناخۆیتەوە؟ وتی: لەبەر هیجرەتەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَاذْهَبْ فَأَنْتَ مُهَاجِرٌ حَيْثُمَا كُنْتَ) (بڕۆ تۆ لە هەر کوێ بیت کۆچەریت).[2]

١٧٧٢. شەراحیلی کوڕی زورعە(ﷺ)

ناوی شەراحیلی کوڕی زورعەی حەضرەمیەو وەک ئەندامێکی وەفدی هۆزەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[3]

١٧٧٣. شەراحیلی کوڕی موررە(ﷺ)

ناوی شەراحیلی کوڕی موڕڕەی کیندیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)،تا سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیا و خەلیفە بەرپرسیارێتی پێ سپارد.[4]

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الدعوات - باب أفضل الاستغفار، الرقم ٦٣٠٦.
[2] المعجم الكبير للطبراني - باب الشين - من اسمه شداد - شداد بن أسيد السلمي، الرقم ٧١٠٩.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٢٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص٣٢٥.

١٧٧٤. شەرافی کچی خەلیفە(رضي الله عنها)

ناوی شەرافی کچی خەلیفەیەو خوشکی دیحیەی کەلبیە، پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئافرەتەی بەهاوسەر گرت، بەڵام نەیگواستەوە.[١]

١٧٧٥. شەرەفەتودار(رضي الله عنها)

ناوی شەرەفەتودارەو لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە.[٢]

١٧٧٦. شەریدی کوڕی سوەید(رضي الله عنه)

ناوی شەریدی کوڕی سوەیدە، لە طائیف نیشتەجێ بوو، ژنێکی هەبوو بە ناوی ئامینەی کچی ئەبولعاص،[٣] شەرید لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو.[٤]

شەرید دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دایکم وەسیەتی کرد لەبری ئەو کۆیلەیەک ئازاد بکەین، منیش کەنیزەیەکی رەشم لایە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بانگی بکە، کەنیزەکە هات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پەروەردگارت کێیە؟ وتی: اللە، فەرمووی: من کێم؟ وتی: تۆ پێغەمبەری خوایت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئازادی بکە چونکە ئەو باوەڕدارە.[٥]

---

[١] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ١٦٠.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤٠.

[٤] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٩٩.

[٥] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الوصايا - فضل الصدقة عن الميت، الرقم ٦٤٤٧؛ صحيح ابن حبان - كتاب الإيمان - باب فرض الإيمان - ذكر خبر آخر يصرح بصحة ما ذكرنا أن العرب تذكر في لغتها الشيء الواحد الذي هو من أجزاء شيء باسم ذلك الشيء نفسه، الرقم ١٨٩،،حسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

١٧٧٧. شەریطی کوڕی ئەنەس(ﷺ)

ناوی شەریطی کوڕی ئەنەسی کوڕی مالیکی ئەشجەعیە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[١]

شەریط کوڕێکی هەبوو بە ناوی نوبەیط کە هاودەم بە باوکی لە حەجی ماڵئاواییدا بەشداری کرد.[٢]

١٧٧٨. شەریکی تجیبی(ﷺ)

ناوی شەریکی کوڕی ئەبیلئەغفەلی تجیبیەو شاعیرێکی ناسراو بوو، شەریک چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، دواتریش ژیاوەو لە فەتحی میصردا بەشداری کردووە.[٣]

١٧٧٩. شەریکی کوڕی سەمی(ﷺ)

ناوی شەریکی کوڕی سەمی مورادیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش(ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ مایەوە، پاش ماوەیەک شەریک داوای لە عەمری کوڕی عاص کرد زەویەکی پێ بدات تا بیچێنێت، عەمر رازی نەبوو، کەچی شەریک خۆی چوو چاندی، عەمر نامەی نووسی بۆ خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب، عومەر داوای کرد شەریکی بۆ بنێرێت، کە چوو بۆ ئەوێ، عومەر وتی: دەبێت تەمبێت بکەم، شەریک وتی: تەوبەیەک کە خوا لە بەندەکانی وەردەگرێت تۆش لە منی وەربگرە، عومەر وتی: یانی تۆبە دەکەیت؟ وتی: بەڵێ، عومەریش لێی خۆش بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤١.

[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٣٣٧.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤٢.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤٥.

١٧٨٠. شەریکی کوڕی عەبدعەمر(ﷺ)

ناوی شەریکی کوڕی عەبدعەمر یان دەوترێت کوڕی عەبدوڵایە، لە پشتیوانانە، برایەکی هەبوو بە ناوی ثابت کە پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد.[١]

١٧٨١. شەریکی کوڕی وائیلە(ﷺ)

ناوی شەریکی کوڕی وائیلەیەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابیش ژیاوە، چونکە موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت: فەرموودەیەکم گێڕایەوە بۆ عومەر، ئەویش وتی: یان بەڵگە دەهێنیتەوە بۆ ئەو فەرموودەت یان سزات دەدەم، ئەوەبوو تا وادەی حەجی ساڵ مۆڵەتی دا، ئەوەبوو شەریک هات و ئەو فەرموودەی گێڕایەوە.[٢]

١٧٨٢. شەریکی کوڕی ئەنەس(ﷺ)

ناوی شەریکی کوڕی ئەنەسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا، شەریک یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحودو هاودەم بە خۆیشی عەبدوڵای کوڕیشی بەشداری کرد.[٣]

١٧٨٣. شەقیقەی کچی مالیک(ﷺ)

ناوی شەقیقەی کچی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، شەقیقە هاوسەری حارثی کوڕی سوراقە بوو.[٤]

---

[١] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٣.

[٢] ()- الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤٣.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٤٣.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤١٨.

١٧٨٤. شەکەلی کوڕی حومەید(ﷺ)

ناوی شەکەلی کوڕی حومەیدی عەبسیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی شوتەیر کە فەرمووده‌ی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[١]

شەکەل دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەناگرتنێکم فێر بکە تا بیڵێم، ئەویش لەپی دەستی گرتم و فەرمووی: (قُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ سَمْعِي، وَمِنْ شَرِّ بَصَرِي، وَمِنْ شَرِّ لِسَانِي، وَمِنْ شَرِّ قَلْبِي، وَمِنْ شَرِّ مَنِيِّي) (بڵێ خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی بیستنم و لە خراپەی بینینم و لەخراپەی زمانم و لە خراپەی دڵم و لە خراپەی داوێنم).[٢]

١٧٨٥. شەمعوون(ﷺ)

ناوی شەمعوونەو کونیەکەی ئەبووڕەیحانەیەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، لە پشتیوانانە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[٣]

شەمعوون دەڵێت: لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین کە تووشی سەرمایەکی زۆر بووین و وامان لێهات چاڵمان هەڵکەند و دەچووینە ناویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی لە خەڵکەکە بینی، فەرمووی: (أَلَا رَجُلٌ يَحْرُسُنَا اللَّيْلَةَ أَدْعُو اللهَ لَهُ بِدُعَاءٍ يُصِيبُ بِهِ فَضْلًا) (کەس نیە ئەمشەو پاسەوانیمان بکات و منیش نزایەکی بۆ بکەم کە فەزڵی پێ بەدەست بخات؟) یەکێک لە پشتیوانان هەستا و وتی: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) نزای بۆ کرد، منیش هەستام و وتم: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، نزایەکی جیا لەوەی پشتیوانیەکەی بۆ منیش کرد.[٤]

---

[١] أسد الغبة، ج٢، ص ٦٠٧.

[٢] جامع الترمذي - أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ)، الرقم ٣٨٣٨ و قال حديث حسن غريب، السنن الكبرى للنسائي - كتاب الاستعاذة - الاستعاذة من شر المني، الرقم ٧٨٢٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الدعاء والتكبير والتهليل والتسبيح والذكر - التعوذ من شر السمع والبصر، الرقم ١٩٥٩، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣،ص ٣٥٨-٣٥٩.

[٤] المستدرك على الصحيحين - كتاب الجهاد - حرمت النار على عين دمعت من خشية الله حرمت النار

شـەمعوون دەڵێت: جارێک چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و سکاڵای ئەوەم کرد کە قورئـان خوێندنم لەسـەر سـەختە، ئەویش فەرمـووی: (لـە توانـای خـۆت زیاتـر لەسـەر شـانی خـۆت مەنـێ و زۆر سـوجدە بـەرە)، عومەیـرە دەڵێت: ئەبوورەیحانـە هاتـە عەسـقەلان و لـەوێ زۆر سـوجدەی دەبـرد.[1]

جارێک شـەمعوون لە میافارقین لە سەنگەرنشینی ڕێی خوادا بوو، لەوێ ئەسـپێکی کـڕی و کەوتـەوە ڕێ، کـە گەیشـتنە ڕسـتن لـە نزیـک حیمـص بـە کۆیلەکەی وت: پارەکـەت دا بـە خاوەنەکـەی؟ کۆیلەکـەی وتـی: نـا، شـەمعوون لەسـەر ئەسـپەکە دابـەزی و بـە تەنیا کەوتـەوە ڕێ بـۆ میافارقیـن و پارەکـەی دا بـە کابـرا و دواتـر گەڕایـەوە بـەرەو شـام.[2]

جارێک شـەمعوون لەسـەر کەشـتیەک بوو لە دەریادا و دەرزیەکەی دەسـتی کەوتـە نـاو ئاوەکـەوە، شـەمعوون وتـی: خوایـە داوام لێتـە ئـەو دەرزیـەم بـۆ بگێڕیتـەوە، دەرزیەکـە دەرکەوتـەوەو شـەمعوون هەڵیگرتـەوە.[3]

١٧٨٦. شـەمماسـی کـوڕی عوثمـان(ﷺ)

نـاوی شەمماسـی کـوڕی عوثمانـی مەخزوومیـە، دەوترێت بەڵکو شـەمماس نازنـاوەو نـاوی عوثمـان بـووە، دایکـی نـاوی صەفییـەی کچـی ڕەبیعەیـە، شــەمماس زۆر زوو موسـڵمان بـوو.[4]

شـەمماس ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموحەبیب کە ئەویش موسڵمان بوو و یەکێـک بـوو لـە ژنـە کۆچەریـەکان، لـەم ژنـەی کوڕێکـی هەبـوو بـە نـاوی عەبدوڵا.[5]

على عين سهرت في سبيل الله، الرقم ٢٤٤٦، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[1] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٢٠٥٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٠.

[3] () –الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٠.

[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٨.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٤٥.

شـەمماس یەکێک بوو لـە پیاوە کەشـخە و قۆزەکانی ناو مەککە،[1] یەکێکیش بـوو لـە یەکـەم دەسـتەی کۆچـەران بـۆ حەبەشـەو لەوێشـەوە گەڕایـەوە بـۆ مەککە، دواتـر لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینـە.[2]

کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) برایەتـی خسـتە نێـوان کۆچـەران و پشـتیوانانەوە، برایەتـی خسـتە نێـوان شـەمماس و حەنظەلـەی کـوڕی ئەبـی عامیـرەوە.[3]

شـەمماس لـە غـەزای بـەدر و ئوحـوددا بەشـداری کـرد و لـە ئوحـوددا شـەهید بـوو،[4] لەغـەزای ئوحـوددا شـەمماس بـە چواردەوری پێغەمبـەردا(ﷺ) دەجەنـگا و دوژمنانـی دووردەخسـتەوە تـا شـەهید بـوو.[5]

شـەمماس بـە دەسـتی ئوبـەی کـوڕی خەلـەف شـەهید کـرا،[6] کاتێـک شـەهید بـوو تەمەنـی سـی وچـوار سـاڵان بـوو.[7]

بـەڵام تەرمـی شـەمماس لەگـەڵ شـەهیدەکانی ئوحـوددا نەبـوو، بەڵکـو بـە بریـنداری بـرا بـۆ مەدینـەو تیرێکی پێوە بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: ببـەن بـۆ لای ئوممومسـەلەمە، بـرا بـۆ لای و لـەوێ شـەمماس گیانـی سـپارد، جـا رایـەک دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمانـی کـرد تەرمەکـەی ببرێتـەوە بـۆ ئوحـود و بـەو جلـەی خۆیـەوە ئەسـپەردە بکرێـت،[8] رایەکیـش دەڵێـت: بـرا لـە بەقیـع ئەسـپەردە کـرا.[9]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥٧.
[2] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٨.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٤٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥٧.
[5] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٨.
[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٤٢.
[7] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٨.
[8] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٨.
[9] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥٧.

١٧٨٧. شەمووسی کچی عەمر(ﷺ)

ناوی شەمووسی کچی عەمرەو لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[١]

١٧٨٨. شەمووسی کچی مالیک(ﷺ)

ناوی شەمووسی کچی مالیکەو خوشکی شەقیقەی کچی مالیکە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٢]

١٧٨٩. شەمووسی کچی نوعمان(ﷺ)

ناوی شەمووسی کچی نوعمانەولە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، هەروەها فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە دروستکردنی مزگەوتەکەی مەدینەدا بەشداری کرد.[٣]

١٧٩٠. شەمووسی کچی ئەبی عامیر(ﷺ)

ناوی شەمووسی کچی ئەبی عامیرەو لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[٤]

١٧٩١. شەهابی عەنبەری(ﷺ)

ناوی شەهابی عەنبەریەو کوڕێکی هەبوو بە ناو حەبیب، لە فتووحاتی سەردەمی خەلیفە راشیدینەکاندا ئەمیر بوو، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵبوونیەتی، چونکە ئەوان تەنها هاوەڵانیان دەکردنە ئەمیر.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٠.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤١٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣١.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٧.

١٧٩٢. شەهابی قوڕەشی(ﷺ)

ناوی شەهابی قوڕەیشیەو دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو، لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) فێری قورئان بوو، کە چوو بۆ حیمص، خەڵکی لەوەوە فێری قورئان خوێندن بوون.[١]

١٧٩٣. شەهابی کوڕی زوهەیر(ﷺ)

ناوی شەهابی کوڕی زوهەیرەو هاودەم بە ژمارەیەک لە هاورێیانی هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ).[٢]

١٧٩٤. شەهابی کوڕی ئەسماء (ﷺ)

ناوی شەهابی کوڕی ئەسمائی کوڕی موڕری کیندیە، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە.[٣]

١٧٩٥. شەیبانی کوڕی عەلقەمە(ﷺ)

ناوی شەیبانی کوڕی عەلقەمەی تەمیمیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە.[٤]

١٧٩٦. شەیبانی کوڕی مالیک(ﷺ)

ناوی شەیبانی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوویەحیایە.[٥] شەیبان دەڵێت: جارێک چوومە مزگەوت و پاڵم دایەوە بە ژوورەکەی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٦.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج،ص ٣٦٣.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٣.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٦٧.
[٥] أسد الغابة، ج٢، ص ٦١٣.

پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، ئاگادار بووم پێغەمبەر(ﷺ) پارشێو دەکات، گرمەگرمێکم کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەبویەحیا وەرە نان بخۆ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەمەوێت بەڕۆژوو بم، ئەویش فەرمووی (وَأَنَا أُرِيدُ الصَّوْمَ وَلَكِنَّ مُؤَذِّنَنَا فِي بَصَرِهِ سُوءٌ أَوْ شَيْءٌ أَذَّنَ قَبْلَ أَنْ يَطْلُعَ الْفَجْرُ) (منیش دەمەوێت بەڕۆژوو بم، بەڵام بانگبێژەکەمان ئازارێک لە چاویدا هەبوو و پێش ئەوەی کاتی بانگی بەیانی بێت بانگی دا).[1]

١٧٩٧. شەیبەی کوڕی عوثمان(ﷺ)

ناوی شەیبەی کوڕی عوثمانی عەبدەریە، دایکی ناوی هیندی کچی عومەیرە، موصعەبی کوڕی عومەیر خاڵۆی شەیبە بوو، ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتر هاودەم بە عوثمانی کوڕی طەلحە یان پاش مەرگی عوثمان کلیلی کەعبەی وەرگرت و ئەو کلیلە بۆ نەوەکانی مایەوە.[2]

رایەک دەڵێت: شەیبە لە غەزای حونەیندا موسڵمان بوو، چونکە شەیبە لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و ویستی پێغەمبەر(ﷺ) تیرۆر بکات، بەڵام خوا پاراستی لەو تاوانەو موسڵمان بوو.[3]

سەبارەت بە کاتی مردنی رایەک دەڵێت: لە ساڵی پەنجا و حەوتی کۆچیدا بووە، رایەکیش دەڵێت: لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا وەفاتی کرد.[4]

١٧٩٨. شەیمائی خوشکی پێغەمبەر(ﷺ)

ناوی شەیمائی کچی حارثەو خوشکی شیری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، شەیما تەمەنی زیاتر بوو و هاودەم بە حەلیمەتوسەعدیەی دایکی دایەنی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد و دەیگرتە کۆش.[5]

---

[1] السنن الكبرى للبيهقي – كتاب الصيام – باب من طلع الفجر وفي فيه شيء لفظه وأتم صومه، الرقم ٨١١٩.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٧٠.
[3] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١٣٩.
[4] أسد الغابة، ج٢، ص ٦١٥.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٢.

شەیماء چوویە خزمە پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من خوشکی تۆم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە چ بەڵگەیەک؟ شەیماء وتی: بە منداڵی گازێکت لێگرتم، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی زانی، عەباکەی خۆی بۆ راخست و داینیشاند، دواتر فەرمووی: ئەگەر پێت خۆش بێت لێرە لای من بمێننەوە و رێزدار و خۆشەویست دەبیت، ئەگەریش حەز دەکەیت بگەڕێیتەوە ناو هۆەکەت ئەوە من کۆڵ و یارمەیت بۆ دادەنێم، شەیمائیش وتی: دووەمیان هەڵدەبژێرم، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) توێشووی بۆ ئامادە کرد و دوو خزمەتکاریشی پێشکەش کرد.[1]

١٧٩٩. شوباثی کوڕی خەدیج(رضي الله عنه)

ناوی شوباثی کوڕی خەدیجی کوڕی سەلامەیە، باوکی و دایکی لە بەیعەتی عەقەبەدا بەشدار بوون و لەهەمان شەودا شوباث لەدایک بوو.[2]

١٨٠٠. شوجاعی کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی شوجاعی کوڕی وەهبی کوڕی رەبیعەی ئەسەدیە، یەکێکە لە یەکەمین دەستەی موسڵمانبوان،[3] شوجاع کەسێکی لەڕی بالآبەرز بوو.[4]

شوجاع یەکێک بوو لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشەو دواتر گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو توانی لە غەزای بەدردا بەشدار بێت.[5]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران وپشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان شوجاع و ئەوسی کوڕی خەولیەوە.[6]

---

(1) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٣.
(2) أسد الغابة، ٢، ص ٥٧٩.
(3) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٦.
(4) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٤.
(5) الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص ٣١٦.
(6) أسد الغابة، ج١، ص ٢١٧.

شـوجاع لـه غەزاكانـی بـەدر و ئوحـودو خەنـدەق و غەزاكانـی دواتریشـدا بەشـداری كـرد.[1]

ئیبن سـەعد هێناویەتی پێغەمبـەر(ﷺ) شـوجاعی نـارد بۆ لای حارثی كوڕی ئەبی شـیمری غەسـانی تـا بانگـەوازی بـكات بـۆ ئیسـلام و نامەیەكیشـی پێدا نـارد بـۆی.[2]

هەروەهـا پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مانگـی ڕەبیعولئەووەلـی سـاڵی هەشـتی كۆچیـدا شـوجاعی وەک ئەمیری سـریەیەک نـارد بـۆ بەنـی عامیـر و هـاودەم بـەو بیسـت و چـوار كەسـی نـارد و فەرمانـی كـرد هێـرش بباتـە سـەریان، شـوجاعیش بـە ڕۆژ سـریەكەی دەوەسـتاند و بـە شـەو ڕێیـان دەبـڕی و شـاڵاویان بـرد و بـە دەسـتكەوتەوە گەڕانـەوە بـۆ مەدینـە.[3]

شـوجاع لـە جەنگـی یەمامەشـدا بەشـداری كـرد و تیایـدا شـەهید بـوو،[4] ئـەوكات تەمەنـی لـە سـەروو چـل سـاڵانەوە بـوو.[5]

١٨٠١. شورەحبیلی كوڕی حەسەنە(ﷺ)

نـاوی شـورەحبیلی كـوڕی عەبدوڵایـە، بـەڵام بـە كـوڕی حەسـەنە ناسـراوە كـە حەسـەنە دایكـی بـووە، كونیەكـەی ئەبووعەبدوڵایـە.[6]

حەسـەنەی دایكـی دواتـر شـووی كـرد بـە كابرایەكـی پشـتیوانی بەنـاوی سـوفیان، ئیتـر شـورەحبیلیش لـەوێ دەژیـا، لـە سـەری دایكیـەوە دوو بـرای هەبـوو بـە ناوەكانـی جابیـرو جونـادە.[7]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٤.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٦١.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٢٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣١٦.
[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٩٤.
[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٩١.
[7] أسد الغابة، ج٢، ص ٥٩١.

شورەحبیل زۆر زوو موسڵمان بوو و هاودەم بە دوو براکەی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەوێ مانەوە تا دواتر گەڕانەوە بۆ مەدینەو لەوێ ژیان.[1]

کاتێک نەجاشی ئومموحەبیبەی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) مارە کرد، بە شورەحبیلدا ئومموحەبیبەی گەیاندەوە بە پێغەمبەر(ﷺ).[2]

شیفاء دەڵێت: جارێک چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و داوای یارمەتیم لێکرد، ئەویش پۆزشی دەهێنایەوە کە هیچی لا نیە، منیش سەرکۆنەم دەکرد، ئینجا کاتی نوێژ هات و پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ نوێژ، منیش چووم بۆ لای کچەکەم کە ژنی شورەحبیل بوو، دەبینم شورەحبیل لە ماڵەوەیە، وتم: کاتی نوێژەو تۆ نەچویت بۆ مزگەوت و لە ماڵەوە دانیشتویت؟ کەوتمە سەرکۆنەکردنی، ئەویش وتی: پووریێ گیان، سەرکونەم مەکە، تەنها جلێکم هەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) بە کاتی لێی وەرگرتین، شیفاء دەڵێت: منیش وتم: بە دایک و باوکمەوە بەقوربانی پێغەمبەر(ﷺ) بم، ئەوە حاڵی بوو و منیش لە بەیانیەوە سەرکۆنەم دەکرد.[3]

شورەحبیل لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەری کوڕی خەططابیشدا سەرکردایەتی بەشێک لە سوپای دەکرد لە شام، لە خیلافەتەکەی عومەردا شورەحبیل والی بەشێکی شام بوو تا ئەوەی بە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی طاعوون لە شام لە ساڵی هەژدەی کۆچی و لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]

کاتێک عومەر ویستی شورەحبیل لە پۆستەکەی لاببات، شورەحبیل وتی: ئەی عومەر بڵێ لەسەرچی لامدەبەیت؟ چی تووڕەی کردویت؟

---

[1] ()- أسد الغابة، ج٢، ص ٥٩١.

[2] مسند أحمد بن حنبل - من مسند القبائل - ومن حديث أم حبيبة(ﷺ)، الرقم ٢٧٩٩٩؛ سنن أبي داود، الرقم ٢١٠٧، المستدرک على الصحيحين - كتاب النكاح - مهر أم حبيبة(ﷺ) أربعة آلاف، الرقم ٢٧٥٧، صححه الألباني.

[3] الآحاد و المثاني لابن أبي عاصم، الرقم ٥٩٥.

[4] أسدالغابة، ج٢، ص ٥٩٢.

عومـەر وەلامـی دایـەوە، نـا لـە تووڕەییـەوە نیـە، بەڵکـو کەسـی لـە تۆبەهێزترمـان بەدیکـرد، بۆیـە نەمانویسـت لای خـوا تاوانبـار بیـن، شـورەحبیل وتـی: دەی لای خەڵـک روونـی بکـەرەوە، عومەریـش چوویـە سـەر مینبـەر و وتـی: ئێمـە شـورەحبیلی کـوڕی حەسـەنەمان کـرد بـە بەرپـرس و دواتریـش بیّ ئـەوەی لێـی تـووڕەو بێزار بیـن لامانبـرد، تەنها لەبەرئـەوەی کەسـی لـەو بەهێزترمـان بینـی، بۆیـە لامانبـرد تـا لای خـوا تاوانبـار نەبیـن.[1]

جارێـک شـورەحبیل بیسـتی عەمـری کـوڕی عـاص وتـی: طاعـوون پیسـیەو دوور بگـرن لێـی، شـورەحبیل کـە ئـەوەی بیسـت وتـی: مـن کاتێـک هاوەڵـی پێغەمبـەر(ﷺ) بـووم عەمـر لـە گوێدرێژەکـەیماڵـەوەی گومڕاتـر بـوو، ئـەم نەخۆشـیە رەحمەتـی پەروەردگارتـان و نـزای پێغەمبەرەکەتـان و مەرگـی پیاوچاکانـی پێشـینتانە، بـۆی خڕبنـەوەو بڵاوەی لـێ مەکـەن، کـە عەمـر ئـەوەی بیسـتەوە، وتـی: راسـت دەکات.[2]

١٨٠٢. شورەحبیلی کوڕی غەیلان(ﷺ)

نـاوی شـورەحبیلی کـوڕی غەیلانـی کـوڕی سـەلەمەیە، چووەتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) و موسـڵمان بـووە، یەکێـک بـوو لـەو پێنـج کەسـەی کـە هەواڵـی موسـڵمانبوونی ثەقەفیەکانیـان بـرد بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ)، شـورەحبیل لـە سـاڵی شەسـتی کۆچیـدا وەفاتـی کـرد.[3]

---

[1] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الأمراء - ما ذكر من حديث الأمراء والدخول عليهم، الرقم ٣١٢١٠.

[2] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث شرحبيل بن حسنة عن النبي(ﷺ)، الرقم ١٨٠٣٠؛ صحيح ابن حبان - كتاب الجنائز وما يتعلق بها مقدما أو مؤخرا - باب ما جاء في الصبر وثواب الأمراض والأعراض - ذكر الإخبار بأن الوباء هو موت الصالحين قبلنا ورحمة الله جل وعلا على خلقه، الرقم ٢٩٥١، حسنه شعيب الأرناؤوط.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٣٢.

١٨٠٣. شورەحبیلی کوڕی ئەوس(ﷺ)

ناوی شورەحبیلی کوڕی ئەوسە، شورەحبیل دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إِذَا شَرِبَ الخَمْرَ فَاجْلِدُوهُ، ثُمَّ إِنْ شَرِبَ فَاجْلِدُوهُ، ثُمَّ إِنْ شَرِبَ فَاجْلِدُوهُ، ثُمَّ إِنْ شَرِبَ الرَّابِعَةَ فَاقْتُلُوهُ) (ئەگەر کەسێک مەی خواردەوە جەلدی لێبدەن، دواتر ئەگەر هەمدی مەی خواردەوە جەلدی لێبدەن، ئەگەر هەمدی مەی خواردەوە جەلدی لێبدەن، ئەگەر جاری چوارەم مەی خواردەوە بیکوژن).[١]

١٨٠٤. شورەیحی حەضرەمی(ﷺ)

ناوی شورەیحی حەضرەمیەو لە فەرموودەیەکی صەحیحدا باسی هاتووە کە لە خزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) باسی شورەیح کرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ذاك رجل لا يتوسد القرآن)،[٢] (ئەوە پیاوێکە دەست هەڵناگرێت لە قورئان خوێندنەوە).

١٨٠٥. شورەیحی کوڕی ضەمرە(ﷺ)

ناوی شورەیحی کوڕی ضەمرەی موزەنیە، یەکەم کەس بوو صەدەقەی موزەینەی هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[٣]

١٨٠٦. شورەیحی کوڕی ئەبرەهە(ﷺ)

ناوی شورەیحی کوڕی ئەبرەهەیە، شورەیح دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لە ڕۆژانی تەشریقدا لە نوێژی نیوەڕۆدا الله أكبرى دەکرد تا لە مینا دەرچوو، لە دوای هەر نوێژێکی فەرزەوە الله أكبرى دەکرد.[٤]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند الشاميين(ﷺ) - حديث شرحبيل بن أوس(ﷺ)، الرقم ١٨٣٣٨؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الحدود - حد شارب الخمر، الرقم ٨٢١٤، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد حسن.

[٢] مسند أحمد بن حنبل، السنن الكبرى للنسائي، الرقم ١٧٨٣، صححه ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٣٣٩، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٣٦.

[٤] المعجم الكبير للطبراني - باب الشين - من أسمه شريح - شريح بن أبرهة، الرقم ٧٢٣٠، ضعفه الحافظ

١٨٠٧. شورمیره(رضي الله عنها)

ناوی شورەیرەی کچی حارثی کوڕی عەوفی نەخەعیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

١٨٠٨. شوقران(رضي الله عنه)

ئەم هاوەڵە ناوی شوقرانەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دەوترێت ناوی صالحی کوڕی عەددی بووە، دەوترێت کۆیلەیەکی حەبەشی بوو کە عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بە دیاری بەخشی بە پێغەمبەر(ﷺ)، رایەکیش دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) شوقرانی کڕی و دوای بەدر ئازادی کرد، رایەکیش دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە میراتی لە باوکیەوە شوقرانی بۆ مایەوە.[2]

شوقران لە غەزای بەدردا وەک کۆیلە بەشداری غەزاکەی کرد و دواتریش سەرپەرشتی بڕێک لە دیلەکانی دەکرد.[3]

پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ لە بەرپرسیارێتی کۆکردنەوەی زەکاتی دەدایە دەست شوقران.[4]

شوقران دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینی لەسەر گوێدرێژێک بوو و رووەو خەیبەر دەچوو و نوێژی لەسەر دەکرد و ئاماژەیەکی کرد.[5]

شوقران یەکێک بوو لەوانەی ئامادەی شۆردنی تەرمی پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[6]

ابن حجر في الإصابة ج٣، ص ٣٣٣.

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥١-٣٥٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٣٥٢.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٦٤.

[5] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث شقران مولى رسول الله(ﷺ)، الرقم ١٦٢١٧، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[6] أسد الغابة، ج٢، ص ٦٠٦.

کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەفاتی کردو نزیک بوو بیخەنە ناو گۆڕەکەیەوە، شوقران پارچە قوماشێکی پێغەمبەری خوای(ﷺ) هێنا کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیپۆشی، لەگەڵیدا خستیە ناو گۆڕەکەوەو وتی: بەخوا دوای خۆت نابێت کەس بیپۆشێت.[1]

ئەگەرچی ئەو گێڕانەوەی پێشوو سەنەدی لاواز بوو، بەڵام ڕووداوەکە ڕاستە کە شوقران ئەو جلەی خستووەتە ناو گۆڕەکەی پێغەمبەر(ﷺ).[2]

١٨٠٩. شومەیلەی کچی حارث(رضي الله عنها)

ناوی شومەیلەی کچی حارثە و لە پشتیوانانە، هاوسەری حارثی کوڕی نوعمانە و دوو منداڵی لێی بوو بە ناوەکانی خالید و بەشیرە، شومەیلە چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

١٨١٠. شیفائی کچی عەبدولا(رضي الله عنها)

ناوی شیفائی کچی عەبدوڵای عەدویە، دەوترێت ناوی لەیلا بووە، دایکی ناوی فاطیمەی کچی وەهبە، شیفاء لە ئافرەتانی موسڵمانبووی پێش کۆچی مەدینەیەو لە مەککە موسڵمان بوو و یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ئافرەتە موسڵمانانەی مەککە کە کۆچیان کرد بۆ مەدینە، ئافرەتێکی زۆر زیرەک و شارەزا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی دەکرد و جارجارەش خەوی پێش نیوەڕۆی لە ماڵی شیفائدا دەکرد و شیفائیش ڕاخەرێکی تایبەتی دانابوو بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[4]

شیفاء دەڵێت: جارێک چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و داوای یارمەتیم

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الجنائز - باب ذكر وفاته ودفنه(ﷺ)، الرقم ١٦٩٣، ضعفه الألباني.

[2] جامع الترمذي - أبواب الجنائز عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في الثوب الواحد يلقى تحت الميت في القبر، الرقم ١٠٤٧ وقال حديث حسن غريب.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨ ص ٣٤٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٧.

لێکرد، ئەویش پۆزشی دەهێنایەوە کە هیچی لا نیە، منیش سەرکۆنەم دەکرد، ئینجا کاتی نوێژ هات و پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ نوێژ، منیش چووم بۆ لای کچەکەم کە ژنی شورەحبیل بوو، دەبینم شورەحبیل لە ماڵەوەیە، وتم: کاتی نوێژەو تۆ نەچویت بۆ مزگەوت و لە ماڵەوە دانیشتویت؟ کەوتمە سەرکۆنەکردنی، ئەویش وتی: پووریێ گیان، سەرکۆنەم مەکە، تەنها جلێکم هەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) بە کاتی لێیوەرگرتین، شیفاء دەڵێت: منیش وتم: بە دایک و باوکمەوە بەقوربانی پێغەمبەر(ﷺ) بم، ئەوە حاڵی بوو و منیش لە بەیانیەوە سەرکۆنەم دەکرد.[1]

١٨١١. شیفائی خوشکی عەبدوڕەحمان(ﷺ)

ناوی شیفائی کچی عەوفە و خوشکی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، ئەم ئافرەتە لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە عاتیکەی خوشکی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[2]

١٨١٢. شیفائی کچی عەوف(ﷺ)

ناوی شیفائی کچی عەوفە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی پێش هیجرەت و یەکێکیشە لە ئافرەتە کۆچەریەکان.[3]

⌘ ⌘ ⌘

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - باب الشين - شفاء بنت عبد الله بن هاشم بن خلف بن عبد شمس، الرقم ٢٢٤٥٦؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ومن نساء قريش اللاتي روين عن رسول الله - ذكر الشفاء بنت عبد الله القرشية(ﷺ) - رقية النملة، الرقم ٦٩٨٤،حذفه الذهبي من التلخيص.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٠.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٢٩.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ص)
دەست پێ دەکات

١٨١٣. صالیحی ئەنصاری(ﷺ)

ناوی صالیحەو لە پشتیوانانە، ئەبووسەعید دەڵێت: جارێک لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەرچووین بۆ مزگەوتی بەنی عەمر، پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای بەنی سالیمدا، یەکێک لە پیاوەکانی ئەوانی بانگ کرد کە ناوی صالیح بوو، ئەویش هاتە دەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەستی گرت تا چوویە مزگەوتەوە، لەویّ صاڵیح دەستی لە دەستی پێغەمبەر(ﷺ) کردەوەو چوو بۆ لایەکی مزگەوتەکەو لەویّ خۆی شۆرد و دواتر هاتەوەو پێغەمبەریش(ﷺ) لە بەردەرگای مزگەوت بوو، فەرمووی: ئەی صالیح بۆ کویّ چوویت؟ ئەویش وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک تۆ منت بانگ کرد، لەگەڵ ژنەکەم سەرجێم دەکرد، کە دەنگی تۆم بیست هاتم، جا کە تۆ چوویتە مزگەوتەوە، حەزم نەکرد بەبیّ خۆشۆردن بێمە ناو مزگەوتەوە.[١]

١٨١٤. صامیت(ﷺ)

ناوی صامیتەو مەولای حەبیبی کوڕی خیراشە، دەوترێت هاودەم بە گەورەکەی لە غەزای بەدردا بەشدار بووە.[٢]

١٨١٥. صەبیحەی کوڕی حارث(ﷺ)

ناوی صەبیحەی کوڕی حارثی کوڕی حەمیدی تەیمیە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، دواتریش تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا و عومەر چەند کاری پیّ سپارد و لە سەفەرێکیشیدا بۆ مەککە هاودەمی عومەر بوو.[٣]

---

[١] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٣٩٩.

[٢] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٤.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٧.

١٨١٦. صەخرەی کچی ئەبووجەهل(رضي الله عنها)

ناوی صەخرەی کچی ئەبووجەهلەو باوکی لە غەزای بەدردا بە بێباوەڕی کوژرا، صەخرە لە حەجی ماڵئاواییدا بەشداری کرد، دوای پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا.[1]

١٨١٧. صەخری کوڕی حەرب(ئەبووسوفیان)(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی حەربی کوڕی ئومەییەی ئومەویە، کونیەکەی ئەبوسوفیانە و زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، دایکی ناوی صەفییەی کچی حەزەنی هیلالیە، ئەبووسوفیان باوکی موعاویەی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەر(ﷺ) و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەویە.[2]

ئەبووسوفیان دە ساڵ تەمەنی لە پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر بوو،[3] بەڵام ئەگەر بەپێی گێڕانەوەکەی ذەهەبی بێت سەبارەت بە کات و تەمەنی مردنی، ئەوە نزیک بە پانزە ساڵ تەمەنی زیاتر بووە لە پێغەمبەر(ﷺ).[4]

ئیبن ئەثیر دەڵێت: دە ساڵ پێش ساڵی فیل لەدایک بووە.[5]

ئەبووسوفیان کەسایەتی گەورەو قسەڕۆیشتووی ناو قورەیش بوو، هاوکات سەرقاڵی کاری بازرگانی کردنیش بوو.[6]

ژن و منداڵەکان

ئەبووسوفیان کوڕێکی هەبوو بە ناوی موعاویە کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی بوو،[7] کوڕێکی

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٢.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٢.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٠٧.
[5] أسد الغابة، ج٣، ص ١٠.
[6] صحيح البخاري، الرقم ٧.
[7] أسد الغابة، ج٥، ص ٢٢٠.

تریشی هەبوو بە ناوی عەبدولا کە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) نەبوو،[1] کوڕێکی تری ناوی عوتبە بوو کە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا والی طائیف بوو.[2]

کچێکی ناوی زەینەب بوو، خوشکی دایکی باوەڕداران ئوممو حەبیبە و هاوسەری عوروەی کوڕی مەسعوود بوو.[3]

هیندی کچی ئەبووسوفیان ژنی حارثی کوڕی نەوفەل بوو.[4]

ڕەملەی کچی ئەبوسوفیان هاوسەری پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو و بە ئوممو حەبیبە ناسرابوو، هەرچەند ناوی بە هیندیش هاتووە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە ناوی ڕەملەیە.[5]

فاریعەش کچی بوو کە هەر لە قۆناغی پێش کۆچدا موسڵمان بوو.[6]

حەمنەی کچی ئەبوو سوفیان کە ئوممو حەبیبە پێشنیازی کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) تا بەهاوسەری بگرێت.[7]

ئوممولحەکەم کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[8]

بێباوەڕی ئەبووسوفیان لە قۆناغی مەککەدا

ئەبووسوفیان دەڵێت: ئومەییەی کوڕی ئەبی صەلت لە غەززە بوو، کاتێک ویستمان بێینەوە، ئومەییە پێی وتم، ئەی ئەبووسوفیان بۆچی نەچین دەمەتەقەیەک بکەین؟ وتم: باشە، چووینە ئەوێ، پاش بڕێک قسەکردن، پێی وتم: ئەی ئەبووسوفیان من لە کتێبەکانمدا ئەوەم بەدیکردووە لە ناوچەی

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٦٧.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٥٨٠.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٧٥.

[4] أسد الغابة، ج١، ص ٥١٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥١.

[6] أسد الغابة، ج٧،ص ٢٢٣.

[7] المعجم الكبير للطبراني - مسند النساء - ذكر أزواج رسول الله(ﷺ) - أم حبيبة بنت أبي سفيان بن حرب بن أمية - ما أسندت أم حبيبة زوج النبي(ﷺ) - زينب بنت أبي سلمة عن أم حبيبة - عروة عن زينب، الرقم ٢١٠١٥.

[8] أسد الغابة، ٧، ص ٣٤٦.

خۆمـان پێغەمبەرێـک دەنێردرێـت، جـا مـن وا گومانـم دەبـرد ئـەوە عوتبـەی کوڕی ڕەبیعـە بێت، بەڵکو لـەوە دڵنیا بووم، دواتـر کە گوێم لـە زانایان گرت زانیـم لـە بەنـی عەبدمەنـاف دەبێت، تاکـە کەسـێک لـەوان شـک ببـەم عوتبـەم بەدیکرد، بـەڵام کاتێک پێت وتـم: تەمەنـی زۆرە زانیـم ئـەو نیـە، چونکە تەمەنـی چـل سـاڵانی تێپەڕانـدووە وسروشیشـی بـۆ نەهاتـووە، پـاش ماوەیـەک لـەو ڕووداوە، سـروش دابـەزی بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ) و لـە کاروانێکی قورەیشـیەکاندا بووم بۆ بازرگانـی دەچووین بۆ یەمـەن، لـەوێ دام بـە لای ئومەییـەی کوڕی ئەبـی صەلتـدا، وەگ گاڵتەیـەک پێـم وت: ئـەی ئومەییـە، ئـەو پێغەمبـەرەی چاوەڕێی بوویت دەرکـەوت، ئەویـش وتـی: دەی ئـەو لەسـەر حەقـەو شـوێنی بکـەوە، منیـش وتـم: خـۆت بۆچـی دوای ناکەویـت؟ وتـی: تەنهـا لـە شـەرمی ژنەکانی ثەقیـف، چونکـە مـن پێم دەوتـن مـن ئـەو پێغەمبـەرەم، ئێسـتا بمبینـن شـوێن منداڵێکـی بەنـی عەبدمەنـاف کەوتـووم؟![1]

ئەبووسـوفیان لـە مەککـە هـەر هەوڵێکـی دەدا بـۆ وەسـتاندنی پەیامەکـەی پێغەمبـەر(ﷺ)، لەوانـە لەگـەڵ کەسـایەتیە دیارەکانـی نـاو قورەیـش چـوو بـۆ لای ئەبووطالیبـی مامـی پێغەمبـەر(ﷺ) و داوای لێکـرد بـا موحەممـەد واز بهێنێـت و ئەوانیـش واز دێنـن، ئیتـر موحەممـەد بانگـەواز نـەکات و خـۆی و ئەوانـەی سـەر بـە ئایینەکـەن ئایینداری خۆیـان بکـەن و تـەواو، پێغەمبـەر(ﷺ) لـە وەڵامـدا فەرمـووی: ئـەو تەنهـا یـەک وتـەی لـەوان دەوێـت، ئەویـش تەنهـا یەکخواپەرسـتیە، ئەوانیـش ڕازی نەبـوون.[2]

ئەبووسوفیان لە غەزای بەدردا

پێش غـەزای بـەدر پێغەمبـەر(ﷺ) هەریـەک لـە بەسـبەس و عـەدی کـوڕی ئەبـوو زەغبائـی نـارد تـا هەواڵـی کاروانەکـەی ئەبووسـوفیانی کـوڕی حـەرب

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب الصاد - من اسمه صخر - صخر بن حرب بن أمية بن عبد شمس بن عبد مناف أبو سفيان - من أخبار أبي سفيان ووفاته، الرقم ٧٢٦٢.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ١٢٣.

وەربگرن و هەواڵی بۆ بهێننەوە، ئەوانیش کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە بەدر، لەوێ هەردوکیان وشترەکانیان بەستنەوە و لای ئاوێک مانەوە، گوێیان لە دەنگی دوو کەنیزەک بوو کە یەکێکیان بەوی تری دەوت سبەینێ کاروانەکە دێتەوە، مەجدی کوڕی عەمر بەنێوانیاندا تێپەڕ بوو و وتی: ڕاست دەکات، ئینجا هەریەک لە بەسبەس و عەدی سواری وشترەکانیان بوون و گەڕانەوە تا هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و هەواڵەکەیان پێدا، کاتێک ئەوان کەوتبوونە ڕێ و گەڕابوونەوە ئەبوسوفیان هات و زۆر وریا بوو، بە مەجدی کوڕی عەمری وت: هیچ کەست لای ئەو ئاوە نەدیوە؟ وتی: ناوەڵا بەڵام بینیم دوو سوار لای ئەو تەپۆڵکەیە وشترەکانیان بەستبوونەوەو بڕێک ئاویان برد و دواتر چون، ئەویش چوویە شوێنەکەیان و بە پاشماوەی ئاڵفەکەدا زانی کە ئەو دوانە خەڵکی مەدینەن، بۆیە هەستی بە مەترسی کرد و بڕیاری دا ڕێی کاروانەکەی بەرەو کەناری دەریا بگۆڕێت.[1]

دواتر نامەی نارد بۆ قورەیشیەکان ئێوە بۆیە دەهاتن بۆ جەنگ تا کاروانەکەتان ڕزگار بکەن، وا خوا ڕزگاری کرد، دەی ئیتر بگەڕێنەوە، بەڵام قورەیشیەکان ئامادە نەبوون بگەڕێنەوەو چوون بۆ جەنگی بەدر.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) زەیدی نارد تا زەینەبی کچی بهێنێت بۆ مەدینە، قورەیشیەکان کەوتنە شوێن زەید تا ڕێی پێ بگرن، زەیدیش وتی: بەخوا هەرکەس بێتە پێشەوە دەیدەمە بەر تیر، ئەبووسوفیان بەوەی زانی و هات و ڕێی پێگرت و وتی: هۆی کابرا تیرەکانت لابەرە با قسە بکەین، زەیدیش وەستا، ئەبووسوفیان وتی: تۆ وا بە ئاشکرا ئەو ئافرەتە دەبەیت و دەشزانیت لە چ نەگبەتی و نارەحەتیەکداین و موحەممەد چی پێکردوین، ئەگەر تۆ وا بە ئاشکرا ئەو ئافرەتە ببەیت، خەڵکی وادەزانن ئەوە لە زەبوونی ئێمەوەیەو دەترسین، بەخوا هیچ پێویستمان نیە ئەم ئافرەتە لای

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص١٣، دلائل النبوة للبیهقي، الرقم ٨٧٢.

[2] البدایة والنهایة لابن کثیر، ج٣، ص ٢٦٦.

خۆمـان بهێڵینـەوە، بـەڵام بیگێڕەوە تـا خەڵکەکـە هێـور دەبنـەوەو خەڵکی بڵێن ئێمـە گێڕاومانەتـەوە، ماوەیەکـی تـر وەرەو بیبـەرەوە بـۆ لای باوکـی، ئەویـش وایکـرد.[1]

ئەبووسوفیان لە غەزای ئوحوددا

ئەبووسـوفیان لـە غـەزای ئوحـوددا هـاودەم بـە هیندی ژنی دژ بە موسڵمانان بەشـداری جەنگەکەی کرد.[2]

لـە جەرگـەی جەنگـی غـەزای ئوحـوددا حەنظەلـە گەیشـت بـە ئەبـوو سـوفیان، ئەبووسـوفیان لەسـەر ئەسـپێک بـوو، حەنظەلـە بـە شمشـێرەکەی دای لـە ئەسـپەکەی و ئەبووسـوفیان کەوتە سـەر زەوی، ئەبووسـوفیان هاواری دەکرد ئـەی گـرۆی قورەیشـیەکان ئەمـە منم ئەبووسـوفیانی کوڕی حـەرب، حەنظەلەش دەیویسـت بـە شمشـێرەکەی گەردنـی لێبکاتـەوە، بـڕێ لـە قورەیشـیەکان دەنگـی ئەبووسـوفیانیان بیسـت و لەتـاو سـەختی جەنگەکـە نەچـوون بـە دەمیـەوە،[3] بـەڵام شـەداد چـوو بـە دەمیـەوە،[4] بـە رمێـک دای لـە حەنظەلـەو رمەکـە لـە پشـتیەوە دەرچـوو و ئەبـوو سـوفیانیش رایکـرد.[5]

کاتێک موسڵمانان شکان و پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانێک چوونە بەرزایی شاخەکەوە، ئەبووسوفیان هاواری دەکرد ئەرێ موحەممەد لەنێوتاندایە؟ سێ جار ئەو هاوارەی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: کەس وەڵامی نەداتەوە، دواتر وتی: ئەرێ کوڕەکەی ئەبی قوحافەتان لەنێودایە؟ سێ جار ئەوەشی وت: و کەس وەڵامی نەدایەوە، پاشان سێ جار وتی: ئەرێ کوڕەکەی خەططابتان لەنێودایە؟ ئینجا چوویەوە بۆ لای هاوەڵەکانی و وتی: ئەوانە هەموویان کوژراون، ئیتر

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٣٠.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١١.

[3] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - جماع أبواب السير - باب الرخصة في عقر دابة من يقاتله في حال القتال، الرقم ١٨٢١٢.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢١.

[5] السنن الكبرى للبيهقي - كتاب السير - جماع أبواب السير - باب الرخصة في عقر دابة من يقاتله في حال القتال، الرقم ١٨٢١٢.

عومەر خۆی پێ نەگیرا و وتی: ئەی دوژمنی خوا بەخوا درۆ دەکەیت، ئەوانەی ناوت بردن هەموویان زیندوون، ئەوەی تۆ پێی دڵگرانیت ماوە، ئەبووسوفیان وتی: رۆژ بە رۆژە، ئەمڕۆ لەبری بەدر، جەنگ نۆرەیە، پاشان هاواری دەکرد پایەدار بێت هوبەل، پایەدار بێت هوبەل، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ وەڵامی نادەنەوە؟ وتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: بڵێن (خوا پایەدارترە)، ئەویش وتی: ئێمە عوززامان هەیەو ئێوە نیتانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ وەڵامی نادەنەوە؟ وتیان: چی بڵێین ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی بڵێن (خوا پشت و پەنامانەو ئێوە هیچ پشت و پەنایەکتان نیە).[1]

دواتر ئەبووسوفیان هاواری کرد وتی: وادەی جەنگی داهاتوومان ساڵی داهاتوو دەبێت لە بەدر، پێغەمبەریش(ﷺ) بە یەکێک لە هاوەڵانی فەرموو بڵێ باشە، با ئەوە وادەی نێوانمان بێت.[2]

وادەی جەنگ بۆ ساڵی داهاتوو دانرا، بڕیار بوو لە بەدر جەنگ روویدات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتی خۆیدا چوو بۆ ئەوێ، بەڵام ئەبووسوفیان نەهات، پێغەمبەر(ﷺ) هەشت رۆژ چاوەڕێ بوو، ئەبووسوفیان هاودەم بە خەڵکی مەککە تا نیوەی رێ هات و دواتر لە نیوەی رێدا وتی: خەڵکینە با ساڵێک ئەم جەنگە بکەن کە ساڵی تەڕوتووشی بێت، ئێستا وشکەساڵیە، بۆیە من دەگەڕێمەوە، خەڵکەکەش لەگەڵیدا گەڕانەوە.[3]

کوشتنی زەید

کاتێک نەسطاسی کۆیلەی صەفوان ویستی زەیدی کوڕی دەثینە بکوژێت، ئەبووسوفیانیش لەوێ ئامادە بوو، ئەبووسوفیان چوو و هەمان ئەو پرسیارەی کرابوو لە خوبەیب لە زەیدیشی کرد، پێی وت: ئەی زەید سوێندت دەدەم بە خوا، ئایا حەزت دەکرد ئێستا موحەممەد لەبری تۆ

---

[1] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب ما يكره من التنازع والاختلاف في الحرب، الرقم ٣٠٣٩.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٨.

[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٨٨

لەلامـان بوایـەو بماندایـە لـە گەردنـی و تۆیـش لەنـاو ژن و منداڵـی خۆتـدا بوویتایـە؟ لـە وەڵامـدا زەیـد هەمـان وەڵامەکـەی خوبەیبـی دایـەوەو وتـی: نـا سـوێند بەخـوا حـەز ناکـەم موحەممـەد ئێسـتا لـە شـوێنی مندا بێت و تەنهـا درکێکیـش بچێت بـە پێیدا لەبەرامبـەر ئـەوەی مـن لەنـاو ژن و منداڵـی خۆمـدا بـم، ئەبووسـوفیانیش دەیـوت کەسـم نەدیـوە وەک هاوەڵانـی موحەممـەد موحەممەدیـان خـۆش بوێـت.[1]

ئەبووسوفیان لە غەزای خەندەقدا

لـە جەنگـی خەندەقدا هەرجارەو بەشـێک لـە سوپای بێباوەران هەنگاویـان دەنـا بـۆ هێـرش بـردن، ڕۆژێـک ئەبووسـوفیان هێرشـی دەبـرد و ڕۆژێـک خالیـدی کـوڕی وەلیـد و ڕۆژێـک عەمـری کـوڕی عـاص، زیاتریـش پشـتیان دەبەسـت بـە تیرهاوێژەکانیـان تـا تیـر بهاوێـژن بـۆ ئەوبـەر خەندەقەکـە.[2]

حوزەیفـە بـاس لـە غـەزای خەنـدەق دەکات و دەڵێت: لـە خەندەقدا ڕەشـەباو سـەرمایەکی سـەخت بـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (ألا رجـل يأتينـي بخبـر القـوم جعلـه اللـه معـي يـوم القيامـة)، (ئـەری کەسـێک هەیـە هەواڵـی دوژمنـم بـۆ بهێنێـت تـا لـە ڕۆژی دواییـدا خـوا لەگـەڵ مـن دایبنـێ؟) ئێمـەش هەمـوو بێدەنـگ بوویـن و کەسـمان نەچوویـن، پێغەمبـەر(ﷺ) هەمـان شـتی دووبـارە کردەوەو ئێمـەش هـەر بێدەنگ بوویـن، پێغەمبـەر(ﷺ) بـۆ جاری سـێیەم ئەوەی فەرمـوو و ئێمـەش هـەر بێدەنـگ بوویـن، ئینجـا پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمووی: (ئـەی حوزەیفـە هەسـتە و هەواڵـی دوژمنمـان بـۆ بهێنـە)، منیش چـارم نەمـا چونکـە پێغەمبـەر(ﷺ) بـە ناوهێنـان نـاوی هێنـام تـا هەسـتم و بـڕۆم، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی (اذْهَبْ فَأْتِنِي بِخَبَرِ الْقَوْمِ، وَلَا تَذْعَرْهُمْ عَلَيَّ) (بـڕۆ هەواڵـی دوژمنـم بـۆ بهێنـەو مەیانورووژێنـە لێـم)[3] تـرس و بیمێکـی زۆرم هەبـوو، پێغەمبـەر(ﷺ) نـزای بـۆ

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٦٥.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٦٧.

[3] صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة الأحزاب، الرقم ١٧٨٨.

کردم و فەرمووی: (خوایە لە بەردەم و دواوەو راست و چەپیەوە بیپارێزیت) ئیتر سوێند بەخوا چی ترس و بیم لە دڵمدا هەبوو هیچی نەما،[1] زۆر بە وریایی و لەسەرخۆیی چوومە ناویانەوە، ئەبووسوفیانم بینی پشتی کردبووە ئاگرەکەو پشتی گەرم دەکردەوە،[2] کەسێکی گەورەو کەڵەگەت بوو و منیش نەمدەزانی ئەبووسوفیانە، ئەو دەیوت دەبێت برۆین،[3] منیش تیرێکم خستە ناو کەوانەکەوە و ویستم بیکوژم، بەڵام فەرمایشتەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیر کەوتەوە کە فەرمووی: مەیانوروژێنە لێم، بۆیە نەمکوشت، ئەگینا بۆم بهاویشتایە بە دڵنیاییەوە دەمپێکا.[4]

حوذەیفە دەڵێت: کە چوومە ناو خەڵکەکە، ئەبووسوفیان وتی: ئەی گرۆی قورەیشیەکان، با هەرکەس بزانێت کێ لەپاڵیدایە، منیش خێرا بەوەی پاڵ خۆمم وت: تۆ کێیت، وتی: فلانی کوڕی فلانم، ئینجا ئەبووسوفیان باسی ناپاکی بەنوقورەیضە و سەختی رەشەباکەی کردو وتی: وا من دەگەڕێمەوەو ئێوەش بگەڕێنەوە.[5]

ئەبووسوفیان نەیاری سەرسەخت و بەردەوامی ئیسلام بوو، تەنانەت بە بیستنی هەواڵی موسڵمانبوونی کەسانی تر دڵتەنگ دەبوو، ئەوەتا کاتێک بیستی خوفافی غیفاری موسڵمان بووە وتی: ئەمشەو گەورەی غیفاریەکان لە ئایین هەڵگەڕایەوە.[6]

پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوای رووداوی بەنی نەضیر سەلەمەی هاودەم بە عەمری کوڕی ئومەییە نارد تا ئەبووسوفیان بکوژن،[7] چونکە پێشتر ئەبووسوفیان بە دەستەیەکی قورەیشیەکانی وتبوو کەسێک نیە بتوانێت

---

(1) مستخرج أبي عوانة، الرقم ٥٤٨٧.
(2) صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة الأحزاب، الرقم ١٧٨٨.
(3) مستخرج أبي عوانة، الرقم ٥٤٨٧.
(4) صحيح مسلم - كتاب الجهاد والسير - باب غزوة الأحزاب، الرقم ١٧٨٨.
(5) البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ١١٤.
(6) أسد الغابة، ج٢، ص ١٧١.
(7) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ١٤٢.

موحەممەد تیرۆر بکات؟ چونکە وا ئەو بە بازاڕدا پیاسە دەکات، ئەوەبوو کابرایەکی زۆر دڵرەقی دەشتەکی ئامادە بوو تیرۆری بکات، کە هاتە مەدینە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەو کابرایە دەیەوێت ناپاکی بنوێنێت، ویستی هێرش ببات بۆ پێغەمبەر(ﷺ) کە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر ڕێی پێ گرت و ویستی بیکوژێت، پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی نەدا، کابرا دانی نا بە تاوانەکەیدا و وتی: کە چۆن هاتووە، ئینجا موسڵمانیش بوو، پێغەمبەریش(ﷺ) عەمری کوڕی ئومەییەو سەلەمەی کوڕی ئەسلەمی نارد تا ئەگەر دەرفەتیان بۆ بوو ئەبووسوفیان بکوژن، ئەوەبوو چوونە مەککەوەو عەمر شەو تەوافی کەعبەی دەکرد کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ئەوی بینی و هەواڵی دا بە قورەیش، ئەوانیش وتیان: عەمر نیازی چاک نیە، خێرا عەمر و سەلەمە گەڕانەوە بەرەو مەدینە.[1]

پاش ڕێککەوتنی حودەیبیە

ئەبووسوفیان دەڵێت: جارێک کە لە شام بووین، هیرەقل ناردی بە شوێن کاروانی قورەیشیاندا، ئەمەش لە ماوەی ڕێککەوتنەکەی قورەیشدا بوو، ئەوانیش چوونە کۆڕەکەی هیرەقلەوە، گەورەکانی ڕۆمیش لە دەوری بوون، ئینجا داوای وەرگێڕێکی کرد، هیرەقل وتی: کێ لە ئێوە خزمایەتی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات؟ منیش وتم: من لە هەموویان لێی نزیکترم، وتی: نزیکی بکەنەوە لێم و هاوەڵەکانی بخەنە پشتیەوە، بە وەرگێڕەکەی وت، پێیان بڵێ من پرسیار لەو پیاوە دەکەم، ئەگەر درۆی لەگەڵ کردم، پێم بڵێن، ئەبوسوفیان دەڵێت: بەخوا ئەگەر لەبەر شەرمی ئەوە نەبوایە بە درۆم بخەنەوە، درۆم دەکرد بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ)، یەکەم شت پرسیاری لێکردم، وتی: ڕەچەڵەکی لەنێوتاندا چۆنە؟ وتم: خاوەن ڕەچەڵەکە، وتی: ئەی کەس پێش ئەو ئەو قسانەی کردووە؟ وتم: نا، وتی: هیچ لە باوباپیرانی پاشا بون؟ وتم: نا، وتی: ئەی خەڵکی هەژار شوێنی دەکەون یان

[1] الطبقات الکبری لابن سعد، ج٢، ص ٩٤.

خانەدانەکان؟ وتم: لاوازو هەژارەکان، وتی: زیاد دەکەن یان کەم دەکەن؟ وتم: زیاد دەکەن، وتی: کەسیان دەستبەرداری ئایینەکەی دەبێت؟ وتم: نا، وتی: ئەی ئێوە پێشتر درۆتان لێ بیستوە؟ وتم: نا، وتی: ئەی ناپاکی هەیە؟وتم نا، ئێستاش لە رێککەوتنین لەگەڵی و نازانین تیایدا چی دەکات، وتی: ئەی دژایەتیتان دەکرد؟ وتم: بەڵێ، وتی: جەنگتان لەگەڵی چۆنە؟ وتم: هەر جارەو یەکێکمان سەرکەوتوو بوین، وتی: فەرمانی چی دەکات پێتان؟ وتم: دەڵێت: خوای تاک و تەنهای بێ هاوەڵ بپەرستن و واز لە قسەی باوباپیرانتان بهێنن، فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژ و زەکات و راستگۆیی و داوێن پاکی و پەیوەندی خزمایەتی، هیرەقل بە وەرگێڕەکەی وت: پێی بڵێ، پرسیارم لێکردیت سەبارەت بە رەچەڵەکی، تۆیش وتت خاوەن رەچەڵەکە، پێغەمبەرانیش لە خاوەن رەچەڵەکەکانی هۆزەکانیاندا بون، وتم: کەستان پێشتر شتی وای وتووە، وتت نا، وتم: ئەگەر کەس وای وتبێت ئەوە دەکرا ئەو قسەی پێشینانی خۆی دووبارە بکاتەوە، وتم: باوباپیرانی کەسیان پاشا بون، وتت نا، ئەگەر وابوایە دەموت داوای دەسەڵاتەکەی باوکی دەکات، وتم: پێش ئەمە درۆتان لێبیستبوو؟ وتت نا، دەی کەسێک درۆ بەرامبەر خەڵک نەکات، قەت درۆ بە دەم خواوە ناکات، وتم: خانەدانەکان شوێنی دەکەون یان هەژاران، وتت هەژاران، شوێنکەوتوانی پێغەمبەرانی پێشوویش هەژاران بون، وتم: زیاد دەکەن یان کەم دەکەن، وتت زیاد دەکەن، ئیمانیش هەر وایە، وتم: کەسیان واز دێنێت لە ئایینەکەی، وتت نا، چێژ و جوانی ئیمانیش وایە تێکەڵ بە دڵەکان دەبێت، وتم: ناپاکی دەنوێنێت، وتت نا، پێغەمبەرانیش وان ناپاکی نانوێنن، وتم: فەرمانی چیتان پێ دەکات، وتت فەرمان دەکات خوای تاک و تەنها بپەرستن و هاوەڵی بۆ دانەنێن و بت نەپەرستن و نوێژ بکەن و راستگۆ و داوێن پاک بن، ئەگەر ئەوەی دەیڵێیت راست بێت، ئەوە ئەم شوێن پێیانەی منیش دەگرێت، من دەمزانی ئەو پێغەمبەرە دەردەکەوێت، بەلام نەمدەزانی لە ئێوەیە، ئەگەر

دەمزانی دەگونجا بە هەر هیلاکیەک خۆم دەگەیاندە لای، ئەگەر لەلای بوومایە قاچەکانیم دەشۆرد، پاشان داوای نامەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد کە بە دیحیەدا ناردبووی بۆ گەورەی بوصرا و درا بە هیرەقل و خوێندیەوە، کە لە خوێندنەوەی نامەکە بویەوە، گرمەو بۆڵە لە دەوری زیادی کرد و ئێمە کراینە دەرەوە، کە چووینە دەرەوە، بە هاورێکانم وت: بەخوا باسوخواسی کوڕی ئەبی کەبشە گەورە بووە، وا پاشای بەنیلئەفەر لێی دەترسێت، ئیتر دڵنیا بووم زیاتر سەردەکەوێت تا ئەوەی خوا ئیسلامی خستە دڵمەوە.[1]

کاتێک قورەیشیەکان بەڵێنی حودەیبیەیان شکاند و پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری دا هێرش بباتە سەر مەککە، ئەبووسوفیان هاتە مەدینە بەو هیوایەی ئاگربەستەکە درێژ بکاتەوە، ئینجا چوویە ماڵی ئوممو حەبیبەی کچی، کاتێک ویستی لەسەر جێگەکەی پێغەمبەر(ﷺ) دابنیشێت، ئومموحەبیبە راخەرەکەی لابرد و نەیهێشت، ئەبووسوفیان پێی وت: بۆچی وادەکەیت؟ ئومموحەبیبەش وتی: ئەوە راخەری پێغەمبەری خوایەو تۆش کەسێکی بێباوەڕی پیسیت، ئەبوسوفیان وتی: کچەکەم پاش خۆم خراپت لێ قەوماوە.[2]

دواتر ئەبووسوفیان چووە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای بۆ بکەن، کە چوو بۆ لای عەلی، حەسەنی کوڕی عەلی منداڵێک بوو لە بەردەمیدا یاری ئەکرد، عەلیش وەک ئەوانی تر ئەبوو سوفیانی بێهیوا کرد و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) بڕیارێکی داوە کەسمان بۆی نیە قسەی تێدا بکات.[3]

دوایی ئەبووسوفیان گەڕایەوە بۆ مەککەو بە خەڵکەکەی وت: هیچ هیوایەک نەماوە.[4]

---

[1] () -صحيح البخاري، الرقم ٧.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ١٠٠.

[3] تاريخ الطبري، ج٢، ص ١٥٤.

[4] البداية والنهاية لابن ثر، ج٤، ص ٢٨١.

فەتحی مەککە

کاتێک قورەیش هەواڵیان بیست پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو مەککە دێت، هەریەک لە ئەبووسوفیان و حەکیمی کوڕی حیزام و بودەیلی کوڕی وەرقا چوونە دەرەوە تا هەواڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) وەربگرن، ئەوەبوو هاتن تا گەیشتنە مەڕروظهھران، لەوێ ئاگرێکی زۆر زۆریان بینی، ئەبوو سوفیان وتی: ئەمە چیە؟ ئەڵێیت ئاگری عەرەفەیە، بودەیل وتی: ئەبێت ئاگری بەنی عەمر بێت، ئەبوو سوفیان وتی: بەنی عەمر زۆر ژمارەیان لەوە کەمترە، لەو قسانەدا بوون کە بڕێ پاسەوانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانیان بینین و گرتنیان و بردنیان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوەبوو ئەبووسوفیان موسڵمان بوو،[1] ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد لە پێشەوەی ریزی سوارەکان ئەبووسوفیان بوەستێنێ تا سوپای موسڵمانان ببینێت، عەبباسیش وایکرد.[2]

ذەهەبی گێڕانەوەیەکی هێناوە دەڵێت: ئەبوو سوفیان و حەکیمی کوڕی حیزام و بودەیلی کوڕی وەرقا موسڵمان بوون و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر(ﷺ) ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوانی نارد بۆ لای خەڵکی مەککە تا بانگیان بکەن بۆ لای ئیسلام.[3]

پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری دا مەککە فەتح بکات، بۆیە فەرمانی کرد ئامادە بن و بە خەڵکەکەشی راگەیاند کە نیازی هەیە بەرەو مەککە بچێت، نزیکەی دوانزە هەزار هاوەڵی کۆچەری و پشتیوانی و هاوەڵانی تر ئامادە بوون،[4] کاتێک لە نزیک مەککە مانەوەو ئەبوو سوفیان چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێ موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ویستی هێزی موسڵمانانی نیشان بدات، بۆیە عەبباسی راسپارد تا لە دەروازەیەکەوە ئەبووسوفیان بوەستێنێت تا سوپاکە بەلایدا بڕوات و ببینێت، پێغەمبەر(ﷺ) سوپای سوارەی دابەش

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨٠.

[3] سير أعلام النبلاء، ج٣، ص ٤٨.

[4] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٥٢٥ و ٥٢٩.

کردبـوو بـۆ دوو دەسـتە، بەشـێکی لەگـەڵ زوبەیـری کـوڕی عـەووام بـوون کـە هاتـن و ئەبووسـوفیان سـوپاکەی بینـی، بەدوایـدا بەشـی دووەم هـات کـە سـەرکردەکەی خالیـدی کـوڕی وەلیـد بـوو و تێپـەڕ بـوون، ئەبووسـوفیان وا شـڵەژا بـوو وتـی: ئـەی عەببـاس ئەمـە پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ)؟ وتـی: نـا ئـەوە خالیـدی کـوڕی وەلیـدە.[1]

لە شەوی فەتحی مەککەدا عەبباس بە ئەبووسوفیانی وت: ماڵوێران سەرکەوە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و داوای پەنات بۆ بکەم، ئەبووسوفیانیش لە دوای عەبباسـەوە سـەرکەوت، بـەردەوام دەیانـدا بـە لای ئاگری موسـڵماناندا و یـەک یـەک عەببـاس دەسـتەکانی پـێ دەناسـاند، کە گەیشـتە لای ئاگرەکـەی عومـەری کوڕی خەططـاب، عومـەر چـوو و ئەبووسـوفیانی بینـی، وتی: ئەبوسـوفیان، ئەی دوژمنـی خـوا، سـوپاس بـۆ خـوا کـە بـێ بوونـی پەنـا و بەڵێنێـک تـۆی خسـتە بەردەسـتم، ویسـتی بیکوژێـت کـە عەببـاس نەیهێشـت، عومـەر بـەوەوە نەوەسـتا لەگەڵیـان چـوو تـا گەیشـتنە لای پێغەمبـەر(ﷺ)، وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خوا(ﷺ) ئەمـە دوژمنەکـەی خـوا بـێ بوونـی پەنـا و بەڵێنێـک کەوتووەتـە بەردەسـتم، دەرفـەت بـدە تـا بدەم لـە گەردنـی، عەببـاس وتـی: ئـەی پێغەمبـەر(ﷺ) مـن پەنام داوە، ئینجـا عەببـاس وتـی: ئـەی عومـەر ئیتـر بەسـە، ئەگـەر ئەمـە کەسـێک بوایـە لـە بەنـی عـەددی وات نـەدەوت، بـەڵام دەزانیـت لـە بەنـی عەبدمەنافـە وا دەڵێیت، عومـەر وتـی: راوەسـتە عەببـاس، سـوێند بەخـوا موسـڵمانبوونەکەی تـۆم لـە موسـڵمانبوونی خەططـاب لا خۆشـتر بـوو، چونکـە دەمزانـی موسـڵمان بوونـی تـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ) لـە موسـڵمانبوونی خەططـاب خۆشـترە، ئینجـا پێغەمبەری خـوا(ﷺ) فەرمـووی: ئـەی عەببـاس بیبـە بـۆ لای خـۆت و کـە بەیانـی هـات بیهێنە بـۆ لام، بـۆ بەیانـی عەببـاس ئەبووسـوفیانی هێنایـەوە بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)، پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: ماڵـت وێران بێت ئەبووسـوفیان ئیتـر کاتـی نەهاتووە بزانیـت هیـچ پەرسـتراوێ نیـە جگـە لـە خـودا؟! ئەبووسـوفیان وتـی: بـە دایکو

[1] تاريخ الإسلام للذهبي، ج٢، ص ٥٣٢.

باوکمەوە بەقوربانت بم چەندە لەسەرخۆ و خزم دۆست و بەخشندەیت، عەبباسیش وتی: ماڵوێران دەی موسڵمان بە پێش ئەوەی بدات لە گەردنت، ئەبووسوفیانیش شایەتومانی هێنا.[1]

سەعدی کوڕی عوبادە لە فەتحی مەککەدا ئاڵای پشتیوانانی بەدەست بوو، سەعد کە ئەبووسوفیانی بینی وتی: ئەی ئەبوسوفیان ئەمڕۆ ڕۆژی کارەسات و کوشتارە، ئەمڕۆ لە کەعبەدا خوێن ڕێژی ڕەوا دەکرێت، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای ئەبووسوفیاندا، ئەبووسوفیان وتی: نازانیت سەعدی کوڕی عوبادە چی دەڵێت، ئەو ئاوهای وتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (سەعد درۆ دەکات، بەڵکو ئەمڕۆ ڕۆژێکە تیایدا خوا کەعبە بەرز ڕادەگرێت و تیایدا کەعبە بەرگی بەبەردا دەکرێت).[2]

بەم پێیە ئەبووسوفیان لە شەوی فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[3]

ذەهەبی لەبارەی موسڵمان بوونی ئەبووسوفیانەوە دەڵێت: لە ڕۆژی فەتحدا خوا فریای کەوت و ئەبووسوفیان موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەی نیمچە ناچاریەک و لە ترسەوە بوو، دواتر پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک ئیسلامەتیەکەی چاک بوو.[4]

عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەبووسوفیان حەزی بە شانازی و ناوبانگە، بەڵکو پایەیەکی بۆ دابنێیت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی (نَعَمْ، مَنْ دَخَلَ دَارَ أَبِي سُفْيَانَ فَهُوَ آمِنٌ، وَمَنْ أَغْلَقَ بَابَهُ فَهُوَ آمِنٌ) (بەڵێ، هەرکەس بچێتە ماڵی ئەبووسوفیانەوە پارێزراوە، هەرکەسیش دەرگای ماڵی خۆی دابخات پارێزراوە).[5]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٢٩٠.

[2] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب أين ركز النبي(ﷺ) الراية يوم الفتح، الرقم ٤٢٨٠.

[3] أسد الغابة، ٣، ص ١٠.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٠٦.

[5] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - حديث فتح مكة، الرقم ٣٨٠٧٨؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب ما جاء في خبر مكة، الرقم ٣٠٢١، حسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود.

ئیبن کەثیر گێڕانەوەیەکی تری موسڵمانبوونی ئەبووسوفیان دێنێت و دەڵێت: ئەبووسوفیان دەستی جەعفەری کوڕی گرتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕێی هاتنی بوو بەرەو مەککە، ئەبووسوفیان ویستی بچێت بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام دەرفەتی پێ نەدرا، ئەبووسوفیان وتی: بەخوا ئەگەر مۆڵەت نەدات بچم بۆ لای دەستی ئەمە دەگرم و سەری خۆم هەڵدەگرم تا کەس نەزانێت بۆ کوێ دەچم، کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بیستەوە، دڵی بۆی نەرم بوو و هەستی بزواو دەرفەتی پێدا، ئەبووسوفیان و جەعفەری کوڕی هاتن و موسڵمان بوون، موسڵمان بوونێکی چاک و دروستیش.[1]

ئەبووسوفیان پاش فەتحی مەککە

هەرچەندە ئەبووسوفیان موسڵمان بووبوو، بەڵام هێشتا نەخۆشی دڵی داگیرکردبوو و نەیتوانیبوو بە تەواوی چارەسەر وەربگرێت بۆ ئەو نەخۆشیەی چەند ساڵە پێوەیەتی، بۆیە جار جارە بە زمان وتەگەلێکی دەدرکاند کە جێی نارەزایی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، لەوانە حەسوودی بردنی بە پێغەمبەر(ﷺ)،[2] بەڵام پاش ماوەیەک هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) تیماری زامەکانی کرا و نەخۆشیەکەی لەسەر هەڵگیرا و لەبری حەسوودی بردن، ئیتر چاوەکانی خۆی بەخشی بە ئیسلام.

جارێک ئەبووسوفیان دای بەلای سەلمانی فارسی و بیلال و صوهەیب و چەند کەسێکی تردا، ئەوانیش تانەیان لێدا، ئەبووبەکر وتی: ئەوە پیاوماقوڵی قورەیشە، وای پێ دەڵێن؟! دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: (ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە تووڕەت کردبن، ئەگەر ئەوانت تووڕە کردبێت ئەوە پەروەردگارتت تووڕە کردووە)، خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی: برا ئازیزەکانم ئەرێ ئێوەم تووڕە نەکرد؟ ئەوانیش وتیان: نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.[3]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٥٦.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣،ص ٤١٣.
[3] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٠.

ئەبووسوفیان دوای موسڵمانبوونی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بەشداری هەریەک لە غەزاکانی حونەین و طائیفیشی کرد.[1]

پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەیندا سەد وشتری بەخشی بە ئەبوو سوفیان و سەدی بە موعاویەی کوڕی و سەدی بە حەکیمی کوڕی حیزام بەخشی.[2]

لە غەزای طائیفدا ئەبووسوفیان چاوێکی خۆی لەدەستدا، تیرێک بەر چاوی کەوت، ئینجا ئەبووسوفیان هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)و وتی: ئەوە چاومە لە رێی خوادا وای لێهاتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر دەتەوێت نزا دەکەم خوا چاوت بۆ بگێڕێتەوە، ئەگەرنا بەهەشتت بۆ هەیە، ئەبووسوفیان وتی: بەڵکو بەهەشتم دەوێت.[3]

دوای موسڵمان بوونی خەڵکی طائیف، پێغەمبەر(ﷺ) ئەبوسوفیان و موغیرەی کوڕی شوعبەی نارد تا بتی لات لەناوبەرن.[4]

خەڵکی موسڵمان زۆر کەیفیان بە ئەبووسوفیان نەدەهات و لە کۆڕیدا دانەدەنیشتن، ئەبووسوفیان چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سێ شت هەن پێم ببەخشە، فەرمووی: باشە، وتی: من چاکترین و جوانترین کچم هەیە کە ئوممحەبیبەیە مارەی دەکەم لە تۆ، فەرمووی: باشە، ئەبووسوفیان وتی: موعاویەش بکە بە نووسەری بەردەستی خۆت، فەرمووی: باشە، وتی: پۆستێکیشم پێ بدەیت تا جەنگی بێباوەڕان بکەم لەبری ئەوەی پێشتر جەنگی موسڵمانانم دەکرد، فەرمووی: باشە.[5]

بەڵام وەک دەزانین پێغەمبەر(ﷺ) زۆر پێشتر ئوممحەبیبەی مارەکردبوو نەک پاش فەتحی مەککە.

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١٠- ١١.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٤، ص ٣٦٠.

[3] معجم الصحابة لابن قانع، ج١، ص ٢٦٥.

[4] البداية والنهاية لابن كثير، ج٨، ص ٤٨.

[5] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل أبي سفيان بن حرب(ﷺ)، الرقم ٢٥٠١.

پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووسوفیانی کرد بە بەرپرسی ناوچەی نەجران و تا وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو هەر لەو پۆستەی مایەوە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێ نیشتەجێ بوو، پاشان لەوێیش نەما و چوو بۆ مەدینەو تا مردنی لەوێ ژیا.[1]

ئەبووسوفیان پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ)

ئەبووسوفیان پاش وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و بە بەرچاویەوە کوڕەکانی رۆڵیان دەبینی لە پایەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا، خۆیشی بەشداری غەزاکانی دەکرد، ئەبووسوفیان لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد و لەو جەنگەدا چاوەکەی تریشی لەدەستدا، لەو جەنگەدا ئەبووسوفیان موسڵمانانی هاندەدا بۆ جیهاد و جەنگی دژ بە بێباوەڕان.[2]

لە یەرمووکدا یەزیدی کوڕی ئەبووسوفیان ئاڵایەکی بەدەستەوە بوو و ئەبووسوفیانیش لەژێر ئەو ئاڵایەدا بوو، لە گەرمەی جەنگەکەدا ئەبووسوفیان هاواری دەکرد ئەی سەرکەوتنی خوا نزیک بەرەوە.[3]

کۆچی دوایی ئەبوسوفیان

دواجار ئەبووسوفیان لە تەمەنی نزیک بە نەوەد ساڵیدا کۆچی دوایی کرد،[4] یان دەوترێت تەمەنی هەشتاو هەشت ساڵان بووە، یان دەوترێت لە تەمەنی نەوەد و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە،[5] سەبارەت بە ساڵی وەفاتیشی دەوترێت لە ساڵی سی و یەکی کۆچی لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە، یان ساڵەکانی سی و دوو و سی وسێ و سی و چواریش هاتووە.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١١.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١١.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٤.
[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٠٧.
[5] أسد الغابة، ج٣، ص ١١.
[6] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ١٠٧.

کاتێک وەفاتی کرد عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد.[1]

کاتێک ئەبووسوفیان کۆچی دوایی کرد، هەواڵ گەیشتە ئوموحەبیبەی کچی، لە ڕۆژی سێیەمدا بۆنێکی دا لە لاجانگ و باڵەکانی و وتی: خۆ من هیچ پێویستم بەوە نیە لەبەرئەوە نەبێت کە بیستوومە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (لا يحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تحد على ميت فوق ثلاث، إلا على زوج فإنها تحد عليه أربعة أشهر وعشرا)،[2] (هیچ ئافرەتێک کە بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی هەبێت بۆی دروست نیە زیاد لە سێ ڕۆژ پرسە بگێڕێت بۆ مردوویەک تەنها بۆ مێردی نەبێت کە بۆی هەیە چوار مانگ و دە ڕۆژ پرسە بگێڕێ- بەو واتایەی خۆی دوور بگرێت لە خۆرزاندنەوەو خۆشی گێڕان-).

وەستانێک:

یەکێک لەو گومانانەی کە لە مێژوی ئیسلامیدا زەقکراوەتەوە، بریتیە لە مەسەلەی ململانێی نێوان هاشمی و ئومەویەکان، واش هاتووە کە ئەبووسوفیان ڕێبەرێکی دیاری ئەو مەیدانە بووبێت، جا ئایا ئەمە ڕاستە یان نا؟

ململانێی نێوان هاشمی و ئومەویەکان ڕاستیەکی ناو مێژووی ئیسلامیەو حاشای لێ ناکرێت، بەڵام تەوقیتی ڕووداوەکە هەڵوەستەی دەوێت، چونکە شیعە پێیان وایە ئەو تەوقیتە لە سەردەمی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بووە، بەڵام لەراستیدا ئەو ڕووداوە لە سەردەمی پاش شەهیدبوونی عوثمانی کوڕی عەففانەوە سەرەتایەکی دەرکەوت تا لە نێوەندەکانی دەوڵەتی ئومەویدا بوو بە ئامانجی ڕوون، دواتریش بە لەناوچوونی دەوڵەتی ئومەوی ئەو مەسەلەیە پووکایەوە.[3]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ١١.

[2] صحيح البخاري - كتاب الجنائز - باب إحداد المرأة على غير زوجها، الرقم ١٢٨٠؛ صحيح مسلم - كتاب الطلاق - باب وجوب الإحداد في عدة الوفاة وتحريمه في غير ذلك إلا ثلاثة أيام، الرقم ١٤٨٦.

[3] خوێنەری ئازیز بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبەکەی دکتۆر عبدالشافی محمد عبداللطيف تایبەت بە دەوڵەتی ئومەوی کە وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

پێغەمبەر(ﷺ) هێشتا سروشی بۆ دانەبەزێبوو، لە جەنگی فوجاردا بەشداری کرد کە سەرکردەی سوپاکە حەربی کوڕی ئومەییەی ئومەوی بوو،[1] هاشمیەکانیش تیایدا هاوشانی ئومەویەکان بەشداربوون، وەک پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت (من تیرم دەدایەوە دەست مامەکانم)،[2] دەی مامەکانی پێغەمبەر(ﷺ) و خودی پێغەمبەریش(ﷺ) هاشمی بوون.

ئەگەر تەماشا بکەین، لە گەڵ هاتنی ئیسلامدا بەشێک کەسایەتی دیاری ناو ئومەویەکان بڕوایان هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ) کە لە هاشمیەکان بوو، لەوانە:

عوثمانی کوڕی عەففانی ئومەوی کە زاوای پێغەمبەر(ﷺ) بوو و دوو کچی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بەهاوسەر گرت، لە یەکەمین موسڵمانبوانی مەککە بوو، لە دە یەکەمین موسڵمان بووەکانە، گێڕانەوە هەیە کە چوارەم کەسە موسڵمان بووە.[3]

خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی کوڕی ئومەییەیە، لە قورەیشیەکانە لە ئومەویەکان،[4] زۆر زوو موسڵمان بوو، دەوترێت چوارەم یان پێنجەم کەس بووە موسڵمان بووە.[5]

خالیدی کوڕی سەعید نووسەری خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بوو و نامەکانی بۆ دەنووسی،[6] هەروەها سروشیشی دەنووسیەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[7]

هەریەک لە ئەبان و عەمر دوو برای تری بوون کە هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوون.[8]

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج٢، ص ٢٨٩.
[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٢، ص ٢٩٠.
[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٦٠٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٢٣٦.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٢، ص ٢٣٦
[6] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٣٤.
[7] البداية والنهاية لابن كثير، ج٥، ص ٣٤٠.
[8] الإصابة في تمييز الصحابة، ج١ص١٦.

با تەماشایەکی رووداوەکانی کاتی فەتحی مەککەیش بکەین:

عەبباسی هاشمی کە مامی پێغەمبەر(ﷺ) بوو پەیوەندیەکی پتەو و دۆستانەی هەبوو لەگەڵ ئەبووسوفیانی سەرکردەی ئومەویەکاندا، ئەوەتا پێشتر لە کاری بازرگانیدا پێکەوە دەردەچوون،[1] لە کاتی فەتحی مەککەشدا عەبباس خەمی ئەبووسوفیان دەخوات و هانی دەدات تا موسڵمان بێت و خۆیشی دەیبات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پەنای دەدات تا دەیگەیەنێتە خزمەتی و دوای موسڵمان بوونی ئەبووسوفیانیش، داوا لە پێغەمبەر(ﷺ) دەکات شکۆ و پێگەیەکی تایبەتی بۆ دابنێت، پێغەمبەریش(ﷺ) راکەی وەردەگرێت، جا ئەگەر دوژمنایەتی هاشمی و ئومەوی هەبوایە، بۆ عەبباسی هاشمی ئەو هەموو دڵسۆزیە بۆ سەرکردەی ئومەویەکان نیشان دەدات، لەکاتێکدا ئەوە چاکترین دەرفەتی لەناوبردنی ئومەویەکان بوو؟!!!

پێغەمبەر(ﷺ) پاش فەتحی مەککە عەتتابی کوڕی ئەسیدی کرد بە بەرپرسی مەککەو تا رۆژی وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) بە والی مەککە مایەوە.[2]

پێغەمبەر(ﷺ) ئەبووسوفیانی کرد بە بەرپرسی ناوچەی نەجران و تا وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لەو پۆستەی مایەوە.[3]

پێغەمبەر(ﷺ) موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانی بە نووسەری بەردەستی خۆی دانا.[4]

پێغەمبەر(ﷺ) عەمری کوڕی سەعیدی ئومەوی کرد بە بەرپرسی بەرهەمی خەیبەر.[5]

بۆیە دەڵێین: ململانێی هاشمی و ئومەویەکان نە لە قۆناغی پێش پێغەمبەرایەتی و نە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و نە لە سەردەمی ئەبووبەکر

---

[1] البداية والنهاية لابن كثير، ج

[2] () -أسد الغابة، ج٣، ص ٥٧٥.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ١١.

[4] أسد الغابة، ج٥، ص ٢٢١.

[5] أسد الغابة، ج٤، ص ٢٤٥.

و عومـەر و عوثمانیشـدا بوونـی نەبـووە، بەڵکـو سـەرەتاکەی لـە سـەردەمی خەلیفـەی چوارەمـی موسـڵمانانەوە عەلـی کـوڕی ئەبووطالیـب دەرکـەوت، ئەویـش نـەک وەک دژایەتـی نێوانیـان، بەڵکـو وەک دابەشـبوونی دوو بـەرەی ئیجتیهـادی جیـاواز، ئیتـر بەرەبـەرە لەوێـوە مەسـەلەکە زەق بوویـەوەو لـە قۆناغەکانـی دواتـردا کـرا بـە ئامانـج.

رامانێک لە کەسێتی ئەبووسوفیان

ئەبووسـوفیان کەسـایەتیەکی دیـاری عـەرەب بـووە کـە سـوودمەند بـووە لـە پێگـەی گرنگـی فرەلایەنـەی مەککـە، وەک پێگـەی ئابـووری کـە ڕێـی بازرگانـی بـووە، ڕێـی ئایینـی کـە کەعبـەی لێبـووە، بـەم هۆیـەوە ئـەو ناوبانگـەی لەنـاو مەککـەدا هەیبـوو دەگەیشـتە دەرەوەش، لـە مەککەشـدا خـاوەن قسـەو بڕیـار بـوو، جێـی گرنگـی و ڕێزی لایەنـەکان بـوو، ئـەم کەسـایەتیە بـە هاتنـی ئیسـلام، سـەرەتای شکسـتی خـۆی بەدیدەکـرد، بۆیـە هەوڵـی دا نەیارەکـەی لەناوبەرێـت، بۆیـە کەوتـە دژایەتـی کردنـی ئیسـلام و موسـڵمانان، کەچـی هەمـان ئـەو دژایەتیـەی بـۆ ئیسـلام تێکیشـکاند، تـا دواجـار ئیسـلام کەسـێتی بـۆ گێڕایـەوە.

ئەبووسـوفیان لـە قۆناغـی پێـش فەتحـی مەککـەدا نەیارێکـی سەرسـەختی ئیسـلام بـوو، نـەک لەبەرئـەوەی بنەماڵـەی پێغەمبەرایەتـی ڕێگـر بووبێـت، بەڵکـو لەبەرئـەوەی لەگـەڵ بنەماکانـی پەیامەکـەدا کێشـەی هەبـوو، بۆیـە هـەر جـۆرە دژایەتیەکـی سـەربازی و سیاسـی و ڕاگەیاندنـی گرتەبـەر.

دواجـار بـە ناچـاری و بـێ تاسـەیەکی بـۆ موسـڵمان بـوون، موسـڵمان بـوو، موسـڵمان بوونێـک کـە چەکەرەیـەک بـوو بـۆ بـاوەڕی ناخـی، هێشـتا تاسـەی ناوبانـگ و بوونـی پێگـەی مابـوو، بۆیـە عەبباسـیش ئـەو ئاواتـە شـاراوەی ئەبووسـوفیانی خسـتەڕوو بـۆ پێغەمبـەر(ﷺ) و پێغەمبـەری خوایـش(ﷺ) ڕەچـاوی ئـەو بـار و ویسـتەی ئەبووسـوفیانی کـرد و لەلایەکـەوە ماڵەکـەی ئـەوی کـردە پەناگـەو لەلایەکـی تریشـەوە لـە دواتـردا کـردی بـە بەرپرسـی ناوچـەی نەجـران.

موسڵمانبوونی ئەبووسوفیان سەرەتای ژیانێکی نوێ بوو بۆ ئەو کاسایەتیە، رەحمی خوا بوو بەرامبەری تا وێنەی ئەبووجەهل و ئەبوولەهەب و سەرزلە بێباوەڕەکانی تر بەرەو دۆزەخ هەنگاو نەنێت، موسڵمان بوو و دواتریش بنەرەتەکانی باوەڕداری پێوە دیاربوو، وەک بەشداریکردنی لە جیهاد و بەخشینی هەردوو چاوی لە رێی جیهاددا، موسڵمانبوونی هەر تاکێکیش رابردووی خراپی دەسڕێتەوە، وەک لە فەرموودەدا ئاماژەی پێدراوە (أما علمت أن الإسلام يهدم ما كان قبله)،[1] (مەگەر نازانیت ئیسلام پێش خۆی لەناودەبات)، جا بۆ دەبێت ئەم یاسایە بۆ هەموان رەوا بێت و بۆ ئەبووسوفیان نەگونجێت؟ ئەمە هیچ نیە تەنها ئەو کینە دروستبووەی داهاتووی نێوان هاشمی و ئومەویەکان نەبێت پاش دەیان ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) کە هەوادارانی وا لێکرد رابردووش بکەنە بەشێکی ململانێی ئەوکاتیان، ئەمەش لە روی زانستیەوە رەوا نیە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (لا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلاًّ وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَى وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ).[2] (یەکسان نین لە ئێوە ئەوانەتان کە پێش فەتحی مەککە بەخشیتان و جەنگتان کرد، ئەوانەپاداشتیان زۆر گەورەترە لەوانەی دوای فەتحی مەککە بەخشییان و جەنگیان کرد، وە هەموشیان-هەموو هاوەڵان- خوا بەڵێنی چاکەی پێداون، خواش زانا و ئاگادارە بەوەی دەیکەن).

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە برایەتی نێوان کۆچەران و پشتیوانان و نێوان هاوەڵانی دوای فەتحی مەککە و پلەوپایەیان دەفەرموێت (المهاجرون و الأنصار بعضهم أولياء بعض في الدنيا و الآخرة و الطلقاء من قريش و العتقاء من ثقيف بعضهم أولياء بعض في الدنيا و الآخرة)،[3] (کۆچەران و پشتیوانان لە دنیا و دوارۆژدا دۆست

[1] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب كون الإسلام يهدم ما قبله وكذا الهجرة والحج، الرقم ١٢١.

[2] الحديد: ١٠.

[3] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - باب فضل الصحابة والتابعين(رضي الله عنهم) - ذكر البيان بأن المهاجرين والأنصار بعضهم أولياء بعض في الآخرة والأولى، الرقم ٧٢٦٠؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر

و هاودەمی یەکترن، تولەقای قورەیش و ئازادکراوانی ثەقیفیش لە دنیا و دوارۆژدا دۆست و هاودەمی یەکترن).

حەزو تاسەی ئەبووسوفیان بۆ دەسەڵات شتێکی شاراوە نەبووە لە پێش موسڵمان بوونیدا، لە کاتی موسڵمان بوونیشیدا هەمان حەزی هەبووە، ئەمە تانەیەک نیە بۆ ئاییندارییەکەی، تەنانەت ئەگەر حەزێکی خوازراویش نەبێت، بنەرەتێک نیە بۆ شکاندنی ئەو هاوەڵە.

هەڵەیەکی نەیارانی ئەبووسوفیان ئەوەیە دێن بەراوردی نێوان ئەبووسوفیان بە ئەندامانی بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ) دەکەن، ئیتر لێرەوە وادەزانن موسڵمان بوون و هاوەڵبوونی ئەبووسوفیان لە بەهای بنەماڵەی پێغەمبەر(ﷺ) کەم دەکاتەوە، نەخێر، ئەگەر مەسەلەکە بەراورد بێت، هەم بە بەڵگەی قورئان و هەم فەرموودەو هەم عەقڵیش دەیسەلمێنین کە عەلی دەیان بەرامبەری ئەبووسوفیان گەورەتر و خاوەن فەزڵەو هیچ کات رەوا نیە بەراوردی نێوان ئەو دوو هاوەڵە لە نزیک یەکیش دابنێیت، وەک وتمان: ئەم رقە زادەی ئەو قۆناغەی سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) نەبووە، بەڵکو دەرهاویشتەی ململانێکانی نەوەکانی ئەبووسوفیانە لەگەڵ هاشمیەکان، ئیتر نەیارانی ئومەویەکان بۆ سەلماندنی دێرینەیی و ریشەیی بوونی ئەو ململانێیە، هەر کەسێکی ناو ئومەویەکان بە سەردەمی جاهیلیشەوە دەنوسێنن بەو ململانێیەوە.

١٨١٨. صەخری کوڕی قەعقاع(ﷺ)

ناوی صەخری کوڕی قەعقاعە، صەخر دەڵێت: لەنێوان عەرەفەو موزدەلیفە گەیشتم بە پێغەمبەر(ﷺ) و جڵەوی وشترەکەیم گرت و وتم: چی لە بەهەشتم نزیک دەکاتەوەو لە دۆزەخ دوورم دەخاتەوە؟ فەرمووی: (أَمَا وَاللهِ لَئِنْ كُنْتَ أَوْجَزْتَ الْمَسْأَلَةَ، لَقَدْ عَظَّمْتَ وَأَطْوَلْتَ، أَقِمِ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ، وَأَدِّ الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ، وَحُجَّ الْبَيْتَ، وَمَا أَحْبَبْتَ

فضائل القبائل - ذكر فضائل الأنصار(ﷺ) - دعاء النبي للأنصار ولأبناء الأنصار، الرقم ٧٠٧٠، صححه ووافقه الذهبي.

أَنْ يَفْعَلَهُ النَّاسُ بِكَ فَافْعَلْهُ بِهِمْ، وَمَا كَرِهْتَ أَنْ يَفْعَلَهُ النَّاسُ بِكَ فَدَعِ النَّاسَ مِنْهُ، خَلِّ خِطَامَ النَّاقَةِ) (بەخوا پرسیارەکەت پوخت کردەوە، گەورەو دوورودرێژە، نوێژە فەرزەکان بکەو زەکاتی فەرز بدەو حەجی ماڵی خوا بکە، ئەوە بکە کە حەز دەکەیت خەڵکی بۆ تۆی بکەن، ئەوەشی حەز دەکەیت خەڵکی بەرامبەر تۆی نەکەن تۆیش بەرامبەر خەڵک مەیکە، دەی جڵەوی وشترەکەش بەردە).[1]

١٨١٩. صەخری غامیدی(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی وەداعە یان وادعە یان وەدیعەی غامیدیە، کابرایەکی بازرگان بوو،[2] صەخر دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (اللهم بارك لأمتي في بكورها)،[3] (خوایە بەرەکەت بۆ ئوممەتەکەم بخەرە بەرەبەیانیانەوە).

١٨٢٠. صەخری کوڕی جەبر(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی جەبرەو لە پشتیوانانە، صەخر دەڵێت: چوار رۆژ لە ذیلحیججە چووبوو، هاتین بۆ حەج، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد لەبری ئەوە عومرە بکەین، دواتر فەرمانی پێکردین حەجەکەمان تەواو بکەین.[4]

١٨٢١. صەخری کوڕی سولەیمان(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی سولەیمانەو یەکێکە لەوانەی نەیانتوانی لە غەزای تەبووکدا بەشداری بکەن لەبەر نەبوونی پێداویستی جەنگی، بۆیە لە خەفەتا دەستیان کرد بە گریان.[5]

---

[1] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٤١٤، المعجم الكبير للطبراني - باب الصاد - من اسمه صخر - صخر بن القعقاع الباهلي، الرقم ٧٢٨٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٨.

[3] سنن أبي داود - كتاب الجهاد - باب في الابتكار في السفر، الرقم ٢٦٠٦؛ جامع الترمذي - أبواب البيوع عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في التبكير بالتجارة، الرقم ١٢١٢ و قال حديث حسن؛ صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب الخروج وكيفية الجهاد - ذكر ما يستحب للإمام أن يكون إنشاؤه السرية بالغدوات، الرقم ٤٧٥٤، ضعفه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٠.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٥.

١٨٢٢. صەخری کوڕی عەیلە(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی عەیلەی ئەحمەسیە، صەخر دەڵێت: پووری موغیرەی کوڕی شوعبەم برد، ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و سکاڵای کرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يَا صَخْرُ، إِنَّ الْقَوْمَ إِذَا أَسْلَمُوا أَحْرَزُوا أَمْوَالَهُمْ وَدِمَاءَهُمْ، فَادْفَعْ إِلَى الْقَوْمِ مَاءَهُمْ) (ئەی صەخر خەڵکی کە موسڵمان بوون ئیتر سامان و خوێنیان پارێزراو دەبێت، بیدەرەوە پێیان)، منیش دامەوە پێیان.[١]

١٨٢٣. صەخری کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی صەخری کوڕی ئومەییەیەو لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٢]

١٨٢٤. صەدمەی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی صەدمەیە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە ئەنەس و ئەبی ئەنەس و قەیس هاتووە، لە پشتیوانانەو بە ئەبووقەیس ناسراوە، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و هاودەم بە هاوەڵەکانی پێکەوە باوەڕیان هێنا، صەدمە تەمەنێکی زۆری هەبوو و نزیکەی سەد و بیست ساڵ ژیا.[٣]

١٨٢٥. صەردی کوڕی عەبدولا(رضي الله عنه)

ناوی صەردی کوڕی عەبدوڵای ئەزدیە، لە ساڵی دەی کۆچیدا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش(ﷺ) کردی بە

---

[١] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب السير - باب من أسلم على شيء فهو له، الرقم ٣٤١١٨؛ سنن أبي داود - كتاب الخراج والفيء والإمارة - باب في إقطاع الأرضين، الرقم ٣٠٦٧؛ مسند الدارمي - كتاب السير - باب الحربي إذا قدم مسلما، الرقم ٢٥٢٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤١٢.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٢.

بەرپرسی موسڵمانانی ناو هۆزەکەی، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد صەرد لە پۆستەکەی خۆیدا مایەوەو پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی نەگۆڕی.[1]

هاودەم بە صەرد نزیکەی پانزە کەسێکیش لە هۆزەکەی هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ماوەی دە رۆژ لە مەدینە مانەوەو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد جیهادی بێباوەڕانی سنووری خۆیان بکەن، ئەوەبوو کە چوونەوە بە سەرکردایەتی صەرد هێرشیان بردە سەر شاری جەرش، لەوێ صەرد بانگەوازی کردن بۆ لای خوا، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، دواتر ماوەی مانگێک گەمارۆی دان، جار جارە هێرشی دەبردە سەر مەڕوماڵاتیان و لێی دەبردن، دواتر کەناری گرت بۆ لای شاخێک و دوژمن وایانزانی صەرد شکاوە ئەویش ریزەکانی رێکخستەوەو هێرشی بردە سەریان و کوشتاریان لێکردن و دەستکەوتێکیان لێ گرتن، ئینجا دوو نوێنەری جەرشیەکان چوون بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێ موسڵمانبوونی خۆیان راگەیاند.[2]

١٨٣٦. صەعبەی کچی جەبەل(رضي الله عنها)

ناوی صەعبەی کچی جەبەلەو خوشکی موعاذی کوڕی جەبەلە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، هاوسەری ثەعلەبەی کوڕی عوبەیدەو منداڵێکی لێی بوو بە ناوی عوبەید.[3]

١٨٣٧. صەعبەی کچی سەهل(رضي الله عنها)

ناوی صەعبەی کچی سەهلی کوڕی زەیدە، لەپشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢١.
[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣٣٨.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧،ص ٧٣٦.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٧.

١٨٢٨. صەعبی کوڕی جەثثامە(رضي الله عنه)

ناوی صەعبی کوڕی جەثثامەی کوڕی قەیسی لەیثیە.

صەعب دەڵێت: کەرەکێویەکم بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گێڕامەوە، منیش بێتاقەت بووم و پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بەدەموچامدا خوێندەوە، فەرمووی: (إِنَّا لَمْ نَرُدَّهُ عَلَيْكَ إِلاَّ أَنَّا حُرُمٌ) (تەنها لەبەرئەوە گێڕامانەوە کە ئیحراممان بەستووە).[1]

صەعب دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و بەشداری فتووحاتی کردووە، لەوانە لە فەتحی عێراق و وڵاتی فارس و فەتحی ئیصطەخردا بەشدار بووە.[2]

سەبارەت بە کاتی مردنی چەند رایەک هاتووە، رایەک دەڵێت: لە سەردەمی ئەبووبەکردا مردووە، رایەک دەڵێت: لە کۆتایی خیلافەتی عومەردا بووە، رایەکیش دەڵێت: لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا مردووە،[3] دوو رای دواتر لە راستیەوە نزیکترن، چونکە صەعب بەشداری فتووحاتی سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب بووە.

١٨٢٩. صەعصەعە(رضي الله عنه)

ناوی صەعصەعەی کوڕی ناجیەیەو باپیری فەرەزدەقی شاعیرە، هەرچەندە هەندێ بە مامی فەرەزدوق ناویان بردووە، بەڵام باپیری بووە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[4]

---

[1] صحيح البخاري - باب جزاء الصيد ونحوه - باب إذا أهدى للمحرم حمارا وحشيا حيا لم يقبل، الرقم ١٨٢٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٦.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٦.

[4] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٩.

١٨٣٠. صەعیق(ﷺ)

ناوی صەعیقەو کوڕێکی هەیە بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە، بە سەنەدێکی لاواز هاتووە کە صەعیق دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (تووڕە مەبن بە شکاندنی قاپ و قاچاخ، چونکە ئەوانیش وەک ئەجەلی مرۆڤەکان ئەجەلیان هەیە).[١]

١٨٣١. صەفوانی کوڕی صەفوان(ﷺ)

ناوی صەفوانی کوڕی صەفوانی تەمیمیە، باوکیشی لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، کاربەدەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو لەسەر بەنی عەمر و لە سەردەمی هەڵگەڕاوەکاندا دژ بە هەڵگەڕاوەکان ڕۆڵی بینی.[٢]

١٨٣٢. صەفوانی کوڕی عەسسال(ﷺ)

ناوی صەفوانی کوڕی عەسسالی موورادیە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[٣]

صەفوان لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) بەشداری دوانزە غەزا بوو.[٤]

زیری کوڕی حوبەیش دەڵێت: جارێک چووم بۆ لای صەفوانی کوڕی عەسسالی موورادی تا سەبارەت بە مەسح لەسەر خوف پرسیاری لێبکەم، صەفوان وتی: زیر بۆچی هاتویت؟ وتم: لەپێناو وەرگرتنی زانست هاتوم، صەفوان وتی: ئەی زیر دەی فریشتەکان لەبەر ڕازیبوونیان بە زانست وەرگرتن باڵ ڕادەخەن بۆ زانستخواز، منیش وتم: دوودڵ کەوتووم سەبارەت بە مەسحی سەر خوف دوا چوونەسەرئاو، تۆیش هاوەڵی

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣١.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣٥.

[٣] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣٦.

[٤] أسد الغابة، ج٣، ص٢٨.

پێغەمبەر(ﷺ) بوویت، ئایا لەو بارەوە هیچت لە پێغەمبەر(ﷺ) بیستووە؟ صەفوان وتی: بەڵێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێدەکردین کە ئەگەر لە سەفەردا بووین خوفەکانی پێمان سێ شەو و رۆژ لانەبەین مەگەر ئەوەی لەشگران بین.[1]

١٨٣٣. صەفوانی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی عەمرەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

١٨٣٤. صەفوانی کوڕی غەزوان(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی غەزوانەو بە سەنەدێکی لاواز فەرموودەیەکی هاتووە کە دەڵێت: کابرایەک لەگەڵ ژنەکەی خەوتبوو، ژنەکەی هەستا و چەقۆیەکی هەڵگرت و خستیە سەر گەردنی و وتی: تەڵاقم دەدەیت یان بتکوژم، کابراش وتی: تەڵاقت کەوتبێت، کە ئەوە باسکرا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لا قيلولة في الطلاق).[3]

١٨٣٥. صەفوانی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی مالیکی تەمیمیەو لە کۆچەرانەو یەکێک بوو لە هاوەڵە کۆچەریەکان.[4]

---

[1] جامع الترمذي – أبواب الدعوات عن رسول الله(ﷺ) – باب في فضل التوبة والاستغفار وما ذكر من رحمة الله لعباده، الرقم ٣٥٣٥ وقال حديث حسن صحيح؛ صحيح ابن خزيمة – كتاب الوضوء – جماع أبواب المسح على الخفين – باب الدليل على أن لابس أحد الخفين قبل غسل كلا الرجلين غير جائز له المسح على الخفين، الرقم ١٩٣؛ صحيح ابن حبان – كتاب الطهارة – باب نواقض الوضوء – ذكر الخبر الدال على أن الرقاد الذي هو النعاس لا يوجب على من وجد فيه وضوءا، الرقم ١١٠٠؛ حسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٩.

[3] الضعفاء الكبير للعقيلي، الرقم ١٦٣٨.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣٩.

١٨٣٦. صەفوانی کوڕی موعەططەل(ﷺ)

ناوی صەفوانی کوڕی موعەططەلی کوڕی رەبیعەیە، یەکەم بەشداری لە غەزاکاندا لە غەزای مورەیسیعدا بوو، دواتر لە غەزای خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[١]

باسی صەفوان زیاتر لە بەسەرهاتی ئیفکدا هاتووە، کاتێک دایکی باوەڕداران لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو، لەوێ چوو دەست بە ئاو بگەیەنێت، کەچی گەردنبەندەکەی ون کرد، بۆیە گەڕایەوە تا بیدۆزێتەوە، هاوەڵانیش وایانزانی عائیشە لەناو کەژاوەکەیدایە، بۆیە چوو، ئیتر عائیشە تەنها کەوت، ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی کرد، دواتر خەو زۆری بۆ هێنا و خەوی لێکەوت، بەڵام صەفوان لە دوای سوپاکەوە بوو، گەیشتە لای عائیشە، خێرا عائیشە لە خەو راچڵەکی، صەفوان وشترەکەی بۆ راگرت و عائیشە سەرکەوت و عائیشەی بردەوە تا گەیشتەوە بە سوپاکە، ئیتر هەندێ دڵ بیمار کەوتنە تانەدان لە عائیشەو صەفوان و دەیانوت تووشی زینا بون، پێغەمبەر(ﷺ) ویستی پۆزشی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول وەربگرێ، بۆیە بە هاوەڵانی فەرموو (من يعذرني من رجل بلغني أذاه في أهلي، فوالله ما علمت على أهلي إلا خيرا، وقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا، وما كان يدخل على أهلي إلا معي)، (کێ پۆزشم بۆ وەردەگرێ لە کەسێ کە پێم گەیشتووە بە خراپە باسی خێزانەکەمی کردووە، دەی سوێند بەخوا من هەر چاکەی خێزانەکەم دەزانم-واتە چاکەم لێ دیوە- ئەوانە باسی پیاوێکیان کردووە کە بەس خێرو چاکەی لەبارەوە دەزانم، بەتەنها لەگەڵ خۆیشمدا هاتووە بۆ لای خێزانەکانم)،[٢] بەمجۆرە پێغەمبەر(ﷺ) شایەتی چاکەی دا بۆ صەفوان.

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٠.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الشهادات - باب تعديل النساء بعضهن بعضا، الرقم ٢٦٦١؛ صحيح مسلم - كتاب التوبة - باب في حديث الإفك وقبول توبة القاذف، الرقم ٢٧٧٠.

جارێک ژنەکەی صەفوان هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) صەفوانی مێردم کە دێتەوە کاتێک نوێژ دەکەم لێم دەدات و کە ڕۆژوش بگرم پێم دەشکێنێت، تا خۆریش هەڵنەیەت نوێژی بەیانی ناکات، صەفوانیش خۆی لەوێ ئامادە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لە صەفوان کرد بۆچی وایە؟ صەفوان وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بەوەی وتی: لە کاتی نوێژدا لێی دەدەم، ئەو ئافرەتە سوورەتەکەی من دەخوێنێت و منیش وتوومە ئەوە مەخوێنە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەگەر تەنها ئەو یەک سوورەتە بوایە بۆ خەڵکی بەس بوو)، صەفوان وتی: سەبارەت بە ڕۆژوو شکاندنەکەی، ئەو ئافرەتە بەردەوام ڕۆژوو دەگرێت و منیش گەنجێکم و توانای خۆگرتنم نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لَا تَصُومُ امْرَأَةٌ إِلَّا بِإِذْنِ زَوْجِهَا) (با هیچ ژنێک بێ مۆڵەتی مێردەکەی ڕۆژوو نەگرێت)، سەبارەت بە درەنگ نوێژکردنەکەم، ئێمە هەموومان وا ڕاهاتوین تا خۆر هەڵنەیەت بێدار نابینەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فَإِذَا اسْتَيْقَظْتَ فَصَلِّ) (کە لە خەو هەستایت نوێژەکەت بکە).[1]

بە گێڕانەوەیەکی لاواز هاتووە کە کابرایەک هات لای پێغەمبەر(ﷺ) سکاڵای لە صەفوان کرد و وتی: قسەی پێ وتووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (واز لە صەفوان بهێنن، چونکە صەفوان زمانی پیسەو دڵی پاکە).[2]

صەفوان کەسێکی زۆر نەبەرد و خێرخواز و چاکەکار بوو، لە بەصرەش خانوویەکی هەبوو.

دواجار صەفوان لە ساڵی شەستی کۆچی وەفاتی کرد،[3] ڕایەک دەڵێت:

---

[1] سنن أبي داود - كتاب الصوم - باب المرأة تصوم بغير إذن زوجها، الرقم ٢٤٥٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب الصلاة - باب مواقيت الصلاة - ذكر الأمر بالصلاة للنائم إذا استيقظ عند استيقاظه، الرقم ١٤٨٨؛ المستدرک على الصحيحين - كتاب الصوم - لا تصوم امرأة إلا بإذن زوجها، الرقم ١٦٠٠، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] المعجم الكبير للطبراني - باب السين - من اسمه سعد - سعد مولى أبي بكر، الرقم ٥٤٩٥؛ ضعفه الألباني فيسلسلة الاحاديث الضعيفة، الرقم ٣٦٠٠.

[3] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر صفوان بن المعطل السلمي(ﷺ)، الرقم

له غەزای ئەرمینیه له ساڵی نۆزدەی کۆچیدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵیت له سەردەمی موعاویەدا له جەنگی رۆمدا قاچی شکا و بەردەوام تیماری دەکرد تا دواجار له ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

١٨٣٧. صەفوانی کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی وەهب یان ئوهەیبی فەهریە، دوو برای هەبوو بە ناوەکانی سەهل و سوهەیل کە پێشتر باسمان کردووە، کونیەکەی صەفوان ئەبووعەمرە، یەکێک بوو له بەشداربوانی غەزای بەدر، جا رایەک دەڵێت: لەو غەزایەدا شەهید بووە، رایەکیش دەڵێت: له ساڵی سی یان سی و هەشتی کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت: بە نەخۆشی طاعوون وەفاتی کرد.[2]

١٨٣٨. صەفوانی کوڕی یەمان(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی یەمانەو برای حوذەیفەی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم)، یەکێکە له بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

١٨٣٩. صەفوانی کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی صەفوانی کوڕی ئومەییەی کوڕی خەلەفە، دایکی ناوی صەفییەی کچی مەعمەرە، ئومەییەی باوکی نەیارێکی سەرسەختی ئیسلام بوو کە له جەنگی بەدردا کوژرا.[4]

.٦٢٦٠

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٢.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٢.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٣.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣١.

صەفوان خۆیشی باوەڕی بە پێغەمبەر(ﷺ) نەهێنا، نەیارێکی سەرسەختی ئیسلام بوو، پێغەمبەر(ﷺ) لە نزاکانیدا نزای لەدژ دەکرد.[1]

دوای ئەوەی غەزای بەدر روویدا و موسڵمانان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕاندا، عومەیری کوڕی وەهب هات بۆ لای صەفوانی کوڕی ئومەییەو دانیشتبوون، صەفوان وتی: دوای کوژراوانی بەدر خوا ئەم ژیانە ببڕێ، عومەیریش وتی: ئەرێ بەخوا، بەخوا خۆشی لەم ژیانەیا نەماوە، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت قەرزم لەسەرەو هیچم نیە بیدەمەوەو لەبەر ژن و منداڵەکانم نەبوایە کە هیچیان بۆ شک نابەم بۆیان جێبهێڵم، دەچووم بۆ لای موحەمەد و دەمکوشت، چونکە بیانوویەکم هەبوو دەچووم و دەموت هاتوم تا ئەو کوڕە دیلەم وەربگرمەوە، صەفوانیش بەو قسەی دڵخۆش بوو و وتی: قەرز و خەرجی ژن و منداڵت لەسەر من بەڵام تۆ ئەوە بکە، ئەوەبوو صەفوان ئامادەکاری بۆ کرد و شمشێرێکی ژەهراویشی بۆ ئامادە کرد، عومەیر بە صەفوانی وت: چەند شەوێک ئەمە لای کەس باس مەکە، ئەوەبوو عومەیر چوو بۆ مەدینەو چووە بەر دەرگای مزگەوت و وشترەکەی بەستەوەو بە شمشێرەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، عومەری کوڕی خەططاب کە عومەیری بە شمشێرەوە بینی ترس دایگرت و وتی: بڕواننە ئەو سەگە لەبەردەرگایە، ئەوە دوژمنی خوایە کە خەڵکی لێ هان دەداین، عومەر چوویە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەوە عومەیری کوڕی وەهبە بە چەکەوە هاتووەتە ناو مزگەوت، ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆ دەزانیت ئەو ناپاک و خراپەکاریشە لێی دڵنیا مەبە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بیکەرە ژوورەوە بۆ لام، عومەیر و عومەر پێکەوە هاتن و هاوەڵانیش هاتنە ژوورەوە، چونکە عومەر فەرمانی کرد وریابن ئەگەر عومەیر شتێکی کرد رێی پێ نەدەن، خۆیشی شمشێرەکەی پێ بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە عومەری فەرموو تۆ لە دواوە بوەستە، عومەیر کە نزیک بوویەوە وتی: بەیانیت باش،

[1] صحيح البخاري - كتاب المغازي - باب ليس لک من الأمر شيء، الرقم ٤٠٧٠.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (خوا لەبری ئەو سەلامەی تۆ بە سەلامی خۆمان ڕێزداری کردوین کە سەلامی ئەهلی بەهەشتیەکانە)، ئینجا فەرمووی: بۆچی هاتویت ئەی عومەیر؟ ئەویش وتی: هاتوم دیلەکەمم بدەنەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی ئەو شمشێرە چیە پێت؟ ئەویش وتی: خوا بیبڕێت جا ئەو شمشێرە چ سوودێکی هەیە، کە دابەزیم لەبیرم چوو دایبنێم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ڕاستم پێ بڵێ بۆچی هاتویت؟) عومەیر وتی: تەنها بۆ بردنەوەی دیلەکەم هاتوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەی چ مەرجێکت دانا بۆ صەفوانی کوڕی ئومەییە لە حیجردا؟) عومەیر ترسا و وتی: چ مەرجێکم داناوە؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێنت دا بمکوژیت بەرامبەر بەوەی قەرزەکەت بداتەوە، خوا ڕێ نادات ئەوە بکەیت، عومەیر خێرا شایەتومانی هێنا و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە دەمانوت درۆ دەکەیت کە دەڵێیت سروشت بۆ دێت، بەڵام ئەم قسەی نێوان من و صەفوان لە حیجر کەس نەیدەزانی جگە لە من و صەفوان، بەڵام خوا ئەوەی گەیاند بە تۆ، بۆیە بڕوام هێنا بە خواو پێغەمبەرەکەی و سوپاس بۆ خوا کە منی گەیاند بەم مەقامە، موسڵمانان بە موسڵمانبوونی عومەیر دڵخۆش بوون، عومەر وتی: کە عومەیر هات لە بەرازێک لام بێزراوتر بوو، ەچی کە موسڵمان بوو هێندەی یەکێک لە کوڕەکانم لام ئازیز بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (دابنیشە دڵنەوات بکەین)، ئینجا فەرمووی: (براکەتان فێری قورئان بکەن و دیلەکەی بۆ ئازاد بکەن)، عومەیر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من زۆر هەوڵم دەدا دژایەتی ئیسلام بکەم، جا ئێستا مۆڵەتم دەدەیت بچمەوە ناو قوڕەیش و بانگیان بکەم بۆ ئیسلام بەڵکو خوا ڕێنموونییان بکات؟ پێغەمبەریش(ﷺ) مۆڵەتی پێدا، عومەیر چوویەوە بۆ مەککەو صەفوانیش لە کۆڕی قوڕەیشیەکاندا بوو دەیوت موژدەتان لێ بێت موژدەیەکتان بۆ دێت خەمی بەدرتان بیر دەباتەوە، هەرکەس لە مەدینەوە دەهاتە مەککە صەفوان

هەواڵی مەدینەی دەپرسی تا دواجار هەواڵی زانی کە عومەیر موسڵمان بووە، کە ئەوەی زانی وتی: بەڵێن بێت هیچ یارمەتیەکی نەدەم و قسەشی لەگەڵ نەکەم، عومەیر هاتەوە مەککەو کەوتە ڕێنمایی خەڵک بۆ موسڵمان بوون و ژمارەیەکی زۆر موسڵمان بوون.[1]

کاتێکیش فەتحی مەککە کرا، صەفوان لە مەککە دەرچوو و رایکرد، بەڵام ناجیەی ژنی باوەڕی هێنا بە پێغەمبەر(ﷺ)،[2] عومەیری کوڕی وەهب کە ئامۆزای صەفوان بوو، هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و داوای پەنای کرد بۆ صەفوان، پێغەمبەریش(ﷺ) داواکەی وەرگرت و عەباکەی خۆی بۆ نارد، خێرا وەهبی کوڕی عومەیر خۆی گەیاند بە صەفوان و پێکەوە گەڕانەوە، کە هاتنەوە هەر لە دوورەوە صەفوان هاواری کرد ئەی موحەممەد ئەمە وەهبە دەڵێت: بە دووری دوو مانگە ڕێ پەنات داوم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دابەزە ئەبووەهب، ئەویش وتی: نا، تا بۆم روون نەبێتەوە دانابەزم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: دابەزەو ماوەی چوار مانگت بۆ هەیە، ئەویش دابەزی و لەگەڵ پێغەمبەریش(ﷺ) چوو بۆ غەزای حونەین، هێشتا باوەڕیشی نەهێنابوو، پێغەمبەر(ﷺ) داوای چەکێکی لێکرد بە کاتی بیدات بە لایەوە، صەفوان وتی: ناچاریە یان داواکاریە، فەرمووی: بە ویستی خۆتەو زۆر نیە و کاتیەو پارێزراوە، ئەویش چەکەکەی پێدا، کاتێک لە جەنگی حونەیندا موسڵمانان شکان و لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەیان کرد، صەفوان مایەوەو وەڵامێکی قسەیەکی ناشیرینی کەلدانی برای دایەوە کە لە سەری دایکیەوە برای بوو، دواتر کە موسڵمانان سەرکەوتن، پێغەمبەر(ﷺ) بەخششی صەفوانی کرد،[3] پێغەمبەر(ﷺ) سەد وشتری بەخشی بە صەفوان، دواتر سەد وشتری تری پێ بەخشی، دواتریش سەد وشتری تری پێ

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب العين - من اسمه عمير - عمير بن وهب الجمحي، الرقم ١١٧.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٣١.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٥-٢٦.

بەخشی،[1] پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام بەخششی صەفوانی دەکرد، صەفوان وتی: بەخوا ئەم بەخشینە تەنها لە پێغەمبەران دەوەشێتەوە، بۆیە موسڵمان بوو، بەرەبەرە موسڵمانبوونەکەی چاکتر دەبوو، دواتر بۆ ئەوەی پاداشتی کۆچی بۆ بنووسرێت، کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوە باسکرا بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (دوای فەتح هیچ کۆچێک نیە)، ئینجا فەرمانی کرد صەفوان بگەڕێتەوە بۆ مەککە، ئەویش گەڕایەوە بۆ مەککە و تا مردنی لەوێ مایەوە، مردنیشی لە ساڵی چل و دووی کۆچیدا بوو، رایەکیش دەڵێت: لەگەڵ کوژرانی عوثماندا ئەویش مرد، رایەکیش دەڵێت: لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا مرد.[2]

لەو ماوەی کە صەفوان بێباوەڕ بوو و ژنەکەشی باوەڕدارا بوو، پێغەمبەر(ﷺ) لە یەکی جیا نەکردنەوەو هاوسەرگیریەکەیان وەک خۆی مایەوە.[3]

صەفوان یەکێک بوو لە بەشداربوانی جەنگی یەرمووک.[4]

١٨٤٠. صەفییەی پووری پێغەمبەر(ﷺ)

ناوی صەفییەی کچی عەبدولموطەلیبەو پووری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، خوشکی حەمزەی مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، سەرەتا ژنی حارثی کوڕی حەر بوو، دوای ئەو شووی کرد بە عەووامی کوڕی خوەیلید و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی زوبەیر کە یەکێک بوو لە دە موژدەپێدراوی بەهەشت.[5]

صەفییە هاودەم بە زوبەیری کوڕی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[6]

[1] صحيح مسلم - كتاب الفضائل - باب ما سئل رسول الله(ﷺ) شيئا قط فقال لا وكثرة عطائه، الرقم ٢٣١٣.

[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٢٥-٢٦.

[3] سير أعلام لاالنبلاء، ج٢، ص ٥٦٥.

[4] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٥٦٣.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٣.

[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٤.

لە غەزای ئوحوددا کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) چوویە سەر تەرمی حەمزەی مامی و بینی چی لێهاتووە و چۆن تەرمەکەی شێوێنراوە، فەرمووی: (لولا أن تجد صفية في نفسها لتركته حتى تأكله العافية حتى يحشر من بطونها)،[1] (ئەگەر دڵی صەفیە بەرگەی بگرتایەو پێی دڵتەنگ نەبوایە بە دڵنیاییەوە تەرمەکەیم وا جێدەهێشت تا گۆشت خۆرەکان بیانخواردایە تا لە رۆژی دواییدا لەناو سکی ئەواندا حەشر بکرایە)، ئینجا لە جلێکدا کفنی کرد،[2] هێندە کەم بوو کە کاتێک سەری پێ دادەپۆشی قاچەکانی دەردەکەوتن و کاتێکیش قاچەکانی دادەپۆشی سەری دەردەکەوت،[3] ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: سەری داپێۆشن و قاچەکانیشی بە گوژاڵک داپۆشن، ئەو رۆژە جل و بەرگ کەم بوو و کوژراویش زۆر بوو، بۆیە دوو کەس و سێ کەس لە یەک بەرگدا کفن دەکران.[4]

صەفییەی خوشکی حەمزە گەیشت بە عەلی و زوبەیری و هەواڵی حەمزەی پرسی لێیان، ئەوانیش وایان نیشاندا کە هەواڵی نازانن، صەفییە چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش فەرمووی: (إِنِّي أَخَافُ عَلَى عَقْلِهَا) (من دەترسم صەفیە عەقڵی لەدەست بدات) بۆیە دەستی خستە سەر سنگی صەفییە و نزای بۆ کرد و داوای کرد بگەڕێتەوە، صەفییەش دەگریا.[5]

---

[1] جامع الترمذي - أبواب الجنائز عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في قتلى أحد وذكر حمزة، الرقم ١٠١٦؛ سنن أبي داود - كتاب الجنائز - باب في الشهيد يغسل، الرقم ٣١٣٦؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الجنائز - ذكر شهادة حمزة والصلاة عليه، الرقم ١٣٥٥.

[2] المستدرك على الصحيحين - كتاب الجنائز - ذكر شهادة حمزة والصلاة عليه، الرقم ١٣٥٥؛ قال الذهبي صحيح على شرط مسلم، صححه الألباني.

[3] مسند أحمد بن حنبل - مسند أنس بن مالك(ﷺ)، الرقم ١٢٤٩٤؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الجنائز - ذكر شهادة حمزة والصلاة عليه، الرقم ١٣٥٥؛ المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٢٨٧٠، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم ١٠١٦.

[4] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الرد على أبي حنيفة - الصلاة على الشهيد، الرقم ٣٦٧١١؛ جامع الترمذي - أبواب الجنائز عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في قتلى أحد وذكر حمزة، الرقم ١٠١٦، صححه الألباني.

[5] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب سعد بن مالك بن خالد كنيته أبو سهل(ﷺ) - استشهد حمزة يوم أحد وهو ابن أربع وخمسين سنة، الرقم ٤٩٢٣، قال الذهبي سمعه أبوبكر بن عياش من يزيد و هما ليسا بمعتمدين.

صەفییە کە هات دوو جلی حەمزەی پێ بوو، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی بینی حەزی نەکرد صەفییە حەمزە بەو شێوازە ببینێت، بۆیە زوبەیری نارد تا رێ نەدات حەمزە ببینێت، کاتێک زوبەیر گەیشتە لای صەفییە وتی: دایە گیان راوەستە، ئەویش وتی: لەسەر رێم لاچۆ، کاتێک بینی صەفییە واز ناهێنێت وتی: پێغەمبەر(ﷺ) منی نارد بۆ لات، صەفییە کە ئەوەی بیست خێرا وەستا و دوو جلەکەی گرتە دەست و جلێکیان بۆ کفنی حەمزە بوو و ئەوی تریشیان بۆ کفنی پشتیوانییەک بوو.[1]

صەفییەی کچی عەبدولموطەلیب دەڵێت: لە قەڵاکەی حەسساندا بووین و حەسسانیش لەگەڵمان بوو و ئێمەش برێک ژن و منداڵ بووین، ئەمەش لەو کاتەدا بوو کە خەندەق لێدرابوو، کابرایەکی جوولەکە دای بە لاماندا و بە دەوری قەڵاکەدا دەگەڕا، منیش بە حەسسانم وت: ئەو جوولەکەیە لە دەوری قەڵاکەیە و من لێی دڵنیا نیم، کێ دەڵێت: بۆ ئابڕوومان ناگەڕێت و نایەوێت رێیەک بدۆزێتەوە؟! خۆ پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان سەرقاڵ بوون و دەرفەتیان نیە ئاگادارمان بن، دەی تۆ بڕۆ بیکوژە، ئەویش وتی: خوا لێت خۆش بێ ئەی کچی عەبدولموطەلیب، بەخوا دەزانیت من هی ئەو ئیشە نیم، صەفییەش کە هیچی بەدی نەکرد دارێکی داکوتراوی ناو قەڵاکەی هەڵگرت و لە قەڵاکە دابەزی و کەوتە لێدانی جوولەکەکە تا کوشتی، ئینجا گەڕایەوە بۆ قەڵاکە، صەفییە دەڵێت: ئینجا کە هاتمەوە بە حەسسانم وت: دابەزەو چەک و بەرگە سەربازیەکەی لێ داماڵە، خۆم بۆیە لامنەبرد چونکە پیاو بوو، حەسسانیش وتی: هیچ پێویستم نیە بەو شتانەی.[2]

[1] دلائل النبوة للبيهقي، الرقم ١١٧٠.

[2] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر بنات عبد المطلب عمات رسول الله وبنات عمه وأقاربه - صفية بنت عبد المطلب أخت حمزة وأم الزبير بن العوام(ﷺ) أجمعين - ذكر أول امرأة قتلت رجلا، الرقم ٦٩٥٩، قال الذهبي عن سنده: عروة لم يدرک صفية.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا، عومەر بڕی شەش هەزار درهەمی بڕیەوە بۆ صەفییە.[1]

صەفییە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

١٨٤١. صەفییەی کچی بەشامە(ﷺ)

ناوی صەفیەی کچی بەشامەیە، ئەم ئافرەتە بە کەنیزەک گیرابوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەرپشکی کرد لەوەی لای پێغەمبەر(ﷺ) بمێنێتەوە یان بچێتەوە بۆ لای مێردەکەی، ئەویش وتی: بەڵکو مێردەکەم، پێغەمبەریش(ﷺ) ناردیەوە.[3]

١٨٤٢. صەفییەی کچی بوجەیر(ﷺ)

ناوی صەفیەی کچی بوجەیرەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

١٨٤٣. صەفییەی کچی ثابت(ﷺ)

ناوی صەفییەی کچی ثابتەو یەکێکە لە پشتیوانان و چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[4]

١٨٤٤. صەفییەی کچی حویەی (دایکی باوەڕداران)(ﷺ)

ناوی صەفییەی کچی حویەی کوڕی ئەخطەبە، هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) و دایکی باوەڕدارانە.

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٩٧.
[2] () -الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ٤١.
[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٧.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٨.

صەفییەی ئافرەتێکی جوولەکە بوو و هاوسەری سەللامی کوڕی میشکەم بوو، دواتر شووی کرد بە کینانەی کوڕی ئەبیلحوقەیق، بەڵام کینانە لەغەزای خەیبەردا کوژرا.[1]

صەفییە هاودەم بە کچە ئامۆزایەکی بەدیل گیران و بیلال ئەوانی دەهێنا، ئەوانی برد بە لای کوژراوانی جوولەکەدا، ئامۆزاکەی صەفییە کە ئەوەی بینی دەستی کرد بە قیژو قاو و خۆڵی دەکرد بەسەر سەریدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (ئەو شەیتانەم لەبەرچاو لابەن)، بەڵام فەرمانی کرد بە دوایدا صەفییە برا، خەڵکی زانییان کە پێغەمبەر(ﷺ) ئەوی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، پێغەمبەر(ﷺ) بە بیلالی فەرموو (ئەی بیلال مەگەر سۆزت لێ داماڵرابوو وا ئەو دوو ژنەت برد بە لای کوژراوەکانیاندا؟!).[2]

کاتێک خەیبەر فەتح کراو کەنیزەکەکانیش کۆکرانەوە، کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) دەستکەوتەکانی دابەش دەکرد، دیحیەی کوڕی خەلیفە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەنیزەکێکم پێ ببەخشە، ئەویش فەرمووی: (بڕۆ کەنیزەکێک ببە)، دیحیەش چوو صەفییەی کچی حویەی برد کەسێک هات وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن کچی سەرۆک هۆزەکە دەدەیت بە دیحیە، دەبێت بۆ تۆ بێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) داوای کرد دیحیە هاودەم بە صەفییە بێت، ئەویش هات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: لە بری صەفییە کەنیزەکێکی تر هەڵبژێرە، دیحیەش وایکرد و پێغەمبەر(ﷺ) صەفییەی ئازاد کرد و مارەی کرد.[3]

صەفییە پێشتر خەوی دیبوو کە مانگ کەوتبوویە ژوورەکەیەوە، ئەوەی بۆ دایکی باسکرد، دایکیشی زللەیەکی دا لە دەموچاوی و وتی: تۆ گەردنت درێژ دەبێت تا دەچیتە لای پاشای عەرەب، ئیتر ئەو شوێن زللەی پێوە

[1] أسد الغابة، ج٧، ص ١٨٤.

[2] أسد الغابة، ج٧، ص ١٨٤.

[3] صحيح البخاري - كتاب الصلاة - باب ما يذكر في الفخذ، الرقم ٣٧١؛ صحيح مسلم - كتاب النكاح - باب فضيلة إعتاقه أمته ثم يتزوجها، الرقم ١٣٦٥.

دیار بوو تا هاتە لای پێغەمبەریش(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێکرد بۆ دەموچاوی وایە، ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد.[1]

کاتێک صەفییە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: باوکت بەردەوام لە سەرسەختترینی جوولەکە بوو بەرامبەرم تا خوا کوشتی، صەفییە وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) خوای گەورە لە کتێبەکەیدا فەرموویەتی (ولا تزر وازرة وزر أخرى)، کەس باجی تاوانی کەس نادات، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: هەڵبژێرە، ئەگەر ئیسلام هەڵدەبژێریت ئەوە بۆ خۆم دەتهێڵمەوە، ئەگەریش جوولەکایەتی هەڵدەبژێریت ئەوە لەوانەیە ئازادت بکەم و بچیتەوە بۆ لای کەسوکارت، صەفییە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەخوا تاسەی ئیسلامم کردووەو پێش ئەوەی بانگم بکەیت کە هاتم بۆ لات بڕوام بە تۆ هێنا، هەروەها من لەناو جوولەکایەتیدا هیچ باوک و برایەکم نیە، تۆ منت لەنێوان کوفر و ئیسلامدا سەرپشک کرد، جا خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لە ئازادبوونم و گەڕانەوەم بۆ لای هۆزەکەم لام خۆشترن، پێغەمبەریش(ﷺ) هێشتیەوە بۆ خۆی.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) لە خەیبەر صەفییەی بۆ خۆی هەڵبژارد، لەگەڵ خۆی بردی تا لە سەددورەوحاء وەستا و لەوێ گواستیەوە، پاشان بڕێ خواردنی شیر و خورمای لە پارچە پێستەیەکدا ئامادە کرد و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوانەی دەورت بانگ بکە، ئیتر ئەوە وەلیمەی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ صەفییە، دواتر کە گەیشتنە مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) لای وشترەکەوە دانیشتبوو و رانی دانابوو، صەفییە قاچی خستە سەر ڕانی پێغەمبەر(ﷺ) تا سەرکەوت.[3]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٩.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٨، ص ١٢٣.

[3] صحيح البخاري - كتاب البيوع - باب هل يسافر بالجارية قبل أن يستبرئها، الرقم ٢٢٣٥.

جارێک حەفصە بە صەفییەی وت: تۆ کچە جوولەکەیت، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوەو صەفییە دەگریا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆچی دەگریت؟ صەفییە وتی: حەفصە پێی وتووم کچە جوولەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وَإِنَّكِ لَابْنَةُ نَبِيٍّ، وَإِنَّ عَمَّكِ لَنَبِيٌّ، وَإِنَّكِ لَتَحْتَ نَبِيٍّ، فَفِيمَ تَفْخَرُ عَلَيْكِ؟) (بە دڵنیاییەوە تۆ کچە پێغەمبەریت و مامیشت پێغەمبەرەو ژنی پێغەمبەرێکیت، ئیتر ئەو بە چی بەرووتدا دەنازێت؟) پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لەخوا بترسە ئەی حەفصە).[1]

صەفییە ئافرەتێکی ژیرو جوان و ئاییندار بوو.[2]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوت بوو و ژنەکانیشی لای بوون، دواتر ژنەکانی چوون، پێغەمبەر(ﷺ) بە صەفییەی فەرموو پەلە مەکە تا لەگەڵت بێم،ماڵی صەفییە لە ماڵی ئوسامە بوو، پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵی چوویە دەرەوە، دوو کەس لە پشتیوانان پێی گەیشتن و تەماشای پێغەمبەری خوایان(ﷺ) کرد، دواتر تێپەڕ بوون، پێغەمبەر(ﷺ) بەو دوانەی فەرموو (وەرن، ئەمە صەفییەی کچی حویەیە)، ئەوانیش وتیان: سوبحانەڵا ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إن الشيطان يجري من الإنسان مجرى الدم، وإني خشيت أن يلقي في أنفسكما شيئا)،[3] (شەیتان بە دەمارەکانی خوێنی مرۆڤدا تێدەپەڕێت، منیش ترسام شتێک بخاتە ناختانەوە).

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆش بوو و ژنەکانی لە دەوری کۆبوونەوە، صەفییە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خۆزگە ئەو دەردەی بە تووەیە لە من کەوتایە، ژنەکانی تری بە زیتەی چاو سەیریان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئاو لە دەم رادەن، وتیان: لەبەر چی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: لەو چاو زیت کردنەوەتان لە هاوەڵەکەتان، بەخوا ئەو راستگۆیە.[4]

[1] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب في فضل أزواج النبي(ﷺ)، الرقم ٣٨٩٤ و قال حسن صحيح، صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر عمرو بن العاص السهمي(ﷺ) - ذكر تعظيم النبي(ﷺ) صفية ورعايته حقها، الرقم ٧٢١١؛ صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني.

[2] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٣٢.

[3] صحيح البخاري - أبواب الاعتكاف - باب زيارة المرأة زوجها في اعتكافه، الرقم ٢٠٣٨.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ٣١٣، حسنه ابن حجر في الإصابة، ج٧، ص ٧٤١.

جارێک ئافرەتێکی خزمەتکاری صەفییە چوو بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب و وتی: صەفییە ڕۆژانی شەممەی زۆر لا خۆشەویستەو سەردانی جوولەکەکانیش دەکات، عومەریش ناردی بە شوێنیدا و پرسیاری لێکرد، صەفییە وتی: سەبارەت بە ڕۆژی شەممە، لەو کاتەوەی خوا ڕێنموونی کردوم خۆشەویستیم بۆی نیە، سەبارەت بە سەردانی جوولەکەش، ئەوە من خزم و کەسم هەیە لەنێویاندا، دواتر صەفییە بە کەنیزەکەی وت: بۆچی واتکرد؟ وتی: شەیتان پێی کردم، صەفییە وتی: دەی بڕۆ ئیتر تۆ ئازادیت.[1]

صەفییە لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا پاڵپشتی عوثمان بوو، کاتێک گەمارۆی ماڵی عوثمان درا، صەفییە بە وڵاخێکەوە چوو تا بچێت بۆ لای عوثمان، کەچی ئەشتەر هاتە ڕێی و نەیهێشت، صەفییە وتی: بمگێڕنەوە با ئەمە ئابڕووم نەبات، دواتر حەسەنی لەنێوان ماڵی خۆی و عوثماندا داناو خواردن و خواردنەوەی دەنارد بۆ عوثمان.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی صەفییە، دەوترێت لە ساڵی سی و شەشی کۆچی وەفاتی کردووە، ڕایەکیش دەڵێت: لە ساڵی پەنجای کۆچیدا وەفاتی کردووە،[3] ڕایەکیش دەڵێت: لە سەردەمی خیلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و لە ساڵی پەنجاو دووی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[4]

١٨٤٥. صەفییەی کچی عەطیە(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەی کچی عەطییەیە و لەگەڵ ژمارەیەک ئافرەتی تری پشتیواناندا چووەتە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ).[5]

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٣٣.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤١.
[3] () –سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٣٥.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤١.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٦.

١٨٤٦. صەفییەی کچی عوبەید(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەی کچی عوبەیدەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[١]

١٨٤٧. صەفییەی کچی عومەر(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەی کچی عومەری کوڕی خەططابە، صەفییە لە غەزای خەیبەردا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[٢]

١٨٤٨. صەفییەی خزمەتکار(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، سەبارەت بە مانگ گیران فەرموودەی گێڕاوەتەوە.[٣]

١٨٤٩. صەفییەی کچی زوبەیر(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەی کچی زوبەیری هاشمیە، پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر چل کۆڵ خورمای پێ بەخشی.[٤]

١٨٥٠. صەفییەی کچی صفیح(رضي الله عنها)

ناوی صەفییەی کچی صفیحەو دایکی ئەبووهورەیرەی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بەڵام رایەکی تر دەڵێت: ناوی دایکی ئەبووهورەیرە ئومەیمەیە،[٥] لە پیتی ئەلفدا باسمان کردووە.

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٥.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٦.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٧.
[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٢.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٣٧.

١٨٥١. صەلتی کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه)

ناوی صەلتی کوڕی مەخرەمەیە، پێغەمبەر(ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر خورمای پێدا.[١]

١٨٥٢. صەلتی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه)

ناوی صەلتی کوڕی نوعمانی کوڕی عەمرە، هاودەم بە باوکی و مامەکانی چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و تا سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیش ژیا.[٢]

١٨٥٣. صەلصال(رضي الله عنه)

ناوی صەلصالەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاریەکی کرد، قەیسی کوڕی عاصم لەوێ بوو، وتی: خۆزگە ئەو ئامۆژگاریەت شیعر بوایە بۆ ئەوەی لەبەرمان بکردایە، صەلصال وتی: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) من دەیکەم بە شیعر، ئەوەبوو کردی بە شیعر.[٣]

١٨٥٤. صەمائی کچی بوسر(رضي الله عنها)

ناوی صەممائی کچی بوسری مازینیە، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا،[٤] صەمماء و عەبدوڵای برای و باوکیشیان هەموویان هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوون.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٥.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص٤٤٥.
[٤] أسد الغابة، ج٧، ص ١٩٠.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٧.

صەممـاء دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (لا تصوموا يوم السبت إلا في ما افترض عليكم، وإن لم يجد أحدكم إلا لحاء عنبة، أو عود شجرة فليمضغه)،[1] (ڕۆژانـی هەینی ڕۆژوو مەگرن تەنها ئـەوە نەبێت کـە لەسـەرتان فـەرزە، ئەگـەر یەکێکیشتان هیچـی دەسـت نەکـەوت تەنها لاسـکی هێشـووە ترێیـەک نەبێـت یـان لـق و چیلکـەی دارێـک، ئـەوا بـا بیجوێت).

١٨٥٥. صەیفیی کوڕی ساعیدە(رضي الله عنه)

نـاوی صەیفیی کوڕی سـاعیدەیەو لـە پشـتیوانانە، هـاودەم بـە پێغەمبـەر(ﷺ) بەشـداری چەنـد غـەزای کـردووە، دواتـر لـە کەدیـد وەفاتی کـرد و پێغەمبەر(ﷺ) لـە جلەکـەی خۆیدا کفنی کرد.[2]

١٨٥٦. صەیفیی کوڕی سەواد(رضي الله عنه)

نـاوی صەیفیـی کـوڕی سـەوادەو لەپشـتیوانانە لـە سـولەمیەکان، یەکێـک بـووە لـە بەشـداربوانی بەیعەتـی عەقەبـەی دووەم، دواتریش بەشـدار بـووە لـە غـەزای بـەدردا.[3]

١٨٥٧. صەیفیی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

نـاوی صەیفیـی کـوڕی عەمـری کـوڕی زەیـدە، لـە پشـتیوانانەو یەکێکـە لەوانـەی لـە غـەزای تەبووکدا هیـچ چـەک و پێویسـتی جەنگی نەبوو بەشداری بـکات و هاتـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) تـا پێداویسـتی جەنگی بـۆ دابیـن بـکات،

[1] جامع الترمذي - أبواب الصوم عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في كراهية صوم يوم السبت، الرقم ٧٦٣ وقال حديث حسن؛ سنن أبي داود - كتاب الصوم - باب النهي أن يخص يوم السبت بصوم، الرقم ٢٤٢١؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الصيام - النهي عن صيام يوم السبت - ذكر الاختلاف على ثور بن يزيد في هذا الحديث، الرقم ٢٧٧٧؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الصوم - النهي عن صوم يوم السبت، الرقم ١٥٩٧، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود. قال أبو داود: وهذا الحديث منسوخ

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٥٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص ٤٥٣.

بەڵام هیچ نەبوو، بۆیە لەتاو خەفەتی بەشداری نەکردن دەستی کرد بە گریان، ئەم هاوەڵەو چەندێکی تر وابوون تا ئایەتی خوا لەبارەیانەوە دابەزی.[1]

١٨٥٨. صەیفیی کوڕی قەیظی(ﷺ)

ناوی صەیفیی کوڕی قەیظیەو برای حوبابە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود وتیایدا شەهید بووە.[2]

١٨٥٩. صەیفیی کوڕی ئەبی عامیر(ﷺ)

ناوی صەیفیی کوڕی ئەبی عامیرەو برای حەنظەلەیە کە فریشتەکان شۆردیان، لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو.[3]

١٨٦٠. صوباحی خزمەتکار(ﷺ)

ناوی صوباحەو خزمەتکاری عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەندێ بەرپرسیاریتی سپارد بە صوباح، رایەکیش دەڵێت: صوباح مینبەرەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دروست کردووە،[4] بەڵام پێشتر لە بەرگی یەکەمدا ئەوەمان روونکردووەتەوە.

١٨٦١. صوباحی عەبدی(ﷺ)

ناوی صوباحی کوڕی عەبباسی عەبدیە، لەگەڵ جاروود هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٥٥.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٥٥.
[3] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٥٤.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٤.
[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٤.

١٨٦٢. صوبەیح(رضي الله عنه)

ناوی صوبەیحەو خزمەتکاری ئوسەیدە، یەکێکە لەو کەسانەی کە لە بارەیانەوە ئایەت دابەزی (ولا تطرد الذين يدعون ربهم...).[١]

١٨٦٣. صوبەیحی خزمەتکار(رضي الله عنه)

ناوی صوبەیحەو خزمەتکاری سەعیدی کوڕی عاص بوو، ئەم هاوەڵە خۆی ئامادە کرد تا بەشداری غەزای بەدر بێت، بەڵام لە ڕێدا نەخۆش کەوت، بەڵام لە هەموو غەزاکانی دواتردا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بەشداری کرد.[٢]

١٨٦٤. صوحاری عەبدی(رضي الله عنه)

ناوی صوحارە، سەبارەت بە ناوی باوکی هەریەک لە عەباس و عابس و صەخر هاتووە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانەو کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[٣]

صوحار دەڵێت: جارێک وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من کەسێکم زۆر جار نەخۆشم، جا مۆڵەتم بدە لە گۆزەیەکدا شەربەت بگرمەوە، ئەویش مۆڵەتی دام.[٤]

صوحار دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُخْسَفَ بِقَبَائِلَ مِنَ الْعَرَبِ، فَيُقَالُ : مَنْ بَقِيَ مِنْ بَنِي فُلَانٍ) (ڕۆژی دوایی نایەت تا چەند هۆزێک دەبرێن بە ناخی زەویدا و دەوترێت کێ لە بەنی فلان ماوە)، صوحار دەڵێت: کە

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٦.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٨.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٨.

[٤] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب الأشربة - من رخص في نبيذ الجر الأخضر، الرقم ٢٤٤٠٤؛ مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنه) - حديث صحار العبدي(رضي الله عنه)، الرقم ١٦٢٠٣، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: قەبیلە، زانیم مەبەستی عەرەبە، چونکە عەجەمەکان بە ناوی شوێنەکانیانەوە دەناسرێنەوە.[1]

صوحار هەواداری عوثمانی کوڕی عەففان بوو و کاتێک عوثمان شەهید کرا، صوحار یەکێک بوو لەوانەی داوای تۆڵەی خوێنی عوثمانی دەکرد، لە سەردەمی موعاویەدا وتاربێژێکی بەهێز و ناسراو بوو.[2]

ئەم هاوەڵە دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو و هەر لەوێیش وەفاتی کرد.[3]

١٨٦٥. صودەی کوڕی عەجلان (ئەبووئومامەی باهیلی)(رضي الله عنه)

ناوی صودەی کوڕی عەجلانەو بە ئەبووئومامەی باهیلی ناسراوە،[4] یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە بەیعەتی ریضوانیشدا بەشداری کرد.[5]

لە حەجیماڵئاواییشدا بەشداری کرد و لەو بارەوە فەرموودەی گێڕاوەتەوە، خۆی دەڵێت: ئەوکات تەمەنم سی ساڵان بوو.[6]

ئەبووئومامە دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (اقرءوا القرآن فإنه يأتي يوم القيامة شفيعا لأصحابه)،[7] (قورئان بخوێنن، چونکە لە رۆژی قیامەتدا شەفاعەت دەکات بۆ هاوەڵانی).

ئەبوو ئومامە دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لامدا و منیش دەمم دەجووڵاند، فەرمووی: ئەی ئەبووئومامە چی دەڵێیت؟ وتم: خەریکی

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث صحار العبدي(رضي الله عنه)، الرقم ١٦١٣١؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الفتن والملاحم - تكثر الصواعق عند اقتراب الساعة، الرقم ٨٤٦٩، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٩.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٠٨-٤٠٩.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ١٦.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٠.

[6] صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب طاعة الأئمة - ذكر التخصيص الثاني الذي يخص عموم تلك اللفظة التي ذكرناها، الرقم ٤٥٦٣.

[7] صحيح مسلم - كتاب صلاة المسافرين وقصرها - باب فضل قراءة القرآن وسورة البقرة، الرقم ٨٠٤.

زیکرم، فەرمووی: ئایا شتێکت پێ بڵێم -زیاتر-یان باشتر- بێت لە زیکری شەو و ڕۆژو ڕۆژو شەوت؟ بڵێ: سبحان الله عدد ما خلق، وسبحان الله ملء ما خلق، وسبحان الله عدد ما في الأرض والسماء، وسبحان الله ملء ما في الأرض والسماء، وسبحان الله عدد ما أحصى كتابه، وسبحان الله عدد كل شيء، وسبحان الله ملء كل شيء، بە هەمان شێوەش حەمدیش بڵێ.[1]

ئەبووئومامە لە ساڵی هەشتا و یەکی کۆچی و لە شام کۆچی دوایی کرد،[2] رایەکیش دەڵێت: لە ساڵی هەشتاو شەشی کۆچی وەفاتی کرد و ئەو کات تەمەنی شەست و یەک ساڵان بوو.[3]

بەڵام ئەوە راست نیە تەمەنی هێندە بووبێت، چونکە ئەگەر وابێت دەبێت پاش وەفاتی پێغەمبەر(ﷺ) لەدایک بووبێت، لە کاتێکدا فەرموودەی صەحیحی لێوە گێردراوەتەوەو هاوەڵبوونی سەلماوە، بۆیە ئەو گێڕانەوەی تەمەنی راست نیە، جگە لەوە بە دەق هاتووە کە کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی ئەم سی و سێ ساڵان بووە،[4] دەقی دیکەش هاتووە کە لە ساڵی شەشی کۆچیدا تەمەنی سی ساڵان بووە،[5] بۆیە دەکرێت تەمەنی لە سەدو سێ ساڵان کەمتر نەبووبێت.[6]

١٨٦٦. صومەیتە(رضي الله عنها)

ناوی صومەیتەیەو لە ماڵی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، چونکە ئافرەتێکی هەتیو بوو، صومەیتە فەرموودەی گێڕاوەتەوە.[7]

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الرقائق - باب الأذكار - ذكر التسبيح الذي يكون للمرء أفضل من ذكره ربه بالليل مع النهار والنهار مع الليل، الرقم ٨٣٠، حسنه شعيب الأرناؤوط.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ١٧.
[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٧، ص ٤١١.
[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٠.
[5] صحيح ابن حبان - كتاب السير - باب طاعة الأئمة - ذكر التخصيص الثاني الذي يخص عموم تلك اللفظة التي ذكرناها، الرقم ٤٥٦٣.
[6] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٢٠.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٧٤٨.

١٨٦٧. صونابیح(ﷺ)

ناوی صونابیحی کوڕی ئەعسەرە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، صونابیح دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إني فرطكم على الحوض، وإني مكاثر بكم الأمم، فلا تقتتلن بعدي)،[1] (من پێشتان دەکەوم لەسەر حەوز و لەنێو ئوممەتاندا شانازی بە زۆریتانەوە دەکەم، دەی دوای من مەکەونە یەکتر کوشتن).

١٨٦٨. صوهەیبی رۆمی(ﷺ)

ناوی صوهەیبی کوڕی سینانی کوڕی مالیکی نەمەریە، دایکی ناوی سەلمای کچی قەعیدە، کونیەکەی ئەبوویەحیایەو پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو کونیەی لێنا.[2]

صوهەیب کەسێکی سووری باڵا مامناوەند بوو، قژی زۆر بوو و خەنەشی بەکاردەهێنا.[3]

ژنەکەی ناوی رەیطەی کچی ئەبی ئومەییەیە کە ئەویش یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ).[4]

خۆی لە بنەڕەتدا رۆمی نیە، بەڵام پێی وتراوە رۆمی، لەبەرئەوەی منداڵ بوو کە رۆمیەکان گرتیان و بردیان، ئەگەرنا باوکی و مامیشی کاربەدەستی کیسرای فارسەکان بوون و ماڵیان لە موصڵ بوو لە لای دیجلەوە،یان دەوترێت ماڵیان لە خاکی جزیرە بوو لەلای فوڕات، رۆمەکان دایان بەسەر

---

[1] سنن ابن ماجه - أبواب الفتن - باب لا ترجعوا بعدي كفارا يضرب بعضكم رقاب بعض، الرقم ٣٩٤٤؛ صحيح ابن حبان - كتاب الجنايات - باب الجنايات - ذكر العلة التي من أجلها نهي عن قتل المسلمين، الرقم ٥٩٨٥، صححه شعيب الأرناؤوط، صصحه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٩.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٢٦.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٧، ص ٦٥٩.

ئـەو شـوێنەدا و صوهەیبی منداڵیـان بـرد، ئیتـر صوهەیـب لـە رۆم گـەورە بـوو و دەستاودەسـت فرۆشـرا تـا هێنایانـە مەککـە، لـەوێ عەبـدوڵای کـوڕی جودعـان صوهەیبی کڕی و دواتر ئازادی کرد، صوهەیب لەوێ لای عەبدوڵا مایەوە تـا ئـەو کاتـەی عەبدوڵا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت: صوهەیب لای رۆمیەکان بوو، کە گەورە بوو رایکرد و هاتە مەککەو لەوێ لەگەڵ عەبدوڵا هاوپەیمانی بەست و لای مایەوە تا مرد.[1]

کاتێـک پێغەمبـەر(ﷺ) پەیامـی بـۆ هـات و بـوو بـە پێغەمبـەر، صوهەیـب موسڵمان بـوو، موسڵمانبوونی صوهەیب و عەممـار لـە یـەک رۆژدا بـوو، لـە پێش ئەوانـەوە نزیکـەی سـی و ئەوەنـدە کـەس موسڵمان بووبـوون، ئـەوکات بانگـەواز چووبوویـە ماڵـی ئەرقەمـەوە.[2]

صوهەیب یەکێک بوو لـەو حـەوت کەسـە یەکەمـەی کـە لـە مەککـە ئیمانـی خۆیـان ئاشـکراکرد، ئەوانیـش بریتـی بـوون لـە پێغەمبـەر(ﷺ) وئەبووبەکـر و بیـلال و صوهەیـب و خەببـاب و عەممـار و سـومەییە.[3]

صوهەیـب لـە مەککـە کەسـێکی بـێ پشـت و پەنـا بـوو، بۆیـە لەلایـەن بێباوەڕانـەوە زۆر ئـازار دەدرا، تـا دواهەمیـن کەسـیش ئینجـا کۆچـی کـرد بـۆ مەدینـە، پێغەمبەریـش(ﷺ) کۆچـی کـرد ئینجـا صوهەیـب کۆچـی کـرد، کۆچەکەشـی لـە نیـوەی رەبیعولئەووەلـدا بـوو.[4]

لـە مەککـەدا جارێـک پێغەمبـەر(ﷺ) لەگـەڵ برێـک لـە هاوەڵانـی دانیشـتبوو کـە خەببابیشـیان تێـدا بـوو، ئـەو هاوەڵانـەش لـە کەسـە لاواز و بێکەسـەکان بـوون، ئەقرەعـی کـوڕی حابیـس لـە گـەڵ عویەینـە تێپـەڕ دەبـوون، سـەیریان کـرد پێغەمبـەر(ﷺ) لەگـەڵ عەممـار و صوهەیـب و بیـلال و خەببـاب و چەنـد موسـڵمانێکی تـری لاوازدا دانیشـتووە، ئەوانیـش گاڵتەیـان پێکـرد و دەیانـوت

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٨.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩.
[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٤٠.
[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩.

کە وەفدی عەرەب دێن شەرم دەکەین بمانبینن لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتبیت، ئەگەر هاتین بۆ لات تۆ ئەوانە دەرکە، پێغەمبەریش(ﷺ) رازی بوو، ئەوانیش وتیان: دەی بەڵێنێکمان بۆ بنووسە، ئەویش ویستی بینووسێت و عەلی کوڕی ئەبوو تالیبی بانگ کرد تا بینووسێت، ئەوەبوو جبریل هات و ئەم ئایەتەی خوای بۆ هێنا (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شئ وما من حسابك عليهم من شئ فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەرەقەکەی فڕێ داو ئەو هاوەڵانەی بانگ کردەوەو پێی فەرموون (سلام عليكم)، ئەوانیش لێی نزیک بوونەوە.[1]

کاتێک صوهەیب کۆچی کرد بۆ مەدینە، قورەیشیەکان کەوتنە شوێنی و رێیان پێگرت، ئەویش کەوانەکەی گرتەدەستی و وتی: ئێوە دەزانن من لە تیرهاوێژیدا لە هەمووتان بەهێزترم، بەخوا تا خۆتان دەگەیەننە لام هەموو ئەم تیرانەم تێدا تەواو کردون، دواتریش تا دەستم مابێت بەم شمشێرەی دەستم لەگەڵتان دەجەنگم، ئەگەر سامانەکەی منتان دەوێت، پێتان دەڵێم لە کوێیە، ئەوانیش وتیان: دەی سامان و باخەکەت بدە بە ئێمە ئیتر وازت لێدێنین، صوهەیب بەڵێنی لێ وەرگرتن، ئینجا پێی وتن سامانەکەی لەکوێیەو خۆی چوو خۆی گەیاند بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) کە صوهەیبی بینی فەرمووی: (مامەڵەکەت بردەوە ئەی ئەبوویەحیا)، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ومن الناس من يشري نفسه ابتغاء مرضات الله و الله رؤوف بالعباد).[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە قورەیشیەکان رێیان پێگرت و وتیان: تۆ بە هەژاری و دەست بەتاڵی هاتیت بۆ لای ئێمەو لای ئێمە سامانت دەستکەوت و گەیشتیت بەو هەموو شتە، ئێستاش دەتەوێت خۆت و سامانت ببەیت، بەخوا شتی وانابێت، صوهەیب وتی ئەگەر سامانەکەم بدەم بە ئێوە واز

[1] حلية الأولياء، ١، ص١٤٧، البداية والنهاية، ج٦، ص٥٧.
[2] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٣٦١٤.

دێنن؟ وتیان: بەڵێ، وتی: دەی شایەت بن ئەوە سامانەکەم بۆ ئەوانە، پێغەمبەر(ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە فەرمووی: صوهەیب بردیەوە، صوهەیب بردیەوە.[1]

صوهەیب کە هاتە مەدینە، لای سەعدی کوڕی خەیثەمە دابەزی، چونکە هەموو بێهاوسەرەکان لەوێ دەمانەوە.[2]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان صوهەیب و حارثی کوڕی صیممەوە.[3]

صوهەیب لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[4]

ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (پێشکەوتوان چوارن، من پێشکەوتووی عەرەبم، سەلمان پێشکەوتووی فارسە، بیلال پێشکەوتووی حەبەشەیە، صوهەیب پێشکەوتووی رۆمە).[5]

جارێک صوهەیب چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تر دانیشتبوون و خورمایان دەخوارد، صوهەیبیش چاوئێشەی هەبوو، چوو دەستی کرد بە خورما خواردن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تۆ چاوئێشەتە و خورماش دەخۆیت؟ صوهەیبیش وتی: بەو لایەم دەیخۆم کە چاوی ئەو لایەم ساغەو ئازاری نیە، پێغەمبەریش(ﷺ) دەستی کرد بە پێکەنین تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[6]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر صهيب بن سنان(رضي الله عنه)، الرقم ٧٠٨٢، قال شعيب الارناؤوط رجاله ثقات رجال الشيخين.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٢٩.

[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٣٩.

[4] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٢٩.

[5] المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر بلال بن رباح - خير السودان ثلاثة، الرقم ٥٢٧٨، حذفه الذهبي من التلخيص لضعفه.

[6] أسدالغابة، ج٣، ص ٤٠.

جارێک ئەبووسوفیان دای بەلای سەلمانی فارسی و بیلال و صوهەیب و چەند کەسێکی تردا، ئەوانیش تانەیان لێدا، ئەبووبەکر وتی: ئەوە پیاوماقوڵی قورەیشە، وای پێ دەڵێن؟! دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێرایەوە، ئەویش فەرمووی: (ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە تووڕەت کردبن، ئەگەر ئەوانت تووڕە کردبێت ئەوە پەروەردگارتت تووڕە کردووە)، خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی: برا ئازیزەکانم ئەرێ ئێوەم تووڕە نەکرد؟ ئەوانیش وتیان: نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.[1]

صوهەیب چەندین فەرموودەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، لەوانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (عجبا لأمر المؤمن، إن أمره كله خير، وليس ذاك لأحد إلا للمؤمن، إن أصابته سراء شكر فكان خيرا له، وإن أصابته ضراء صبر فكان خيرا له)،[2] (باری باوەڕدار جێی سەرسوڕمانە، هەموو باری خێرەو ئەوەش تەنها بۆ باوەڕدار وایە، ئەگەر لەخۆشیدا بێت و سوپاسگوزار بێت خێرە بۆی، ئەگەریش نارەحەتی تووش بێت و خۆڕاگر بێت، ئەوە خێرە بۆی).

هەروەها صوهەیب دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إذا دخل أهل الجنة الجنة، قال يقول الله تبارك وتعالى: تريدون شيئا أزيدكم؟ فيقولون ألم تبيض وجوهنا؟ ألم تدخلنا الجنة، وتنجنا من النار؟ قال فيكشف الحجاب، فما أعطوا شيئا أحب إليهم من النظر إلى ربهم عز وجل)،[3] (کە خەڵکی بەهەشت چوونە بەهەشت، خوای گەورە دەفەرموێت هیچتان دەوێت بۆتان زیاد بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن مەگەر رووت سپی نەکردین؟ مەگەر ئێمەت نەخستە بەهەشت و لە دۆزەخ رزگارت نەکردین؟ ئینجا خوا پەردە لادەبات، ئیتر هیچ شتێک لایان هێندەی بینینی پەروەردگاریان لایان خۆشەویست نیە).

---

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٥٤٠.

[2] صحيح مسلم - كتاب الزهد والرقائق - باب المؤمن أمره كله خير، ٢٩٩٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب الجنائز وما يتعلق بها مقدما أو مؤخرا - باب ما جاء في الصبر وثواب الأمراض والأعراض - ذكر إثبات الخير للمسلم الصابر عند الضراء والشاكر عند السراء، الرقم ٢٨٩٦.

[3] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب إثبات رؤية المؤمنين في الآخرة ربهم سبحانه وتعالى، الرقم ١٨١.

صوهەیب گیریەک لە زمانیدا هەبوو، زەیدی کوڕی ئەسلەم دەڵێت: جارێک لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب چووین بۆ باخێکی صوهەیب، ئەویش دەیوت یەناس یەناس، عومەر وتی: ئەوە چیەتی؟ بۆچی خەڵکی بانگ دەکات؟ منیش وتم: ئەوە خزەتکارێکی بانگ دەکات کە ناوی یوحەنەسە، بەڵام گیریەک لە زمانیدا هەیە، عومەر وتی: ئەی صوهەیب لەبەر سێ شت نەبوایە کە هەتە نەدەهاتم بۆ لات، ڕەچەڵەکت عەرەبی و زمانت عەجەمی و کونیەکەشت ئەبوویەحیایە کە یەحیا ناوی پێغەمبەرێکە، زێدەڕەوی دەکەیت لە خەرجکردندا، صوهەیب وتی: خەرجکردنم تەنها لە حەقدایە، کونیەکەشم پێغەمبەر(ﷺ) پێی بەخشیم و هەرگیز وازی لێناهێنم، عەرەب بوونیشم ئەوەیە کە رۆم بە منداڵیم منیان برد و منیش زمانی ئەوانم وەرگرت.[١]

عومەر زۆر سەرسامی صوهەیب بوو و زۆر خۆشی دەویست، کاتێک بریندار کرا، داوای کرد تا خەلیفە دیاری دەکرێت ئەو سێ رۆژە ئەو بەرنوێژی بکات،[٢] هەروەها داوای کرد صوهەیب نوێژ بکات لەسەر تەرمەکەی،[٣] ئەوەبوو کە وەفاتی کرد صوهەیب نوێژی لەسەر کرد.[٤]

کاتێک عومەری کوڕی خەططاب کۆچی دوایی کرد، هەریەک لە سەعید و عوثمانی کوڕی عەففان و صوهەیب و ئیبن عومەر دابەزینە ناو گۆڕەکەیەوە.[٥]

دواجار صوهەیب لە مەدینەو لە ساڵی سی و هەشت یان دەوترێت سی و نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد، دەوترێت لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی حەفتاو سێ یان حەفتا ساڵ بوو و تەرمەکەی لە مەدینە ئەسپەردە کرا،[٦] رایەکیش دەڵێت: تەمەنی هەشتا و چوار ساڵان بوو.[٧]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٤١.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٦١.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٤١.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٠٧.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٣٦٨.

[٦] أسد الغابة، ج٣، ص ٤١.

[٧] سير أعلام النبلاء، ج٢، ص ٢٦.

١٨٦٩. صوهەیبی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه)

ناوی صوهەیبی کوڕی نوعمانەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (فضل صلاة الرجل في بيته على صلاته حيث يراه الناس، كفضل المكتوبة على النافلة)،[1] (فەزڵی نوێژی پیاو لە ماڵی خۆی بەرامبەر بەو نوێژەی کە خەڵک دەیبینن، وەک فەزڵی نوێژی فەرز بەسەر نوێژی سوننەتەوە وایە).

١٨٧٠. صیرمەی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی صیرمەی کوڕی مالیکەو لە پشتیوانانە، لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) پیاوێکی بەتەمەن بوو، ئێوارەیەک کە هاتەوە بۆ ماڵەوە تا بەربانگ بکاتەوە، هێشتا خواردن ئامادەنەبوو، بۆیە خەوی لێکەوت و درەنگ بێداربوویەوەو ئیتر نانی نەخوارد و برسێتی زۆری بۆ هێنا، بۆ بەیانی هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی (وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم...).[2]

١٨٧١. صیلەی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی صیلەی کوڕی حارثی غیفاریە، تا سەردەمی عومەری کوڕی خەططابیش ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد و لەوێ نیشتەجێ بوو.[3]

⌘ ⌘ ⌘

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب الصاد - من اسمه صهيب - صهيب بن النعمان، الرقم ٧٣٢٢؛ معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٣٣٧٥.

[2] مشكل الآثار للطحاوي، الرقم ٤٠٩، قال ابن حجر في الإصابة، ج٣، ص ٤٢٤: هذا مرسل صحيح الإسناد.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٤٦.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ض)
دەست پێ دەکات

١٨٧٢. ضەمضەمی کوڕی مالیک(﵁)

ناوی ضەمضەمی کوڕی مالیکی عامیریە، لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککەیە.[١]

١٨٧٣. ضەبی کوڕی مالیک(﵁)

ناوی ضەبی کوڕی مالیکە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[٢]

١٨٧٤. ضەححاکی کوڕی حارثە(﵁)

ضەححاکی کوڕی حارثە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، هەروەها یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[٣]

١٨٧٥. ضەححاکی کوڕی خەلیفە(﵁)

ناوی ضەححاکی کوڕی خەلیفەیە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەنی نەضیر.[٤]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ضەححاک جۆگەیەکی ئاوی راکێشا بۆ زەویەکەی و دەبوو بە زەویەکەی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەدا بیبات، موحەممەدیش رازی نەبوو، ضەححاک وتی: بۆچی رازی نابیت لەکاتێکدا زیانت پێ ناگەیەنێت، بەڵکو سوودیشی هەیە بۆت، موحەممەد رازی نەبوو، بۆیە ضەححاک چوو مەسەلەکەی بۆ عومەر باسکرد، عومەر

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٩٤.
[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٤.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٤.
[٤] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٥.

موحەممەدی بانگ کرد و فەرمانی کرد ڕێی پێ بدات، کەچی موحەممەد ڕازی نەبوو، عومەر وتی: بۆچی ڕازی نابیت، لەکاتێکدا سوودی هەیە بۆت و زیانی نابێت بۆت؟ موحەممەد وتی: ڕازی نابم، عومەر وتی: دەی بەخوا ئەگەر بەسەر سکیشتدا بێت دەبێت ئەو جۆگە تێپەڕێت.[1]

١٨٧٦. ضەححاکی کوڕی سوفیان(ﷺ)

ناوی ضەححاکی کوڕی سوفیانی سولەمیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەست ضەححاک، لە سەردەمی هەڵگەڕانەوەدا ضەححاک ئامۆژگاری هۆزەکەی خۆی کرد وا نەکەن، کەچی ئەوان لێی تووڕە بوون و قسەیان پێ وت:، ئەویش هۆزەکەی خۆی جێهێشت، هەرچەند وتیان: بمێنەرەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو و دواتر هاودەم بە موسڵمانان بۆ کوشتاری هۆزەکەی هاتەوەو لە جەنگەکەدا شەهید بوو.[2]

١٨٧٧. ضەححاکی کوڕی سوفیانی کیلابی(ﷺ)

ناوی ضەححاکی کوڕی سوفیانی کوڕی عەوفی کیلابیە و کونیەکەی ئەبوسەعیدە، پێغەمبەر(ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەستی و کردی بە بەرپرسی کۆکردنەوەی زەکاتی هۆزەکەی.

ضەححاک دەڵێت: جارێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (يَا ضَحَّاكُ، مَا طَعَامُكَ) ئەی ضەححاک خواردنت چیە؟ وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) گۆشت و شیر، فەرمووی: دواتر چی لێدێت؟ وتم: ئەوەی لێ دێت کە دەیزانیت، فەرمووی: (فَإِنَّ اللهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى ضَرَبَ مَا يَخْرُجُ مِنَ ابْنِ آدَمَ مَثَلاً لِلدُّنيَا) (دەی خوای گەورە

---

[1] موطأ الإمام مالک - کتاب الأقضية - القضاء في المرفق، الرقم ٢٧٦٠.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٦.

بۆ نموونەی دنیا ئەوەی هێناوەتەوە کە لە ئادەمیزاد دەردەچێت).[١]

ضەححاک زۆر جار شمشێرێکی بەدەستەوە بوو و لەسەر سەری پێغەمبەرەوە(ﷺ) رادەوەستا و بەرگری لێدەکرد.[٢]

جارێک عومەری کوڕی خەططاب لە سەردەمی خیلافەتی خۆیدا هاواری کرد کێ سەبارەت بە خوێن بایی زانیاری لایە با پێم بڵێت، ضەححاک هەستا و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) نامەی بۆ من نووسی تا لە خوێن بایی ئەشیەم میراتی بدەم بە ژنەکەی، عومەر وتی: بڕۆرە ناو خێوەتەکەم تا دێم، ضەححاک چوو و خەلیفە هات و ضەححاک فەرموودەکەی بۆ گێڕایەوەو عومەریش بەو جۆرە حوکمی دا.[٣]

١٨٧٨. ضەححاکی کوڕی عەبدعەمر(رضي الله عنه)

ناوی ضەححاکی کوڕی عەبد عەمرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەججار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزا بەرد، لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد.[٤]

١٨٧٩. ضەمرە(رضي الله عنها)

ناوی ضەمرەیەو هاوسەری ئەبی قەیسە، طەبەری دەڵێت: ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوەوە دابەزی (ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء...).[٥]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث الضحاك بن سفيان(رضي الله عنه)، الرقم ١٥٩٨٨، قال شعيب الأرناؤوط صحيح لغيره.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٧.

[٣] موطأ الإمام مالك - كتاب العقول - ميراث العقل والتغليظ فيه، الرقم ٦٥٢؛ جامع الترمذي - أبواب الديات عن رسول الله(ﷺ) - باب ما جاء في المرأة هل ترث من دية زوجها، الرقم ١٤١٥ وقال حديث حسن صحيح؛ سنن أبي داود - كتاب الفرائض - باب في المرأة ترث من دية زوجها، الرقم ٢٩٢٧؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب الفرائض - توريث المرأة من دية زوجها، الرقم ٦٣٣٠.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٧٨.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٦.

١٨٨٠. ضەمرەی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی ضەمرەی کوڕی ثەعلەبەیەو دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[١]

ضەمرە دەڵێت: پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (لا يزال الناس بخير ما لم يتحاسدوا)،[٢] (بەردەوام خەڵک لە خێرو چاکەدان تا حەسوودی نەبەن).

ضەمرە دەڵێت: جارێک بە دوو جلی یەمەنیەوە هاتمە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئەویش فەرمووی: (ئەی ضەمرە، پێت وایە ئەو دوو جلەت بتبەنە بەهەشتەوە؟) منیش وتم: ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەگەر داوای لێخۆشبونم بۆ بکەیت، دانانیشم تا لایان نەبەم، ئەویش فەرمووی: (خوایە لە ضەمرەی کوڕی ثەعلەبە خۆش بیت)، منیش خێرا چووم و جلەکانم لەبەرم لابرد.[٣]

جارێک ضەمرە چوویە خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و وتی: نزای شەهیدیم بۆ بکە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (خوایە من خوێنی کوڕی ثەعلەبە لەسەر بێباوەڕان حەرام دەکەم)، ئیتر ضەمرە بەبەرچاوی پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) دەچووە ناو سوپای دوژمن و پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) لە دوورەوە تەماشای دەکرد، ضەمرە دواتر دەگەڕایەوە.[٤]

ضەمرە لە کاتی غەزادا دەچووە ناو ریزی دوژمن تا ریزەکەی تێکدەدان و دواتر دەگەڕایەوە ناو ریزی موسڵمانان و لە شوێنی خۆی دەوەستا.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٨.

[٢] المعجم الكبير للطبراني، الرقم ٨١٥٧.

[٣] مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(رضي الله عنهم) - حديث ضمرة بن ثعلبة(رضي الله عنه)، الرقم ١٩٢٨٣، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[٤] مسند الشاميين للطبراني، الرقم ١٣٤٧.

[٥] المعجم الكبير للطبراني - باب الضاد - من اسمه ضمرة - ضمرة بن ثعلبة السلمي - من أخباره، الرقم ٨١٥٥.

١٨٨١. ضەمرەی کوڕی حوصەین(ﷺ)

ناوی ضەمرەی کوڕی حوصەینە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و چوو لە میصر نیشتەجێ بووە.[١]

١٨٨٢. ضەمرەی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی ضەمرەی کوڕی عەمری جوهەنیەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٢]

١٨٨٣. ضەمرەی کوڕی عیاض(ﷺ)

ناوی ضەمرەی کوڕی عیاضەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٣]

١٨٨٤. ضەمرەی کوڕی غەزیە(ﷺ)

ناوی ضەمرەی کوڕی غەزیەیە، خەوی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بون، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی نەجار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و هاودەم بە باوکی تیایدا بەشدار بووە، لە جەنگی جسر ئەبی عوبەیددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[٤]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٩.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٦١.

[٣] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٩١.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٩٣.

١٨٨٥. ضەمرەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی ضەمرەی کوڕی کەعبە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان لە بەنی ساعیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[١]

١٨٨٦. ضوباعەی کچی زوبەیر(رضي الله عنها)

ناوی ضوباعەی کچی زوبەیری کوڕی عەبدولموطەلیبە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، هاوسەری میقدادی کوڕی ئەسوەدە و کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە دواتر لە جەنگی جەمەلدا لەناو سوپای عائیشەدا بوو و کوژرا.[٢]

دایکی ناوی عاتیکەی کچی ئەبی وەهبە.

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای ضوباعەی کچی زوبەیر و پێی فەرموو لەوانەیە نیازی حەجکردنت هەبێ؟ ئەویش وتی: بەخوا هەرچی دەردە لێم کۆبووەتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو (حُجِّي وَاشْتَرِطِي، قُولِي اللَّهُمَّ مَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي) (حەج بکەو مەرج دابنێ و بڵێ خوایە لە کوێ راتگرتم ئەوە شوێنمە).[٣]

١٨٨٧. ضوباعەی کچی عامیر(رضي الله عنها)

ناوی ضوباعەی کوڕی عامیرەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بووە، موسڵمانبوونەکەشی هەر لە مەککە بوو، لە فەرموودەیەکی لاوازدا باسی هاتووە کە بەرگری لە پێغەمبەر(ﷺ) کردووە.[٤]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٦٣.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٣.

[٣] صحيح البخاري - كتاب النكاح - باب الأكفاء في الدين، الرقم ٥٠٨٩؛ صحيح مسلم - كتاب الحج - باب جواز اشتراط المحرم التحلل بعذر المرض ونحوه، الرقم ١٢٠٧.

[٤] دلائل النبوة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم ٢١١، قال ابن حجر في الإصابة هذا مع انقطاعه ضعيف.

١٨٨٨. ضوباعەی ئەنصاری(رضي الله عنها)

ناوی ضوباعەی کچی عەمری کوڕی میحصەنەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی نەججار، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و بەیعەتی پێداوە، هاوسەری عوبەیدی کوڕی عومەیرە.[1]

١٨٨٩. ضوبەیعەی کچی حیذیەم(رضي الله عنها)

ناوی ضوبەیعەی کچی حیذیەمە، ئیبن حەجەر دەڵێت: بەڵگەی دروست هەیە لەسەر هاوەڵبوونی.[2]

١٨٩٠. ضومەیرەی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی ضومەیرەی کوڕی سەعدی سولەمیە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بون، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین.[3]

١٨٩١. ضومەیرەی کوڕی ئەبی ضومەیرە(رضي الله عنه)

ناوی ضومەیرەی کوڕی ئەبی ضومەیرەیە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بون، پێغەمبەر(ﷺ) نامەیەکی نووسی بۆ خانەوادەی ضومەیرە کە ئازادی ئەوانی لەخۆدەگرت و تیایدا هاتبوو:

(بسم اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيْمِ هذا كتاب لبني ضُمَيْرَةَ من مُحَمَّد رسول الله لبني ضُمَيرة وأهل بيته إنَّ رسول الله أعتقهم وإنهم أهل بيت من العَرَب إن أحبوا أقاموا عند رسول الله وإن أحبوا رجعوا إلى أهلهم لا تَعَرُّض لهم إلا بحق من لقيهم من المسلمين فليستوص بهم خيراً)،

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٦.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص٦.

[3] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب المغازي - حديث عبد الله بن أبي حدرد الأسلمي، الرقم ٣٨١٦٨؛ مسند أحمد بن حنبل - مسند الأنصار(رضي الله عنهم) - حديث ضميرة بن سعد(رضي الله عنه)، الرقم ٢٤٥٠٦؛ سنن ابن ماجه - أبواب الديات - باب من قتل عمدا فرضوا بالدية، الرقم ٢٦٢٥.

(بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئەمە نووسینێکی بەنی ضومەیرەیە لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆ بەنی ضومەیرەو خێزانەکەی، پێغەمبەری خوا ئەوانی ئازاد کرد و ئەوان خێزانێکی عەرەبن، ئەگەر حەز بکەن لای پێغەمبەر(ﷺ) دەمێننەوە، ئەگەریش حەز بکەن دەگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکاریان و هەر دەستەیەکی موسڵمانان بەوان گەیشت مافیان نەخوات و با لەگەڵیان چاک بێت)، ئوبەی کوڕی کەعب نامەکەی نووسی.(١)

١٨٩٢. ضیراری کوڕی خەططاب(ﷺ)

ناوی ضیراری کوڕی خەططابی کوڕی میرداسی فەهریە، شاعیر و سوارچاکێک بوو.

ضیرار لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو و هەر لەوێ مایەوە تا دواتر دەرچوو بۆ جەنگی یەمامەو لە یەمامەدا شەهید بوو،(٢) رایەکیش دەڵێت: بەڵکو لە فەتحی مەدائیندا بەشدار بووەو دواتر لە شام نیشتەجێ بووە.(٣)

١٨٩٣. ضیراری کوڕی قەعقاع(ﷺ)

ضیراری کوڕی قەعقاعەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەری خواش(ﷺ) دوو جلی پێبەخشیوە.(٤)

١٨٩٤. ضیراری کوڕی ئەزوەر(ﷺ)

ناوی ضیراری کوڕی ئەزوەرە، باوکی ناوی مالیکە بەڵام بە ئەزوەر ناسراوە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.(٥)

---

(١) أسد الغابة، ج٣، ص ٦٥.

(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٥، ص ٤٥٤.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٤.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٥.

(٥) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨١.

ضیرار کەسێکی شاعیر و سوارچاکێکی ناسراویش بوو، دوای سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و جەنگێکی سەختی کرد و دەستبەردار نەبوو تا هەردوو قاچی بڕا، ئینجا لەسەر ئەژنۆ خۆی رادەکێشا و شمشێری دەوەشاند تا گیانی دەرچوو،[1] بەڵام رایەکی تر دەڵێت: لە جەنگی ئەجنادەیندا کوژراوە،[2] رایەکیش دەڵێت: بەڵکو چووە بۆ ناوچەی حەڕان و لەوێ مردووە، رایەکیش دەڵێت: لە جەنگی یەرمووک و فەتحی دیمەشقدا بەشدار بووەو لە دیمەشقیش مردووە.[3]

١٨٩٥. ضیمادی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی ضیمادی کوڕی ثەعلەبەی ئەزدیە.

ئیبن عەبباس دەڵێت: ضیماد هاتە مەککە و سەرقاڵی روقیە کردن بوو، بیستی خەڵکێکی مەککە بە پێغەمبەریان(ﷺ) دەوت شێتە، ئەویش وتی: من دەچم بۆ لای، بەڵکو خوا لەسەر دەستی من شیفای بدات، بۆیە چوو بۆ لای و وتی: ئەی موحەممەد من روقیە دەکەم و خوا لەسەر دەستم شیفای کەسانێکی داوە، تۆیش دەتەوێت؟ پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی:(ﷺ)، (إِنَّ الْحَمْدَ لِلهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) (سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەین وپشتی پێ دەبەستین، خوا هەرکەسی رێنموونی کرد هیچ گومراکەرێکی بۆ نیە، هەرکەس خوا گومڕای کرد هیچ رێنموونێکی بۆ نیە، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاک و تەنهای بێهاوەڵ، موحەممەدیش بەندەو نێردراویەتی)، خێرا ضیماد وتی: وتەکانتم بۆ دووبارە

---

[1] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب ضرار بن الأزور الأسدي الشاعر(رضي الله عنه)، الرقم ٥٠٧٢.

[2] المستدرک علی الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(رضي الله عنهم) - ذكر مناقب ضرار بن الأزور الأسدي الشاعر(رضي الله عنه)، الرقم ٥٠٧٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٢.

بکەرەوە، سێ جار پێغەمبەر(ﷺ)بۆی دووبارە کردەوە، ضیماد وتی: من وتەی کاهین و جادووگەر و شاعیرانم بیشتووە، بەڵام شتی لەمجۆرەم نەبیستوە کە گەیشتوونەتە قووڵایی دەریاوە، دەی دەستت بێنە با لەسەر ئیسلام بەیعەتت پێبدەم، ئەویش بەیعەتی پێدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: هی هۆزەکەشت؟ وتی: بەڵێ.[1]

١٨٩٦. ضیمامی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی ضیمامی کوڕی ثەعلەبەی سەعدیە، لە ساڵی نۆی کۆچیدا هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[2]

ئەنەسی کوڕی مالیک دەڵێت: جارێک لە مزگەوت لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دانیشتبووین کە کابرایەک لەسەر وشترێک بوو هات، دابەزی و وتی: کامتان موحەممەدە؟ پێغەمبەریش(ﷺ) لەنێو خەڵکەکەدا پاڵی دابوویەوە، وتمان: ئەو کابرا سپیکەڵانەیە کە پاڵی داوەتەوە، کابرا پێی وت: ئەی کوڕی عەبدولموطەلیب، پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی دایەوە، وتی: پرسیارت لێدەکەم و زۆر سوورم وەڵام وەربگرم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: چیت دەوێ بپرسە، وتی: سوێندت دەدەم بە خوای تۆ و ئەوانەی پێش تۆیش، خوا تۆی بۆ هەموو خەڵک ناردووە؟ فەرمووی: ئەرێ بەخوا، وتی: توخوا خوای گەورە فەرمانی پێکردویت لە شەو و رۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەین؟ فەرمووی: ئەرێ بەخوا، وتی: توخوا خوای گەورە فەرمانی پێکردویت ئەو مانگەی ساڵ بەرۆژوو بین؟ فەرمووی: ئەرێ بەخوا، وتی: توخوا خوای گەورە فەرمانی پێکردویت ئەو زەکاتە لە دەوڵەمەندمان وەربگرین و دابەشی بکەین بەسەر هەژارانماندا؟ وتی: ئەرێ بەخوا، کابرا وتی: دەی بڕوام هێنا بەوەی

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند بني هاشم(رضي الله عنهم) - مسند عبد الله بن العباس بن عبد المطلب(رضي الله عنهما) عن النبي(ﷺ)، الرقم ٢٧٩٣؛ صحيح مسلم - كتاب الجمعة - باب تخفيف الصلاة والخطبة، الرقم ٨٦٨.
[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٦-٤٨٧.

هێناوتەو منیش نوێنەری هۆزەکەمم، من ضیمامی کوڕی ثەعلەبەم.[1]

ضیمام کە گەڕایەوە شەو و ڕۆژی بەسەردا نەچوو چی ژن و پیاوی هۆزەکەی هەبوون هەموو باوەڕیان هێنا و دواتر کەوتنە بنیادنانی مزگەوت.[2]

جا عومەری کوڕی خەططاب دەیوت کەسم نەدیوە هێندەی ضیمام پوخت و جوان پرسیار بکات.[3]

١٨٩٧. ضیمامی کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی ضیمامی کوڕی زەیدەو هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو.[4]

⌘ ⌘ ⌘

(١) صحيح البخاري - كتاب العلم - باب ما جاء في العلم، الرقم ٦٣؛ سنن النسائي - كتاب الصيام - باب وجوب الصيام، الرقم ٢٤١٤؛ سنن ابن ماجه - أبواب إقامة الصلاة والسنة فيها - باب ما جاء في فرض الصلوات الخمس والمحافظة عليها، الرقم ١٤٠٢.

(٢) الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٩٩.

(٣) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٧.

(٤) الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٤٨٨.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ط)
دەست پێ دەکات

١٨٩٨. طاریقی کوڕی سوەید(ﷺ)

ناوی طاریقی کوڕی سوەیدی جوعفیە، طاریق سەبارەت بە مەی پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش ڕێگری لێکرد لەوەی دروستی بکات، ئەویش وتی: من بۆ دەرمان دروستی دەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (إِنَّهُ لَيْسَ بِدَوَاءٍ، وَلَكِنَّهُ دَاءٌ) (ئەوە دەرمان نیە، بەڵکو دەردە).[١]

طاریق دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خاکی ئێمەدا ترێ هەیەو ئاوەکەی دەگرینەوە-دەیکەین بە مەی- و دەیخۆینەوە، فەرمووی: مەیخۆنەوە، وتم: ئەی بۆ نەخۆشی بەکاری نەهێنین؟ فەرمووی: (ئەوە دەردەو شیفا نیە).[٢]

١٨٩٩. طاریقی کوڕی شیهاب(ﷺ)

ناوی طاریقی کوڕی شیهابە، طاریق دەڵێت: پێغەمبەری خوام(ﷺ) بینیوەو لە خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەریشدا سی و سێ یان سی و چوار ساڵ بووم غەزام کردووە.[٣]

سەبارەت بە کاتی مردنی، هەریەک لە ساڵەکانی هەشتا و دوو یان هەشتاو سێ یان هەشتاو چوار هاتووە.[٤]

---

[١] صحيح مسلم - كتاب الأشربة - باب تحريم التداوي بالخمر، الرقم ١٩٨٤.

[٢] صحيح ابن حبان، الرقم ١٤٠٥، حسنه شعيب الارناؤوط.

[٣] مصنف ابن أبي شيبة - كتاب التاريخ، الرقم ٣٤٥٧٧؛ مسند أحمد بن حنبل - أول مسند الكوفيين(ﷺ) - حديث طارق بن شهاب(ﷺ)، الرقم ١٩١٣١، صححه شعيب الارناؤوط.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٠.

١٩٠٠. طاريقی كوڕی عەبدولَلا (رضي الله عنه)

نـاوی طاریـق كـوڕی عەبـدولاَی موحاریبیـە، دواتـر لـە كووفـە نیشـتەجێ بـوو.

طاریـق دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرمـووی: (إِذَا كُنْتَ فِي الصَّلَاةِ فَلَا تَبْزُقْ عَنْ يَمِينِكَ وَلَكِنْ خَلْفَكَ أَوْ تِلْقَاءَ شِمَالِكَ أَوْ تَحْتَ قَدَمِكَ الْيُسْرَى)،[1] (ئەگـەر لـە نوێـژدا بوویـت بـە لای راسـتتدا بەڵغـەم مەكە، بەڵكو بۆ دواوە یـان بـەلای چەپتدا یـان بۆ ژێر پێی چەپت بەڵغـەم بكـە).

طاریـق دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) پێـی فەرمـووم (يَا طَارِقُ، اسْتَعِدَّ لِلْمَوْتِ قَبْلَ نُزُولِ الْمَوْتِ) (ئـەی طاریـق خـۆت ئامـادە بكـە بـۆ مـردن پێش ئـەوەی مـەرگ بێت).[2]

١٩٠١. طاريقی كوڕی عوبەيد (رضي الله عنه)

نـاوی طاریـق كـوڕی عوبەیـدە، لـە پشـتیوانانەو یەكێكـە لـە بەشـداربوانی غـەزای بـەدر.[3]

١٩٠٢. طاريقی كوڕی مورەققەع (رضي الله عنه)

نـاوی طاریقـی كـوڕی مورەققەعـە، لـە بەسـەرهاتێكدا باسـی هاتـووە كـە كەردەم دەڵێت: ئامـادەی سـوپایەک بووم كە طاریقی كوڕی مورەققـەع وتـی: كێ رمێكـم پـێ دەدات و پاداشـتی بدەمـەوە؟ منیش وتـم: پاداشـتەكەی چیـە؟ وتـی: یەكـەم كچـم ببێـت مـارەی دەكـەم لێـی، منیش رمەكـەی خۆمـم پێدا، دواتر

---

[1] جامع الترمذي - أبواب السفر - باب في كراهية البزاق في المسجد، الرقم ٥٧١ وقال حسن صحيح؛ السنن الكبرى للنسائي - كتاب المساجد - الرخصة للمصلي في أن يبزق خلفه أو تلقاء شماله، الرقم ٨٠٧؛ صحيح ابن خزيمة - كتاب الصلاة - جماع أبواب الأفعال المباحة في الصلاة - باب الرخصة في بصق المصلي خلفه، الرقم ٨٧٦.

[2] المستدرک على الصحيحين - كتاب الرقاق - استعد للموت قبل نزول الموت، الرقم ٧٩٦٣، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١١.

نەمبینیەوە تا زانیم کچێکی بووەو کچەکەی پێگەیشتووە، منیش بە طاریقم وت: ئەوە ژنی منەو ئامادەی بکەن بۆم، طاریق سوێندی خوارد شتی وا نابێت تا مارەییەکی نوێی بۆ دانەنێت، منیش سوێندم خوارد مارەیی تری بۆ دانانێم، پێغەمبەر(ﷺ) کە بەسەرهاتەکەی بیست، فەرمووی: ئێستا لە تەمەنی چ ئافرەتێکدایە؟ ئەویش وتی: تەمەنی کردووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پێم باشە وازی لێ بهێنیت، منیش لەوە تۆقیم و تەماشایەکی پێغەمبەرم(ﷺ) کرد، کە پێغەمبەر(ﷺ) شێوەی منی بینی، فەرمووی: (لَا تَأْثَمُ، وَلَا صَاحِبُكَ يَأْثَمُ) (گوناهبار نابیت و هاوڕێکەشت گوناهبار نابێت).[1]

١٩٠٣. طاریقی کوڕی ئەشیەم(رضي الله عنه)

ناوی طاریقی کوڕی ئەشیەمی ئەشجەعیەو دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[2]

طاریق دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: (من قال لا إله إلا الله، وكفر بما يعبد من دون الله، حرم ماله ودمه وحسابه على الله)،[3] (هەر کەس بڵێت هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا و بڕوای نەبێت بە هەر پەرستراوێکی تری جگە لە خوا، ئەوە سامان و خوێنی حەرام دەبێت و حسابی لای خوایە).

طاریق دەڵێت: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێک ئەسلەمیەکانی فێر دەکرد، دەیفەرموو: (اللهم اغفر لي وارحمني وارزقني) (خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکەو ڕۆزیم بدە)، پاشان دەیفەرموو: (هؤلاء يجمعن لك خير الدنيا والآخرة)،[4] (ئەمانە خێری دنیا و قیامەتت بۆ کۆدەکەنەوە).

---

[1] مسند أحمد بن حنبل - مسند النساء(رضي الله عنهن) - حديث ميمونة بنت كردم(رضي الله عنها)، الرقم ٢٧٧٠٦؛ سنن أبي داود - كتاب النكاح - باب في تزويج من لم يولد، الرقم ٢١٠٣، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٠٧.

[3] صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب الأمر بقتال الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله محمد رسول الله، الرقم ٢٣.

[4] مسند أحمد بن حنبل - مسند المكيين(رضي الله عنهم) - حديث طارق بن أشيم الأشجعي والد أبي مالك(رضي الله عنه)، الرقم ١٦١٢٦، صححه شعيب الارناؤوط.

١٩٠٤. طاريقی کینانی(رضي الله عنه)

نـاوی طاریقـه و کاربەدەسـتی عومـەری کـوڕی خەططـاب بـووە، ئەمـەش بەڵگـەی هـاوەڵ بوونیەتـی، چونکـه خەلیفـه راشـیدینەکان تەنهـا هاوەڵانیـان دەکـردن بـه بەرپـرس.[1]

١٩٠٥. طاريقی خوزاعی(رضي الله عنه)

ناوی طاریقه و لە خوزاعیەکانە، لە جەنگی مورەیسیعدا رۆڵی رێنوێنی هەبوو.[2]

١٩٠٦. طاهیرەی کچی خوەیلید(رضي الله عنها)

ناوی طاهیرەی کچی خوەیلیدەو حوشکی خەدیجەی هاوسـەری پێغەمبەری خوا(ﷺ) و دایکی باوەڕدارانە.[3]

١٩٠٧. طاهیری کوڕی ئەبی هالە(رضي الله عنه)

نـاوی طاهیری کوڕی ئەبی هالـەی ئەسـەدیە، پێغەمبـەر(ﷺ) وەک نوێنـەر و کاربەدەسـتی خۆی ناردوویەتی بۆ ناوچەیەکی یەمـەن.[4]

١٩٠٨. طەخفە(رضي الله عنه)

نـاوی طەخفـه یـان طەهفەیـه و لـه غیفاریەکانـه، فەرموودەی لـه پێغەمبـەری خـواوە(ﷺ) گێڕاوەتـەوە.

طەخفـه دەڵێـت: ئێمـه لـه مزگـەوت ئەهلـی صوففـه بوویـن، پێغەمبـەر(ﷺ) دوای نوێژی ئێواره فەرمووی: ئەی فلانـه کـەس تۆ لەگـەڵ فلانـه کـەس برۆ،

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٤.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨، ص ٨

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٧٠.

تۆش لەگەڵ فلانە کەس برۆ، بەو جۆرە تا هەمووی چوو و من پێنجەم کەس بووم مابوومەوە، فەرمووی: لەگەڵ من وەرن، لەگەڵی چووینەوە بۆ ماڵەوەو لە ماڵی عائیشە بوو، هێشتا ئایەتی حیجاب دانەبەزیبوو، فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنمان بۆ بهێنە، ئەویش نانێکی بۆ هێنایین، دواتر هەمدی فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنمان بۆبهێنە، ئەویش خواردنی حەیسی- خورما و شیر و رۆن پێکەوە لێبنرێت- بۆ هێنایین، هەمدی داوای خواردنی کرد و ئەویش قاپێ-شیری- بۆ هێنایین، پێغەمبەر(ﷺ) لێی خواردەوەو دواتر فەرمووی: ئەی عائیشە خواردنەوەمان بۆ بهێنە، ئەویش قاپێکی تر –شیری- هێنا، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: پێتان خۆشە لای ئێمە بمێننەوەو بخەون، حەزیش دەکەن بچن بۆ مزگەوت و لەوێ بخەون، ئیمەش چووین بۆ مزگەوت،[1] من لە مزگەوت لەسەر دەم خەوتبووم، پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوەو بە قاچی خورپە سکم وفەرمووی: (ئەم خەوەت بۆ وایە، ئەمە خەوێکە خوا پێی ناخۆشە-یان خوا رقی لێیە).[2]

١٩٠٩. طەریفی کوڕی ئەبان(رضي الله عنه)

ناوی طەریفی کوڕی ئەبانی کوڕی سەلەمەیی ئەنماریەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ).[3]

١٩١٠. طەلحە(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەیەو زانیاری لەسەر بنەماڵەکەی تۆمار نەکراوە، لە غەزای خەیبەردا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب الزينة والتطييب - باب آداب النوم - ذكر بغض الله جل وعلا النائمين على بطونهم، الرقم ٥٥٥٠، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

[2] سنن ابن ماجه - أبواب الأدب - باب النهي عن الاضطجاع على الوجه، الرقم ٣٧٢٣، صححه الألباني.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٨.

[4] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٧.

١٩١١. طەلحەی سولەمی(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی سولەمیەو دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[١]

١٩١٢. طەلحەی کوڕی بەڕراء(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی کوڕی بەڕرائی کوڕی عومەیرەیە، لە پشتیوانانە.[٢]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، طەلحە تازە پێگەیشتبوو، دەچوو خۆی دەنووساند بە پێغەمبەرەوە(ﷺ) و قاچی ماچ دەکرد،[٣] دەیوت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چۆنت پێ خۆشە فەرمانم پێ بکە، لە قسەت دەرناچم، پێغەمبەریش(ﷺ) پێکەنی و فەرمووی: (بڕۆ باوکت بکوژە)، خێرا طەلحە چوو تا بیکوژێت، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو من نەنێردراوم بۆ پچڕاندنی پەیوەندی، پاش ماوەیەک طەلحە نەخۆش کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ سەردانی، سەرمایەکی سەختی زستان بوو، کاتێک ویستی جێی بهێڵێت، بە ژنەکەی طەلحەی فەرموو (إِنِّي لَا أَرَى طَلْحَةَ إِلَّا قَدْ حَدَثَ فِيهِ الْمَوْتُ، فَآذِنُونِي حَتَّى أَشْهَدَهُ وَأُصَلِّيَ عَلَيْهِ، وَعَجِّلُوهُ) (وا دەبینم مەرگ یەخەی بە طەلحە گرتووە، جا هەواڵم پێ بدەن تا ئامادەی بم و نوێژی لەسەر بکەم، پەلەشی تیا بکەن)، پێغەمبەر(ﷺ) نەگەیشتە لای بەنی سالیم کە طەلحە مرد و شەو بەسەردا هات، طەلحەش وتبوی ئەسپەردەم بکەن و بمگەیەننەوە بە پەروەردگارم، پێغەمبەری خواش(ﷺ) بانگ مەکەن، چونکە دەترسم جوولەکە دەستی خۆیانی پێ بگەیەنن و بەهۆی منەوە تووشی شتێک بێت، رۆژ بوویەوە ئینجا هەواڵ درا بە پێغەمبەر(ﷺ)، خێرا پێغەمبەر(ﷺ) چوو تا لەسەر گۆڕەکەی وەستا، خەڵکی ریزیان بەست و پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اللَّهُمَّ،

---

[١] () -الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٧.

[٢] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٠.

[٣] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٠.

الْقَ طَلْحَةَ تَضْحَكُ إِلَيْهِ وَيَضْحَكُ إِلَيْكَ) (خوایە وا پێشوازی لە طەلحە بکە کە بۆی پێبکەنیت و بۆت پێبکەنێت).[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە، طەلحە چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێبدەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: تەنانەت ئەگەر فەرمانتپێ بکەم پەیوەندیت لەگەڵ دایکت بپچڕێنیت؟ وتی: نا، دواترهەمدی هاتەوەو وتی: دەستت بکەرەوە تا بەیعەتت پێبدەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: لەسەرچی؟ وتی: لەسەر ئیسلام، فەرمووی: ئەگەر تەنانەت فەرمانت پێ بکەم پەیوەندیت لەگەڵ دایکت بپچڕێنیت؟ وتی: نا، بۆ جاری سێیەم هەمان شت دووبارە بوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەی طەلحە لە ئایینی ئێمەدا پچڕاندنی پەیوەندی نیە، بەڵام حەزم کرد هیچ گومانێک لە ئایینتدا نەمێنێت، طەلحە زۆر بە چاکی موسڵمان بوو، دوای ماوەیەک طەلحە نەخۆش کەوت، پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ سەردانی و تەماشای کرد لەهۆش خۆی چووە، فەرمووی: (بڕوام وایە ئەمشەو طەلحە دەمرێت، جا ئەگەر هاتەوە هۆش بنێرن بە شوێنمدا)، ئەوەبوو لە نیوەندی شەودا طەلحە هاتەوە هۆش، وتی: پێغەمبەر(ﷺ) نەهات بۆ سەردانم؟ وتیان: با، پێیان وت: پێغەمبەر(ﷺ) چی فەرمووە، طەلحە وتی: مەنێرن بە شوێنیدا نەوەک شتێ بیگەزێت یان تووشی شتێک بێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژ بوویەوە، سەلامی منی پێ بگەیەن و بڵێن داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، دواتر مرد، کاتێک بەیانی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی کرد، هەواڵی طەلحەی پرسی، هەواڵیان پێدا وەفاتی کردووەو وتیان: چی وتووەو داوای چی کردووە، پێغەمبەر(ﷺ) دەستەکانی بەرزکردەوەو فەرمووی (خوایە وا پێشوازی بکە کە بۆ تۆ پێبکەنێت و تۆیش بۆی پێبکەنیت).[2]

---

[1] المعجم الأوسط للطبراني - باب الميم - من بقية من أول اسمه ميم من اسمه موسى - موسى بن هارون، الرقم ٨١٦٨

[2] المعجم الكبير للطبراني - باب الحاء - من اسمه حصين - حصين بن وحوح الأنصاري، الرقم ٣٥٥٤.

١٩١٣. طەلحەی کوڕی خیراش(ﷺ)

ناوی طەلحەی کوڕی خیراشی کوڕی صیممەیە و یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵام زانیاری لە بارەی ژیانیەوە نەهاتووە.[١]

١٩١٤. طەلحەی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی طەلحەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، بایەتی خستە نێوان ئەم هاوەڵەو ئەرقەمەوە.[٢]

١٩١٥. طەلحەی کوڕی عەمر(ﷺ)

ناوی طەلحەی کوڕی عەمری نەضریە، یەکێکە لە ئەهلی صوففە.

طەلحە دەڵێت: من چوومە مەدینە و لە صوففە دابەزیم، پێغەمبەر(ﷺ) رۆژانە برێک خورمای بۆ دەهێناین و بەرگێکی هەرزان بەهامان دەپۆشی، جارێک پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بۆ کردین، کە سەلامی دایەوە، لە راست و چەپەوە ئەهلی صوففە بانگیان کرد ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خورما سکی سووتاندین و بەرگەکەشمان جەستەی وێران کردین، پێغەمبەریش(ﷺ) چوو بەرەو لای مینبەرەکەی و سەرکەوت و سوپاس و شتایشی خوای کرد و باسی نارەحەتی خۆی کرد کە لەدەست هۆزەکەی تووشی بووە، دەیفەرموو: (وَلَقَدْ أَتَى عَلَيَّ وَعَلَى صَاحِبِي بِضْعَ عَشرَةَ وَمَا لِي وَلَهُ طَعَامٌ إِلاَّ الْبَرِيرَ فَقَدِمْنَا عَلَى إِخْوَانِنَا هَؤُلاَءِ مِنَ الأَنْصَارِ وَعُظْمُ طَعَامِهِمُ التَّمْرُ فَوَاسَوْنَا فِيهِ، وَاللهِ لَوْ أَجِدُ لَكُمُ الخُبْزَ وَاللَّحْمَ لَأَشْبَعْتُكُمْ مِنْهُ، وَلَكِنْ عَسَى أَنْ تُدْرِكُوا زَمَانًا حَتَّى يُغْدَى عَلَى أَحَدِكُمْ بِجَفْنَةٍ وَيُرَاحُ عَلَيْهِ بِأُخْرَى) (جار بووە زیاد لە سیانزە رۆژ خۆم و هاوەڵەکەم تەنها خواردنمان بەریر-بەری ئەراک- بووە،

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٧.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٨.

دواتر هاتین بۆ لای ئەم برایانەمان لە پشتیوانان و زۆربەی خۆراکیان خورما بوو، تیایدا بەشدار بووین، سوێند بەخوا ئەگەر نان و گۆشت شک بەرم، تێرتان دەکەم لێی، بەڵام لەوانەیە بگەنە سەردەمێک تەنها کەسێکتان بەری بەیان بەلەمە خواردنێکی بۆ بهێنرێت و ئێوارە بەلەمە خواردنێکی تری بۆ بهێنرێت)، هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو کاتە باشین یان ئێستا؟ فەرمووی: (بَلْ أَنْتُمُ الْيَوْمَ خَيْرٌ، أَنْتُمُ الْيَوْمَ مُتَحَابُّونَ، وَأَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ) (بەڵکو ئێوە ئەمرۆ باشترن، ئەمرۆ خۆشەویستی لەنێوتاندا هەیە، بەڵام ئەوکات دەدەن لە گەردنی یەکدی).[1]

١٩١٦. طەلحەی کوڕی عەمری حەضرەمی(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی کوڕی عەمری کوڕی ئەکبەری حەضرەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و غەزای بەدر.[2]

١٩١٧. طەلحەی کوڕی عوبەیدولا(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی کوڕی عوبەیدولای کوڕی عوثمانی کوڕی عەمرە، لە کۆچەرانە لە قوڕەیشیەکانە لە تەیمیەکان، کونیەکەی ئەبوومحەممەدەو یەکێکە لەو هەشت کەسەی کە یەکەمین موسڵمان بوان بوون، یەکێکیشە لە دە موژدەپێدراوی بەهەشت.[3]

طەلحە کەسێک بوو مووی زۆر بوو و دەموچاوێکی جوانی هەبوو، ڕەنگی سپی و سوور بوو، ڕۆیشتنی خێرا بوو.[4]

---

[1] صحيح ابن حبان - كتاب التاريخ - باب إخباره(ﷺ) عما يكون في أمته من الفتن والحوادث - ذكر الإخبار عن وصف البعض الآخر من سعة الدنيا على المسلمين، الرقم ٦٦٩٢ باختصار؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب الهجرة - ذكر مؤاساة رسول الله(ﷺ) أهل الصفة، الرقم ٤٣١٣، صححه ووافقه الذهبي في التلخيص.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٤.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٩.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٤-٢٥.

ژن و منداڵەکانی

دایکی ناوی صەعبەی کچی عەبدولڵایە، طەلحە ژنێکی هەبوو بە ناوی حەمنەی کچی جەحش کە هەریەک لە سەججاد و عیمرانی لێی بوو، ژنێکی تری ناوی خەولەی کچی قەعقاع بوو کە کوڕێکی لێی بوو بە ناوی مووسا، ژنێکی تری ناوی ئوممولئەبان بوو کە یەعقووب و ئیسماعیل و ئیسحاقی لێی بوو، ژنێکی تری ناوی ئوموکلثومی کچی ئەبووبەکر بوو کە زەکەریا و یووسف و عائیشەی لێی بوو، ژنێکی تری ناوی سوعدای کچی عەوف بوو کە عیسا و یەحیای لێی بوو، ژنێکی تری ناوی جەرباء بوو کە کچێکی لێی بوو بە ناوی ئوممولئیسحاق کە ژنی حەسەنی کوڕی عەلی بوو و پاش وەفاتی حەسەنیش شووی کرد بە حوسەینی کوڕی عەلی.[1]

موسڵمان بوونی

کاتێک ئەبووبەکر موسڵمان بوو خێرا چوو بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففان و طەلحەی کوڕی عوبەیدولڵا و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانەش موسڵمان بوون.[2]

هەریەک لە عوثمانی کوڕی عەففان و طەلحەی کوڕی عوبەیدولڵا بە دوای زوبەیری کوڕی عەووامدا چوونە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش باسی ئیسلامی بۆ کردن و قورئانی خوێندەوە بۆیان و مافەکانی ئیسلام و بەڵێنی ڕێزداری لەلایەن خواوەی بۆ خستنەڕوو، ئەوانیش باوەڕیان هێنا.[3]

طەلحە دەڵێت: جارێک لە بازاڕی بوصرا بووم کە ڕاهیبێک لە پەرستگاکەی خۆیدا بوو، وتی: پرسیار بکەن لەم خەڵکە بزانن کەسیان تێدایە خەڵکی حەرەم بێت؟ منیش وتم: بەڵێ من، وتی: ئایا هێشتا ئەحمەد دەرنەکەوتووە؟ وتم: ئەحمەد

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٤.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٣، ص ٣٠.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٥.

کێیه؟ وتی: کوڕی عەبدولاّی کوڕی عەبدولموطەلیب، ئەوە شارەکەیەتی کە تیایدا دەردەچێت و کۆتای پێغەمبەرانە و لە حەرەم دەردەکەوێت و کۆچ دەکات بۆ شاری دارخورما، وریابە زوو خۆتی پێ بگەیەنە، منیش قسەکانی چوویە دڵمەوەو خێرا گەڕامەوە بۆ مەککەو وتم: هیچ روویداوە؟ وتیان: موحەممەدی کوڕی عەبدولاّ باسی پێغەمبەرایەتی دەکات و ئەبووبەکریش شوێنی کەوتووە، منیش چوم تا خۆم گەیاند بە ئەبووبەکر و وتم: ئایا شوێنی ئەو پیاوە کەوتویت؟ وتی: بەڵێ، تۆیش برۆ شوێنی بکەوە چونکە بانگەواز بۆ حەق دەکات، منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەبووبەکریش لەگەڵم هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێ موسڵمان بووم و بەسەرهاتەکەشم بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوەو ئەویش بەوە دڵخۆش بوو.[1]

کاتێک پێغەمبەر(ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، طەلحە لە شامەوە جلی سپی ناوازەی هێنابوو، دوو جلی بە دیاری نارد بۆ ئەبووبەکر و پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوانیش ئەو جلانەیان پۆشی و بەو جلانەوە چوونە ناو مەدینە.[2]

کاتێک طەلحە کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای ئەسعەدی کوڕی زورارە دابەزی، دواتر پێغەمبەر(ﷺ) طەلحەو سەعیدی کوڕی زەیدی کرد بە برای یەکدی، رایەکیش دەڵێت: لەگەڵ ئوبەی کوڕی کەعبدا بوونە برای یەک.[3]

بەشداری لە غەزاکاندا

پێش ئەوەی غەزای بەدر رووبدات، پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی زانی کە کاروانی قورەیشیان دەگەڕێتەوە، بۆیە سەعیدی کوڕی زەیدی هاودەم بە طەلحە نارد تا هەواڵی کاروانەکەی بۆ بهێنن، ئەوانیش زانیاری وردیان هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ).[4]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٤-٢١٥.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٧٣.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٢١٦.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ١٣٦.

طەلحە لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، چونکە لەو کاتدا لە شام بوو و خەریکی بازرگانی بوو، دواتریش زۆر دڵتەنگ بوو بەو ئامادەنەبوونەی، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) لە پشک و پاداشتدا بەشداری کرد.[1]

طەلحە لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی کارای بینی، کاتێک خەڵکی لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەیان کرد، تەنها دوانزە کەس لە دەوری مانەوە، یەکێک لەوانە طەلحە بوو، جا بێباوەڕان دەیانویست خۆیان بگەیەنن بە پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ بەرامبەریان دەوەستێت؟ طەلحە وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: وەک هەیت (لە شوێنی خۆت بە)، یەکێک لە پشتیوانان وتی: من ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی: دەی تۆ بجەنگە، کابرا جەنگا تا شەهید بوو، دواتر تەماشای کرد هێشتا بێباوەڕان دێن، فەرمووی: کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ طەلحە وتی: من، پێغەمبەر(ﷺ) هەمان شتی پێ فەرموو و ئەمجارەش کابرایەکی پشتیوانی چوو تا ئەویش شەهید بوو، بەردەوام بەو جۆرە بوو تا هەموو پشتیوانیەکانی دەوری شەهید بوون و تەنها مایەوە پێغەمبەر(ﷺ) و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: کێ ڕێیان پێ دەگرێت؟ طەلحە وتی: من، جەنگی یانزە کەسی کرد تا شمشێر بەر دەستی کەوت و پەنجەکانی بڕا، طەلحە وتی: ئاخ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر بتوتایە بەناوی خوا فریشتەکان بەرزیان دەکردیتەوەو خەڵکیش تەماشایان دەکرد، دواتر خوای گەورە بێباوەڕانی تێکشکاند.[2]

زوبەیر دەڵێت: کە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین بۆ ئەوەی بچینە سەر کێوەکە، پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بچێتە سەر بەردێک بەڵام نەیتوانی، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا پشتی خۆی بۆ چەماندەوە و پێغەمبەر(ﷺ) پێی خستە

[1] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٢٥.

[2] السنن الكبرى للنسائي - كتاب الجهاد - ما يقول من يطعنه العدو، الرقم ٤٣٤٢، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي.

سەر پشتی طەلحەو چوویە سەر بەردەکەو لەسەر بەردەکە دانیشت.[1]

طەلحە لە غەزای ئوحوددا چەند جار پێکرا، تەنانەت کچەکانی دەڵێن باوکمان لە ئوحوددا نزیکەی بیست و چوار جار بریندار بووبوو.[2]

طەلحە لە غەزای خەندەق و سەرجەم غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[3]

پێغەمبەر(ﷺ) زۆر ڕێزی لە توانا و چاکی طەلحە دەنا، ئەوەبوو هەرجارەو نازناوێکی لێدەنا، لە غەزای ئوحودا ناوی نا طەلحەی خێر، لە غەزای ذیلعوشەیرەدا ناوی نا طەلحەی فەییاض، لە غەزای خەیبەریشدا ناوی نا طەلحەی جوود-سەخاوەت-.[4]

کاتێک وەفدی بەنی عەبس هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ژمارەیان نۆ کەس بوو، پێغەمبەر(ﷺ) نزای خێری کرد بۆیان و فەرمووی: کەسێکی ترم پێ بڵێن بەو بینە دە کەس تا ئاڵایەکتان بۆ دابنێم، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاش هات بۆ لایان و پێغەمبەریش(ﷺ) ئاڵایەکی دایە دەستیان.[5]

پلەوپایەی طەلحە لای پێغەمبەر(ﷺ)

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (هەرکەس حەز دەکات سەیری شەهیدێک بکات کە بەسەر زەویدا دەچێت بە ڕێدا، ئەوە با تەماشای طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا بکات).[6]

[1] صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر طلحة بن عبيد الله التيمي رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٧٩، قال شعيب الأرناؤوط إسناده قوي.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢١٧.

[4] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٣٠، قال الذهبي إسناده لين.

[5] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٢٩٦.

[6] جامع الترمذي - أبواب المناقب عن رسول الله(ﷺ) - باب مناقب أبي محمد طلحة بن عبيد الله(ﷺ)، الرقم ٤١١٤ و قال: هذا حديث غريب لا نعرفه إلا من حديث الصلت، وقد تكلم بعض أهل العلم في الصلت بن دينار وضعفه، وتكلموا في صالح بن موسى؛ المستدرك على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﷺ) - ذكر مناقب محمد بن طلحة بن عبيد الله السجاد(ﷺ) - من أراد أن ينظر إلى شهيد فلينظر إلى طلحة بن عبيد الله، الرقم ٥٦٥٧، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

زەید دەڵێت: چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوت ئەویش دەیفەرموو: فڵانەکەس لە کوێیە؟ بەردەوام هەواڵی یەکەیەکەیانی دەپرسی و دەینارد بە شوێنیاندا تا هەموویان هاتن و کۆبوونەوە، ئینجا فەرمووی: (إني أحدثكم بحديث فاحفظوه وعوه وحدثوا به من بعدكم، إن الله عز وجل اصطفى من خلقه خلقا، ثم تلا هذه الآية الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس خلقا يدخلهم الجنة، وإني مصطف منكم من أحب أن أصطفيه ومواخي بينكما كما آخى الله عز وجل بين الملائكة عليهم السلام)، (من قسەیەکتان بۆ دەکەم جوان وەریبگرن و لەبیرتان بمێنێت و لێی تێبگەن و بیگەیەنن بەوانەی دوای خۆتان، خوای گەورە لە دروستکراوەکانی دەستەیەکی هەڵبژاردووە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە (الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس)، دەستەیەک کە خوا دەیانخاتە بەهەشتەوە، منیش لەنێوتاندا ئەوانە هەڵدەبژێرم کە حەز دەکەم هەڵیانبژێرم، برایەتی دەخەمە نێوانتانەوە وەک چۆن خوای گەورە برایەتی خستە نێوان فریشتەکانەوە)، پاشان هەریەک لە ئەبووبەکر و عومەری بەدوای یەکدا بانگ کرد و تایبەتمەندی هەرکامیانی فەرموو و ئەوانی کرد بە برای یەکدی، عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و پێی راگەیاند کە تووشی چ نارەحەتیەک دەبێت، پاشان عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی بانگ کرد و باسی بەخشندەییەکەی عەبدوڕەحمانی کرد، پاشان طەلحەو زوبەیری بانگ کرد و هەردووکیانی کرد بە برای یەکدی...[1]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر کێوی حیراء وەستابوو، کێوەکە لەریەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اسْكُنْ حِرَاءُ، فَمَا عَلَيْكَ إِلاَّ نَبِيٌّ أَوْ صِدِّيقٌ أَوْ شَهِيدٌ) (ئارام بگرە حیراء، چونکە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەک لە پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵاو زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص لەسەر کێوەکە بوون.[2]

---

[1] المعجم الكبير للطبراني - باب الزاي - من اسمه زيد - زيد بن أبي أوفى، الرقم ٥١٤٦.
[2] صحيح مسلم - كتاب فضائل الصحابة - باب من فضائل طلحة والزبير(ﭫ)، الرقم ٢٤١٧.

رۆژێک موغیره لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی: من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر(ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیک لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی: بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان: کێیە؟ بێدەنگ بوو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیڵێت، ئەویش وتی: سەعیدی کوڕی زەید-واتە خۆی-.[1]

زوبەیری کوڕی عەوام دەیوت طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵای تەیمی ناوی منداڵەکانی بە ناوی پێغەمبەرانەوە دەنێت، دەشزانێت دوای موحەممەد(ﷺ) هیچ پێغەمبەرێک نایەت، منیش ناوی منداڵەکانم بە ناوی شەهیدانەوە دەنێم بەڵکو شەهید بن.[2]

طەلحە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا

طەلحە لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەططابیشدا ژیانێکی ئاسایی بردەسەر، لە دواساتەکانی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابیشدا، پاش ئەوەی عومەری کوڕی خەتتاب پێکرا، شەش کەسی راسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێک دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش

---

[1] سنن أبي داود - كتاب السنة - باب في الخلفاء، الرقم ٤٦٤٩؛ صحيح ابن حبان - كتاب إخباره(ﷺ) عن مناقب الصحابة رجالهم ونسائهم بذكر أسمائهم رضوان الله عليهم أجمعين - ذكر سعيد بن زيد بن عمرو بن نفيل رضوان الله عليه وقد فعل، الرقم ٦٩٩٣، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٠١.

بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[1]

لە ژیانی عوثمانی کوڕی عەففاندا شێوازی هەڵبژاردنەکەمان باسکردووە.

طەلحە لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

طەلحە لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففان و لەکاتی سەرهەڵدانی فیتنەی نەیارانی عوثماندا، بە وتەی خۆی ڕۆڵی پێویست و باشی نەگێڕا، بەجۆرێک کاتێک عوثمان شەهید کرا، ئینجا ڕاچڵەکی و زۆر پەژارەی بۆ خوارد و وتی: تەنها ڕژانی خوێنم قەرەبووی ئەو هەڵوێستەم دەکاتەوە.[2]

جا ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری لێکەوتوەتەوە، هەندێ پێیان وایە طەلحە لەئاست عوثماندا کەمتەرخەم بووە، هەندێکی تر پێیان وابووە طەلحە هاندەر بووە دژ بە عوثمان، هەندێکیش دەڵێن طەلحە یەکێک بووە لە بکوژانی عوثمان.

ئیبن ئەثیر دەڵێت: طەلحە زۆر توند بوو بەرامبەر بە عوثمان.[3]

ذەهەبی دەڵێت: هەڵوێستی طەلحە بەرامبەر بە عوثمان خۆ لێ بێئاگاکردن و هاندانی خەڵک بوو لە ڕوویدا و ئەوەی بە ئیجتیهادێک کرد، دواتر کە لەناوچوونی عوثمانی بینی ڕای گۆڕا و پەشیمان بوویەوە کە بۆچی پشتیوانی عوثمانی نەکردووە.[4]

ئین کەثیر دەڵێت: لە سەردەمی فیتنەی نەیارانی عوثماندا طەلحە کەناری گرت لێی، هەندێ کەسیش دەیانوت یەکێک بووە لەوانەی هێرشیان بردوەتە سەری.[5]

[1] المطالب العالية لابن حجر، الرقم ٤٠٧٤.
[2] سير أعلام النبلاء، ج١، ص ٣٤.
[3] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٥.
[4] سير أعلام النبلاء،ج١، ص ٣٥.
[5] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٨.

کاتێک خەڵکێک هاتن بۆ مەدینەو سکاڵایان بوو لە کاربەدەستانی عوثمان، طەلحە چوو بۆ لای عوثمان و زۆر بە توندی قسەی لەگەڵ کرد، واتە ھاندەرەکان خەڵکێک بوون کە وایان نیشان دەدا دەسەڵاتەکەی عوثمان ستەمی تێدایە.[1]

چەندین گێڕانەوەی تر بە سەنەدی لاواز هاتون کە باس لەوە دەکەن طەلحە ھاندەر بووە دژ بە عوثمانی کوڕی عەففان، بەڵام بە کۆی گشتی گێڕانەوەکان دەردەکەوێت کە طەلحە لە هەڵوێست نواندن بەرامبەر نەیارانی عوثمان کەمتەرخەم بووە و هیچ بەرهەڵستیەکی بەرامبەریان نەبووە.

طەلحە لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

کاتێک عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، دایکانی باوەڕداران (هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)) چووبوون بۆ حەج بۆ مەککە تا لەدەست ئەو فیتنەی مەدینەی گرتووەتەوە رزگار بن، کاتێک ویستیان بگەڕێنەوە مەککە، هەواڵیان پێگەیشت کە عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بێ پێشنیازی خۆی بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەک لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەک لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێک کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[2]

---

[1] الثقات لابن حبان، ج٢، ص ٢٥٦.

[2] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٣٠ – ٢٣١.

مەسەلەی بەیعەتدانی طەلحەو چوونی بۆ بەصرەو بەشداری لە جەنگی جەمەلدا پێشتر لە ژیانی زوبەیری کوڕی عەووامدا باسکراوە، بۆیە لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

کوژرانی طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا

دواتر کە جەنگی جەمەل روویدا، عەلی کوڕی ئەبووطالیب طەلحەی دواند و هەندێ لەو قسانەی پێ وت: کە بە زوبەیری وتبوو، طەلحە ش کەناری گرت لە جەنگەکەو دواتر تیرێکی بەرکەوت و کوژرا،[1] مەڕوانی کوڕی حەکەم طەلحەی کردە چاو، چونکە ئەوی بە بکوژی عوثمانی کوڕی عەففان دەزانی و دەیوت ئەمە پشتیوانی نەیارانی عوثمان بوو، بۆیە تیرێکی تێگرت و دای لە ئەژنۆی، بەردەوام خوێنی لێدەچوو تا کوشتی،[2] ئەمەش لە رۆژی پێنج شەممە و دەی جومادیلئوولای ساڵی سی و شەشی کۆچیدا بوو، ئەو کات تەمەنی نزیکەی شەست و چوار ساڵ دەبوو.[3]

کاتێک عەلی تەرمەکەی طەلحەی بینی، خۆڵی سەر دەموچاوی دەتەکاند و رەحمەتی بۆ دەنارد و دەیوت خۆزگە بیست ساڵ لەمەوبەر بمردمایە، خۆی و هاوەڵانی لەسەر تەرمی طەلحە دەگریان.[4]

چەندین زانا رایان وایە مەروان بکوژی طەلحەیە، لەوانە: ئیبن عەبدولبەر دەڵێت: زانا جێمتمانەکان هاوڕان کە مەڕوان بکوژی طەلحەیە.[5]

طەلحە کەسێکی زۆر بەخشندە بوو و بەخشندەییەکەی جۆرێک لە ناوازەیی وەرگرتبوو، دەیان نموونەش لەو بارەوە هاتوون.[6]

---

[1] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٥.

[2] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٢، قال ابن حجر إسناده صحيح.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٢.

[4] أسد الغابة، ج٣،ص ٨٦.

[5] الإستيعاب في معرفة الأصحاب،ج٢، ص ٧٦٦.

[6] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٢٢١-٢٢٢.

ئیبن حەجەریش دەڵێت: ئەو گێڕانەوەی هاتووە کە مەڕوان طەلحەی کوشتووە سەنەدەکەی صەحیحە.[1]

ئیبن ئەثیریش دەڵێت: مەڕوان طەلحە ی کوشت.[2]

ئیبن کەثیر دەڵێت: پێم وایە ئەوە راستترە کە مەڕوان نەبووە تیرەکەی داوە لە طەلحە ئەگەرچی زیاتر وا بلاوە مەڕوان بووە.[3]

ذەهەبیش هەمان ئەو گێڕانەوانە دێنێت و دواتر دەڵێت: پێم وایە بکوژەکەی طەلحە تاوانی هاوتای بکوژەکەی عەلیە.[4]

ئیبن خەییاط دەڵێت: تیرێکی وێڵ بەر طەلحە کەوت، دواتریش ئەو گێڕانەوە دێنێت کە مەڕوان کوشتوویەتی.[5]

ئیبنولموطەهر دەڵێت: مەڕوان طەلحەی کوشت.[6]

١٩١٨. طەلحەی کوڕی عوتبە(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی کوڕی عوتبەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو.[7]

١٩١٩. طەلحەی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی طەلحەی کوڕی مالیکی خوزاعیە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتەوە.[8]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٢.
[2] أسد الغابة، ج٣، ص ٨٦.
[3] البداية والنهاية لابن كثير، ج٧، ص ٢٤٨.
[4] سير أعلام النبلاء، ١، ص ٣٦.
[5] تاريخ خليفة ابن خياط، ص ١٨١.
[6] البدء و التأريخ لابن المطهر، ج٥، ص ٨٢.
[7] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٣.
[8] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٥.

١٩٣٠. طەلقی کوڕی عەلی(رضي الله عنه)

ناوی طەلقی کوڕی عەلیەو کونیەکەی ئەبووعەلیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە، طەلق لە دروستکردنی مزگەوتی مەدینەدا بەشدار بوو، پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو: قوڕی بدەنە دەست، چونکە ئەو شارەزاترە.[١]

١٩٣١. طەهفە(رضي الله عنه)

ناوی طەهفە یان طەهیەی کوڕی ئەبی زوهەیری نەهدیە، وەک ئەندامێکی وەفدی بەنی نەهد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای کرد بۆ وەفدەکەو نامەیەکیشی نووسی بۆیان.[٢]

١٩٣٢. طەیب(رضي الله عنه)

ناوی طەیبی کوڕی عەبدولا یان کوڕی بەڕرائە، پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لە تەبووکەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و پێغەمبەری خواش(ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدولا یان عەبدوڕەحمان.[٣]

١٩٣٣. طوفەیلی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی طوفەیلی کوڕی حارثی قورەیشیە، دایکی ناوی سوخەیلەیە، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە کۆچەران، کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینەو دواتر پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان ئەم هاوەڵەو مونذیری کوڕی موحەممەدەوە، یان دەوترێت لەگەڵ سوفیانی کوڕی نەسردا بوون بە برای یەک.[٤]

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٣٨.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٤٦.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٤٧.

[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢.

یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە غەزای ئوحودیشدا بەشدار بووە، دواتریش بەشداری هەموو غەزاکانی تر بووە، هاودەم بە حوصەینی برای لە ساڵی سی و یەک یان سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد،[1] کاتێک وەفاتی کرد تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵان بوو.[2]

١٩٢٤. طوفەیلی کوڕی زەید(ﷺ)

ناوی طوفەیلی کوڕی زەیدە، پێشتر مەسیحی بوو، تەمەنێکی زۆری هەبوو، کە هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بیست، چووە خزمەتی و موسڵمان بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و تەمەنی لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا نزیکەی سەدو شەست ساڵ دەبوو.[3]

١٩٢٥. طوفەیلی کوڕی سەخبەرە(ﷺ)

ناوی طوفەیلی کوڕی سەخبەرەیە، لە سەری دایکیەوە برای عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[4]

١٩٢٦. طوفەیلی کوڕی سەعد(ﷺ)

ناوی طوفەیلی کوڕی سەعدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[5]

---

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٩.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٢.

[3] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥١٩.

[4] سنن ابن ماجه - أبواب الكفارات - باب النهي أن يقال ما شاء الله وشئت، الرقم ٢١١٨.

[5] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢١.

١٩٢٧. طوفەیلی کوڕی عەمر(رضي الله عنه)

ناوی طوفەیلی کوڕی عەمری دەوسیە، ناسراوە بە ذەنوور، واتە خاوەن ڕووناکی.[١]

طوفەیل کەسایەتیەکی خانەدان و شاعیر بوو، جارێک چوو بۆ مەککە، خەڵکێ لە قورەیشیەکان چوون بۆ لای و وتیان: ئەی طوفەیل، تۆ هاتویتەتە شاری ئێمەو ئەم کابرایەی لەنێوماندایە-مەبەستیان پێغەمبەر(ﷺ) بوو- باری خراپ کردوین و ریزی تێکداوین و قسەی ئەڵێیت جادووەو کوڕ وباوک و براو برا و ژن و مێرد لە یەک ئەکات، دەترسین باری تۆ و هۆزەکەشت بشێوێنێت، بۆیە هیچ قسەی لەگەڵ مەکەو گوێی بۆ مەگرە، طوفەیل وتی: بەخوا هێندەیان پێ وتم: بریارم دا هیچ گوێی لێ نەگرم و قسەی لەگەڵ نەکەم، دواتر چووم بۆ حەرەم و هەردوو گوێم ئاخنیبوو تا قسەی موحەممەد نەبیستم، ڕۆژێک چووم بۆ مزگەوت، دەبینم پێغەمبەر(ﷺ) لای کەعبەوە نوێژ دەکات، منیش کەمێک لە نزیکیەوە وەستام، ویستی خوا وابوو هەندێ قسەی ببیستم، قسەکانی وان بوون، لە دەروونی خۆمدا وتم: دایکم ڕۆڵەرۆم بۆ بکات، خۆ من کەسێکی ژیر و شاعیرم و دەزانم چاک و خراپ چیە، با گوێی لێبگرم، ئەگەر چاکی وت: وەری دەگرم و ئەگەریش خراپی وت: وازی لێدێنم، کەمێک وەستام تا چوویەوە بەرەو ماڵەوە، کەوتمە شوێنی، کە چوویە ماڵەوە، منیش لەگەڵی چوومە ژوورەوەو وتم: ئەی موحەممەد هۆزەکەت پێیان وتووم تۆ ئاواو ئاوایت، وایان لێکردم گوێم ئاخنی تا قسەت نەبیستم، بەلام ویستی خوا وابوو شتێک لە قسەکانتم بیست، قسەکانت جوان بون، بۆیە باسی خۆتم بۆ بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) مەسەلەکەی بۆ باسکرد و قورئانی بەسەردا خوێندەوە، ئەویش وتی: بەخوا تا ئێستا قسەی وا باشم

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٧٦.

نەبیستووە و لەمە راستتر و دادوەرانەترم نەبیستووە، بۆیە موسڵمان بووم و شایەتومانی حەقم هێنا، ئینجا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) من کەسێکم لەناو هۆزەکەمدا قسەم وەردەگیرێت و سەبارەت بە ئیسلام قسەیان لەگەڵ دەکەم، جا نزام بۆ بکە خوا یارمەتیم بدات بانگەوازەکەم لەنێویاندا سەرکەوتوو بێت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (اللهم اجعل له آية)، (خوایە نیشانەی پێ ببەخشە) منیش دەرچووم و گەیشتمەوە ناو هۆزەکەم، کە گەیشتمە بەرزایی رووەو هۆزەکەم، رووناکیەک کەوتە نێوچاوانمەوە دەوت چرایە، وتم: خوایە با نیشانەکە لە دەموچاومدا نەبێت، چونکە دەترسم وابزانن لەبەر وازهێنانم لە ئایینەکەیان دەموچاوم شێواوە، ئیتر رووناکیەکە کەوتە سەر جێدەستی قامچیەکەی دەستم، خەڵکەکە کە لەوێ بوون ئەو رووناکیەیان دەبینی، چوومەوە ماڵەوە، باوکم هات بۆ لام، وتم: بابە گیان کەنار بگرە لێم، نە دەتناسم و نە دەمناسیت، وتی: بۆچی کوڕە شیرینەکەم، وتم: من موسڵمان بووم و شوێن ئایینی موحەممەد کەوتووم، ئەویش وتی: کوڕی شیرینم ئایینی منیش هەمان ئایینی تۆیە، وتم: دەی بڕۆ خۆت بشۆ و جلەکانت پاک راگرە، ئینجا هاتەوە، باسی ئیسلامم بۆ کرد و ئەویش موسڵمان بوو، دواتر ژنەکەم هات و چیم وت: بە باوکم بەویشم وت، وتی: بۆچی بە باوکمەوەبەقوربانت بم، وتم: من موسڵمان بووم و شوێن ئایینی موحەممەد کەوتووم، ئەویش ئامادەیی دەربڕی موسڵمان بێت، داوام کرد بڕوات خۆی بشوات، چوو و خۆی شۆردو هاتەوەو باسی ئیسلامم بۆ کرد و موسڵمان بوو، دواتر دەوسیەکانم بانگ کرد بۆ ئیسلام و ئەوان خێرا موسڵمان نەبوون، بۆیە چوومەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە مەککەو وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەوسیەکان نایەن بەدەم داواکەمەوە، دەی نزای سەختیان لەدژ بکە، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای رێنموونی کرد بۆیان.[1]

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٣٨-٢٣٩.

طوفەیل هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) رات چیە بێیت بۆ قەڵایەکی بەهێز و پتەو؟ بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) رازی نەبوو، دواتر کاتێک پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، طوفەیل کۆچی کرد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و یەکێک لە ئەندامانی هۆزەکەشی لەگەڵیدا کۆچی کرد، بەڵام ئەو هاوڕێیەی تووشی نەخۆشی بوو و ترس دایگرت، بۆیە سەرەتیرێکی هەڵگرت و دەمارێکی دەستی پێ بڕی، خوێن لە دەستی دەچوو تا مرد، طوفەیل لە خەویدا ئەو هاوڕێیەی بینی لە شێوەیەکی زۆر جواندا بوو، بەڵام دەستی پێچابوو، طوفەیل وتی: پەروەردگار چی پێکردیت؟ ئەویش وتی: لەبەر کۆچکردنم بۆ لای پێغەمبەرەکەی لێم خۆش بوو، وتی: ئەی بۆچی دەستت وایە؟ وتی: پێم وترا ئەوەی خۆت شێواندووتە بۆت چاک ناکەینەوە، بەیانی کە طوفەیل لە خەو هەستا، چوو خەوەکەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەریش(ﷺ) نزای کرد بۆ هاوڕێکەی و فەرمووی: (اللَّهُمَّ وَلِيَدَيْهِ فَاغْفِرْ) (خوایە لە دەستەکانیشی خۆش بە).[١]

جارێک طوفەیل چوویە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەوسیەکان سەرکەش و یاخی بون، جا نزا بکە خوا لەناویان بەرێت، پێغەمبەری خوایش(ﷺ) نزای کرد و فەرمووی: (خوایە رێنموونی دەوس بکەو بیانهێنە).[٢]

هاتنی طوفەیل بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) پاش غەزای خەندەق بوو، دواتر هۆزەکەشی هاتن، بۆ غەزای خەیبەر خۆی گەیاند بە پێغەمبەر(ﷺ) و لەوێ پێغەمبەر(ﷺ) پشکی بۆ بڕیەوە.[٣]

---

[١] مسند أحمد بن حنبل - مسند جابر بن عبد الله(ﭬ)، الرقم ١٥٢١٣؛ صحيح مسلم - كتاب الإيمان - باب الدليل على أن قاتل نفسه لا يكفر، الرقم ١١٦.

[٢] صحيح البخاري - كتاب الجهاد والسير - باب الدعاء للمشركين بالهدى ليتألفهم، الرقم ٢٩٣٧.

[٣] المستدرک على الصحيحين - كتاب معرفة الصحابة(ﭫ) - ذكر مناقب الطفيل بن عمرو الدوسي(ﭬ)، الرقم ٥١٦٧.

هاودەم بە طوفەیل نزیکەی حەفتا یان هەشتا کەس لە هۆزەکەی هاتن بۆ مەدینە بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، لەنێویاندا ئەبووهورەیرەش هەبوو کە هاوەڵی زۆر ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[1]

لە مانگی شەووالی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا پێغەمبەر(ﷺ) طوفەیلی کوڕی عەمری نارد بۆ لەناوبردنی بتەکەی عەمری کوڕی حیممەی دەوسی، فەرمانیشی کرد داوای هاوکاری لە هۆزەکەی بکات بۆ ئەو کارە، ئەویش بتەکەی لەناوبرد.[2]

طوفەیل لە مەدینە لە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) مایەوە تا ئەو کاتەی پێغەمبەر(ﷺ) وەفاتی کرد.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا طوفەیل لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و هاودەم بە خۆیشی عەمری کوڕیشی بەشداری کرد، جا خەوێکی بینی، وتی: لە خەومدا سەرم تاشرابوو و لە دەممەوە باڵندەیەک دەرچوو و ئافرەتێکم پێگەیشت کە بە داوێنیدا منی بردە ناو خۆیەوەو عەمری کوڕیشم بینی بەدوامدا دەهات و نەیدەتوانی بگات پێم، کە خەوەکەی گێڕایەوە پێی وترا خێرە، وتی: من وا لێکمداوەتەوە کە سەرتاشینەکەم پەڕینی سەرمەو باڵندەکەش ڕۆحمەو ژنەکەش زەویەو نەگەیشتنی کوڕەکەم پێم هەوڵدانیەتی بۆ ئەوەی من پێی دەگەم و پێی ناگات، ئەوەبوو طوفەیل لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو و عەمری کوڕیشی بریندار بوو، بەڵام چاک بوویەوە و دواتر لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا شەهید بوو.[4]

---

[1] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج١، ص ٣٥٣.

[2] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٢، ص ١٥٧.

[3] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٤، ص ٢٤٠.

[4] أسد الغابة، ج٣، ص ٧٨.

١٩٢٨. طوفەیلی کوڕی مالیک(رضي الله عنه)

ناوی طوفەیلی کوڕی مالیکەو فەرمـوودەی لـە پێغەمبـەری خـواوە(صلى الله عليه وسلم) گێڕاوەتـەوە.[١]

١٩٢٩. طوفەیلی کوڕی مالیکی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی طوفەیلی کوڕی مالیکی کوڕی خەنسائە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی قەینە،[٢] ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە،[٣] لە بەدرو ئوحود[٤] و خەندەقدا بەشداری کردو لە خەندەقدا شەهید بوو.[٥]

١٩٣٠. طوفەیلی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه)

ناوی طوفەیلی کوڕی نوعمانی کوڕی خەنسائە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە و غەزای بەدر.[٦]

١٩٣١. طولەیبی کوڕی عەرەفە(رضي الله عنه)

نـاوی طولەیبی کـوڕی عەرەفـەی کـوڕی عەبدوڵایـە، چووەتـە خزمـەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و فەرموودەیەکی لێوەگێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی (لـە نارەحەتی و خۆشیتدا لەخـوا بترسـە).[٧]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٤.
[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٧٢.
[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٣.
[٤] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ٥٧٢.
[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٣.
[٦] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٢٤.
[٧] أسد الغابة، ج٣، ص ٩٢.

١٩٣٢. طولەیبی کوڕی عومەیر(ﷺ)

ناوی طولەیبی کوڕی عومەیر یان کوڕی عەمری عەبدیە، زۆر زوو موسڵمان بوو،[١] دایکی ناوی ئەروای کچی عەبدولموتەلیبە کە پووری پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[٢]

موسڵمانبوونی طولەیب لەو قۆناغەدا بوو کە پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵی ئەرقەم بانگەوازی دەکرد.[٣]

کاتێک موسڵمان بوو، ئەو هەواڵەی دا بە دایکی، دایکیشی دەستخۆشی لێکرد و وتی: ئەگەر وەک پیاوان توانام هەبوایە، بەرگریم لێدەکرد، دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینەو لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[٤]

کاتێک طولەیب کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای عەبدوڵای کوڕی سەلەمە دابەزی، دواتر کە پێغەمبەر(ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان طولەیب و مونذیری کوڕی عەمرەوە.[٥]

طولەیب دوای وەفاتی پێغەمبەریش(ﷺ) ژیا و لە غەزاکاندا بەشداری دەکرد، دەوترێت لە جەنگی ئەجنادەیندا شەهید بووە، رایەکیش دەڵێت: لە جەنگی یەرمووکدا شەهید بوو.[٦]

---

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٩٢.

[٢] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٣.

[٣] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٣.

[٤] أسد الغابة، ج٣، ص ٩٣.

[٥] الطبقات الكبرى لابن سعد، ج٣، ص ١٢٣.

[٦] أسد الغابة، ج٣، ص ٩٢-٩٣.

١٩٣٣. طولەیبی کوڕی ئەزهەر(رضي الله عنه)

ناوی طولەیبی کوڕی ئەزهەری کوڕی عەوفە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، هاودەم بە موطەلیبی برای کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، هەردووکیان لەوێ کۆچی دواییان کرد.[١]

١٩٣٤. طیابە(رضي الله عنه)

ناوی طیابەی کوڕی معیصە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە فتووحاتدا بەشداری کرد و لە جەنگی قادسیەدا شەهید بوو.[٢]

⌘ ⌘ ⌘

[١] أسد الغابة، ج٣، ص ٩٢.

[٢] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٤٨.

ئەو هاوەڵانەی ناویان
بە پیتی (ظ)
دەست پێ دەکات

١٩٣٥. ظەبیەی کچی بەڕراء(ﭫ)

ناوی ظەبیەی کچی بەڕرائی کوڕی مەعروورە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکان، ظەبیە هاوسەری ئەبووقەتادەی ئەنصاریە.[١]

جارێک پێغەمبەر(ﷺ) بە ظەبیەی فەرموو (ئێوە هەینیتان لەسەر واجب نیە، جیهادیشتان لەسەر واجب نیە)، ظەبیەش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەی تەسبیحاتی جیهادم فێر بکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (بڵێ سبحان الله و لا اله الا الله و الله اکبر و لله الحمد).[٢]

١٩٣٦. ظەبیەی کچی وەهب(ﭫ)

ناوی ظەبیەی کچی وەهبە، ئەم ئافرەتە موسڵمان بوو و هەر لە مەدینەش وەفاتی کرد.[٣]

١٩٣٧. ظەمیائی کچی ئەشرەس(ﭫ)

ناوی ظەمیائی کچی ئەشرەسەو باسێکی هاتووە لە سەرەتای کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە چووە تا ئاو ببات بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و چووەتە خزمەتی و بەسەرهاتەکانی ڕێ و هاتنەکەی بۆ گێڕاوەتەوە.[٤]

١٩٣٨. ظوهەیری کوڕی رافیع(ﭬ)

ناوی ظوهەیری کوڕی رافیعی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، دواتریش لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[٥]

---

[١] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٩.

[٢] معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم ٧١٠٩.

[٣] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٩.

[٤] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٨ ص ٩.

[٥] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٠.

١٩٣٩. ظیبیانی کوڕی کەرادە(ﭬ)

ناوی ظیبیانی کوڕی کەرادە یان کوڕی کەدادەی ئیادیە، هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و موسڵمان بوو و پێغەمبەریش(ﷺ) هەندێ زەوی ناوچەی خۆیانی بۆ بڕییەوە.[1]

[1] الإصابة في تمييز الصحابة، ج٣، ص ٥٦٠.

پێڕست

ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ذ) دەست پێ دەکات ١٩

ئەو هاوەڵانەی ناویان بە پیتی (ر) دەست پێ دەکات ٢٥